A
٣
بەرگی ٥
زستانی ٢٠٢٢

ISSN: 2617-0744

# تویژەر

گۆڤاریکی ئەکادیمیی وەرزیی تایبەت بە زانستە مرۆڤایەتییەکانە،
فاکەڵتیی ئاداب لە زانکۆی سۆران دەریدەکات.

▪ پەیوەندیی نێوان خەلیل خۆشەوی و شێخ ئەحمەدی بارزان لەژێر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکانی بەریتانی و تورکیدا 1931 – 1936

▪ شیکردنەوەی چەند دەقێکی شیعری بە پێی تیۆری ڕەخنەی ژینگەیی

▪ پەیوەندیی نێوان ئەزموونی ئیستاتیکی و هونەری چەمکگەرا (ئینستەلەیشن لە هەرێمی کوردستان وەک نموونە)

▪ داستانی پاشا ئیتانا و ڕەنگدانەوەی لە هونەر و وێژەی زاگرۆسدا

DOI: https://www.doi.org/10.31918/twejer.2253

گۆڤارێکی ئەکادیمیی وەرزیی تایبەتە بە زانستە مرۆڤایەتییەکان،
فاکەڵتیی ئاداب لە زانکۆی سۆران دەریدەکات.

**خاوەن ئیمتیاز:** پ.د. قەیس کاکل تۆفیق
**سەرنووسەر:** پ.د. سیروان جەبار ئەمین(زەند)

**دەستەی ڕاوێژکاران:**
پ.د.ئازاد نەقشبەندی
پ.د.سەلاح ئەلحەیدەری
پ.د.قەیس کاکل تۆفیق
پ.د.کامەران حوسێن ساڵەیی
پ.د. یادگار ڕەسول حەمەدەمین
پ.ی.د. سادق کەریم یەحیا
پ.ی.د.شێرزاد شەفیع بابۆ(بارزانی)

**دەستەی نووسەران:**
پ.ی.د.ئامانج ئەحمەد حەمەد ئەمین
پ.ی.د.مەجید خدر ئەحمەد
پ.ی.د.ئەمیر ڕەفیق عەولا
پ.ی.د.شەیما نەجم سەفەر
پ.ی.د.شێرزاد سعید صدیق
پ.ی.د.ئامانج ئەحمەد مستەفا
د. نەهرۆ زاگرۆس

**پێداچوونەوەی زمانی:**
پ.ی.د. عەبدولا بەیرەم    د. دلێر سادق کانەبی

ناونیشان: کوردستان_ هەولێر_سۆران_کەمپی دیڵزیان
ئیمێل: twejer@soran.edu.iq
ژمارەی تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٨٨٧٢٧

ژمارە: ١٧٩٩٨
ڕێکەوت: ١٢/ ١٢/ ٢٠١٧ ی زایینی
٢٢/ ٩/ ٢٧١٧ ی کوردی

No:
Date: / /

فەرمانی وەزاری

پاڵپشت بە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٥)ی تایبەت بە مەرج و ڕێنماییە سەرەکییەکان بۆ دەرکردنی گۆڤاری زانستی کە بە نووسراوی وەزارەتمان ژمارە (٥٦٢٤/٩) لە (٢٠١٥/٣/١٨) دەرچووە و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (١٨٤) لە (٢٠١٥/٤/٢) بڵاوکراوەتەوە و پاڵپشت بە فەرمانی وەزاری ژمارە (١٥٣١٥/٩) لە (٢٠١٦/١٠/١٦) ، وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پیمان دراوە لە فەرمانی وەزاری ژمارە (٣٦٤) لە (٢٠١٧/٣/٣٠) و لەبەر هەبوونی گشت مەرج و ڕێنماییە سەرەکییەکان لە لایەن گۆڤاری ناوبراو، **بڕیاردرا بە:-**

١- پێدانی مۆڵەتی کۆتایی **(نهائی)** بە گۆڤاری زانستی **(توێژەر)**، کە لە لایەن **(زانکۆی سۆران)** دەردەکرێت.

٢- لە کاتی دەرکردنی ژمارە (١) ی گۆڤارەکە، پێویستە ڕەچاوی گشت مەرج و ڕێنماییەکانی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٥)ی تایبەت بە مەرج و ڕێنماییە سەرەکییەکان بۆ دەرکردنی گۆڤاری زانستی بکات.

د.یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

وێنەیەک بۆ:
* نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ / بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
* نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکاران (٢) / بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا.
* سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ / بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
* زانکۆی سۆران/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (٣٢٠٦/١/٣) لە (٢٠١٧/١٠/٥)/ بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
* گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا.
* بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا/ لەگەڵ بەراییەکان.
* بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زانستی/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا
* دەرکردە/خولاو.

## ڕێنماییەکانی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستیی لە گۆڤاری توێژەر:

ئەم گۆڤارە گۆڤارێکی ئەکادیمییە و توێژینەوەی ڕەسەن و ئاست بەرز لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان، لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێم بڵاودەکاتەوە، بە مەرجێ پێشتر لە هیچ گۆڤارێک بڵاونەکرابێتەوە یان ڕەتنەکرابێتەوە. لە لایەن پسپۆری شارەزاوە هەڵسەنگاندن بۆ توێژینەوەکان دەکرێت. گۆڤاری توێژەر، توێژینەوە بە هەموو زمانە زیندووەکان بڵاودەکاتەوە،

## چۆنیەتی ناردن:

پێویستە توێژینەوەکە بەشێوەی (سۆفت) بە هەردوو فۆرماتی WORDو PDF بۆ ئیمێلی گۆڤار (twejer@soran.edu.iq ) بنێردرێ.

## شێوازی نوسین:

١- ژمارەی پەڕەکانی توێژینەوە لە ٢٥ لاپەڕەی A4 زیاتر نەبێت, ئەگەر لەو قەبارەیە زیاتر بێت، بەرامبەر هەر لاپەڕەیەک پێنج هەزار دیناری وەردەگیرێت.

٢- تێچووی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکە لەلایەن پسپۆرانەوە کە دەکاتە بڕی سەد هەزار دینار، دەکەوێتە ئەستۆی خاوەنی توێژینەوەکە.

٣- پێویستە لاپەڕەی یەکەمی توێژینەوەکە ئەم زانیاریانەی تێدا بێت.

ا- ناونیشانی توێژینەوەکە. ب- ناوی توێژەر یان توێژەران. ت- نازناوی زانستی. ث- شوێنی کارکردن. ج- ئیمێل. ح- ژمارەی تەلەفۆن.

٤- کورتەی توێژینەوە پێویستە بە زمانی توێژینەوەکە بێت و لە سەد وشە زیاتر نەبێت.

٥- وشەکلیلییەکان (Keyword) لە شەش وشە زیاتر نەبێت.

**ریزبەندی بابەتەکان:**

پێویستە بابەتەکانی توێژینەوە بەم شێوەیە ریز بکرێت.

١- ناونیشانی توێژینەوە. ٢- پێشەکی. ٣- ناوەرۆک. ٤- ئەنجام و (پێشنیاز ئەگەر هەبێ). ٥- پەراوێزەکان. ٦- سەرچاوەکان. ٧- پاشکۆ ( ئەگەر هەبێ). ٨- پوختەی توێژینەوە بە دوو زمانی جیاواز لە زمانی توێژینەوە.

**ڕێکخستنی لاپەڕە:**

پێویستە شێوازی لاپەڕە بەم شیوەیەی خوارەوە رێک خرا بێت.

١- قەبارەی لاپەڕە A4 بێت.

٢- بەجێ هێشتنی ٢.٥ سم بۆشایی لە هەر چوار لای لاپەڕە.

٣- پێویستە پەراوێزەکان لە کۆتایی لێکۆڵینەوەبێت نەک لە کۆتایی لاپەڕە. هەروها بەشێوەی دەستی(manual) بێت نەک تۆماتیکی (auto).

٤- پێویستە بۆشایی نێوان دێڕەکان بە قەبارەی ١.١٥ بێت.

٥- پێویستە بۆشایی دوای بڕگە (پەرەگراف) شەش خال بێت و بۆشایی پێش پەڕەگراف سفر بێت.

٦- پێویستە وشەی سەرەتای پەرەگراف ١ سم و بە شێوەی ئۆتۆماتیک (auto)بێت.

٧- پێویستە سیستەمی یونیکۆد بۆ نوسین بەم شێوەیە بەکار بێت: بۆ زمانی کوردی فۆنتی Unikurd Goran و بۆ زمانی عەرەبی فۆنتی Times New Roman, بۆ زمانی ئینگلیزی فۆنتی Times New Roman بێت.

٨- پێویستە قەبارەی فۆنتەکان بەم شێوەیە بێت:

| ناونیشان | زمانی کوردی و عەرەبی | زمانی ئینگلیزی |
|---|---|---|
| ناونیشانی سەرەکی | ١٦ تۆخ bold | ١٤ تۆخ bold |
| ناونیشانی لاوەکی | ١٤ تۆخ bold | ١٢ تۆخ bold |
| ناوەرۆک | ١٤ | ١٢ |
| پەراوێز | ١٢ | ١٠ |

٩- پێویستە تۆمارکردنی پەراوێز و سەرچاوە بە شێوەی هارڤارد بێت, بەم شێوەیە لە ناو تێکستی لێکۆلینەوەکەدا بێت ( نازناو, سالّی چاپ, ژمارەی لاپەڕە)

١٠- ریزکردنی سەرچاوەکان بە سیستەمی ئەلفوبێ بێت و پێویست ناکات ژمارە یان خالّی بۆ دابنرێ.

١١- پێویستە نەخشە و خشتە و وێنە و هێلکاری, بە فۆرماتی JPG و لە رووبەری ١١*١٨سم زیاتر نەبێت و وچۆنیەتی (کوالیتی) وێنەکە بەرز بێت.

١٢- ژمارەی لاپەڕە لە ناوەڕاست و لە خوارەوەی لاپەڕەکە بێت.

# ناوەرۆک


کورد لە جوگرافیای دەوڵەتی سەفەویدا (١٥٠١-١٧٢٢)..............................................٧

ئیبن حەجەری عەسقەلانی و میتۆدی و تایبەتمەندییەکانی لە نووسینەوەی مێژوودا............٦٣

(زیندان لە میرنشینی حەسنەوی و عەننازی) (سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی/ دەیەم و یانزدەیەمی زاینی) ........................................................................................ ١٤١

زێدەڕۆیی لە گێڕانەوە مێژووییەکان لە بارەی کەسایەتیی (الحجاج کوڕی یوسف الثقفي) (٤٠-٩٥ک/٦٥٩-٧١٤ز)......................................................................................... ١٨٣

ڕەهەندەکانی گەشەکردنی شارە کوردییەکان لە سەدەکانی(٤-٦ك/١٠-١٢ز)دا.............. ٢١١

پەیوەندیی نێوان خەلیل خۆشەوی و شێخ ئەحمەدی بارزان لەژێر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکانی بەریتانی و تورکیدا ١٩٣١ – ١٩٣٦ ................................................................. ٢٦٥

ئیدمۆندس و کارە زانستییەکانی لەبارەی کوردناسی ............................................. ٢٩٩

شیکردنەوەی چەند دەقێکی شیعری بە پێی تیۆری ڕەخنەی ژینگەیی ........................ ٣٤٩

پەیوەندیی نێوان ئەزموونی ئیستاتیکی و هونەری چەمکگەرا .................................. ٣٩٣

میتاڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا (ڕۆمانی کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان بە نموونە).......... ٤٣٥

هەراسانی سێکسی و پەیوەندیی بە فشاری کارەوە لەلای کارمەندە ژنەکان لە کەرتی تایبەت ........................................................................................................... ٤٧٥

کۆڤید-19 وکاردانەوە هەڵچوونییەکانی مرۆڤ: پشکنینی تێوەگلانی ترس لە پەتای کۆڕۆنا لە شڵەژانە دەروونییەکان........................................................................... ٥٢٣

پێوانەکردنی ئاستی شادمانی لای گەنجانی شاری سۆران......................................... ٥٧٥

داستانی پاشا ئێتانا و ڕەنگدانەوەی لە هونەر و وێژەی زاگرۆسدا ............................. ٦١٣

شوێنەواری گردی شمشارە و شاری دێرینی شوشەڕرا ........................................... ٦٣٩

https://www.doi.org/10.31918/twejer.2253.1

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# کورد لە جوگرافیای دەوڵەتی سەفەویدا (١٥٠١-١٧٢٢)

پ. د. خەلیل عەلی موراد

کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەلاحەدین

khalil.murad@su.edu.krd

م. نعمەت شەهاب حاجی

کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەدین

nimat.haji@su.edu.krd

**پوختە:**

بە دامەزرانی دەوڵەتی شیعە مەزهەبی سەفەوی (١٥٠١-١٧٢٢) لە ئێرانی سەرەتای سەدەی شازدەهەم جوگرافیای گرنگ و ناوچە دەوڵەمەندەکانی کوردستان کەوتنە بەر هێرشی سوپای وێرانکەری قزڵباش. ئەگەرچی بە هۆی بەرفراوانیی دەسەڵاتی سەفەوییەکان و داگیرکردنی بەردەوامی ناوچەکانی کوردستان لەلایەن هێزەکانیان، لە ڕاستیدا دەستنیشانکردنی مەودای ڕاستەقینەی جوگرافیای کورد لەم سەردەمەدا، کارێکی هەتا بڵێی ئەستەمە، چونکە کۆمەڵی هۆکاری کاریگەر وەکو بەهێزی و لاوازیی دەسەڵاتی حاکمانی سەفەوی و میرانی کورد لە لایەک و ڕێژەی ناسەقامگیریی دەسەڵاتی هەرکامە لە ناوخۆ و ململانێ دەرەکییەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنی ناوچە دەوڵەمەندەکانی کوردستان لە لایەکی تر، لە سەر سەقامگیر نەبوونی ئەم سنوورانە، ڕۆڵێکی حاشاهەڵنەگریان هەبوو. لە سۆنگەی ئەم توێژینەوەیەدا بە مەبەستی دەستنیشانکردنی جوگرافیای کورد و سنووری ڕاستەقینەی ناوچە کوردنشینەکان لە سەردەمی سەفەوییەکان، بە سوودوەرگرتن لە سەرچاوە ڕەسەنە مێژووییەکانی ئەو سەردەمە پەنا دەبەینە بەر وێناکردنی سنووری نشتیمان و ناوچەکانی ئەو میرنشین و دەسەڵاتە خۆجێییانەی کە لەم ماوەیەدا کوردەکان تێیدا نیشتەجێبوونە و هەروەها هەندێ لەو ناوچە دوورەدەستانەی وەک خۆراسان و گەیلان و مازندەران کە کۆمەڵێ لە هۆزە کوردە ڕەسەنەکانی کوردستان لە لایەن شایەکانی سەفەوی بە مەبەستی سیاسی و سەربازی لە ناوچە دێرینەکانی خۆیان دایانبڕاند و دوورخرانەوە و بەرە بەرە لەو شوێنانە نیشتەجێکران و ژمارەیەکی زۆریایشیان ئێستاش لە گەڵدابێ هەر لە وێ ماونەتەوە.

**وشە کلیلییەکان:** دەوڵەتی سەفەوی، نشتیمانی کوردان، جوگرافیای کورد، میرنشینە کوردییەکان، ناوچە کورد نشینەکان.

**کورد لە جوگرافیای دەوڵەتی سەفەویدا (١٥٠١-١٧٢٢)**

**پێشەکی:**

ئاشکرایە کە هەبوونی پەیوەندی و کاریگەریی هاوبەش لە نێوان مێژوو و جوگرافیادا ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، چونکە ئەم دوو زانستە بە ڕادەیەک تێکئاڵانێکی دێرین و نزیکیان هەیە و پێکەوە لکاون، کە خوێندنەوە و بەدەستهێنانی زانیاریی ورد و تێڕامانی قووڵ لە چۆنیەتیی سەرهەڵدان و چەگەرەکردنی ڕووداوەکان بە جیا و تەنانەت بەبێ سوودوەرگرتن لە ئەوی تر ئەنجامێکی دڵنیاکەر بەدەستەوە نادات. بۆیە هەر لە دێر زەمانەوە گەورە مێژوونووسانی مرۆڤایەتی باوەڕیان وابووە کە مێژوونووسە سەرکەوتووەکان کەسانێکن کەوا بتوانن لە چوارچێوەی توێژینەوەکانیاندا سوودێکی پتر لە زانستی جوگرافیا وەربگرن تاوەکو لە ڕێڕەوی زەمەنی پێگەیشتنی مێژوودا، ڕووداوەکان لە جێگە و پێگەی جوگرافیادا ساغبکەنەوە. لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونە زانستییەدا پەیوەندی ناوچەیی لە نێوان ڕووداوە مێژووییەکان دەستپێدەکات و جوگرافیای مێژووییش لە شێوازی دانگە و شوێنی سەرهەڵدان و چەکەرەکردنی ڕووداوەکان وەک خاڵێکی زێڕینی پێکەوەبەستنی ڕووداوەکان و نزیکترین و بەهێزترین جۆری پەیوەندی لێکدانەبڕاو و تەواوکەری ئەم دوو زانستە لەدایکدەبێ. جوگرافیای مێژوویی زانستێکە کە شووناسێکی دووانەی هەیە، هەروەک جوگرافیزانی ناوداری ئەڵمانی کارل ڕیتر (١٧٧٩-١٨٥٩) دەڵێت: جوگرافیا بەبێ مێژوو، لاشەیەکی بێ ڕۆحە و مێژووی بێ جوگرافیاش وەک مرۆڤێکی بێ نشتیمان وایە کە بۆ ڕاست و چەپ دەڕوات بێ ئەوەی هیچ دەرئەنجامێکی سوودبەخشی هەبێ، جوگرافیا سەکۆی مێژووە و مێژووش شانۆگەرییەکە کە لە سەر ئەم سەکۆیە لە لایەن ئەکتەرە مرۆڤەکان نواندنی بۆ دەکرێت.

لەم ڕوانگەیەوە کە توێژەر بەتەمایە لە مێژووی کورد لە جوگرافیای دەوڵەتی سەفەویدا بکۆڵێتەوە، ئەگەرچی لە ڕاستیدا بەهۆی شێوازی ژیانی کۆچەرایەتی و سیاسەتە توندەکان و پلان و پیلانە داڕێژراوەکانی شایەکانی سەفەوی دژ بە کورد لە پێناو پەرش و بڵاوکردنی ناو سنووری بەرفراوانی دەوڵەتەکەیاندا، دەستنیشانکردنی تەواوی سنووری جوگرافیای ئەم گەلە پەرتەوازەیە کارێکی هەتا بڵێی دژوارە، بەڵام لێرەدا هەوڵدەدەین لە ڕێگەی تێڕامانێکی زانستی و تیشکخستنەسەر پێناسەی کورد لە ڕوانگەی مێژوونووسە دیارەکان و دەستەبژێرێک لە ڕۆژهەڵاتناسە ناودارەکان کە کاریان لە سەر ڕەچەڵەک و نەژادی کورد کردووە، ئینجا لە گۆشەنیگای جوگرافیای مێژوویی و بە تایبەت مۆنۆگرافی (ناسینی ناوچە) ئەو ناوچانەی کە کورد بە درێژایی سەردەمی فەرمانڕەوایی سەفەوییەکان تێیدا ژیاوە و بە سوودوەرگرتن لە سەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکان هەتا بۆمان دەرەخسێت جێگە و پێگەی جوگرافیای کورد و سنووری نشینگەکانی لەم سەردەمە گرنگەدا کە جوگرافیای سیاسی و سنوورەکانی فەرمیی دەوڵەتی سەفەویش بە هۆی شەڕە ماڵوێرانەکانی لەگەڵ دراوسێکان بە گشتی و دەوڵەتی عوسمانی بە تایبەتی، زووبەزوو ئاڵوگۆڕی بەسەردادەهات، دەستنیشانبکەین. هەڵبژاردنی ئەم بابەتە وەک پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی گەڕان بە دوای وەڵامێکی ڕوون و ئاشکرا کە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی لە ڕادەبەدەری هەوڵدان بۆ وێناکردنی سنووری نشتیمانی گەلی کورد لە جوگرافیای دەوڵەتی سەفەوی (١٥٠١-١٧٢٢) کە تاکو ئێستا هیچ توێژەرێک بە سەریدا نەپرژاوە، بۆیە پێویستە زۆر بە وردی بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوەیەکی بابەتیانە.

بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە و بە تایبەت لە تەوەرەی یەکەمدا زیاتر جەخت لەسەر سەرچاوە ڕەسەنە مێژوویی و جوگرافیاییەکان کراوە لەوانە: کتێبە بە نرخەکەی البلدان،ی یعقوبی، کتێبی "المسالک والممالک"ی

الاصطخری، کتێبی "صوره الارض"ی ابن حوقل، کتێبی "معجم البلدان" ی یاقوتی حموی، کتێبی "نهایه الارب فی فنون الادب"ی النویری، کتێبی "وفیات الاعیان و انباء اهل الزمان"ی ابن خلکان، کتێبی" الروض المعطار فی خبر الاقطار" ی الحمیری، کتێبی "نزهه المشتاق فی اختراق الافاق"ی الادریسی، کتێبی "التنبیه الاشراف"ی المسعودی، کتێبی" تاریخ المختصر الدول" ی ابن عبری، کتێبی "مسالک الابصار فی ممالک الامصار"ی العمری، کتێبی "الاماکن او مااتفق لفظه و افترق مسماه من الامکنه"ی الهمدانی، کتێبی "مجمع الانساب" ی شبانکارەای و کتێبی "المواعظ والاعتبار بذکر الخطط و الآثار"ی المقریزی هەروەها بۆ هەرچی دەوڵەمەندکردنی باسەکەمان هەوڵمانداوە کەوا ئەو سەرچاوە مێژووییانەی کە لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی سەفەویدا نووسراون کەڵک وەربگرین وەک: عالم آرای صفوی و جەهانگشای خاقان و تکمله الاخباری عبدی بەگی شێرازی و شەرەفنامەی میر شەرەفخانی بدلیسی و تاریخ عالم آرای امینی و پەرتوکە پربایەخەکەی اسکندر بەگی ترکمان مێژوونوسی سەردەمی شا عەباسی یەکەم بە ناوی "تاریخ عالم ارای عباسی" و هەروەها کتێبەکانی احسن التواریخ و حبیب السیر و نزهه القلوب.

لەلایەکی دیکەوە کتێبی **"خلاصه التواریخ"**ی قاضی احمد بن شریف الدین الحسین الحسینی القمی، لە سەرچاوە دیار و بەرچاوەکانی ئەو ماوە مێژووییە دادەنرێن، کە لە زۆر شوێنی توێژینەوەکە سوودی لێ وەرگیراوە، چونکە نووسەر هاودەمی هەریەکە لە شا تەهماسبی یەکەم و شاسمایلی دووەم و محەممەد خوابەندە و سەرەتاکانی حوکمڕانیی شاعەباسی یەکەم بووە. دیارە نووسەری ئەم کتێبە لە نووسینەکانیدا پشتی بە بە چەندین سەرچاوەی ڕەسەنی پێش خۆی ستووە، وەک **(صفوه الصفا و حبیب السیر و فتوحاتی شاهی و تاریخ جهان ارا)** کە ئەمانەش بایەخی سەرچاوەکەیان لە ڕووی وردیی زانیارەکان

فراوانکردووە. جگە لەمانەش هەوڵمانداوە سوود لە ژمارەیەکی بەرچاو لە ماستەرنامەی بڵاونەکراوەی فارسی و کوردی وەربگرین کە هەر کامەیان زانیاریی زۆر بەنرخ و شایانی بە توێژینەوەکەمان گەیاندووە و چەندین توێژینەوەی تریش بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی ئینگلیزی بۆ هەرچی پتر دەوڵەمەندبوونی بابەتەکەمان سوودمانی پێ بەخشیوە.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەک و پێنج تەوەری سەربەخۆ پێکهاتووە کە بریتین لە: ١- ڕەچەڵەکی کوردەکان ٢- چەمکی کوردستان وەک دەستەواژەیەکی جوگرافیایی لە سەرچاوە مێژووییەکاندا. ٣- دیاریکردنی سنووری جوگرافیای ناوچە کوردنشینەکان ٤- جوگرافیای کورد لە سنووری دەوڵەتی سەفەوی. ٥- سنووری میرنشین و دەسەڵاتە کوردییەکانی سەردەمی سەفەوی. لە تەوەرەی یەکەم باسی ڕەگ و ڕەچەڵەکی گەلی کورد و بیردۆزە دیار و بەرچاوەکانی لەمەڕ ئەم بابەتە دەکەین و هەوڵمانداوە بە شێوازێکی زانستییانە بە سوودوەرگرتن لە گرنگترین تیۆرە دیارەکانی توێژەرە ناودارەکانی ئەم بوارە بۆ دەرخستنی ڕەگ و ڕەچەڵەکی ڕاستەقینەی گەلی کورد سوودوەرگرین و تیشک بخەینە سەر لایەنە شاراوەکانی. لە تەوەرەی دووەم باسی چۆنیەتیی بەدیارکەوتنی چەمکی کوردستان وەک دەستە واژەیەکی جوگرافیایی دەکەین و بە سوودوەرگرتن لەو سەرچاوە مێژووییانەی کەوا بۆ یەکەمین جار ئەم دەستەواژەیان بەکارهێناوە بابەتەکە دەنرخێنین. لە تەوەرەی سێیەم هەوڵمانداوە بە سوودوەرگرتن لە سەرچاوە ڕەسەنە مێژوویی و جوگرافیاییەکان سنووری ناوچە کوردنشینەکانی بەر لە دەوڵەتی سەفەوی دەستنیشانبکەین. لە تەوەرەی چوارمدا بە سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی سەردەمی سەفەوی جوگرافیای کورد لەم سەردەمەدا دیاردەکەین و لە تەوەرەی پێنجەمیشدا سنووری میرنشین و دەسەڵاتە خۆجێییە کوردییەکانی سەردەمی سەفەوی لە وانە میرنیشینی ئەردەڵان، ویلایەتی کرماشان، میرنشینی موکریان، لوڕستان و

بەختیاری، حکومەتی گەرووس، کوردەکانی مەحموودی، برادۆست، چگینی، خۆراسان و گەیلان و مازندەران بە پێی ئاماژەکردنی سەرچاوە ڕەسەنە مێژووییەکان دەستنیشاندەکەین و هاوکات تیشک دەخەینە سەر لایەنە تاریک و شاراوەکانی ئەو ناوچانەی کە تاک ئێستا کەمتر توێژەرێک دەستی پێ گەیشتووە.

## ١- ڕەچەڵەکی کوردەکان:

به باوەڕی ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی ناوداری ڕووس "**ئۆلێگ لودڤیگۆڤیچ ڤیلچێڤسکی**" کورد بە گشتی لە ناوچەیەکی هەتا بڵێی سەخت و بەرفراوانی شاخاویی دەژیت کە لە زنجیرە چیاکانی ئاسیای بچووک و ئێران بە یەک دەگەنەوە، ئەم گەلە خۆڕاگرە خاوەنی جوگرافیایەکی دەگمەنە و نشتیمانەکەشی بە ناوی وڵاتی کوردان یان **کوردستان** دەناسرێت کە هاوکات بەیەکێ لە نەتەوە هەرە دێرین و ڕەسەنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەژماردەکرێ (ڤیلچێڤسکی ،٢٠١٦: ٢٣). ئەگەرچی "**ریچارد نێلسۆن فرای**"(١٩٢٠- ٢٠١٤) گەورە ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکی پێیوایە کەوا کوردەکان تەنیا ئەو کۆچەرانەن کە هەر لە دێر زەمانەوە بە درێژایی داوێنی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس ژیاون و بە زمانی کوردی قسەدەکەن و خاوەن کلتوور و داب و نەریتی سەرنجڕاکێشی تایبەت بە خۆیانن (فرای، ١٣٥٨: ١٢٧). لە بەرانبەر ئەم دوو گریمانەیەدا، گەورە ڕۆژهەڵاتناسی ئالمانی "**بێرتۆڵد ئێشپۆلێر**" (١٩١١-١٩٩٠) و "**ئارشاک پوولادیان**" (١٩٥٠-)ی ئەرمەنی دەڵێن" ڕەچەڵەکی کورد لە ئەسڵدا دەگەڕێتەوە بۆ گەلێکی خاوەن مێژووی کۆن و زەنگین کە لە ڕووی زمان، داب و نەریت و کلتوور و هونەری ژیان بەڕێکردن ئەوەندە دەوڵەمەند و بەرفراوانن کە هەندێ جار گەلانی تری ناوچەکەش کە شێوازی ژیانیان بە هی کوردەکان دەچوو بە ئەوان چوێنراون و بە هەڵە تێکەڵ بە کوردەکان کراون، بۆیە بە باوەڕی ئەوان بە هۆی ژیانی

کۆچەرایەتی و پەرتەوازەبوونی ئەم گەلە دەستنیشانکردنی سنووری جوگرافیای کورد لە سەردەمە جیاوازەکان کارێکی ئاسان نییە (اشپولر، ١٣٧٣: ٤٣٥-٤٣٦؛ پولادیان، ٢٠١٣: ٦٢-٦٧). هاوکات لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا، گەورە توێژەری ناوداری بەریتانی **"دیڤیدمەکنزی"**(١٩٢٦-٢٠٠١) لە یەکێ لە توێژینەوەکانیدا لە ژێر ناوی **"ڕەچەڵەکی کوردەکان"** گەلی کورد بە یەکێ لە کونترین و ڕەسەنترین گەلانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین ناو دەبات، کە سەرەڕای ژیانی کۆچەرایەتی لە ڕێگەی داب و نەریت و کلتووری تایبەت بە خۆیان زۆر بە ئاسانی لە گەلانی تری ناوچەکە واتە (فارس، تورک و عەرەب) جیادەکرێنەوە ( *Mackenzie, 1961: 68-68)*.

مێژوونووس و جوگرافیزانی ناوداری عەرەب، یعقوبی (مردن، ٢٩٢ک) لە کتێبی "البلدان" ناوچە کوردنشینەکانی بە هەرێمی جیبال و هەندێ جاریش بە ئێراقی عەجەمی باسکردووە کە شارە گرنگەکانی بریتین لە: دینەوەر، حەلوان، نهاوەند، قرمسین و چەند شارێکی تر (یعقوبی، بی تا: ٤٣) بە باوەڕی هەمزەی ئەسفەهانی (مردن،٣٥٠ک) ئێرانییە کۆنەکان دانیشتووانی شاخەکانی باکووری ئێران و ناوچەی دەیلەمانی مازەندەرانیان بە **"کوردی تەبەرستان"** و هەروەها بە خەڵکی ئێراق و عەرەبەکانیشیان دەگوت **"کوردی سوورستان"** (اصفهانی، بی تا: ١٨٠). بە گێڕانەوەی حەسەنی قومی، ئەم کوردانە بە شێوەی بەردەوام لە ناوچە شاخاوییەکانی خۆیان دادەبەزین و هێرشیان دەکردە سەر ناوچە تازە ڕزگارکراوەکانی خوارووی هەرێمی تەبەرستان بە مەبەستی تاڵانکردنی ماڵ و سامانیان (قمی، ١٣٨٥: ٣٧١). بێگۆمان ناوەڕۆکی ئەم ڕیوایەتانە مانای ئەوە دەبەخشن کە لە کلتووری ئێرانییەکاندا کوردەکان زیاتر وەک میللەتێکی کۆچەر و شوانکارە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە.

سەرەڕای ئەمانە مێژوونووسە موسڵمانە ناودارەکانی وەک: اصتخری (مردن، ٣٤٦ک)ابن حوقل (مردن، ٣٦٧ک) ادریسی (مردن، ٥٦٠ک) جرفادقانی (مردن، ک٦٠٣) یاقوتی حموی (مردن، ٦٢٦ک) ابن خەلەکان (مردن، ک٦٨١) النویری (مردن، ٧٣٣ک) ابن خلدون (مردن، ٨٠٨ک) حمیری (مردن، ٩٠٠ک)یش لە شوێنی جیاجیا باس لە بوونی کوردە کۆچەرەکانی خاوەنی داب و نەریتی تایبەت بە خۆیان دەکەن کە لە هەرێمەکانی فارس، قۆهستان، سیستان، کەرمان، گەیلان و تەنانەت گورگانیش دەژیان و بە زمانێکی تایبەت کە جیا لە زمانەکانی وەک فارسی و عەرەبی بووە قسەیان کردووە و زۆربەشیان خەریکی شوانکارەیی و بەخێوکردنی مەڕومالات و هەندێ جاریش مێگەلی وشتر بوونە (اصطخری، ١٩٢٧: ٢٧٤؛ ابن حوقل، ١٩٣٨: ج ٢، ٤٤٦؛ الادریسی، ١٩٩٥: ج١، ٤٤١؛ جرفادقانی، ١٣٧٤: ١٨٩-٢٤٣-٢٨٣؛ الحموی، ١٩٩٥: ج ٤، ٤١٦؛ ابن خلکان،١٩٩٠: ١٧٥؛ النویری، ٢٠١٣: ج٢٧، ٤١٧؛ ابن خلدون، ١٩٨٨: ج٥، ٦١٩؛ الحمیری، ١٩٨٤: ٤٩٤) دیارە ئەم جۆرە ئاماژە پێکردنە خۆی لە خۆیدا سەلمێنەری پەرتەوازەیی لە ڕادەبەدەری گەلی کورد بووە لە سنوورێکی بەرفراون لە دەرەوەی بازنەی ئەو ناوچانەی کە دواتر بە کوردستان یا خود وڵاتی کوردان ناوزەد دەکرێن.

جیهانی (مردن، ٣٧٥ک) لە کتێبی "**اشکال العالم**" وڵاتی کوردانی بە ناوی ناوچە شاخاوییەکان و هەرێمی چواردەهەم باسکردووە، کە شارە گرنگەکانی بریتی بوونە لە بروجێرد، نهاوەند، سیمرە، هەمەدان، قم و کاشان (جیهانی، ١٣٦٨: ٦٧). مقدسی (مردن، ٣٨٠ک) لە کتێبی "**أحسن التقاسیم في معرفة الأقالیم**" وڵاتی کوردانی بە نشتیمانی سەختی شاخاوی ناوبردووە، کە کوردەکان هەرلە دێر زەمانەوە تێیدا ژیاون (مقدسی، ١٣٦٤: ٥٧٢).

شایانی باسکردنە ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، سەرجەم هۆزە کۆچەرەکانی لوڕی دانیشتووی ناوچەکانی لوڕستان و بەختیاری و بەشێک لە هۆزە کۆچەرە شوانکارەکانی دانیشتووی ناوچەکانی خووزستان و هەرێمەکانی فارس و کرمان بە کورد دەزانن، بەڵام لە هەمان کاتدا بە باوەڕی هەندێ لە لێکۆلەرانی وەک ڕۆژهەڵاتناس بێرتۆلد ئێشپۆلەری ئەڵمانی، لوڕەکان ئەگەرچی هەر لە دێر زەمانەوە وەک کوردەکان لە داوێنی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس ژیاون و داب و نەریتیشیان تا ڕادەیەکی زۆر بە کوردەکان دەچێ، بەڵام بەشێک نین لە خودی کوردەکان و دەبێ بە گەلێکی جیا ئەژماربکرێن...! (اشپولر، ١٣٧٣:ج١، ٤٣٦). ئەمە لە کاتێکدایە کەوا دەیان سەدە بەر لە ئێشپولەری ئەڵمانی، مێژوونووس و جوگرافیناسی عەرەب، مسعودی (مردن، ٣٤٦ک) لە سەدەی چوارەمی کۆچی لوڕەکان بە بەشێکی لێکدانەبڕاوی کورد دەناسێنێ (مسعودی، بی تا: ٧٨). دواتر لە سەدەی شەشەم و حەوتەمی کۆچی، حازمی همدانی (مردن، ٥٨٤ک) و یاقوتی حموی، لوڕەکان بە بەشێک لە هۆزە ڕەسەنەکانی کورد دەزانن کەوا لە ناوچە شاخاوییەکانی نێوان ئەسفەهان و خوزستان و کرمان دەژین (همدانی، ١٩٩٤: ٨٠٠؛ حموی، ١٩٩٥؛ ج٥، ١٦). ابن العبری لە کاتی باسکردنی ڕووداوەکانی سەردەمی ئەرغوونشای ئێلخانی (١٢٨٤-١٢٩١ز) بە ڕاشکاوی باسی هۆزە لوڕەکانی کوردی دانیشتووی شاخەکانی خوزستان دەکات کە جەنگاوەری زۆر چاک و لێهاتوو بوونە (ابن العبری ،١٩٩٢: ٢٩٨).

بەڵام ڕوونترین ئاماژەکان بۆ پەردە هەڵماڵین لە سەر ئەم بابەتە گوماناوییە و سەلماندنی ڕاستییەکان لە سەدەی هەشتەمی کۆچی و لە لایەن (ابن فضل الله العمری) لە کتێبی **"مسالک الابصار فی ممالک الامصار"** دەردەکەوێت کاتێ نووسەر بەشێکی تێروتەسەڵی کتێبە دانسقەکەی تەرخان دەکات بۆ باسکردنی کوردەکان و لە میانەی ئەم

بەشەدا سەرەڕای باسکردنی جیاوازییەکانیان لوڕەکان و شوانکارەکان بە بەشێکی گەلی کورد دەزانێت و کوردەکان بە سەر٢٠ هۆزی گەورە دابەشدەکات کە بە باوەڕی ناوبراو لە جوگرافیایەکی پان و بەرینی نێوان هەرێمی جزیرە و هەمەدان و لوڕستان نیشتەجێبوونە. دیارە بە پێی ئاماژەکردنی العمری لوڕەکان و شوانکارەکان بە درێژایی مێژوویەکی دێرین وەک کوردەکان لە داوێنی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس ژیاون (العمری، بی تا: ج٣، ٢٥٥- ٢٥٩-٢٧٦-٢٧٧-٢٨٥). دیسان لە سەدەی هەشتەمدا عەلی محەممەدی شوانکارەیی (مردن، ٧٣٣ک) لە کتێبی "**مجمع الانساب**"دا، لە کاتی گێڕانەوەی چۆنیەتیی بەدەسەڵاتگەیشتنی ئەتابەکانی لوڕی گەورە کە بە باوەڕی ناوبراو ڕەچەڵەکیان بۆ کوردەکانی شام دەگەڕێتەوە، باسی پێکداهەڵپرژان و ململانێی نێوان هۆزەکانی کورد و لوڕ لە ڕێڕەوی بە دسەڵات گەیشتنی ئەتابەکانی لوڕی گەورە دەکات (شبانکارەای، ١٣٨١: ٢٠٧-٢٠٨).

سەرچاوە ڕەسەنەکانی سەردەمی ئیسلامی بەر لە بڵاوبوونەوەی چەمکی "**کوردستان**" وەک وڵاتی کوردان لە ناو دامودەزگا فەرمییەکانی بەڕێوەبەری وڵات و تەنانەت دواتریش لە بوونی کورد لە جوگرافیایەکی بەرفراوانتر لە دەرەوەی ئەم چەمکە کە بەشێکی سەرەکی لە هەرێمەکانی زۆزان، ئەرمینیا، ئەخلات، ئازەربایجان، جیبال، لوڕستان، فارس و ... پێکدەهێنا ئاگادارمان دەکەنەوە. دیارە لەو سەردەمانە لە جیاتی چەمکی کوردستان، لە کۆمەڵێ دەستەواژەی وەک: جبال الاکراد، بلاد الاکراد، ارض الاکراد، موضع الاکراد و ... بە مەبەستی ئاماژە پێکردن بۆ ئەو ناوچانەی کە کورد تێیدا نیشتەجێ بووە، سوودیانوەرگرتووە (ابن خردادبە، ١٩٩٢: ٤٧؛ ابن الفقیە، ١٤١٦: ٤١٠؛ اسکندری، ١٤٢٥: ٤٣٧؛ العمری، بی تا: ج٨، ٢٦٧؛ بردی، ١٣٩٢: ج٩، ١٧٣؛ المقریزی، ١٤١٨:ج٤، ١٠٦-٢٧٨؛ توفیق ٢٠١٣: ٤١-٤٥). پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کەوا ئەم دەستەواژانەی سەرەوە سەلمێنەری جوگرافیایەکی تایبەت و دیاریکراو

نەبوون و لە هیچ کام لە سەرچاوەکان سنوورەکانیان دەستنیشاننەکرابوون، بۆیە دوور نییە کە کوردەکانی نیشتەجێی ئەم هەرێمانە پتر وەک کۆچەر لەو شوێنانە ژیابن.

هەرچۆنی بێ ئەو دابەشکردنە کارگێرییە هیچ کامیان تایبەتمەندێتی هەرێمی و نەتەوەیی دانیشتوانی ناوچەکە، کە زۆرینەیان کورد بوونە، لەخۆنەگرتووە، تەنیا ئەوە نەبێ کە جەخت لە سەر سروشتی چیایی وڵاتی کوردان کراوەتەوە، بە پێی ئەوەی کە چیاکان وڵاتی ئەوانن و ئەو ناوەشە کە دەشێ لەو وڵاتە بنرێ (لشکری، ٢٠٠٤: ٦٠؛ خدر، ٢٠١١: ٧٣).

## ٢- بەکارهێنانی چەمکی "کوردستان" وەک دەستەواژەیەکی جوگرافیایی لە سەرچاوە مێژووییەکاندا

لە ڕاستیدا تا ماوەیەکی زۆر لە نێو لێکۆلەرە مێژووییەکان وا باو بوو کە یەکەمین جار کەسێک کە ناوی کوردستانی لە ناو نووسینەکانیدا هێنا بێ، مێژوونووس و جوگرافیناسی ناوداری فارسی"**حمدالله مستوفی قزوینی**" (٦٨٢-٧٥٠ک / ١٢٨١-١٣٤٩ز) بووە کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە (توفیق، ٢٠١٣: ٤٥). بەڵام دواتر بەدیارکەوت کەوا یەکەمین سەرچاوەی مێژوویی کە بۆ یەکەمین جار چەمکی "**کوردستانی**"وەک وڵاتی کوردان بەکارهێنابێ، سەرچاوەیەکی ڕەسەنی ئەرمەنی بە ناوی "**متی ڕەهاوی**" بووە، کە لە لایەن مێژوونووسی ئەرمەنی "**مادتیوس اورهایتسی**" کە لە سەدەی پێنجەم و شەشەمی کۆچی ژیاوە و لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی شاری الرها/ ئورفا لە ساڵی (٤٢٢ک / ١٠٣١ز) ناوی کوردستانی بەکارهێناوە. ئەگەرچی ناوبراو سنووری ئەم هەرێمەی دەستنیشاننەکردووە بەڵام پێدەچی مەبەستی هەرێمی میافارقین بووبێ (بولادیان، ٢٠١٣: ٤٣).

دواتر نورەدینی کوڕی محەممەد ناسراو بە عوفی (مردن، ٦٣٩ک) کە لە کۆتاییەکانی سەدەی شەشەم و سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچی ژیاوە لە کتێبی "**لباب الالباب**" و لە شیعرێکی شاعیری بە ناو "**حەکیم جەنەتی بیایی نەخشەبی**" کە یەکێ بووە لە شاعیرە هەست ناسکەکانی دەڤەری نەخشەب کە دەکەوێتە نێوان شارە کۆنەکانی بەڵخ و بۆخارا، لە نیوەی دووەمی سەدەی شەشەم، ناوی **کوردستانی** هێناوە، بێ ئەوەی سنوورەکانی دەسنێشانبکات (خدر، ٢٠١١: ٢٤) دوای ئەوە گوایە لە کۆتایی سەدەی شەشەمی کۆچی لە سەرچاوە سریانییەکانیش ناوی کوردستان وەک وڵاتی کوردان لە لایەن ابن العبری (مردن، ٦٨٥ک) ئاماژەی پێکراوە (توفیق، ٢٠٠١: ٣٧-٣٨؛ عبدالحکیم، ٢٠٠٧: ١٤٣) هەروەها "مارکۆ پۆلۆ"(١٢٥٤-١٣٢٤)ی گەڕیدەی ناوداری ئیتالیش لە هەمان سەردەم ئاماژەی بە ناوی کوردستان وەک جوگرافیای گەلی کورد کردووە (مارکوپولو، ١٩٧١: ٣٤-٣٥). جگە لە مانە دیارە ڕەشیدالدین فضل الله همدانی (١٢٤٧-١٣١٨) گەورە شالیاری سەردەمی مەغولەکان لە کتێبی "**جامع التواریخ**" و شرف الدین شیرازی (مردن، ٧٢٨ک) لە کتێبی"**تجزیەالمصارو تجزیە الاعصار فی تحریر تاریخ الوصاف**" و سیف الدین یعقوبی هروی(مردن، ٧٢٩ک) لە کتێبی "**تاریخ نامەی هرات**" چەند جارێک ناوی کوردستان وەک وڵاتی کوردان هێناوە و ئاماژەیان بە ناوچە کوردنشینەکان کردووە بێ ئەوەی سنوورەکەیان بە ڕوونی دەستنیشانبکەن (همدانی، ١٣٧٤: ٨١٢؛ شیرازی، ١٣٦٢: ٢٢٤؛ هروی،١٣٥٢: ٧٧٧).

هەرچۆنی بێ لەو کاتەوە کە چەمکی "**کوردستان**" وەک دەستەواژەیەکی جوگرافیایی و ئەسنۆگرافی دیارکەری سنوورە کارگێڕی و سیاسییەکان لە سەردەمی سوڵتان سەنجەری سەلجووقی (١٠٨٥-١١٥٧) بەکارهێنرا و حەمدوڵڵای مستەوفی سنوورەکانی ئەم پانتاییە بەرفراوانە کە لە ١٦ ویلایەت پێکدەهات و ناوەندەکەشی قەڵای (وەهار)

بهاری هەمەدان بوو، وەک بەشێک لە ناوچە کوردنشینەکانی ژێردەستی دەوڵەتی سەلجوقی دیاریکرد کە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان، کرماشان، لوڕستان و بەشێک لە ناوچەکانی هەمەدان و ئێراقیشی دەگرتەوە (مستوفی،١٣٦٢: ١٠٧-١٠٨) ئەم دەستەواژەیە هێدی هێدی شوێنی دەستەواژە گەلێکی وەک: جیبال و زۆزانی گرتەوە، کە لە دەقە جوگرافیاییەکاندا بۆ دیاریکردن و نیشاندانی هەندێ لە ناوچە کوردنشینەکاندا بەکارهێنرابوو و لە ئاکامدا بەو ناوچانە دەگوترا کە دەکرێ سنوورەکەی ئاوا دیاریبکرێت: لە باکوورەوە دەگاتە ئەرمەنستان و کێوەکانی ئەرزەرووم، لە ڕۆژهەڵاتەوە دەگاتە ئازەربایجان و لە ڕۆژئاواوە دەگاتە ڕووباری فورات و ئانادۆڵی ڕۆژهەڵاتی و لە باشوورەوە دەگاتە خوزستان و ناو ڕووباران (زەند ،٢٠٠١: ١٦).

ئەگەرچی نابێ ئەوەمان لەیادبچێ کە ڕەنگە مەبەستی سەرەکی مستەوفی دیاریکردنی ناوچەکانی ئیداری سەر بە دەوڵەتی سەلجووقییەکان بووە کە لە ناویاندا ناوچە کوردنشینەکانیش بەم شێوازە دەستنیشانکراون، بۆیە ناوچە کوردنشینەکانی تری وەک جزیرە، هەولێر و دیاربەکر و بەشێک لە ناوچە کوردنشینەکانی ئەرمینیا و ئازربایجان لە دەرەوەی ئەم دەستەواژەیە بوونە و لە پەراوێزی بابەتی دیکە ئاماژەیان پێکردوون کە دیارە ئەم ناوچانە لەناو سنووری دەوڵەتی سەلجووقی نەبوون (مستوفی، ١٣٦٢: ١٠٠-١٠٦) جگە لەمە ژمارەیەکی تر لە سەرچاوەکانی دوا ساتەکانی سەردەمی ئێلخانیش چەمکی کوردستانیان بەکارهێناوە، کاتێک قاشانی (مردن، ٧٣٨) لە پەراوێزی ڕووداوەکانی ساڵی (٧٠٧ک/ ١٣٠٨ز) لە شۆڕش و بانگەوانی مەهدی بوونی کەسێک بە ناوی "**مووسا کوردستانی**" لە چیاکانی کوردستان ئاگادارمان دەکاتەوە (قاشانی، ١٣٨٤: ٧٦). لە هەمان سەدەدا، چەمکی کوردستان تەنانەت لە هەندێ لە سەرچاوەکانی عەرەبی- مەملووکیدا هاتووە، کاتێک النویری (مردن، ٧٣٣ک) باس لە کوژرانی یەکێ لە مناڵەکانی ئەمیرچووپان لە

کوردستان دەکات (النویری، ١٤٢٣: ج٣٣، ٢٥٤). دیارە دواتر شوانکارەیی (مردن،٧٤٣ک)ش بە بۆنەکانی جۆراوجۆر لە نووسینی "مجمع الانساب" و مازندەرانی (مردن، ٧٦٥ک) لە کتێبی "رساله فلکیه"دا ناوی **"کوردستان"** بەکاردەبەن (شبانکارەای، ١٣٨١: ٢٠٧-٢٩٩-٣١٢-٣١٤؛ مازندرانی، ١٣٣١: ١٥٨-١٦٨-١٧٥).

## ٣- دیاری کردنی سنووری جوگرافیای ناوچە کوردنشینەکان:

لە سەردەمی دەسەڵاتی تەیمووری تا سەفەوییەکان و لە سەدەی (٩تا ١١ک / ١٥تا ١٧ز) ڕێژەی بەکارهێنانی دەستەواژەی کوردستان چ لە ڕووی ژمارە و چ لە ئاستی ڕوونتر بوونی سنوورەکانی جوگرافیای ناوچە کوردنشینەکان بە بەراورد لەگەڵ سەدەکانی پێشووتر بەرچاوڕوونییەکی پتر بەدیدەکرێت. دیارە دابەشکاریی کارگێری و هەرێمایەتی لە سەردەمی سەفەوی هەر وەک سەردەمانی پێشووتری خۆی گۆڕانێکی زۆری بە سەردا نەهات و لە ڕووی دەستنیشانکردنی سنووری جوگرافی و سیاسی و کارگێڕییەکان هەر وەک سەردەمانی پێشتر مایەوە. بەڵام دوای بەهێزبوونی دەسەڵات و فراوانبوونی سنووری فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی سەفەوی، لە چۆنیەتیی وێناکردنی جوگرافیا و دەستنیشانکردنی سنووری کوردستان لەم سەردەمەدا ڕووبەڕووی دوو جۆرە دەربڕین دەبینەوە. یەکەمیان ئەو سەرچاوە ناوچەییانەن کە نە لە سەر بناغەی کارگێڕی و سیاسی بگرە لە چۆنیەتیی پێداگرتن لە سەر توخمی نەژادی کورد و لە ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتی پەرتەوازەبوونی کوردەکان لە ناوچە دوورەدەستەکان، هەوڵیانداوە کە سنووری جوگرافیای وڵاتی کوردان بە ڕوونی دەستنیشانبکەن. لەم ڕێڕەوەدا لە سەرەتای سەدەی ١٥ تا کۆتایی سەدەی ١٦ زاینی کتێبی دانسقەی **"شەرەفنامە"** وەک یەکەمین کتێبی مێژووی تایبەت بە کورد و کوردستان دەنووسرێت. لە ڕاستیدا شەرەفنامە کە بە شاکارێکی مێژووی کورد بۆ

ئەو سەردەمە ئەژماردەکرێ و نزیکەی ٤٢٥ ساڵ لەمەو بەر لە ساڵی ١٥٩٧ لە لایەن "**میر شەرەفخانی بدلیسی**"(١٥٤٣-١٦٠٣) نووسراوە، یەکێکە لەو سەرچاوە دەگمەنانەی کە بە وردی باسی جوگرافیای کورد و کۆمەڵگای ئەو کاتی کوردستان دەکات. شەرەفنامە کە لە بنەڕەتدا مێژووی بنەماڵەی مەزنە میرانی کوردی خاوەن دەسەڵاتی ناوچە بەرفراوانەکانی کوردستانە، سەرەتای دەسپێکردنی ڕەوتی مێژوونووسی کورد و کوردستانە کە لە سەردەمی سەفەویدا سەریهەڵداوە و گوتاری زاڵی ئەو سەردەمەش لە سەر ڕوانگە و ڕەوشت و تەنانەت زمانی نووسینی ئەم بەرهەمە ناوازەیەدا کاریگەریی هەبووە.

کاتێک شەرەفخان، کتێبی شەرەفنامەی وەکو مێژووی دەسەڵاتدارانی کوردستان پێناسە دەکات، "**کوردستان**" وەک جوگرافیایەکی بەرفراوان و جیاواز لە دەسەڵاتی **(سەفەوی و عوسمانی)** دەبینێت و دەڵێت: "**کورد، خاوەنی مێژوو، جوگرافیا، میرنشین، عەشیرەت، کلتوور و کۆمەڵگا و زمانێکی فرە جیاواز و دەوڵەمەندە کە هەر لە دێرزەمانەوە لە هەرێمەکانی خۆیاندا ژیاون و وڵاتێکی دیاریان هەبووە**". کورد لە ڕوانگەی شەرەفخانەوە بریتییە لەو کۆمەڵە هۆزە زۆر و زەوەندانەی کە شێوەی ئاخافتن و هێندێک ئاکار و داب و دەستوور و هەڵسوکەوتیان لێک جیاوازە و چوار بەشن"؛ **١- کرمانج ٢- لوڕ٣- کەڵهوڕ ٤- گۆران.** (بدلیسی ،٢٠١٧: ج١، ٦٠)

بە گوتەی شەرەفخان کورد کە لەو چوار بەشە گەورەیە پێکهاتووە، وێڕای هەبوونی جیاوازی لە جۆری دەڤۆک و شێوازی دەربڕین و تەنانەت هەندێ لە داب و نەریتەکانی ژیانیش لە مێژە لە وڵاتێک بە ناوی کوردستان هەن کە سنووری لە: **سەر لێواری دەریای هورمزەوە –کە لە سەر کەناری زەریای هیند هەڵکەوتووە –دەسپێدەکات و لەوێوە بە خەتێکی ڕاست دەکشێ و دێت هەتا لەمەڵبەندی مەلاتیە و مەرعەش**

**دەبڕێتەوە.  وڵاتی فارس و ئێراقی عەجەم و ئازەربایجان و ئەرمەنستانی گەورە دەکەونە لای باکووری ئەو خەتەوە. ئێراقی عارەب و مووسڵ و دیاربەکریش دەبنە باشووری ئەو سنوورە. سەرەڕای ئەوەش زۆر و زەوەندیی هۆز و تیرەکانی کورد لەو پەڕی مەڵبەندی ڕۆژهەڵاتەوە دایان گرتووە و تێیدا بڵاوبوونەتەوە و ئەو سەریان گەیوەتە ئەو پەڕی مەڵبەندی خۆرنشین** (بدلیسی،۲۰۱۷ :ج۱، ٦٠) شەرەفخان گوتەنی: **"خاکی کوردستان بە لوڕستانیشەوە، ناوچەیەکی هەتا بڵێی سەخت و چڕ و شاخاوی و لێڕەوارە و بەرهەم و داهاتی ناگاتە ئاستی خۆبژێوی و حەشاماتی دانیشتوانەکەی، بۆیە بە ناچار لە چاو خەڵکی دیکە زۆر کوێری دەبینن و بە کوێرەوەری ڕایدەبوێرن"** (بدلیسی، ۲۰۱۷: ج۱، ٦٧). وەک دیارە میر شەرەفخان لەم دابەشکارییەدا بە ڕاشکاوییەوە ویلایەتی لوڕستان و سەرجەم لوڕ و بەختیارییەکان بە بەشێکی دانەپچڕاوی گەلی کورد و جوگرافیا دەگمەنەکەی دەزانێت و ناوچە پڕپیتەکانیان دەخاتە سەر نەخشەی پان و بەرینی کوردستانی ئەو کات.

لە لایەکی دیکە سەرچاوەکانی تری وەک کتێبی "**حەدیقەی ناسری**" کوردەکان بە سەر ١٦ لق دابەشدەکات و سنووری ناوچە کوردنشینەکانیش لە لایەک هەر لە مووسڵەوە تا نزیک دەریای عەممان و لە لایەکی دیکە لە دیاربەکرەوە تا نزیک هەمەدان دەستنیشاندەکات (وقایع نگار، ۱۳۸۱: ۷٥) بە باوەڕی گەڕیدەی ناوداری تورک **"ئەولیا چەلەبی"** کە لە ساڵی (١٠٥٦ک/١٦٤٦ز) بە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا گەڕاوە، وەڵاتی کوردان لە باکوور بۆ باشوور و لە ئەرزەرۆم بۆ وان و هەکاری، جزیرە، ئامێدی، مووسڵ، شارەزوور، ئەردەڵان و دەربەند و لەوێشەوە هەتا سەرووی بەسرە درێژ دەبێتەوە. بە گوتەی ناوبراو درێژایی ئەم وڵاتە پان و بەرینە هەفتا قۆناغ دەبێ (چلبی،  ١٣٦٤:ج٤، ٧٥).

جۆری دووەمی دەربڕینەکان لە سەرچاوەکانی سەرەتای سەردەمی سەفەوی دەردەکەوێ کاتێک بە کورتی و شێوازێکی پەرتەوازە و ناڕوون باس لە ڕووداوەکانی ناوچە کوردنشینەکان دەکەن لە دیارکردنی سنوورەکانی وڵاتی کوردان، بێ ئەوەی تیشک بخەنە سەرگشت ئەو ناوچانەی کە کورد تێیدا نیشتەجێبووە تەنیا بە هێنانی دەستەواژەی **"ویلایەتی کوردستان"** باسەکان دەبڕنەوە. میرخواند (٨٨٠-٩٤٣ک)ی دانەری کتێبی**"تاریخ روضەالصفا"** لە کاتی باسکردنی هێرشی تەیموورە شەل (١٣٣٦-١٤٠٥) بۆ کوردستان، ئیبراهیم شا وەک حاکمی ویلایەتی کوردستان دەناسێنێت کە بە ناردنی سوڵتان شای کوڕی بە کۆمەڵێ دیاری بۆ بارەگای تەیموور، ناوبراو ڕازی دەکات بە مەرجی بێلایەنی ئەوان واز لە شەڕ و کوشتاری خەڵک بێنێت و ئاواییەکانیان وێران نەکات، ئەگەرچی میرخواند لە گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە سنووری جوگرافیای کوردستان دەستنیشاننناکات، بەڵام باس لە گرنگیی شاری سوڵتان ئاوای چەمچەماڵی نزیک هەمەدان دەکات کە گوایە لەو سەردەمە ناوەندێکی گرنگی ژیان و بازرگانی بووە (میرخواند، ١٣٣٩: ج٦، ٢٠٩؛ هادیان، ١٣٨٨: ٢٦)

دانەری **"جهانگۆشای خاقان"**یش لەکاتی باسکردنی ڕووداوەکانی ساڵی (٩٢٠ک/١٥١٤ز) بێ ئەوەی ئاماژە بە سنووری ویلایەتی کوردستان بکات شۆڕش و هەڵگەڕانی میرسارمی والی کوردستان باس دەکات (جهانگشای خاقان، ١٣٦٤: ٢٤٠) عالم ئارای سەفەویش جارێک لە دوای گێڕانەوەی هەواڵی مردنی یاقووب شای ئاق قۆیونلوو و جێگرایەتیی سوڵتان بایسونقور و دانپێدانانی تورکمانەکان بە حاکمی نوێ، باسی دانانی کەسێک بە ناوی سوڵتان ڕۆستەم وەک پاشای ویلایەتی کوردستان دەکات بێ ئەوەی سنووری جوگرافیای ئەم ویلایەتەمان بۆ دەستنیشانبکات، هەروەها لە شوێنێکی تر و لە کاتی شڕۆڤەکردنی ڕووداوە گەورەکانی سەردەمی شاسمایلی سەفەوی، سارم خانی موکری

به حاكمی ویلایەتی كوردستان دەناسێنێت. (عالم آرای صفوی، ۱۳۵۰: ۳۳- ۱۰۳)

له لایەكی تر خواندمیری دانەری مێژووی "**حبیب السیر**" سەرەڕای باسكردنی بەشداریكردنی لەشكری كوردەكان لە چەندین شەڕی دەرەكی و یارمەتیدانی سوپای سەفەوی، جووجی سوڵتان وەك حاكمی ویلایەتی كوردستان ناودەبا (خوان دمیر، ۱۳۸۰: ج٤، ٥٦٤). تكمله الاخبار له كاتی شرۆڤەكردنی ڕووداوەكانی سەردەمی شاتەهماسبی یەكەم (۱٥۲٤-۱٥۷٦) هاوكات لەگەڵ یاخیبوونی ئەلقاس میرزای برای شا، باسی كەسێك بە ناوی "**چراغ سوڵتانی استاجلو**" وەك حاكمی ناوچەكانی سونقۆر و دینەوەر و ویلایەتی كوردستان دەكات كە دیارە خاوەنی پێنج سەد جەنگاوەری ئازا بووە (تكمله الاخبار، ۱۳٦۹: ۹۸).

گەڕیدەی ناوداری ئیتالی"**پییترۆ دێلاڤالێ**"(۱٥۸٦-۱٦٥۲) كە لە سەردەمی شاعەباس (۱٥۸۷-۱٦۲۹) بە ئێراندا گەڕاوە، لە كاتی باسكردنی ناوچە كوردنشینەكان كە بە وڵاتێكی سەخت و شاخاوی نێوان توركەكان و ئێرانییەكان ناوی دەبات، سنووری كوردستان بەم جۆرە دیاردەكات: "**پانتایی سنووری كوردستان لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا نێوان دە بۆ یازدە ڕۆژ دەبێ، ئەگەرچی لە هەندێ جێگا زیاتر و لە هەندێ شوێنیش كەمترە، بەڵام لە باكوورەوە بۆ باشوور ڕووبەرەكەی ئەوەندە بەرفراوانە كە پێم وایە لە بابل و شووشی كەنارەكانی كەنداوی فارسی دەستپێدەكات و بۆ باكووری مووسڵ دەڕوات و هەتا ناو ئەرمینیا و ئازەربایجان و تەنانەت هەتا نزیك دەریای ڕەش درێژدەبێتەوە**" (دلاواله،۱۳۸۱: ٤-٥) گەڕیدەیەكی تری ڕۆژئاوایی بە ناوی ئەنگێلبرت كەمپفێر(۱٦٥۱-۱۷۱٦) كە پزیشكێكی

ئەڵمانی بوو و لە سەردەمی شاسلێمان (١٦٦٦-١٦٩٤) دا لە ماوەی ساڵانی (١٦٨٤-١٦٨٦) سەردانی ئێرانی کردووە، لە بیرەوەرییەکانی خویدا لە دابەشکارییە جوگرافیاییەکان وەک سەرچاوە مێژووییەکانی سەدەکانی ناوەندی لە ئێران، بێ ئەوەی سنووری ناوچە کوردنشینەکان بە ڕوونی دیاربکات، وڵاتی کوردانی وەک ویلایەتەکانی کرماشان، هەمەدان و ئەسفەهان بە بەشێک لە کۆمەڵێ ویلایەتی ئێراقی عەجەم ناودەبات و خۆی لە قەرەی وێناکردنی سنوورەکانی بەدووردەگرێت (کمپفر، ١٣٦٠: ١٥٧-١٥٨؛ نوری، ١٣٨٩: ٤٢).

پێمان وایە کەوا لەبەر ئەوەی وڵاتی کوردان ئاراستەیەکی دیاری ئیتنۆگرافی لەخۆدەگرێ و بە درێژایی مێژوو لە لایەن نەیارانییەوە داگیرکراوە، سنوورێکی ئاشکرا و دانپێدانراوی نییە و نەبوونی پێوەرێکی ڕێکوپێکی سنوورەکان ڕێگەمان پێ نادات تا ڕووبەری تەواوی ئەو وڵاتە بە وردی دیاریبکەین، بۆیە لە ڕاستیدا دەستنیشانکردنی سنووری جوگرافیای کورد لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سەفەوییشدا کارێکی ئەستەم و دژوارە، بەڵام دەکرێ لە ڕێگەی دابەشکاریی سیاسی و کارگێڕیی دەوڵەتی سەفەوی، سنووری خاک و نشتیمانی کوردان کە بەسەر چەندین ویلایەت و میرنشینی جیاجیا دابەشکرا بوو تا ڕادەیەک وێنابکەین. ئەوە لە کاتێکدایە کەوا پانتایی ڕاستەقینەی بەربڵاوی ئاپۆڕای گەلی کورد بە لەپێشچاوگرتنی بەشە دوورخراو و ناوچە داگیرکراوەکانی، گەلێک زۆرترە لە ڕووبەرە دەستنیشانکراوەکان، کە ئەویش بۆ هەرچی ڕوونتر وێناکردنی ئەم سنوورانە لە بڕگەکانی خوارەوە بە شێوازی جیاجیا دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە.

## ٤- جوگرافیای کورد لە سنووری دەوڵەتی سەفەویدا:

لە قۆناغی یەکەمی دەسەڵاتی سەفەوی هەندێ لە سەرچاوەکان میرنشینی ئەردەڵان کە یەکێ بوو لە چوار ویلایەتە هەرە گرنگ و بەهێزەکانی ئەم دەوڵەتە، وەک ویلایەتێکی جیا لە ناوچە کوردنشینەکانی تر هەژماردەکەن. ساڵانی کۆتایی دەسەڵاتی سەفەوی هەندێ لە سەرچاوەکان ویلایەتی کرماشانیش لە کوردستان و ناوچەکانی دیکەی کوردی جیادەکەن. سانسۆنی گەڕیدەی ناوداری فەڕەنسی کە لە سەردەمی شاسلێمان (١٦٦٦-١٦٩٤) سەردانی ئێرانی کردبوو، لە سەفەرنامەکەیدا ویلایەتی کرماشان بە یەکێ لە ١٢ بەگلەربەگایەتییەکانی دەوڵەتی سەفەوی دەژمێریت(سانسون، ١٣٤٦: ٦٨).

بەشێک لە سەرچاوەکانی تری ئەم ماوەیەش ویلایەتی ئەلشگرد کە هەڵگری بەشێک لە ناوچەکانی کرماشان و هەمەدان بوو، بە جیا لە ویلایەتی کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی تر هەژماردەکەن. بۆیە وەک دەبینین لە سەردەمی سەفەویدا یەکپارچەیی ویلایەتی کوردستان کە لە سەردەمی سەلجووقییەکان و ئێلخانان و تەیموورییەکانەوە ئاماژەی پێکرابوو بەرەبەرە لەناودەچێت و دابەشدەبێتە سەر چەند ناوچەیەکی تر کە هەر کامەیان لە لایەن میر یا خود حاکمێک کە دەوڵەت دەستنیشانیکردبوو بەڕێوەدەچوو. لە سەرچاوەکانی تر ئەو بەشانەی کە لە ویلایەتی کوردستان جیاکراونەتەوە پتر بە ناوی هۆز و دانیشتوانەکانی ئەم ناوچانە دەناسرێت. بە جۆرێک کە دەکرێ بڵێین لە سەرچاوەکانی ساڵانی کۆتایی دەسەڵاتی سەفەوی زۆر بە کەمی ئاماژە بە ناوی کوردستان وەک ویلایەتێک کە هەڵگری ناوی وڵاتی کوردان بێ ئاماژەکراوە. ئەم سەرچاوانە لە نووسینی دابەشکاریی سیاسی و کارگێریی ئەو سەردەمە لە جیاتی چەمکی کوردستان هەوڵیانداوە پتر دەستەواژەی (**لوڕستان، ئەردەڵان، بابان، کرمانج، بدلیس، کەلهوڕ،**

**موکریان، گەرووس، دونبولی و سۆران)** بەکاربێنن و ڕووداو و گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم ناوچانە بە شێوازی پچڕپچڕ و بە پەرتەوازەیی باس بکەن (نوری، ١٣٨٩: ٤٣).

بە گوێرەی ئاماژەکردنی لسترەنج (١٨٥٤-١٩٣٣) لە کتێبی **"وڵاتانی خیلافەتی ڕۆژهەڵات"** کوردستان بەشێک بووە لە ویلایەتێکی بەرفراوان بە ناوی **"جبال"** کە دیارە لە چەند ناوچەیەکی پان و بەرین پێکهاتووە کە بە قەد چەندین پارێزگای ئێستای ئێرانە. نووسەر لە بەشەکانی یازدە و سێزدەهەمی کتێبەکەیدا بە دوو سەر بابەتی ویلایەتی ئازەربایجان و ویلایەتی جبال، هەوڵیداوە کەوا شوێنی جوگرافیای ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژئاوای ئێران دیاریبکات. بە پێی ئەم دابەشکارییە ویلایەتی جبال گەلێ بەرفراوان بووە کە بە پێی دۆخی ئەوکاتە زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی کوردستان، کرماشان، هەمەدان، لوڕستان و تەنانەت ئەسفەهانیشی دەگرتەوە. لە نەخشەیەکی جوگرافیایی، کە لە پاشکۆی کتێبەکەدا هاتووە، سنووری کوردستان کە بە بەشێک لەم ویلایەتە پان و بەرینەدا دەستنیشاندەکرێ و لە درێژەی ئەم بابەتەدا هەوڵدراوە چۆنیەتیی گۆڕانی ناوی ئەم ویلایەتە لە جبالەوە بۆ ئێراقی عەجەمی و دواتر بۆ کوردستان شرۆڤەبکرێ. بە باوەڕی نووسەر هەتا بەر لە سەردەمی سەلجووقییەکان تەنیا بە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران دەگوترا ویلایەتی جبال و دوای بە دەسەڵات گەیشتنی ئەوان ناوەکە گۆڕا بە ئێراقی عەجەم (کرماشان، هەمەدان، ئەسفەهان، ڕەی، قەزوێن، کاشان، قوم و تەفرش). بە باوەڕی ناوبراو ئەم ناوە پێشتر لە سەردەمی مەغولەکانیش بەکارهاتووە (لسترنج، ١٣٦٤: ٢٠٠)

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کەوا لسترنج لە کاتی دەستنیشانکردنی ناوچە کوردنشینەکانی کوردستان تووشی هەڵەیەک بووە، کاتێک شاری **"صحنە"** بە ناوەندی ویلایەتی کوردستان دەزانێ

(لسترنج، ١٣٦٤: ٢٠١) ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم شارە " **صحنە**" لە نزیک کرماشانە و لەگەڵ ناوی "**سنە**"ی پایتەختی دێرینی میرنشینی ئەردەڵانییەکان کە دواتر دەبێ بە سنندج جیاوازییەکی زۆریان هەیە. واپێدەچێ کە جگە لە لسترنج هەندێ نووسەری دیکەش لە جاتی نووسینی سنە بە ناوەندی حکومەتی کوردستان بەهەڵەداچوونە و شاری صحنە یان نووسیوە.

لە بەرگی پێنجەمی چاپی نوێی ئەنسکلۆپێدیای ئیسلامدا دوای شرۆڤەکردنی تایبەتمەندییە مێژوویی، کلتووری، سیاسی و ئاینیی ناوچە کوردنشینەکان، لە کاتی دەستنیشانکردنی سنووری جوگرافیای کوردستان، تەنیا ناوچەکانی نێوان ئازەربایجان و لورستان و بەشێک لە هەمەدان و کرماشان و سنە بە کوردستان دەناسێنرێت (Encyclopedia of Islam, New Edition, Vo V, P440). ئەمە لە کاتێکدایە کەوا گشت دانیشتوانی داوێنەکانی زنجیرە چیای زاگرۆس بە لورەکان و بەختیارییەکانیشەوە بەشێکی دانەبڕاوی گەلی کوردن کە هەر لە دێرزەمانەوە لەم ناوچە سەخت و شاخاوییانە ژیاون و جگە لە مێژوو و زمان و کلتوور و داب و نەریتی ژیان، جوگرافیایەکی هاوبەش و هاوشێوەیان هەیە.

مەردۆخی کوردستانی کە یەکێکە لە مێژوونووسە دیارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە کتێبی "**مێژووی کورد و کوردستان**" سنووری جوگرافیای ناوچە کوردنشینەکانی کوردستان بەم شێوەیە دەستنیشاندەکات: "**لە ڕووی باکوورەوە دەگاتە ئەرمینیا، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ئازەربایجان و ئێراقی عەجەم و خوزستان کە لەم ڕووەوە زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس بەدیاردەکەون. لە ڕووی باشووریشەوە ئێراقی عەرەب و لە ڕۆژئاواش ڕووباری فورات هەتا دەگاتە ویلایەتی ئاسیای بچووک**". ناوبراو ڕووبەری ناوچە کوردنشینەکان بە (١٣٠٠٠٠)

کیلومەتری چوارگۆشە دەخەملێنێت کە لە شەش ویلایەتی ١- دیاربەکر، مووسڵ، ٣- سنە (ئەردەڵان) ٤- موکریان ٥- کرماشان ٦- لوڕستان پێکدێت (مردوخ، ١٣٥١ : ٥٤؛ هادیان، ١٣٨٨: ٢٨) دیارە عەلی ئەکبەری وەقایع نگاری کوردستانی لە نووسینی بەشی کوردستانی کتێبەکەیدا بە ئاگاداربوون لە زانیارییەکانی اعتماد السلطنه لە کتێبی **مرات البلدان ناصری**، ئاماژە بەوە دەکات کەوا کوردستانی ئێستا بەشێک بووە لە وڵاتی پان و بەرینی میدیاکان، بۆیە مێژوونووسە کۆنەکانی ئێرانی و یۆنانی لە دەستەواژەی "**ماتیان**" لە جاتی کوردستان سوودیان وەرگرتووە (وقایع نگار، ١٣٨١: ٢٣).

لێرەدا ئەگەرچی لە بەرهەڵبەز و دابەزی دەسەڵاتی سەفەوییەکان و داگیرکاریی بەردەوامی هێزە هێرشبەرەکانی ئەوان بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان، لە ڕاستیدا دەستنیشانکردنی مەودای ڕاستەقینەی جوگرافیای کورد لەم سەردەمە کارێکی هەتا بڵێی ئەستەمە، چونکە کۆمەڵێ هۆکاری کاریگەر وەکوو بەهێزی و لاوازیی حاکمان و میران و تەنانەت ڕێژەی ناسەقامگیریی دەسەڵاتیان لە ناوخۆ و ململانێ و هەڵپەی هێزە دەرەکییەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنی ناوچە دەوڵەمەندەکانیان لەسەر سەقامگیرنەبوونی ئەم سنوورانە، ڕۆڵێکی حاشاهەڵنەگریان هەبوو. بەڵام بە مەبەستی هەرچی باشتر تێگەیشتن لەم جوگرافیا پان و بەرینەی کورد لە سەردەمی دەوڵەتی سەفەویدا و هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی سنووری ڕاستەقینەی ناوچە کوردنشینەکان، بە سوودوەرگرتن لە سەرچاوە ڕەسەنە مێژووییەکانی ئەو سەردەمە بە ناچاری پەنا دەبەینە بەر وێناکردنی سنووری نشتیمان و ناوچەکانی ئەو میرنشین و دەسەڵاتە خۆجێیانەی کە لەو کاتەدا کوردەکان تێیدا نیشتەجێبوونە، هەروەها هەندێ لەو ناوچە دوورەدەستانەی وەک خۆراسان و گەیلان و مازندەران کە کۆمەڵێ لە هۆزە کوردە ڕەسەنەکانی کوردستان لە لایەن شایەکانی سەفەوی بە مەبەستی سیاسی و سەربازی لە ناوچە دێرینەکانی خۆیان

دایانبڕاندوون و دوورخراونەتەوە و بەرەبەرە لەو شوێنانە نیشتەجێکران و ئێستاشی لەگەڵدا بێ ژمارەیەکی زۆریان هەر لەوێ ماونەتەوە.

**٥- سنووری میرنشین و دەسەڵاتە کوردییەکانی سەردەمی سەفەوی:**

**١- میرنشینی ئەردەڵان:**

ئەردەڵانەکان بنەماڵەیەکی کون و ڕەسەنی کوردن کە بۆ سەردەمێکی دوورودرێژ لە سەدەی ١٣ تا سەرەتای سەدەی ١٩ی زاینی حوکمڕانیی بەشێکی گەورەی کوردستانیان کردووە. ئەم میرنشینە لە هەڵومەرجی ئاڵۆز و ناسەقەمگیری دوای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی ئێلخانی (١٢٥٦-١٣٣٥) لە بەشێکی کوردستاندا کە ناوەندەکەی شارەزوور بوو دامەزرا و بە کەڵکوەرگرتن لە بۆشایی هێزێک کە لە ئەنجامی نەمانی دەوڵەتێکی گەورە لە ناوچەکەدا هاتبووە ئاراوە، حکوومەتێکی نیمچە سەربەخۆیان پێکهێنا و توانیان درێژە بە بوون و مانەوەی خۆیان بدەن. لە ڕاستیدا ئەم میرنشینە لە دروستکردنی مێژووی کورد و بەدیهێنانی ڕەوتی گۆڕانکاری و سەرهەڵدانی ڕووداوەکانی ناوچەکەدا دەوری باڵای گێڕاوە و کاریگەریی خۆی هەبووە. سەرچاوە مێژووییەکان سەبارەت بە بنەما و بنچینەی خانەدانی ئەردەڵانەکان و چۆنەتیی دەسەڵاتوەرگرتنیان، زانیارییەکی ڕوون بەدەستەوە نادەن. شەرەفخان میرانی ئەردەڵانی لە پێشەوەی فەرمانڕەوایانی مەزنی کوردستان داناون، ئەوانەی هەرچەند تەواو ئازاد و سەربەخۆ نەبوون و بیریان لە جیابوونەوە نەکردۆتەوە، بەڵام جاروبار ناو و نازناویان لە وتاری مزگەوتەکاندا دەهێندرا و لە سەر دراوەکانیان دەنەخشێندرا (بدلیسی، ٢٠١٧: ١٨٢) دیارە ئەم دوو هەنگاوەش لە هێما و نیشانەکانی خۆ بە سەربەخۆ زانینن. سەرەڕای ئەم ڕاستییەش هیچ قەوارەیەکی سیاسیی کورد لە مێژوودا بەقەد ئەردەڵان سەربوردە و بەسەرهاتەکانی لێڵ و شاراوە نین و ئەوەندە دەرکەوتن و پێگرتنی تەمومژاوی نییە. ئەم میرنشینە یەکێکە لە قەوارە جوگرافیایی و

سیاسییە دیار و ناسراوەکانی کوردستان، کە مێژوویەکی دوور و درێژی لە فەرمانڕەوایەتی کردن بە سەر هەرێمێکی بەرفراواندا هەبووە کە پێشتر بە ناوی شارەزوور دەناسرا.

گوایە لە سەردەمی مەئموون بەگی یەکەم (١٤٥٧-١٤٩٥) سنووری ئەم میرنشینە بریتی بووە لە ناوچەکانی: شارەزوور، کۆیە، حەریر، ڕواندز و ئامێدی و پایتەختەکەشی قەڵای زەڵم بووە (ئەلحوسەینی، ٢٠٠٢: ١١؛ اردلان، ١٣٨٧: ٣٧) بەم پێیە دەتوانین بڵێین کەوا لەم سەردەمەدا میرنشینی ئەردەڵان گەیشتۆتە ئەوپەڕی گەشەی خۆی، چونکە ئەو ناوچانە کە دواتر دەکەوێتە دەست کوڕەکانی ناوبراو، پانتاییەکی بەرین کە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەگاتە ناوچەی ئەلەشگرد (هەمەدانی ئێستا) و لە ڕۆژئاواوە دەگاتە ئامیدی (لە باکووری مووسڵ) لەخۆدەگرێت (مصنف، ٢٥٣٦: ١١؛ الحوسەینی، ٢٠٠٢: ١١-١٢). سەبارەت بەم سنوورە پان و بەرینە سەعدی عوسمان پێیوایە؛ ڕەنگە زیادەڕەوی تێدا بێ، چونکە هیچ سەرچاوەیەکی دیکە ئەم زانیارییە پشتڕاستناکاتەوە و ئەوەی لە سەرچاوەکان دیارە دەسەڵاتیان تاکو شارەزوور بووە (حسین، ٢٠٠٦: ١٥٩). دەکرێ بڵێین ئەم ڕایە لاوازە چونکە لەم سەردەمەدا هەردوو میرنشینی سۆران و بادینان هەبوون و سەرچاوەکان لە نێوان ئەمانەدا ئاماژەیان بە هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەک نەکردووە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەوی و پەلهاوێشتنی ئیمپراتۆری عوسمانی بۆ داگیرکردنی ناوچە کوردنشینەکان، میرنشینی ئەردەڵانیش لە دوو لاوە کەوتە ژێر گوشاری ئەم دوو هێزە گەورەیە و تا کوتایی سەردەمی سەفەوی ناچارکرا کە لە بەشێکی سەرەکی قەڵەمڕەویی خۆی بە تایبەت لە لای ڕۆژئاواوە بۆ قازانجی دەوڵەتی عوسمانی چاوپۆشی بکات (اسکندەر، ٢٠٠٨: ٦٢). بۆیە کاتێ باس لە قەڵەمڕەوی و جوگرافیای یەکەیەکی سیاسی، بە تایبەت دەسەڵاتێکی درێژخایەن وەکو میرنشینی

ئەردەڵان دەکرێ، دەبێ ئەوەمان لە یاد بێ کە لەگەڵ چەمکێکدا ڕووبەڕووین کە بە درێژایی کات گۆڕانی زۆری بەسەرداهاتووە. مخابن هیچ کام لە سەرچاوەکانی سەردەمی سەفەوی باسێک لە بارەی جوگرافیا و سنووری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میرنشینی ئەردەڵان ناکەن. بۆیە لەم بارەیەوە ناچارین کە بە زانیاریی مێژوونووسە کوردەکانی سەردەمی قاجار کە ئاوڕیان لە بابەتەکە داوەتەوە و جاربەجار ڕووبەڕی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میرانی ئەردەڵانیان هەڵداوە. هەڵبەت ئاشکرایە کەوا زانیاریی ئەم سەرچاوانە پەیوەندیی بە سەردەمی قاجار و دواقۆناغی ژیانی میرنشینی ئەردەڵانەوە هەیە، کە تێیدا قەڵەمڕەویی میرنشینەکە بە جارێ بەرتسکببوو، بۆیە بۆ ناسینی قەڵەمڕەویی ئەردەڵانەکان لە سەردەمی سەفەوی دەبێ سوود لە زانیاریی سەرچاوەکانی ئەو سەردەمە وەربگیرێت کە تێیدا بە ئاماژەی ناڕاستەوخۆ لە کاتی باسکردنی ڕووداوەکان، بابەتاکە دەوڵەمەندبکرێت.

به باوەڕی عەلی ئەکبەرخانی وەقایع نیگار، دانەری کتێبی "**حەدیقەی ناصری**" سنووری کوردستانی ئەردەڵان لە باشوورەوە دەگاتە ویلایەتی کرماشان و لە باکووریشەوە بە ویلایەتی گەرووس و لە ڕۆژهەڵات بە هەمەدان و لە ڕۆژئاودا دەگاتە میرنشینی بابان. لە باشوورەوە بۆ باکوور نزیکەی ٢٤ قۆناغ و لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا ٥٦ قۆناغ دەبێ کە لەم سنوورە بەرفراوانەدا یەک شار و ١٧ ناوچەی خۆبەڕێوەبەر و ١٧ تایفەش لەخۆدەگرێت(وقایع نگار، ١٣٨١: ٢٥) ئەگەرچی شوکروڵڵای سنەیی وێڕا سەلماندنی ئەم سنوورە ژمارەی بلۆکە خۆبەڕێوەبەرەکان بە ١٨ دانە دیاردەکات (سنندجی، ١٣٧٥: ٢٢). لە لایەکی ترەوە دائرەالمعارفی "**مصاحب**" سنووری ئەم میرنشینە ئاوا وێنادەکات: لە باکوورەوە دەگاتە ویلایەتی ئازربایجان و لە ڕۆژهەڵاتەوە هەمەدان و لە باشووریشەوە دەگاتە کرماشان و لە ڕۆژئاواشەوە دەگاتە ئێراقی عەرەبی (مصاحب،١٣٥٦: ٢١٩٥). هەرچی واسیلی بارتۆلد (١٨٦٩-١٩٣٠)ی

ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسە مەودای میرنشینی ئەردەڵان لە نێوان ویلایەتەکانی کرماشان و ئازەربایجان دەزانێت (بارتولد، ١٣٨٦: ٢١٥).

هەرچۆنی بێ لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی بێگەبەگ (١٤٩٤-١٥٣٥)ی کوڕی مەئموون بەگ کە دەکەوێتە سەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن شاسمایلی یەکەم (١٥٠١-١٥٢٤) و بەشێک لە سەردەمی شاتەهماسب(١٥٢٤-١٥٧٦)ی کوڕی، ئەم میرنشینە سنوورێکی بەرفراوان لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، لە هەمەدانەوە بۆ شارەزوور و لە باکووریشەوە بۆ باشوور، لە سوندس و لاجانەوە بۆ کرماشان، حکومەتێکی بەهێزی لە نێوان هەر دوو ئیمۆراتۆری ئێرانی سەفەوی و عوسمانیدا بەڕێوەدەبرد، کە ناوەندی دەسەڵاتیان قەڵای پڵنگان بوو (خضری، ٢٠١٣: ١٠٠؛ اردلان، ١٣٨٧: ٤٣-٤٥).

بە ئاوڕدانەوە لە سەرچاوەکانی مێژووی سەردەمی سەفەوی و ئەو ئاماژە ناڕاستەوخۆیانەی کە مێژوونووسە کوردەکانی سەردەمی قاجار کە نزیکن لە سەردەمی سەفەوی و لە بارەی پێشهاتە سیاسییەکانی میرنشینی ئەردەڵان لەم سەردەمەدا بەدەستیەوە دەدەن، دەکرێ بگەینە ئەم باوەڕەی کەوا جگە لە سنووری خۆرئاوای قەڵەمڕەوی ئەردەڵانەکان کە لە سەردەمی سەفەویدا بە هۆی شەڕ و ئاڵۆزی و یاخود هاوپەیمانی و یەککگرتن لەگەڵ عوسمانییەکاندا، هەندێ جار گۆڕانی بەرچاوی بە خۆیەوە دەبینی، سنوورەکانی تری ئەم میرنشینە تا ڕادەیەکی زۆر جێگیربووە و جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوەی کە لە سەرچاوەکانی سەردەمی قاجاردا هاتووە، نەبووە و نموونەیەکی وەک هێرشەکانی تەیموورخانی ئەردەڵان (١٥٨٠- ١٥٨٩) بۆ سەر هاوپەیمانەکانی دەوڵەتی سەفەوی لە نیوەی یەکەمی فەرمانڕەوایەتی سەفەوییەکان (١٥٠١- ١٦١١) بە دیاردەیەکی دەگمەن دەژمێردرێت. بۆیە دەکرێ بگوترێت کەوا لە سەردەمی سەفەویشدا ڕووبەری دەسەڵاتی ئەردەڵانەکان لە باکوور و

باشوورەوە لە لایەن هۆزە کوردەکانی موکری و کەلهوڕ و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە لە لایەن بەگلەربەگی ناوچەی ئەلەشگرد کە سەر بە دەوڵەتی سەفەوی بوون، بەرتەسک دەکرایەوە (مصنف، ٢٥٣٦: ٢٨). بەڵام لەلای ڕۆژئاواوە، بەهۆی شەڕ و ئالۆزییەکانی نێوان سەفەوی و عوسمانییەکان، سنووری میرنشینەکە گۆڕانی زۆری بە خۆیەوە دەبینی کاتێ هەندێ لە میرانی ئەردەڵان بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵیاندەدا کە دەسەڵاتی خۆیان بە سەر ناوچەکانی ڕۆژئاوای دەشتی شارەزووردا کە ئەردەڵانەکان بە سنووری سروشتیی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دادەنا، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە سیاسەتێکی بگۆڕیان لە دۆستایەتی لەگەڵ عوسمانی تا لیستنی ڕۆڵی هاوپەیمانی لەگەڵ قزڵباشەکاندا گرتە بەر. تەیموور خانی ئەردەڵان و هەڵۆخان (١٥٨٩- ١٦١٧) لە ساڵەکانی سەرەتای دەسەڵاتی خۆیان، توانیان بە ڕەزامەندیی دەوڵەتی عوسمانییەوە، دەست بە سەر ئەم ناوچانەدا بگرن. بەڵام خان ئەحمەد خانی جێگرەوەی هەڵۆ خان لە ڕێگەی شەڕ و بەکارهێنانی هێزی سەربازییەوە بە پشتیوانیی شاعەباسی یەکەم ناوچەیەکی بەرینی کە لە ڕۆژئاواوە تا نزیکەی مووسڵ دەگەیشت، خستەژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە (ترکمان، ١٣٥٠: ١٠٠٦).

ئەردەڵانییەکان لە ساڵی ١٦٣٦ شاری سنەیان دروستکرد کە تاکو تێکچوونی میرنشینەکەیان لە ساڵی ١٨٦٧ هەر بە پایتەخت مایەوە. دیارە لە دابەشکردنی وڵات لە ڕۆژگاری سەفەویدا، ئەم میرنشینە ویلایەتێک بوو کە هەر چوار ناوچەی خوڕخوڕە، جوانڕۆ، هەورامان و بانەی لەخۆگرتبوو (خضری، ٢٠١٣: ٩٩؛ محمود، ٢٠١٥: ٢٤). دوای مۆرکردنی پەیماننامەی زەهاوی ١٦٣٩، هەرێمەکانی ڕۆژئاوای ئەردەڵان بە یەکجاری خرانە سەر دەوڵەتی عوسمانی، بۆیە لە ئەنجامدا سنووری جوگرافیای ژێر قەڵەمڕەوی میرانی ئەردەڵان لەم کاتە بەولاوە ناونرا کوردستانی ئەردەلان و ناوچەکانی سنە، حەسەن ئاوا، مەریوان، هەورامان، بانە،

سەقز و جوانرۆی لەخۆدەگرت کە لەلایەن میر سلێمانی کوڕی میر عەلەمەددین (١٦٣٠-١٦٥٥) بەڕێوەدەچوو (Iranica, 1988: 693-94).

## ٢- ویلایەتی کرماشان:

بە پێ ئاماژەکردنی واسیلی بارتۆلد ناوی کرماشان کە لە ئەسڵدا "**کرمان شاهان**" بووە و لە سەردەمی بەهرامی چوارەمی ساسانی (٣٨٨-٣٩٩ز) بنیادنراوە، لەوەدا هاتووە کە بەهرام شای ساسانی بەر لە دروستکردنی ئەم شارە تازەیە وەک پایتەختی نوێی دەسەڵاتەکەی، حاکمی شاری کرمان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بووە، بۆیە کاتێک دەبێ بە شا و بڕیاردەدات کە شارێکی تازە لە داوێنی زنجیرە شاخەکانی بێستون بنیادبنێت، ناوی کۆنی شارەکە کە"**مای**"بوو دەگۆڕێت بۆ "**کرمان شاهان**"(بارتولد، ١٣٨٦: ٢٠٨). دوای داگیرکردنی ئەم شارە لە لایان عەرەبە موسڵمانەکان، ناوەکەی گۆڕدرا بە "**قەرەمسین**" ئەم ناوە تا سەدەی چوارەمی کۆچی وەک خۆی مایەوە تاکو دیسان وەک جاران ناوی کرماشانیان بەکارهێنایەوە (نوبان، ١٣٧٦: ٣٦٤).

بە گوێرەی باسکردنی محەممەد ئەمین خانی گوڵستانە، کرمانشاهان هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی قەراقۆیوونلووەکان تا کۆتایی سەفەوییەکان لە ناو تۆمارەکانی کارگێڕی و داراییدا بە ناوی قەڵەمڕەوی ئەلشکرد دەناسرا، کە ڕووبەرەکەی بریتی بوو لە: ناوچەکانی دەوروبەری کرمانشاهان، بروجێرد، نهاوەند، هەمەدان، سەربەند، سیلاخۆر، کەزاز و مەلایەر (گلستانە، ١٣٥٦: ٣٩٥؛ غفاری کاشانی، ١٣٦٩: ٦٣٠).

دوای دروستبوون و چکەرەکردنی فەرمانڕەوایی سەفەوییەکان، ویلایەتی کرماشان بوو بە ناوەندێکی کارگێڕیی گەورە کە بە ناوی بەگڵەربەگی کرماشان و کەڵهوڕ دەناسرا و لە هەمان کاتیشدا لە ویلایەتەکانی کوردستان و هەمەدان جیا دەکرایەوە. گرنگیی ویلایەتی

کرماشان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیادیدەکرد، چونکە سنووری ڕۆژئاوای ئەم ویلایەتە پان و بەرینە کە هەندێ جار دەگەیشتە نزیک ڕووباری فۆرات لە ڕووی ئێستراتیژیەتی جوگرافیاییەوە وەک شوورایەکی پۆلایینی سروشتی لە بەرامبەر هێرشەکانی دەوڵەتی عوسمانی چەقیبوو، بۆیە بە درێژایی دەسەڵاتی سەفەوییەکان (١٥٠١-١٧٢٢) و تەنانەت سەردەمانی دواتریش هەرگیز ئاستی ئەم گرنگایەتییە کەمی نەدەکردەوە (مروی، ١٣٧٤: ٨٨٨). پێدەچێ کەوا ئەم سەرچاوەیە لە وێناکردنی ڕووبەری ئەم ویلایەتە بەهەڵەداچوو بێت، چونکە سنووری ویلایەتی کرماشان هیچ کاتێ نەگەیشتۆتە ڕووباری فوڕات. ڕۆژهەڵاتناسی ناوداری ئەڵمانی "**کلاوس میشائیل ڕۆهێر بۆڕن**" Klaus-Michael Rohrborn لە کتێبە بە نرخەکەی "**نظام ایالت در دوره صفویه**" بەم شێوازە باس لە مەودای کرماشان دەکات و دەڵێت: ویلایەتی کرماشان و کەڵهوڕ کە هەرێمێکی پانوبەرین و دەوڵەمەندە دەکەوێتە نێوان ویلایەتی کوردستان و لوڕستان و هەمەدان. ئەم ویلایەتە لە سەردەمی شاتەهماسبی یەکەم لە لایەن کوردەکانی کەلهۆڕ بەڕێوەدەچوو و لە سەردەمی شاعەباسی گەورە بەدواوە خانەدانی زەنگەنە بەڕێوەبەری ئەم ویلایەتە بوون (برن، ١٣٤٩: ١٠-١١).

## ٣- میرنشینی لوڕستان و بەختیاری (ئەرگان):

هەرێمی لوڕستانی گەورە بە ئەرگان (نشینگەی بەختیارییەکان)یشەوە کە سەردەمانێک بەشێک بوو لە ویلایەتی پان و بەرینی جبال و ئێراقی عەجەم، لە سەرەتای بەدیارکەوتنی مەغۆلەکان لە سەدەی حەوتەمی کۆچی بە سەر دوو بەشی لوڕی گەورە و لوڕی بچووک دابەشبوو (بهاروند،١٣٧٠: ٨٥). لە ڕووی جوگرافیاییشەوە ئەم هەرێمە بەرفراوانە لە لای ڕۆژهەڵاتەوە دەکەوتە نێوان ویلایەتەکانی هەمەدان و ئەسفەهان لە باکوورەوە کرماشان و لە باشوورەوە خووزستان و لە ڕۆژئاواوە

هاوسنووری ئێراقی عەرەبی بوو (بیات، ١٣٨٣: ٢٦٠). ئەم هەرێمە بەرفراوانە لە ڕووی دابەشکاریی زمان و شێوەزاری قسەکردن بە سەر ناوچەیەکی گەورە و پان و بەرین دابەشدەبوو کە لە ڕۆژئاوای ئێرانەوە تا دەگاتە لێوارەکانی کەنداوی فارسی لە باشووری ڕۆژئاوا درێژدەبوویەوە، مەودایەکی بەرفراوان کە دەکەوتە نێوان ڕووباری دز لە باکوور و ناوچەکانی دەوروبەری بەندەری بووشهر لە باشوور (خوبی نژاد، ١٣٩٢: ١٢-١٣).

لە سەرەتای سەردەمی سەفەوی کاتێک شاسمایلی یەکەم لە ساڵی ١٥٠٨ بەغدای داگیرکرد، شا ڕۆستەمی کوڕی شاحوسێن کە تا ڕادەیەک بەسەر گشت هۆز و تیرە و تایفەکانی ویلایەتی لوڕستان فەرمانڕەوایی دەکرد، ئەم ویلایەتەی خستە سەر سنووری دەوڵەتی سەفەوی (خنجی، ١٣٨٢: ٤١٤) شەرەفخان گوتەنی، لە چاکەی ئەم کردەوەیەدا، شاسمایل بە سیڵەی چاوی چاکەی شاهانەوە شا ڕۆستەمی بەسەرکردەوە و کەوڵی شانازی و سەربەرزیی خستە سەر شانی (بدلیسی، ٢٠١٧: ١٠٨). بە گوێرەی باسکردنی روزبهانی خنجی لە کتێبی"**عالم آرای ئەمینی**"دا، شاسمایل دوای پێدانەوەی فەرمانڕەوایی ئەم ویلایەتە بە شارۆستەم، بەخششێکی زۆری کرد و لە شوێنی خۆی هێشتیەوە تاکو پارێزەری ئەم سنوورە بەرفراوانە بێت (خنجی، ١٣٨٢: ٤١٥). دیارە ڕووبەری ویلایەتی لوڕستان لەم سەردەمە لە باکووری ڕۆژهەڵات تا باشووری ڕۆژئاوا نزیکەی سەد قۆناغ بووە و لە برووجێردەوە تا سنووری ئێراقی عەرەبی و ویلایەتی بەغدا و لەوێشەوە تا دەگاتە کەنارەکانی کەنداوی فارسی درێژەی هەبووە. گوایە ئەم سنوورە تا کۆتایی سەردەمی سەفەویش هەر وەک سنووری فەرمی وڵات ماوەتەوە (برن، ١٣٤٩: ١٢٣). لە سەردەمی شاتەهماسبی یەکەم هەرێمی ئەرگان کە هەر لە سەردەمانێکی دوورەوە وەک نشتیمانی ڕەسەنی لوڕە بەختیارییەکان دەناسرا و دواتر بە کوهگیلویە ناوی دەرکرد لە ویلایەتی فارس جیاکرایەوە و وەک

ویلایەتێکی سەربەخۆ دەستنیشانکرا، کە ماوەیەک بە مەبەستی دەستەمۆکردنی خێڵە بەختیارییەکان لە لایەن خێڵی ئەفشاری قزڵباشەوە بەڕێوەدەچوو (زکی پور، ١٣٨٩: ٨). لەم ماوەیەدا کە ویلایەتی ئەرگان بە هۆی گرنگایی ئێستراتێژیەتی ناوچەیی لە ڕووی ئابووری و بازرگانی بووژانەوەیەکی باشی بەخۆیەوە بینی بوو لە دابەشکاری کارگێڕی دەوڵەتدا بە هەشتەمین بەگلەربەگێتی فەرمانڕەوایی بەهێزی سەفەوییەکان ئەژماردەکرا، کە ناوچەکانی دزفوول، دورق و شووشتەری خوزستا نیشی دەگرتەوە (خوبی نژاد، ١٣٩٢: ٥١).

**٤- میرنشینی موکریان:**

ئەگەرچی لە نێوان مێژوونووسە دیارەکان سەبارەت بە ڕووبەری فەرمانڕەوایی و ڕەچەڵەکی میرانی ئەم هەرێمە بیروڕای جیاواز هەیە، بەڵام هەرچۆنی بێ بە باوەڕی میر شەرفخانی بدلیسی میرانی موکری بە ڕەسەن دەچنەوە سەر خێڵی موکریی دانیشتووی ناوچەی شارەزوور (بدلیسی، ٢٠١٧: ٤٥٩) دیارە ناوی موکریان بۆ یەکەمین جار لە سەدەی هەشتەمی کۆچی و چواردەهەمی زایینیەوە هاتۆتە ناو لاپەڕەکانی کتێبە مێژوویی و جوگرافیاییەکان. ئەم میرنشینە لەو کاتە بەدواوە بریتی بووە لە هەرێمێکی بەرفراوان کە کەوتۆتە باشووری دەریاچەی ورمێ کە لەم ناوچانە پێکدەهات: مەراغە، سەڵماس، شنۆ، لاجان، نەغەدە، ورمێ، سائین قەلا، سابڵاغ، بۆکان، نێوان دووئاو، خانێ، سەردەشت، سەقز، بانە (ڕۆژبەیانی، ١٩٩٢: ٨) ویلایەتی موکریان کە هەر لە دێرزەمانەوە ناوەندی ژیانی کوردانی موکری بووە هەرێمێکی سەخت و شاخاوییە کە زنجیرە چیاکانی موکرێ، بەردسیر، کورتەک و موسومەند وەک شوورایەکی پۆلایین ناوچەکانی لە باوەش گرتووە (بیات،١٣٨٣: ٢٣٢). لە گرنگترین ڕووبارەکانی ئەم هەرێمە زێڕین و زابی بچووکە کە دوای تێرئاوکردنی دۆڵ و دەشتەکان زێڕین بەرەو دەریاچەی ورمێ و زابیش دەڕێژێتە

ڕووباری دیجلە (خضری، ۱۳۷۹: ٤٣-١٢٠). ناوەندی ئەم میرنشینە شاری سابڵاغ (مەهاباد)ە کە هەر لە دێرزەمانەوە ناوەندی دەسەڵاتی ئەم هەرێمە بووە (قنبری، ۱۳۹۲: ۲۰).

**٥- کوردەکانی برادۆست، مەحمودی و دونبولی:**

مەودای دەسەڵاتی میرنشنی برادۆست لە سەردەمی سەفەویدا ناوچەکانی ورمێ، تەرگەوەڕ، مێرگەوەڕ، ماکۆ، سەلماس و هەندێ جاریش خۆیە بووە. هەرێمی ئەم میرنشینە ناوچەیەکی شاخاوی بووە و ناوەندی دەسەڵاتیشیان لەم سەردەمە زیاتر قەڵای دمدم بووە کە لە سەردەمی خانی لەپ زێڕیندا گەیشتە لووتکەی بەهێزی و بەرفراوانی (قنبری، ۱۳۹۲: ۲۱). کوردەکانی مەحمودیش کە ژینگەی سەرەکییان پێشتر لە هەرێمەکانی شام و جزیرە بووە و لە سەردەمی قەراقۆیوونلووەکان ڕوو لە ئازربایجانی ئێران دەکەن لە ناوچەکانی خۆیێ، سەڵماس، ماکۆ و ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێرانی سەفەوی و عوسمانیدا جێگیردەبن. چەندی کوردە دونبولییەکان بوون کە پێشتر لە هەرێمەکانی شام و جزیرە بەرەو ئازربایجانی ئێران کۆچیان کردبوو، زیاتر لە ناوچەکانی خۆیێ، مەرەند، سەڵماس و دەوروبەری تەورێز نیشتەجێبوون و ناوەندی دەسەڵاتیشیان شاری خۆیێ بووە (میرجعفری، ۱۳۸۹: ۱۱۱).

**٦- کوردەکانی گەرووس:**

هەرێمی گەرووس کە ناوچەیەکی نیمچە شاخاوییە و لە لایەک دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ویلایەتی کوردستان (ئەردەڵان) و لە باشووریشەوە دەگاتە ویلایەتی هەمەدان لە سێ شاری بیجار، سووکەند و بابارەشانی و ۲٥٥ گوندی ئاوەدان پێکدێت (مریوانی، ۱۳۹۱: ۲۰). ئەم هەرێمە لە سەردەمی دەوڵەتی سەفەویدا بەشێک بووە لە بەگلەربەگی ئەلشگرد کە لە لایەن خێڵە کوردەکانی گەرووس، سیا مەنسووری و

کەبوودڤەند بەڕێوەدەچوو (سمیعا، ١٣٦٨: ٨٤) هاوکات سەرکردە دیارەکانی ئەم خێڵانە ڕۆڵێکی باڵایەن لە بەڕێوەبردنی ئەرکە سەربازییەکان لە سەردەمی دەسەڵاتی شاتەهماسبی یەکەم و شاعەباسی گەورە و شاسلێماندا بینیوە (بلاغی، ١٣٦٩:ج٥، ١٨٢) وا پێدەچێ کە خێڵەکانی گەرووس، سیامەنسووری و کەبوودڤەند کە لە خێڵە گرنگەکانی باکووری ویلایەتی کوردستانن هەر لە دێرزەمانەوە لە هەرێمی گەرووس و بێجار نیشتەجێبوونە و بە پێی ئاماژەکردنی ئەمیر نیزامی گەرووسی و وەقایع نیگاری کوردستانی خانەدانی گەرووس هەر لە سەردەمی تەیمووررییەکانەوە دەسەڵاتی ئەم هەرێمەیان بە دەستەوە بووە (گرووسی، ١٣٨٤: ٤-٥؛ وقایع نگارکردستانی ١٣٨١: ١٧٩).

**٧- کوردەکانی چگینی:**

ئەگەرچی لە نێو مێژوونووسە دیارەکانی کورد و غەیرە کورد لە بارەی کورد بوونی خێڵی چگینی مشت و مڕێکی زۆر هەیە، بەڵام کەسانی وەک میر شەرەفخانی بدلیسی، بابا مەردۆخی ڕۆحانی، محەممەد ئەمین زەکی بەگ، سەفیزادە و تەنانەت مەسعودی کەیهانی جوگرافیزانی ناوداری ئێرانی، بێی هیچ جۆرێ دوودڵییەک چگینییەکان بە کوردی ڕەسەن و ئازا و دەست و دڵ ئاوا دەزانن (بدلیسی، ٢٠١٧: ج١، ٥٠٧؛ کیهان، ١٣١١: ١١٢). لە لایەکی دیکە کۆمەڵێ نووسەری ترهەن کە چگینییەکان بە لەک و لوڕ لە قەلەم دەدەن(ساکی، ١٣٤٣: ٤٧؛ بهاروند، ١٣٨٥: ٥٥؛ کاظمی، ١٣٧٦: ٣٧؛ بهتویی، ١٣٧٧: ١٣٠) ژمارەیەکی کەمیش پێیانوایە کە چگینییەکان بە ڕەچەڵەک تورکن و لە هەرێمی ئازربایجانەوە هاتوونەتە ناوچەکانی کوردستان و لوڕستان نیشتەجێبوونە (حیدری، ١٣٨٤؛ ٢٦١؛ آزادی چگینی، ١٣٨٧: ٢١٩).

هەرچۆنی بێ بە پێی سەرجەم پێوەرە مێژووییەکان چگنییەکان لە کوردە ڕەسەن و دێرینەکانی کوردستانی ئێرانن کە لە سەردەمە

جیاوازەکان هەڵبەز و دابەزێکی زۆریان لە مێژووی ئێراندا هەبووە، بۆیە لە مەودایەکی جوگرافیایی بەرفراوان و پەرش و بڵاوی ئەم وڵاتە پەرتەوازە بوونە (مردوخ کردستانی، ۱۳۷۹: ۹۸؛ صفی نژاد، ۱۳۸۱: ٤۹٦-٤۹۷؛ آزادی چگینی، ۱۳۸۷: ۳۸۹-۳۹۰؛ بهتویی، ۱۳۷۷: ۸۲؛ گلریز، ۱۳۸۲: ۸۹۵-۸۹٦) گرنگترین ئەو شوێنانەی کە خێڵی چگینی بە درێژایی سەردەمی سەفەوی تێیدا نیشتەجێ بووە لە لایەن سەرچاوە مێژووییەکان ئاوا ئاماژەیان پێدراوە: خۆراسان، قووچان، نشابوور، چکنەی خواروو، چکنەی سەروو (توحدی، ۱۳٦٤: ٦۳- ۲/۱۰۷؛ بهاروند،۱۳۸۵: ۱۷۹؛ افشار سیستانی، ۱۳٦٦: ۱/۲۰۸)، قەزوێن، تارمی خواروو، کووهین، تاکستان، سوڵتان ئاوا، شاهروود، سوڵتانییە، ئەبهەر (میرنیا، ۱۳٦۹: ۱۱٦-۱۱۷)، مەنجیل، جوێبار، لاکۆژدێ، گەیلان، سیاهکەڵ، لووشان، ڕوودبار، تیکان (میرچگینی،۱۳۹۲: ۱۱٦-۱۲۷) سەواد کووە، مازەندەران، کەجوور، گورگان، هێستر ئاوا، هەرزەوێل (فیلد، ۱۳٤۳: ۲۰٤؛ ؛ ڕابینو، ۱۳٦٥: ۱۲٤) مەلایەر، ساوجبلاغ، نەزەر ئاوا، کەممازان، جۆزان، حەمزە لوو(چریکف، ۱۳٥۸: ٤٥؛ لایارد، ۱۳۷۱: ۳۲) بهار، نەهاوەند، کرماشان، سەمیرۆمی ئەسفەهان، کەڵهۆڕ، سەنجاوی، لوڕستان، تەرحان، کەشکان، بروجێرد، خورەم ئاوا(ساکی، ۱۳٤۳: ۱۳٥؛ ورجاوند، ۱۳۷۷: ۳/۲۰۳٤) فارس، فەسا، تاڵقان، قادرئاوا، خێرئاوا، بوانات، مەهکەستان (رزم آرا، ۱۳۲۰: ۱٥۱؛ ؛ کیهان، ۱۳۱۱: ٦٤؛).

## ۸- کوردانی خۆراسان:

هەرێمی خۆراسان ناوچەیەکی گەورە و پان و بەرینی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران دەگرێتەوە کە گەروەترین ویلایەتی ئەم وڵاتەیە، ئەم هەرێمە لەلای ڕۆژهەڵات بە درێژایی سنووری ئەفغانستان دادەکشێت تا سنووری پاکستان لە باشوور درێژ دەبێتەوە. لە لای باکوورەوە دەگاتە تورکمانستان لە باشوور و ڕۆژئاواش، بیابانی گەورە و قاتوقڕی (لووت)

له هەرێمەکانی دیکەی ناوەڕاستی ئێرانی دادەبڕێت (طاهری، ١٣٤٨: ١٠). لەم هەرێمە پان و بەرینەدا زۆربەی ئەو گرووپە ئەتنیکیانە هەن، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دانیشتوانی ئێران پێکدێنن وەک کورد، بەلووچ، لوڕ، تورک، تورکمان، ئەفغان، تات، بەربەر، عەرەب... کە دیارە زۆربەی ئەمانەش لە ئەنجامی کۆچکردنەوە لە زێدی مێژوویی خۆیان لێرە جێگیربوون (متولی حقیقی، ١٣٧٨: ٢٢٤) حاڵی حازر خۆراسان هەرێمێکە لە سێ ناوچە یان دەڤەری لێکجودا پێکهاتووە کە ئەمانەن: خۆراسانی باکوور، خۆراسانی باشوور و خۆراسانی ڕەزەوی کە دەکەوێتە نێوانیانەوە. تێبینیی ئەوە دەکرێت کەوا کوردەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە دوو بەشەکەی باکووری خۆراسانی گەورەدا دەژین. لە ڕاستیدا کوردە دوورخراوەکان بە شێوازی زۆرەملی و لە ژێر ناوی پارێزەری شەرەف و کەرامەت و بە مەبەستی پاسەوانیکردن لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران لە سەردەمی سەفەوییەکاندا بۆ هەمیشە لە زێد و واری باپیران و کلتووری هەزاران ساڵەی خۆیان دابڕان و لە خۆراسان نیشتەجێکران. دیارە سەرجەم کوردانی خۆراسان شیعە مەزهەبن و بە گشتی ٦٩٦ گوندی ئەم هەرێمە پان و بەرینە زۆرینە کوردن و لە هەرێمی خۆراسانی گەورەدا تۆمارکراون و بە پێی دوا سەرژمێرییەکان تێکڕای کوردەکانی خۆراسان بە نزیکەی دوو ملیۆن کەس هەژماردەکرێن. کوردانی ئەم دەڤەرە، لە ٢٢ هۆزی گەورە و ١٢٢ بنەماڵەی بچووکتر پێکهاتوون و لە جاتی کوردستان بە خاک و وڵاتی خۆیان دەڵێن **"کوردخانە"**. ڕووبەری گشتیی خاکی کوردانی خۆراسان، یان کوردخانە، بریتییە لە ٦٤/١٤٤ شەست و چوار هەزار و سەد و چل و چوار کیلۆمەتری چوارگۆشە (متولی حقیقی، ١٣٧٨: ٢٢٨).

**٩- کوردانی گەیلان و مازەندەران:**

هەرێمەکانی گەیلان و مازەندەران ناوچەیەکی شاخاویی گەورە و لێڕەواری بەرفراوان لە باکووری ئێران پێکدێنن کە نزیکەی ٣٧ هەزار کیلومەتری چوارگۆشە دەبێ. سنووری ئەم دوو هەرێمە پڕپیت و بەرەکەتە کە ژمارەیەک نەتەوە، ڕەگەز، ئاین و ئاینزای ڕەنگاوڕەنگی لەباوەش گرتووە لە باکوورەوە دەگاتە دەریای مازەندەران و لە لای ڕۆژهەڵاتەوە دەگاتە هەرێمی خۆراسان و لە ڕۆژئاوادا دەگاتە هەرێمی ئازربایجان و لە باشووریشەوە دەگاتە قەزوێن و ناوچەکانی دەوروبەری تاران (رزم آرا، ١٣٢٠: ٩).

بە پێی ئاماژەکردنی سەرچاوە مێژووییەکان کۆچی کوردەکان و نیشتەجێبوونیان لە هەرێمەکانی گەیلان و مازەندەران بۆ سەرەتای دەوڵەتی سەفەوی دەگەڕێتەوە، کاتێ دەسەڵاتدارانی سەفەوی بە مەبەستی زاڵبوون بە سەرکێشە ناوخۆییەکانی وڵات و سەرکوتکردنی شۆڕش و هەڵگەرانە ناوچەییەکان لەم هەرێمە سەخت و لێڕاویانەدا پەنایان بۆ هێزی یەکلاکەرەوەی کوردەکان بردووە و بە هێنان و هاندانی جەنگاوەرە کوردەکان، ناوچە شاخاوی و قەڵاسەختەکانی نەیارەکانیان خستۆوەتە ژێر چەپۆکی دەسەڵاتی خۆیان. وا پێدەچێ کە یەکەم جار لە سەردەمی شاسمایل و کەمێک دواتر بە فەرمانی شا تەهماسبی یەکەم کاتێ لەشکری قزڵباش لە بەزاندنی دەسەڵاتی خانەدانی ساداتی کیایی لە ڕۆژهەڵاتی گەیلان سەرکەوتوو نەبوون، هۆزە گەورەکانی ڕەشوەند، کاکاوەند و سیامەنسووری بە مەبەستی گەمارۆدانی قەلاکانی خانەدانی کیایی و نەیارانی تری سەفەوییەکان لە ناوچە جیاجیاکانی گەیلان و مازەندەران و دواتریش هۆزی ڕۆژەکی لە ناوچەی تۆنێکابۆن دامەزرێنران (امینی هروی، ١٣٨٣: ٢٦١-٢٦٢).

دواتر لە سەردەمی شا عەبباسی گەورە و بەر لە کۆچی بەرفراوانی کوردەکان لە ئازربایجان و کوردستانەوە بۆ خۆراسان، دیسان بە هەمان مەبەست کۆمەڵێ هۆزی تری کوردی لەوانە خواجەوەند، دۆلڤان، عمارلوو و قەرامانلووەکان لە ناوچەکانی مەنجیل، جوببار، لاکۆژدی و ڕوودباری زەیتوون و تارم و لێوارەکانی سپی ڕوود و ڕووباری قزل ئۆزەنی هەرێمەکانی گەیلان و ناوچەکانی سیاهکەڵ، لووشان، ڕوودبار، تیکان، سەوادکووە، مازەندەران، کەجوور، گورگان، هێستر ئاوا، هەرزەوێل و کەلاردەشت، کوردکووی، کەلارەستاق و نوور لە مازەندەران نیشتەجێکران (امینی هروی، ١٣٨٣: ٤٨٥؛ بهتویی، ١٣٧٧: ٨٢؛ مروی، ١٣٦٤: ٢٥٦). دیارە ئەم هۆزە جەنگاوەرانە دواتر لە هێرشی سەرمۆڵگەکانی نەیارانی خانەدانی سەفەوی لە هەرێمی گەیلان و مازەندەران بە سەرکردایەتی میر شەرفخانی بدلیسی ڕۆڵی کاریگەریان بینیوە لە دامرکاندنەوەی شەڕ و یاخیبوونی نەیاران، بۆیە دوای کوتاییهاتنی شەڕ و پێکدادانەکان (گلریز، ١٣٨٢: ٨٩٥-٨٩٦؛ بهاروند،١٣٨٥: ١٧٩؛ توحدی، ١٣٦٤: ٦٣-٢/١٠٧) سەرکردەکانی هۆزە بەشداربووەکان لە لایەن شا عەبباسەوە بە پۆست و پلەی جۆراوجۆر بە چاکی خەڵاتکران و هاوکات ژمارەیەک زەوی و زار و گوند و ناوچەی دەوڵەمەند و بەرفراوانیش بە سەر سەرۆکهۆزەکاندا دابەشکراوە و بۆیان تاپۆدەکرێت (ورجاوند، ١٣٧٧: ٣/٢٠٣٤؛ میرنیا، ١٣٦٩: ١١٦-١١٧) بۆیە کوردەکان هەر لەو سەردەمە بەدواوە لەم هەرێمانە نیشتەجێبوونە و ژمارەیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە فراوانی بووە (افشار سیستانی، ١٣٦٦: ١/٢٠٨؛ فیلد، ١٣٤٣: ٢٠٤؛ ڕابینو، ١٣٦٥: ١٥١). دیارە بە ڕووخانی دەوڵەتی سەفەویش کاریگەریی ئەم سیاسەتە لە کار نەکەوت، چونکە دواتر نادرشای ئەفشار و تەنانەت کەریم خانی زەند و ئاغا محەممەد خانی قاجاریش جاربەجار بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی نەیارانی دەسەڵاتەکانیان فەرمانیان کردووە بە کۆچپێکردن و نیشتەجێکردنی هۆزە جەنگاوەرە کوردەکان لەم دوو هەرێمە گرنگ و پان و بەرینەدا، بۆیە جوگرافیای کوردانی گەیلان و

مازەندەرانیش وەک ناوچەکانی تر بە بەردەوامی سنوورێکی پەرش و بڵاو و ناسەقامگیری هەبووە.

**ئەنجام:**

- بە گوێرەی زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان وڵاتی کوردان واتە کوردستان، وڵاتێکی بە ڕواڵەت یەکپارچە و سەربەخۆ، بەڵام خاوەن سنوورێکی سیاسیی دیاریکراو نەبووە و نییە و لەم شوێنە دیاریکراوەدا، بە درێژایی هەزاران ساڵ لەمەوبەر خەڵکانێکی بە گشتی یەکڕەنگ بەڵام بە بنچینە و بناوانێکی ڕەچەڵەکی یەکپارچە بە ناو "**کورد**" ژیاون کە ناکرێ بە ئاسانی نکۆڵی لە بوونی ئەم گەلە کۆن و خاوەن کلتوورە دێرینە بکەین و بە هەڵە لە سەر گەلانی تری ناوچەکە هەژماربکرێت.

- هەتا بەر لە بڵاوبوونەوەی چەمکی "**کوردستان**" کە سەلمێنەری دەستەواژەیەکی ئیداری و جوگرافیایی بۆ وڵاتی کوردان و ناوچە کوردنشینەکان بوو، دەستەواژەی وەک: جبال، کوهستان، ئێراقی عەجەم و ... لە ناو تۆمارەکانی فەرمی دامودەزگا حکومییەکانی بەڕێوەبەری وڵاتی ئێران بەکارهاتووە.

- دوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی (١٥٠١-١٧٢٢) لە سەرەتای سەدەی شازدەهەم و لەدایکبوونی بەرەیەکی بەهێزی شیعەمەزهەب دژ بە عوسمانییە سوننە مەزهەبەکان، زۆری پێنەچوو ناوچە گرنگ و ئێستراتیژییەکانی کوردستان کەوتنە بەرهێرش و پەلاماری بەردەوامی هەڵمەتە سەربازییەکانی ئەم دوو زلهێزە ناوچەییە، بۆیە سنوورەکانی ناوچە کوردنشینەکان زووزوو لە لایەن لەشکرە هێرشبەرەکان دەبەزێندران و گەلانی تری غەیرە کورد لە نیشتیمانی کوردان نیشتەجێدەکران.

- بەکارهێنانی چەمکی کوردستان لە لایەن کاربەدەستانی حکوومی و نووسەرانی مێژوو لە ناو بازنەی ئەدەبیاتی کارگێڕی، سیاسی، مێژوویی و جوگرافیدا، سەرجەم ناوچە کوردنشینە بەرفراوانەکانی ئەوکات و ئێستاشی لەگەڵدا بێ نەیدەگرتەوە، بۆیە دەستنیشانکردنی سنووری جوگرافیای کوردە پەرتەوازەکان کارێکی ئەستمە.

- لە کاتی بەکارهێنانی چەمکی کوردستان تاکو ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لە ناوچە ڕەسەناکەنی کوردنیشین هەن کە لە دەروەی ئەم بازنەیە دان و لە بەر مەرامی سیاسی یاخود دژایەتیکردنی حکومەتە داگیرکارانی کوردستان بە بەشێک لە پانتایی بەرفراوانی ئەم وڵاتە هەژمارنەکراوە.

- ئاشکرایە کەوا بە هۆی بەرز و نزمیی دەسەڵاتی ناوەندی و ناسەقامگیریی فەرمانڕەوایی میرنشێنە کوردییەکان دەستنیشانکردنی سنووری جوگرافیای ناوچە کوردنشینەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی سەفەوییەکان کارێکی هەتا بڵێی ئەستەم و دژوارە.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**نامەی ماستەری بڵاونەکراوە:**

- خوبی نژاد، بویراحمد (١٣٩٢ه.ش) نقش قوم لر در تحولات سیاسی ایران از آغاز صفویه تا سقوط زندیه، پایان نامه کارشناسی ارشد رشته تاریخ، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه شهید چمران اهواز.

- قنبری، آرش(١٣٩ ه.ش)نقش سیاسی ایلات و حکام کرد در دوران شاه عباس اول، پایان نامه کارشناسی ارشد گروه تاریخ، دانشکدەی ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه خوارزمی.

- زکی پور، نعمت الله(١٣٨٩ه.ش) بررسی تحولات سیاسی، اجتماعی و اقتصادی کهگیلویەاز آغاز صفویه تا پایان زندیه (٩٠٧-١٢٠٩ه.ق) پایان نامەی کارشناسی ارشد، رشته تاریخ، گرایش اسلامی، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، گروه تاریخ، دانشگاه اصفهان.

- مریوانی، محمد (١٣٩١ه.ش)بررسی خاندان حکومتگر گروسی در بیجار از دوران صفویه تا پایان قاجار، پایان نامەی کارشناسی ارشد رشته تاریخ، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه ارومیه.

- میرچگینی، فاطمه ماله میر (١٣٩٢ه.ش) وضعیت چگینی ها در عصر صفوی، پایان نامه کارشناسی ارشد رشتەی تاریخ ایران اسلامی، دانشکدەی ادبیات و علوم انسانی، گروه تاریخ، دانشگاه بین المللی امام خمینی.

- محمود، نعمت علی(٢٠١٥ز) میرنشینی ئەردەڵان و دەوڵەتی قاجاری، توێژینەوەیەکە لە پەیوەندییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان (١٧٩٤-١٨٦٧)، پێشکەشی ئەنجومەنی ئادابی زانکۆی سۆران کراوە.

- نوری، فریدون (١٣٨٩ه.ش) بررسی تحلیلی شکل گیری حکومت صفویه و تاثیر آن بر تحولات کردستان از آغاز حکومت صفوی تا پایان عصر شاه عباس اول (٩٠٧-١٠٣٨ه.ق)، پایان نامه کارشناسی ارشد رشتەی تاریخ ایران اسلامی، دانشگاه اصفهان، دانشکدەی ادبیات و علوم انسانی، گروه تاریخ.

- هادیان، کوروش (١٣٨٨ه.ش)، جغرافیای تاریخی کردستان با تأکید بر حکومت محلی اردلان (صفویه تا قاجار)، پایان نامه کارشناسی ارشد رشتەی تاریخ ایران اسلامی، دانشگاه اصفهان، دانشکدەی ادبیات و علوم انسانی، گروه تاریخ.

**سەرچاوە جوگرافییەکان بە زمانی عەرەبی:**

- الادریسی، محمد بن محمد (١٩٩٥م) نزهه المشتاق فی اختراق الافاق، بیروت، عالم الکتب.

- الاصطخری، ابراهیم بن محمد (٢٠٠٤م) المسالک و الممالک، بیروت، دار صادر.

- ابن حوقل، ابولقاسم محمد بن علی (١٩٨٣م) صوره الارض، بیروت، دار صادر.

- ابن خلکان، احمد بن محمد بن ابی بکر(١٩٩٠م)وفیات الاعیان و انباء اهل الزمان، بیروت، دار صادر.

- ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد (١٩٨٨م) تاريخ ابن خلدون، تحقيق خليل شحاده، بيروت، دار الفكر.
- ابن عبرى، غريغوريوس الملطى (١٩٩٢م) تاريخ المختصر الدول، تحقيق انطوان صالحانى اليسوعى، بيروت، دار الشرق.
- ابن خردادبه، عبيدالله ابن عبدالله(١٩٩٢م)المسالك والممالک، بيروت، دار صادر، افست ليدن.
- ابن الفقيه، ابو عبدالله احمد بن محمد الهمذانى (١٤١٦ه.ق)البلدان، تحقيق يوسف الهادى، بيروت، عالم الكتاب.
- اسكندرى، نصر بن عبدالرحمان (١٤٢٥ ه.ق) الامكنه و المياه و الجبال و الآثار، رياض، مركز الملك للبحوث و الدراسات الاسلاميه.
- اسكندر، سعد بشير(٢٠٠٨ز)قيام النظام الاماراتى فى كردستان و سقوطه، بنكەى ژين السليمانيه.
- بردى، يوسف ابن تغرى (١٣٩٢ه.ق) النجوم الزاهره فى ملوک مصر و القاهره، القاهره، وزاره الثقافه و الارشاد القومى، الموسسه المصريه العامه.
- بولاديان، ارشاک(٢٠١٣م)، الاكراد فى حقبه الخلافه العباسيه، ترجمه الكساندر كشيشيان، دار الفارابى، بيروت.
- توفيق، زرار صديق(٢٠٠١ز)كردستان فى القرن الثامن الهجرى، دراسه فى تاريخها السياسى و الاقتصادى، اربيل، موسسه مكريانى للطباعه و النشر.

- جیهانی، ابولقاسم بن احمد (۱۳٦۸ه.ش) اشکال العالم، ترجمه علی بن عبدالسلام، تهران، آستان قدس.

- حسین، سعدی عثمان(۲۰۰٦ز) کوردستان الجنوبیه فی القرنین السابع عشر و الثامن عشر، اربیل، من منشورات مکتبه سوران.

- الحموی، شهاب الدین ابو عبدالله یاقوت (۱۹۹٥م) معجم البلدان، ط. ۲، بیروت، دار صادر.

- الحمیری، محمد بن عبدالمنعم (۱۹۸٤م) الروض المعطار فی خبر الاقطار، تحقیق احسان عباس، بیروت، مکتبه لبنان ناشرون.

- شیرازی، شرف الدین عبدالله بن فضل الله(۱۳٦۲ه.ش) تجزیهالمصارو تجزیه الاعصار فی تحریر تاریخ الوصاف، بقلم عبدالحمید آیتی، تهران، نشر بنیاد فرهنگ.

- اصفهانی، حمزه بن الحسن (۱۹٦۱م) تاریخ سنی ملوک الارض و الانبیاء، بیروت، دار مکتبه الحیاه.

- العمری، شهاب الدین احمد بن یحیی ابن فضل الله (۲۰۰۳م) مسالک الابصار فی ممالک الامصار، ابوظبی، المجمع الثقافی.

- عبدالحکیم، زنار عبدالسلام(۲۰۰۷م) ابن العبری مصدرا لدراسه تاریخ الکورد، دهوک، دار سپیریز.

- لشکری، حیدر(۲۰۰٤ز) الکرد فی المعرفه التاریخیه الاسلامیه، دراسه تحلیلیه-نقدیه، دهوک، موسسه سپیرێز.

- المسعودی، ابوالحسن علی بن حسین بن علی (۱۹۸۱م)التنبیه الاشراف، تحقیق عبدالله اسماعیل الصاوی، قاهره، دار الصاوی.

- المقریزی، احمد بن علی (١٤١٨ه.ق) المواعظ والاعتبار بذكر الخطط و الآثار، بیروت، دار المكتبه العلمیه.
- النویری، شهاب الدین احمد بن عبدالوهاب (١٤٢٣ه.ق) نهایه الارب فی فنون الادب، القاهره، دار الكتب والوثائق القومیه.
- الهمدانی، ابوبكربن محمد بن موسی الحازمی (١٩٩٤م) الاماكن او مااتفق لفظه و افترق مسماه من الامكنه، تحقیق حمد محمد الجاسر، قاهره، دار الیمامه البحث و الترجمه و النشر.
- الیعقوبی، ابن واضح (بی تا) البلدان، تهران، بنگاه نشر و ترجمه كتاب.

**گەشتنامەکان:**

- چریكف، م (١٣٥٨ه.ش) سیاحتنامه مسیو چریكوف، ترجمه آبكار مسیحی، تهران، شركت سهامی كتابهای جیبی.
- چلبی، اولیا (١٣٦٤ه.ش) كورد در تاریخ همسایگان (سیاحتنامه اولیا چلبی) ترجمه فاروق كیخسروی، ارومیه، نشرصلاح الدین.
- رابینو، یاسنت لویی (١٣٦٥ه.ش) سفرنامه مازندران و استرآباد، ترجمه غلامعلی وحید مازندرانی ، چ سوم، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی.
- دلاواله، پییترو (١٣٨٤ه.ش) سفرنامه، ترجمەی شجاع الدین شفا، تهران، بنگاه نشر كتاب.
- سانسون، مارتین (١٣٤٦ه.ش) سفرنامه، ترجمه و تصحیح محمد عباسی، تهران، ابن سینا.

- کمپفر،انگلبرت(۱۳٦۰ه.ش)سفرنامه کمپفر، ترجمه کیکاووس جهانداری، تهران، خوارزمی.

- لایارد، سرواستن هنری و دیگران(۱۳۷۱ه.ش)سیری در قلمرو بختیاری و عشایر بومی خوزستان، ترجمه مهراب امیری، تهران، فرهنگسرا.

- مارکوپولو (۱۹۷۱م) سفرنامه، ترجمه حبیب الله صحیحی، تهران، نشر ارغوان.

**سەرچاوە ڕەسەنە مێژووییەکانی سەردەمی سەفەوی بە زمانی فارسی:**

- جرفادقانی، ابولشرف ناصح (۱۳۷٤ه.ش) تاریخ یمینی، تصحیح جعفر شعار، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی.

- خنجی، روزبهان (۱۳۸۲ه.ش) تاریخ عالم آرای امینی، تصحیح محمد اکبرعشیق، تهران، نشر میراث مکتوب.

- خواندمیر، غیاث الدین (۱۳۸۰ه.ش) تاریخ حبیب السیر فی اخبار افراد البشر، به کوشش جلال الدین همایی، تهران، نشر خیام.

- شبانکارەای، محمد بن علی بن محمد(۱۳۸۱ه.ش)مجمع الانساب، تحقیق میر هاشم محدث، تهران، امیر کبیر.

- عبدی بیک شیرازی، زین العابدین علی (۱۳٦۹ه.ش) تکمله الاخبار، تصحیح عبدالحسین نوایی، تهران، نشر نی.

- غفاری کاشانی، ابولحسن(۱۳٦۹ه.ش) گلشن مراد، به اهتمام غلامرضا طباطبایی مجد، تهران، نشر زرین.

- قاشانی، عبدالله بن محمد(١٣٨٤ه.ش) تاريخ اولجايتو، تحقيق مهين همبلی، تهران، نشرعلمی فرهنگی.
- قمی، حسن بن محمدبن حسن(١٣٨٥ه.ش)تاريخ قم، ترجمه حسن بن علی بن عبدالملک قمی، تحقيق محمد رضا انصاری، قم؛ کتابخانەی آيت الله مرعشی نجفی.
- گلستانه، محمد امين(١٣٥٦ه.ش) مجمل التواريخ، ذيل زين العابدين کوهمره، به اهتمام مدرس رضوی، تهران، نشر دانشگاه تهران.
- مازندرانی و حکم آبادی، عبدالله ابن محمد و علی اکبر(١٣٩٧ه.ش) رساله فلکييه در علم سياقت، بتصحيح والتر هينتس، تهران ، نشر مديد.
- مروی، محمد کاظم (١٣٧٤ه.ش) تاريخ عالم آرای نادری، تصحيح محمد امين رياحی، تهران، نشر علمی.
- مستوفی، حمدالله (١٣٦٢ه.ش) نزهەالقلوب، به کوشش لسترنج، تهران نشردنيای کتاب.
- مصنف، خسرو بن محمد بن منوچهر (٢٥٣٦ش) لب التواريخ، تهران، کانون خانوادگی اردلان.
- ميرخواند، محمد بن خاوندشاه بن محمود (١٣٨٠ه.ش) روضەالصفا فی سيره الانبيا و المولک و الخلفا، تصحيح و تشحيه جمشيد کيان فر، تهران، نشر اساطير.
- ناشناس (١٣٦٤ه.ش) جهانگشای خاقان، با مقدمه دکتر مضطر، اسلام آباد، مرکز تحقيقات فارسی ايران و پاکستان.

– ناشناس (١٣٥٠ه.ش)عالم آرای صفوی، به کوشش یدالله شکری، تهران، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران.

– هروی، سیف الدین یعقوب(١٣٥٢ه.ش) تاریخ نامه هرات، به تصحیح محمد زبیر الصدیقی، بسعی و اهتمام خان بهادر خلیفه محمد اسدالله، کلکته، کتاب فروشی خیام.

– همدانی، رشیدالدین فضل الله(١٣٧٤ه.ش) جامع التواریخ، به کوشش بهمن کریمی، تهران، چاپخانه اقبال.

**توێژینەوە مێژووییەکان بە زمانی فارسی:**

– آزادی چگینی، بهمن(١٣٨٧ه.ش) تاریخ معاصر چگینی، خرم آباد، سیفا.

– اردلان، شیرین (١٣٨٧ه.ش) خاندان کرد اردلان در تلاقی امپراتوری های ایران و عثمانی، ت: مرتضی اردلان، تهران، نشر تاریخ ایران.

– افشار سیستانی، ایرج (١٣٦٦ه.ش)مقدمه‌ای بر شناخت ایل های چادرنشین و طوایف عشایری ایران، ج ١و٢، تهران، نشر مولف.

– اشپولر، برتولد (١٣٧٣ه.ش)، تاریخ ایران در قرون نخستین اسلامی، ترجمه جواد فلاطوری و مریم میر احمدی، ج ١، نشر علمی فرهنگی، تهران.

– بارتولد، واسیلی ولادیمیروویچ(١٣٨٦ه.ش) تذکره‌ی جغرافیای تاریخی ایران، ترجمه حمزه سر دادور، تهران، توس.

– بهاروند، سکندر امان الهی (١٣٨٤ه.ش) کوچ نشینی در ایران، پژوهشی در باره عشایر و ایلات، تهران آگاه.

- بهاروند، امان الله(١٣٧٠ه.ش) قوم لر، تهران، نشر آگاه.
- بلاغی، سید عبدالله(١٣٦٩ه.ش)انساب خاندان های نائین (شطرنج العرفا)جلد پنجم.
- بهتویی، حیدر(١٣٧٧ه.ش)کرد و پراکندەگی او در گسترەی ایران زمین، تهران، ناشر مولف.
- بیات، عزیزالله (١٣٨٣ه.ش) کلیات جغرافیای طبیعی و تاریخی ایران، تهران، امیرکبیر.
- توحدی، کلیم الله(١٣٦٤ه.ش) حرکت تاریخی کرد به خراسان در دفاع از استقلال ایران، ج٢، مشهد، چاپخانه کوشش.
- حکمت (١٣٤٣ه.ش) دائرهالمعارف ایران شهر، تهران، نشر بینا.
- خضری، سعید(١٣٧٩ه.ش) جغرافیای طبیعی کردستان موکریان، با مقدمه دکتر محمد رضا ثروتی، تهران، نشر ناقوس.
- دایرهالمعارف بزرگ اسلامی (١٣٦٧ه.ش) جلد اول، تهران، مرکز نزرگ دیرهالمعارف اسلامی.
- رزم آرا، علی (١٣٢٠ه.ش) جغرافیای نظامی ایران، گیلان و مازندران، دانشگاه تهران.
- رزم آرا، علی (١٣٢٠ه.ش) جغرافیای نظامی لرستان، تهران ، بی نا.
- رهر برن، کلاوس میشائیل (١٣٤٩ه.ش)نظام ایالت در دوره صفویه، ترجمه کیکاوس جهانداری ، تهران، بنگاه ترجمه و نشر کتاب.

- ساکی، علی محمد(۱۳٤۳ه.ش)جغرافیای تاریخی و تاریخ لرستان، خرم آباد، کتاب فروشی محمدی.

- سمیعا، میرزا(۱۳۷۸ه.ش)تذکره الملوک یا سازمان اداری حکومت صفوی با تعلیقات مینورسکی بر تذکره الملوک، به کوشش محمد دبیر سیاقی، ترجمه مسعود رجب نیا، چاپ سوم، تهران ، نشر امیر کبیر.

- سنندجی، شکرالله(۱۳۷٥ه.ش)تحفه‌ناصری درتاریخ وجغرافیای کردستان، تهران، نشر امیر کبیر.

- صفی نژادر، جواد (۱۳۸۱ه.ش) لرهای ایران، تهران، نشر آتیه.

- طاهری، ابولقاسم (۱۳٤۸ه.ش) جغرافیای تاریخی خراسان از نظر جهانگردان، تهران، شورای مرکزی جشن شاهنشاهی ایران.

- فرای.ن.ریچارد (۱۳٥۸ه.ش) عصر زرین فرهنگ ایران، ترجمه‌ی مسعود رجب نیا، نشر سروش، تهران.

- فیلد، هنری(۱۳٤۳ه.ش) مردم شناسی، ترجمه عبدالله فریار، تهران، ابن سینا.

- کاظمی، ایرج(۱۳۷٦ه.ش) مشاهیر لر، خرم آبد ، افلاک.

- کیهان، مسعود(۱۳۱۱ه.ش)جگرافیای مفصل ایران، ج۲، تهران ، ابی سینا.

- گروسی، حسنعلی خان امیر نظام (۱۳۸٤ه.ش)منشئات امیرنظام گروسی، به کوشش علی محمدی برنجه، تهران، نشرسیب سبز.

- گلرین، محمد علی(۱۳۸۲ه.ش) مینودر یا باب الجنه قزوین، چ دوم، قزوین، طه.

- لسترنج، گای (۱۳٦٤ه.ش)جغرافیای تاریخی سرزمینهای خلافت شرقی، ترجمه محمود عرفان، تهران، نشر علمی فرهنگی.

- متولی حقیقی، یوسف (۱۳۷۸ه.ش) خراسان شمالی، پژوهشی پیرامون تاریخ تحولات خراسان شمالی از آغاز تا انقلاب اسلامی، مشهد، آهنگ قلم.

- مردوخ کردستانی، شیخ محمد(۱۳۷۹ه.ش) تاریخ مردوخ، تهران، کارنگ.

- مصاحب (۱۳۵٦ه.ش) دائرهالمعارف مصاحب، تهران، نشر بینا.

- میرجعفری، حسین(۱۳۸۹ه.ش) جایگاه و تاریخ کارکرد خاندان دونبولی درتاریخ ایران از صفویه تا قاجار، اصفهان، نشریەی تاریخ.

- میرنیا، علی (بی تا) ایل ها و طایفەهای کرد، تهران، موسسه انتشاراتی نسل دانش.

- نوبان، مهرالزمان(۱۳۷٦ه.ش)نام مکانهای جغرافیایی در بستر زمان، تهران، نشر ما.

- وقایع نگار کردستانی، علی اکبر(۱۳۸۱ه.ش)حدیقه ناصریه در تاریخ و جغرافیای کردستان، به تصحیح توکلی، تهران، نشر توکلی.

- ورجاوند، پرویز(۱۳۷۷ه.ش)سیمای تاریخ و فرهنگ قزوین، ج۳، تهران، نشر نی.

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**


- ئەلحوسەینی، عەلی نەقی (٢٠٠٢ز) مێژووی ٦٤١ساڵەی فەرمانڕەوایی ئەردەڵانییەکان، وەرگێڕان لە فارسییەوە؛ ئاسۆس هەردی، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

- بدلیسی، شەرەفخان(٢٠١٧ز)شەرەفنامە، وەرگێرانی سەلاحەددینی ئاشتی، سلێمانی، بنکەی ژین.

- توفیق، زرارصدیق (٢٠١٣ز) کورد وکوردستان لە سەردەمی خیلافەتی ئیسلامیدا، هەولێر، ناوەندی ئاوێر.

- خدر، موسا محەممەد(٢٠١١ز) وێنەی کورد لە سەرچاوە مێژووییە فارسییەکاندا، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.

- خضری، سعید(٢٠١٣ز) جغرافیای تاریخی اردلان از (٥٦٤، ه.ق تا بە امروز)کۆی وتارەکانی ئەردەلان ناسی، بەرگی یەکەم، هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری.

- ڕۆژبەیانی، محەممەد جەمیل (١٩٩٢ز) فەرمانڕەوایی موکریان، بەغدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کتێب.

- زند، کریم(٢٠٠١ز) جوگرافی کوردستان، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- ڤیلچڤسکی، ئۆ. ل(٢٠١٦ز) نەژادی کورد، ڕوەتی مێژوویی دروستبوونی میللەتی کورد، وەرگێرانی ڕەشاد میران، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

## سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:


- Encyclopedia of Islam, New Edition, Leiden, Brill, 1997, Vo V.
- Encyclopedia Iranica (1988) Bani Ardalan, Vol, III, Feb, 7, Oberling.
- D. N. Mackenzie (1961) “The Origins of Kurdish,” Transactions of the Philological Society, Vol, 60, Issue 1.

## Abstract

With the establishment of the Safavid Shi'ite state (1501-1722) in Iran in the early sixteenth century, important geography and the rich regions of Kurdistan came under attack from the destructive army of Qizilbash. However, due to the rise and fall of the Safavid powers and the continued occupation of their forces over the Kurdistan Region, it is still difficult to determine the real geographical range of the Kurds in this era, because the set of influential factors such as their strengths and weaknesses of rulers and princes, the volatile nature of their internal and external conflicts, and the longing of foreign powers to occupy their wealthy territories over the instability of these borders, played a significant role. In the aftermath of this study, in order to identify the Kurdish geography and the real boundaries of the Kurdish-inhabited areas in the Safavid era, we take refuge in the historical sources of that era before identifying the borders of Kurdish emirates. There were also some remote areas such as Khorasan, Gilan, and Mazandaran, where groups of the original Kurdish tribes of Kurdistan were abducted by the Safavid kings for political and military purposes in their ancient areas and were relocated and relocated to other places. Many of them still live there.



**Keywords:** Safavid state, Kurdish nation, Kurdish geography, Kurdish emirates, Kurdish settlements.

**ملخص البحث**

مع تأسيس الدولة الصفوية الشيعية (١٥٠١-١٧٢٢) في ايران بداية القرن السادس عشر، وقعت المناطق المهمة والثرية في كوردستان تحت و طأة الهجوم المدمر لجيش قزلباش و نظرا لتذبذب نفوذ الصفويين و هيمنتهم على كوردستان عصرئذ، فأن تحديد الجغرافية الحقيقية للكورد مسألة صعبة و ذلك راجع الى عوامل عدة منها قوة وضعف الأمراء و الحكام و تراجع نسبة استقرار سلطتهم في المنطقة، فضلا عن المحاولات الدؤوبة للقوى الخارجية بغية الإستيلاء على المناطق الغنية في كوردستان، كل ذلك ادى الى تمدد وتقلص سلطتهم وبالتالي كان لها اثرها البالغ في عدم استقرار المنطقة، من هذا المنطلق، خصص البحث لتحديد المناطق الجغرافية للتواجد الكردي خلال العصر الصفوي، وذلك بالإعتماد على المصادر الأصلية، اذ نحاول ان نحدد حدود الامارات الكوردية الموجودة اي المناطق المعروفة تاريخيا بكونها موطن الكورد، فضلا عن إظهار التواجد الكوردي في المناطق النائية مثل خوراسان و جيلان و مازندران حيث اسكن هناك بعض القبائل الكوردية الأصيلة من قبل الصفويين و ذلك لأغراض ساسية وعسكرية، اذ تم فصلهم عن مناطقهم الأصلية و تم تهجيرهم، ولايزال هناك عدد لابأس به من الكورد في تلك المناطق.

**الكلمات المفتاحية:** الدولة الصفوية، موطن الكورد، جغرافية الكورد، الامارات الكوردية، المناطق الكوردية.

https://www.doi.org/10.31918/twejer.2253.2

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# ئیبن حەجەری عەسقەلانی و میتۆدی و تایبەتمەندییەکانی لە نووسینەوەی مێژوودا

## (٧٧٣ـ ٨٥٢ک - ١٣٧١ـ ١٤٤٨ز)

پ. د. حیکم أحمد مام بکر خۆشناو
زانکۆی صلاح الدین - کۆلیژی ئاداب
hakeem.mambakr@su.edu.krd

م. ی. صلاح أحمد عثمان
وەزارەتی پەروەردە/ ب. پ. سۆران
salah.othman@soc.soran.edu.iq

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە میتۆدی زانا و مێژوونووسێکی گەورەی سەردەمی مەمالیک (٦٤٨ ـ ٩٢٣ک/ ١٢٥٠ ـ ١٥١٧ز) لە نووسینەوەی مێژوودا دەخاتە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوە، کە ڕەنگە وەک مێژوونووس ئەوەندە نەناسرابێت، ئەویش فەرمووودەناس و ئەدیب و شەرعزان (ئیبن حەجەری عەسقەلانی ٧٧٣ـ ٨٥٢ک/ ـ ١٣٧١ـ ١٤٤٨ز)یە، ئەگەر چی لە مصر ژیاوە، بەڵام گریمانەی ئەوە هەیە، کە کورد ڕەچەڵەک بێت، ئیبن حەجەر بە پێویستی زانیوە وەک هەموو زانستەکانی تر گرنگی بدرێت بە مێژوو، خولیایەکی زۆری هەبووە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژوو، هەر ئەمەش پاڵنەری بووە تا ژمارەیەکی ئێکجار زۆر پەرتووکی مێژوویی و ژیاننامەکان و تەبەقات بخوێنێتەوە، پاشان دەستی داوەتە نووسین و توێژینەوە، نزیکەی (٢٧٩) پەرتووکی لە بوارە جیاجیاکانی زانست بەرهەمهێناون، لەناویاندا ژمارەیەک پەرتووکی بواری مێژوو هەن، ئەو لە نووسینی مێژوودا خاوەنی ڕێچکە و میتۆدی خۆیەتی، پەیڕەوکردنی بنەمای ڕەخنەگرتن، گومانکردن لە سەرچاوەکان و هەواڵەکانی ناویان، پەرۆشی بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان و پشتبەستن بە سەرچاوەی زۆر و هەمەجۆری باوەڕپێکراو، هەروەها هەڵسەنگاندنی کەسایەتییە ناودارەکانی سەردەم و خستنەڕووی لایەنی ئەرێنی و نەرێنییان، لە دیارترین خاسیەتەکانی ڕێبازەکەیەتی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی زانستی (الجرح والتعدیل) لەسەری.

وشە کلیلییەکان: ئیبن حەجەر، تایبەتمەندییەکان، ڕێباز، نووسینی مێژوو

## ئیبن حەجەری عەسقەلانی و میتۆدی و تایبەتمەندییەکانی لە نووسینەوەی مێژوودا

**(٧٧٣- ٨٥٢ك - ١٣٧١- ١٤٤٨ز)**

### پێشەکی:

زانستی مێژوو هەروەک زانستەکانی تر، لە شارستانیەتی ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاست بەها و بایەخێکی زۆری هەبووە، سوودی زانستەکە بۆ کۆمەڵگە و دەوڵەت، وایکردووە بە درێژایی قۆناغەکان گرنگیی زۆری پێبدرێت، لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی مەمالیکەکان (٦٤٨ - ٩٢٣ك/ ١٢٥٠ - ١٥١٧ز) بایەخدان بە مێژوو گەیشتە ئاستێکی بەرز، جگە لە چینی خوێندەوار و زانایان، هەندێک لە سوڵتان و ئەمیرەکانیش پەرتووکی مێژوویان دەخوێندەوە و گوێیان لە مێژوونووسان دەگرت، لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی بەرچاوی مێژوونووسی ناودار و بەتوانا هەڵکەوتوون، لە نموونەی (ابن كثير م: ٧٧٤ك/ ١٣٧٢ز) و (ابن الفرات م: ٨٠٧ك/ ١٤٠٥ز) و (ابن خلدون م: ٨٠٨ك/ ١٤٠٦) و (ابن دقماق م: ٨٠٩ك/ ١٤٠٧ز) و (المقريزی م/ ٨٤٥ك/ ١٤٤١ز) (ابن قاضي شهبة م: ٨٥١ك/ ١٤٤٨ز) و (بدر الدين العيني م: ٨٥٥ك/ ١٤٥١ز)...هتد. ئەمانە بە بەرهەم و نووسینە مێژوویەکانیان بۆشاییەکی گەورەیان پڕکردەوە لە نووسینەوەی مێژوودا، پەرتووکەکانیان لە هەموو ڕوویەکەوە بوونەتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ مێژوو و شارستانیەتی ئیسلام بە گشتی و سەدەکانی ناوەڕاست بە تایبەتی.

(ئیبن حەجەری عەسقەلانی) یەکێکی ترە لە مێژوونووسە ئەزموونددارەکانی سەردەمی مەمالیکی چەرکەسی - بورجی (٧٨٤ - ٩٢٣ ك/ ١٣٨٢ - ١٥١٧ز) ناوبراو سەرەڕای ئەوەی زانایەکی ناسراوی بواری فەرموودە و شەرع و زمان و ئەدەب و ڕاڤەیە و خاوەنی ژمارەیەکی

زۆری بەرهەمی زانستییە لەو بوارانە، لە هەمانکاتدا دیرۆکزانێکی دیاری سەردەمی مەملوکیشە، ناوبراو هەر لە تەمەنی لاوی دەستی کردووە بە خوێندنەوەی سەرچاوە مێژووییەکان، جگەلەوەش ژمارەیەکی زۆری پەرتووکی مێژووی هەمەجۆری لای فێرکارەکانی خوێندووە، لەبەر ئەوە شارەزاییەکی زۆری بەدەستهێناوە لە بواری مێژوو و ژیاننامەکان (التراجم) و ڕەچەڵەکناسی، نووسین و پەرتووکە مێژووییەکانی بەڵگەن بۆ زیرەکی و لێزانی لەم بووارانە، ئیبن حەجەر بە بەرهەمهێنانی نزیکەی (٨٤) پەرتووک لە بوارەکانی مێژوو و ژیاننامە و تەبەقات (التراجم والطبقات) پەرتووکخانەی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی دەوڵەمەندتر کردووە، ژمارەیەک لەو پەرتووکانەی سەرچاوەی بنەڕەتین بۆ لێکۆڵینەوە و نووسینەوەی مێژوو و شارستانیەتی سەردەمی مەمالیک بە دیاریکراوی ماوەی نێوان سالانی (٧٠١ ـ ٨٥٠ ک/ ١٣٠١ ـ ١٤٤٦ز) هەڵبەتە ژمارەیەک لەو سەرچاوە مێژووییانەی بایەخێکی زۆریان هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد و کوردستان، چونکە ناوەرۆکی ئەم پەرتووکە مێژووییانەی ڕۆڵی کەسایەتییە کوردییەکان و پێگەی کوردستان بە ڕوونی پیشاندەدات لەماوەی دیاریکراودا، لە هەموو ڕوویەکەوە.

لەبەر ئەوەی مێژوونووس ئیبن حەجەر لە سەرەتادا بە مەبەستی شارەزابوون لە بواری (علم الرجال ـ معرفة الرجال الحديث) دەستی بەخوێندنەوەی پەرتووکە مێژووییەکان کردووە، بۆیە لە نووسینەوەی مێژوودا، تاڕادەیەک کەوتۆتە ژێر کاریگەریی زانستی فەرموودە (الجرح والتعديل) ئەمەش وایکردووە ئیبن حەجەر ببێتە خاوەنی دید و تێگەیشتنی تایبەتی خۆی، دەربارەی زانستی مێژوو و چۆنیەتیی نووسینەوەی مێژوو، دیدگاکەشی ڕەنگدانەوەی دیاری هەبووە لەسەر ڕێچکە و ڕێبازی لە نووسینیەوەی مێژوودا، بۆیەش ڕیبازەکەی هەڵگری چەند خاڵ و خاسیەتێکی جیاوازە. دەمانەوێت لە دووتوێی توێژینەوەیەکی وەرگیراو لە تێزی دکتۆرا، تیشک بخەینە سەر ڕەچەڵەک و ژیانی ئیبن حەجەر،

هەروەها ڕوانگە و تێڕوانینی بۆ زانستی مێژوو و ڕێبازی لە نووسینەوەی مێژوو بە گشتی و مێژووی کورد و کوردستان بە تایبەتی، لە چوارچێوەی ئەم پەرتووکە مێژووییانەی:

(إنباء الغمر بأبناء العمر ـ الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة ـ ذيل الدرر الكامنة في أعيان المائة التاسعة ـ رفع الإصر عن قضاة مصر ـ المجمع المؤسس للمعجم المفهرس)

بایەخی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، تیشک دەخاتە سەر بابەتی ڕەچەڵەکی ئیبن حەجەر و ناساندنی وەک یەکێک لە دیارترین مێژوونووسەکانی سەدەی (٩ک/ ١٥ز) وێڕای ئەوەش گەنگەشەی ڕێبازەکەی دەکات لە نووسینەوەی مێژوو، هەروەها گرنگیی پەرتووکە مێژووییەکانی بەدەردەخات بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژوو و شارستانیەتی کورد و کوردستان.

سەرەڕای پێشەکی، ئەنجام، لیستی سەرچاوەکان، توێژینەوەکە لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە، تەوەری یەکەم چەند باسێک لەخۆدەگرێت، ئەوانیش: (١ـ ناو و ڕەچەڵەکی ئیبن حەجەر: ٢ـ ژیان و پێگەیشتنی لە ڕووی زانستی و هزری ٣ـ دیدگای ئیبن حەجەر بۆ زانستی مێژوو ٤ـ ناساندنی پەرتووکە مێژوویەکانی چوارچێوەی توێژینەوەکە) هەرچی تەوەرەی دووەمە، تایبەتە بە (ڕێبازی ئیبن حەجەر لە نووسینەوەی مێژوود) ئەم باسانە لەخۆدەگرێت: ١ـ پشتبەستن بە سەرچاوەی زۆر و هەمەجۆر ٢ـ شێوازەکانی بەکارهێنانی سەرچاوەکان و گواستنەوەی زانیاری لێیان ٣ـ پەیڕەوکردنی ڕێبازی ڕەخنەیی ٤ـ ڕاستبێژی و میانڕەوی لە نووسینی مێژوودا.

**تەوەرەی یەکەم:**

## ١. ناو و ڕەچەڵەکی ئیبن حەجەر:

ناوی تەواوی بریتییە لە (أحمد کوڕی علی کوڕی محمد کوڕی محمد کوڕی علي کوڕی أحمد کوڕی محمود کوڕی أحمد کوڕی أحمديل، العسقلاني المصري القاهري الشافعي) (المقريزي, ٢٠٠٢, ١/ ١٩٤؛ ابن حجر، ١٩٦٩، ١/ ٣) نازناوی (شهاب الدين) و کونیەکەی (أبو الفضل) ە، ناسراوە بە (ابن حجر العسقلاني) (السخاوي, ١٩٩٩, ١/ ١٠١)

سەرچاوەکان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی ماڵباتی ئیبن حەجەر تا سەردەمی ئەیوبییەکان (٥٦٧ ـ ٦٤٨ ک/ ١١٧١ ـ ١٢٥٠ز) لە شاری (عسقلان)(١) نیشتەجێبوون (البصروي/ و ٣؛ ابن حجر، ١٩٩٤, ٣/ ص١٩٧) بەڵام لە ساڵی (٥٨٧ک/١١٩١ز) بە فەرمانی (صلاح الدين ئەیوبی) گواستراونەتەوە بۆ مصر و لە (قاهیرە) نیشتەجێبوون، چونکە شاری (عسقلان) خاپورکرا بە مەبەستی پاراستنی بيت (المقدس) و مصر لە هێرش و پەلامارەکانی خاچدروشمەکان، چونکە هەوڵیاندا ئەم شارە داگیربکەن و بیکەنە بنکەی سەربازی و لەوێوە شاڵاوەکانیان چڕتربکەنەوە. بڕوانە: (الأصفهاني،٢٠٠٤/ ٢٨٨ـ٢٩٠؛ أبو شامة, ١٩٩٧، ٤/ ٢٧٧ ـ ٢٨٠؛ ابن شداد، ١٩٩٤/ ٢٧٩ ـ ٢٨٣).

بەڵام لەبارەی ڕەچەڵەکەکەی دیدگای جیاوازهەن و تا ئێستا ساغنەبۆتەوە ئایا بنەچەکەی کوردە یان عەرەب؟ ئیبن حەجەر لە یەک شوێن، ئاماژە بەوە دەکات، لە نووسینێک دەست و خەتی باوکی خۆی بینیوە، باب و باپیرانی خۆی دەگەڕێنێتەوە سەر هۆزی (الكناني)[٢] (ابن حجر، ٣،١٩٩٤/ ص١٩٦) هەروەها گوتراوە لە هۆنراوەیەکدا حجر هۆزی (الكناني) خستۆتە پاڵ ناوی خۆی (السخاوي, ١٩٩٩, ١/ ١٠٣) بەبێ ئەوەی سەرچاوەی زانیارییەکە دیاربێت. لەسەر ئەو بنەمایە، لە هەندێک لە

سەرچاوە و ژێدەرەکان بە عەرەب دانراوە (السخاوي, ١٩٩٩, ١/ ١٠٣؛ عبد المنعم, ١٩٩٧/ ٥٠؛ الجبوري, ٢٠١٠/ ٧) ئەوەی گومان دروستدەکات ئەوەیە کە، ئیبن حەجەر لە هیچ شوێنێک، لە کاتی نووسینی ناوی خۆی و گێڕانەوەی ژیانی خۆی ئاماژەی بەم هۆزە نەکردووە (ابن حجر، ١٩٧٢، ١/ ٣؛ ابن حجر، ١٩٩٨/ ٦٢) ئەمەش جێگەی تێڕامانە، بۆچی ناوبراو بەم ئاماژە کورت و خێرایە ئەم بابەتەی بەجێهێشتووە، لە کاتێکدا یەکێک بووە لە زاناترین و شارەزاترین کەس لە سەردەمی خۆی، لە بواری زانستەکانی مێژوو و ژیاننامە و ڕەچەڵەکناسی (الفاسي, ١٩٩٩, ١/ ص١٥٥؛ ابن خطيب الناصرية, ٢٠١٨، ٤/ ٣٣٧)، هەر بۆیەش لە زۆرێک لە سەرچاوەی سەرەکی مێژوویی، لە کاتی باسکردنی ژیان و ڕەچەڵەکی ئیبن حەجەر باس لەو هۆزە نەکراوە. (ابن ناصرالدين الدمشقي، ١٩٩٣، ٣/ ١٢٨؛ الغزي العامري، ١٣٤/١٩٩١؛ المكي, ١٩٩٨/ ٢١١)

لە ڕوانگەی توێژەران کوردبوونی ئیبن حەجەر ئەگەرێکە لە ئارادایە، چونکە لە چەند سەرچاوەیەکی مێژووی باوەڕپێکراو و نزیک لە ئیبن حەجەر ئەمە دووپات کراوەتەوە، کە شەشەم باپیری ئیبن حەجەر ناوی (أحمديل) بووە. (المقريزي, ٢٠٠٢, ١/ ١٩٤؛ ابن فهد المكي, ٧٠/١٩٨٢؛ السخاوي, ١٩٩٩, ج١/ ١٠١). توێژەران پێیانوایە (أحمديل) ناوێکی کوردییە (النقشبندي، ٢٠١٢/ ١٣٩: محمد، ٢٠٠٦/ ٤٠٢). بەڵگە بۆ ئەمە، بوونی میرێکی کوردە بە ناوی (أحمديل کوڕی إبراهيم کوڕی وەهسوزانی ڕەوادی کوردی م: ٥١٠ک/ ١١١٧ز)[٣] کە لە سەرچاوەکان بە (أحمديل الكردي) ناوی هاتووە (ابن القلانسي، ١٩٨٣/ ٢٧٩؛ ابن الأثير, ١٩٩٧, ٨/ ٦١٢؛ ابن العديم, ١٩٩٨/ ٢٥٣, ٢٥٥؛ ابن أبي الهيجاء, ١٩٩٣/ ١٧٣ ) ئەمەش گریمانەی کورد بوونی ئیبن حەجەری هێناوەتە بەرباس (ابن حجر، ١٩٦٩/ ١٢ ـ ١٤؛ عبد المنعم، ١٩٩٧/ ٥٠).

وەک دەزانرێت هەر لە سەردەمی سەلجوقییەکان (٤٢٩- ٥٥٢ک/ ١٠٣٧ - ١١٥٧ز) تا دەگاتە مەمالیکەکان، کورد بەشداری کارای هەبووە، لە لایەنی کارگێڕی و زانستی و شەڕی دژ بە خاچدروشمەکان و مەغۆلەکان (القلقشندي،٢٠١٠، ٣/ ٥٨١؛ حسين، ٢٠٠٠/ ٥٤) چەندین هۆز و بنەماڵە و کەسایەتیی کوردی لە پێناو بەرگریکردن لە خاکی موسڵمانان، کۆچیان کردووە بۆ شام و مصر و داستانی زۆریان تۆمارکردووە. بڕوانە: (الأصفهاني، ٢٠٠٤/ ٢٤٤؛ اليونيني, ١٩٩٢، ٣/ ٣٠؛ العيني, ٢٠١٠, ١/ ٩٥؛ حسن, ٢٠١١/ ٤٧) دوور نییە باپیرە گەورەی ئیبن حەجەر بگەڕێتەوە سەر ئەم میرە کوردە، بە تێپەڕبوونی کات لەناو ڕۆشنبیری عەرەبی ڕۆچووبن، بەهۆی پاڵنەری ئاینی و سیاسی و ئابووری، ڕەچەڵەکی خۆیان بردبێتەوە سەر ڕەگەزی عەرەبی، هەروەک ئاشکراشە دیاردەی خۆدانەپاڵ ڕەگەزی عەرەبی باوبووە لە مێژووی ئیسلامی لەناو گەلانی موسلمانی نا عەرەبدا، بەگوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان لەناو کوردانیش ئەم دیاردەیە بوونی هەبووە، دەبینین لە سەرچاوە مێژووییەکان زۆرێک لە کەسایەتییە کوردییەکان دەدرێنە پاڵ هۆزێک یان کەسایەتییەکی عەرەبی و پاشگرەکانی (الأموي) و (القرشي) و (العباسي) لەگەڵ ناوەکانییان نووسراوە[٤]. لەبەر ئەوە بوونی هۆزی (الكنانى) لەگەڵ ناوی ئیبن حەجەر لە هەندێک سەرچاوە، بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە نیە بۆ بنەچەکەی، چونکە لە سەردەمی (مەمالیک) بابەتی ڕیشەگەڕایی لە نێوان نووسەران و زانایان گفتۆگۆی زۆری لەبارەیەوە کراوە، گەڕاندنەوەی بنەچەکان بۆ سەر عەرەب باوی هەبووە (إسماعيل، د.س/ ٧٤ - ٨٧)، ئەوەی ئێمە تێبینی دەکەین لەو کاتدا ئەمە کراوەتە ئامرازێک بۆ نزیک بوونەوە لە سوڵتانەکان و وەرگرتنی پلەو پۆست، چونکە ڕەچەڵەک کاریگەری هەبووە لەسەر پێگەو بارودۆخی کەسایەتییەکان. بڕوانە (ابن حجر، ١٩٦٩، ٣ / ٤٧).

**٢. ژیان و پێگەیشتنی لە ڕووی زانستی و هزری:**

ئیبن حەجەر لە مانگی شعبانیساڵی (٧٧٣ک/ ١٣٧١ز) لەدایکبووە (سبط ابن العجمي, و/٢٠؛ ابن الخطيب الناصرية، ٢٠١٨، ٣٣٦/١؛ ابن طولون, ١٩٨٠، ٢/ ٤٥٤) باوکی ئیبن حەجەر کەسێکی پەرۆش بووە بۆ پەروەردەکردنی کوڕەکەی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو، بۆیە پێش مردنی سەرپەرشتیکردنی ئەوی خستۆتە ئەستۆی چەند زانا و پەروەردەکارێک، بۆ ئەوەی پەروەردەی بکەن و فێری زانست و زانینی بکەن، یەکێک لەمان (زكي الدين الخروبي م: ٧٨٧ک/ ١٣٨٦ز)(٥) بوو، ماوەیەک لەسەر دەستی ئەو پەروەردەکراوە (ابن حجر، ١٩٩٨/ ٢١٣ ـ ٢١٤؛ البقاعي, ٢٠٠١, ١/ ١١٦ ـ ١١٧) هەرچەندە باوکی زوو مردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ڕێچکەیەکی تەندروست و تۆکمە پەروەردەکراوە، چونکە لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتیی زانایان پێگەیشتووە: "فنشأ يتيما في غاية العفة و الصيانة والرياسة" (السخاوي, ١٩٩٩, ١/ ١٢١)

ناوبراو لە تەمەنی لاویدا کاتی بە شتی لاوەکی بەفیڕۆنەداوە، تام و چێژی سەردەمی منداڵی نەکردووە (السخاوي, ١٩٩٩, ١/ ١٢١) هەر لە تەمەنی پێنج ساڵی نێردراوەتە فێرگەی خوێندن و نووسین، لەوێ دەستی بە خوێندن کردووە، لە لای ژمارەیەک زانا قورئانی پیرۆزی خوێندووە، تا لە تەمەنی نۆ ساڵی هەموو قورئانی لەبەرکردووە (ابن حجر، ١٩٩٨/ ٦٢؛ المكي, ١٩٩٨/ ٢١١) لە تەمەنێکی کەم بەهرە و توانای سەرنجڕاکێشی لێ بەدیکراوە "فرزق في الصبا سرعة الحفظ" (المقريزي, ٢٠٠٢, ١/ ١٩٤) هاوشێوەی کەسانی زیرەک و بەهرەدار دەیخوێند، توانای تێگەیشتنی بەرزبووە، لە ماوەیەکی کەم، قوڵ دەبوویەوە لە شتەکان و لێکدانەوە و خوێندنەوەی خۆی بۆ دەکرد (البقاعي, ٢٠٠١, ١/ ١١٦).

لە ساڵی (٧٨٥ک/ ١٣٨٤ز) لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەی گەشتی شاری مەککەی کردووە، لەوێ ئامادە بووە لە

کۆڕی زانستی ژمارەیەک شەرعزان و فەرموودەناسی شارەکە، لەوانە (الجمال بن الظهيرة: م ٨١٧ک/ ١٤١٥ز)(٦) کۆمەڵێک پەرتووکی گرنگی خوێندووە، لە دیارترینیان (صحيح البخاري). لە ساڵی (٧٨٦ک/ ١٣٨٦ز) گەڕاوەتەوە مصر و درێژەی داوە بە فێربوون، تا ساڵی (٧٩٢ک/ ١٣٩٠ز) لەلای ژمارەیەکی زۆری زانای گەورەی (قاهیرە) پۆلێک کتێبی زانستە شەرعی و عەقلییەکانی خوێندووە، لەوانە: (العمدة في الأحكام) و (الحاوي الصغير) و مۆڵەتی لە ژمارەیەک شەرعزان وەرگرتووە. بڕوانە: (المقريزي, ٢٠٠٢, ١/ ١٩٤؛ ابن حجر, ١٩٦٩، ١/ ٢٦١؛ السخاوي, ١٩٩٩, ١/ ١٢٤ - ١٢٥)

لە ساڵی (٧٩٢ک/ ١٣٩٠ز) و لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا، هەوڵەکانی خۆی چڕتر دەکاتەوە لەپێناو خوێندن و فێربوون، لەم ساڵە بەدواوە زانستەکانی (ئەدەب) و (مێژوو) و پاشان (فەرموودە) بوونە دڵخوازی ئیبن حەجەر "وأول ما كان نظره في الأدب والتاريخ ففاق في فنونهما" (المكي, ٢١٢/١٩٩٨)، لەوکاتەوە بەدوای سەرچاوە مێژوویی و ئەدەبییەکان دەگەڕا و داوای دەکردن و دەیخوێندنەوە و لای زانایان گوێی لێ دەگرتن لە تەمەنی لاوی پەرتووکەکانی (الأغاني) و (الكامل في التأريخ)ی خوێندووەتەوە، خولیای زۆری بۆ تەماشاکرنی پەرتووکە مێژوویی و ئەدەبییەکان هەبووە، هۆکار بوو تا لە تەمەنێکی کەم شارەزابێت لە مێژوو و ژیاننامەی ناوداران و دانانی هۆنراوە (ابن حجر، ١٩٩٤، ٣/ ١٥٩؛ السخاوي, ١٩٩٩, ١/ ١٢٥). هەروەک هاوڕێ و قوتابییەکەی، مێژوونووس (البقاعي م: ٨٨٥ک/١٤٨٠ز) دەڵێت: "لە ساڵی (٧٩٧ک/ ١٣٩٥ز) شارەزایەکی زۆری هەبوو لە مێژوو، زۆری لێدەزانی زانیاریی زۆری هەبوو لە سەر ڕووداو و هەواڵ و بارودۆخی خەڵکی سەردەمەکەی، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەواڵی ڕۆژگاری بۆ ئێمە دەگواستەوە. ئەو زاناترینی خەڵکە سەبارەت بە هەواڵەکانی جیهان. (البقاعي, ٢٠٠١, ١/ ١٢٢) هەروەها لە دانانی هۆنراوە پێشکەوت (السيوطي,

١٩٦٧، ١/ ٣٦٣). دیوانێکی بەرهەمهێنا بە ناوی (السبع السیارة النیرات) هۆنراوەکانی بە ئاستێکی بەرز نووسراون "و لە شعر أعذب من ماء الزلال و أعجب من السحر"(المقريزي , ٢٠٠٢, ١, ص١٩٩).

لە ساڵی (٧٩٦ک/١٣٩٤ز) بەدواوە، ئیبن حەجەر خۆی تەرخان کرد بۆ شارەزابوون لە زانستی فەرموودە، لەو ساڵەدا گەیشتە خزمەت زانای ناودار (زين الدين الحافظ العراقي الكردي م: ٨٠٦ک/ ١٤٠٣ز) بۆ ماوەی (١٠) ساڵ بە بەردەوامی ئامادەی وانەکانی بووە لە بواری فەرموودە، ئیبن حەجەر ئەم دەرفەتە بە (بوونەوەی دەرگای خێر) ناودەبات (السخاوي, ٢٠٠٣، ٢/ ٣٧) ئەمەش واناگەیەنێت زانستەکانی تری فەرامۆشکردبن، هاوکاتی ئەمە بەردەوام بووە لە خوێندنی زانستەکانی فیقهـ ـ نەحو ـ أصول فیقهـ و ژمارەیەک زانستی تری عەقلی و نەقلی (السخاوي, ١٩٩٩, ١/ ١٢٨).

هەر لەپێناو خۆپێگەیاندن لەماوەی تەمەنیدا (٤٩) شوێن گەڕاوە لە مصر، شام، یەمەن، حیجاز و شوێنەکانی تر، ئەم گەشتە زانستییانە بوونە هۆی فراوانبوونی زانست و زانینی ئیبن حەجەر چالاکی و دەستکەوتی زانستیی ئەم گەشتانە ئەوەندە زۆرن ناژمێردرێن، هەر لە ئامادەبوون لە کۆڕی زانایان و خوێندنەوە و نووسین و وانەگوتنەوە و بەستنی کۆڕی زانستی و کۆکردنەوەی پەرتووک... هتد. (السخاوي, ١٩٩٩، ١/ ١٥٦ ـ ١٦١؛ المناوي, ١٩٩٩, ١/ ٣٩؛ ابن كنان, ١٩٤٧/ ٣٨)

دەتوانین بڵێین تا ساڵی (٨٠٠ک/ ١٣٩٨ز) عەسقەلانی بناغەی ڕۆشنبیریی خۆی داڕشتووە، لەمەدا چەند پاڵنەرێک هاوکاری بوونە، وەک چالاکیی بزاڤی زانستی و هزری لە سەردەمەکەیدا هەروەها بەهرەمەندی و زیرەکیی خۆی و بەردەوامی لە ڕەوتی فێربوون و پەیوەندیکردن بە ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی سەردەمی خۆی، بە جۆرێک ژمارەی فێرکارەکان و ئەو پەرتووکانەی، کە خوێندوویەتی و گوێبیستیان بووە

ئەوەندە زۆرن، ئاسان نییە هەژماریان بکەی (المكي, ١٩٩٨/ ٢١١) جێگەی باسە ئیبن حەجەر دوو پەرتووکی نووسیون، یەکێکیان تایبەتە بە ژیانی مامۆستاکانی و ئەو زانستەی لەلای خوێندوون، بە ناوی (المجمع المؤسس للمعجم المفهرس)، ئەوی تریان بە ناوی (المعجم المفهرس أو تجريد أسانيد الكتب المشهورة والأجزاء المنثورة) تیایدا باسی ئەو کتێبانە دەکات کە لە هەموو بوارەکان خوێندوویەتی و گوێبیستیان بووە، لەگەڵ ئاماژەکردن بەو شێخانەی کە مۆڵەتیان پێداوە و ئەوانەش کە فەرموودەیان لێ دەگێڕێتەوە، لەم دوو پەرتووکانە دەردەکەوێت لەسەر دەستی زیاتر (٧٠٠) زانا فێری زانست بووە، کە زۆرێکیان کەڵە زانای هەڵکەوتووی سەردەمی خۆیان بوونە و کاریگەریی زۆریان لەسەر دروستکردووە (المقريزي, ٢٠٠٢, ١/ ١٩٥؛ السخاوي, ١٩٩٩, ٢/ ٦٧٠)

عەسقەلانی، بەشی زۆری ژیانی خۆی بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و نووسین و وانەگوتنەوە تەرخانکرد (ابن تغري بردي،٢٠٠٩، ٢/ ٢٣) "وقصر نفسه عليه مطالعة واقراء وتصنيفا" (الشوكاني, د.ت،١/ ٨) لە ئاکامدا وەک بیرمەندێکی گەورەی مەوسووعی لە سەدەی ٩(ک/١٥ز) هەڵکەوت، کە لە چەندین بواری جیاجیای زانستە شەرعی و عەقلییەکان شارەزا و باڵادەست بوو، تا ئەو ڕادەیەی بە (الملک العلماء) و (كيمياء العلم) ناوبراوە (السخاوي, ١٩٩٩،٣/ ١٢٣٤) زانایان گەلێک ستایشیان کردووە و زۆریان پێ هەڵگوتووە و نازناوی زانستی و ئاینیی زۆریان پێ ڕەوا بینیوە لەوانە: شێخی ئیسلام، دەریای زانیاری، حبر الأمة, (عمدة المحققين)، شانازی سەردەم، بەڵگە، ڕەخنەگری ئەزموونداری، پزیشکی فەرموودە، بێڕکابەر، پێشەوای موسلمانان لە سەردەمەکەی، عەلامە لە معرفة الرجال و أسماء الرجال، حافظی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، پێشەنگی زانایان، بێوێنەی ڕۆژگار. (الفاسي, ١٩٩٠، ١/ ٣٥٥؛ ابن الخطيب الناصرية, ١،٢٠١٨/ ٣٣٧؛ المكي، ١٩٩٨/ ٢١١)

عەسقەلانی زانایەکی عاقلمەند و وریا بووە، توانای تێگەیشتنی بەرز بووە، بەوە ناسراوە کە خێرا بووە لە زانین و دەرخستن و نووسین (البقاعي, ٢٠٠١, ١/ ١٣٨؛ المكي, ١٩٩٨/ ٢٠١١؛ السخاوي, ٢٠٠٢, ٢/ ٣٩) ئەمەش هۆکار بوو بۆ بەرهەمهێنانی (٢٧٩) پەرتووکی بایەخدار، وێڕای: مێژوو، ژیاننامە (التراجم)، فەرموودە، علم الرجال، ڕەچەڵەک (الأنساب)، وێژە، زمانی عەرەبی، ڕاڤە (التفسير)، زانستەکانی قورئان، فیقهـ و أصول فیقهـ ئەوا لە زۆر بواری تریش زانا بووە و خاوەنی بەرهەمی بەنرخە، لەوانە: (فتح الباري بشرح الصحيح البخاري) و (نخبة الفكر في مصطلح أهل الأثر) لە بواری فەرموودە و (بلوغ المرام من أدلة الاحكام) لە بواری فیقهـ و (العجاب في بيان الأسباب ـ أو أسباب نزول القرآن) لە زانستی قورئان. بۆ زانیاری لەم بارەیەوە بگەڕێوە بۆ (السخاوي، ١٩٩٩، ٢/ ٦٥٩ ـ ٦٩٥؛ عبد المنعم, ١٩٩٧، ج١/ ١٧٣ ـ ٣٨٦) شایەنی باسە زۆرترین پەرتووکەکانی لە بوارەکانی فەرموودە و مێژوون، بەرهەمە هزرییەکانی عەسقەلانی پەسەند و ستایشکراون و بە سەرچاوە و پێڕەوی سەرەکی دادەنرێن، بوونەتە هۆی ڕۆشنبوونی ڕێگای زانستخوازان، هەمیشە جێگەی بایەخی زانایان و قوتابیان بوونە، تا ئەو ڕادەیەی جگە لە فێرخوازان، شێخەکانیشی پشتیان بە نووسینەکانی بەستووە "واعتنى بتحصيل تصانيفه كثير من شيوخه وأقرانه" (السيوطي, ٢٠١٠/ ٢٥١) لەم بارەیەوە (البقاعي) دەڵێت: "نووسینی شکۆمەند و بەنرخ و بەپێزی بەرهەمهێناون و گەواهی بۆ گەورەیی ئەو دەدەن" (البقاعي, ٢٠٠١, ١/ ١٢١) هەروەها (ابن فهد المكي م: ٨٨٥ک/ ١٤٨٠ز) بەم شێوەیە باسی بەرهەمەکانی دەکات: "پەرتووکی بەسوود و جوان و بەهاداری نووسیون، کە ئاماژەن بۆ چڕیی زانیارییەکانی و مەبەستی چاکی، بەهۆیانەوە کەوتەپێش هاوچەرخەکانی و ناو و ناوبانگی بڵاوبوویەوە". (المكي، ١٩٩٨/ ٢١٣). سەرەڕای نووسین، ئیبن حەجەر ژمارەیەک پلە و پۆستی ئاینی و کارگێڕی و زانستی وەرگرتوون، وەک: دادوەری، وتاردان، فەتوادان, بەڕێوەبردنی پەرتوکخانە، هەروەها تا مردنی بەردەوام بووە لە

وانەگوتنەوە، لە پازدە فێرگەی جیاواز[٧] زانستەکانی (فەرموودە، ڕاڤە، شەرع)ی، گوتۆتەوە. وانەکانی بەوە دەناسرێنەوە، سەرەڕای توێژی فێرخوازان، زانا و شەرعزان و دادوەرەکانیش تیایدا بەشدار دەبوون (ابن تغري بردي, ٢٠٠٩، ٢/ ١٩) تا لە ژیان بوو وەک ڕووگەی زانست وابووە، بێ ئەندازە خەڵک لەهەموو چین و توێژەکان ڕوویان تێ دەکرد، فێرخوازان، زانایان، ناوداران، لە ناوەوە و دەرەوەی مصر کۆمەڵ کۆمەڵ بەرەوپیری دەهاتن بە مەبەستی سوودبینین لە زانستەکەی (السخاوي, ٢٠٠٣, ٢/ ٣٩). دوای ژیانێکی پڕ لە دەستکەوت، لە سەرەتای مانگی ذی الحجەی ساڵی (٨٥٢ک/ ١٤٤٩ز) بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد و هەر لە شاری (قاهیرە) بەخاکسپێردراوە. (الغزي العامري, ١٩٩١/ ١٣٦؛ السخاوي, ١٩٩٢, ٢/ ٢٨).

### ٣ـ دیدگای ئیبن حەجەر بۆ زانستی مێژوو:

عەسقەلانی وەک یەکێک لە دیارترین مێژوونووسەکانی سەردەمی مەمالیک، ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە نووسینەوەی مێژوو، وەک پێشتر باسکرا لە تەمەنێکی زوو پەرۆشی شارەزابوونی مێژوو بووە، بەدوای سەرچاوە مێژووییەکان دەگەڕاوە و کۆیدەکردنەوە و دەیخوێندنەوە، بە جۆرێک لە تەمەنی (٢٤) ساڵی شارەزاییەکی زۆری هەبووە لەو بوارەدا (الفاسي, ١٩٩٠، ١/ ٣٥٢) ئەگەر بە وردی لە ناوەرۆکی بەرهەمە مێژووییەکانی ئیبن حەجەر و ڕێبازەکەی بڕوانین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زۆربەی سەرچاوەکانی مێژووی گشتی و (التراجم) و (سیرة) و (طبقات)ی، تایبەت بە مێژوو و شارستانیەتی ئیسلامی خوێندووەتەوە، جا چ خوێندنەوەی خۆکردە بێت، یان لەسەر دەستی زانایان بووبێت، هەڵبەتە خۆی ئاماژەی بەو پەرتووکە مێژووییانە کردووە، کە بە ڕێبازێکی زانستی لای مێژوونووسان و شارەزایان خوێندوویەتی (ابن حجر، ١٩٩٤، ١/ ٤١٧, ٤٢٦, ٤٧٣, ٥٤٨, ٥٠٥) ئەمەش

له مێژوونووسەکانی سەردەمی مەمالیک جیایدەکاتەوە، چونکە بە شێوەیەکی مەنهەجی و زانستی پەرتووکە مێژووییەکانی خوێندووە، هەروەها سەلمێنەری ئەوەیە کەوا مێژووی بە زانست هەژمارکردووە (فرانز روزنثال، ١٩٨٣/ ٦٣، ٦٥ ـ ٦٦) ئیبن حەجەر بە پێویستی زانیوە مێژوو بخوێنرێت وەک هەموو زانستەکانی تر، لەم ڕوانگەیەوە هەر لە سەرەتای لاوییەوە لەم بوارەدا خۆی بەرەوپێش بردووە و خۆی پێگەیاندووە، شاعیر (أبو البقاء محمد بدر الدين البشتكي م:٨٣٠ک/ ١٤٢٧ز) لەبارەی شارەزایی ئەو لە مێژوودا دەڵێت:

كأنه وهو بالتاريخ مشتغل          مطالع كل مجموع ومفترق.

(السخاوي, ١٩٩٩, ١/ ٤٩٠)

ئەگەرچی نووسینە مێژووییەکانی بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەو یەکێک بووە لە مێژوونووسە هەڵکەوتووەکانی سەدەی (٩ک/١٥ز) بەڵام دەبینین لە هەندێک توێژینەوە و ژێدەر لەگەڵ مێژوونووسەکانی سەردەمی مەمالیک هەژمارنەکراوە، بەبیانووی ئەوەی زانستی فەرموودەی بەسەردا زاڵبووە (الترحيني, ١٩٩٩؛ مرغوليوث، د،س) دەکرێت ئەمە هۆکارەکەی ناشارەزایی بێت لە بەرهەمە مێژووییەکان و ڕێبازەکەی لە نووسینەوەی مێژوو، ڕاستە ئەو فەرموودەناس بووە، لە هەمان کات مێژوونووسێکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە هەروەک چۆن مێژوونووس (الطبري م: ٣١٠ک/ ٩٢٣ز) ڕاڤەوان و مێژوونووس (الذهبي) فەرموودەناس بوون. ئەوەی گرنگە، ئەوەیە کە ئیبن حەجەر دەستکەوتی بەهاداری بەجێهێشتووە لە بواری مێژوو، وەک مێژووزانێک دید و تێگەیشتنی خۆی دەربارەی نووسینەوەی مێژوو خستۆتەڕوو، بە بۆچوونی ئەو مێژوونووسی دوو جۆرە:

یەکێکیان: بریتییە لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ڕووداو و هەواڵە مێژووییەکان و ڕێکخستنیان، (ضبط الوقائع)، ئەم بوارە گشتیگرە و

سنوردار نییە، لەمەیاندا مێژوونووس، پێویستە لەکاتی گواستنەوەی هەواڵەکان، لێکۆڵینەوە و پشکنینی ورد بکات لە سەرچاوەکان و بگاتە دڵنیایی لە ڕاستییەکان، نابێت بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات دەربارەی هەواڵ و ڕووداوەکان، تەنیا لەوانە نەبێت کە دوای لێکۆڵینەوەیان بۆی ڕوونبوونەتەوە بە تەواوی، گونجاو نییە کاری تەنها نووسینەوە و گواستنەوەی ڕووداو و هەواڵە باوەکان بێت، بە تایبەتی ئەگەر هەواڵەکە تۆمەتێکی تێدابوو دەربارەی ناودارێک، زانایەک، پیاوچاکێک. یان ئەگەر هەواڵێک باسی کەموکوڕیی کەسێکی تێدابوو، زانیاریی دڵنیاکەرەوە و تەواویش نەبوو لەسەر ژیانی ئەو کەسە، ئەوا نابێت مێژوونووس زیادەڕۆی بکات لە بڵاوکردنەوە و دەرخستنی کەموکورتی و نەرێنییەکانی، تەنیا ئاماژەیەکی کورت بەسە، بۆ ئەوەی تۆمەتەکە بەسەر کەسی ناوبراو ساغنەبێتەوە، کە دیار نییە ئەو تۆمەتە ڕاستە یان نا، لەبەر ئەوەی ڕەنگە بەهۆی ئەو مێژوونووسەوە تۆمەتەکە هەتاهەتایە بدرێتە پاڵ کەسەکە (السخاوي, ٢٠١٧/ ٢٣٢ ـ ٢٣٣؛ السلمي، ١٩٨٦/ ١٨ ـ ١٩).

دووەم: نووسینی ژیاننامەی کەسایەتییەکان و ناوداران: بە هەردوو جۆرەکەیەوە گشتی و تایبەتی، لە هەردووکیاندا لەکاتی خستنەڕووی ژیاننامەکان، پێویستە پابەند بێت بە ڕێچکەی باسکراو لەسەرەوە، ئەگەر کەسەکە ناودار بوو بە چاکەدۆستی و زانستخوازی و خێرخوازی، پێویست ناکات باسی لایەنە نەرێنییەکانی بکرێت، چونکە هیچ کەس بێ هەڵە نابێت، بەڵکو واباشە لایەنە ئەرێنییەکانی بخرێنەڕوو، بەڵام ئەگەر گومان نەبوو لە بەدکاری و ناڕەوایەتیی کەسێک، ئەوا ڕێگەپێدراوە تایبەتمەندیی کەسایەتییەکەی بەدیاربخرێت، لەپێناو ئەوەی کەس فریونەخوات بە کەسایەتییەکەی و سامان و پێگەکەی، لەو کاتەدا واباشترە بەراوردبکرێت بە پێچەوانەکەی، لەبەر ئەوەی شت بە پێچەوانەکەی دەناسرێتەوە (بالضد تتضح الأشياء). ئەگەر لە نێوان چەند برایەک، یەکێکیان ناسراو بوو بە زانستخوازی، ئەوەی تر بە

وشیاری و دینداری، برایەکی تر پێچەوانەی ئەوان بیت، پێویستە ئەمە باسبکرێت نەوەک کەسێک پێی هەڵبخەڵەتێت (السخاوي, ١٩٩٩، ٢/ ٦٨٦ ـ ٦٨٧؛ السلمي، ١٩٨٦/ ١٨ ـ ٢٢).

لەبەر ئەوە پێویستە مێژوونووس زانا و شارەزابێت بە پێگە و بارودۆخ و ئاستی خەڵک "فیحتاج المؤرخ أن یکون عارفا بمقادیر الناس وبأحوالهم وبمنازلهم" (السخاوي, ٢٠١٧/ ٢٣٢ ـ ٢٣٣؛ السخاوي, ٢٠٠٢, ١/ ٣٦) لە گێڕانەوە و نووسینەوەی ژیاننامەی کەسایەتییەکان، پێویستە هەر یەکێک بەگوێرەی ئەندازەی چاکە و خراپەی، نرخ و پێگەی بۆ دابندرێت (لکل منزلته) نابێت نزمەکان بەرزبکرێنەوە و بەرزەکان نزمبکرێنەوە:"فلا یرفع الوضیع، ولا یضع الرفیع" (السلمي، ١٩٨٦/ ١٨ ـ ٢٢) ئەمەش لە پێناو جێبەجێکردنی فەرمایشتی (پێغەمبەر د. خ) کە دەفەرموێت: "أنزلوا الناس منازلهم" (السخاوي, ٢٠١٧/ ٢٣٣)

ئەگەر لە ڕوانگەی عەسقەلانی وردبینەوە بۆ مێژوو، بۆمان دەردەکەوێت لە سەرەتادا، لەپێناو پێگەیشتن لە بواری زانستی (علم الرجال ـ معرفة رجال الحدیث)(٩) گرنگی بە مێژوو داوە، بۆ ئەوەی یارمەتیدەری بێت لە نووسینەوەی ژیانی گێڕەوەکانی فەرموودە (الرواة) بە مەبەستی لێکجیاکردنەوەی باوەڕپێکراوەکان لە باوەڕپێنەکراوەکان (ابن فهد المکي, ١٩٨٢/ ٧١؛ السخاوي, ١٩٩٩،١/ ١٢٨؛ عنان، د.س/ ١٠٥) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بە زانستی (معرفة رجال) دەستیپێکردووە، پاشان چووەتە ناو قوڵایی مێژوو، بۆتە مێژوونووسێکی گەورەی شارستانیەتی ئیسلامی، لەبەر ئەوەیە دەبینین لە نووسینەوەی مێژوو بە ڕادەیەکی زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی زانستی (علم الرجال ـ الجرح والتعدیل) هەر بۆیەش بە وریایی و هەستیارییەوە مامڵە لەگەڵ گێڕەرەوەکان و مێژوونووسەکان و سەرچاوەکان دەکات، هەمیشە بەدوای سەنەدی هەواڵ و زانیارییەکان دەگەڕێت، هەر لەبەر ئەمەشە

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی نووسینەوەی مێژوو لای ئیبن حەجەر بریتییە لە پەیڕەوکردنی بنەماکانی (الجرح والتعدیل) لە نووسینەوەی مێژوو و ڕەخنەی مێژوویی، چونکە لە دیدگای ئەو پەیوەندیی بەتین هەیە لە نێوان زانستەکانی فەرمووده و مێژوو (السخاوي, ٢٠١٧/ ٣٩، ١٠٧)

ئەو پێیوایە مێژوو تەنها کۆکردنەوە و تۆمارکردنی هەواڵ و ڕووداوە باوەکان نییە، بەڵکو پشکنین و پاڵاوتنیانە، ئەم تێڕوانینەی ئیبن حەجەر بۆ مێژوو، ڕەنگدانەوەی ئەو ئاڕاستە هزرییە بوو، کە لە سەردەمەکەی هاتە ئاراوە، سەبارەت بە زانستی مێژوو، کە خۆی دەبینییەوە لە پەیڕەوکردنی بنەماکانی (ڕەخنە ـ شیکردنەوە ـ ڕاڤە) لە نووسینەوەی مێژوو، بە مەبەستی پاککردنەوەی لە هەواڵ و ڕووداوی هەڵبەستراو، ئەوانەی لە ڕێگەی گێڕانەوە تێکەڵ بە مێژوو کراون، ئەمەش بە پشتبەستن بە ڕێساکانی (الجرح والتعدیل)، کە خۆی دەبینێتەوە لە دەستنیشانکردنی ئەو گێڕەوانەی (الرواة) کە ڕاستگۆ و باوەڕپێکراون و جیاکردنەوەیان لەوانەی، کە جێگەی باوەڕنین، هەروەها بەدواداچوونی (سند)ی هەواڵ و گێڕانەوەکان. (فؤاد سید, ٢٠١٧/ ١٤) ئەم ئاڕاستەیەش زیاتر لە ڕێگەی ئەو مێژوونوسانە هاتە ئاراوە کە فەرموودەناس و زانای (الجرح والعدیل) بوون، بە تایبەتی (الذهبي م: ٧٤٨ک/ ١٣٤٨ز) و (ابن حجر) (السخاوي, ٢٠١٧ / ٩٣) ئەمانە بەوە ناسراون لە نووسینەوەی مێژوودا پابەندن بە زمانی ڕەخنەگرتن، هەردووکیشیان کەوتوونەتە بەر لۆمە و گازندەی هەندێک لە مێژوونووسان و زانایان، بەبیانووی ئەوەی زیادەڕۆییان کردووە لە ڕەخنەگرتن. بڕوانە: (السخاوي, ٢٠١٧ /٩٣، ١٨٧، ٢٠٢؛ ٢٠٠٣، ٤/ ٣٥٨) بۆیە دەگوترێت لە سەدەی (٨ ـ ٩ک/ ١٤ ـ ١٥ز) پێناسەیەکی نوێ بۆ زانستی مێژوو هاتە ئاراوە و ڕێبازی نووسینەوەی مێژووی گەشەی زۆری بەخۆیەوە بینی، هەندێک لە مێژوونووسەکان پێیانوابوو مێژوو تەنیا تۆمارکردنی ڕووداو و هەواڵی شەڕ و جەنگ و فەتح نییە، پرسیاریان دەکرد ئەوە کەی زانستە بزانی فلان سەرکردە فلان وڵاتەی

ڕزگارکردووە؟ ژمارەی سەربازەکانی چەند بوونە؟ (السخاوي, ١٨٦/٢٠١٧) لەوکاتدا مێژوو کرایە ئامرازێک بۆ هەڵێنجانی پەند و ئامۆژگاری و بەدەستهێنانی گەشەسەندن، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی گشتیی کۆمەڵگە و هۆکاری ڕووداوەکان و ئەو ڕێسایانەی دەبنە هۆی ڕوودانی ڕووداوەکان، بێگومان (ئیبن حەجەر)یش، یەکێک بوو لەوانەی ڕۆڵی سەرەکی بینی لەو ڕابوونە، بە نووسینی کۆمەڵێک پەرتووکی مێژوویی، لە بوارەکانی: (مێژووی گشتی ـ التراجم ـ الطبقات ـ كتب الرجال السيرة ـ المناقب ـ المعاجم والمشيخات) لەوانە: (الإصابة في تمييز الصحابة، مختصر البداية والنهاية، المنتقى من مغازي الواقدي، الإعلام بمن ولي مصر في الإسلام، لسان الميزان، ترجمة ابن تيمية، تهذيب التهذيب، الأيناس بمناقب العباس، معجم الشيخة مريم، منتخب تأريخ قزوين) بڕوانە: (السخاوي،١٩٩٩، ٢/ ٦٨١ ـ ٦٩٠)

## ٤ـ ناساندنی پەرتووکە مێژووییەکانی چوارچێوەی توێژینەوەکە:

### ١ـ إنباء الغمر بأبناء العمر:

بەناوبانگترین بەرهەمی مێژوویی ئیبن حەجەرە، لە بواری مێژووی گشتی، بەها و بایەخێکی زۆری هەیە، یەکێکە لە سەرەکیترین و باوەڕپێکراوترین سەرچاوە مێژووییەکانی سەردەمی مەمالیک لە هەموو ڕوویەکەوە (حسن، ١٩٦٣/ ١٨١؛ العزاوي, ١٩٥٧/ ٢٣٤؛ عبد الغني, ١٩٩١/ ١٢٨) دانەر ڕووداوە مێژووییەکان و بەسەرهات و ژیاننامەی ناودارانی تۆمارکردووە، هەر لە ساڵی لەدایکبوونیەوە (٧٧٣م/ ١٣٧١ک) تا (٨٥٠ک/ ١٤٤٦ز)، ڕووداوە مێژووییەکانی ناو ئەم پەرتووکە بە شێوازی (حولی) واتە بەگوێرەی ساڵەکان پۆلێنکراون، بە (٧٧٣ک) دەستپێدەکات و لە (٨٥٠ک) کۆتاییپێدێنێت. (حاجي خليفة، ١٩٤١، ١/ ١٧٠؛ ابن العماد، ١٩٨٦، ج٧/ ٢٦٧)

لە سەرەتای هەموو ساڵێک دەستدەکات بە گێڕانەوەی هەواڵ و ڕووداوی هەمەچەشن (سیاسی، ئاینی، سەربازی، کارگێڕی، زانستی، هزری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سروشتی، گەردوونی، سەیر و سەمەرە... هتد) دوای کۆتاییهاتنی هەواڵ و ڕووداوەکان، بە جیا ژیاننامەی کەسایەتییە ناودارەکان دەخاتەڕوو، کە لەو ساڵەدا مردوون، ناودارەکانی ناو (إنباء الغمر) هەمەچەشن و جۆراوجۆرن لە ڕووی: ڕەگەز، ڕەچەڵەک، ئاین، پێگە و پایە، بیروباوەڕ، پیشە، ناوەکانیشیان بە گوێرەی پیتەکانی (الهجائي) ڕێزکراون، هەروەک خۆی لە پێشەکیدا پەرتووکەکەی دەناسێنێت: "هذا تعليق جمعت فيه حوادث الزمان الذي أدركته منذ مولدي سنة ثلاث وسبعين وسبعمائة وهلم جرا مفصلا في كل سنة أحوال الدول عن وفيات الأعيان..." (١/ ٣ ـ ٤) پەرتووکی (إنباء الغمر) لەیەک کاتدا هەم بۆ ڕووداو و هەواڵەکان و هەمیش بۆ ژیاننامەی کەسایەتییە ناودارەکان تەرخانکراوە، بە جۆرێک بەشی ڕووداوەکان و بەشی ژیاننامەی کەسایەتییەکان لەیەکتر جیاناکرێنەوە، واتە زۆرجار وردەکاریی بابەتێک لە بەشی کەسایەتییەکان باسکراوە "كما سيأتي في الوفيات" یان بە پێچەوانەوە، وردەکاری دەربارەی کەسایەتییەک لە ناو ڕووداوەکانی ساڵێک خراوەتەڕوو "تقدم ذكر قتله في الحوادث" بڕوانە: (ج١/ ٣٩٨ ، ٣/ ١٤٨).

ئەم پەرتووکە جگە لەوەی ڕووداو و بویەرە سیاسییەکانی جیهانی ئیسلامی و دەرەوەی ئەم جیهانەشی لەخۆگرتووە، لە ماوەی نێوان ساڵانی (٧٧٣ ـ ٨٥٠ک/ ١٣٧١ـ ١٤٤٦ز) لەهەمان کات سەرچاوەیەکی بنەڕەتییە دەربارەی شارستانیەت و شێوازی بەڕێوەبردن و لایەنی کارگێڕی لە دەوڵەتی مەمالیک و هێزە هاوچەرخەکانی[٨]، وێڕای ئەوانەش، سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ پەیوەندییەکانی مەمالیکەکان لەگەڵ دەوڵەت و قەوارەکانی دەوروبەری، هەروەها وێنەیەکی ڕوون پیشاندەدات دەربارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئاینی، زانستی، هزری،

تەندروستی، سروشتی، گەردوونی، بە پلەی یەکەم لە مصر و شام و یەمەن، پاشان حیجاز، عێراق، وڵاتی فارس، حەبەشە، مغرب و دەوروبەری، ئەندەلوس، هیند، وڵاتانی ئەو دیو ڕووبار، وڵاتی ڕۆم و هەموو ئەو شوێنانەی پەیوەندییان لەگەڵ مەمالیکەکان هەبووە، لەلایەکی تر تۆمارێکی مێژوویی بەسوودە بۆ ژیاننامەی ناودارەکان لە هەموو چین و توێژەکان (خەلیفەکان - سوڵتانەکان - ئەمیرەکان - سەرکردە سەربازیەکان - زاناکان - دادوەرەکان - وەزیرەکان - دیندارەکان - پیاوچاکان - بازرگانەکان، گۆرانیبێژان... هتد" لە ماوەی حەفتا و حەفت ساڵ. چەند هۆکارێک لە پشت نووسینی ئەم پەرتووکەوە بوونە، لەوانە بایەخی زانستی مێژوو لای ئیبن حەجەر و هەبوونی شارەزایی بەرفراوان لەوبوارە، هەروەها هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی بۆ درێژەدان بە تۆمارکردنی مێژووی موسڵمانان و بەبەڵگەییکردنی ڕووداوەکانی سەردەمەکەی، بە مەبەستی تەواوکردنی نووسینی مێژوونووسانی پێش خۆی و بەردەوامیدان بە زنجیرەی مێژوو، هەروەک لە پێشەکیی پەرتووکەکەی ئاماژەی بۆ کردووە دەڵێت: "وهذا الكتاب يحسن من حيث الحوادث أن يكون ذيلا على ذيل تاريخ الحافظ عماد الدين ابن كثير فإنه انتهى في ذيل تاريخه إلى هذه السنة، ومن حيث الوفيات أن يكون ذيلا على الوفيات التي جمعها الحافظ تقى الدين ابن رافع فإنها انتهت أيضا إلى أوائل هذه السنة" (ج١/ ٥)

٢- الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة (الوفيات الكامنة لأعيان المائة الثامنة):

یەکێکی ترە لە بەهادارترن دیارییەکانی ئیبن حەجەر بۆ پەرتووکخانەی مێژوویی، پەرتووکێکی ناوداری ژیاننامەکانە (التراجم) تەرخانکراوە بۆ ناودارانی سەدەیەکی دیاریکراو، سەرەکیترین سەرچاوەیە بۆ ژیاننامەی ناودارانی سەدەی (٨ک/ ١٤ز) (الوافي، ٢٠٠٨/ ٤ ٣٠؛ خضر،

١٩٩٥/ ٢٠٠٥؛ سالم، ٢٠١٠/ ١٨٢) هەروەک خۆی لە پێشەکییەکەیدا پێناسەی کردووە و دەڵێت: "أما بعد فهذا تعليق مفيد جمعت فيه تراجم من كان في المائة الثامنة من الهجرة النبوية من ابتداء سنة إحدى وسبعمائة إلى آخر سنة ثمانمائة من الأعيان والعلماء والملوك والأمراء والكتاب والوزراء والأدباء والشعراء وعنيت برواة الحديث النبوي) (٢/١).

دانەر ناوی کەسایەتییەکانی بە گوێرەی پیتی (الهجائی) ڕیزبەندکردووە، لە میانەی گێڕانەوەی ژیانی ناوداران زانیاریی تەواو لەسەر هەموو لایەنەکان دەخاتە بەردەست، بەم ڕێکخستنە: ناوی تەواوی، ڕەچەڵەکی، نازناوی، کونیەی، ئەو ناوەی پێی بەناوبانگە (اسم الشهرة)، هۆزەکەی، نیشتمانەکەی، ئاین و بیروباوەڕی، لەدایکبوون و پێگەیشتنی، گەشتەکانی، شارەزایی (زانستی ـ کارگێڕی ـ هونەری)، بەرهەمەکانی، خوڕەوشت و ڕەفتاری کەسی (لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی کەسایەتی)، خاسیەتی جەستەیی، پێگە و پۆستەکانی، پەیوەندییەکانی، بۆچوونەکان لەسەری، پیشەکەی، خولیا و ئارەزووەکانی، مردن و ساڵەکانی تەمەنی.

ناوەرۆکی (الدرر الكامنة) سنووردار نییە بە پێکهاتەیەک یان توێژێکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵگە، بەڵکو هەموو چین و توێژەکانی تێدا کۆکراوەتەوە بە جیاوازیی (پلە و پایە ـ ڕەگەز ـ ڕەچەڵەک ـ ئاین ـ بیروباوەڕ ـ پیشە) وەک: (خەلیفەکان، سوڵتانەکان، پادشاکان، ئەمیرەکان، وەزیرەکان، زاناکان، شاعیرەکان، دادوەرەکان ـ وتاربێژان ـ ئامۆژگاریکاران ـ پەردەداران ـ جێگرەکانی سوڵتانەکان ـ پیاوچاکان ـ بازرگانەکان ـ فرۆشیاران، کارزانەکان ـ گۆرانیبێژان ـ کەسانی تایبەت و جیاواز... هتد) کە ژمارەیان دەگاتە (٥٣٢٣) کەسایەتی. هەروەها لە ڕووی کاتەوە پەرتووکەکە ژیان و بەسەرهاتی کەسایەتییە ناسراوەکانی ماوەی ساڵانی (٧٠١ک/١٣٠١ز) تا (٨٠٠ک/ ١٣٩٨ز)ی، لەخۆگرتووە، سەبارەت بە شوێنیش ئەوا (الدرر الكامنة)، گشتگیرە و کەسایەتییەکانی جیهانی

ئیسلامی و چەندان شوێنی دەرەوەی ئەو جیهانەش لەخۆدەگرێت وەک: (مصر، شام، حجاز ـ یەمەن ـ عێراقی عەرەبی، عێراقی عەجەمی، وڵاتی فارس، هەرێمی جەزیرەی فوراتی، وڵاتی ڕۆم، مغرب، ئەندەلوس، وڵاتانی ئەودیو ڕووبار... هتد) ئەمەش ئاماژەیە بۆ گشتگیریەتی مێژوو لای ئیبن حەجەر.

ئەم سەرچاوە مێژووییە جگە لەوەی ژیاننامەی ناوادارانی سەدەیەکی لەخۆگرتووە، لە هەمان کاتدا وێنەیەکی ڕوونی ڕەوشی سیاسی، کارگێڕی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، زانستی، هزری دەنەخشێنێت لە سەدەی (٨ک/ ١٤ز) بە گشتی و سەردەمی مەمالیک بە تایبەتی، بۆیە سەرچاوەیەکی سەرەکییە، لە هەموو ڕوویەکەوە. شایەنی باسە ئیبن حەجەر وەک هەموو دانراوەکانی تری، لێرەشدا بایەخی زۆری داوە بە تۆمارکردنی ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە هەموو ڕوویەکەوە، بڕوانە: (جمال الدین، ٢٠٠٣/ ٩ ـ ٣١) لەم پەرتووکەدا ژیانی ژمارەیەکی زۆر ژنی ناوداری گێڕاوەتەوە، بەهۆیەوە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی بەشداری و ڕۆڵی ژنان لە سەردەمی مەمالیک.

**٣ـ ذيل الدرر الكامنة في أعيان المائة التاسعة:**

بریتییە لە پاشکۆی (الدرر الكامنة) تەرخانکراوە بۆ ژیاننامەی ناودارانی ماوەی ساڵانی (٨٠١ک/ ١٣٩٩ز ـ ٨٣٢ک/ ١٤٢٩ز)، ناوداران بە گوێرەی ساڵی مردنیان ڕیزکراون بۆ ئەوەی بە ئاسانی بدۆزرێنەوە، بڕوانە: (ابن حجر، ١٩٩٨/ ٢٥) واتە ڕێچکەی (ذيل الدرر الكامنة) جیاوازە لەگەڵ (الدرر الكامنة)، نووسەر ژیان و بەسەرهاتی شەش سەد و سی و نۆ کەسایەتی لە هەموو چین و توێژەکان دەگێڕێتەوە، لە یەک کاتدا سەرچاوەیەکی مێژوویی پشتپێبەستراوی بەسوودە بۆ ژیان و بەسەرهاتی ناودارانی سێیەکی سەدەی (٩ک/١٤ز) و بارودۆخی سیاسی ـ زانستی ـ هزری ئابووری ـ کۆمەڵایەتی، لە مصر و دەوروبەری.

**٤. رفع الإصر عن قضاة مصر:**

شاكارێكی تری ئیبن حەجەرە، سەرچاوەیەكی ناوداری (طبقات)ە، تایبەتە بە ژیان و بەسەرهاتی دادوەرەكانی مصر، هەر لە ڕۆژگاری ڕزگاركردنی لە لایەن موسڵمانەكان تا ساڵی (٨٢٧ك/ ١٤٢٤ز) ناوی دادوەرەكان بە گوێرەی پیتەكانی (هجائی) ڕێزكراون، دانەر لە پێشەكیدا ڕێبازی خۆی ڕوونكردۆتەوە لە نووسینی پەرتووكەكە، ئاماژە بەوەدەكات هەڵساوە بە لێكۆڵینەوە لە ناوی دادەوەرەكان و بنەچە و شوێن و ساڵی لەدایكبوون و مردنیان، پاشان پێگەیشتن و بیروباوەڕیان و ساڵی وەرگرتنی پۆستی دادوەری و ئاستی شارەزایی زانستی و توانا و لێهاتووییان و چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی پۆستەكە و لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی دادوەرەكە. بڕوانە: (١٩٩٨/ ٣). نووسەر هەروەک هەموو پەرتووكەكانی تر لە پێشەكیدا ناوی ئەو سەرچاوانەی ژماردووە كە پشتی پێ بەستوونە لە نووسینی (رفع الإصر). بڕوانە: (١٩٩٨/ ٣ ـ ٤). گرنگیی ئەم سەرچاوە مێژووییە لەوەدایە، جگە لەوەی ژیان و بەسەرهاتی ژمارەیەكی زۆری دادوەری تێدا تۆماركردووە لە هەموو ڕوویەكەوە، لەهەمان كات پەیكەری سیستەمی دادوەری وێنادەكات، لە شارستانیەتی ئیسلامی و تیشك دەخاتە سەر ڕۆڵ و پێگەی پۆستی دادوەری و دادوەر لە مێژوویی مصر لە جێگیربوونی دەسەڵاتی ئیسلام، تا سەردەمی مەمالیک.

**٥. المجمع المؤسس للمعجم المفهرس:**

دانراوێكی تری بەنرخی ئیبن حەجەر لە بواری (المشیخة ـ المشیخات) تایبەتە بە ژیان و هەواڵی ئەو شێخانەی، كە لە قۆناغەكانی خوێندندا وانەیان پێ وتووە و گوێبیستیان بووە و مۆڵەتی لێ وەرگرتوون، لە پێشەكیی پەرتووكەكەدا دەڵێت: "زۆرێك لە فەرموودەناسانی پێشینانمان گرنگییانداوە بە كۆكردنەوەی ناوی شێخەكانیان و تۆماركردنی هەواڵی

گەورەکانیان، منیش شوێنپێیان کەوتم، بۆ بەبیرهێنانەوەیان و نوێکردنەوەی سۆز و بەزەیی بۆیان، ناوی شێخەکانم کۆکردەوە" (١٩٩٤، ١/ ٧٥ ـ ٧٦) لەو بەرهەمەدا ژیانی (٧٣٠) زانای نووسیوەتەوە، کە لێیانەوە فێری زانستی جۆراوجۆر بووە، ناوەکانیانی بە گوێرەی پیتەکانی (هجائی) ڕیزکردووە، لە میانەی گێڕانەوەی ژیاننامەی شێخەکانی تیشک دەخاتە سەر: ناویان، ڕەچەڵەکیان، پێگەیشتنیان لە بواری زانست، ئاستی زانین و ئەو پۆستانەی وەریانگرتووە، هەروەها خاسیەتەکانیان، لەگەڵ ئاماژەکردن بەو زانست و پەرتووکانەی، کە لەلایانی خوێندوون یان گوێی لێگرتوون، و باسکردنی سات و شوێنی ئامادەبوون لە وانەکانیان و وەرگرتنی مۆڵەت لێیان، ساڵی (٨٠٦ک/ ١٤٠٤ز) دەستی بە نووسینی کردووە، لە ساڵی (٨٤٥ک/ ١٤٤٢ز) بەکۆتاییگەیاندووە (١٩٩٨، ٣/ ٨٣) سەرەڕای ئەوەی پەرتووکی (المجمع المؤسس) فەرهەنگێکی گەورەیە بۆ سەربوردە و ژیانی زانایانی سەدەی (٨ک/ ١٤ز) و نیوەی یەکەمی سەدەی (٩ک/ ١٥ز) ئەوا سەرچاوەیەکی زانستیشە بۆ لێکۆڵینەوە لە بزاڤی زانستی و ڕۆشنبیری و چەندین لایەنی تری سەردەمی مەمالیک.

بایەخی ئەم پەرتووکە مێژووییانە لەوە بەدەردەکەوێت، کە مێژوونووس و لێکۆڵەرانی سەردەمی خۆی و دوای خۆشی وەک سەرچاوەی سەرەکی پشتیانپێبەستوون بۆ توێژینەوە و نووسینەوەی مێژوو و شارستانیەتی سەردەمی مەمالیک و پێشتریش، چونکە زۆر جار دەگەڕێتەوە بۆ بابەتە مێژووییەکانی سەردەمەکانی پێش خۆی و شیکارییان بۆ دەکات. بۆ نموونە بڕوانە: (ابن قاضي شهبة, ١٩٨٧، ٣/ ٣٥؛ سبط ابن العجمي، ١٩٩٧، ١/ ٧٥، ١٦٧؛ السيوطي, ٢٠١٠, ٢/ ٥؛ الغزي, ١٩٨٣/ ٢٥٨).

**١ـ پشتبەستن بە سەرچاوەی زۆر و هەمەجۆر:**

خاسیەتێکی بەرچاوی عەسقەلانی لە نووسینی مێژوودا، پشتبەستنە بە سەرچاوەگەلێکی جۆراوجۆر، لەم ڕووەوە دەتوانین سەرچاوەی زانیارییەکانی ناوبراو بە گشتی و پەیوەست بە کورد و کوردستان بەسەر چەند جۆرێک دابەشبکەین:

**أـ بینین و بەشداریی کەسی:**

بەهۆی چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری ناوداران و زانایان و فێرخوازان، و گەشتکردن بۆ چەندین شار و وڵاتی جیاواز، هەروەها وەرگرتنی ژمارەیەک پۆست لە دەوڵەتی مەمالیک و دەستگەیشتن بە بڕیار و نووسراوەکانی دەوڵەت و بوونی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سوڵتانەکان و کاربەدەستان، بەسەربردنی ژیان لە ناو چینی گشتی، هۆکارن بۆ کەڵەکەبوونی ماددەیەکی زۆری مێژوویی لای ئیبن حەجەر کە لەگەڵ هیچ مێژوونووسێکی سەردەمی خۆی بەراورد ناکرێت (زيادة، ١٩٤٩/ ١٩؛ عنان، د.س/ ١١٠ ـ ١١١) ناوبراو ئامادەی زۆرێک لە ڕووداوەکان بووە و بە چاوی خۆی بینیونی، ئەمەش وایکردووە ببێتە تاکە سەرچاوە بۆ زۆرێک لە ڕووداوە مێژووییەکان، ئاماژەکانی بەشداربوونی ئیبن حەجەر لە ڕووداوەکان لە کۆمەڵێک دەستەواژە بەدیاردەکەوێت، لەوانە: (رأيت، رأيته) (١٩٦٩،١/ ١٥٣؛ ١٩٧٢، ١/ ٢٣٧) (شاهدت ـ شاهدته) (٢٤٥/١٩٩٨؛ ١٩٩٤, ٣/ ١٢٧) (لقيته) (١٩٧٢, ٣/ ١٦) (اجتمعت به ـ اجتمع بي ـ اجتمعنا) (١٩٧٢، ٣/ ١٢٠؛ ١٩٦٩، ٢/ ١٨٧؛ ١٩٩٤،٣/ ٢١٤) (رافقني ـ لازمني ـ لازمت ـ صحبته) (١٩٦٩،٣/ ٥٣، ٦٢؛ ١٩٩٤، ٢/ ٣٠٥) (حضرت ـ حضرنا ) (١٩٦٩، ٣/ ٣١٩؛ ٤/ ٩٩؛ ١٩٩٤، ٣/ ١٩١) (قرأت عليه ـ قرأت عليها ـ قرأ علي)

(١٩٧٢, ٦/ ١٥٦؛ ١٩٦٩، ١/ ١٠٢؛ ٢/ ١٦٥)  (وقد زرته) (١٩٦٩، ٢/ ٢١٥).

عەسقلانی چاودێری هەواڵ و ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کردووە، بەم بۆنەیەوە ئاگاداری زۆرێک لە ڕووداوەکانی کوردستانیش بووە. بڕوانە: (ابن حجر، ١٩٦٩، ١/ ١٠٧، ٢/ ٢٠٨) تەنانەت لە هەندێکیان ڕاستەوخۆ بەشداری کردووە، بۆ نموونە لە ساڵی (٨٣٦ک/١٤٣٣ز) بە یاوەریی سوڵتانی مەمالیک (الأشرف برسباى) گەشتی کردووە بۆ شام و جەزیرە، بۆ ئامادەکاری ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر هێزەکانی (قەرەیولوک)(١٠) لە (ئامەد) و و ڕزگارکردنی ناوچەکە (ابن حجر، ٣،١٩٦٩/ ٤٩٧ ـ ٤٩٨) لەوێدا سەردانی زۆرێک لە شار و دێهاتەکانی شام و جەزیرەی ئیبن عومەری کردووە، چاوی بە زۆرێک لە زانایان و ناوداران کەوتووە، دواتر بە وردی چاودێری ئابلۆقەدانی شاری (ئامەد)ی، کردووە لە لایەن سوپای مەمالیک، زانیاریی ورد و دەگمەن دەخاتەڕوو دەربارەی ڕووداوەکە و ناوچەکە. بڕوانە (١٩٦٩، ٣/ ٤٩٢ ـ ٤٩٩)  بۆ نموونە بەشداریکردنی (الملك الأشرف الأيوبي ٨٢٧-٨٣٦ک/ ١٤٢٣-١٤٣٣ز) خاوەنی شاری (حصن كيفا)(١١) شانبەشانی سوڵتانی مەمالیک و کوژرانی لەلایەن (تورکمانەکان).

ئەمە و ئیبن حەجەر بەرکەوتەی ڕاستەوخۆی هەبووە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کەسایەتی و ناودارانی کورد چ ئەوانەی مامۆستای بوونە، چ ئەوانەی هاوڕێی بوونە یان لە دەرفەتێکدا چاوی پێیان کەوتووە، بۆیە لە کاتی گێڕانەوەی ژیانیان زانیاریی تێروتەسەل و ورد دەخاتە بەردەست، بۆ نموونە کاتێک ژیاننامەی دادوەر (عبد الله کوڕی علی سنجاری م: ٧٩٩ک/ ١٣٩٧ز) دەگێڕێتەوە دەڵێت: " لە (صور) دادوەر بوو، کە شارۆچکەیەکە لە نێوان حصن کیفا و ماردین، لەلای  زانایانی سنجار و ماردین و موصل و أربیل فیقهی خوێندووە، پاشان چۆتە

دیمەشق و لەلای (القونوی الحنفی) خوێندوویەتی، دواتر هاتۆتە مصر لەسەر دەستی (شمس الدین الأصبهاني) درێژەی داوە بە خوێندن و وەرگرتنی زانست، دوای پێگەیشتنی فەتوای داوە و وانەی گوتووەتەوە، لە ڕێبازی حەنەفی و لایەنەکانی تر پێگەیشت، نووسینی هەبووە، ماوەیەک بووە جێگری دادوەری حەنەفییەکان و پاشان پۆستی وەکیلی (بیت المال)ی، لە دیمەشق وەرگرت، هاوکات وانەی لە فێرگەی (الصالحیة) دەگوتەوە، لە کۆتاییدا هاتە مصر، چاوم پێیکەوتووە و گوێم لە ئاخاوتنەکانی بووە، لەدایکبووی ساڵی (٧٢٢ک) بوو، کەسێکی ڕەوشت باش و نەرم و نیان و بە سۆز و میهر بوو، لە هۆنراوەکانی..." (١٩٦٩، ١/ ٥٣٤)

**ب ـ سەرچاوەی زارەکی:**

ئیبن حەجەر ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشێکی زۆری هەواڵ و زانیارییەکانی لە زاری کەسایەتییەکان ، لە تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە گواستووەتەوە، لەوانە: مامۆستاکانی، سوڵتانەکان، پلەدارەکانی دەوڵەت، مێژوونووسان، زاناکان، هاوڕێ و یاوەرانی... هتد. بڕوانە:(١٩٦٩، ١/ ٣٨، ٩٣، ٥٣٥؛١٩٩٤/ ٣/ ٢٥٤؛ ١٩٧٢، ٣/ ٩٤)

دەتوانین سەرچاوەکانی بە شێوەی زارەکی دابەشبکەین بەسەر سەرچاوەی دیار و نادیار، بەو پێیەی بەشێک لە وێژەری سەرچاوەی زانیارییەکان دیارن، وەک: (قال لي ـ قال لنا) (١٩٦٩، ٣/ ٤٦٧؛ ١٩٧٢، ٣/ ٩٤) (حكي لي ـ حكاه لي) (سمعت من لفظه ـ سمعت منه ـ سمعت عليها) (١٩٦٩, ١/ ٣٢٤؛ ج٢/ ١٦٤؛ ٣/ ٢٢١؛ ١٩٩٤، ٣/ ٢١؛ ٢/ ٨٣) هەروەها دەستەواژەکانی (روي لنا) (أخبر ـ أخبر بموته في هذه السنة مسعود الكجحاوي) (أخبرني ـ هكذا أخبرني به عبد الرحمن...) (١٩٦٩، ٤/ ١٣١؛ ١٩٧٢، ١/ ٤٢٣؛ ١٩٩٨/ ٤٦٦)

بەڵام هەندێک لەو سەرچاوە زارەکییانە، وێژەرەکانیان دیارنین، بەڵکو سەرچاوەی گشتی و نادیارن، ئەمەش لەم دەستەواژانە بەدیاردەکەوێت: (بلغني ـ على ما بلغني) (١٩٦٩، ٤/ ١٨٣؛ ١٩٧٢، ١/ ١٤٣) (وقدم الخبر ـ ورد الخبر ـ وصل الخبر ـ جاءة الخبر ـ جاء الخبر ـ شاع الخبر) بڕوانە: (١٩٦٩، ٢/ ٤٥٣؛ ٢/ ٢٦٢؛ ٣/ ٢١٤؛ ١٩٧٢، ٤/ ٣٣١؛ ١٩٩٤، ٣, ١٢٧؛ ١٩٩٨/ ١٥) بە هەمان شێوە ئەم ڕستە و دەستەواژانە بێژەرەکانیان نادیارن: (سمعت بعض الناس يذكر...) (١٩٦٩، ٣/ ٥٢٨) "ذكر لي بعض من أثق به) (١٩٩٤، ٣/ ٣٤٧؛ ١٩٩٨ / ٢٩) (على ما أخبرني به ـ بذلك) (١٩٦٩ , ١/ ٣٩٠؛ ١٩٩٤, ٣/ ٣٦٢).

بەشێک لەو ڕووداو و هەواڵ و زانیارییانەی، کە ئیبن حەجەر سەبارەت بە کورد و کوردستان لە پەرتووکە مێژووییەکانی تۆماریکردوون، بە شێوەیەکی زارەکی گوێبیستیان بووە، بۆ نموونە لە چوارچێوەی ڕووداوەکانی ساڵی (٨٢٠ک/١٤١٨ز) زانیاریی مێژوویی گرنگ و ناوازە سەبارەت بە شەڕی نێوان سەرداری قەرەقویونلوکان (قرەیوسف٧٩١ ـ ٨٣٢ک/ ١٣٨٨ ـ ١٤٢٠ز) و (قەریولوک ـ قرایلک)ی، سەرکردەی ئاق قویونلوکان، لە ناوچە کوردییەکان دەخاتەڕوو، دەڵێت: "هەواڵ هات کە قەرەیوسف خۆی بۆ بەرنگاربوونەوەی قەرەیولک ئامادەکردووە، (قرایلک) پەنای بردە بەر سوڵتانی مەمالیک، سوڵتان بەرەو ئاراستەی قەڵای (کرکر)(١٢) هەنگاوی نا، پاشان لە قەڵای (کرکر) دابەزی، لەو کاتەدا هێزێکی سەر بە قەرەیوسف ماڵ و سامانی کوردە کۆچەرییەکانی قەڵای (بیشار)(١٣) یان تاڵان کرد، پاشان سوپای قەرەیوسف گەیشتە (خەربوت)(١٤) و دەستیبەسەرداگرت..." (١٩٦٩، ٣/ ١٣١ ـ ١٣٢) لەبەر ئەوەی ئیبن حەجەر هاوچەرخی ئەم ڕووداوەیە، دەبینین ئاگاداری ورد و درشتی ڕووداوەکە بووە و زانیاریی گرنگی مێژوویی و جوگرافی دەربارەی ناوچە کوردییەکان دەخاتە بەردەم لێکۆڵەرانی مێژوو.

هەر بە ڕێگەی زارەکی (الحافظ العراقي) زانیاریی دەگمەن و ناوازەی داوە بە (ئیبن حەجەر) سەبارەت بە ژیان و بەسەرهاتی زانا و فەرموودەناسی کورد (ناصر الدین محمد کوڕی إسماعیل کوڕی عبدالعزیز الأیوبي م: ٧٥٦ک/ ٢٣٥٦ز) ناسراو بە (ابن الملوک) بڕوانە: (١٩٧٢، ٣/ ٢٣٥) لێرەدا ئیبن حەجەر ژیاننامەی ئەم ناودارەی لەسەر زاری مامۆستاکەی بۆ سەر لاپەڕەکانی مێژوو گواستووەتەوە، بەمەش ژیاننامەکەی لە لەناونەچوون ڕزگارکردووە.

هەروەها فەقیهـ و فەرموودەناسی دیمەشقی (الشیخ شهاب الدین الملکاوي م: ٨٠٣ک/ ١٤٠١ز) بە زارەکی، وردەکاریی بیروباوەڕ و نهێنییەکانی ژیانی شەرعزان (یوسف کوڕی الحسین الکردي الدمشقي م: ٨٠٤ک/ ١٤٠٢ز)ی، بۆ (ئیبن حەجەر) باسکردووە، ئەویش تۆماری کردووە لە پەرتووکی (إنباء الغمر) (٢,/ ٢٢٤)، بەمەش لە هەموو ڕوویەکەوە بۆتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ ژیاننامەی ئەم کەسایەتییە کوردە.

تێبینی دەکرێت، عەسقەلانی بە شێوەیەکی گشتی زانیارییەکانی لە کەسانی باوەڕپێکراو گواستووەتەوە، ڕێبازێکی ڕوون و بابەتی پەیڕەوکردووە و ناوی ئەوانەی هێناوە، کە زانیاری لێوەرگرتوون، ئەمەش لە ژێر کاریگەریی زانستی فەرموودە، هەمیشە سوور بووە لەسەر بەدیارخستنی سەرچاوەی گێڕانەوەکان، لەم ڕێگەیەوە هەواڵ و ڕووداوی زۆری لە زاری کەسایەتییەکان بیستووە و پاشان تۆماری کردوون و نەیهێشتووە ونببن.

**ت ـ نامە و نووسراوەکانی دەوڵەت:**

بەهۆکاری ئەوەی ژمارەیەک پۆستی بەڕێوەبردووە و نزیک بووە لە سوڵتانەکان و ئەمیرەکان، ئیبن حەجەر ئاگادار بووە بەو نووسراوانەی،

که بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت و سوڵتانەکان دەهاتن و ئەوانەش کە دەنێردران، ئەم بەڵگەنامانە بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ زانیارییەکانی، وێڕای ئەمانە، ئەو نامانەی کە لە نێوان ئیبن حەجەر و هاوەڵانی ئالوگۆڕدەکران هەواڵ و زانیاریی مێژوویی زۆریان تێدایە، بوونی ئەم دەستەواژانە لەناو پەرتووکە مێژووییەکانی ئاماژەن بۆ ئەم جۆرە سەرچاوانە: (ورد كتاب ـ ووصل كتاب) بڕوانە: (١٩٦٩، ١/ ٢٩٠؛ ١٩٧٢, ٤/ ١٢٧) (راسلني ـ كتب لي ـ كتب الي) (١٩٦٩, ٢/ ١٩٢، ٤٧٧؛ ١٩٩٤، ٢/ ٢٤٥) "وفي سادس شوال قدمت رسل قرا يوسف على المؤيد فسمع الرسالة وأعاد الجواب..." (١٩٦٩، ٣ / ١٠٠)

لەم ڕێگەیەوە ئیبن حەجەر پەردەی لەسەر کۆمەڵێک ڕووداوی مێژوویی پەیوەست بە کورد و کوردستان لاداوە، کە جێگەی بایەخن بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی, لەناویاندا نامەی فەرمانڕەوای (حصن كيفا) لە ساڵی (٨٣٩ک/ ١٤٣٦ز) و نووسراوی فەرمانڕەوای ئەربیل (أربل) لە ساڵی (٨٠١ک/ ١٣٩٩ز) بۆ مصر و ئاگادارکردنەوەی سوڵتانەکانی مەمالیک سەبارەت بە پێشهاتەکان: "وورد كتاب صاحب حصن كيفا يخبر فيه بمنازلة شاه رخ تبريز وإذعان إسكندر بن قرا يوسف، ثم ظهر أن إسكندر انكسر ودخل شاه رخ تبريز..." (١٩٦٩, ٤/ ١١) "وفيها أرسل صاحب أربل يخبر بأن اللنک توجه إلى جهة هذه البلاد ثم توجه إلى بغداد" (١٩٦٩، ٢/ ٤٧). ئەمەش دەرخەری ئەوەیە قەوارە و سەرداریيەتە کوردییەکان پەیوەندیی پتەویان لەگەڵ مەمالیکەکان هەبووە و نامە و نامەگۆڕینەوە لە نێوانیان هەبووە.

هەروەک مێژوونووسی کوردی شاری حصن کیفا (حسن کوڕی ابراهيم الحصني م: دوای ٨٢٢ک/ ١٤٢٠ز) لە ڕێگەی نووسینێک زانیاریی نەبیستراو بۆ ئیبن حەجەر دەنێرێت دەربارەی سوڵتانی جەلائیری (شیخ أویس کوڕی شێخ حسن ٧٦٠ ـ ٧٧٦ک/ ١٣٥٦ ـ ١٣٧٤ز) و باب و

باپیرانی، نووسینەکە بۆتە سەرچاوە بۆ ئیبن حەجەر. بڕوانە: (١٩٦٩، ١/ ٨٣).

## ث ـ سەرچاوەی مێژووی نووسراو:

لایەنێکی دیاری عەسقەلانی، ئەوەیە لە پێشەکی و وتاری زۆربەی پەرتووکە مێژووییەکانی، ئاماژەی بەو سەرچاوانە کردووە، کە پشتی پێ بەستوون، وەک ئەوەی لە پێشەکیی (إنباء الغمر) ناوی هەندێک لەو مێژوونووسانەی هێناوە[١٥] دەڵێت: "سوودم لە نووسینەکانیان وەرگرتووە، بە تایبەت ئەوانەی باوەڕپێکراون" (١/ ٤). ئەگەر سەرنجبدەین دەبینین عەسقەلانی زیاتر بۆ نووسینەوەی مێژووی ساڵانی (٧٧٣ ـ ٨٠٢ک/ ١٣٧٢ ـ ١٤٠٠ز) پشتی بە کۆمەڵێک سەرچاوە بەستووە، لەبەرئەوەی بەشێک لە ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە هاوکاتن لەگەڵ سەردەمی منداڵی و ماوەی خۆپێگەیاندن لە لایەک، و تا ساڵی (٨٠٢ک/ ١٤٠٠ز) دەستی نەکردبوو بە نووسینی مێژوو (١٩٦٩، ٣/ ٢٣) هەر بۆیەش ئاماژە بەوەدەکات زیاتر ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوە مێژووییەکان وەرگرتووە کە لێیان بێئاگا بووە (١٩٦٩، ٥/١) بە هەمان شێوە لە پێشەکیی (الدرر الكامنة) ناوی بەشێک لەو پەرتووکانەی هێناوە، کە وەک سەرچاوە بەکاریهێناون، بە تایبەتی بۆ ژیاننامەی ئەو کەسانەی پێش لەدایکبوونی، یان لە سەرەتای تەمەنی ئەو ژیاون. بڕوانە: (١٩٧٢، ٩/١).

مێژوونووس عەسقەلانی بەشێک لە زانیارییەکانی لەسەر ناودارانی کورد و ڕووداوەکانی کوردستان، لەم سەرچاوانە وەرگرتوون، بۆ نموونە هەموو ژیاننامەی ئەمیر (شمس الدين ابراهيم کوڕی خشنام الكردي الحميدي م: ٧٠٥ک/ ١٣٠٦ز)ی, لە (تأريخ البرزالي) وەرگرتووە و لە کۆتایی زانیارییەکان لەسەر ژیاننامەی ئەم کەسایەتییە کوردە دەڵێت: "برزالی وایگوتووە/ ذکر ذلك البرزالي"(١٩٦٩، ١/ ١٠٥)

زۆر جار بۆ پەردەلادان لەسەر تەواوی ژیانی کەسایەتییە کوردییەکان، پەنا دەباتە بەر زیاتر لە سەرچاوەیەک بە تایبەتی ئەگەر بۆچوونی جیاواز هەبێت لەسەری، هەوڵدەدات هەموو بۆچوونەکان بخاتەڕوو، هەروەک لە گێڕانەوەی ژیانی زانای زانستەکانی قورئان (ضياء الدين موسى کوڕی على الزرزاری کوردی م: ٧٣٠ک/ ١٣٣٠ز) وایکردووە و دەڵێت: "... لە ساڵی ٦٥٨ لەدایکبووە لە (اربل)، بەڵام بە گوێرەی نووسینی (ابن رافع م: ٧٧٤ک/ ١٣٧٢ز) لە ساڵی (٦٥١) لەدایکبووە... (أبو حيان) دەڵێت: دەروونێکی جێگیر و وێنەیەکی جوانی هەبوو چاکەکانی زۆر بوون "(١٩٧٢، ٦/ ١٤٣) لێرەدا گرنگە باسی بکەین پەرتووکی (مجاني العصر في أعيان العصر) کە سەرچاوەی (ابن حجر)ە، بۆ ژیاننامەی ئەم کەسایەتییە کوردە تا ئێستا ونە، خۆشبەختانە لە ڕێگەی ئەوەوە زانیارییەکانی بە ئێمە گەیشتووە.

شایەنی باسە لە نووسینی پەرتووکە مێژووییەکانی، سوودی لە ژمارەیەک بەرهەمی مێژوویی مێژوونووسە کوردەکانیش وەرگرتووە، لەوانە: (وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان)ی ابن خلكان م: ٦٨١ک/١٢٨١ز) و (المختصر في اخبار البشر) ی (أبو الفداء م ٧٣٢ک/١٣٣٢ز) و (تاريخ حوادث الزمان وأنبائه ووفيات الأكابر والأعيان من أبنائه)ی (ابن الجزري م: ٧٣٩م/ ١٣٣٨ز) و... هتد بڕوانە: (١٩٦٩، ٣ / ٤٥٧؛ ١٩٧٢، ٢/ ١٦٠؛ ٤/ ٢٣٦؛ ١٩٩٨/ ٣٣٧)

ژمارەیەکی بەرچاو لەو پەرتووکە مێژووییانەی عەسقەلانی زانیاری لێگواستونەتەوە تا ڕۆژگاری ئێستا ونن و بەردەست نین، تەنانەت هەندێکیان هەر ناسراو نین، وەک: (مجانی العصر في أعيان العصر)ی (ابو الحيان النحوي م: ٧٤٥ک/ ١٣٤٤ز) و (ذيل على تاريخ حلب لابن العديم) ی (ابن عشائر م: ٧٨٩ک/ ١٣٨٧ز) و (التأريخ) ی (التقي الزبيري م: ٨١٣ک/ ١٤١٠ز) بەڵام لە ڕێگەی نووسینەکانی ئەو، زانیارییەکانیان و ناوەکانیان

گەیشتۆتە دەستی لێکۆڵەران، زێدەتر لەمەش چەند پەرتووکێکی مێژوویی بەهۆی ناوهێنانیان لەلایەن ئیبن حەجەرەوە دۆزراونەتەوە، لەوانە (نزهة الناظر في سيرة الملك الناصر ـ تأريخ اليوسفي)ی (محمد اليوسفي م ٧٥٩ک/ ١٣٥٨ز) چەند جارێک لە (الدرر الكامنة، ١٩٧٢) ناوی هێناوە (١/ ٣٢٠) بەم هۆیەوە دۆزراوەتەوە و پاشان ساغکردنەوەی بۆ کراوە و چاپکراوە. بڕوانە: (اليوسفي, ١٩٨٦/ ٧ ـ ٨)

شایەنی باسە بێجگە لە سەرچاوەی مێژوویی و ژیاننامە و طبقات، ئیبن حەجەر بۆ نووسینی پەرتووکە مێژووییەکانی جۆرەها سەرچاوەی تری بەکارهێناوە، لەوانە: سەرچاوەی ئەدەبی و جوگرافیا و گەشت و بولدان. بڕوانە: (١٩٧٢، ١/ ١١٨؛ ١٩٩٤، ٢/ ٦٢٩؛ ١٩٩٨/ ٣١٣) لەگەڵ چەندان پەرتووکی بواری ئەنساب و فەرموودە و شەرع و زمان (١٩٧٢، ١/ ٤٩٥؛ ٢/ ٢٩٨؛ ١٩٩٨/ ١٠٩) وێڕای هێنانەوەی چەندان دەقی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) و هۆنراوە و پەندی پێشینان (١٩٦٩، ١/ ١٩؛ ٢/ ٢٠٧، ٥٠٦؛ ١٩٧٢، ١/ ٣٧٤؛ ١٩٩٤، ١/ ٢٦٤؛ ١٩٩٨/ ٣١٣) بە شێوەیەکی بەربڵاو، ئەمەش وایکردووە پەیام و واتاکانی بە ڕوونی بگەن و نووسینە مێژووییەکانی فراوانتر و سەرنجڕاکێشتر ببن.

بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆری سەرچاوەی مێژوویی و نامێژوویی، بەڵگەیە بۆ خەمخۆریی ئیبن حەجەر لە گەڕان و لێکۆڵینەوە لە پێناو بەدەستهێنانی ڕاستییەکان، هەروەک ئاماژەیە بۆ شارەزایی و ئاشنایەتی بە سەرچاوە و ژێدەرە هەمەجۆرەکان.

ئەوەی تایبەتە بە مێژووی کورد و کوردستان ئەوا، ناوبراو زانیاریی دەگمەن و سەرنجڕاکێشی هەبووە لە بارەی ناوچە کوردییەکان و میرنشین و هۆز و تیرە و کەسایەتییە کوردییەکان، تەنانەت تایبەتمەندیی کورد وەک ڕەگەز، ئەوەتا دەڵێت: "کورد خەڵکێکی زۆرن لە چیاکان نیشتەجێن و بە ئازا و بوێری ناسراون" (د.س/ ٣/ ١٢١٣).

## ٢ ـ شێوازەکانی بەکارهێنانی سەرچاوەکان و گواستنەوەی زانیاری لێیان:

مێژوونووسەکە ڕێبازێکی زانستی و بابەتی پەیڕەوکردووە بۆ گواستنەوەی زانیاری لە سەرچاوەکان، مشورخۆری پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان بووە، بە سەرچاوەی باوەڕپێکراو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی زانستی فەرموودە. بە گشتی هەوڵیداوە ئەوەی دەیگێڕێتەوە بە (سند) بیسەلمێنێت.

ئەگەر ڕامانێک لە ناو پەرتووکە مێژووییەکانی ئیبن حەجەردا ئەنجامبدەین بۆمان دەردەکەوێت، خۆی ڕاستەوخۆ گەڕاوەتەوە بۆ سەرچاوەکان و زانیارییەکانی لە دەست و خەتی مێژوونووسان وەرگرتووە، ئەمەش لە ژمارەیەک دەستەواژە پشتڕاستدەبێتەوە وەک: (قرأت بخط...) (١٩٦٩، ١/ ٢٨٤) (نقلت من خط...، نقلت ذلك من خط....، نقلته من خط...) بڕوانە: (١٩٧٢، ١/ ٢٣٠ ؛ ١٩٩٣/ ٢٠٩؛ ١٩٩٨، ١/ ٢٩٩) (رأيت بخط...) (١٩٩٨, ٣/ ٢٠٧) (أرخه ـ ارخ) (١٩٦٩، ٢/ ٣٧٣؛ ١٩٩٤/ ١٥٥) (كتب عنه...) (١٩٩٨ ٣/ ٢٧٩) (ذكره، ذكرها) بڕوانە: (١٩٦٩، ١/ ٢٤٤؛ ١٩٧٢, ١/ ٦٢؛ ١٨/٤) (قال، قاله) (١٩٩٨/ ٤٢٨) (قاله...) (١٩٧٢، ١/ ٣٨٤) (وجدت في كتاب...) (١٩٦٩، ١/ ٢٢٧؛ ١٩٩٤) (وجدت بخط...) (١٩٦٩, ١/ ٣٠٩) (ترجمه، ترجم...) (١٩٧٢، ١/ ٤٤؛ ١٩٩٤، ٣/ ١٣٦) (وصفه...) (١٩٦٩، ٢/ ٨٩) (قيده...) (١٩٧٢، ١/ ١٤٤).

سەبارەت بە شێوازەکانی گواستنەوەی زانیارییە مێژووییەکان لە سەرچاوەکان و چۆنیەتیی ناوهێنانیان، چەند ڕێگایەکی گرتۆتەبەر، یەکێکیان، ناوهێنانی سەرچاوەکە و نووسەرەکەشی، بەم شێوەیە: "قرأت بخط القاضي علاء الدين في تاريخ حلب"(١٩٦٩، ١/ ٣٤١) "نقلت من خط ابن القطان في ذيل طبقات الأسنوي" (١٩٧٢، ١/ ٢٣٠) "ذكره العثماني قاضي صفد في طبقات الفقهاء"(١٩٩٤, ٢/ ٣١٩) "وقد ترجمه لسان الدين ابن الخطيب في تاريخ غرناطة"(١٩٩٤, ٣/ ١٣٦) "وقد ترجم له ابن

نباتة في سجع المطوق"(١٩٧٢، ٦/ ٢٤٨) "وجدت في كتاب سير النبلاء للذهبي"(١٩٧٢، ١/ ١٠) "ذكرها الحاكم في تاريخ نيسابور"(١٩٧٢، ٣/ ٤) "وقد كتب عنه شيخنا العراقي في وفياته" (١٩٩٤، ٣/ ٣٠٢) "قاله الذهبي في طبقات القراء"(١٩٧٢، ١/ ٣٨٤).

ڕێگایەکی تر ئاماژەکردنە بە نووسەر و لەگەڵیدا ناوی سەرچاوەکەش بە کورتی، بۆ نموونە "قال العينتابي في تاريخه"(١٩٦٩، ١/ ٥٣٩) مەبەستەکەی بریتییە لە پەرتووکی (عقد الجمان في تاريخ أهل الزمان) "ذكره طاهر بن حبيب في ذيله"(١٩٦٩، ١/ ٣٠٩) واتە لە پەرتووکی (ذيل درة الأسلاک في دولة الأتراک) "قال الجزري في تاريخه" (١٩٧٢، ١/ ٤٠١) مەبەستی پەرتووکی (تاريخ حوادث الزمان وأنبائه ووفيات الأكابر والأعيان من أبنائه)ە.

شێوازێکی تریان، ناوهێنانی نووسەرە بە تەنیا بەبێ ناوهێنانی سەرچاوەکە، وەک ئەم نموونانە: "أرخه ابن كثير"(١٩٧٢، ١/ ١٤٤) "قرأت بخط تقي الدين المقريزي"(١٩٦٩، ٤/ ٢٤) "نقلت من خط بدر الدين ابن سلامة المارديني"(١٩٧٢، ١/ ٤٠٨) "قال ابن حجي"(١٩٧٢، ١/ ٢٣٥) "ذكره تقي الدين عبيد الإسعردي"(١٩٩٨/ ١٤٧) "كما رأيته بخط ابن الفارقي"(١٩٧٢، ١/ ٤١٤)

ڕەنگە مەبەستی عەسقەلانی لێرەدا دووبارەنەکردنەوە و درێژنەکردنەوە بووبێت، بەڵام هەندێک لەو مێژوونووسانەی زانیاری لێوەرگرتوون، خاوەنی زیاتر لە یەک پەرتووکی مێژوویین بۆ نموونە (الذهبی) و (المقریزی) لە کاتی ناونەهێنانی سەرچاوەکە، ڕوون نییە لەکام پەرتووک وەریگرتووە و لەسەر توێژەر پێویستە بەدوایدا بگەڕێت.

لایەنێکی تری دیار لە ڕێبازەکەی بریتییە، لە بەکارهێنانی زیاتر لە سەرچاوەیەک بۆ بابەتێک، بۆ نموونە لە نووسینەوەی ژیانی: (بدر الدين

جنكلی كوڕی محمد كوڕی بابا م: ٧٤٦ك/ ١٣٤٦ز) فەرمانڕەوای (رأس العين)[١٦] چوار سەرچاوەی بەكارهێناوە: "رأيت بخط تقي الدين السبكي... أرخه البرزالي والجزري وغيرهما... وقرأت في مشيخة أبي جعفر ابن الكويك..." بڕوانە: (١٩٧٢، ٢/ ٩١) یان لە ژیانی هەندێك لە ناوداران زیاتر لە پێنج سەرچاوەی بەكارهێناوە. بڕوانە: (١٩٧٢، ٣/ ١٠٢) مەبەستی ئیبن حەجەر لێرەدا دیارە، كە هەوڵیداوە زۆرترین زانیاری لەسەر بابەتەكان كۆبكاتەوە و هەموو بۆچوونەكان بخاتەڕوو و بگاتە ڕاستی و دروستیی بابەتەكان، بێگومان ئەمەش دڵسۆزییە بۆ لێكۆڵینەوە لە مێژوو بە شێوەیەكی بابەتی.

خاڵێكی تری ئەرێنی ڕەوت و ڕێچكەی مێژوونووسەكەمان ئەوەیە بۆ هەر بابەتێكی جیاواز، زانیارییەكانی لە نزیكترین و باوەڕپێكراوترین سەرچاوەی پەیوەندیدار بە بابەتەكە وەردەگرێت، بۆ نموونە: زانیارییە سەرەكییەكانی ژیاننامەی (شافعییەكان) لە (طبقات الشافعية)ی (جمال الدين الأسنوي ٧٧٢كم/ ١٣٧٠ز) وەردەگرێت (١٩٧٢, ٤/ ١١٥, ١٦١) لە كاتێكدا بۆ (حەنبەلییەكان) پەنا دەباتە بەر (ذيل طبقات الحنابلة)ی (ابن رجب الحنبلي م: ٧٩٥ك/ ١٣٩٣) بڕوانە: (١٩٩٨/ ٢٥١ ـ ٢٥٢) ئەمەش هۆكارێكە بۆ باوەڕپێكراویی زانیارییەكانی.

لە لایەكی تر وردی و دەستپاكی لە گواستنەوەی زانیارییەكان وایكردووە لە شوێنی پێویست ئاماژە بكات بە سەرچاوەی سەرچاوەكەی، بۆ نموونە لە ژیاننامەی شەرعزان (بلاط كوڕی يعقوب النصيبي م: ٧٨٩ك/ ١٣٨٨ز) دەڵێت: "...نبهني على ذلك الحافظ تقي الدين ابن رافع نقل ذلك القاضي علاء الدين في تاريخ حلب عن نقله من خط ابن عشائر"(١٩٧٢, ٢/ ٢٧) هەروەها بڕوانە: (١٩٦٩، ٣/ ٢٩٦)

هەروەها بە مەبەستی بەدەستخستنی زانیاریی ڕاست و دروست، زۆر جار نووسینی خودی كەسەكە دەكاتە سەرچاوە، كە باسی دەكات،

بۆ نموونە دەربارى لەدايكبوونى فەرمووده‌ناس (أحمد كوڕى عبد الغالب الماكسيني م: ٧٥٩ك/ ١٣٥٧ز) دەڵێت: "ولد في شهر رمضان سنة ٧١٠ رأيت ذلك بخطه"(١٩٧٢، ١/ ٢٠٤) هەروەک بۆ دياريكردنى ڕەچەڵەكى كەسايەتييەكان، كە لەوكات بابەتێكى هەستيار بووە، هەوڵيداوە دەست و خەتى خۆيان يان كەسانى نزيكيان بكاتە پێوەر: "نقلت نسبه من خطه"(١٩٩٤، ١/ ٢٩٩) "نقلت نسبه من خط ابن أخيه" (١٩٦٩، ١/ ٢٤٥). ئەمەش دەرخەرى ئەوەيە ژمارەيەكى زۆرى سەرچاوەى مێژوويى خوێندۆتەوە، و هەوڵيداوە مێژوويەكى باوەڕپێكراو بنووسێتەوە.

ويڕاى ئەو لايەنە ئەرێنييانەى باسكران، هەندێک لەو سەرچاوانەى زانيارى لێ گواستونەتەوە ناسراو يان ديار نين، وەک ئەوەى دەڵێت: "قرأت بخط بعض المغاربة" (١٩٧٢، ١/ ٢٧٩) "... كذا نقلته من خط بعض الحفاظ"(١٩٧٢، ١/ ١٤٣) "قرأت بخط بعض الفضلاء" (١٩٧٢، ٢/ ١٨٥) يان لە هەندێک شوێن تەنيا ئاماژە بە ناسناوى نووسەرى سەرچاوەكان دەكات، وەک دەڵێت: "أرخه مؤرخ الشام" (٣،١٩٦٩/ ٤٦٢) كە مەبەستى مێژوونووسى ديمەشق (ابن قاضي شهبة)يە، لە پەرتووكى (تأريخ ابن قاضي شهبة) (٣/١٩٦٩/ ٤٦٢) و چەندان نموونەى تر (١٩٦٩، ٣/ ٣٤٥)

بەهۆى زۆريى خوێندنەوە و قوڵبوونەوە لە پەرتووكە مێژووييەكان، ئاگادارى بۆچوونى جياوازى سەرچاوەكان بووە دەربارەى بابەتێک، لە هەندێک شوێن بۆ بەرچاوڕوونى ئاماژە بە بۆچوونە جياوازەكان دەكات. بۆ نموونە دەربارەى مردنى فەرمووده‌ناس (صلاح الدين الاقفهسي م: ٨٢١ك/ ١٤١٨ز) دەڵێت: "بلغني أنه مات في أول سنة إحدى وعشرين بيزد... وأرخه الشريف الفاسي في سنة عشرين ـ فالله أعلم". بڕوانە: ( ١٩٦٩، ٣/ ٨١؛ ١٩٩٨/ ٣٣٧)

سەبارەت بە چۆنيەتيى مامەڵەى ئيبن حەجەر لەگەڵ دەق، ئەوا دەتوانين ئاماژە بە شەش ڕێگە بكەين، يەكێكيان: گواستنەوەى هەموو

دەقەکە لە سەرچاوەکە وەک خۆی، بە کەمێک دەستکاریکردن لە ڕووی پاش و پێشخستنی زانیارییەکان و گۆڕینی کەمێک لە وشە و زاراوەکان، لەگەڵ پارێزگاریکردن لە  واتا و پەیکەری سەرەکیی دەقەکە. دوومیان: هەڵێنجانی بەشێک لە زانیارییەکانی دەقەکە بەبێ دەستکاریکردنی. سێیەمیان: گۆڕینی وشە و زاراوەکانی دەقەکە و زیادکردن و کورت کردنەوەی، لەگەڵ پارێزگاریکردن لە واتا و پەیامی بنەڕەتیی دەقەکە. چوارەمیان: گواستنەوەی دەقەکە وەک خۆی. پێنجەمیان: دەستکاریکردنی وشە و زاراوەکانی دەقەکە و گۆڕینی ڕێخکستنی دەقەکە. شەشەمیان: گواستنەوەی پەیامی دەقەکە بە تەنیا و فەرامۆشکردنی ڕێکخستن و وشەکانی دەقەکە. بڕوانە: (عز الدين، ١٩٨٧/ ٢٢٥ ـ ٢٣٦؛ كبيسي, ٢٠١٣/ ٩٢ ـ ٩٩).

جێگەی باسە لە کاتی بەکارهێنانی دەق، سەرەتا و کۆتایی دەقی وەرگیراو بە ڕوونی دیارە، کە دەڵێت: "قرأت في تاريخ اليوسفي أن..." (١٩٧٢، ٣/ ٨١) "قرأت في كتاب الأغاني لأبي الفرج الأصبهاني..." (١٩٩٨/ ٤٩) ئەوا ئاماژەیە بۆ سەرەتاکەی، کاتێک زانیاریی دەقەکەش کۆتاییهات دەڵێت: (انتهى) (انتهى ما نقلته) (كذا ذكره) لە کۆتایی دەقەکە زانیاری و لێکدانەوەی خۆی دەستپێدەکات بە گوزراشتی (قلت). بڕوانە: (١٩٦٩، ١/ ٤٥٥؛ ١٩٩٨/ ٧٦)

بە شێوەیەکی گشتی کەمتر دەق و زانیارییەکان وەک خۆی وەردەگرێت، بەڵکو زیاتر پوختە و بیرۆکەکان هەڵدەهێنجێت و وشە و زاراوەکانیش دەگۆڕێت و بە زانیاریی نوێ دەوڵەمەندی دەکات، بۆ نموونە (ابن رافع) ژیانی وتاریبێژ (رمضان کوڕی عبد الله الكردي م: ٧٤٩ک/) بەم شێوەیە دەخاتەڕوو: "الشيخ الصالح رمضان ابن عبد الله ابن عبد الرحمن الكردي خطيب جوبر، سمع من الأبرقوهي وحدث، وكان دينا ساكنا مولده سنة سبع وسبعين وست مئة"(٢٠٠١، ٢/ ٩٩) ئیبن حەجەر هاتووە

زانياريى ترى بۆ زيادكردووه و بەم ڕێكخستنەى خستووەتەڕوو: "رمضان بن عبد الله بن عبد الرحمن الكردي المعروف بالزمن يكنى أبا العيد ولد سنة ٧٧ وسمع من الابرقوهي وحدث وخطب بجوبر قرية من ضواحي دمشق وكان صالحا ذكره ابن رافع في معجمه وقال مات في سابع رمضان سنة ٧٤٩".

هەروەها ژيانى ئەديب (زين الدين السنجاري م: ٧٧٤ك/ ١٣٧٢)ى، لە (درة الأسلاک في دولة الأتراک)ى،(ابن حبيب الحلبي م: ٧٧٩ک/ ١٣٧٧ز) وەرگرتووە، بەم شێوازە ڕێكيخستووە: "عبد الرحمن بن الخضر بن عبد الرحمن بن إبراهيم بن يونس بن عثمان السنجاري ثم الحلبي زين الدين كاتب الانشاء بحلب كان من الفضلاء له النظم والنثر مع دماثة الخلق ومحبة العلماء وأهل الحديث"(١٩٧٢، ٣/ ١١٦) لە كاتێكدا لە سەرچاوەكە بەم جۆرە هاتووە: "الأديب زين الدين أبو محمد عبد الرحمن بن الخضر بن عبد الرحمن بن ابراهيم بن يوسف بن عثمان السنجاري. فاضل حسن كلامه و ملح نشاده و نظامه و ناسبت كتابته و تلفى راية العرفان يمينه عرابتة, كان ذا ديانة وقناعة, ومحبة لأهل السنة والجماعة معة دماثة أخلاق و احتمال و اعتكاف على الخير و اشتغال... باشر كتابة الدرج بديوان انشائيها..."(٢٠١١، ٢/ ٢٣٩)

### ٣: پەیڕەوكردنى ڕێبازى ڕەخنەيى:

يەكێک لە ديارترين سيماكانى ڕێبازى ئيبن حەجەر لە نووسينى مێژوو ڕەخنەگرتنە، بۆيەش لە سەرچاوەكان وا ناسێندراوە: (ناقد الأسانيد والألفاظ) (ابن طولون, ١٩٨٠، ٢/ ٤٥٤؛ محمد, ١٩٩٤/ ١٣١) و (الناقد الجهبذ) (البقاعي, ٢٠٠١، ١/ ١١٥) و ڕەخنەگرى سەدەى (٩ک/ ١٥ز) (الفاسي، د. س، ١/ ١٨٦؛ معروف، ٦٠/١٩٧٦) لەبەر ئەوەى ئەو تەنيا كۆكەرەوەى هەواڵ و ڕووداوەكان نييە، بەڵكو وەک لێكۆڵەر و هەڵسەنگێنەرێكى بەتوانا هەموو ڕەهەندەكانى كۆمەڵگەى سەردەمى

مەمالیکی خستۆتە بەر تیشکی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن، بەوە دەناسرێتەوە خاوەنی ڕێباز و تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەی وردە لە نووسینەوەی مێژوو.

پاڵنەرەکانی پەیڕەوکردنی ڕێبازی ڕەخنەگری لای عەسقەلانی زۆرن، لەوانە: شارەزایی لە مێژوو و زانستەکانی فەرموودە بە گشتی و (علم الرجال ـ الجرح والتعديل) بە تایبەتی، ئاشکرایە ئەمە ڕەنگدانەوەی دیاری هەبووە لەسەر دیدگای ئیبن حەجەر سەبارەت بە زانستی مێژوو، هەروەها باوەڕبوون بە ڕەخنەگری وەک یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی مێژوونووسی (السخاوي, ٢٠١٧/ ١٩٦) وێڕای ئەزموونداری لە ئەدەب و هۆنینەوەی شیعر و بوونی ئەزموونی کارگێڕی و شارەزایی دەربارەی پێکهاتە و چینەکانی کۆمەڵگا، هۆکارێکی تریان سەرسامبوونە بە ڕێبازی (الذهبي) لە نووسینەوەی مێژوو (السخاوي, ١٩٩٩، ١/ ١٦٦) لەبەر ئەوەشە ڕێبازی هەردووکیان تاڕادەیەک لەیەکەوە نزیکە لە ڕووی ڕەخنەگرییەوە (السخاوي, ٢٠١٧/ ١٨٧؛ ٢٠٠٣، ٧/ ٢٢٠) جگە لە کاریگەریی زانا و فەرموودەناس (الحافظ العراقي الكردي) لە سەری لە بواری زانستی فەرموودە و مێژوونووسی. دەربارەی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنەکانی ئیبن حەجەر لە پەرتووکە مێژووییەکانی تیشک دەخەینە سەر ئەم لایەنانە:

### أ. ڕەخنەگرتن لە سەرچاوە مێژووییەکان:

هەرچەندە بۆ نووسینی پەرتووکە مێژووییەکانی، عەسقەلانی پشتیبەستووە بە سەرچاوەی زۆر و جۆراوجۆر، لەگەڵ ئەوەشدا پابەندە بە هەڵسەنگاندنیان و ڕەخنەلێگرتنیان، ئەمەش هەم خودی سەرچاوەکان و هەمیش هەواڵ و زانیارییەکانی ناویان دەگرێتەوە، ئەو پێیوایە، ناکرێت باوەڕ بە هەموو سەرچاوە مێژووییەکان و ئەو هەواڵ و ڕووداوانە بکەین، کە باسیان کردوون، چونکە هەیانە لەگەڵ ئەقل کۆک نین پێویستە

ڕەتبکرێنەوە، لەبەرئەوەی مرۆڤەکان بۆ مەبەستی جیاواز مێژوودەنووسن (السلمي, ١٩٨٦/ ٢٠)

بە شێوەیەکی گشتی لە هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن لە پەرتووکە مێژووییەکان، پەیڕەوی ڕێبازێکی سەرڕاست و دادپەروەری کردووە، چونکە ئەو تەنیا تیشک ناخاتە سەر لایەنی نەرێنییان، بەڵکو هاوسەنگیی پاراستووە، ڕەخنە لەوانە دەگرێت کە خەوشدارن و ستایشی ئەوانەش دەکات کە ستایش هەڵدەگرن، بۆ نموونە دەربارەی (الكامل في التأريخ) دەڵێت: "إنه أحسن التواريخ بالنسبة إلى إيراده الوقائع موضحة مبينة، حتى كأن السامع في الغالب حاضرها، مع حسن التصرف، وجودة الإيراد..."(السخاوي, ٢٠١٧/ ٤٧٤) لە لایەکی تر پێش ئەوەی ڕەخنەی نەرێنی بگرێت، تیشک دەخاتە سەر لایەنی ئەرێنی، هەروەک لە میانەی گێڕانەوەی ژیانی (ابن خلدون)دا دەڵێت: "وصنف التأريخ الكبير في سبع مجلدات ضخمة، ظهرت فيه فضائله وأبان فيه عن براعته, ولم يكن مطلعا على الأخبا على جليتها لا سيما أخبار المشرق وهو بين لمن نظر في كلامه" (١٩٦٩ , ٢/ ٣٤٠) لێرەدا سەرنجی ئیبن حەجەر بۆ پەرتووکی (ابن خلدون) ئەوەیە کەوا خوێندنەوەی وردی نەبووە دەربارەی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە کەوا پەرتووکەکەی بە وردی خوێندۆتەوە، هەروەها ئاگاداری ئەو ڕووداوە مێژووییانە بووە، کە تایبەتن بە ڕۆژهەڵات و لە لایەن (ابن خلدون) فەرامۆشکراون، تێبینییەکەشی ورد و دروستە. بڕوانە: (مخلوف، ٢٠٠٣، ١/ ٣٢٨)

یەکێک لەو سەرچاوە مێژووییانەی، کەوتۆتە بەر ڕەخنەیەکی توندی ئیبن حەجەر (عقد الجمان في تأريخ أهل الزمان)ی (بدر الدين العيني)یە، پێیوایە هەندێ جار پابەند نییە بە ڕاستگۆیی و هەڵەی زۆر زەقی کردووە، دواتر درێژە بە باسەکەی دەدات و ئاماژە بەوەدەکات، (العيني) لە نووسینی پەرتووکەکە پشتی بە (البداية والنهاية) بەستووە، بەهۆی پچڕانی

(البداية والنهاية) له ساڵی (٧٧٣ک/ ١٣٧١ز) مێژووی (ابن دقماق ـ واته: الجوهر الثمين في سيرة الخلفاء والسلاطين)ی، کردووته کۆڵەگە، لە هەندێک شوێن یەک لاپەڕەی تەواوی لێوەرگرتووە، وەک خۆی، تەنانەت هەڵەکانی ئەویشی گواستۆتەوە، لەوەش سەیرتر (ابن دقماق) هەندێک ڕووداوی گێڕاونەتەوە، کە بە چاوی خۆی بینیونی، لە هەمان کات (بدر الدين العينى) وای ئاماژە پێ کردووە، کە ئەو ڕووداوەکەی بینیوە. بۆ درێژەی بابەتەکە بگەڕێوە بۆ: (١٩٦٩، ١/ ٤ـ ٥).

**ب ـ ڕەخنەگرتن و گومانکردن لە هەواڵ و زانیاریی ناو سەرچاوە مێژووییەکان:**

عەسقەلانی هەرگیز باوەڕی ڕەهای بە هەواڵ و زانیارییەکانی ناو سەرچاوەکان نییە، بەڵکو هەمیشە بە پێوەری ئاوەز و لۆژیک شەن و کەوی کردوونە، لەو شوێنەی هەستیکردبێت هەواڵێک ناڕاستە، بە ڕوونی ئاماژەی پێ دەکات و بە بەڵگەوە ڕاستی دەکاتەوە، بۆ نموونە کاتێک تایبەتمەندییەکانی (محمود الكلستاني م: ٨٠١ک/ ١٣٩٩ز)(١٧) دەخاتەڕوو، دەڵێت: "...بدر الدين العينى زێدەڕۆیی کردووە لە ناوهێنانی بە خراپی، بە هەڵەشەیی و زووهەڵچوو و ڕژدی و سەیر، ناساندوویەتی، بەڵام ئەمە وانییە، ئەوەتا (طاهر بن حبيب م: ٨٠٨ک/ ١٤٠٦ز) بە شارەزا و لێهاتوو لە بواری زانستەکان ناویدەهێنێت، من نووسینێکی ئەوم خوێندەوە بە شێوەیەکی زۆر جوان و ڕێکخراو نووسرابوو"(٢،١٩٦٩/ ٩٠) یان لەکاتی گێڕانەوەی ژیاننامەی ئەدیب (بدر الدين أحمد الشافعي الكردي م: ٧٨٨ک/ ١٣٨٧ز) تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە مێژوونووس (بدر الدين الزركشي م: ٧٩٤ک/ ١٣٩٢ز) ساڵی لەدایکبوون و ناوی (بدر الدين أحمد)ی، بە هەڵە نووسیوە: "ولد سنة ١٨ فيما ذكر هو أو سنة ١٧ وقرأت بخط الزركشي مولده سنة ٢٧ فغلط في ذلک وغلط في اسمه أيضا فسماه محمدا" (١٩٧٢, ١/ ٢٩٤)

هەروەها لەکاتی بوونی بۆچوونی جیاواز دەربارەی بابەتێک، ڕاسترین بۆچوون دیاریدەکات، بەم شێوەیە "وهذا هو المعتمد" (١،١٩٦٩/ ١٤٣) "وهو أصوب" (١٩٧٢، ٢/ ٣٥٩) "والصحيح في ذلك ما ذكره صديقه شيخنا ولي الدين ابن خلدون"(١٩٦٩، ١/ ٩٣)

جگە لە ڕەخنەگرتن و ڕاستکردنەوە، سیمایەکی تری لێکۆڵینەوەی مێژوو، لای ئیبن حەجەر بریتییە لە گومانکردن لە هەواڵ و ڕووداوە مێژوویەکانی نێو سەرچاوەکان ئەو بەسەرهات و چیرۆکانەی کە بە شێوەیەکی زارەکی لە نێو خەڵک دەگێڕدرانەوە، بۆ ئەمەش بە چەند ڕێگایەک گومانی خۆی بەرانبەر ئەو هەواڵ و ڕووداوانەی دەردەبڕێت کە جێی باوەڕنین بە تەواوی، یەکێکیان: بەکارهێنانی دەستەواژەکانی: (هذا كلام فيه نظر)(١٩٦٩، ١/ ٧٧) (قيل، يقال، كذا قال) بڕوانە: (١٩٦٩، ٣/ ٥١؛ ١،١٩٩٤/ ٢٠٨؛ ١٩٩٨/ ٩٤) (أظن) (١٩٩٤, ٣/ ٣٦٧) (كذا رأيته - قرأت بخط...) (١٩٧٢، ١/ ١٩٣؛ ١٩٩٨/ ٥٨) (والله أعلم) (١٩٦٩، ٤/ ٥٦؛ ١٩٩٨/ ٢٣٠) (بالغ في الثناء عليه) (أفرط في ذمه - بالغ في ذمه) (١٩٦٩, ٢/ ٩٠؛ ١٩٧٢, ١/ ١٤٧).

ڕێگایەکی تریان هێنانەوەی بەڵگەی عەقلییە بۆ دروستکردنی گومان لە زانیارییەکە، بۆ نموونە: لە گێڕانەوەی ژیاننامەی شەرعزانی دیمەشقی (زين الدين عمر کوڕی ابی الحمراء الكتاني م: ٧٣٨ک/ ١٣٣٨ز) دەڵێت: "الكمال جعفر گوتوویەتی ئەو لە زانستی (فیقهـ) بێهاوتایە لە سەردەمەکەی، بەڵام هیچ داهێنانێکی نییە لەو بوارە و هیچ فێرخوازێک لێی سوودمەند نەبووە و ئەرکی فەتوادانی لەئەستۆنەگرتووە" (١٩٧٢، ٤/ ١٩١) لە شوێنێکی تر کە باسی ڕەچەڵەکی (الفيروز ابادی م: ٨١٧ک - ١٤١٥ ز) دەکات و گومان دەخاتە سەر دەنگۆی ئەوەی کە بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر جێنشین (أبو بكرى صديق ڕ.خ)، ئاماژە بەوە دەکات،

که هیچ زانیارییەک نییە ئەمە پشتڕاستبکاتەوە، بۆیە عەقل ئەمە ڕەتدەکاتەوە (١٩٦٩، ٣/ ٤٧)

هەروەها شێوازێکی تری پیشاندانی گومان ئەوەیە، بەرپرسیاریەتیی ڕاستی و ناڕاستیی زانیارییەکە دەخاتە ئەستۆی سەرچاوەکەی بۆ نموونە، کە دەڵێت: "رأيت في كتاب بعض من يذكر الحوادث أن امرأة طلقت وهي حامل فكتمت حملها وتزوجت، ثم طلقها الزوج فتزوجت بثالث ثم بعد ذلك أخذها الطلق ووضعت ولدا صورته صورة الضفدع في قدر الطفل، فسترها الله بأن أماته ـ قرأت ذلك بخط الشيخ تقي الدين المقريزي والعهدة فيه عليه"(١٩٦٩، ٣/ ٥١٢)

یان کە دەڵێت: "قرأت بخط ابن دقماق: في أوائل هذه السنة وصل بريدي من حلب فأخبر أن شخصا عبث بإمام جماعة وهو يصلي فانقلب وجه العابث وجه خنزير، وأنه كتب بذلك محضر ووصل صحبته، وأنه ممن شاهد ذلك" (١٩٧٢، ١/ ٢١٠). لێرەدا تێبینی دەکەین سەرەڕای ئەوەی هەریەک لە (المقريزى) و (ابن دقماق) دوو باوەڕپێکراوترین مێژوونووسن لای ئیبن حەجەر، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جار گومان دەکات لە زانیارییەکانیان.

**ت ـ ڕەخنە لە کەسایەتییەکان:**

مێژوونووس ئیبن حەجەر لە نووسینەوەی ژیاننامەی کەسایەتییەکان ڕێبازێکی ڕەخنەیی ڕێکخراو پەیڕەودەکات، کە خۆی دەبینێتەوە لە هەڵسەنگاندنی ناوداران و پیشاندانی خاڵی ئەرێنی و نەرێنییان لە هەموو ڕوویەکەوە: (ئاینی ـ ڕەوشتی ـ بیروباوەڕ ـ توانای عەقلی و هونەری ـ ئاستی زانستی ـ پلە و پۆستەکانی، پێگەی کۆمەڵایەتی ـ ڕوخسار و تایبەتمەندیی جەستەیی) هەڵبەتە ئەمە ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی ئیبن حەجەر بۆ ڕەوتی مێژوونووسی، کە وای بۆ دەچێت پێویستە لە سۆنگەی

بنەماکانی (الجرح والتعدیل) ژیاننامەی کەسایەتییەکان، لە هەموو ئاست و پێگەکان بنووسرێتەوە (٢٠١٧/ ١٩٦).

پێوەر و پێوانەکانی ئیبن حەجەر بۆ هەڵسەنگاندنی کەسایەتییەکان بە گوێرەی جیاوازیی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و پێکهاتەکانی جیاوازن، بۆ نموونە جۆری ڕخنەی ئاڕاستەکراو بۆ سوڵتانێک جیاوازە لە هی زانایەک یان بازرگانێک، لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجی گشتی بریتییە، لە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندی و سروشتی ناودارانی کۆمەڵگە و دەرخستنی ڕاستییەکانی ژیانیان.

لەم بارەیەوە ڕەخنە و هەڵسەنگاندنەکانی عەسقەلانی، چەندان چین و توێژ دەگرێتەوە، لەناویاندا (کاربەدەست و فەرمانڕەواکان) وێڕای خستنەڕووی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی، بە بوێری و دادپەروەری بڕیار و بۆچوونی خۆی دەربڕیوە لەبارەی ئەم توێژە، لە هەڵسەنگاندنیان ئەم لایەنانەی ڕەچاوکردووە، ڕەوشتیان، خەمخۆری بۆ ئاین و نیشتمان، پەرۆشی بۆ دادگەری و یەکسانی، شارەزایی لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، بایەخدان بە زانست و زانایان، گرنگیدان بە بونیادنان، بوێری، شکۆمەندی، گرنگیدان بە ڕزگارکردنی وڵاتان... هتد، بۆ نموونە: دەربارەی سوڵتانی مەمالیک (الملک الظاهر أبو سعید برقوق ٧٨٤ ـ ٨٠١ک/ ١٣٨٢ ـ ١٣٩٩ز) دەڵێت: "... وکان شهما شجاعا ذکیا خبیرا بالأمور إلا أنه کان طماعا جدا لا یقدم علی جمع المال شیئا ولقد أفسد أحوال المملکة بأخذ البذل علی الولایات حتی وظیفة القضاء والأمور الدینیة... وکان یحب الفقراء ویتواضع لهم..." لێرەدا ئیبن حەجەر ستایشی دەکات و ڕەخنەشی لێدەگرێت، پاشان لێکدانەوەی بۆ دەکات، کە بەهۆی چاوچنۆکیی سوڵتان، گەندەڵی هەبووە لە دامەزراوەکانی دەوڵەت، بە تایبەتی وەرگرتنی پلەوپۆست لە ڕێگەی بەخشینی خاوە (بەرتیل)، هەروەها دەربارەی کوڕەکەی سوڵتان (الناصر فرج کوڕی برقوق ٨٠١ ـ ٨١٥ ک/ ١٣٩٨ ـ

١٤١٢ز) دەڵێت: "ولقد كان الناصر هذا اعظم الناس خذلانا لدين الإسلام و أشأمهم طلعة على المسلمين، والعجب أنه ولد لما أقبل يلبغا الناصري ومنطاش فبشر أبوه فسماه بلغاق – يعني فتنة، فما خلص أبوه من الكرك سماه فرجا فكان اسمه الأول هو الحقيقي" ئەم هەڵسەنگاندنەی ئیبن حەجەر دەربارەی ئەو سوڵتانە لەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بارودۆخی موسڵمانانی شام لە سەردەمەکەیدا، بەهۆی هێرشەکانی تەیموری لەنگ شپرزەبووە. لەم بارەیەوە بڕوانە: (المقريزي, ١٩٩٧، ٦/ ٣٩ ـ ٥٠؛ ابن حجر, ١٩٦٩, ٢/ ١٣٤ ـ ١٤٠)

هەر سەبارەت بە پادشا و سوڵتانەکان، بەم شێوەیە سوڵتان (أحمد کوڕی أويس جەلائيری ٧٨٤ ـ ٨١٣ک/ ١٣٨٢ ـ ١٤١٠ز) هەڵدەسەنگێنێت: "وكان أحمد سفاكا للدماء، متجاهرا بالقبائح وله مشاركة في عدة علوم كالنجوم والموسيقى، وله شعر كثير بالعربية وغيرها؛ وكتب الخط المنسوب، وكانت له شجاعة ودهاء وحيل ومحبة في أهل العلم"(١٩٦٩، ٢/ ٤٦٨)

بە پێچەوانەوەی زۆرێک لە سوڵتان و فەرمانڕەواکان، ئیبن حەجەر ستایشێکی شایستەی فەرمانڕەوای (حصن كيفا) (الملك الأشرف أحمد کوڕی العادل سليمان الأيوبي م: ٨٣٦ک/١٤٣٣ز) دەکات و دەڵێت: "وكان فاضلا دينا، جوادا محبا في العلماء،... وسار في بلاده سيرة حسنة ونشر العدل..."(١٩٦٩، ٣/ ٥٠٣).

هەر سەبارەت بە چینی فەرمانڕەوا، عەسقەلانی بایەخی زۆری داوە بە هەڵسەنگاندنی دادوەران، ئەمەش بەهۆی گرنگیی پۆستی دادوەری و هەستیاریی پێگەی دادوەر، لەم بارەیەوە ڕەچاوی ئەم لایەنانەی کردووە: دینداری، پاکی، پەرۆشی بۆ ڕاستی و دادگەری، ڕادەی کارامەیی لە زانستەکان و کاروباری شەرعی، چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کاروباری دادگا، ڕادەی سەربەخۆیی لە بڕیاردان و بێلایەنی... هتد.

بە شێوەیەکی گشتی دادوەرە کوردەکان لە لایەن ئیبن حەجەر نرخاندنی ئەرێنییان بۆکراوە، هەروەک لەبارەی (برهان الدين ابراهيم الكردي م: ٧٧٧ک/ ١٣٧٥ز)ەوە، دەڵێت: "ولي القضاء استقلالا سنة ثلاث وثلاثين واستمر إلى أن مات، وكان مهيبا صارما قوالا بالحق قائما بنصر الشرع رادعا للمفسدين" (١٩٦٩، ١/ ١٠٨) هەروەها دادوەر (ولي الدين أبو زرعة أحمد کوڕی عبد الرحيم الكردى م: ٨٢٦ک/ ١٤٢٢ز) بەم شێوەیە هەڵدەسەنگێنێت: "فباشر بعفة ونزاهة، وشهامة ومعرفة، وصار يصمم في أمور لا يحتملها أهل الدولة" (١٩٩٨/ ٦١)

بە پێچەوانەوەی ئەم دادوەرە کوردانە، سەبارەت بە دادوەر (عز الدين عبد العزيز البلقيني م: ٨٢٢کم/ ١٤١٩ز) دەڵێت: "وكان سيئ السيرة في القضاء" (١٩٦٩، ٣/ ٢٠٧) یان کاتێک لەسەر دادوەر (شهاب الدين ابن الحبال الطرابلسي م: ٨٣٣ک/ ١٤٢٩ز) دەدوێت دەڵێت: "وكان يتعصب لعقيدة الحنابلة... قليل البضاعة في الفقه... قبيح السيرة متجاهرا بأخذ الرشوة" (١٩٦٩ ٣/ ٤٤٢) نرخاندنەکانی عەسقەلانی دەریدەخەن، کە کاروباری دادگا گرفت و ئاریشەی جۆراوجۆری هەبووە، بەشێک لە دادوەرەکان شیاونەبوونە، لە ڕێگەی بەخشینی خاوە و خۆنزیککردنەوە لە سوڵتانەکان پۆستەکەیان وەرگرتووە، هەروەها دەستوەردان هەبووە لە کاروبارەکانیان، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆری دادوەری لێهاتوو و لێوەشاوە هەڵکەوتوونە.

بەهەمان شێوە دەربارەی خاوەن پلەوپۆستەکانی تری دەوڵەت، لە گێڕانەوەی ژیانیان، ڕەفتار و ڕەوشت و ئەزموون و لێهاتووییان هەڵدەسەنگێنێت لە بەڕێوەبردنی پۆستەکان و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان و بڕیاریان لەسەر دەدات، وەک لەم نموونانە بەدیاردەکەوێت: "كان عارفا بالسياسة" (١٩٧٢، ١/ ٤٢٠) "لم يكن مشكورا في مباشرة الوظائف" (٣،١٩٦٩/ ٢٦١) "وكان يرجع إلى دين وخير و يحب الأمر بالمعروف وإزالة

المنكر"(١٩٦٩, ١/ ١٦٠) "كان فاضلا أصيلا وجيها دمث الأخلاق صافي الود" (١٩٧٢، ١، ٢٩٨) "كان محبا في الخير والعدل، شهما شجاعا عادلا خيرا"(١٩٦٩، ١/ ٨٢) "كان بطلا عادلا عاقلا" (١٩٦٩، ٢/ ٢٩) "كان ظالما فاجرا عسوفا جائرا بخيلا" (١٩٩/ ١٤٣) "كان ظلوما غشوما شرس الأخلاق" (١٩٧٢، ١/ ٤٧٧) "كان متطلعا إلى أموال الناس "كان من عجائب الدهر في الجهل والخبط وقلة الدين"(١٩٦٩، ١/ ص٢٥٥) "وكان من المفسدين في الأرض كهفا للصوص وقطاع الطريق" (١٩٦٩، ٢/ ٢٦٧)

ئیبن حەجەر زۆرترین بایەخی بە توێژی زانایان و ئەدیب و ڕۆشنبیران داوە، بە جۆرێک بەرچاوترین پێهکاتەی کۆمەڵگەی مەملوکین، لەناو پەرتووکە مێژوویيەکانی، کۆمەڵێک پێوەری کردوونەتە بنەما بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم توێژە لە دیارترینیان: دینداری، بیروباوەڕی، ڕەوشت، ئاکار، پسپۆڕی، ئاستی زانستی، بەرهەمەکانی، شوێنی وانەوتنەوەی، پێگەیاندنی فێرخوازان، پۆستەکانی، پێگەگەی لە کۆمەڵگە. دیارترین تایبەتمەندیی ڕێبازی ئیبن حەجەر لەم بارەیەوە، ئەوەیە کە لە هەڵسەنگاندن و ڕەخنەلێگرتنیاندا، ڕێچکەی مێژوونووسان و فەرموودەناسانی بەیەکەوە گرێداوە و زاراوەکانی (علم الرجال)ی، بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکارهێناون، لەوانە: (ناقدا) (ضابطا) (صادقا) (ثقة) (أمينا) (عارفا) (متحريا) (ماهرا) (عالما) (مفننا) (متقنا) (نبيها) (متحققا) (رئيسا) (فصيحا) (بليغا) (مدققا) (عفيفا) (نزها) (الحافظ) (البارع) (المتقن) (بديع) (إماما) (مدركا) (مهيبا) (أنتهت إليه الرياسة...) (عالي الإسناد) (فاق أقرانه) (سريع ـ قوي الإدراک) (صحيح الفهم) (صحيح النقل) (قوي الحافظة) (كثير الاطلاع) (غزير ـ كثير الحفظ) (سريع الحفظ) (ثاقب الذهن) (قوي المناظرة) (جيد ـ حسن الفهم) (شديد ـ مفرط ـ الذكاء) (متين الديانة) (ثخين الورع) (حسن ـ صحيح الاعتقاد) (جيد الرأي) (قوالا بالحق) (مقبول القول) (وكان من بحور العلم) (جميل ـ حسن ـ دمث الأخلاق) (لطيف ـ ظريف المجالسة) (كريم الطباع) (كثير الإفضال)

(حسن العشرة) (شريف ـ كريم النفس) (بشوشا) (عالي الهمة) (سيء الخلق) (قبيح السيرة) (بذي اللسان) (قليل المعرفة) (كان عريا عن العلم) (كان قليل البضاعة في العلم) (كثير المخالفة) (كان كلامه أكثر من علمه) (ولم يكن بالماهر في العلم). بڕوانه: (١٩٦٩، ١/ ٣٧، ٩٤، ١٢١، ٢٠٤، ٢٢٥ ٢/ ٣٤٠، ٤١٦ ٣/ ١٤، ٤٢٩ ٤/ ٢٩) (١٩٧٢، ١/ ٧٢، ١٧٢، ٣٦٦ ٢/ ٣٠، ٦٥، ١٥٢،١١١، ٣١٠ ٣/ ١٣٢، ٢٦١ ٤/ ٧٠، ١١٠، ١٩١، ٢٦٣، ٤٠٠) (١٩٩٤، ٢/ ٥٩٢، ٦٤٦ ٣/ ٢٣، ١٠٦، ١٥٩، ١٨٠، ٢٥٢، ٣١٧ ٤/ ٦٤) (١٩٩٨/ ٢٩، ٧٧، ٢٩٢، ٣٢١، ٣٤٢، ٤٢٦، ٤٤٤).

لەناو ئەو ژمارە زۆرەی زانایان، کە ئیبن حەجەر سەربوردە و ژیانیان دەگێڕێتەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکات ژمارەیەکی بەرچاویان کوردن، یەکێک لەوان: مێژوونووس (شمس الدين محمد کوڕی ابراهيم الجزري م: ٧٣٩ک/ ١٣٣٨ز)یە، لە بارەیەوە دەڵێت: "كان حسن المذاكرة سليم الباطن صدوقا في نفسه لكن في تاريخه عجائب وغرائب، وكان متواضعا محبا في الصالحين... زاهدا متعبدا ورعا... ذا فهم ومعرفة وهيبة..." (١٩٧٢، ٣/ ١٨٣) (هەروەها زانا و فەرموودەناس (فخرالدين محمد کوڕی درباس الكردى المارانى م: ٨١٧ک/ ١٤١٥ز) یەکێکی ترە لەوانەی هەڵسەنگاندنێکی ئەرێنی بۆ کردووە و دەڵێت: "... شاب نبيه، سمع من بعض شيوخنا، وجمع أشياء حسنة، جمع كتابا في آل بيته. وآخر في آل ابن العجمي، ولم يزل مكبا علي الاشتغال والطلب، وكتابة الحديث، مع الدين والخير والعبادة" (١٩٩٤، ٣/ ٢٣)

لە کاتێکدا دەربارەی ڕاڤەوان و شارەزای قورئان (زين الدين عبد الرحمن بن يوسف الكردي م: ٨١٩کم/ ١٤١٧ز) دەڵێت: "وكان رائجا عند العامة مع الديانة وكثرة التلاوة وكان يعاب بأنه قليل البضاعة في الفقه ولا يسأل... و لم يكن بالماهر في الفتوى ولا التدريس، كان يرى نفسه في مقام عظيم"(١٩٦٩، ٣/ ١٠٩)

هەروەها دەربارەی شاعیر و هۆنەر و بوێژانیش کۆمەڵێک پێوەری بەبنەما گرتووە بۆ نرخاندنیان، لە گرنگترینیان: بابەت و ئاستی هۆنراوەکان و مەبەستی هۆنینەوەی شیعر: (الملك الأشرف أحمد کوڕی الملك العادل سليمان الأيوبي م: ٨٣٦ک/١٤٣٣ز) خاوەنی (حصن کيفا) یەکێکە لەو کەسایەتییە کوردانەی کە ئیبن حەجەر ستایشی هۆنراوەکانی کردووە، دەڵێت: "وكان فاضلا دينا، له شعر حسن، وقفت على ديوانه وهو يشتمل على نوائح في أبيه وغزل وزهديات، وغير ذلك، وله نظم أيضا" (١٩٦٩،٣/ ٥٠٣) هەروەها لە گێڕانەوەی ژیاننامەی (صلاح الدين يوسف کوڕی أحمد کوڕی غازي الأيوبي (م: ٨١٩ک/١٤١٦ز) دەڵێت: "اشتغل بالعلم فمهر فيه، وتفنن في عدة علوم، ونظم الشعر فأجاد فيه" (١٩٩٤،٣/ ٣٦٥).

ئەمە لە کاتێکدایە لە سەرنج و تێبینییەکانی ئیبن حەجەر دەردەکەوێت، بەشێک لە وێژەوان و شاعیران لە پێناوی بەدەستهێنانی پلە و پۆست و بژێویی ژیان ستایشی کاربەدەست و ناودارانیان کردووە: "كان يستحضر ونظم الشعر... مدح الملك المؤيد... يمدح لتحصيل جاه الممدوح في الدفع عنه أو المساعدة له"(١٩٦٩، ٢/ ١٦٢) "... كان شاعرا ماهرا يمدح الأكابر ويتكسب بذلك" (١٩٦٩، ٤/ ٢٣٢ ـ ٢٣٣)

جگە لەوانەی باسمان کردن، چەندان توێژی تری جیاوازی کۆمەڵگەی سەردەمی مەمالیک، لە لایەن ئیبن حەجەر هەڵسەنگێنراون، وەک: ساماندار و بازرگانەکان، فرۆشیاران، پیشەزان و کارزانەکان، گۆرانیبێژ و میوزیکژەنەکان، تەنانەت ژیانی هەندێک کەسایەتیی تۆمارکردووە تەنیا لەبەر ئەوەی کەسێکی جیاواز و سەرنجڕاکیش بووە. بۆ نموونە کەسێکی بەهێز بووە، یان ڕوخسارێکی جوان یان ناشرینی هەبووە. بڕوانە: (١٩٦٩، ١/ ١٠٩، ٢٦٤، ؛ ١٩٧٢، ٣٤/١، ١٥٤؛ ١٩٩٤، ٣/ ٧٧).

لە گێڕانەوەی ژیانیان تیشک دەخاتە سەر خاڵی ئەرێنی و نەرێنییان، نموونەی دوو پزیشک وەردەگرین یەکەمیان (علاء الدين على م:٧٩٦ک/

١٣٩٤ز) دەستبڵاو و خێرخواز: "كان فاضلا له مال قدر خمسة آلاف دينار قد أفره للقرض، فكان يقرض من يحتاج إلى ذلك برهن من غير استفضال بل ابتغاء للثواب" (١٩٦٩،١/ ٤٨١) دووەمیان قرچۆک و چاوچنۆک (فتح الدين الداودى التبريزي م: ٨١٦ک/ ١٤١٤ز): "وكانت خصاله كلها حميدة إلا البخل والحرص والشح المفرط" (١٩٦٩، ٣/ ٢٩) بەربڵاویی هەژاری و نەداری و بایەخی چاکە و هاوکاریکردن بۆ کۆمەڵگە، وایکردووە ئیبن حەجەر تیشک بخاتە سەر ئەم لایەنە.

بەم شێوەیە ئیبن حەجەر نەخشەی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی گشتیی کۆمەڵگەی سەردەمی مەمالیکمان پیشاندەدات، بە گشتی لە گێڕانەوەی ژیاننامەی ناوداران، ابن حجر کەسایەتییەکان وەک خۆیان هەڵدەسەنگێنێت و لایەنی ئەرێنی و نەرێنییان بەدیاردەخات و نزم بڵند ناکات و بڵندیش نزم ناکات.

### ٤. ڕاستبێژی و میانڕەوی لە نووسینی مێژوودا:

ئیبن حەجەر بەوە ناسراوە ڕاستبێژ و دادگەر بووە لە لێکۆڵینەوەی مێژوو هەروەک مێژنوونووس (السخاوی م:٩٠٢ک/ ١٤٥٦ز) دەڵێت: "وقد شهد له القدماء بالحفظ والثقة والأمانة" (٢٠٠٣, ٢/ ٣٩) بە گشتی نەکەوتۆتە ژێر کاریگەریی دەروون و ئارەزووی کەسی, (عبد الغني, د.س/ ٨٣) بەڵکو پەرۆشی ڕاستگۆیی و دەستپاکی بووە هاوسەنگی پاراستووە: "الإنصاف التام، والرجوع إلى الحق في المباحث" (السخاوي، ١٩٩٩، ٢/ ٦١٠) ئەمەش بە ڕوونی لە نووسینەکانی دیارە، یەکێک لە نموونەکان ئەوەیە کە، ئەو ماوەیەکی دوور و درێژ ڕکابەری سەختی هەبووە لەگەڵ شەرعزان (شمس الدين محمد القاياتي م ٨٥٠ک/ ١٤٤٧ز) لەسەر وەرگرتنی پۆستی دادوەری، بەهۆیەوە ئیبن حەجەر دووچاری گرفتی زۆر هاتووە و چەند جارێک پۆستەکەی لێوەرگیراوەتەوە، بەڵام ئەمە نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم ئیبن حەجەر بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان لەسەر

(القاياتي) بەڵكو لە بەڕێوەبردنی پۆستی دادوەری ستایشی دەكات و دەڵێت:"باشر القضاء بنزاهة وعفة" (١٩٦٩، ٤/ ٢٤٦)

هەروەها بە گشتی بۆچوونی خۆی بە ڕەهایی ناسەپێنیت لەسەر ڕووداو و هەواڵەكان، بەڵكو بۆچوونی پێچەوانەی خۆشی دەخاتەڕوو. بڕوانە: (١،١٩٧٢/ ١٥٨ ـ ١٥٩) یەكێك لە نموونەكان، كاتێك باسی (دمرداش الظاهري م: ٨١٨ك/ ١٤١٥ز)[١٨] دەكات، دەڵێت: "كەسێكی ژیر و شكۆدار بوو، زۆر ڕێزی لە ئەهلی زانست دەگرت و بایەخیپێدەدان، دانیشتووم لەگەڵی زۆر وتەی غەزالی دەزانی، مزگەوتێكی لە حەلەب دروستكرد و وەقفێكی زۆری بۆ كرد... ئەمە بە پێچەوانەی (العینتابي) كە دەڵێت: چاكەی نەبوو" (١٩٦٩, ٣/ ٨١) لێرەدا بۆچوونی (العینتابي ـ العیني) دەخاتەڕوو دەربارەی ئەم كەسایەتییە، لە كاتێكدا ناكۆكیی زۆری لەگەڵ ئەم مێژوونووسە هەبووە.

لە لایەكی تر هاوخوێنی و نزیكایەتی هەرگیز نابێتە هۆكار بۆ شاردنەوەی ڕاستییەكان لە سەر كەسایەتییەكان، ئەوەتا لە گێڕانەوەی ژیاننامەی باوكی (نور الدین علي كوڕی محمد كوڕی محمد كوڕی علی العسقلانی م: ٧٧٧ك/ ١٣٦٧ز) دەڵێت: "زانا بوو لە زانستەكانی شەرع و عەرەبی و ئەدەب، بەڵام شارەزانەبووە لە زانستی فەرموودە" (٣،١٩٩٤/ ١٩٧) ئەمە لە كاتێكدایە مێژوونووس (ابن ایاس م: ٩٣٠ك/ ١٥٢٣ز) لەبارەیەوە دەڵێت: "وكان عالما فاضلا بارعا في علم الحدیث" (١٩٩٢/ ٢/١/ ١٥٦ ـ ١٥٧). هەر پەیوەست بەم لایەنە، كاتێك باسی ژیانی (ابن رافع) دەكات دەڵێت: "شێخەكەم (حافظ العراقي) پێی گوتم (السبكي ـ تقي الدین علي كوڕی عبد الكافي السبكي م: ٧٥٦ك/ ١٣٥٥ز) منی خستە پێش (ابن رافع) لە زانینی بەشەكانی فەرموودە و گرنگیدان بە گەشتكردن لە پێناو زانست، بەڵام لە ڕاستیدا ابن رافع نزیكترە لەو پێناسەیە" (٤٩/١،١٩٦٩)

ئەمە لە کاتکێدایە (حافظ العراقي) نزیکترین و خۆشەویستترین مامۆستای بووە لە ژیانیدا. بڕوانە (١٩٦٩، ٢/ ٧٧)

بەڵگەیەکی تر لەسەر ڕاستبێژی، ئەوەیە لە چەندین شوێن ڕاشکاوانە دان بەوەدا دەنێت کە نایزانێت: "ولم تكن له بي معرفة"(١٩٧٢، / ٣٣٨) "ولم أتحقق إلى الآن ذلك"(١٩٦٩، ١/ ٣٥٦) "فلا أدري أيهما الصواب" (١٩٧٢، ١، ٢٥٨) یان لە هەندێک شوێن ناوی ئەو سەرچاوەی لەبیرکردووە، کە زانیارییەکانی لێوەرگرتووە: "ولا أدري ما كان مستندي في ذلك"(١٩٩، ٣/ ٢٩٩) "ولا أدري من أين نقلته"(٢،١٩٧٢/ ١٤٠)

لە لایەکی تر ڕاستبێژی و خاکیبوون وایکردووە، شەرم نەکات لە ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی خۆی، لە زۆر شوێن دوای ئەوەی ڕاستیی بابەتێکی بۆ دەرکەوتووە، ئەوا ئاماژەی پێ کردووە و هەڵەی خۆی ڕاستکردۆتەوە، بۆ ئەمەش هەندێک جار دەستەواژەی (كنت أظن) بەکاردێنێت، بۆ نموونە: لە گێڕانەوەی ژیانی قورئانخوێن (شمش الدين محمد الصالحي م: ٨٤٣ک/ ١٤٤٠ز) دەڵێت: "من وا گومانم دەکرد دەگەڕێتەوە بۆ (الصالحية)ی, ڕۆژهەڵاتی مصر، هەتا ئەو کاتەی براکەی پێی گوتم، کە دەگەڕێنەوە بۆ گوندێک بە ناوی (أم صالح) لە ڕۆژئاوای مصر"(٤،١٩٦٩/ ١٥١)

ئەوەی پێشتر باسمانکرد بەڵگەبوو بۆ شارەزایی، وردی، وریایی، ڕاستگۆیی ئیبن حەجەر لە نووسینەوەی مێژوو، لەگەڵ ئەوەشدا مانای ئەوە نییە ڕێچکە و ڕێبازەکەی لە ڕەخنە و هەڵە بەدەر بێت، ئەو خۆی بەردەوام ئەمەی دووپاتکردۆتەوە کەوا مرۆڤەکان بێ کەم و کورتی نابن (السخاوي, ١٩٩٩، ٣/ ١٠٢٤) لەم بارەیەوە (السخاوی) ئاماژە بەوە دەکات ئەویش وەک هەموو مێژوونووسەکانی تر لە هەندێک شوێن کەوتۆتە هەڵە (٢٠١٧/ ٢١٢ ـ٢١٣) سەبارەت بەمە دەتوانین ئاماژە بە چەند ڕەخنە و

سەرنجێک بکەین. یەکێکیان هەڵسەنگاندنی چەند کەسایەتییەک بەبێ بەڵگە، بۆ نموونە کاتێک ژیانی ئەدیب (شهاب الدين ابن العطار الدنيسري م: ٧٩٤ک/ ١٣٩٤ز) دەگێڕێتەوە ئاماژە بەوە دەکات، کە لە زمانی عەرەبی شارەزا نییە (١٩٦٩، ١/ ٤٤١؛ ١٩٧٢, ١/ ٣٤٠) بۆچوونی ئیبن حەجەر دەربارەی ئەم ئەدیبە جێگەی پرسیارە، چونکە ناوبراو شاعیرێکی ناودار و بەتوانای سەردەمی خۆی بووە و خاوەنی ژمارەیەکی زۆر پەرتووکی بایەخدار و ناسراوە لە ئەدەب و بوارەکانی تر، وەک (نزهة الناظر في المثل السائر) و (بديع المعاني في أنواع التهاني) بڕوانە: (ابن حجر, ١٩٩٤، ٣/ ٦٦؛ ابن تغري بردي, ٢٠٠٩، ٢/ ١٧٧) لە سەرێکی ترەوە هەر یەک لە (المقريزي) و (ابن تغري بردي م: ٨٧٤ک/ ١٤٧٠ز) لە گێڕانەوەی ژیانیدا ئاماژە بەوە ناکەن، کە لە زمانی عەربی شارەزایی نەبووە، بەڵکو بە زانا و ئەدیبێکی زیرەک و بەتوانا ناوی دەبەن (٢٠٠٢، ١/ ٢٠٣ ـ ٢٠٤؛ ٢٠٠٩، ٢/ ١٧٧ ـ ١٧٩). بۆیە مایەی سەرسوڕمانە ئەدیبێک خاوەنی (٣٠) پەرتووک بێت، لە زمانی عەرەبی شارەزا نەبێت.

سەرنجێکی تر ئەوەیە، لە تۆمارکردنی چەند ڕووداوێک وەک زۆربەی مرۆڤەکان، کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ڕق و کینەی کەسی، بۆ نموونە کاتێک لە ساڵی (٨٣٦ک/ ١٤٣٢ز) (شاه رخ کوڕی تیمورلنگ ٨٠٧ ـ ٨٥١ک/ ١٤٠٥ ـ ١٤٤٧ز) داوا لە سوڵتانی مەمالیک دەکات، ڕێگەی بدەن بەرگی کەعبە بگۆڕێت، سوڵتان دادوەرەکان کۆدەکاتەوە سەبارەت بەو بابەتە، لەو کۆبوونەوەیەدا هەریەک لە (ئیبن حەجەر) و (بدر الدين العيني)یش, بەشداربوونە، بۆچوونیان وەرگیراوە (معتوق، ٢١٧/١٩٨٢) بەڵام کاتێک ئیبن حەجەر باس لەم ڕووداوە دەکات (بدر الدين العيني) فەرامۆش دەکات (١٩٦٩، ٣/ ٥٤٣ ـ ٥٣٥)

لەلایەکی تر ڕەخنەی ئەوەی ئاڕاستە دەکرێت، کە ژیاننامەی هەندێک لە ناودارانی فەرامۆشکردووە، بە تایبەتی ئەوانەی لەسەر ڕێباوەڕی

حەنەفی بوونە، هەروەها دەگوترێ بە مەبەست لایەنە نەرێنییەکانی مامۆستا و هاوەڵەکانی بەدەرخستووە بە تایبەتی حەنەفییەکان، بە جۆرێک ناکرێت ژیانی حەنەفییەکان لە ئیبن حەجەر وەربگیرێت، لە ڕاستیدا ئەمە ڕەخنەیەکی بێبنەمایە، چونکە تەنیا لەو پەرتووکانەی ئێمە لێکۆڵینەوەمان بۆ کردووە، ژیاننامەی زیاتر لە (٦٠٠) کەسایەتیی حەنەفی گێڕاوەتەوە و هەرگیز نەکەوتۆتە ژێر کاریگەریی مەزهەب بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان.

هەروەها لە گواستنەوەی زانیارییەکان لە چەند شوێنێک کەوتۆتە هەڵە، بۆ نموونە ڕێکەوتی ڕوودانی شەڕی (شقحب)(١٩)ی، ساڵی (٧٩٢ک/ ١٣٠٣ز) بەهەڵە گواستۆتەوە. بڕوانە: (١٩٦٩) لە (ابن فرات، ١٩٣٩، ٩/ ١٨٦؛ ابن دقماق، ٤٧٤/١٩٨٢؛ ١٩٦٩، ١/ ٣٩١)

هەر سەبارەت بەم بابەتە، لە گێڕانەوەی ژیاننامەی جێگری سوڵتان (اسنبغا الزردكاش م: ٨١٨ک/ ١٤١٦ز) دەڵێت: "قال العينتابي: كان ظالما غاشما لم يشتهر عنه إلا الشر" (١٩٦٩، ٣/ ٧٧) لە کاتێکدا مێژوونووس (بدر الدين العيني ـ العينتابي) دەربارەی ئەم کەسایەتییە تەنها دەڵێت:"ولم يشتهر له معروف" (٢٠١٠، ١٩/ ٤٥) هەروەها کاتێک ژیانی شەرعزان و زانای زمانی عەرەبی (بدر الدين سلامە الماردينى م: ٨٣٧ک/ ١٤٣٤ز) لە (إنباء الغمر) دەخاتەڕوو دەڵێت: "لە پەرتووکی (المجمع المؤسس) بە جوانی ژیاننامەکەیم نووسیوە" (٣/ ٢٩) کەچی لەوێ ناوی نەهاتووە، هەروەک لە چەند شوێنێک دژیەکی دەربارەی بابەتێک لە نێوان (إنباء الغمر) و (الدرر الكامنة) هەیە، بۆ نموونە بڕوانە: (١٩٦٩، ١/ ٥١؛ ١٩٧٢، ٤/ ٣١٠). هەروەک پێشتریش ئاماژەمان بەوە کرد، ئیبن حەجەر ژمارەیەکی زۆری پەرتووکی مێژوویی نووسیوە، لەو ژمارە زۆرە، ئاساییە ئەگەر لە هەندێک شوێن هەڵەیکردبێت.

## ئەنجام

١. ئیبن حەجەر مێژوونووس، فەرمووددەناس، ئەدیب، شەرعزان، هەروەها ڕاڤەوانێکی دیاری سەردەمی مەمالیک بووە، گریمانەی ئەوە دەکرێت کورد بووبێت، بەهۆی زیرەکی و بیرتیژی لە ماوەی ژیانیدا (٢٧٩) پەرتووکی بەنرخی بەرهەمهێنان لە بوارەکانی (مێژوو ـ ژیاننامە ـ طبقات ـ علم الرجال ـ فەرمووده ـ ڕاڤەکردن ـ ئەدەب... هتد) بەشێکیان بوونەتە سەرچاوەی زانستی لە بواری خۆیان.

٢. ئیبن حەجەر وەک دیارترین مێژوونووسی سەدەی (٩ک/ ١٥ز)ە، دیدگا و تێڕوانینی خۆی هەیە سەبارەت بە نووسینەوەی مێژوو، بە پێویستی زانیوە مێژوونووس شارەزابێت لە بارودۆخی کۆمەڵگە و سروشت و ئاستی خەڵک، هەروەک پێیوایە لە گێڕانەوەی ژیاننامەی کەسایەتییەکان نابێت نزمەکان بەرزبکرێنەوە و بەرزەکان نزمبکرێنەوە.

٣. لە نووسینەوەی مێژوودا پشت بە ژمارەیەکی زۆری سەرچاوەی باوەڕپێکراو دەبەستێت، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕی ڕەهای نییە بە ڕووداو و هەواڵەکانی ناویان، بەڵکو لە زۆر شوێن گومانیان لێدەکات.

٤. ئیبن حەجەر تەنیا کۆکەرەوەی هەواڵ و زانیارییەکان نییە، بەڵکو لێکۆڵەرێکی بەتوانا و خاوەن بۆچوون و لێکدانەوەی خۆیەتی.

٥. یەکێک لە دیارترین و بەرچاوترین خاسیەتەکانی ڕێبازەکەی لە نووسینەوەی میژوودا، ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندن و بڕیاردانە لەسەر هەواڵ و ڕووداو و ژیاننامەی کەسایەتییەکان، لە ژێر کاریگەریی زانستی (علم الرجال ـ الجرح والتعدیل).

٦. لە ناو پەرتووکە مێژووییەکانی ئیبن حەجەر، زانیاری و هەواڵ و ڕووداوی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، زانستی، سەربازی، کارگێڕیی

گرنگ هەن سەبارەت بە کوردستان لە ماوەی سالانی (٧٧٣ ـ ٨٥٠ک/ ١٣٧١ـ ١٤٤٦ز)، کە شایەنی لێکۆڵینەوەن.

٧ـ لە ژێر ڕۆشنایی زانیارییەکانی ئیبن حەجەر بۆمان دەردەکەوێت، کورد پێکهاتەیەکی دیار بووە لە شام و مصر، هەروەها ژمارەیەکی زۆر ناودار و کەسایەتیی کوردی هەڵکەوتوون لە شام، مصر، حیجاز، یەمەن، لەماوەی سالانی (٧٠١ ـ ٨٥٠ک/ ١٣٠١ـ ١٤٤٦ز) ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە بواری سیاسی، ئاینی، زانستی، کارگێڕی، سەربازی. چونکە لێهاتوو و لێوەشاوە بوونە.

٨ـ بە گشتی هەڵسەنگاندن و بۆچوونی ئیبن حەجەر سەبارەت بە کەسایەتییە کوردییەکان ئەرێنییە، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە هەموویان لە ڕەخنە بەدەربن.

## پەراوێزەکان

(٢) عسقلان: شارێکە لە شام سەر بە فەلەستینە، کەوتۆتە سەر کەناری دەریا، لە نێوان (غەزە) و (بیت جبرین) هەڵکەوتووە، پێی دەڵێن بووکی شام. (یاقوت الحموي، ١٩٩٤،٤/ ١٢٢)

(٣) الکناني: مەبەست هۆزی (الکناني)یە کە هۆزێکی دیار و بەربڵاوی عەرەبیە، لە چەندین تیرە و لق و پۆپ پێکهاتووە، لە زۆر شوێن و ناوچە نیشتەجێبوونە، وەک شام، حیجاز، عێراق، مصر. بڕوانە: (السمعاني، ١٩٦٢، ١١/ ١٥٠ ـ ١٥٤؛ ابن الأثیر،٢٠١٠, ٣/ ١١١)

(٤) أحمدیل: یەکێکە لە میرەکانی بنەماڵەی ڕەوادی، نەوەی میری ناودار وەهسوزانی ڕەوادیە، دامەزرێنەری میرنشینی (ئەحمەدیلی ـ الأحمدیلیة ٥٠١ ـ ٦٢٤ک/ ١١٠٧ ـ ١٢٢٧ز)یە, کە لە سەرەتای سەدەی (٦ک/ ١٢ز) دەرکەوتووە و

بە درێژکراوەی میرنشینی ڕەوادی دادەنرێت، ئەم میرە یەکێک بووە لە لایەنگرەکانی سوڵتان محمدی کوڕی مەلیکشای سەلجوقی (٤٩٨ ـ ٥١١ک/ ١١٠٤ ـ ١١١٦ز)، بەشداری کردووە لە چالاکییە سەربازییەکانی بە تایبەت لە هێرشەکانی بۆ سەر وڵاتی شام و شەڕەکانی لەگەڵ خاچدروشمەکان، سوپای بۆ ناردووە و لەتەکیدا وەستاوە، جا وەک ڕێزلێنانێک لەو کۆششە گەورانەی، مەراغە و چەند شارێکی تری ئازەربێجانی پێ بەخشیوە کە دواتر بووە هۆی سەرهەڵدانی میرنشینی ئەحمەدیلی، میرێکی ئازا و بەجەرگ بووە، لە ساڵی (٥١٠ک/ ١١١٧ز) لە لایەن پیاوێکی باتینی کوژراوە. (ابن القلانسي، ١٩٨٣, ١/ ٢٧٩ ـ ٢٨١, ٣١٥؛ سبط ابن الجوزي, ٢٠١٣، ٢٠/ ٤٤ ـ ٤٥, ٧٩ ـ ٨٠؛ ابن العديم, ٢٠١٠، ٨/ ٣٦٦٥؛ الذهبي, د.س، ٢/ ٣٩١)

(٥) لەم بارەیەوە نموونە گەلێک زۆرن: دەبینین میرانی هەکاری ڕۆژگارێک خۆیان بە نەوەی عەباسییەکان و سەردەمانێک بە نەوەی ئومەوییەکان داناوە، یان هەندێک لە ناودارانی هۆزی گاوانی کوردی نازناوەکانی (المالكي) و (النخعي) یان هەیە، چونکە خۆیان دەدەنە پاڵ (مالک کوڕی حارثی النخعي م: ٣٧ک/ ٦٥٧ز)، و ئەمیری ناوداری کورد (عیسی کوڕی موسی هەکاری کوردی م: / ٦٥٨/ ١٢٦٠ز) دراوەتەوە پاڵ هۆزی قورەیشی بەم شێوەیە (القرشي الكردي الهكاري), و (ئەمیر مجير الدين أبو الهيجاء عيسى کوڕی خشترینی کوردی م: ٦٦١ک/١٢٦٣ز) بە (الأموي) دانراوە. بڕوانە: (الحسيني, ٢٠٠٧، ١/ ٤٣٦؛ ابن الفوطي, ١٩٩٥،٢ / ٥٢٣ ـ ٥٢٤؛ الذهبي, ٢٠٠٣، ١٤/ ٨٨٦؛ بدلیسی، ٢٠١٧، ١ / ١٩٢ ـ ١٩٣).

(٦) زكي الدين الخروبي: ٧٨٧ک/ ١٣٨٦ز: أبو بكر کوڕی علی کوڕی أحمد الخروبي، بازرگانێکی ناوداری قاهیرە بووە، سەروەت و سامانی بێ شوماری هەبووە، لە پرۆژەی خێرخوازی خەرجکردووە (ابن حجر، ١٩٦٩، ١ / ٣٠٦؛ ١٩٧٢، ٥٣٨/١)

(٧) الجمال بن الظهيرة:م ٨١٧ک/ ١٤١٥ز): محمد کوڕی عبد الله کوڕی ظهيرة المخزومي المكي: شەرعزان و فەرموودەناسێکی دیاری شاری مەککە

بووە، خاوەنی چەندین پەرتووکە لە زانستەکانی فیقهـ و فەرموودە. بگەڕێوە بۆ: (ابن حجر، ١٩٦٩، ٣/ ٣٣٢ ـ ٣٣٣؛ ١٩٩٤، ٣/ ٣١٤ ـ ٣١٦)

(٨) وەک: قوتابخانەکانی (الشيخونية، الجمالية، المنصورية). بڕوانە: (المقريزي, ٢٠٠٢، ٦/ ٢١١؛ السيوطي, د.س/٤٦؛ ابن طولون، ١٩٨٠، ٢/ ٤٥٥؛ ابن اياس, ١٩٩٢، ٢/ ٤٦)

(٩)لە نموونەی: ئیلخانییەکان ـ جەلائیرییەکان ـ موزەفەرییەکان ـ قەرەقویونلو ـ ئاق قویونلو، عوسمانییەکان ـ بێزەنتییەکان ـ خاچدروشمەکان... هتد.

(١٠) علم الرجال ـ معرفة رجال الحديث: يان (الجرح و التعديل) كە زانستێکە لە پێگە و ژیانی گێڕەوەکانی (الرواة)ی, فەرموودە دەکۆڵێتەوە لە ڕووی ناو و نازناو و ڕەچەڵەک و بارودۆخی ژیانییان و ڕەوشت و ڕەفتاریان و ئاستی زانستی و مامۆستاو قوتابیەکانییان و ساڵی مردنیان، بە مەبەستی جیاکردنەوەی ئەوانەی باوەڕپێکراون لەوانەی باوەڕپێنەکراون هەروەها دەرخستنی جۆر و ڕاستی و ناڕاستی ئەو فەرموودانەی کە گێڕاویانەتەوە. (الزهراني, د.س/ ١١٢؛ العمري, د.س/ ٥٨).

(١١) قەریولوک ـ قرايلك: فخر الدين عثمان کوڕی قطلوبک کوڕی طور علی، سەرداری خێڵی ئاق قویونلو لە ماوەی ساڵانی (٨٠٤ ـ ٨٣٨ک/ ١٤٠٢ ـ ١٤٣٥ز) خاوەنداریەتی ئامەد و ماردین و چەندان شوێنی تری کردووە. بڕوانە: (ابن تغري بردي, ٢٠٠٩, ٧/ ٤٢٤ ـ ٤٢٥؛ ئەبووبەکر تارانی، ٢٠٠٧ / ٤٥ ـ ٧٢؛ السخاوي, ٢٠٠٣, ٥/ ١٣٥ ـ ١٣٧)

(١٢) حصن كيفا: شارۆچکە و قەڵایەکی گەورەیە، دەڕوانێتە سەر ڕووباری دیجلە، لە نێوان ئامەد و جەزیرەی ئیبن عومەر و میافارقین هەڵکەوتووە، سەر بە هەرێمی دیاربەکرە. (ياقوت الحموي, ١٩٩٤، ٢/ ٢٥٦؛ بنگلی، ٢٠٠٥/ ٢٥ ـ ٣٠)

(١٣) کرکر: شارۆچکە و قەڵایەکی سەختە، لە ڕۆژئاوای دیاربەکر، دوو ڕۆژەڕێ لە ڕۆژهەڵاتی مەلاتیە دوورە، لەسەر کەناری فورات هەڵکەوتووە،

زۆرکات لە لایەن مەمالیکەکانەوە بەڕێوەبردراوە. (القلقشندي, ٢٠١٠, ٤/ ١٢٤ ـ ١٢٥؛ الظاهري, ١٨٩٤/ ٥١)

(١٤) بیشار: یەکێکە لە قەڵاکانی مەلاتیە، لە نزیک ڕووباری فورات هەڵکەوتووە. (یاقوت الحموي, ٥،١٩٩٤/ ٢١٠) هەروەها بە (منشار) و (هشار)یش، ناوی هاتووە. (المقريزي، ١٩٩٧، ٦/ ٤٤٤؛ ابن حجر، ١٩٦٩، ٣/ ١٣١؛ الصيرفي, ١٩٧٣، ٢/ ٣٩٢).

(١٥) خەربوت (خرتبرت): قەڵایەکە لەو پەڕی هەرێمی دیاربەکر، دەکەوێتە سەر سنووری وڵاتی ڕۆم، دوو ڕۆژەڕێ دوورە لە باشووری مەڵاتیە، هەروەها (حصن زیاد) یشیان پێ گوتووە، (یاقوت الحموي, ١٩٩٤، ٢/ ٣٥٥؛ ابن الأثير, ١٩٩٧، ٨/ ٥٣٩؛ ابن شحنة, ١٩٠٩/ ١٧٨)

(١٦) لەوانە: (التاريخ الكبير أو تأريخ ابن فرات) ی (ناصر الدين ابن الفرات م: ت٨٠٧هـ/١٤٠٤)، (نزهة الأنام في تاريخ الإسلام) ی (ابن دقماق (ت ٨٠٩هـ/١٤٠٦م)، (تأريخ ابن حجي أو ذيل البداية والنهاية) ی (ابن جحي الحسباني م: ت٨١٦هـ/١٤١٣م)، (السلوک لمعرفه الدول و الملوک) و (درر العقود الفريده في تراجم الأعيان المفيدة)ی (تقی الدين المقريزي م: ٨٤٥هـ/١٤٤١م)... هتد.

(١٧) رأس العين: شارێکی گەورە و ناوداری جەزیرەیە، لە نێوان حەران و نصيبين و دنيسر هەڵکەوتووە، کانیە زۆر و پاکەکانی سەرچاوەی ڕووباری خابورن، بەبوونی باخچە و بێستان بەناوبانگە. (ابن شداد، ١٩٨٨، ٣/ ١/ ١٤٥ ـ ٢٤٩؛ یاقوت الحموي, ١٩٩٤، ٣/ ١٣ ـ ١٤)

(١٨) محمود الكلستاني م: ٨٠١ک/ ١٣٩٩ز: محمود کوڕی عبد الله الحنفي السرائي (السرايي)، لە بنەچەدا دەگەڕێتەوە بۆ گوندی (سرا)ی سەر بە شاری (نهاوند)، شەرعناسێکی ناودار بووە، شارەزاییەکی زۆری هەبوە لە زمانەکانی فارسی، عەرەبی، تورکی، گەشتی دیمەشق و بغدادی کردووە، پاشان لە شاری قاهیرە نیشتەجێ بووە و لەوێ ژمارەیەک پلەو پۆستی وەرگرتووە. (ابن حجر، ١٩٩٨/ ٧٩ ـ ٨٠؛ ابن تغري بردي, د.س، ٢/ ٧٢٦)

(١٩) دمرداش المحمدي الظاهري م: ٨١٨ك/ ١٤١٥ز: يەكێك بووە لە مەمالیكەكانی سوڵتان ظاهر برقوق, ژمارەیەک پۆستی وەرگرتووە، لەوانە، پۆستی جێگری سوڵتان لە طرابلس و حەلەب. بڕوانە: (ابن حجر، ١٩٦٩، ٣/ ٧٩ ـ ٨١؛ السخاوي, د.س، ٢/ ٤٤٠)

(٢٠) شەڕی شقحب: لە ساڵی (٧٩٢ك/ ١٣٠٣ز) ڕوویدا لە نێوان هێزی الملك الظاهر برقوق و ئەمیر تمربغا الأفضلي ناسراو بە (منطاش) سەركردەی سوپای سوڵتان المنصور حاجی, لە دۆلی (شقحب) لە باشوری دیمەشق، لەم شەڕەدا ظاهر برقوق سەركەوت و دەسەڵاتی وەرگرتەوە. بڕوانە: (المقريزي, ١٩٩٧، ٥/ ٢٧٦ ـ ٢٧٨؛ ابن تغري بردي, ٢٠١٠, ١١/ ٣٦٦ ـ ٣٨٠)

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم/ دەستنووسەکان:


- البصروي: عبد الله بن زين الدين بن أحمد بن محمد، ابن خليل البصروي (ت: ١١٧٠هـ / ١٧٥٧م)
- ـ جمان الدرر بترجمة شيخ الإسلام ابن حجر, مخطوطة مصورة, دار الكتب المصرية, (رقم: ١٣٧٩).
- سبط ابن حجر: سبط ابن حجر، جمال الدين يوسف بن شاهين الكركي (ت: ٨٩٩ هـ / ١٤٩٣م)
- ـ النجوم الزاهرة بتلخيص اخبار قضاة مصر و القاهرة. https://gallica.bnf.fr/ark:/12148/btv1b11001643h/f9.item


### دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:


- **ابن الأثير: عز الدين أبي الحسن علي بن محمد بن محمد الجزري (ت ٦٣٠ك/١٢٣٢ز).**
- ـ اللباب في تهذيب الأنساب, دار صادر, (بيروت: ٢٠١٠)
- ـ الكامل في التأريخ, ت: عمر عبدالسلام التدمري, ط١, دار الكتاب العربي, (بيروت: ١٩٩٧)
- **ابن أياس: محمد بن أحمد بن اياس الحنفي المصري (ت: ٩٣٠هـ ـ ١٥٢٣م)**

- . بدائع الزهور فى وقائع الدهور، تحقيق، محمد مصطفى، مكتبة المدبولى، (بيروت: ١٩٩٢).
- **البقاعي: برهان الدين إبراهيم بن عمر(ت: ٨٨٥ك/١٤٨٠ز)**
- . عنوان الزمان بتراجم الشيوخ والأقران, ت: حسن حبشي, ط١, دار الكتب والوثائق , (القاهرة: ٢٠٠١)
- **إبن تغري بردي: جمال الدين أبي المحاسن يوسف الاتابكي، (ت: ٨٧٤ك/١٤٦٩ز)**
- . الدليل الشافي على المنهل الصافي, ت: فهيم محمد شلتوت, مكتبة الخانجي, (القاهرة: د.ت)
- . المنهل الصافي والمستوفي بعد الوافي ت: محمد محمد أمين, الهيئة المصرية للكتاب, (القاهرة: ٢٠٠٩)
- . النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة, دار الكتب, (القاهرة: ٢٠١٠)
- **حاجي خليفة: حاجي خليفة: مصطفى بن عبد الله (ت: ١٠٦٧هـ /١٦٥٦م)**
- . كشف الظنون عن أسامي الكتب والفنون، مكتبة المثنى، (بغداد: ١٩٤١)
- **إبن حبيب الحلبي: الحسن بن عمر بن الحسن بن عمر الحلبي (ت: ٧٧٩هـ - ١٣٧٧م)**
- . درة الأسلاك في دولة الأتراك, ت: محمد محمد أمين, دار الكتب والوثائق، (القاهرة, ٢٠١١)
- **إبن حجر العسقلاني: شهاب الدين احمد بن علي (ت: ٨٥٢ك/١٤٤٨ز)**

- . إنباء الغمر بأبناء العمر, ت: حسن حبشي, لجنة إحياء التراث الإسلامي, (القاهرة: ١٩٦٩)
- . الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة, ت: محمد عبد المعيد ضان, مجلس دائرة المعارف الإسلامية, (حيدر اباد: ١٩٧٢ز)
- . ذيل الدرر الكامنة فى أعيان المائة التاسعة، ت: احمد فريد، ط١، دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٩٩٨م)
- . تبصير المنتبه بتحرير المشتبه , ت: محمد علي النجار, ط١, امكتبة العلمية, (بيروت: د.س)
- . رفع الإصر عن قضاة المصر, ت: علي محمد عمر, ط١, مكتبة الخانجي, (القاهرة: ١٩٩٨)
- . المجمع المؤسس للمعجم المفهرس، ت: يوسف عبد الرحمن، ط١, دار المعرفة, (بيروت: ١٩٩٤)
- **الحسيني: أبو العباس عز الدين أحمد بن محمد بن عبد الرحمن (ت: ٦٩٥ هـ / ١٢٩٥م)**
- . صلة التكملة لوفيات النقلة, ت: بشار عواد معروف, ط١, دار الغرب الإسلامي، (بيروت: ٢٠٠٧)
- **ابن خطيب الناصرية: ابي الحسن على بن محمد الحلبى (ت: ٨٤٣هـ/١٤٣٩م).**
- . الدر المنتخب في تكملة تأريخ حلب, ت: أحمد فوزي الهيب, ط١, مؤسسة عبد العزيز سعود البابطين الثقافية, (الكويت: ٢٠١٨)

- **ابن دقماق: صارم الدين ابراهيم بن محمد ابن ايدمر العلائي(ت: ٨٠٩ك/١٤٠٦ز)**
- . الجوهر . الثمين في سير الخلفاء و الملوك و السلاطين, ت: سعيد عبد الفتاح عاشور، مركز بحث العلمي و إحياء تراث الأسلامي, (مككة: ١٩٨٢)
- **الذهبي: شمس الدين محمد بن احمد بن عثمان (ت: ٧٤٨ هـ /١٣٧٤م)**
- . تاريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام, ت: بشار عواد معروف, ط١, (د.م: ٢٠٠٣)
- . العبر في خبر من غبر, ت: ابو هاجر محمد السعيد , دار الكتب العلمية, (بيروت: د.ت)
- **ابن رافع: تقي الدين محمد بن هجرس السلامي (ت: ٧٧٤ هـ / ١٣٧٢م)**
- . الوفيات, تحقيق: صالح مهدي عباس و بشار عواد معروف, مؤسسة الرسالة, (بيروت: ٢٠٠١)
- **سبط ابن الجوزي: شمس الدين ابو المظفر يوسف بن قزغلي (ت: ٦٥٤ هـ / ١٢٥٦م)**
- . مرأة الزمان في تواريخ الأعيان, ت: محمد بركات, ط١, دار الرسالة العالمية, (دمشق: ٢٠١٣)
- **سبط ابن العجمي: موفق الدين أحمد بن إبراهيم بن محمد (ت: ٨٨٤هـ /١٤٨٠م)**
- . كنوز الذهب في تأريخ حلب، دار القلم، (حلب: ١٩٩٧م)

- **السخاوي: شمس الدين محمد بن عبد الرحمن بن محمد (ت: ٩٠٢ك/١٤٩٧ز)**

- . الضوء اللامع لأهل القرن التاسع، ت: عبد اللطيف حسن، ط١، دار الكتب العلمية، (بيروت: ٢٠٠٣).

- . وجيز الكلام في الذيل على دول الإسلام, ت: بشار عواد معروف, مؤسسة الرسالة, (د.م: د.س)

- . الإعلان بالتوبيخ لمن ذم أهل التوريخ، ت: سالم بن غتر الظفيري، ط١, دار الصميعي.(الرياض: ٢٠١٧)

- . الذيل التام على دول الأسلام للذهبي, ت: محمد الأرناؤوط, ط١, دار ابن العماد, (بيروت: ١٩٩٢)

- . التبر المسبوك في ذيل السلوك، ت: لبيبة ابراهيم مصطفى، دار الكتب والوثائق، (القاهرة: ٢٠٠٢).

- . الجواهر والدرر في ترجمة شيخ الإسلام ابن حجر, ت: ابراهيم باجس, ط١, دار حزم, (بيروت: ١٩٩٩)

- . فتح المغيث بشرح ألفية الحديث، ت: علي حسين علي، ط١, مكتبة السنة, (القاهرة: ٢٠٠٣)

- **السلمي**: محمد بن صامل بن صويمل:

- . مسائل نفيسة في منهج كتابة التأريخ خمس فتاوى لخمسة من كبار علماء القرن التاسع الهجري, تحقيق: محمد صامل السلمي، دار الحراء، (مكة المكرمة: ١٩٨٦)

- **السمعاني: ابو سعد عبد الكريم بن محمد (ت: ٥٦٢ك/١١٦٦ز)**
- الأنساب, ت: عبد الرحمن بن يحيى المعلمي, ط١, مجلس دائرة المعارف العثمانية، (حيدر آباد: ١٩٦٢)
- **السيوطي: جلال الدين بن عبد الرحمن بن ابى بكر (ت: ٩١١ هـ / ١٥٠٥م)**
- . بغية الوعاة في طبقات اللغويين والنحاة، ت: محمد أبو الفضل، المكتبة العصرية، (صيدا: ٢٠١٠)
- . ذيل طبقات الحفاظ, ت: الشيخ زكريا عميرات, دار الكتب العلمية, (د.م: ٢٠١٠), ص٢٥١
- . حسن المحاضرة في تأريخ مصر والقاهرة, ت: محمد أبو الفضل ط١, دار إحياء الكتب, (د.م: ١٩٦٧)
- . نظم العقيان في أعيان ألأعيان، تحيقق: فيليب حتي، (بيروت: د. ت)
- **ابو شامة: عبد الرحمن بن إسماعيل بن إبراهيم المقدسي (ت: ٦٦٥ك/١٢٦٦ز).**
- . الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية، ت: إبراهيم الزيبق، ط١, مؤسسة الرسالة،(بيروت: ١٩٩٧)
- **ابن شحنة: أبي الفضل محمد الشحنة (ت:٨٩٠ك/١٤٨٥م)**
- . الدر المنتخب في تاريخ مملكة حلب، ت: يوسف بن الياس , المطبعة الكاثوليكية, (بيروت: ١٩٠٩)

- **ابن شداد: عزالدين محمد بن علي بن ابراهيم بن شداد (ت: ٦٨٤ك/١٢٨٥ز)**

- . الأعلاق الخطيرة في ذكر أمراء الشام و الجزيرة، ت: يحيى عبارة, دار أحياء التراث, (دمشق: ١٩٨٨)

- . النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية، ت: جمال الدين الشيال، ط٢, مكتبة الخانجي، (القاهرة: ١٩٩٤)

- **الشوكاني: محمد بن علي الشوكاني (ت: ١٢٥٠ هـ / ١٨٣٤م)**

- . البدر الطالع بمحاسن من بعد القرن السابع، دار المعرفة، (بيروت: د.ت)

- **الاصبهاني, عماد الدين الكاتب أبو عبد الله محمد (ت ٥٩٧ هـ / ١٢٠١م)**

- . الفتح القسي في الفتح القدسي، ط٢، دار المنار، (د.م: ٢٠٠٤)

- **الصيرفي: علي بن داود بن ابراهيم الجوهري (ت: ٩٠٠هـ / ١٤٩٥م)**

- . نزهة النفوس والأبدان فى تواريخ الزمان، تحقيق: حسن حبشي، دار الكتب، (القاهرة: ١٩٧٣م)

- **ابن طولون: ابن طولون: شمس الدين محمد (ت: ٩٥٣ك/١٥٤٥ز)**

- . القلائد الجوهرية في تأريخ الصالحية, ت: محمد أحمد دهمان, مجمع اللغة العربية, (دمشق: ١٩٨٠)

- **الظاهري: غرس الدين خليل بن شاهين (ت: ٨٧٣هـ/١٤٦٨م)**

- زبدة الكشف المماليك وبيان الطرق والمسالک، ت: بولس راويس، المطبعة الجمهورية، (باريس: ١٨٩٤

- **ابن العديم: ابو القاسم كمال الدين عمر بن احمد بن هبة الله الحلبي(ت: ٦٦٠ك/١٢٦٢ز)**

- . بغية الطلب في تأريخ حلب, ت: سهيل زكار, دار الفكر, (د.م: ٢٠١٠)

- **ابن العماد الحنبلي: ابو الفلاح عبد الحي بن أحمد (ت: ١٠٨٩هـ /١٦٧٨م)**

- . شذرات الذهب في أخبار من ذهب, ت: محمود الأرناؤوط، ط١, دار ابن كثير, (دمشق: ١٩٨٦)

- **العيني: العينى: بدر الدين محمود بن احمد الحنفي (ت: ٨٥٥ هـ/١٤٥١م)**

- . عقد الجمان في تأريخ أهل الزمان, ت: محمد محمد أمين, دار الكتب والوثائق , (القاهيرة: ٢٠١٠)

- **الغزي: تقي الدين بن عبد القادر التميمي (ت: ١٠١٠هـ /١٠٦١م)**

- . الطبقات السنية في تراجم الحنفية، ت: عبد الفتاح محمد الحلو، دار الرفاعي، (الرياض: ١٩٨٣م)

- **الغزي العامري: رضي الدين ابي البركات محمد بن احمد بن عبد الله(ت: ٨٦٤هـ/١٤٥٩م)**

- . بهجة الناظرين إلى تراجم المتأخرين من الشافعية البارعين, ت: كمال يوسف الحوت, ط١, دار الكتب العلمية, (بيروت: ١٩٩١)

- **الفاسي: تقي الدين محمد بن أحمد بن (ت: ٨٣٢هـ/ ١٤٢٨م)**

- . العقد الثمين في تأريخ البلد الأمين, ت: فؤاد سير, مؤسسة الرسالة,(د.م: د.س)

- .  ذيل التقييد في رواة السنن والأسانيد، ت: كمال يوسف، ط١, دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٩٩٠)
- **ابن فرات: ناصر الدين محمد بن عبد الرحمن بن علي الحنفي (ت: ٨٠٧ هـ / ١٤٠٥م)**
- . تأريخ ابن فرات, ت: قسطنطين زريق, جامعة بيروت الاميركية, (بيروت: ١٩٣٩)
- **ابن فهد المكي:  عمر ابن فهد الهاشمى (ت:  ٨٨٥ هـ /١٤٨٠م):**
- . معجم الشيوخ، تحقيق: محمد الزاهي، مكتبة المعاصر، (الرياض: ١٩٨٢م)
- **ابن الفوطي: كمال الدين ابو الفضل عبد الرزاق بن احمد (ت ٧٢٣ هـ / ١٣٢٣م)**
- .  مجمع الآداب في معجم الألقاب, ت: محمد الكاظم, ط١, مؤسسة الطباعة والنشر, (طهران: ١٩٩٥)
- **ابن قاضي شهبة:  تقي الدين  أبو بكر بن أحمد بن محمد (ت: ٨٥١ هـ /١٤٤٨م)**
- .  طبقات الشافعية، تحقيق:  الحافظ عبد العليم خان، عالم الكتب، (بيروت: ١٩٨٧)
- **ابن القلانسي: أبي يعلي حمزة بن أسد (ت: ٥٥٥ هـ/ ١١٦٠م)**
- .  تأريخ دمشق, ت: سهيل زكار, ط١, دار حسان للطباعة والنشر, (دمشق: ١٩٨٣)

- **القلقشندي: أبو العباس أحمد بن علي (ت: ٨٢١ هـ /١٤١٨م)**
- . صبح الأعشى في صناعة الإنشاء، دار الكتب العلمية، (بيروت: ٢٠١٠)
- **ابن كنان: محمد بن عيسى (ت: ١١٥٣ هـ/ ١٧٤٠م)**
- . المروج السندسية الفسيحة في تلخيص تأريخ الصالحية, ت: محمد أحمد دهمان, مديرية الآثار, (دمشق: ١٩٤٧)
- **المقريزي: تقي الدين احمد بن علي (ت: ٨٤٥ هـ /١٤٤١م)**
- . السلوك لمعرفة دول الملوك, ت: محمد عبد القادر عطا, ط١, دار الكتب العلمية, (بيروت: ١٩٩٧)
- . درر العقود الفريدة في تراجم الأعيان المفيدة، ت: محمود الجليلي، دار الكتب، (بيروت: ٢٠٠٢م)
- **المكي: أبو الفضل تقي الدين محمد بن محمد بن ابن فهد الهاشمي (ت: ٨٧١ هـ /١٤٦٦م).**
- . لحظ الألحاظ بذيل طبقات الحفاظ, ط١, دار الكتب العلمية, (بيروت: ١٩٩٨)
- **المناوي: زين الدين محمد عبد الرؤوف بن تاج العارفين القاهري (ت: ١٠٣١هـ/ ١٦٢١م)**
- . اليواقيت والدرر في شرح نخبة ابن حجر، ت: المرتضي الزين أحمد، مكتبة الرشد, (الرياض: ١٩٩٩)
- **ابن أبي الهيجاء: عز الدين محمد الهذباني الاربلي (ت: ٧٠٠هـ / ١٣٠١م)**

- ـ تأريخ ابن أبي الهيجاء, ت: صبحي عبد المنعم محمد, ط١, رياض الصالحين طباعة. نشر. توزيع, (١٩٩٣: د.م)

- **ياقوت الحموي: شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله(ت: ١٢٢٩/٦٢٦ز)**

- ـ معجم البلدان, ط٢, دار صادر, (بيروت: ١٩٩٤)

- **اليوسفي: موسى بن محمد بن يحيى اليوسفي (٧٥٩هـ/ ١٣٥٨م)**

- ـ  نزهة الناظر في سيرة الملك الناصر،ت: أحمد حطيط, ط١, عالم الكتب, (بيروت: ١٩٨٦)

- **اليونيني: قطب الدين ابي الفتح موسى بن محمد البعلبكي (ت: ٧٢٦ هـ / ١٣٢٦م)**

- ـ ذيل مرآة الزمان, ط٢, دار الكتب الإسلامي, (القاهرة: ١٩٩٢)

**سێیەم: سەرچاوە و ژێدەرەكان بە زمانی كوردی:**

- ـ بدلیسی، شەرەفنامە، و: سەلاحەدین ئاشتی، چاپخانەی گوتار، (سەقز: ٢٠١٧)

- ـ أبو بەكر تارانی، كتێبی دیاربەكرییە، و: سەلاحەددین ئاشتی، بنكەی ژین، (٢٠٠٧: سلێمانی)

- ـ نیشتمان بەشیر محمد، كورد و سەلجوقیەكان لێكۆڵینەوەیەك لە پەیوەندیە سیاسیەكانیان، و: ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، چ٢، دەزگای توێژینەوەو بلاوكردنەوەی موكریانی، (هەولێر: ٢٠٠٦)

**چوارەم: ژێدەرەکان بە زمانی عەرەبی:**


- ـ بنگلى: سيپان حسن على، حصن كيفا (٦٠٠-٧٠٠هـ ـ ١٢٠٠-١٣٠٠م) دراسة فى تاريخيها السياسى والحضاري، (اربيل: ٢٠٠٥م)

- ـ الترحيني: محمد أحمد, المؤرخون والتأريخ عند العرب, دار الكتب العلمية, (بيروت: ١٩٩٩)

- ـ جمال الدين: أمينة محمد, النساء المحدثات في العصر المملوكي و دورهن في الحياة الأدبية والثقافية, ط, دار الهداية, (د.م: ٢٠٠٣)

- ـ حسن: على إبراهيم، استخدام المصادر وطرق البحث في تأريخ الإسلامي العام و في تأريخ المصري الوسيط, ط٢, مكتبة النهضة المصرية, (القاهرة: ١٩٦٣)

- ـ حسن:عزت سليمان، الكرد في جيش الدولة المملوكية, الأكاديمية الكردية, (أربيل:٢١١)

- ـ حسين: محسن محمد، الجيش الأيوبي في عهد صلاح الدين, ط٢, دار ئاراس, (أربيل: ٢٠٠٠)

- ـ خضر:عبد العليم عبد الرحمن, المسلمون و كتابة التأريخ دراسة في التأصيل الأسلامي لعلم التأريخ, المعهد العالمي للفكر الإسلامي, (د.م: ١٩٩٥)

- ـ روزنثال: فرانز, علم التأريخ عند المسلمين, ترجمة: صالح أحمد على, ط٢, مؤسسة الرسالة, (بيروت: ١٩٨٣)

- ـ الزهراني: محمد بن مطر, علم الرجال نشأته وتطوره من القرن الأول إلى نهاية القرن التاسع, دار الخضيري, (د.م: د.س)

- ـ زيادة: محمد مصطفى المؤرخون في مصر في القرن الخامس عشر الميلادي (القرن التاسع الهجري), مطبعة الجنة, (القاهرة: ١٩٤٩)
- ـ سالم: السيد عبد العزيز، مناهج البحث في التأريخ الإسلامي ولآثار الإسلامية, مؤسسة شباب الجامعة, (الاسكندرية: ٢٠١٠)
- ـ سيد: أيمن فؤاد, الكتابة التأريخية ومناهج النقد التأريخي عند المؤرخين المسلمين, ط١, الدار المصرية اللبناية, (بيروت: ٢٠١٧)
- ـ عبد المنعم: شاكر محمود ابن حجر العسقلاني مصنفاته و دراسة في منهجه و موارده في كتابه الإصابة, ط١, مؤسسة الرسالة, (بيروت: ١٩٩٧)
- ـ عبد الغني: حسن محمد, التراجم والسير، ط١, دار المعارف, (د.م: د.س)
- ـ عبدالله: يسرى عبدالغنى، معجم المؤرخين المسلمين، دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٩٩١م)
- ـ عز الدين: محمد كمال الدين، ابن حجر العسقلاني, مؤرخا, ط١, عالم الكتب, (بيروت: ١٩٨٧)
- ـ العزاوي:عباس, التعريف بالمؤرخين في عهد المغول والتركمان, شركة التجارة والطباعة(د.م: ١٩٥٧)
- ـ العمري: أكرم ضياء, بحوث في تأريخ السنة المشرفة, مكتبة العلوم, (المدينة المنورة: د.س)
- ـ مخلوف: محمد، شجرة النور الزكية في طبقات المالكية، ط١, دار الكتب العلمية، (بيروت: ٢٠٠٣)

- ـ مرغوليوث, دراسات عن المؤرخرين العرب، ترجمة: حسين نصار, دار الثقافة, (بيروت: د.س).

- ـ معروف:بشار عواد، الذهبي و منهجه في كتابة التأريخ الأسلامي, مطبعة عيسى, (القاهرة: ١٩٧٦)

- ـ النقشبندي، حسام الدين علي غالب, أذربيجان أيران في عصر السلجوقي (٤٢٠ ـ ٦٢٤هـ/ ١٠٢٩ ـ ١٢٢٧م)

- دراسة في أحوالها السياسية والأدارية والعسكرية), بنكەى ژين، (السليمانية: ٢٠١٢)

- ـ الوافي: محمد عبد الكريم، منهج البحث في التاريخ و التدوين التاريخي عند العرب، ط٣, منشورات جامعة قاريوسف, (بنغازي: ٢٠٠٨)

**پێنجەم: نامە زانكۆييەكان:**

- ـ كبيسي، ابراهيم رشيد محمد, منهج ابن حجر العسقلاني, في كتابه الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة, رسالة الماجستير, جامعة الموصل, كلية التربية الأساسية, قسم التاريخ, ٢٠١٣.

- ـ محمد: سعاد إبراهيم, النجم ابن فهد مؤرخا, رسالة دكتوراه, جامع ام القرى, كلية الشريعة والدراسات الإسلامية, قسم الدراسات العليا التأريخية والحضارية, مكة المكرمة, ١٩٩٤.

- ـ معتوق: صالح يوسف، بدر الدين العيني واثره في علم الحديث, رسالة الماجستير, جامعة أم القرى, كلية الشريعة والدراسات الإسلامية, ١٩٨٢.

**Summary**

This research consentrates on the path of scientists, historians, and literature of Mamaliki's era (648-

923 H/ 1250-1517) (Ibn Hajri Al-Asqalani 773-852 H/ 1371-1448 AD ). Although he lived in Egypt, but there is a hypothesis that he was Kurds , Ibn Hajar considered it necessary to pay attention to all other scientists, so history had a lot of passion for researching, and this motivated him to study a number of historical biographies. Then he started writing and researching, and he had written about 279 books in different fields of science, including a number of historical fields, he had his own path and the method of writing , rejecting the basics of criticism, doubting the sources and news of their names, and eager to confirm the information and rely on many sources and all kinds of common sources. Also, the evaluation of the famous personalities of the era and the presentation of their positive and negative sides, one of the most prominent characteristics of his method.

**ملخص**

يركز هذا البحث على منهج أحد مؤرخي العصر المملوكي (٦٤٨ ـ ٩٢٣ هـ / ١٢٥٠ ـ ١٥١٧م) في كتابة التأريخ, وهو العالم و الأديب (ابن حجر العسقلاني ٧٧٣ ـ ٨٥٢ هـ / ١٣٧١ ـ ١٤٤٨م) على الرغم من أنه عاش في مصر، ولكن هناك فرضية أنه من نسب كردي، اهتم ابن حجر اهتماما كبيرا بالبحث في التاريخ و قراءة الكتب التأريخية، يرى ابن حجر ان قراءة و التحقيق في في التأريخ أمر ضروري، وكان هذا ما دفعه لكتابة حوالي (٢٧٩) كتابا في مجالات علمية مختلفة من بينهم، الكتب التاريخية العامة و التراجم والسير الذاتية والطبقات، تميزت منهجه فى كتابة التأريخ بالنقد المشاهير و الاعلام المترجمين والتشكيك في الأخبار و الأحداث داخل المصادر التأريخية، والرغبة على تأكيد معلوماتهم والاعتماد على مصادر كثيرة و متنوعة من خلال كتابة التأريخ.

https://www.doi.org/10.31918/twejer.2253.3

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# (زیندان لە میرنشینی حەسنەوی و عەننازی) (سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی/ دەیەم و یانزدەیەمی زاینی)

دلگش عمر تاها

و. پ. ب. پەروەردەی سۆران

dot059h@hist. soran. edu. iq

پ. د. احمد میرزا میرزا

زانکۆی سەلاح الدین کۆلێژی ئاداب

**پوختە**

بارودۆخی ناوخۆی خەلافەتی عەبباسی (١٣٢-٦٥٦ک/٧٤٩-١٢٥٨ز)، لە سەرەتای (سەدەی چوارەمی کۆچی/دەیەمی زاینی) تاڕادەیەک ناهەموار بوو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەستەڵاتی ناوەندی بەسەر ناوچەکاندا لاوازتر دەبوو، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین دەستەڵات و جوڵانەوەی ناوخۆیی، کە هەر یەکەیان لە ناوچەیەک دەستەڵاتی خۆی دامەزراند، بەڵام هەوڵیان دەدا کە لە چوارچێوەی خەلافەتدا فەرمانڕەوایەتیی سەربەخۆیان هەبێت، هەردوو میرنشینی حەسنەوی (٣٤٨_٤٠٦ک/٩٥٩_١٠١٥ز) و عەننازییش (٣٨١_٥١١ک/٩٩١_١١١٧ز) لەو دەستەڵاتانە بوون، بۆ ئەوەی دەستەڵاتی خۆیان بپارێزن کۆمەڵگایان ڕێکخستەوە و ئەو کەسانەی دژی دەسەڵاتی ئەوان بوون سزا دەدران، یەکێک لەو سزایانە زیندان بوو، سەرەڕای ئەوەی بۆ مانەوەی خۆیان کەوتنە ململانێ لەگەڵ هێزەکانی تر و لە ئەنجامدا، چەندین شەڕ لە نێوانیاندا ڕوودەدا، یەکێک لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم ململانێیە، لێکەوتنەوەی دیل بوو لە هەردوولا، کە بۆ حەواندنەوە یان تاوەکو زانینی چارەنووسیان پێویستیان بە زیندان هەبووە، لێرەدا ڕووندەبێتەوە کە هیچ دەستەڵاتێک بە بێ زیندان نابێت، بۆ زانینی تەواوی مێژووی شارستانیەتی هەر دەستەڵاتێکیش بەبێ تیشک خستنە سەر ئەم دەزگایە گرنگە زانیارییەکان تەواو نابن بە تایبەت ئەگەر توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر ئەنجامنەدرابێت، بەپێی بەدواداچوونی توێژەر، توێژەرەکانی تر بایەخیان بە بارودۆخی سیاسی میرنشینەکان داوە نەک ئەم لایەنە، هەر چەندە بەدەستخستنی زانیاری ورد لەم بارەیەوە کارێکی ئاسان نییە.

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، بابەتەکە دابەش کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

پوختە و چوار باس: باسی یەکەم: مێژووی سیاسیی میرنشینی حەسنەوەیهی، باسی دووەم: زیندان لە میرنشینی حەسنەوی، باسی سێیەم: پۆختەی مێژووی سیاسیی میرنشینی عەننازی، باسی چوارەم: زیندان لە میرنشینی عەننازی.

ئەنجام، لە کوتاییدا توێژەر گەیشتووتە ئەو ئەنجامەی کە لەو دوو میرنشینەدا جۆرها زیندان هەبوونە، زیندانییەکانیش بە تاوانی جیاواز بەندکراون، هەروەها، هەڵسوکەوتی جیاواز لەگەڵیان ئەنجامدراوە، سەرەڕای ئەوە چارەنووسیشان جیاوازبووە.

**وشە کلیلییەکان: میر، میرنشین، حەسنەوی، عەننازی، زیندان، شار**

## زیندان لە میرنشینی حەسنەوی و عەننازی) (سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی/ دەیەم و یانزدەیەمی زاینی)

### پێشەکی

زیندان ئامرازێکە لە ئامرازەکانی سزادانی تاونباران یاخود چاکسازیکردنیانە (تأدیب)، لە هەمان کاتدا پاراستنی کومەڵگە لە زیانیان، دوورخستنەوەی کومەڵگا لە ئازاریان و هەروەها شوێنێکە بۆ ڕاگرتنی دیلەکان تا دۆزینەوەی چارەسەری یەکلاکەرەوەی بارودۆخیان، ئەویش چارەسەرێکی یەکلاکەرەوەیان بۆ بارودۆخیان بدۆزرێتەوە چ بە سزادان یان ئازادکردنی دیلی دوژمنان بەرانبەر بە ئازادکردنیان دیلی خۆیان، زۆر جار ئەم بارودۆخە بە بێ ستەم کۆتاییندەهات، زیندانیش بەشێکە لەو چارەسەرانەی کە دەستەڵاتداران دەیگرنە بەر بۆ کەمکردنەوەی کێشەکانیان و ئەو دوو میرنشینە کوردییەش لەو حاڵەتە بێبەش نین.

لاوازبوونی دەستەڵاتی خەلافەتی عەبباسی یەکێک بوو لە هۆکارە هەرە کاریگەرەکان بۆ دروستبوونی دەستەڵاتە خۆجێییەکان و کوردیش ئەو دەرفەتەی لەدەستنەداو و چەندین دەستەڵاتی خۆجێیی دامەزران کە زۆر جار سەربەخۆیانە کارەکانیان ڕادەپەڕاند و بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ دەستەڵاتی ناوەند کە خەلیفەی عەبباسی بوو، تەنیا ئەو کاتانەی کە ناچار دەکران یان بۆ ئەوەی بە فەرمی بناسرێن تەنیا بە ناو لە ژێر دەستەڵاتی خەلافەت کارەکانیان ڕادەپەڕاند و خەلیفەش ئەمەی بەدڵبووە، چونکە تەنیا بە ناوی ئەوان دەستەڵاتەکانیان بەڕێوەدەبرد، لەو دەستەڵاتە خۆجێییانەش هەردوو میرنشینی (حەسنەوی و عەننازی) لە دوو هەرێمی جیاواز لە کاتی جیاواز دامەزران و وەک حکومەتێکی سەربەخۆ ڕەفتاریان دەکرد و زۆر دامودەزگای بەڕێوەبردنیان کە دامەزراندبوو و زیندان یەکێک بوو لەوانە، لە بەر ئەوە لەم توێژینەوەیەدا باسی بارودۆخی زیندان دەکەین لە هەر دوو میرنشینەکەدا.

بایەخی توێژینەوەکەش لەوە بەدەردەکەوێت کە توێژەر هەڵساوە بە باسکردنی بابەتێکی شارستانی کە پەیوەندی بە سیستەمی بەڕێوەبردن لە سەردەمی میرنشینەکان هەیە کە تا ئێستا بە پێی بەدواداچوونەکانمان هیچ توێژەرێک بەلای بابەتەکەدا نەهاتووە و ئەوەی زیاتر هانیداین بۆ نووسینی بابەتەکە حەز و خولیا بووە بۆ لایەنی شارستانی میرنشینەکان بە تایبەت لە بواری زیندان.

بۆ شیکردنەوەی ڕووداوە مێژووییەکان توێژەر پشتی بە شێوازی وەسفی مێژووی شیکاری بەستووە، کە ئەمەش بە پشتبەستن بووە بەو سەرچاوانەی کە نزیکبوون لە سەردەمی ئەو میرنشینانە وەک (تجارب الامم و تعاقب الهمم)ی (ابن مسکویه٣٥٠_٤٠٥ك/٩٦١_١٠١٤ز) کە خۆی مێژوونووسی بووەیهییەکان بووە و هاوسەردەمی حەسنەوییەکان بووە و ئاگاداری پەیوەندیی نێوان حەسنەوییەکان و بووەیهییەکان بووە و کتێبی (ذیل تجارب الامم)ی (الروذراوی ٤٤٨ك/١٠٩٥ز)کە درێژەپێدەری کتێبی تجارب الامم‌ە و هەروەها لەبەر ئەوەی هاوسەردەمی میر بەدر بووە و لە کاتی خۆی وەزیری عەبباسیەکان بووە تاڕادەیەکی زۆر نووسینەکانی لە ڕاستیی ڕووداوەکان نزیکدەکاتەوە و چەندین سەرچاوەی تری ڕەسەن سوودی لێ وەرگیراوە وەک (الکامل فی التاریخ)ی (ابن الأثیر، ت٦٣٠ك/١٢٣٢ز) وتاريخ ابن خلدون(ت٨٠٨ك/١٠٤٦ز) کە بە شێوەی ساڵانە ڕووداوەکانیان تۆمارکردووە و سەرەڕای سوودوەرگرتن لە چەندین ژێدەری تر کە بە درێژی باسی ئەو میرنشینانەیان کردووە و توێژەریش سوودێکی زۆری لێ وەرگرتوون وەک (الكرد فی لرستان الصغری و شهرەزۆرخلال العصر الوسيط)ی(د. حسام الدين على غالب النقشبندي)ە و(الامارات الكردية في العصر العباسی الثاني)ی (د. فرست مرعی) کە بە وردیی باسی ئەو دوو میرنشینە دەکەن، و بێگومان بێجگە لە سەرچاوە مێژووییەکان سەرچاوەی جوگرافیش زۆر سوودی بۆ تێژینەوەکە هەبووە و بە بێ ئەو سەرچاوانە ئامانجەکانی توێژینەوە

بەدینەدەهاتن چونکە بۆ شوێنی زیندانەکان پێویستیمان بەو سەرچاوانە هەبوو، وەک (صورة الأرض)ی ابن حوقل و(تقویم البلدان)ی (عمادالدین اسماعیل بن محمد ابوالفداء)، و چەندین سەرچاوەی تر.

## باسی یەکەم: مێژووی سیاسیی میرنشینی حەسنەوەیهی (٣٤٨_٤٠٦ک/٩٥٩_١٠١٥ز)

میرنشینی حەسنەوی لە ناوەڕاستی سەدەی (چوارەمی کۆچی و دەیەمی زاینی) دامەزرا لە سەر دەستی (میر حەسنەوەیهی کوڕی حوسێن) (٣٤٨_٣٦٩ک/٩٥٩_٩٧٩ز)[١] لە هەرێمی چیاکان لە شارەکانی دەینەوەر[٢] و هەمەدان[٣] و شارەزوور[٤] و دوای ئەوەی هەموو ئەو قەڵا و شارانەی کە لە دەست بەرزیکانییەکان[٥]بوون کەوتنە دەستیان و فراوانتریان کردن (مسکویه، ٢٠٠٣، ٤٢٦/٥ ؛ ابن کثیر، ٢٠١٠، ٣٠٢؛ النقشبندی، ٢٠١١، ١٤٦، ١٤٤)، و دوای ئەوەی (ونداد و غانم)[٦] کە دوو خاڵی میر حەسنەوەی بوون لە دەستەڵات نەمان و بارودۆخ بۆ میر حەسنەوییە گونجاو بوو بۆ دامەزراندنی میرنشینەکەی لە ساڵی (٣٤٨_٣٥٠ک/٩٥٩، ٩٦١ز) (ابن خلدون، د. ت، ١٢٣٤؛ ڕۆژبەیانی، د. ت، ٤٨، النقشبندی، ٢٠١١، ١٤٦، ١٤٤)، و ئەوەی کارەکەی بۆ ئەم میرە ئاسانکردبوو پێشینەی خۆی بوو چونکە پێشتر میر وەک سەرکردەی سووپای بەرزیکانی کاری دەکرد (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٣٣٨/٧؛ ابن خلدون، د. ت، ١٢٣٤؛ مرعی، ٢٠٠٥، ١٣٥)، ئەوەش زیاتر هێزی پێ بەخشی و هەروەها دەستگیرکردنی (ابو الغنائم)ی کوڕی ونداد کە جێگەی باوکی گرتبووەوە و ببوو بە میر لە لایەن گروپێک لە ناو عەیشانییەکان بە هۆی خراپ بەڕێوەبردنی دەستەڵاتی هۆزەکەیان ئەوەندەی تر بارودۆخەکەی بۆ ئاسان کرد تا میرنشینەکەی دابمەزرێنێت (ابن خلدون، د. ت، ١٢٣٦)، و دوای ئەویش چەند میرێک لە بنەماڵەی حەسنەوەیهییەکان دەستەڵاتیان وەرگرتووە وەک (بەدر کوڕی حەسنەویە)[٧] (٣٦٩_٤٠٥ک/٩٧٩_١٠١٤ز)

(الثعالبي، د. ت، ٦٦_٦٧؛ مسكويه، ٢٠٠٣، ٤٣٢/٥)، و(هلالی کوڕی بەدر)[٨] (٤٠٥ک/١٠١٥ز) (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٥٥/٨، ٥٦؛ الهاشمی، ١٩٧٥، ٧٤٥_٧٤٦).

بەڵام دوای مردنی دامەزرێنەریان لە ساڵی(٣٦٩ک/٩٧٩ز) (ابن الوردی، ١٩٦٩، ٣٠٤؛ مقليه، ٢٠٠٦، ١٦٣)، ئەو هێزەی جارانیان نامێنێ ئەویش بە هۆی بوونی ناکۆکی لە نێوان کوڕەکانی میر حەسنەوییە لە سەر دەستەڵات، ئەوەش دیسان بوار بۆ دوژمن دەڕەخسێنێت تاوەکو دەستی خۆیان درێژبکەن بۆ دەستێوەردان بۆ بارودۆخی ناوخۆی میرنشین کە هۆکاری سەرەکیی ناکۆکییەکان و لاوازبوونیان بوو (ابن کثير، ٢٠١٠، ٣٠٢/١٢)، و هۆکارێکی تری سەرەکیی ناکۆکییەکان دوای میر حەسنەوییە ئەوەبوو کە حەوت کوڕی لە دوای خوی بەجێهێشتبوو لەگەڵ یەک ناکۆکبوون و هەر برایەک دەیویست لە سەر حسابی برای تر ببێتە میر، کە بەناوبانگترینیان بدر و عاصم بوون بەڵام لە کۆتاییدا بدر دەبێتە جێنشینی باوکی و دەستەڵات وەردەگرێت، ئەمەش بە یارمەتیی بووەیهییەکان و بەمەش ناڕازی بوونی براکانی لێ کەوتەوە و بووە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەیان و سەرکەوتنی میر بدر و بەدیلگرتنی عاصم و کوشتنی براکانی تری لێکەوتەوە (مسكويه، ١٩١٥، ٤١٥/٢؛ ابن خلدون، د. ت، ١٢٣٤).

دوای تەمەنێک لە ململانێ بە یەکجاری میرنشینی حەسنەوی لە (٤٣٩ک/١٠٤٩ز) لەناودەچێت، هەرچەندە دوای ئەوەی لە قوناغی دووەمی تەمەنی میرنشینەکەدا دوای ساڵی (٤٠٦هـ/ ١٠١٦م) توانی جارێکی تر هەڵبستێتەوە، بەڵام ئەم جارە بۆ یەکجاری کۆتایی پێهات و دوا میری میرنشینەکە میر (بدری کوڕی طاهر)[٩] لە ساڵی (٤٣٩ک/١٠٤٩ز) کۆچی دوای کرد (مسكويه، ١٩١٥، ٤١٥/٢؛ ابن خلدون، د. ت، ١٢٣٨؛ النقشبندی، ١٩٧٥، ٢٠٠).

## باسی دووەم: زیندان لە میرنشینی حەسنەوی

میرنشینی حەسنەوی  زۆرجار بۆ مانەوە و پاراستنی خۆیان، یان لە کاتی بەهێزبوونیاندا بۆ فراوانکردنی سنووری دەسەڵاتیان شەڕیان لەگەڵ هێز و لایەنی جیاوازی ناوخۆیی و دەرەکیدا ئەنجامداوە و لەو شەڕانەی کە سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە زۆر دەستکەوتیان بە دەستدەهێنا، وەک بەدیلگرتنی سەرباز و ئەو سەربازانەش لە زیندانەکانیاندا زیندانی دەکران تا کاتی پێویست، بۆیە بارودۆخی زیندانەکانی میرنشین و بەڕێوەبردنی زیندان و چۆنیەتیی هەڵسووکەوتی میرانی میرنشین لە سەردەمە جیاوازەکاندا جیاواز بووە و شاریش[١٠] لەو سەردەمەدا گرنگیی تایبەتیی خۆی هەبوو لە پاراستنی کومەڵگای ئەو کات بە دانیشتوان و هێزە دەستەڵاتدارەکانەوە  و شارستانیەتی ئیسلامیش گرنگییەکی تایبەتی بە بابەتی شار داوە و بە جۆرێک هەر شارێک زۆرتر قایمکاری تێدا کرابووایە، ئەوا دەستەڵاتداران سیستەمی بەڕێوەبردنی خۆیان لەو شارەدا دادەمەزراند (عثمان، ١٩٨٨، ٤٧_٥١)، زیندانیش یەکێک بوو لەو دامەزراوانەی کە لە ناو شارەکاندا گرنگییەکی تایبەتی پێدەدرا، بەو پێیەی کە شوێنی زیندانیکردنی تاوانبارانی ناو میرنشین بوو و هەر شارێک کە گرنگ بووایە چ لە ڕووی سەربازی و چ لە ڕووی ئیداری، ئەوا زیندانێکی تێدا دروستدەکرا، بۆیە لەو توێژینەوەیەدا پشتمان بە شارەکان بەستووە بۆ ناساندنی زیندانەکان چونکە شوێنێکی گونجاوبوون بۆ دامەزراندنی زیندانەکان بە هەموو شێوەکانیەوە و لە گرنگترینیان:

### یەکەم_ زیندانی شاری هەمەدان (همدان):

شاری هەمەدان پێگەیەکی گرنگی کورد بوو پێش دامەزراندنی میرنشینی حەسنەوی و دوای دامەزراندنی میرنشینەکەش ناوەندی بڕیاریان بوو و بۆ ماوەیەکی زۆریش پایتەختی حەسنەوییەکان بوو، ڕاستە زۆر جار لە ژێر دەستەڵاتیان حەسنەویەکان دەردەهێندرا بە

تایبەت لە لایەن هێزەکانی بوەیهی و عەباسییەکان  ئەوەش بە درێژەپێدەری ئەو هەولآنە دادەندرێت کە پێشتر عەباسییەکان بە تایبەت لە سەردەمی خەلیفەی عەبباسی (المتقی لله٣٢٩_٣٣٣ه/ ٩٤٠_٩٤٣م)[١١] دەیانکردە سەر ئەو شارە بۆ گەڕاندنەوەی دەستەڵاتی ناوەندییان و کۆتاییهێنان بە باڵادەستیی کورد و کەسایەتییەکانی ئەو شارە، بەڵام لە هێرشەکانیاندا شکستیاندەهێنا و سەرکەوتن بۆ کورد بوو، و دوای دامەزراندنی میرنشینی حەسنەویش وەک هێزێکی کاریگەر هەمەدانیان گرتبووە دەست و  کردبوویانە چەقی ململانێی خۆیان (البدلیسی، ٢٠٠٦، ٣٣).

شێوازی دروستکردنی زیندان و پێکهاتەکەی و چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی زیندان زانیاریی وردیان لە سەر نییە، بەڵام کە وردبینەوە لە شێوەی شار چ لە ڕووی ئەو کەرستانەی کە بەکارهێنراون و چ لە ڕووی شێوازی دروستکردنیەوە کە دەرگای ئاسنی بەکارهێنراوە بۆ دەروازەی شار و هەروەها لە بەر ئەوەی شارەکە شوێنی پاراستنی گەنجینە و ماڵ و سامانی زۆرێک لە دەستەڵاتداران بووە، شارەکە زۆر بە پتەوی دروستکراوە و سوود لە بەردی گەورە وەرگیراوە بۆ بینای شارەکە، و زیندانیش چونکە دامەزراوەیەکی گرنگ بووە باشترین ئەو کەرستانەی کە باسکران لە دروستکردنی بەکارهێنراون (ابی دلف الخزرجی، ١٩٥٥، ١٧)، و شارەکە لە سەدەی (چوارەمی کۆچی)خاوەنی قەڵا و بورجی خۆی بووە، چونکە شار چوار دەرگای ئاسنی گەورەی هەبووە. دەکرێت دەرگاکانی زیندانیش ئاسنین بێت چونکە لە گشت سەردەمێکدا باشترین و قایمترین کەل و پەل بەکارهێنراون لە دروستکردنی زیندانەدا (زارعی، ١٣٩٠، ٥) شارەکە زیندانی جۆراوجۆری هەبووە وەک زیندانی (بورجی قەڵا)، چونکە کاتێک (ملکشاه بن محمود بن محمد بن ملکشاه)ی سەلجووقی لە ساڵی (٥٤٧ک/_) دەستگیرکرا بە

دەستی نەیارانی، لە یەکێک لە بورجەکانی شار زیندانی کراوە (نیشابوری، ١٣٣٢ش، ٦٤).

بەو پێیەی شاری هەمەدان شارێکی کۆنی مێژووییە و چەندین دەسەڵاتداری تر لەوێ حوکمڕانییان کردووە بە درێژایی چەندین سەدە و شارێک بەم پێگە مێژووییە ناکرێت بە بێ دامەزراوەی گرنگی بەڕیوەبردن بێت کە یەک لەوانە زیندانە، و شاری هەمدانیش بەدەر نییە لەوە (أبی دلف الخزرجي، ١٩٥٥، ١٦، ١٧؛ زارعي، ١٣٩٠، ٦)، و هەروەها بەڵگەی بوونی زیندان لەو شارە ئەوەیە کاتێک بووەیهییەکان گەیشتنە ئامانجی خۆیان بە دروستکردنی دووبەرەکی لە نێوان کوڕەکانی حەسنەوییە، (بدر)یان کردە دەسەڵاتداری حەسنەوییەکان، ئەمەش بووە جێی ناڕەزایی (عاصم) و (عبدالملک)ی برای و ئەوانیش ئەم بارودۆخەیان قبووڵنەکرد و بڕیاری دژایەتیکردنی براکەیان دا، و بۆ ئەم مەبەستە کەوتنە خۆیان بەڵام هەر زوو بووەیهییەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان بەرگرییان لە میر (بدر) کرد، بۆیە (عاصم)یان دەستگیرکرد و ڕەوانەی شاری هەمەدانیان کرد و لەوێ زیندانییان کرد (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٣٨٩/٧؛ ابن خلدون، د. ت، ١٢٣٤؛ الهاشمي، ١٩٧٥، ٧٣٠)، و توێژەرێکیش باسی شێوازی گواستنەوەی (عاصم) دەکات: ((عاصم سواری وشترێک کراوە بە هەڵگەڕاوەی بە جلوبەرگی سوورەوە وەک دیل ڕەوانەی زیندانی (همدان) کراوە)) (مرجونە2010، ٢٢٠)، هەروەها (الروذراوی)ش باس لەوە دەکات کە براکانی بەدر (عاصم و فضل)دژی ئەو هەستان، بەڵام زۆرتر باسی دەستگیرکردنی(فضل) و ڕەوانەکردنی بۆ زیندانی (همدان)دەکات (د. ت، ١٢/٣)، ئەمەش بە پێچەوانەی زۆربەی سەرچاوەکانی تر کە باسی زیندانیکردنی (عاصم) دەکەن لە (همدان) نەوەک (فضل)، دەکرێت (فضل)یش دوای ماوەیەک لە (بدر) هەڵگەڕابێتەوە، چونکە تەنیا میر (بدر) دەسەڵاتی لەدەستدابوو، بۆیە (فضل)یش زیندانی کراوە، بەڵام لە ئەنجامدا کۆتایی بە کوڕەکانی حەسنەوی هاتووە، چونکە لە لایەن (بوەیهییەکان)

دەستگیر کراون و کوژراون و تەنیا میر (بدر) مایتەوە وەک دەستەڵاتداری حەسنەوییەکان پشتگیری لێ دەکرا.

بێجگە لەوە لە ساڵی (٤٠٥ ک/١٠١٥ز) لە ململانێی نێوان (طاهری کوڕی هلال ٤٠٥ک/١٠١٥ز)(١٢) و (شمس الدولەی بوەیهي)(١٣)، (طاهر) لەو شەڕەدا لەگەڵ (شمس الدوله) شکستی خوارد و بە دیلی دوو جار کەوتە دەست دوژمنەکانی، و جاری یەکەم لە شارەزوورەوە گوازرایە زیندانی شاری (همدان) و لەوێ زیندانی کرا بۆ ماوەی یەک ساڵ و دواتر ئازادکرا (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٨٣/٨؛ البدلیسي، ٣٧، ٢٠٠٦؛ مرجونه، ٢٠١٠، ٢٣٣) و دوای ماوەیەک بەکارهێنرا لە لایەن (البوویهیین) بۆ شەڕ لەگەڵ (العنازیین)، کە دوژمنی هاوبەشی هەردوولا بوون، و دوای ئەوە هیچ دەنگوباسی نەما (الروذراوي، د. ت، ١٢/٣)، ـوادیارە لە شەڕی دووەمدا کوژراوە، کەواتە ئەم ڕووداوە بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ هەبوونی زیندان لەو شارە کە شوێنی دەستەڵاتداریەتیی حەسنەوەیهییەکانە.

**دووەم_ زیندانی شارەزوور:**

شارەزوور یەکێکی تر بوو لە هەرێمە گرنگەکانی میرنشینی حەسنەوی و لە ململانێی نێوان بنەماڵەی میرانی حەسنەوی بە تایبەت میر (بدر) و میر (هلال) باسی زیندان لەو شارە کراوە، و میر (هلال) لە زیندانی ئەو شارە زیندانی کراوە (البدلیسی، ٣٨، ٢٠٠٦).

ئەو شارە بە هۆی ململانێ بەردەوامەکان لە نێوان هێزە جیاوازەکاندا لە ژێر دەستەڵاتی هێزی جیاوازدا بووە و پێشتر لە ژێر دەستەڵاتی (بدربن حسنویە)بووە، بەڵام بە هۆی ڕێکەوتنی لەگەڵ بووەیهییەکان، ئەو شارەی ڕادەستی ئەوان کردووە، بەڵام دوای ماوەیەک لە جێگربوونی دەستەڵاتی بووەیهییەکان لەو شارە بە تایبەت لە ساڵی (٤٠٤ک/١٠١٤م) (طاهری کوڕی هلال)(٤٠٥_٤٠٦ ک/١٠١٥_١٠١٦ز) کە پێشتر لەو سنوورە

ئەما بوو بەهۆی ترسی لە باپیری کە میر (بدر) بوو، هێرشی کردە سەر شارەکە و لە ژێر دەستی بووەیهییەکان دەریهێنا و لەو شەڕەدا توانی ژمارەیەکی زۆری سەربازی (بووەیهییەکان) بەدیلبگرێت و بۆ ماوەیەکیش ئەوانی خستە زیندان لەو شارەدا تا ئەو کاتەی داوایان لە میر(طاهر) کرد کە ئەو دیلانە ئازادبکات، ئەویش لە بەرانبەر دانپێدانانی بووەیهییەکان بۆ دەستەڵاتی لەو شارە ڕازیبوو، ئەوە بۆ ڕێکەوتنەکە وەک خۆی جێبەجێکرا (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٨١/٨).

شارەزوور مەڵبەندی چەندین شار و شارۆچکە بووە و خاوەن قەڵای گرنگ (قسنان وقنا) کە دوو قەڵای گرنگ بوون بە تایبەت لە سەردەمی (ونداد و غانم) (ابن حوقل، ١٩٩٢، ٣١٤؛ ابن خلدون، د. ت، ١٢٣٤؛ النقشبندی، ٢٠١١، ٧٢)، کەواتە دەکرێت زیندانی شارەزوور لە ناو قەڵاکان بێت، ئەویش بە هۆی بە هێزیی قەڵاکان کە شوێنێکی باش بوون بۆ پاراستنی زیندان.

**سێیەم_ زیندانی السرادق[١٤]:**

جۆری زیندان لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی تر جیاوازبووە و هەندێ جار وا هەڵکەوتووە لە بەر بارودۆخێکی لە ناکاو دیل و زیندانیان لە خیوەتگاکان زیندانی کراون لەوانە (السرادق) و لە نێو ئەو السرادقانەشدا شوێنێک هەبووە کە تایبەت بووە بە زیندانیان پێیان دەوترا (خرکاه)[١٥]کە دیوارەکانی لە خشت دروست کراوە و سەرووشی بە پارچەیەکی تایبەت لە قوماش داپۆشراوە، جێی ئاماژەیە کە چەندین لایەنگری (عاصم)ی کوڕی حەسنەوی لە نێوانیاندا چەند پیاوماقولی کوردان و فەرمانبەران لە نێویدا زیندانی کراون (الروذراوی، د. ت، ١١).

**چوارەم_زیندانی قەڵای دازازینە[١٦]:**

قەڵای دازازینە قەڵایەکی گرنگی میرنشینەکە بوو کە لە کاتی دەستگیرکردنی میر(بدر) لە لایەن (هلال)ی کوڕی سوودی لێ وەرگیراوە وەک زیندان، وشایانی باسە (هلال) لە سەر داوای باوکی ئەوی بردە ئەو قەڵایە چونکە باوکی میر(بدر) دەیزانی کە ئەو قەڵایە دەکەوێتە شوێنێکی ستراتیجی گرنگ چونکە لە هاوپەیمانانی وەک بووەیهییەکان نزیکە و دەتوانێت پەیوەندیان پێوە بکات و هەر ئەمەش ڕوویدا و بووەیهیەکان لە سەر داوای بدر بە هانای هاتن و لە زیندانە ئازادیان کرد(مؤلف مجهول، د. ت، ٢٢٧).

**پێنجەم_زیندانی قەڵای أرنبە[١٧]:**

ئەو قەڵایە یەکێکە لە قەڵا بەهێزەکانی سەردەمی خۆی کە دەکەوێتە شاری خولنجان[١٨]، و لە کێشەی نێوان (بدر) و (هلال) ئەو قەڵایە (هلال) بەکاریدەهێنێت بۆ زیندانیکردنی باوکی خۆی (سبط ابن الجوزي، ٢٠١٣، ١٩٢/١٨)، هەرچەندە یەکێک لە توێژەران پێیوایە ئەو قەڵایەی کە بدر تێدا زیندانی کراوە قەڵای (دازازینەیە) نەک (أرنبە) (مؤلف مجهول، د. ت، ٢٢٧).

**شەشەم_زیندانی قەڵای (سابور خواست_شابور خواست)[١٩]:**

قەڵاکان بە هۆی شێوەی دروستکردنیانەوە هەم بۆ شوێنی نیشتەجێبوون و هەمیش شوێنی دام و دەزگای حکومەتەکان بوون، و قەڵای (سابور خواست)یش بە هۆی پتەویی قەڵاکەوە یەکێک بوو لەو قەڵایانەی کە بۆ میرنشین گرنگییەکی تایبەتی هەبوو، هەروەها بە هۆی ئەو ماڵ و سامانەی کە لە ناویدا هەبووە جێی چاوتێبڕینی دەستەڵاتدارانی دەوروبەر بووە (مؤلف مجهول، د. ت، ٢٢٨)، بۆیە لە دوا وێستگەی ململانێی نێوان میر (بدر) و کوڕەکەی ئەو قەڵایە دەبێتە مەڵبەندی

بەیەکدادانەکانی نێوانیان و بووەیهییەکان، (هلال) ئەو قەڵایەی هەڵبژاردبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ باوکی و بووەیهییەکان، بەڵام لە کۆتاییدا (بدر) توانی بە هۆی یارمەتیی (بووەیهییەکان) (هلال) دەستگیربکات و بووەیهییەکانیش لە سەر داوای (هیلال) ئەویان ڕادەستی (بدر) نەکرد (_مؤلف مجهول، د. ت، ٣٦٨)، و هەر لە قەڵاکەدا خستیانە زیندان و دوای ماوەیەک لە مانەوە لە زیندان لەو قەڵایەدا توانی هەڵبێت، شایانی باسە میر (بدر) لەو کاتەی هیلال زیندانی کرا لە قەڵای (دزازینە) بوو (سبط ابن الجوزي، ٢٠١٣، ١٩٢/١٨).

## باسی سێیەم: پۆختەی مێژووی سیاسیی میرنشینی عەننازی (٣٨١_٥١١ک/٩٩١_١١١٧ز):

میرنشینی عەننازی یەکێکە لە میرنشینە بەناوبانگەکانی کورد، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی (چوارەمی کۆچی و دەیەمی زاینیدا) دامەزرا و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕووداوەکانی ناوچەکەدا هەبوو، و ئەم میرنشینە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا بە شێوەی جیاواز  ناوی هاتووە وەک (عنان) (ابن خلدون، د. ت، ١٢٣٥)، بەڵام ئەوەی باوە لە زۆربەی توێژینەوەکاندا بە ناوی (عەناز)ی ناویان هاتووە (البدليسي، ٢٠٠٦، ٣٨؛مرعي، ٢٠٠٥، ٣٣٣؛ النقشبندي، ٢٠١١، ٢٠٨)،   کە باسی سەرەتای دەرکەوتنی میرنشینەکە دەکەین  دەبێت باسی هۆزی (شازنجان)[٢٠]و کەسایەتیی (ابن ابی الشوک الكردي)[٢١] بکەین چونکە لە نیوەی یەکەمی سەدەی (چوارەمی کۆچی/دەیەمی زاینی) ببوونە هۆی گرنگیپێدانی (بووەیهییەکان) وەک هێزێکی کاریگەر لە ناوچەکە بە تایبەت لە (حلوان)[٢٢] کە پایتەختیان بوو، لە چەندین بۆنەی جیاوازدا (بووەیهییەکان) بەو هەموو هێزەی خۆیان داوای هاوکارییان لە (ابی الشوک) کردووە (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٢٣٥/٧)، تا ئەو کاتەی بە تەواوی بوونەتە جێگای متمانەیان و پاراستنی ڕێگای نێوان (بغداد _خراسان) یان پێ سپاردووە (مسكويه، ١٩١٥، ١٥٦/٢؛مرعي،

٢٠٠٥، ٣٣٨؛النقشبندی، ٢٠١١، ٢٠١)، دواتر (ابی الفتح) توانی دەستەڵاتی میرنشینەکەی خۆی فراوان بکات و چەندین شاری خستە ژێر دەستەڵاتی خۆی وەک قرمسین[٢٣]، اسداباد[٢٤]، کنکور[٢٥]، البندیجن[٢٦]، شهرزوور، الدینور، داقوقا[٢٧]، خانیجار[٢٨]، قلاع تیرانشاه[٢٩]، دزدیلویه[٣٠]خفتیان[٣١]، قەڵای البردان[٣٢]، بلوار(بکورا)[٣٣]، قلعه ماهکی[٣٤](ابن خلدون، د. ت، ١٢٣٦_١٢٣٩؛ النقشبندی، ٢٠١١، ٢٠٥).

لەماوەی نزیکەی(١٣٠) ساڵی حوکمڕانییاندا چەندین میر دەستەڵاتیان وەرگرتووە لەوانە: (ابی الشوک فارسی کوڕی محمد٤٠١_٤٣٧ک/١٠١٠_١٠٤٥ز)، (مهلهل کوڕی محمد٤٣٧ک_٤٤٤ک/١٠٤٥_١٠٥٢ز)، (سعدی کوڕی ابی شوک٤٣٩_٤٤٦ک/١٠٤٧_١٠٥٤ز) (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٦٥/٨؛ ابن خلدون، د. ت، ١٢٣٤–١٢٣٨؛ البدلیسی، ٢٠٠٦، ٣٨_٤١؛ ئەنوەر، ٢٠١٥، ٢٧٠)، و چەندین میری تریش فەرمانڕەواییان کردووە و لە کۆتاییدا لە سەر دەستی سەلجوقییەکان لە ساڵی (٥١١ک/١١١٧ز)بە یەکجاری کۆتایی بە دەستەڵاتیان هاتووە. (ابن خلدون، د. ت، ١٢٣٩؛ مرعی، ٢٠٠٥، ٤٢٢؛ النقشبندی، ٢١١، ٢٠١١).

**باسی چوارەم: زیندان لە میرنشینی عەننازی**

میرنشینی (عەننازی) جیاواز و زیاتر لە میرنشینەکانی تر سەروبەندی لەگەڵ زیندانی و دیلدا هەبووە (ابن مسکویه، ١٩١٥، ١٥٥/٢–١٥٦)، بەو هۆیەوە ئاسایی بوو کە دیل و زیندانی زیاتریان هەبێت، ئەوانەی خوارەوەش لە گرنگترین زیندانەکانی ئەم میرنشینەن:

**یەکەم: زیندانی شاری حەلوان:**

لە ساڵی (٣٤٣ک/٩٥٤ز) بە هۆی ئەوەی کە (ابی الشوک) نۆێنەری بووەیهییەکان بوو لە ناوچەکە بە تایبەت بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایشی ڕێگا بازرگانییەکان کە بە سنووری (حلوان) تێدەپەڕین و ئەرکی سەرەکیشی دەستگیرکردن و زیندانیکردن و ناردنی ئەو زیندانیانە بوو بۆ بەغدا کە دەبوونە مەترسی بۆ سەر ڕێگاکە، بەڵام (ابی الشوک) بۆ ڕەچاوکردنی بارودۆخی ئەو ناوچەیەی کە لە ژێر دەستەڵاتی بوو، هەروەها بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایش و ڕازیکردنی ئەو خەڵکانەی کە لە ژێر دەستەڵاتیدا بوون داوای لە (معزالدولەی بووەیهی ٣٢٠_٣٥٦هـ/٩٣١_٩٦٨م)(٣٥) کرد بۆ ئازادکردنی ئەو دیلانەی کە دەیناردنە بەغدا کە زۆربەیان خەڵکی ناوچەکە بوون، بەڵام بە هۆی جێبەجێنەکردنی ئەو داوایەی (ابی الشوک) دەستی بە سەر وەفدێکی گرنگی (بووەیهییەکان)دا گرت و هەندێکیانی دەستگیر کرد، لەوانە (ابا مخلدی)کە (صاحب) و دەستەڕاستی معز الدولە بوو (مسکویە، ١٩١٥، ١٥٦/٢)، ئەو هەوڵەش بۆ فشار خستنە سەر (بووەیهییەکان) بوو تا داواکارییەکەی جێبەجێبکەن لە ناردنەوەی دیلەکانی، بۆیە (بووەیهیەکان) ناچاربوون گفتگو لەگەڵ (ابی الشوک) بکەن و لە کۆتاییدا (بووەیهییەکان) فەرمانی ئالۆگوڕی ئەو دیلانەیان دا(ابن مسکویە، ١٩١٥، ١٥٥/٢-١٥٦)، و هەر چی سەبارەت بە شوێنی زیندانیکردنی ئەو زیندانیانەش بوو بە تایبەت (أبامخلد) ئەوا لە بەر ئەوەی (حلوان)مەڵبەندی دەستەڵاتی (ابی الشوک)بوو و پێشتریش ئەو زیندانیانەی کە دەستگیردەکران پێش ڕەوانەکردنیان بۆ (بەغدا) ئەوا دەکرێت لە شارەکەدا زیندانی کرابن، چونکە شوێنێکی باشتر و گونجاوتر نەبوو لە شاری (حلوان) بۆ زیندانیکردنی ئەو گیراوانە بە تایبەت لە ڕووی پاراستنی ئەو زیندانییانەوە (ابن مسکویە١٩١٥، ١٥٦/٢؛ مرعی، ٢٠٠٥، ٣٣٩).

ئـەم دانپێدانانـەی (بووەیهییـەکان) بـۆ (ابـن ابـی الشـوک) بـووە جێگـای نیگـەرانیی ناحـەزانی بـووەیهی، چونکـە دەیـانزانی ئەمـە لـە بەرژەوەندیی ئەوان نییە هەر بۆ ئەم مەبەستە بووەیهییەکان داوایان لـە (ابـن ابـی الشـوک) کـرد کـە یارمـەتییان بـدات لـە دامرکاندنـەوەی جولانـەوەی تورکـەکان لـە شـاری (همـدان) و (ابـی الشـوک)یش وەک بەجێگەیاندنی بەرپرسیارەتیی سەر شانی و بۆ سەلماندنی وەفاداریی خـۆی لای (بووەیهییـەکان) هێرشـی کـردە سـەریان و ژمارەیـەکی زۆری لـێ بـەدیلگرتن و ئـەوانی تـریش هـەڵاتـن (مسـکویە، ١٩١٥، ١٥٥/٢_١٥٦؛ مرعی، ٢٠٠٥، ٣٣٨)، و بە بەردەوامی ئەو سـاڵانەی کـە (ابن ابی الشـوک) لـەو بەرپرسـیارەتییەدا بـووە ژمارەیـەکی زۆری لـە دز و ڕێگرانـی ڕێگـای نێـوان (بەغـدا _ خراسـان)ی کـە بـە سـنووری شاری (حلـوان) تێدەپـەڕی بەدیلـدەگرتن و پاش زینـدانی کردنیـان لـە لای خۆیـان لـە (حلـوان) ڕەوانـەی شـاری بەغـدایان دەکـردن (ابـن مسکویە١٩١٥، ١٥٦/٢؛ مرعی، ٢٠٠٥، ٣٣٩).

هەروەها لە دەرئەنجامی ئەو ململانێیەی لە سەر دەستەڵات لە نێوان میر (سعدی) و میر مهلهلی هەبوو، میر سعدی توانی دەستەڵاتی خۆی بە هێزتر بکات و میر مهلهل بەدیلبگرێت و لە شاری حلوان زیندانیی بکات (ابن خلدون، د. ت، ١٢٤٠؛ البدلیسی، ٢٠٠٦، ٤٠؛ محەمەد، ٢٠١٥، ١٨٦)، و ئەو سەرچاوانەی کە لەبەردەستەن زیاتر زانیارییان نەدرکاندووە لە سەر شێوە و چۆنیەتیی زیندانیکردنی (مهلهل).

**دووەم_زیندانی قەڵای (أرنبە) لە شاری (خولنجان):**

ئەو زیندانە هەمان ئەو زیندانەیە کە ناوی لە میرنشینی حەسنەوی هاتووە، بەڵام ئەم قەڵایە ماوەیەک کەوتووتە دەست عەننازییەکان و ئەوانیش سوودیان لەو قەڵایە وەرگرتووە چ وەک پێگەیەکی گرنگی سەربازی یان وەک زیندان و لە کاتی هێرشی میر (ابی الشوک) لە ساڵی (٤٣٠ک/١٠٣٨ز) بۆ سەر ئەم قەڵایە کە لەژێر دەستەڵاتی کوردانی قوهی[٣٦]بووە (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٢٣٠/٨؛ مرعی، ٢٠٠٥، ٣٦٧)، ئەوان سەربازەکانیان خۆیان لە ناو قەڵاکەدا حەشاردا و هێزەکانی میر توانیان درز بخەنە قەڵاکە و تاوەکو توانیان دوای دوو جار هێرشکردن و دوای ماوەیەکی زۆر لە گەمارۆدان ئەو قەڵایە بگرن و ژمارەیەکی زۆری لە سەربازەکانی ناو قەڵاکە کوژران و ژمارەیەکیش بەدیلگیران و لە ناو قەڵاکەدا زیندانی کران (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٢٣١/٨؛ مرعی، ٢٠٠٥، ٣٦٧).

**سێیەم_زیندانی قەڵای البردان:**

ئەو زیندانەش یەکێکی تر بووە لە زیندانە سەخت و قایمەکانی میرنشینی عەننازی،، و قەڵایەکە نزیک بووە لە شاری بەغدا (یاقوت الحموی، ١٩٧٧، ٣٧٥/١؛ مؤلف مجهول، ١١٧، ١٩٩٩؛ أبی الفداء، ١٨٤٠، ٣٠١)، و ئەو قەڵایە لە ژێر دەستەڵاتی عەننازییەکان و(ابی الفتح) بووە و بە هۆی ویستی داگیرکردنی خانەقین و ناوچەکانی تر لە لایەن (ابی الفتح) کە ماوەیەکی درێژبوو ئەو پلانەی داڕشتبوو، بۆیە سەرەتا خۆی لە (زەهمان)[٣٧]خاوەنی شاری خانەقین نزیککردەوە و دواتر لە خوانێکدا (ابی الفتح) (زەهمان) و کوڕەکانی (دلف و مقداد و هندی) بەدیلگرت و ڕەوانەی قەڵای (البردان)ی کرد و لەوێ خرانە زیندان (الروذراوی، د. ت، ٣٣٩/٣؛ مرعی، ٢٠٠٥، ٣٤٧)، و دواتر (زەهمان) و کوڕەکانی زنجیرەکانی دەستەکانیان شکاند و هەوڵی ڕاکردنیاندا، بەڵام دیسان بە دیلی کەوتنەوە دەست میر و ئەویش دووبارە ئەوانی خستە زیندان و ڕێکارەکانی توندتر

کرد بۆ ئەوەی جارێکی تر هەوڵی هەڵاتن نەدەن و دواتر کەوتە ئەشکەنجەدانیان و هەر سێ کوڕەکەی (زهمان)ی کوشت و باوکیشی لە زیندان هێشتەوە تا لە ژێر ئەشکەنجە گیانی سپارد (الروذراوی، د. ت، ٣٣٩/٣؛ مرعی، ٢٠٠٥، ٣٤٦؛ النقشبندی، ٢٠١١، ٢١٤)، دەستگیرکردن و زیندانیکردن و دواتر کوشتنی زەهمان بە دەستی میر (ابی الفتح) لەوانەیە بە هۆی نزیکایەتی و هاوکاری (زەهمان) و حەسنەوییەکان بێت کە دوژمنی (ابی الفتح) بوون یان لەوانەیە بە هۆی تەماحکاری (ابی الفتح) بێت کە دەیویست دەستەڵاتی خۆی فراوانتر بکات. لەوانەیە هەر دوو هۆکاریش ڕاستبن بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی.

**چوارەم_ زیندانی قەڵای بندیجین (مەندەلی)**

ڕاستە لەو سەرچاوانەی کە لە بەردەستماندابوون بە ڕوونی باسیان لە زیندانی قەڵای بندیجین نەکردووە، بەڵام لە ڕووداوەکانی ساڵی (٤٣٨ک/١٠٤٦ز) و ساڵانی دوای ئەویش بە تایبەت کە باسی کێشەکانی نێوان میر (سعدی و سرخاب و مهلهل) دەکرێت، (سعدی) دەستی بە سەر زۆر لە شار و شارۆچکەکاندا گرتووە و(بندییجین)یش یەکێک بووە لەو شوێنانە کە پێشتر لە ژێر دەستەڵاتی (سرخاب)[٣٨] بووە بەڵام میر (سعدی) داگیری کردووە و جێگری (سرخاب)ی لەوێ بەندکردووە (ابن خلدون، د. ت، ١٢٣٨؛ مرعی، ٢٠٠٥، ٣٨٦).

**پێنجەم_زیندانی شارەزوور:**

ئەم شارە بە درێژایی مێژوو چەندین کەس و بنەماڵە و میرنشینی کوردی فەرمانڕەوایەتییان تێدا کردووە، هەروەک لە باسی میرنشینی حەسنەوی باسی شوێنگەی جوگرافی کراوە[٣٩]، لە ساڵی (٤٣١ک/١٠٣٩ز) کاتێک (ابوالفتح کوڕی ابی الشوک) ویستی قەڵای (بکورا) بگرێت، بۆیە لە سەر داوای خاوەنی قەڵا (مهلهل) مامی (ابوالفتح) هاتە یارمەتی و ئەوەبوو

له شەڕێکی سەختدا (مهلهل) توانی برازای خۆی دەستگیربکات و سەربازەکانی (مهلهل) (ابوالفتح)یان بە دەستبەستراوی هێنایە لای (مهلهل) و ئەویش لێیدا و سوکایەتی پێکرد و لەگەڵ خۆی بردیە شارەزوور و لەوێ خستیانە زیندان (ابن أثیر، ١٩٨٧، ٢٣٥/٨؛ ابن خلدون، د. ت، ١٢٣٤؛ زکی بک، ١٩٤٥، ١٢٨؛ مرعی، ٣٧٤، ٢٠٠٥).

بەڵام دەکرێت (مهلهل) (ابوالفتح)ی لە قەڵای (بکورا) زیندانی کردبێت، چونکە کاتێ (ابی الشوک) دێت بۆ ڕزگارکردنی کوڕەکەی شارەزوور دەگرێت و دواتر دەچێت پەلاماری قەڵاکانی سنووری شارەزوور دەدات لەوانە قەڵای (تیرانشاە)، بەڵام خاوەنەکەی بەڵێنی هاوکاری بە (ابی الشوک) دەدات و بەڵێن دەدات کە ناوەندگیری بۆ ئازادکردنی کوڕەکەی لە دەست (مهلهل) بکات، ئەمەش لە بەرانبەر کاولنەکردنی قەڵاکەی، کەواتە ئەگەر (ابو الفتح) لە ناو شاری (شارەزوور) بووایە ئەوا (ابی الشوک) بەردەوامی نەدەدا بە گەڕان بە دوای کوڕەکەی، بۆیە لەوانەیە (ابو الفتح) سەرەتا لە (شارەزوور) زیندانی کرابێت دواتر بە هۆی ترسی (مهلهل) لە هێرشی (ابی الشوک) ئەوی بۆ چەندین شوێنی تر گواستبێتەوە لەوانە بۆ قەڵای (بکورا)، چونکە چەند ساڵێک (ابوالفتح) لە زیندانی موهەلهەلدا بووە و ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە لە میرنشینی عەنازی زیندانی قەڵای بکورا هەبووە (ابن خلدون، د. ت، ١٢٣٧؛ ابن الأثیر١٩٨٧، ٢٣٤/٨؛ زکی بک، ١٩٤٥، ١٢٨).

### شەشەم_زیندانی قەڵای (دزدیلویه)_ (دوربلونە):

ئەم قەڵایە لە سەردەمی میرنشینی عەننازی لە ژێر دەستەڵاتی میر (سرخاب)دا بووە (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٢٨٧/٨؛ ابن خلدون، د. ت، ١٢٣٨)، لە میرنشینی عەننازی بە هۆی کێشە و ململانێی ناوخۆیی، قەڵا پتەوەکان زۆرترین ئەو شوێنانە بوون کە هەر لایەنێک دەیویست داگیری بکات بۆ نموونە لە کێشەی نێوان (سرخاب و سعدی) برازای کە دەکاتە کوڕی (ابی

الشوک) ئەم قەڵایە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا و کاتێک (سعدی) هێرشی کردە سەر (سرخاب)لەم قەڵایە شکستیهێنا و بە دیلی کەوتە دەست مامی و ئەویش هەر لەو قەڵایەدا خستیە زیندان  و تا ئەو کالاتەی کە (سرخاب) بە هۆی هەڵگەڕانەوەی بەشێک لە سەربازانی دەستگیرکرا و ڕەوانەی لای (ابراهیم ینال)[٤٠](٤٥١ک/١٠٥٩ز) سەرکردەی سەلجووقیەکان کرا، لەوێش بە خراپی هەڵسووکەوتیان لەگەڵ کرد و چاوێکیان لێ کوێر کرد (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٤٣٩/٨؛ ابن الجوزی، ١٩٩٢، ٣٠٨/١٥)، ودوای ئەو ڕووداوە کوڕی سرخاب بە ناوی (ابو العسکر) هەستی بەو مەترسییە گەورەیەی کرد کە بنەماڵەی میرانی میرنشینەکە تێکەوتوون، بۆیە سوودی لە نەبوونی باوکی وەرگرت و سەعدی لە زیندانی قەڵاکە دەرهێنا و ئازادی کرد و داوای لێکرد کە یارمەتی ئەو بدات لە ئازادکردنی باوکی کە لە لای سەلجووقییەکان زیندانیکرابوو، ئەویش بەڵێنەکەی بردە سەر، بەڵام نەیتوانی سەرخاب ئازادبکات (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٢٨٧/٨؛ ابن خلدون، د. ت، ١٢٣٨).

ئەو هەڵسووکەوتەی (ابراهیم ینال) لەگەڵ (سرخاب) و کوێرکردنی چاوێکی و ئازادنەکردنی سەرەڕای داواکارییەکی زۆری سەرکردە کوردەکان، بۆ ئەو ڕق و کینەیە دەگەڕێتەوە کە ابراهیم یەنال لە دڵیدا هەڵیگرتبوو دژی سەرخاب بە هۆی بێفەرمانیکردنی کاتێک ابراهیم داوای ئازادکردنی سەعدی لێ کردبوو، بەڵام ئەو ڕەتیکردبووەوە سەرەڕای بوونی چەند هۆکارێکی تر (ابن الجوزی، ١٩٩٢، ٣٠٨/١٥).

هەروەها سەبارەت بە چارەنووسی (سرخاب) کە بەدیلی لە دەست (ابراهیم ینال) بوو ئەوا نووسەری (مجمل التواریخ) باسی شوێنی زیندانیکردنی (سرخاب) دەکات کە لە زیندانی شاری تکریت زیندانی کراوە و بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەوێ لە زیندان ماوەتەوە (مؤلف مجهول، د. ت، ٣٧٥).

**حەوتەم_ زیندانی قەڵای سیروان**

قەڵای سیروان قەڵایەکی کون و پتەو بووە سەردەمانێک لە ژێر دەستەڵاتی (مهلهل) بووە بە تایبەت لە ساڵی (٤٤٤ک/١٠٥٠ز)، و کاتێک (ملک الرحيم)[٤٢] بەدیلی دەکەوێتە دەست طغرلبەگ(٤٢٩_٤٥٥ک/١٠٣٧_١٠٦٣ز) و بە قوڵ بەستراوی ڕەوانەی زیندانی قەڵای سیروانی دەکات و بڕیاردەدات (ملک الرحيم) لە زیندانی قەڵاکە زیندانی بکات (ابن الجوزی، ٢٠١٣، ١٨/٤٩٢؛ ڕؤوف، ٢٠١٤، ٨٤)، و ئەوەش بەڵگەی بوونی زیندانە لەو قەڵایە لە سەردەمی عەننازیەکاندا، یەکێک لە توێژەرەکان لە باسی ڕووداوی زیندانیکردنی (ملک الرحيم)، باس لەوە دەکات کە لەوانەیە کەسایەتیی تری کوردی لە میر و دەستەڵاتدارانی کورد وەکو (سعدی کوری ابی الشوک) یان (ابا الفوارس) لە قەڵای سیروان زیندانی کرا بن، هەر چەندە هیچ بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرا نییە کە ئاماژە بە زیندانیکردنی ئەو کەسایەتییانە درابێت، بەڵام ڕێ تێ دەچێت کە (سعدی) لەگەڵ (ملک الرحيم) زیندانی کرابێت و دواتر ئازاد کرابێتەوە چونکە (سعدی) ناوەندگیری (طغرل بەگی) ڕەتکردەوە بۆ ئازادکردنی (مهلهل)و بووە دوژمنی سەلجووقییەکان و لە ژێرەوەش پەیوەندی بە (ملک الرحيم)کرد کە ئەو لایەنگیری (ملک)دەکات دژی سەلجووقییەکان، بۆیە لە کاتی بە دیل گرتنی (ملک الرحيم) بە تەواوی (ملک الرحيم) و دار و دەستەکانی لە ناو برد و لەشکرێکی گەورەی ناردە سەر (سعدی) و دەستەڵاتی ئەویشی لەناوبرد (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٨/ ٣٢٤، ٣١٣؛ ابن الجوزی، ٢٠١٣، ١٨/٤٩٢؛ البدليسی، ٢٠٠٦، ٤٠؛ مرعی، ٢٠٠٥، ٤٠٨).

دەکرێت لە زۆربەی ئەو شارانەی کە لە سەردەمانێکدا کەوتبنە ژێر کۆنترۆڵی میرنشینی عەننازی زیندانیان تێدا بێت و باس نەکردنیان بە

مانای ئەوە نایێت کە زیندانیان تێدا نەبووە، بەڵام ئەو سەرچاوانەی کە لە بەردەستمانن باسی ئەو زیندانانەیان کردووە.

## ئەنجام

دوای خستنەڕووی بارودۆخی هەر دوو میرنشین و چۆنیەتیی دامەزراندیان و ئەو زیندانانەی کە لەو دوو میرنشینەدا هەبوون گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

- بە درێژایی سەردەمە جیاوازەکان و لە هەموو دەستەڵاتەکاندا زیندانی جۆراوجۆر هەبووە و ئەو دوو میرنشینەش بەدەر نەبوون لەو حاڵەتە و خاوەن زیندانی خۆیان بوون.

- هەبوونی زیندان لەو دوو میرنشینەدا و بەڕێوەبردنی ئەو زیندانانە لە شارە جیاوازەکاندا بەڵگەی شارەزابوونی ئەو میرنشینانە پیشاندەدات لە ڕووی بەڕێوەبردنی ئیداریی میرنشینەکان، چونکە ئەو میرنشیانە خاوەن داموەدزگای ئیداریی خۆیان بوون بۆ بەڕێوەبردنی میرنشین.

- زۆرێک لە زیندانیانی ئەو دوو میرنشینە لە بنەماڵەی خودی ئەو میرنشینانە بوون بە هۆی بوونی ململانێیان لە سەر دەستەڵات، و زۆرێکی تریش لە زیندانیان بەهۆی دووبەرەکیی نێوان ئەو میرنشینانە لە سەر دەستەڵات لە زیندانەکاندا ماونەتەوە.

- جۆرێکی تری زیندانیانی ئەو دوو میرنشینە پێکهاتبوون لە دیلەکان، ئەویش بەهۆی ئەو بارۆدۆخە سیاسییە بوو کە دەوڵەتی عەبباسی پێیدا تێدەپەڕی بە گشتی و بە تایبەتی ئەو بارودۆخەی کە میرنشینەکان لەو سەردەمەدا تیایدا دەگوزەران  کە ناوچەکە بە

گشتی نائارامی پێوە دیاربوو و هەر هێزێک دەیویست سنووری دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات.

- لە ئەنجامی ئەو بارە ناهەموارەی کە دەوڵەتی عەبباسی پێدا تێدەپەڕی ناوە بە ناوە عەبباسییەکان و دەسەڵاتدارانی سەر بە ئەوان وەک (بووەیهییەکان) دەیانویست سیستەمی مەرکەزی بەهێزبکەن و هێزە پەرتەوازەکان کۆبکەنەوە لە ژێر چەتر و سایەی خەلافەت و ئەمەش چ لە لایەن میرنشینەکان و بگرە هێزەکانی تریش تاڕادەیەک قبوڵکراو نەبوو، بۆیە زۆر جار ڕووبەڕووبوونەوە ڕوویدەدا و ئەمەش هۆکاری سەرەکی بوو بۆ پڕبوونی زیندانەکان لە دیل.

- زۆربەی زیندانەکان لەو شارانەدابوون کە خاوەن قەڵا یان قایمکارییەکی تەواویان بۆ کرابوو، بە تایبەت ئەو شارانەی کە ناوەند یان پایتەختی میرنشین بوون.

- دامەزراندنی ئەو دوو میرنشینە سەلمێنەری ئەوەن کە کورد هیچی کەمتر نەبووە لە گەلانی تری ناوچەکە و ئەمە بەڵگەی وشیاریی کورد نیشاندەدات، کە خۆی گونجاندووە لەگەڵ بارودۆخە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەدا.

- ناکۆکیی نێوان ئەندامانی بنەماڵەی میر لە هەر دوو میرنشین بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی میرایەتی شەڕی زۆر گەورەی لێدەکەوتەوە کە دواتر دەبووە هۆی دەستگیرکردنی یەکتر واتە هەندێک جار کوڕ باوکی خۆی دەستگیر دەکرد یان مام برازای خۆی یان بە پێچەوانەش دەستگیر دەکرد و دواتر دەیان خستە زیندان بۆ ئەوەی بگەنە دەسەڵات و ئەم حاڵەتەش لە هەردوو میرنشین بە زەقی

دیارە، کە دەتوانین ئەمە بکەینە خاڵی هاوبەش لە نێوان ئەو دوو میرنشینە.

- دەتوانین بڵێین؛ هەڵسوکەوتی میرانی میرنشینی حەسنەوی نەرمتر بووە لەگەڵ زیندانیەکانی بە بەراورد لەگەڵ عەنازییەکان.

## پەراوێزەکان

١_ دامەزرێنەری میرنشینی حەسنەوی بووە لە عەشیرەتی بەرزیکانی و ماوەی ١٩ ساڵ حوکمی کرد، و پیاوێکی چاکەخواز و بەخشندە بوو بە جۆرێک ساڵانە یارمەتیی دارای پێشکەشی حاجیانی ماڵی خوا دەکرد، لە قەڵای سەرماج لە ساڵی ٣٦٩ کوچی دوای کرد (مسکویە، ٢٠٠٣، ٤٢٦/٥؛ و بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە مرعی، ٢٠٠٥، ١٤٠، ١٣٩).

٢_یەکێکە لە شارە بەناوبانگەکانی هەرێمی چیا کە بە ماە الکوفەش ناسراوە چونکە دەرامەتەکەی لە شاری کوفە سەرف دەکرا و بە شارێکی دڵگیر و پڕ لە سەرچاوەی ئاو بەناوبانگە و پێکهاتەی دانیشتوانی تێکەڵاون لە عەرەب و عەجەم (ابن حوقل، ١٩٩٢، ٣٠٦/٢؛ الیعقوبی، ١٩١٨، ٣٦/٢، ٣٧).

٣_ لە زۆرێک لە سەرچاوەکان  بە همذان هاتووە، و شارێکی مێژووییە و ئەم شارە یەکێکە لە شارە هەرە گرنگەکانی هەرێمی چیاکان و دووری نێوان هەمەدان و حەلوان کە یەکەم شاری سەر سنووری عێراقە(٧٦) فەرسەخە نزیکەی (٤٥٦ کم)، شارێکی گەورە و فراوانە (ابی الفداء، ١٨٤٠، ٤١٧)، شارێکە خاوەن چوار دیوار (صور) و چوار دەرگایە و بە سەرمای زستان بە ناوبانگە بە جۆرێک شاعیران شیعریان نووسیوە لە سەر کەش و هەواکەی :

((اذا جاء الشتاء فأدفئونی                فأن الشیخ یهدمە الشتاء)) (یاقوت الحموی، ١٩٧٧، ٤١٣/٥)، هەروەها شارێکی دڵڕفێنە وسەرەڕای بوونی چەندین

کانیاو و سەرچاوەی ئاو، خاوەن دار و باغی زۆر دڵگیر و دڵڕفێنە کە بووەتە هوی دروستبوونی چەندین ناوچەی گەشتیاریی سروشتی کە هاوشێوەیان نییە (یاقوت الحموی، ١٩٧٧، ٤١٠_٤١٣) و بە دیوارێکی قوڕی دەورەدراوە، هەروەها بوونی ئەو ژمارە زۆری داروبار لە شارەکە بووەتە شارێک کە بازرگانی تێدا پەرەی سەندووە بە هۆی بوونی بەرهەمی جۆراوجۆر وەک هەنجیر و زەعفەران و چەندین جۆری تری بەروبووم (ابن حوقل، ١٩٩٢، ٣٠٨)

٤ _ یەکێکە لە شارە گرنگەکانی هەرێمی چیا کە چەندین شار و قەڵای گرنگ لەخۆدەگرێت (ابن حوقل، ١٩٩٢، ٣١٤)، دەکەوێتە نێوان موصل و همدان و لە سەر دەستی (زور بن الضحاک) دروستکراوە، و دووریی نێوان ئەو شارە و مەراغە (شەش قۆناغە ڕێیە) و لە مێژوودا بە شاری زوور (هێز) بەناوبانگە (ابی الفداء، ١٨٤٠، ٤١٣)، و بەڕای (فرست مرعیش) دەکاتە سنووری پارێزگای سلیمانی ئێستا (٢٠٠٥، ٣٤١)، و بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر شارەکە لە ڕووی شوێنگەی جوگرافی و ڕۆڵی ئەو شارە لە مێژوودا بڕوانە ماستەرنامەی (النقشبندی، ١٩٧٥، ٧٠-٨٠).

٥ _عەشیرەتێکی گەورەی کورد بوون کە ماوەی چەندین ساڵ گەورە و دەستەڵاتداری بەشی ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان بوون بڕوانە (الروذراوی، د. ت، ٢٨٨/٣؛ ابن خلدون، د. ت، ١٢٣٤؛مرعی، ٢٠٠٥، ١٣٥).

٦_ هەردووکیان کوڕی (ئەحمەدی کوڕی عەلی) بوون لە عەشیرەتی عەیشانی کە لقێکن لە بەرزینییەکان کە لە ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان نیشتەجی بوون و لە سەرتای سەدەی (سێیەمی کۆچی) دەستەڵاتیان هەبووە و دوای مردنی باوکیان سەرکردایەتیی هۆزەکەیان کەوتە ئەستۆ ونداد و دواتر هەردوو برا لەساڵەکانی (٣٤٩_٣٥٠ک/٩٦٠-٩٦١ز) یەک لە دوای یەک کۆچی دواییان کرد و دوای ئەوانیش دەستەڵات کەوتە دەست (ابو الغنائم) کوڕی (ونداد) بەڵام دوای ماوەیەک لە لایەن هەوادارنی حەسنەوی دەستگیرکرا و بەم شێوەیە دەستەڵات کەوتە دەست بنەماڵەی حەسنەوییەکان (ابن خلدون، د. ت، ١٢٣٤؛ ڕۆژبەیانی، د. ت، ٤٨؛ النقشبندی، ٢٠١١، ١٤٦).

٧ _کوڕی حسنەویە دامەزرێنەری میرنشینی حەسنەویەیە کە لە دوای باوکی دەستەڵاتی لە میرنشینی حەسنەوی کەوتە دەست و بە (ابو النجم بدر)یش بەناوبانگە و لە لایەن عەباسییەکان چەندین نازناوی وەرگرتووە وەک (ناصر الدولە) و (ناصر الدین) و گرنگییەکی زۆری بە ئاوەدان کردنەوە داوە و لە ساڵی (٤٠٥ک)کۆچی دوایی کردووە و شاعران بە هۆی ئەو ناوبانگەی کە میر بەدر هەیبووە لە سەریان نووسیووە

((فالرخ بدر و الملوک بیاق                والأرض رقعتها و انت الشاه))
(الثعالبی، د. ت، ٦٦_٦٧؛ مسکویه، ٢٠٠٣، ٤٣٢/٥؛ مرعی، ٢٠٠٥، ١٥١_١٩٤).

٨_ناوی قطب المعالی (أبو البدر هلال بن بدر)ە کە دوای کوژرانی باوکی لە ساڵی (٤٠٥ک)دەستەڵاتی حەسنەوییەکان دەگرێتە دەست و میر هلال هەر لە سەرەتادا لەگەڵ باوکی یەک نەبوو و هەستی بەوە کردووە، چونکە ئەو لە دایکێکی شازنجییە کە باوکی زۆر خۆشیناوێت، بۆیە کە گەورەبوو کەوتە دژایەتیی باوکی تا بووە دوژمنی باوکی و بەدیل گرت_ (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٥٥/٨، ٥٦؛ الهاشمی، ١٩٧٥، ٧٤٦، ٧٤٥؛ مرعی، ٢٠٠٥، ١٩٩_٢١٥).

٩_ کوڕی طاهری کوڕی هلالی کوڕی بدر بوو، کە بە ناوی باپیرەی گەورەی کرابوو، بە دوا میری میرنشین لەقەلەمدەدرێت، چونکە دوای مردنی لە قەڵای (سرماج) لە ساڵی (٤٣٩هـ/١٠٤٠م) کۆتایی بە میرنشینەکەیان هات (مسکویه، ١٩١٥، ٤١٥/٢؛ ابن خلدون، د. ت، ١٢٣٨؛ النقشبندی، ١٩٧٥، ٢٠٠).

١٠ _بڕوانە (. محمد عبدالستار عوسمان، ١٩٨٨، ٨_٤٣).

١١ _دوای کۆچی برای خەلیفە (راضی) لە ساڵی(٣٣١هـ) بووە خەلیفە و بۆ ماوەی چوار ساڵ حوکمی کردووە (الدواداری، ١٩٦٠، ٣٧٦/٥).

١٢_ کوڕی هلال و نەوەی میر بدر بوو و دوای باوکی ویستی دەستەڵاتەکان لە شارەزوور بگرێتە دەست و توانی بۆ ماوەیەکی کاتی ئەو شارە بگرێت بەڵام دواتر لە لایەن بووەیهییەکان خرایە زیندان و دوای

ئازادکردنی بۆ ماوەیەک بە هۆی ململانێ لەگەڵ عەننازییەکان کوژرا (البدلیسی، ٢٠٠٦، ٣٧؛ مرعی، ٢٠٠٥، ٢١٥).

١٣_ ناوی ابو طالب شمس الدولەی کوڕی فخر الدولەی بووەیهییە کە لە دوای کۆچی دوای باوکی (مجدالدولە)ی برای بە هۆی بچووکی تەمەنی دایکی یارمەتیدا لە بەڕێوەبردنی کارەکانیدا، بەڵام کە دوای ماوەیەک (سیدە) دایکی (شمس الدولە) لە دژی مجدالدولە پشتگیری شمس الدولەی کرد، بۆیە کەوتە کێشە لەگەڵ براکەی لە سەر جێنشینیی پۆستی باوکیان لە سەر دەستەڵاتی ناوچەکە و توانی بۆ ماوەی ساڵێک بە هۆی پشتگیری میر بەدری کوڕی حەسنەوییەدەستەڵات وەربگرێت (القزوینی، ١٣١٤، ٩٧_٩٨؛ آشتیانی، ١٣٧٨، ١٦٥).

١٤_ بە شوێنێکی فراوان دەوترێت کە خیوەتگای تیدا هەڵدەدرێت یان بە مانای خیوەتگایەکی فراوان دێت کە زۆرتر تایبەتە بە خەلیفەکان و شۆینە سەربازییەکان (رینهارت، ١٩٧٩، ٦٢/٦).

١٥_ لە بنەڕەتدا وشەیەکی فارسییە و بەو شوێنە دەوترێت کە لەناو خیوەتگادا دروستدەکرێت، بەڵام نەک وەک خیوەتێکی (چادر) ئاساییە، چونکە دیوارەکانی بە خشت دروستدەکرێت و سەرەوەشی (سەقف)ی بە پارچە قوماشێک دادەپوشرێت و زۆربەی کات وەک زیندان بەکاردەهات، چونکە لە ڕووی پتەوی و قایمیەوە لە خیوەتێکی ئاسای زۆر بەهێزترە و زیندانیان زۆرتر دەپارێزێت(رینهارت، ١٩٧٩، ٧٣).

١٦_ یەکێکە لە قەڵاکانی میرنشینی حەسنەوی کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستا، و ئەو قەڵایە ببووە زیندانی میر(بدر) کە بە دەستی کوڕەکەی خۆی هلال زیندانی کرابوو (مؤلف مجهول، د. ت، ٢٢٧؛مرعی، ٢٠٠٥، ٢٠٢) .

١٧_ ئەو قەڵایە یەکێکە لەو قەڵا بەهێزانەی سەردەمی خۆی و خاوەنیان کوردانی قوهی یان کوهە (چیای) بوون و ئەو قەڵایە وەک حەشارگەیەکی

سەربازی بووە و لە کاتی تەنگانەدا سەربازەکان تیایدا خۆیان حەشاردەدا و ئەم قەڵایە دەکەوێتە هەرێمی چیا نزیک (خولنجان) و ابن الجوزیە پێیوایە ناوی ئەو قەڵایەی کە هیلال بە باوکی خۆی بەخشی ناوی أرنبەیە کە قەڵایەکە لە ناوچەی الراوەندیییەکان(ابن الجوزی، ٢٠١٣، ١٩٢/١٨؛ ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٢٣٠/٨؛ النقشبندی، ٢٠٠١١، ٢٢٠؛ مرعی، ٢٠٠٥، ٣٦٨).

١٨_ شارێکە سەر بە خوزستانە و لە ڕووداوەکانی ساڵی(٤٣٠ک) (ابن الأثیر)باسی ئەو شارە دەکات بە تایبەت لە کاتی هێرشی (ابی الشوک) بۆ شارەکە(١٩٨٧، ٢٣١/٨)، و (لسترنجیش) پێیوایە کە شارەکە نزیکە لە ئەسفەهان بە دووریی(٤٢کم)(١٩٥٤، ٢٤٢)، بەڵام فرصت مرعی ئەم ڕایە بە پشتبەستن بە چەندین سەرچاوە ڕەتدەکاتەوە و لە بەر ئەوەی زۆرترین ڕای جیاوازی لە سەرە بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە مرعی، ٢٠٥، ٣٦٨).

١٩_ سابور خواست یان شابور خواست بە هەر دوو ناو هاتووە و شارێکی گرنگی حەسنەوییەکانە بۆ کە زۆربەی ڕایەکان لە سەر ئەوە کۆکن شاری (خورەم ئابادی) ئێستایە یان لە سنووری شارەکەدایە کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ئێران، و ئەو شارە هەر لە کۆنەوە هەبووە واتە پێش حەسنەوییەکان بەڵام لە سەردەمی ئەواندا پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە، قەڵایەکی بەهێزی لێ دروست کراوە و بە قەڵای دز بزیش بەناوبانگە کە ماڵ و سامانێکی زۆری تێدا بووە و ناوبانگی بەوە دەرکردبوو کە پڕە لە ماڵ و سامان بە تایبەت لە سەردەمی حەسنەوییەکان و میر هیلالدا (یعقوبی، ١٩١٨، ٤٥٤/٢؛ مرعی، ٢٠٠٥، ٢٠٤؛ النقشبندی، ٢٠١١، ٥٤_٥٥).

٢٠_ هۆزێکی کۆنی کورد بوون کە ناوچەی نیشتەجێبوونیان دەکەوێتە نێوان حەلوان(سەربیل زەهاو) و قرمسین(کرمانشاه)واتە سەر ڕێگای خراسان (المسعودی، ٢٠٠٥، ٩٧/٢؛ النقسبندی، ٢٠١١، ٢٠٥).

٢١_ ابن ابی شوک الکردی: بە خاوەنی حەلوان بەناوبانگە و وەک بەرپرسی پاراستنی ڕێگای نێوان خوراسان و بەغدا دانراوە لە لایەن بووەیهییەکان لە ساڵی (٣٣٩ک) و بە کەسایەتیی هەرە بەناوبانگی هۆزی

شازنجانییەکان دادەندرێت (مسکویە، ١٩١٥، ١٥٦/٢؛ النقشبندی، ٢٠١١، ٢٠٦؛مرعی، ٢٠٠٥، ٣٣٨؛ ڕۆژبەیانی، د. ت، ٤٤).

٢٢_یەکێکە لە شارەکانی هەرێمی چیا کە دەکەوێتە سنووری جۆگرافی عێراقی ئێستا و پێی دەوترێت (سەرپێلی زەهاو) کە دەکەوێتە سەر ڕووباری دیالە بە دوری(١٩٠ کم) لە شاری بەغدا و دەکەوێتە نێوان هەردوو شاری بەغدا و قرمسین، و بە شارێکی کۆنی مێژوویی دادەندرێت و خاوەن قەڵایەکی بەهێز بووە و بە ناوچە شاخاوییە پڕ بەفرەکانی و بە هەنجیرە تام خۆشەکانی بەناوبانگە (الیعقوبی، ١٩١٨، ٣٧/٢؛ أبی الفداء، ١٨٤٠، ٣٠٧/١؛ البدلیسی٢٠٠٦، ٣٨).

٢٣_ یەکێکە لە شارەکانی هەرێمی چیا و لە سەرچاوەکاندا بە زۆر ناو هاتووە وەک کرمنشاە _ باختران_ کرمانشاە)، و دەکەوێتە نێوان حلوان و همدان و ڕێی حاجییانی ماڵی خوا بەو شارەدا تێدەپەڕێت و بە شارێکی جوان و پڕ بەرهەم لەقەلەمدەدرێت، و ئەو شارە دەکەوێتنە سنووری وڵاتی ئێران (أبی دلف، ١٩٥٥، ١٤؛ أبی الفداء، ١٨٤٠، ٤١٣؛ مرعی، ٢٠٠٥، ٤٥).

٢٤_ یەکێکە لە شارەکانی هەرێمی چیا و سەر بە شاری جرجانە (گرگانە) کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئێران و نزیکترین شوێن لێ (قصر اللصوصە)یە بە دووری (٧) فەرسەخ (٤٢یان٤٥)کم، و بە شوێنی زانایان بەناوبانگە و بە شارێکی پڕخێر و بەرکەت لەقەلەمدەدرا (مؤلف مجهول، ١٩٩٩، ١٠٨؛ابی الفداء، ١٨٤٠، ٤١٧).

٢٥_ کە بە (قصراللصوص)یش بە ناوبانگە و دەکەوێتە نێوان قرمسین و همدان نزیک اسد اباد و خاوەن قەڵایەکی پتەوە و بە درێژایی مێژوو چەندین دەستەڵاتدار حوکمیان تێدا کردووە (ابی الفداء، ٤١٥، ١٨٤٠).

٢٦_ بندیجن بە مەندەلیی ئێستا دەوترێت کە بە شارێکی کۆنی مێژوویی لەقەلەمدەدرێت و لە سەردەمی ئاشوورییەکان ئەم شارە هەبووە لە سەرەتادا بچووک بووە و دواتر گەشەی کردووە و ئەو شارە دەکەوێتە سنووری وڵاتی

عێراق (ابن خرداذبە، ١٨٨٩م، ٦)، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (مرعی، ٢٠٠٥، ٦٣؛ النقشبندی، ٢٠١١م، ٦٤).

٢٧_ بە (دقوقا و دقوقاء و داقوق و طاووق) و چەندین ناوی تر هاتووە و دەکەوێتە سنووری وڵاتی عێراقی ئێستا و دەکەوێتە نێوان شاری (بەغدا و هەولێر) و نزیکەی (٣٧ کم) لە شاری کەرکوک دوورە، مێژوونووسان لەگەڵ ناوی داقوق بە گرنگیەوە باسی ڕووباری داقوق دەکەن (ابن الاثیر، ١٩٨٧، ١٨٧/٨؛ لسترنج، ١٩٥٤، ١٢٠_١٢١؛ مرعی، ٢٠٠٥، ٦٨_٦٩).

٢٨_ بە بڕوای فرست مرعی هەمان قرە هنجیری ئێستایە و النقشبندیش بە (طوز خورماتووی ئێستا ناوی دەهێنێت (٣٤١، ٢٠٠٥؛ النقشبندی، ٢٠٥، ٢٠١١).

٢٩_ ابن خلدون بە بیزازشاە ناوی دەهێنێت و لە سەردەمی هێرشی (ابی الشوک) لە ساڵی(٤٣١ک) ئەو قەڵایە لە دەست أبو القاسم بن عیاض بووە (د. ت، ١٢٣٧)، و النقشبندیش لە باسی شوێنی قەڵاکەدا وای بۆدەچێت کە لە نزیک شارەزوور و زەڵم بێت و زیاتر ناوی قەڵاکە ناوێکی فارسییە کە النقشبندی لە پەراوێزی (١٠١لا٣٦١)دا بە وردی باسی ناوە فارسییەکەی دەکات (٢٠١١، ١٠١).

٣٠_ (ابن الاثیر) بە (دزدیلویە) ناوی دەهێنێت (١٩٨٧، ٢٧٨/٨)، و (ابن خلدونیش) بە دوربلونە ناوی دەهێنێت (د. ت، ١٢٣٨)، ئەم قەڵایە لە سەردەمی عەننازییەکان لە ژێر دەستەڵاتی میر سەرخابدا بووە و فرست مرعی لە مینوروسکی دەگوازێتەوە کە گوایە ((خاوەنی ئەم قەڵایە هۆزی دلون بوون کە نیشتەجێی نێوان شهربان و خانەقینن لە عێراق))(٣٨٣، ٢٠٠٥).

٣١_ بە خفتیذکانیش ناسراوە کە بریتی بوون لە دوو قەڵای پتەو و بەهێز لە سەر ڕێگای مەراغە و شارەزوور و بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (النقشبندی، ٢٠١١، ٦٢، ٦١).

٣٢_ یەکێکە لە قەڵا بەهێزەکان کە دەکەوێتە سنووری باکووری ڕۆژهەڵاتی بەغدا بە دووری (٤٢ کم) و قەڵایەکی کۆنە کە پاشایانی فارس

سوودیان لێوەردەگرت (یاقوت الحموی، ١٩٧٧، ٣٧٥/١؛ مؤلف مجهول، ١١٧، ١٩٩٩؛أبی الفداء، ١٨٤٠، ٣٠١).

٣٣_ یەکێکە لە قەڵایەکانی کورد، کە بە هەردوو ناوی بلوار و بکورا هاتووە و دەکەوێتە سنووری کرماشانی ئێستا و لە ساڵی (٤٣٠ک) بووەتە شوێنی چاوتیبڕینی (ابی الفتح)، بەڵام بە هۆی هاوکاریی مهلهل بۆ خاوەنی قەڵاکە ابی الفتح شکستیهێنا لە داگیرکردنی ئەو قەڵایە (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٢٣٤/٨؛ ابن خلدون، د. ت، ٦٩٤/٤) محمد امین زکی باس لەوە دەکات کە قەڵاکە هی موهەلهەل بووە (١٢٨، ١٩٤٥).

٣٤_ بە مەلبەند و قەڵای هۆزی ماهکی دەوترێت کە هۆزێکی کورد بوون لە دەرەوەی شاری کرماشان دەژیان و دواتر توانیان دەستەڵاتێک بۆ خۆیان دابنێن کە بە حکومەتی ماهکی ناسرابوو(البدلیسی، ٢٠٠٦، ٤٠؛ النقشبندی، ٢٠١١، ٢٠٥).

٣٥___ ناوی (ابو الحسین احمد بن بویە) بوو کە بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی بووەیهییەکان دادەندرێت و توانی لە ساڵی ٣٣٤ک بەغداد داگیربکات و خەلیفەش نازناوی معزالدولەی پێ بەخشی و بەم شێوەیە ماوەی چەندین ساڵ دەستەڵاتی بووەیهییەکانی لەدەستبوو(ابن الجوزی، ١٩٩٢، ١٤/ ١٨٣؛ آشتیانی، ١٣٨٦، ٩٦).

٣٦___ ((قوهی لە بنەڕەتدا وشەیەکی فارسییە لە وشەی کوهی وەرگیراوە کە بە مانای چیا دێ))(مرعی، ٢٠٠٥، ٣٦٧).

٣٧_ الامیر هندی بن سەعدی کە بە زەهمان بە اوبانگە خاوەنی شاری خانەقین و هاوپەیمانی بدر بن حەسنەوییە بوو  کە دواتر لە زیندانی عەننازییەکان کۆچی دوایی کرد (الروزراوی، د. ت، ٣٣٩/٣ ؛ مرعی، ٣٤٧، ٢٠٠٥).

٣٨_ برای (ابی الشوک)ی عەننازی بووە و خاوەن قەڵای دزدیلویە بووە و ماوەیەکی زۆر لە ململنێدا بووە لەگەڵ برا و برازاکانی بۆ وەرگرتنی پۆستی

میرایەتی لە میرنشینی عەننازیدا (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٢٨٧/٨؛ ابن خلدون، د. ت، ١٢٣٨).

٣٩_ بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٥ لە توێژینەوەکە.

٤٠_ لە دایکیەوە برای (طغرل بک) بوو و دوای ئەوەی لە چەندین شەڕی گەورە لەگەڵ ئەرطغرل سەرکەوتنی بەدەستهێنا وەک سەرکردەیەکی دیاری سەلجووقییەکان تەماشا دەکرا، بەڵام دوای ماوەیەک تایبەت لەساڵی ٤٤١ک گرژی کەوتە نێوان ئەو و طغرل بە هۆی ئەوەی ابراهیم ئامادە نەبوو ئەو شوێنانەی کە لە ناوچەی هەرێمی چیا وەک شاری هەمەدان کە کەوتبوونە ژێر کۆنترۆڵی ڕادەستی طغرل بکات ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی شەڕێکی گەورە کە لە ئاکامدا طغرل سەرکەوت بەسەر ابراهیم ینال و دوای ئەو ماوەیەش وەک دوو برا بەردەوامبوون لە برەودان بە دەستەڵاتی سەلجووقییەکان دژی دوژمنەکانیان، بەڵام جارێکی تر ابراهیم لە طغرل هەلگەڕایەوە بەڵام ئەوە دواجار بوو چونکە طغرل ئەوجارە لێیخۆشنەبوو و لە ناوی برد (ابن القلانسی، ١٩٨٣، ١٤٥/١؛ ابوالفداء، د. ت، ١٧٨/٢)

٤١_کوتا پاشا و مەلکی بووەیهییەکان بوو کە لە ساڵی ٤٤٧ک بە دەستی طغرل بەگی سەرکردەی سەلجووقییەکان لە بەغدا دەستگیرکرا. (ابن الجوزی، ٢٠١٣، ٤٩٢/١٨)

## سەرچاوەکان

## سەرچاوە ڕەسەنەکان بە زمانی کوردی

_ بدلیسی:میر شەرەفخان، شەرەفنامە، و. ماموستا هەژار، دەزگای چاپ و بەلاو کردنەوەی ئاراس، هەولێر، چ٣(٢٠٠٦ز).

سەرچاوە ڕەسەنەکان بە زمانی عەرەبی

ابن الاثیر:ابی الحسن علی بن ابی الکرم محمد بن محمدبن عبدالکریم الجزری(ت٦٣٠ هـ/١٢٣٣م).

_الکامل فی التاریخ، تح:عبداللة قازی، دارالکتب العلمیة، بیروت(١٤٠٧هـ/١٩٨٧م).

الثعالبی: أبو منصور عبدالملک بن محمد بن اسماعیل الثعالبی النیسابوری(ت٤٠٩هـ/١٠٣٧م)

_خاص الخاص، تح: مأمون بن محیی الدین الجنان، دار الکتب العلمیه، بیروت، لبنان، ط١ (١٤١٤هـ/١٩٩٤م).

ابن الجوزی: ابی الفرج عبدالرحمن بن علی بن محمد(المتوفی ٥٩٧هـ/١٢٠٠م).

_المنتظم فی تاریخ الملوک و الامم، تح :محمد عبدالقادر عطا؛ مصطفی عبدالقادر عطا، دارالکتب العلمیه، بیروت(١٤١٢هـ/١٩٩٢م).

ابن حوقل: ابی القاسم بن حوقل النصیبی(ت٣٧٧هـ/٩٨٧م).

_صورة الأرض، دار مکتبة الحیاة، بیروت، (١٩٩٢م).

ابن خردابه: أبي القاسم عبيدالله بن عبدالله (ت ٢٨٠هـ/٨٩٧م).

_ المسالک و الممالک، مطبعة بریل، لیدن(١٨٨٩م).

ابن خلدون:عبدالرحمن بن خلدون المغربی(التوفی٨٠٨هـ/١٠٤٩م).

_ التاریخ المسمی العبر و دیوان المبتداوالخبر، دارالکتب اللبنانی(بیت افکار الدولیه)، بیروت(١٩٧٧م).

ابی دلف: مسعر بن مهلهل الخزرجی(٩٥٢هـ).

_ الرسالة الثانیة، أعتنی بنشرها: مینوروسکی، جامعة القاهرة(١٩٥٥م).

الدواداری: ابی بکر بن عبدالله بن ابیک(ت٧٣٦هـ/١٣٣٥م).

_ کنز الدرر و جامع الغرر، تح: ادوارد بدین، بیروت، (١٤١٤هـ/١٩٩٤م).

الروذراوی: أبی شجاع محمد بن الحسین(ت٤٨٨هـ/١٠٩٥م).

_ ذیل تجارب الأمم، دار الکتاب العلمیه، بیروت_ لبنان، ٦(٢٠٠٣م).

سبط ابن الجوزی: شمس الدین أبی المظفر یوسف بن قزاولی عبدالله(ت٦٥٤هـ/١٢٥٦م).

_ مرآة الزمان فی تواریخ الاعیان، تح: محمد برکات، الخروط(ریحاوی) . . .، دار الرساله العالمیه، ط١ (١٤٣٤هـ/ ٢٠١٣م).

ابوالفداء:عمادالدین اسماعیل بن محمد(ت٧٣٢هـ/١٣٣١م).

_ تقویم البلدان، تح. ط: دینوماک کوکین، دار الطباعة السلطانیة، باریس، جزء الثاني، ١٨٤٠م.

ـ المختصر فى اخبار البشر، المطبعه الحسينيه المصريه، مصر، ج٢(د. ت).

القزوينى: يحيى بن عبداللطيف الحسينى(ت٨٨٥هـ/١٥٠٦م)

ـ لب التواريخ، مؤسسه خاور، مطبعه يمينى(١٣١٤ش).

ابن القلانسى: حمزه بن اسد بن على بن محمد التميمى(ت٥٥٥هـ/١١٦٠م)

ـ تاريخ دمشق، تح: د. سهيل رزكار، دار حسان، دمشق، ط١، (١٩٨٣م).

ـ ابن كثير:أبى الفداء اسماعيل بن كثير(٧٧٤هـ/١٣٧٢م).

البدايه والنهايه، تح: ابراهيم الزيبق، ج الثانى عشر، دار ابن كثير، (دمشق، بيروت)(١٤٣٤هـ/ ٢٠١٠م).

المسعودى: أبي الحسن بن على بن الحسين بن على (٣٤٦ه/٩٥٧م).

ـ مروج الذهب و معادن الجوهر, أعتنى به و راجعه: كمال حسن مرعي، المكتبة العصرية، ط الأولى، ٢(صيدا_ بيروت)(٢٠٠٥م).

مسكويه:ابو على احمد بن محمد بن يعقوب(٤٢١هـ/١٠٣٠م)

ـ تجارب الامم، جزء الثانى عشر طبع مع كتاب العيون والحدائق, لندن، ١٨٦٩م، ج١-ج٢طبع مصر ١٩١٥م.

ابن الوردى: الشيخ زين الدين عمر (٧٤٩هـ/١٣٤٩م).

ـ تاريخ ابن الوردى، ج٢، المطبعه الحيدريه، النجف(١٩٦٩م).

ـ ياقوت الحموى:شهاب الدين ابي عبدالله ياقوت بن عبدالله الحموى البغدادى(ت٦٢٦هـ/١٢٢٨م).

معجم البلدان، نشر فستنفلد، (١٨٧٠م) .

اليعقوبى: أحمد بن ابى يعقوب بن واضح(ت٢٨٤هـ/٨٩٧م).

البلدان، المكتبه المرتضويه، مطبعه الحيدريه، (النجف، العراق)(١٣٣٧هـ/١٩١٨م).

سەرچاوە ڕەسەنەکان بە زمانی فارسی

ملک الشعراء: بهار(مؤلف مجهول)

مجمل التواريخ و القصص، مركز تحقيقات رايانەاى قائيمه اصفهان، (د. ت).

نيشابورى: خواجه امام ظهيرالدين(ت٥٨٢هـ/١١٨٦م).

سلجوقنامه، از نشريات گلاله خاور، چاپخانه خاور، تهران، ١٣٣٢ش.

**ژێدەرەکان بە زمانی کوردی**

ـ ئەنوەر: کەیوان ئازاد، کوردستان و کورد لە سەدەکانی ناوەراست، چاپخانەی پەنجەرە، تاران (٢٠١٥ز).

ـ رۆژبەیانی: محمد جمیل، مێژووی حەسنەویهی و عەییاری،، دار الحریە، العراق، (د. ت).

ـ محەمەد: ئاکۆ بورهان، میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەبباسی، خانەی چوارچرا، سلێمانی، چ١(٢٠١٨ز).

ژێدەرەکان بە زمانی عەرەبی(سەرچاوە نوێیەکان)

بيتر آن دوزى: رينهارت(ت١٣٠٠هـ/١٩٢١م).

_ تكمله المعاجم العربيه، نقله الى العربيه، محمد سليم النعيمى، وزاره الثقافه و الاعلام العراقيه، ط١(٢٠٠٠م).

_زكى:محمد امين، خلاصه تاريخ الكرد و الكردستان، تح: محمد على عەونى، مطبعه السعادة، مصر(١٣٦٤هـ/١٩٤٥م).

_ عثمان: محمد عبدالستار، المدينه الاسلاميه، عالم المعرفه، كويت(١٩٨٨م).

_لسترنج: كى، بلدان خلافه الشرقيه، نقله الى العربيه: بشير فرنسيس و كوركيس عواد، مطبعه الرابطة، بغداد(١٩٥٤م).

_ مرجونة: ابراهيم محمد على، تاريخ الأكراد(دراسه تاريخيه حضاريه فى ظل خلافة العباسية)، مؤسسه شباب الجامعه، اسكندريه(٢٠١٠ز).

_ مرعى: فرصت، الامارات الكرديه فى العصر العباسى الثانى (٣٥٠-٥١١هـ/٩٦٠-١١١٧م)، دار سپيرێز، دهوک، ط١، (٢٠٠٥ز).

_ النقشبندى: حسام الدين على غالب، الكرد فى لرستان الصغرى(الشماليه)و شهرزۆر خلال العصر الوسيط، بنكەى ژين، السليمانيه(٢٠١١ز).

ژێدەرەكان بە زمانی فارسی(سەرچاوە نۆێیەكان)

_ اشتيانى: عباس اقبال، تاريخ ايران پس از اسلام از صدور اسلام تا انقراض قاجاريه، نشر نامک، تهران(١٣٨٧ش).

نامە زانكوییەكان

_ رؤوف: نەوزاد خالد، ململانێ ناوخۆییەکانی ناو میرنشینە کوردییەکان لە سەدەی پێنجەمی کۆچی/یانزدەهەمی زاییینیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاح الدین، هەولێر، ٢٠١٤ز.

_ مقليه: ناديه بنت عبدالصمد بن عبدالكريم، اقليما الرى و الجبال فى العصر البويهى(٣٣٠_٤٢٠هـ/٩٤٢_١٠٢٩م)، ماجستر، جامعه ام القرى(١٤٢٧هـ/٢٠٠٦م).

گۆڤار

_ الهاشمى: جليله ناجى، الامارة الحسنويه فى الدينور و الشهرزۆر، مجله المجمع، مجلد الثالث، العدد الاول، مطبعة المجمع العلمى الكردى، بغداد، ١٩٧٥م.

**ملخص البحث**

السجون في الأمارة الحسنوية و العنازية(القرنين الرابع و الخامس الهجري/العاشر والحادى عشر الميلادي)

كانت الأوضاع الداخلية للخلافة العباسية(١٣٢_٦٥٦ه/٧٥٠_١٢٥٨م) فى بداية القرنين (الرابع و الخامس الهجرى/العاشر و الحادى عشر الميلادى),متردية بحيث أن سلطتها المركزية ضعفت يوم بعد آخر، مما أدى الى ظهور امارات شبة مستقله، منها الأمارتين الحسنوييه(٣٤٨_٤٠٦ه/٩٥٩_١٠١٥م)و العنازييه(٣٨١_٥١١ه/٩٩١_١١١٧م).

و عمل هاتين الأمارتين على تثبيت حكمهما داخليا و ذلك بمعاقبه المخالفين، وكانت أحد وسائل (المعافيه)، السجن، وكذلك للحفاظ على امارتيها من القوى الخارجية دخلنا في حروب معهم و كانت أهم نتائج تلك الحروب، وقوع أسرى من الطرفين، مما تطلب وضعهم فى السجون لحين الفصل في مصيرهم، هكذا يظهر انة لا توجد سلطة، الا و لها سجون، هذا من جانب و اذا أراد دراسة علمية شاملة عن تاريخ و حضارة أية سلطة لابد من التطرق الى هذه المؤسسة المهمة، و حسب اطلاع الباحث لا توجد دراسة حول ذلك، لأن أكثر الباحثين تطرقوا الى الجانب السياسي دون هذا الجانب، لذالك وقع اختيار الباحث على هذا الموضوع، علما بأن الحصول على معلومات دقيقة حوله، تتطلب الرجوع الى مصادر متنوعة.

تتطلب اتمام هذه الدراسة تقسيمها الى ملخص و اربعة مباحث و خاتمة.

تناول المبحث الأول، الجانب السياسي للأمارة الحسنوية. أما المبحث الثانى، فقد تناول السجون في الأمارة الحسنوية، والمبحث الثالث تطرق الى الجانب السياسي للأمارة العنازية، و المبحث الرابع، تتناول السجون في الأمارة العنازية.

و في الخاتمة، توصل الباحث الى النتائج المهمة التالية: بأنة هناك سجون مختلفة في هاتين الأمارتين، والسجناء كانو لأسباب مختلفة، فضلا عن ذالك كان معاملتهم و مصيرهم مختلف.

**Abstract**

**The prisons in the Hasnawi and Annazi Emirates (In the forth and fifth A. H- The tenth and eleventh A. D)**

The internal conditions of the Abbasid state were unstable, and every day the central authority was less powerful over its regions, and this led to the emergence of internal forces, each of whom established a power in the region under their control, including the emirate (Hasnawi and Annazi)

In order to reform society from those who violate the law, they punished them, and one of these punishments was imprisonment, and also when there were battles between them and the neighboring forces, there were prisoners whose fate was not determined, so they put them in prisons to determine their fate.

Here it becomes clear to us that all forces and authorities need prisons

And the information about an integrated civilization will not be if we do not touch on this institution. Many of the previous researches were interested in the political aspect and neglected this aspect. That is why I chose this topic for my research.

The research consists of four chapters

Abstract,

the first chapter is the political history of the Hasnawi emirate,

the second chapter is the prisons in the al-Hasnawi emirate,

the third chapter is the political history of the al-Anaziah emirate, the fourth chapter is the prisons in the al-Anaziah emirate.

Conclusion

We found that there were several types of prisons in these two emirates, and the reasons were different, and the treatment of them was different according to the circumstances.

Key words: Prince, Emirate, Hasnawi, Annazi, Prison, City .

https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2253.4

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# زیدەڕۆیی لە گێڕانەوە مێژووییەکان لە بارەی کەسایەتیی (الحجاج کوڕی یوسف الثقفي) (٤٠-٩٥ک/٦٥٩-٧١٤ز)

م. ی. تابان صباح پیربالْ

کۆلێژی ئاداب/ بەشی مێژوو

taban.perbal1@su.edu.krd

پ. د. فایزە محمد عزت

کۆلێژی ئاداب/ بەشی مێژوو

fayze.izzat@su.edu.krd

**پوختە**

(الحجاج کوڕی یوسف الثقفي) یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی مێژووی سەردەمی ئومەوی کە بۆ ماوەی بیست ساڵ (٧٥- ٩٥ک/ ٦٨٤-٧١٥ز) لە عێراق وەک والی فەرمانڕەوایی کرد، لە زۆربەی سەرچاوەکان بە کەسێکی زۆردار و خوێن ڕێژ وەسفکراوە، جگە لەوە سیاسەتەکەی بە شێوەیەک ئاماژە کراوە کە چۆتە قالبی زێدەڕۆیی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی ئەو کاتەی دەوڵەتی ئومەوی کە پێویستی بە کەسێکی توند و زاڵ بووە، مێژوونووسانی سەرەتا و دوای ئەوانیش بە هەمان شێوە دووبارەیان کردۆتەوە، بۆیە ڕاستی و هەڵە لە بارەی ژیانی و کەسایەتی و سیاسەتی (الحجاج) تێکەڵ بووە، لەم توێژینەوەیە هەوڵدراوە تیشکبخرێتەسەر دەقە زێدەڕۆییەکان و شیکردنەوەیان و بەراوردکردنیان، ڕوونکردنەوەی ئەگەری زێدەڕۆییەکان و بارودۆخی ئەو کاتەی خەلافەتی ئومەوی.

وشە کلیکییەکان: (زێدەڕۆیی، الحجاج، ئومەوی، زۆردار، گێڕانەوە)

## زێدەڕۆیی لە گێڕانەوە مێژووییەکان لە بارەی کەسایەتیی (الحجاج کوڕی یوسف الثقفي) (٤٠-٩٥ک/٦٥٩-٧١٤ز)

## پێشەکی

مێژوونووسان لە کۆن و نوێدا پێشبڕکێیان کردووە لە بارەی قسەکردن دەربارەی حجاج و هێرشکردنە سەر سەرگوزەشتە و حوکمڕانییەکەی، بەهۆی ئەوەی یەکێک بووە لە گرنگترین کەسایەتییەکانی ماوەی فەرمانڕەوایی ئومەوییەکان، هەروەک باسکراوە کەسایەتییەکی سەرسامکەر و زۆر تایبەتمەندیی دژیەکی تیا بەدیکراوە، وای کردووە کە شیکارانی بواری تایبەتمەند و لێکۆڵەرانی ئەو ماوەیەی مێژووی ئیسلام، دووپاتی بکەنەوە کە ناوبراو لە تێڕوانینی ئەو خەلیفەیەی کردوویەتییە بەرپرس، پیاوی گونجاو بووە بۆ شوێن و کاتی گونجاو.

ئەو سەرچاوانەی کە باس لە حجاج دەکەن گوایە زۆرداربووە و یەکێک بووە لە فەرمانبەدەستە توندوتیژە بێ بەزەییەکان، دەکرێ دەرکەوتنی ئەویش بۆ ئەوە بووبێ تەرازووی هێزی سیاسی و سەربازی بگێڕێتەوە بۆ دەوڵەتی ئومەوی دوای ئەوەی خەلیفە عبد الملک (٦٥ک/٦٨٤ز) ڕادەسپێردرێ بۆ ئەم کارە قورسە، کە ئەویش گێڕانەوەی بەرقەراری و جێگیربوونی ئاسایش و هێز و دەسەڵات بوو بۆ ئومەوییەکان.

بۆیە لێرەدا دوور لە سیفەتی بەرگریکردن لەم کەسایەتییە، ئەوەی ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، ئەوەیە کە حجاج لە دامرکاندنی زۆرترین بزووتنەوەکانی دژ بە دەوڵەت وەک والییەکی دڵسۆزی دەوڵەتی ئومەوی زۆرداری کردووە, بەڵام نکوڵی ناکرێ لەوەی زێدەڕۆییش کراوە لە گێڕدراوە مێژووییەکان کە بە پێویست دەزانرێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدراوە تیشکبخرێتەسەر زێدەڕۆییەکان و شیکردنەوەی دەقەکان و دواتر بەراوردکردنی بە دەق و سەرچاوەی تر تا بتوانرێت ڕاستیی کەسایەتیی ناوبراو و ئەو کار و کردەوانەی ئەنجامیداون دەستنیشانبکرێت، بە ئامانجی ئەوەی بۆ خوێنەر ڕوونبێتەوە، بێگومان ئەمەش بە هۆی ئەوەی ئەوەندە شت لەبارەی حەجاجەوە وتراوە وای لێهاتووە ڕاستی و هەڵەکان تێکەڵ بن، جیاکردنەوەیان لە یەکتر ڕەنج و ماندووبوونێکی زۆری پێویستبێ، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەی کە مێژوونووسە کۆنەکان چیان لە بارەی (الحجاج) ەوە وتووە بۆتە پەیڕەوێک، ئەوانەی لە دوایان هاتوون بەهەمان شێوە دووبارەیان کرۆدتەوە.

ئەم توێژینەوەیە دابەشی سەر سێ تەوەرە کراوە، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە ناساندنی حجاج کوڕی یوسف و زێدەڕۆیی سەبارەت بە ژیاننامەی دەکرێت. لە تەوەرەی دووەمدا باس لە زێدەڕۆیی لە کار و کردەوە سیاسییەکانی حجاج کراوە بە تایبەتی لەو ماوەیەی کە لە عێراق فەرمانڕەوایی کردووە، کە لەلایەن هەندێ لە مێژوونووسان لە ڕادەبەدەر بە زۆردار و ستەمکار وەسفی سیاسەتەکەی کراوە بە جۆرێک کە مێشکی مرۆڤ هەندێ جار قبووڵی ئەم گێڕانەوانە ناکات, لە تەوەرەی سێیەمدا باسی سیفەت و خوڕەوشتە چاکەکانی (الحجاج) کراوە کە لەلایەن مێژوونووسان ئاماژەی بۆ کراوە، تاوەکو ببێتە وەڵامێک بۆ هەموو ئەو وەسف و خستنەپاڵی ئەو کار و کردەوە خراپانەی کە لە بارەی (الحجاج) ەوە وتراون، لە کۆتاییشدا لە چەند خاڵێک ئەنجامەکان خراونەتەروو.

لە دیارترین ئەو سەرچاوانەی کە لەم توێژینەوەیە پشتیان پێ بەستراوە بۆ زانیاری لە بارەی بنەچە و لەدایکبوون و پەروەردەبوونی (الحجاج) کتێبی (البدء والتاريخ)ی (المقدسي م:٣٥٥ هـ/٩٧٦ز) و کتێبەکەی (المعارف)ی (ابن قتيبة م:٢٧٦هـ/٨٩٧ز) و (سير اعلام والنبلاء)ی (الذهبي

م:٧٤٨هـ/١٣٦٩ز) و (البداية والنهاية)ی (ابن كثير م:٧٧٤ه/١٣٩٥ز) و (مروج الذهب)ی (المسعودی م:٣٤٦ک/٨٦٠ز).....

له دیارترین ئەو سەرچاوانەی كە بەزێدەڕۆییەوە لە بارەی كەسایەتیی حجاجیان نووسیوە كتیبی (العقد الفريد)ی (ابن عبد ربه م:٣٢٨هـ/٩٤٩ز) و كتیبی (الكامل في اللغة والادب)ی (المبرد م: ٢٨٦ هـ/٩٠٧ز) و كتێبی (مروج الذهب ومعادن الجوهر)ی (المسعودي م:٣٤٦هـ/٩٦٧ز).

له دیارترین ئەو سەرچاوانەی كە زۆر بە وردییەوە لە سیاستەكەی (الحجاج) دواون كتێبی (الامامة والسياسة)ی (ابن قتيبة م: ٢٧٦هـ/٨٩٧ز) و كتێبی (تاريخ الرسل والملوك) (الطبري م: ٣١٠هـ/٩٣١ز)وكتێبی (تاريخ دمشق)ی (ابن عساكر م: ٥٧١هـ/١١٩٢ز) و كتێبی (المنتظم في تاريخ الامم والملوك)ی (ابن الجوزي م: ٥٩٧هـ/١٢١٨ز) كتێبی (الكامل في التاريخ)ی (ابن الأثير م:٦٣٠هـ/١٢٥١ز) جگە لە چەندین سەرچاوە و ژێدەری تر كە بۆ بەراوردكردن و شیكردنەوە لە دەقە مێژووییەكانی سەبارەت بە حجاج وتراون پشتی پێ بەستراوە.

**تەوەرەی یەكەم**

## ناساندنی (الحجاج كوڕی یوسف الثقفي) و زێدەڕۆیی سەبارەت بە ژیاننامەكەی

### ١- ژیاننامەی حجاج

(الحجاج كوڕی یوسف الثقفي) یەكێكە لەو كەسایەتییە مێژووییانەی كە لە مێژووی ئیسلامیدا زۆر ناسراوە، بە تایبەتی لە سەردەمی ئومەوییەكاندا ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ حوكمكردنی ئەو ماوە درێژەی كە

نزیکەی بیست ساڵ (٧٥-٩٥ک/٦٩٤-٧١٤ز)بوو، و جۆری ئەو حوکمڕانییەی کە کردوویەتی لە عێراق.

ناوی تەواوی (حجاج کوڕی یوسف کوڕی حکم کوڕی عقیل کوڕی مسعود)ە، لە هۆزی (الثقیف)ە (المقدسي، د. ت، ٥/ ٢٧؛ الذهبي، ١٩٨٥، ٤/ ٣٤٣)، نازناوی (أبا محمد)ە(ابن قتيبة، ١٩٩٢، ١/ ٣٩٧؛ المقدسي، د. ت، ٦/ ٢٧)، جگە لەمە دەوترێ ناوی (کلیب) بووە سەرەتا کە دایکی ئەم ناوەی لێناوە، دواتر ناوی خۆی گۆڕیوە بۆ الحجاج. (المقدسي، د. ت، ٦/ ٢٧؛ ابن عبد ربە، ١٩٨٤ ٥/ ٢٧٥)

لە ساڵی (٤٠ک/ ٦٦٠ز) لەدایکبووە، دایکی ناوی (فارعة کچی همام کوڕی عروی الثقفي) بووە، سەرەتا شووی کردووە بە (یوسف الثقفي)، گوایە مغیرە داوای لێکردووە کە بیخوازێ و وتویەتی ئەمە ئەو کەسەیە کە پێویستە کەسێک بیخوازێ زاڵم بێت، و کە خواستویەتی لە خەودا بینیویەتی کە کەسێک پێی وتووە، چەند خێرا بە (خوێنڕێژ)ێک سکپرت کرد. (ابن کثیر، ١٩٨٨، ٩/ ١٢)، بێگومان ئەمەش یەکێکە لەم گێڕانەوانەی کە هەم خورافییە و هەمیش زێدەڕۆییە بۆ نیشاندانی کەسایەتیی ناوبراو بە خوێنڕێژ هەر لەو کاتەی کە لە سکی دایکیبووە.

دەوترێ حجاج مامۆستا بووە، لە (طائیف) منداڵانی فێری نووسین و خوێندن کردووە، و باوکیشی بەهەمان شێوە پیشەی مامۆستا بووە. (ابن عبد ربە، ١٩٨٤، ٥/ ٢٧٥)

یەکەم کاری سیاسی، والی بووە لە (تبالة) لە حیجاز، خەڵکەکە زۆر ڕقیان لێبۆتەوە دەریان کردووە، و بۆ ئەمە وتەیەکیان هەیە دەڵێن: ((أهون من تبالة على الحجاج))، دوای ئەوەی کە عبدالملک کوڕی مەروان ڕەوانەی دەکات بۆ جەنگی (عبداللەی کوڕی زبیر) ڕایدەسپێریت کە بیکوژێت، بەمەش خەلیفە دەیکات بە والی حیجاز بۆ ماوەی سێ ساڵ (ابن قتيبة،

١٩٩٢، ١/ ٣٩٧؛ المقدسي، د.ت، ٦/ ٢٧). دواتر دوای مردنی (بشر بن مروان) برای (عبدالملک) نووسراوێک دەنووسێ بۆ (الحجاج) داوای لێدەکات بێت بۆ عێراق لە جێگای برای ببێتە والی، قبووڵی دەکات و بە دوانزە سوارەوە بەڕێ دەکەوێ بەرەو عێراق و دێتە کوفە. (مسکویە، ٢٠٠٠، ٢/ ٢٥٥)

لە بارەی مردنی (الحجاج) دەوترێ تووشی نەخۆشییەک بووە بەهۆی جۆرە کرمێک لە سکی و گەدەی کە چارەسەری نەبووە بۆیە لە ساڵی (٩٥ک/ ٧١٦ز) مردووە (الطبري، ٢٠١٢، ٤/ ٢٦)، یاخود دەوترێت بە (سیل) مردووە دوای ئەوەی خەوی نەماوە، بەم جۆرە لە تەمەنی پەنجا و سێ ساڵی کۆچی دوایی کردووە. (المقدسي، د.ت، ٦/ ٣٩؛ ابن قتیبة، ١٩٩٢، ١/ ٣٩٧)

## ٢- زێدەڕۆیی سەبارەت بە کەسایەتیی (الحجاج کوڕی یوسف)

(الحجاج) لە زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان باسی لێوەکراوە، بە شێوەیەکی گشتی بە کەسێکی زۆردار و خوێنڕێژ و ستەمکار وەسفکراوە، کە زۆرجار ئەم وەسف و باسانە زێدەڕۆییان تیاکراوە هەوڵدراوە پەڵە بخرێتە سەر کەسایەتیی خۆی و دایکی و باوکیشی تا وای لێهاتووە، ڕاست و هەڵە تێکەڵ بەیەک بوون،

بۆ نموونە لە زۆربەی سەرچاوەکان کە باسی باوکی دەکرێ دەوترێ کەسێکی ناوداری هۆزەکەی خۆی بووە (ابن خلکان، ١٩٧١، ٢/ ٣٢)، کەچی (ابن عبد ربە) باسی ڕووداوێکی کردووە کە گوایە باوکی حجاج زۆردار و بێبەزەیی بووە، کاتی کاربەدەست بووە، بە (طائف) تێپەڕیوە بینیویەتی ئافرەتێک منداڵێکی هەتیوو بە شیری بزنێک بەخێوەدەکات بزنەکەی لێبردووە، مناڵەکە بەبێ شیر ماوەتەوە لە برسان مردووە، بۆیە کە باوکی (الحجاج) مردووە گۆڕەکەیان بەردباران کردووە (١٩٨٤، ٥/

٢٧٦)، ئەم دەقە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە حجاج زۆردارییەکەی لە باوکییەوە بۆ ماوەتەوە، یان لە بارەی دایکییەوە کە دەوترێ گوایە لە هاوسەری یەکەمی جیابۆتەوە لەبەرئەوەی (جادوگەر) بووە، بۆیە تەڵاقی داوە. (المسعودي، ١٩٧٤، ١/ ٣٨٧) وەک ئاماژەیەک بۆ لەکەدارکردنی بنەماڵەکەی.

لە هەمووی سەیرتر لە باسی لەدایکبوونی (الحجاج) گوایە کاتێک لەدایکبووە بە ناکامی لەدایکبوو واتە ناتەواو بووە، کۆمی نەبووە، کۆمیان بۆ کردۆتەوە و شیری دایکی خۆی نەگرتووە، لە چەند کەسێکی شارەزایان پرسیووە وتویانە بزنێکی ڕەشی بۆ سەرببڕن خوێنەکەی تێهەڵسون، ڕۆژی دووەم هەمان کاریان کردۆتەوە سوودی نەبووە، ڕۆژی سێیەم بە هەمان شێوە ئەمجارە بزنێکی نێری (نێری) بۆ کوژرایەوە، تا لە ڕۆژی چوارەم خوێنەکەیان لە دەم و چاوی هەڵسویتەوە ئینجا شیری خواردووە، بۆیە (الحجاج) لەسەر ئەمە ڕاهاتووە کە خوێنڕێژ بێت هەر لە یەکەم ڕۆژی ژیانیەوە، خۆشترین شت لای ئەو ڕشتنی خوێن بووە.)المسعودي، ١٩٧٤، ١/ ٤٠٣)

مێژوونووسانی تر باسی ئەم ڕووداوە ناکەن تەنها یەکێک لە مێژوونووسانی سەدەی (١٠ک/ ١٦ز)، دەڵێ دوای ئەوەی (الحجاج) شیری دایکی نەگرتووە هەندێ کاهن وتویانە سێ بزنی بۆ سەر ببڕن خوێنەکەی تێهەڵسون و بە خوێنەکە بیشۆن وایان کردووە هەر بۆیە حجاج حەزی بەخوێنڕشتن بووە. (العاصمي، ١٩٩٨، ٣/ ٣٥٩)

ئەم گێڕانەوەیە لە چیرۆک دەچێ دوورە لە ڕاستی، زێدەڕۆییە بۆ وەسفکردن و نیشاندانی حجاج بە خوێنڕێژی، و ئەگەر گریمان وابووبێ لەوانەیە ئەمە نەریتێکی کۆمەڵایەتیی باوبووبێ لەنێوانیان کە خوێنی گیانەوەر بڕێژن بۆ منداڵ، ئەمە چۆن کاریگەری دەبێ لەسەر ئەوەی کە

ئەو کەسە ببێتە خوێنڕێژ، ئەمە بنەمای نییە بۆ دروستبوونی کەسایەتیی حجاج.

یاخود دەوترێ کە (الحجاج) چاوی کزبووە لەبەر ڕووناکی نەیبینیووە، قاچەکانی باریک بووە، لاشەی بچووک بووە، دەنگی کەم بووە. (المقدسي، د.ت، ٦/ ٢٧؛ ابن قتيبة، ١٩٩٢، ١/ ٣٩٧)

لە هەندێ گێڕانەوەدا مێژوونوسان (الحجاج) کافردەکەن گوایە لە ڕۆژی دوایی لە دۆزەخە، (المسعودي) دەگێڕێتەوە کە نووسەری (الحجاج) چۆتە لای خەلیفە (سليمان) پێی وتووە هەواڵم پێیە کە حجاج لە دۆزەخە (١٩٧٤، ١/ ٤٢٥)، یاخود کراوە بە (الخوارج) یان خوارجی ئەزارقە[١]، کە وتراوە چۆن لەدوای کەسێک نوێژ بکەین کە دەرچووبێت. (ابن عبد ربه، ١٩٨٤، ٥/ ٣٠٤)

لە بارەی خواردنی حجاج دەوترێ حجاج لەو کاتەی کە بوو بە والیی عێراق ڕۆژانە لەسەر هەزار (سفرە) خوان نانی دەخوارد و لەسەر هەموو خوانێک جۆرێک لە نانی لوولدراو بە شۆربا و ماسی سوورەوەکراو هەبوو، دە کەسی لەسەر هەر سفرەیەک دادەنیشتن (المبرد، ١٩٩٧، ١/ ٢٤٢؛ ابن عبد ربه، ١٩٨٤، ٥/ ٢٧٦)، یاخود دەوترێ لە مانگی ڕەمەزان هەزار خوان بووە لە ڕۆژانی ئاسایی پێنج سەد خوان بووە لەسەر هەر سفرەیەک دەکەس هەبوونە، دە جۆر خواردن لە ماسی سوورەکراو و کوڵاو هەبوونە، و (الحجاج) خۆی لەسەر خوانەکان دەگەڕا ئەگەر برنج بە شەکر لێنەنرابێ بانگی چێشتلێنەری دەکرد و سزای دەدا، فەرمانیدەدا کە دوو سەد قامچی لێبدەن. (ابن عبد ربه، ١٩٨٤، ٥/ ٢٧٦)

جۆرە گۆزەیەک یاخود جەرەیەکی تایبەتی هەبوو کە دوو دانە بوون، یەکێکیان هەنگوین و ئەوەی تریان شیری تێدەکرا (الجاحظ، ١٩١٤، ١١)، و ڕۆژانە نێردراوی خۆی دەنارده ناو خەڵک بۆ ئەوەی بانگیان بکەن بۆ

خواردنی نانی بەیانی، دەیوت ئەی خەڵکینە کە ڕۆژهەڵات وەرن قاوەڵتی بخۆن، کە ڕۆژیش ئاوابوو وەرن نانی ئێوارە بخۆن، و حەجاج بە یەکێک لە زۆرخۆرەکانی سەردەمی خۆی ناوزەند کراوە.(المبرد، ١٩٩٧، ١/ ٢٤٣)

بێگومان ئەمەش یەکێکە لە زێدەڕۆییەکانی تر، خواردن و ئامادەکردنی هەزار خوان یان پێنج سەد خوان گەلێ زۆرە ئەگەر تەنها دانان و هەڵگرتن بێ و ئەم خواردنە و ژەمە چۆن دەخورێ لە ڕۆژێکدا وەسفێکی لە ڕادەبەدەرە و دوورە لە ڕاستی، جگە لەمەش ئەم ئاماژانە لە بارەی کەسایەتیی ناوبراو خراپ نین، بەڵکو نیشانەی جوامێری و خێر و خێرات و ناندەریی ئەو بووە.

**تەوەرەی دووەم**

**زێدەڕۆیی لەبارەی سیاسەتەکانی (الحجاج کوڕی یوسف)**

لە زۆربەی سەرچاوەکان باسی سیاسەتی حجاج دەکەن هەر لەو کاتەی کە هاتۆتە کوفە چۆتە ناو مزگەوت, بە مێزەرەکەی ڕوخساری خۆی داپۆشیوە چۆتە سەر مینبەرەکە بۆ ماوەی یەک سەعات قسەی نەکردووە، خەڵک زۆر توڕەبوون، تانەیان لە خەلافەتی ئومەوی گرتووە، بەڵام کە دەمامکەکەی لەسەر ڕوخساری کردەوە خەڵک حەپەسان یەکەم قسە کە کردی وتی: (أنا ابن جلايا وطلاع الثنايا... متى أضع العمامة تعرفوني) (اليعقوبي، ١٩٧٤، ٢/ ٢٧٣ ؛المبرد، ١٩٩٧، ٢/ ٢٩٧؛ الطبري، ٢٠١٢،٣/ ٥٤٧؛ ابن عساكر، ١٩٩٥، ١٢/ ١٣٠), ئینجا دەستی کردووە بە وتاردان وتویەتی: " سوێند بەخودا هەر کەسێک کاری ناشرین بکات بە وێنەی کارەکەی خۆی پاداشتی ئەدرێتێ من هەندێ سەر ئەبینم کە پێگەیشتوون و کاتی لێکردنەوەیان هاتووە و من خاوەنی ئەم سەرانەم، من خوێن ئەبینم لە نێو مێزەرەکان و ڕیشەکان دێتە خوارەوە"، پاشان

دێره شیعرێک دەڵێت. (المبرد، ١٩٩٧، ٢/ ٢٩٧؛ الطبري، ٢٠١٢، ٣/ ٥٤٧؛ المقدسي، د.ت، ٦/ ٢٩؛ ابن الاثير، ١٩٩٧، ٣/ ٤٢٠)

وتارێکی تری داوه بۆ خەڵکی عێراق و دەڵێ: ((ئەی خەڵکی عێراق خەڵکی دووبەرەکی و دووڕوویی و بەدڕەوشت، سوێند بەخوا پێش ئەوەی بێم کارەکانتان بەلامەوه گرنگ بووه بە ڕاستی داوام ئەکرد خوا بەمن تاقیتان بکاتەوه، ئەو قامچییەی کە دوێنێ پێم بوو بۆ ئەوه بوو ئێوەی پێ فێری ئەدەب بکەم، بەڵام لێم کەوتووه ئەمەم هێناوه بۆتان، {لەوکاتە ئاماژە بۆ شمشێرەکە دەکات} کە پاشان وتی "سوێند بەخوا بچووکتان دەکەم بە گەورە ئازادتان ئەکەم بە بەندە، پاشان دەتانهاڕم واتان نەرم دەکەم کە چۆن ئاسنگەر ئاسنەکەی نەرم دەکات یان نانەوا چۆن هەویرەکەی دەشێلێ)). (الجاحظ، ١٤٢٣، ١/ ٣٠٠؛ المبرد، ١٩٩٧: ١/ ٢١٥؛ الطبري، ٢٠١٢، ٣/ ٥٤٨؛ ابن الاثير، ١٩٩٧، ٣/ ٤٢٢)

لە هەندێ سەرچاوه جۆره وتارێکی تر هەیە کە وتویەتی: ((ئەی خەڵکی عێراق دەست دەکەن بە چاوداگرتن لە یەکتر من پەیوەندیم بە ناکۆکییەکانتان نییە، من هەڵهاتووم لە زیرەکیدا لە ڕووداوەکان گەیشتووه ئەوپەڕی، ئەمیری موسڵمانان (عبدالملک) منی بە تاڵترین موو زانیووه ناردوومی بۆلای ئێوه، ئێوه خەڵکی دووڕوون و پارچەپارچەن، بڕواتان هەبێ خۆتان ڕاست نەکەنەوه تۆڵەی ئەمانە دەچێژن و تووشی سزا دەبن، دەرتان دەهێنم لەبن وەک چۆن درەختێک لەبن دەردەهێنم و لێی دەدەم وەک لێدانی وشترێکی دوور لە وڵاتی خۆی، هەتا وازدێنن لە تاوانکردن و گوێڕایەڵ دەبن))، پاشان وتویەتی ((بەخوا هەر شتێکم کردبێ بەوەفا بووم بەکاری خۆمم زانیوه)). (البلاذري، ١٩٩٦، ٧/ ٢٧٤؛ ابن الاثير، ١٩٩٧ ٣/ ٤٢٢)، ئەم وتاره لەلایەن (ابن كثير) بەهەمان شێوەی خۆی گواستراوەتەوه.(١٩٨٨، ٩/ ١١)

دەقی ئەم وتارانە وانیشاندەدات کە حجاج کەسێکی توندئاژۆ بووە، یانیش سیاسییەکی زیرەک نەبووە، لەبەر ئەوەی وتاردان بەم زمانە زبرە خەڵک زیاتر دووردەخاتەوە، بەڵام کە سەیری بارودۆخی دەوڵەتی ئومەوی دەکەین لەم کاتەدا حجاج توانی زۆر بە جوانی کۆنترۆڵی هەموو لایەنەکان بکات.

گێڕانەوەیەکی تر هەیە لە بارەی ئەوەی کە کاتێ (عبدالملک) نامەی بۆ حجاج نووسیوە داوای لێکردووە بێت بۆ عێراق، بە ئامانجی شەڕکردن لەگەڵیان، ئەویش بە ئارەزووی خۆی دوو هەزار شەڕکەری خەڵکی شامی هێناوە لەگەڵ خۆیدا لەو شوێنەی کە دەچێتە ناو بەصرە، فەرمانی پێدان کە لەناو دەرگاکانی مزگەوتدا بڵاوببنەوە، پاشان خۆی هاتە ناو مزگەوتەکە لەگەڵ دوو سەد چەکداردا کە لە هاوەڵەکانی خۆی بوون، فەرمانیدا کە شمشێرەکانیان ئامادە بکەن و کاتێ مێزەرەکەی لەسەرکردەوە دەستپێبکەن، کە مێزەرەکەی لادا ئەوەی ڕوویدا یوویدا پەلاماری نوێژخوێنانیان دا، کوشتارێکی زۆریان لێکردن، ئەوانەی کە دەچوونە دەرەوەش پاسەوانەکان دەیان کوشتن، دەوترێ مزگەوتەکە هەژدە دەرگای هەبوو، کە حەفتا هەزار کەس لەو ڕۆژەدا کوژران. (ابن قتيبة، ١٩٩٧, ٢/ ٢٠٤)

بێگومان ئەو گێڕانەوەیە زێدەڕۆییە لەبەرئەوەی لە هیچ کام لە سەرچاوەکانی تر باسیان نەکردووە، و ژمارەی کوژراو گەلێ زۆرە ئەمە چ مزگەوتێک بووە جێگای ئەم هەموو کەسەی تیا بێت، و هەژدە دەرگا ئەمە چ مزگەوتێک بووە چەند گەورە بووە. دواتر، ئایا خەلیفە ناوبراوی ناردبوو بۆ عیراق بۆ کوشتن و بڕینی خەڵک؟ ئایا دەبێت خەلیفەی موسڵمانان کەسێک بەم جۆرە ڕابسپێرێ تا بەم جۆرە خەڵک بکوژێ و لەناو ببات یان ئەوەتا حجاج بە بێ پرس و ئاگاداریی خەلیفە ئەم کوشتن و بڕینەی کردووە.

(ابن كثير) دەڵێ (عبدالملك) حجاجی کرد بە والیی عێراق لەبەرئەوەی وای دەبینی پێویستە، لەبەر توندوتیژی و دڵڕەقی و لێهاتوویی حجاج (١١ /٩,١٩٨٨)

(المسعودي) دەڵێ (عبدالملك) پێشینەی هەبوو لە خوێنڕێژی و کاربەدەستانی لەسەرهەمان ڕێچکەی ئەو بوون، هەروەک (الحجاج) لە عێراق، (المهلب) لە خۆراسان، (هشام بن اسماعيل) لە مەدینە، بەڵام حجاج لە زاڵمترین و خوێنڕێژترینیان بوو. (١٩٧٤, ١/ ٣٨٧)

هەر لە گێڕانەوەیەکی تردا دەوترێ (الحجاج) دەردەسەرییەک بوو ڕووبەڕووی خەڵکی عێراق بوویەوە، ئەمەش بە نزا و پاڕانەوەی خەلیفە (عمر بن الخطاب)، لەسەر ئەو کار و کردەوە و تاوانانەی کە پێشتر بەرانبەر پێشەوا باشەکانیان ئەنجامیانداوە و سەرپێچییان کردوون و پشتیانتێکردوون. (ابن عبد ربه، ١٩٨٤، ٥/ ٣٠٩ ؛ المقدسي، د.ت: ٦/ ٢٧)

بێگومان ئەمەش زێدەڕۆییە, چونکە بەهیچ جۆرێک ڕێتێناچێ کە خەلیفە (عمر بن الخطاب) دوعا بکات لە خەڵکی عێراق بۆ ئەوەی کەسێکی زۆرداریان بۆ هەڵکەوێ ڕۆژێک لە ڕۆژان وا بکات. (ابن كثير) هەمان بۆچوونی هەیە، بەڵام بێئەوەی ڕیوایەتەکە بە زاری خەلیفە (عمر بن الخطاب) بکات کە دەڵێت "بە گشتی پێ نواندنێکی خودایی بوو بۆ خەڵکی عێراق لەسەر ئەو کار و کردەوە و تاوانانەی کە پێشتر ئەنجامیان دابوو بەرانبەر پێشەوا باشەکان و لێیان هەڵگەڕابوونەوە و سەرپێچییان کردوون". (ابن كثير، ١٩٨٨، ٩/ ١٣٨– ١٤٦)

خەلیفە (عمربن عبدالعزيز) وتە و ڕای خۆی هەبووە دەربارەی حجاج ڕۆژێک وتویەتی: ((وەلید لە شام و حجاج لە عێراق (قره بن شريك) لە مصر... زەویان پڕکردووە لە ستەم و زۆرداری)) (المبرد، ١٩٩٧، ٢/ ٨٢). (ابن الجوزي) دەڵێ: (عمر بن عبدالعزيز) وتویەتی: ((ئەگەر میللەتی فارس

به كيسراكانيەوە و ڕۆميش بە قەيسەرەكانيانەوە بێن حوكممان بكەن، دادپەروەرتر دەبن لە حجاج)) (١٩٩٢، ٧/ ٥)ٔ لەوە دەچێ هەر ئەم وتەيە بێ لەلای (ابن عبدربە) بە شێوەيەكی تر گێڕدراوەتەوە، گوايە (عمر بن عبدالعزيز) وتويەتی ئەگەر هەموو نەتەوەكان پيسترينی ناو نەتەوەی خۆيان هێنا ئێمەش (الحجاج)مان هێنا، ئەوا ئێمە لێيان دەبەينەوە. (١٩٨٤، ٥/ ٣٠٤.)

دەوترێ كاتێ هەواڵی مردنی حجاج گەيشتۆتە (عمر بن عبدالعزيز) كڕنووشی سوپاسگوزاريی بردووە، لە خوا پاڕاوەتەوە كە مردنەكەی لەسەر جێگای بێت ئازاری مردنی نەچەشتبێ تا ئازاری دوا ڕۆژ و قيامەت بچێژێ. (ابن عبد ربە، ١٩٨٤، ٥/ ٣١٤)

لە توندوتيژی و بێبەزەييدا باسی حجاج كراوە كە بە چ شێوەيەك (سعيد بن جبير)[٢] ی كوشتووە، پێی كەلەبچەكراوە دواتر هەردوو قاچی لێكراوەتەوە و سەری لە پێستەی ڕا بڕدراوە. (الطبري، ٢٠١٢، ٤/ ٢٤)

جگە لەمە باسی ئەوە دەكرێ كە حجاج لە تۆڵەسەندنەوە زۆر توندوتيژ بووە، جارێكيان كەسێك هەڵكۆڵينی كردووە لە تەنيشت كۆشكەكەی، كۆشكی حجاج ڕووخاوە، بەمەش حجاج دووبارە كۆشكەكەی بە پياوەكە چاككردۆتەوە، دواتر لەناو كۆشكەكە سەری بڕيوە. (البلاذري، ١٩٩٦: ٧/ ٢٩٧)

(ابن عساكر) دەڵێ لەناو هۆزی سەقيف دوو كەس هەڵكەوتوون (المبير- الكذاب) خوێنڕێژەكە (الحجاج)ە و درۆزنەكەش (مختارە). (١٩٩٥، ١٢/ ١٢١)

مێژوونووسانی سەردەمی دواتريش بەهەمان بيروبۆچوون باسی حجاجيان كردووە، ئەوەتا (ابن خلكان و الصفدي) كە باسی (الحجاج)

دەکەن دەڵێن لە کوشتار و خوێنڕێژی و سزادانی خەڵک سەیر و سەمەرە بووە نموونەیان نەبینیوە، و دەوترێ گوایە بە (زیاد بن ابیە) چووە، بەڵام ئەو سنووری بەزاندووە. (١٩٧١، ٢/ ٣١؛ ٢٠٠٠، ١١/ ٢٣٩)

هەروەها لە بارەی (الحجاج) وتراوە کە بەزەبر و ناخپیس و خوێنڕێژ بووە، و لەگەڵ ئەمەش ئازا و فێڵباز و زیرەک و ڕەوانبێژ بووە و کاری چاکیشی هەبووە لە دەریای تاوانەکانی. (الذهبي، ١٩٨٥، ٤/ ٣٤٣)، (ابن كثير)یش بەهەمان شێوەی (الذهبي) وەسفی دەکات، بەڵام زیادەیەک بۆ وەسفەکانی، دەڵێ زۆر خێرا بڕیاری داوە لە ڕشتنی خوێنی خەڵک بە کەمترین گومان، و دواتر دەڵێ (الحجاج) کافر ناکەین و پیایدا هەڵناڵێین بەهۆی ئەوەی جگە لەم کارە خراپانەی کاری چاکیشی کردووە، و دەڵێ حجاج دوای ئەوەی (سعيد ابن جبير)ی کوشت لە پشت ملەوە سەری بڕی و دوای سێ ڕۆژ خۆشی مرد. (١٩٨٨، ٩/ ١٢- ١٤)

(السيوطي) باس لەوە دەکات خەلیفە (عبدالملك) هیچ خراپەیەکی نەبوو تەنها دانانی (الحجاج) نەبێ بەسەر موسڵمانان و کوشتن و ڕەزیلکردن و زیندانیکردنیان و کوشتنی ژمارەیەک هاوەڵ و گەورە موسڵمانان کە بە ژمارنایەن، ڕەحمەتی لێنەبێ.(١٩٩٥، ١/ ١٦٦)

بابەتێکی تر کە لە سەرچاوەکان باس کراوە زیادە ڕۆیی تیاکراوە زیندانەکانی (الحجاج)ە، دەوترێ زیندانی حجاج سی و سێ هەزار کەسی تیابوو، لە شاری واسط، و ئەم زیندانە زۆر نالەبار بووە، ژووری تیانەبووە، هیچ سەقف و سێبەرێکی نەبووە، زیندانەکان چوونەتە پەنای دیوارەکانەوە تا تیشکی خۆر لێیان نەدا، هەروەها پاسەوانەکان لە زیندانەکانیان دەدا، و خواردنیان نانی گەنم و تێکەڵ بە خوێ و خەڵۆز بوو. زیندانی جلی لەبەرنەبوو لەبەر تاوی خۆر ئاوا ڕەش ببوون وەکو زەنجیان لێهاتبوو، دەگێڕنەوە جارێکیان کوڕێک بەندکرابوو، دایکی هاتبوو سەردانی بکات کە بینبووی نەهی کردبوو، وتبووی " ئەمە کوڕی من نییە،

کوڕی من زەرد و سوور بوو، ئەمە زنجییە کوڕەکە بە قسە هاتووە وتویەتی دایکە بە خودا من کوڕی تۆم، من فڵانە کەسم خوشک و برام فڵانەیە، دایکەکە کە زانیویەتی کوڕیەتی بەزگی داوە و مردووە " (المسعودي، ١٩٧٤، ١/ ٤٢١ ؛ابن الجوزي، ١٩٩٢، ٦/ ٣٤٢)، جگە لەمە دەوترێ زیندانەکانی (الحجاج) ئافرەت و پیاو بەیەکەوە بوون و جیانەکرابوونەوە. (المسعودي، ١٩٧٤، ١/ ٤٢١)

لە دەقی پێشوو بۆمان دەردەکەوێ کە زێدەڕۆیی لە ژمارەی بەندکراوان هەیە، سی و سێ هەزار کەس گەلێک زۆربووە، لەوانەیە ژمارەی دانیشتووانی هەموو شاری واسط ئەوکات ئەوەندە نەبووبێ، ئەمە چ زیندانێەک بووە دەبێ چەند گەورە بووبێ بەگوێرەی ئەو وەسفەی دەکرێ تەنها شورایەک بووە، خەڵکی تێکراوە، ئینجا ئەو هاوینە گەرمەی (واسط) هەر دەبێ لەبەر تیشکی خۆرەکە بمرن، یان لە زستان لەبەر سەرما و باران چیان کردووە, یاخود تێکەڵیی ئافرەت و پیاو بێ جلوبەرگ لە زیندانەکان ئەمە هەر لە ئیسلامدا ڕێگەپێدراو نییە.

دەوترێ لە ماوەی ویلایەتی (الحجاج)دا لە سەرکردە و پیاوانی ناودار سەد و بیست هەزار کەس مردوون، جگە لە خەڵکی ئاسایی و لە زیندانەکانیشی پەنجا هەزار پیاو و سێ هەزار ئافرەت مردوون. (ابن عبد ربە، ١٩٨٤ ,٥/ ٣٠٩ ؛ المقدسي، د.ت، ٦/ ٣٩٥)

جگە لەمانە (الحجاج) دوای مردنی لەناو گۆڕیش باسی لێکراوە، دەوترێ پیاوێک سوێندی بە تەڵاقی خواردووە کە حجاج لە ناو دۆزەخە، یان دەوترێ لە گۆڕەکەیدا گوێبیستی هاوار وناڵەی حجاج بوون، یاخود دەوترێ ڕۆژێکیان پیاوێک هاتە لای (یزید بن ابی مسلم) وتی لە خەودا بینیم لە (الحجاج)م دەپرسی ئیستا حاڵت چۆنە؟ خودا چیت لێدەکات؟ حجاج لە وەڵامدا وتویەتی بە هەموو ئەوانە دەمکوژێ کە من کوشتوومن. (ابن عبد ربە، ١٩٨٤،٥/ ٣٠٧- ٣١٤)، ئەم وتانە هەمووی زێدەڕۆیی و

نیشاندانی ڕقه بەرانبەر حجاج لەبەر ئەوەی کەس نازانێ کەسێک بمرێ له دۆزەخه یان نا، ئەمه تانها خودا دەزانێ مرۆڤەکان پەی بەم زانیارییانه نابەن، یاخود بیستنی هاوار و ناڵی کەسی مردوو له گۆڕەکەی دووره له ڕاستییەوه.

(ابن الجوزي) دەڵێ: "به (یزیدی کوڕی ابی مسلم) یان وتووه هاوار و ناڵەی حجاج له گۆڕەوه دێت، ئەویش یەکێک له هاوەڵەکانی لەگەڵیان دەنێرێ گوێیان لێبووه، بۆیه ئەویش وتوویەتی خوا ڕەحمت پێبکات ئەی (باوکی محمد) به زیندوویی و مردوویی هەروابووی"، و له هەمان کاتدا دەڵێ (عبدالملک) و (الحجاج) هەناویان له دۆزەخ ڕادەکێشرێ، و دەڵێ خەڵکی عێراق به مردنی حجاج زۆر خۆشحاڵ بوون، ئەو ڕۆژەیان به (عرس العراق) ناوزەندکرد. (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ٧/ ٥)

مێژوونووسی سەردەمی دواتر (الذهبي) ئەو گێڕانەوانەی (ابن الجوزي) به هەمان شێوه باسکردۆتەوه. (الذهبي، ١٩٨٥، ١١/ ٢٤١) (ابن العماد) دەڵێ خودا به مردنی حجاج میللەت و دونیای حەساندەوه له شەوێکی پیرۆزی له ٢٧ مانگی ڕەمەزان. (١٩٨٦، ١/ ٣٨٠)

**تەوەرەی سێیەم**

**وەسفه چاکەکانی (الحجاج کوڕی یوسف) له لایەن مێژوونووسانەوه**

لەگەڵ ئەم هەموو دەقه و گێڕانەوانەی له بارەی حجاج به خراپی نووسراوه لەلایەن مێژوونووسانەوه، له پاڵ ئەمانەش گێڕانەوه و سیفەتی باشیشی باسکراوه، ئەوەتا دەوترێ حجاج ئەوەنده ساده بووه، که مردووه تەنها سێ سەد درهەم و قورئانێک و زینێک و خانوویەک و سەد قەلغان له دوای بەجێماوه. (ابن عساکر، ١٩٩٥، ١٢/ ١٤٤)، واته هەوڵی

نەداوە خۆی دەوڵەمەند بکات بە قۆستنەوەی ئەو هەموو دەسەڵاتەی کە هەیبووە لە پێناو کۆکردنەوەی پارە و سامان.

یاخود کە وەسفدەکرێ بەوەی کە زمانپاراو بووە وتراوە " کەسی ترمان نەبینیوە لە حسن بصری و حجاج زمانپاراوتر بێت " (الجاحظ، ٢٠٠٢، ١/ ١٤٩)، لە هەمان کاتدا بە زیرەک و لێزان و فێڵبازی سەردەمی خۆی ناسراوە کە دەوترێ " نەمان بینیوە عەقلی مرۆڤەکان ئەوەندە لەیەک بچن و لەیەک نزیک بن ئەوەندەی عەقلی حجاج و ئەیاس کوڕی معاویە"[٣]، کە عەقلیان لە پێشتری عەقلی خەڵکی سەردەمەکەی خۆیان بووە (الجاحظ، ٢٠٠٢، ١/ ١٠٢؛ ابن عساکر، ١٩٩٥، ١٠/ ١٦)، (ابن کثیر)یش هەمان ئەم دەقەی لە مێژووەکەی خۆیدا تۆمارکردووە. (١٩٨٨، ٩/ ١٣٩)

هەروەها یەکێک لەو شتانەی کە لە بارەی حجاجەوە وتراوە کە ڕەزیل نەبووە و زۆر چاوتێربووە، بە تایبەتی لە خواردن کە هیچ کات بە تەنها نانی نەدەخوارد، کە خواردن لەبەردەمی بوایە کێ لەوێ بوایە داوای لێدەکرد بەشداربێ لەگەڵی بیخوات، و دەیوت ڕەزیلی لە خواردن خراپترە لە (البرص) کە جۆرە نەخۆشییەکی پێستە. (ابن عبد ربە، ١٩٨٤، ٥/ ٣١٦؛ المبرد، ١٩٩٧، ٢/ ٢٩٩)

جگە لەمە دەوترێ حجاج زۆر حەزی لە ڕاستگۆیی بووە، و لێبوردە بووە، دەوترێ جارێکیان لە مەدینە بۆ ڕاوکردن چوو بە تەنها لە ڕێگادا پیاوێکی بینیوە، پرسیاری لێکرد لە بارەی حاڵ و ڕەوشی خەڵکی شار، پیاوەکە وتویەتی ناخۆشترین ڕەوشە، زۆردار و ستەمکار لەم شارەیە، ئەویش لێی پرسیوە مەبەستت حجاجە؟ وتویەتی بەڵێ، ستەمکارێکی زۆردارە خودا بیکوژێ، وتویەتی سکاڵای لێکەن لەلای خەلیفە ئەویش قسەی پێبڕیوە وتویەتی زۆر دوورە... خۆ (عبدالملک)یش لەو زۆردارترە بە نەفرەت بێت، حجاج دەستگیری دەکات پیاوەکە دەڵێ ئەو نهێنییە لای

من و تۆ بێ بۆ کەس باسی نەکەین پێدەکەنێ و ئازادیدەکات. (ابن عبد ربە، ١٩٨٤، ٥/ ٣٠٥)

یان دەوترێ جارێکیان حجاج دەچووە بەسرە لە ڕێگادا ئافرەتێکی بینی، پێی وت؛ ئەی حجاج خودات لەبیر بێت ئێمە شەش مانگە هاوسەرەکانمان دیلە، حجاج بەزەیی پێدا هاتەوە فەرمانی کرد بە ئازادکردنی هاوسەرەکەی و هەموو ئەوانەی کە لەگەڵی بوون (الكتبي، ١٩٢٧، ٥/ ٢٦٠). جگە لەمە دەوترێ؛ جارێکیان حجاج وتاری دەدا یەکێک لێی هەڵسایەوە قسەی ناشرینی پێ وت فەرمانی کرد دەستگیری بکەن، دواتر کە لەسەر مینبەر هاتە خوارەوە بانگی کرد و ئازادی کرد بەهۆی ئەو چاونەترسی و بوێرییەی کە هەیبوو بەرانبەری. (ابن عبد ربە، ١٩٨٤، ٥/ ٣٠٧؛ الصفدي، ٢٠٠٠، ١١/ ٢٣٩)

لە بارەی دینداری و لە خواترسی حجاج دەوترێ، زۆر حەزی لە قورئانخوێندن بووە، هەموو شەوێک قورئانی دەخوێند (ابن عساكر، ١٩٩٥: ١٢/ ١٢٧؛ ابن كثير، ١٩٨٨: ٩/ ١٣٨)، دەوترێ حجاج قورئانی (ختم) دەکرد لەیەک ڕەکعاتدا لەناو کەعبە، و لە ڕەمەزاندا لە نێوان نوێژی مەغریب و عیشا (ختم)ی دەکرد، لەگەڵ بوونی زێدەڕۆیی لە تەواوکردنی خەتمی قورئان لە نێوان نوێژی مەغریب و عیشادا کە ماوەکەی تەنها کاتژمێرێکە بەڵام ئاماژەیە بۆ پابەندبوونی بە خوێندنی قورئانی پیرۆز، جگە لەمە دەوترێ (الحجاج) زۆر دەگریا لە ترسی خودا تاوای لێهاتبوو چاوەکانی کزببوو (ابن الجوزي، ٢٠٠٠، ١/ ٥٣١)، یان دەوترێ حجاج زۆر پێنەدەکەنی و ئەگەر پێکەنیبوایە تۆبەی دەکرد (ابن عساكر، ١٩٩٥، ١٢/ ١٣٦). کەچی مێژوونووسێکی سەردەمی دواتر دەڵێ حجاج نوێژەکانی خۆی دوادەخست. (ابن حجر، د.ت، ١/ ٥٣١)

ئەو تاوانانەی کە حجاج کردبوونی باسکراوە لە سەرچاوەکان، و لەگەڵ ئەم لە خودا ترسیە یەکناگرنەوە، ئەگەر ئەوەندە لە خودا ترسابێ

چۆن ئەم هەموو تاوانەی کردووە و خەڵکەکەی کوشتووە، ئایا لە ترسی خودا بووە کە لە ڕێچکەی خەلافەت و ئیسلام لایان داوە یان لەبەر ئەوەی دژی ئەبوون!.

(الأصفهاني) باسی ڕووداوێک دەکات کە دەڵێ (الحجاج) زاواکەی خۆی (مالک کوڕی أسماء) مێردی خوشکی خۆی والی ئەصفەهان بوو، بەڵام دوای ئەوەی بۆی بە دیارکەوت کە خیانەتی کردووە زیندانیی کرد، دواتر ئازادیکرد، دووبارە دەستی بردبوو بۆ پارەی دەوڵەت، ئەویش زیندانی کردەوە، دەوتر لە زیندان ئاوی پێدەدرا کە تێکەڵبوو بە خوێ و لیم. (٢٠٠٢: ١٧/ ٢٣١- ٢٣٢)

لەم دەقەدا بەدیاردەکەوێ کە حجاج دادپەروەر بووە خەمخۆری خەلافەت و میللەت بووە، تەنانەت خزمی خۆشی بوایە لێپێچینەوەی لەگەڵ کردووە.

(الذهبي) دەڵێ: (الحجاج) چاکەی زۆری هەیە، بەڵام لە دەریای تاوانەکانی نقوم بوون. (١٩٨٥ ٤/ ٣٤٣).

ئەگەر سەرنجی ئەو دەقانەی پێشوو بدەین دەبینین هەریەک لە مێژوونووسان کە وەسفی حجاجیان کردووە، بیروڕاکانیان دژبەیەکی تیا بەدیدەکرێ، هەر بە شێوەیەکی گشتی (الحجاج) هەر لەوکاتەی کە لە سکی دایکی بووە و دواتر لەدایکبووە، دواتر کە بۆتە دەسەڵاتدار هەڵسوکەوت وەسفەکانی پڕن لە گێڕانەوەی جۆراوجۆر و زێدەڕۆیی.

بەپێی ڕای توێژەرێک دەڵێ لە سەرچاوەکان ئەوەندە باسی حجاج کراوە تا وای لێهاتووە ڕاستییەکان تێکەڵی هەڵەکان بوون، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە دەروون و عەقلێکی ئەوەندە باشی هەبووە لە سیاسەتکردن کە لە ئاستی سەردەمەکەی خۆی بەرزتربوو، کە ئەمەش

زۆر بە ڕوونی لە ئازایەتی و چاونەترسییەکەی دیارە. (أق بیق، ٢٠١٦، ٣٠٩)، بە بۆچوونی ئێمە هەر ئەم سیاستە بوو کە بووە هۆی ڕزگارکردنی دەوڵەت لە دارمانێکی چاوەڕوانکراو دوای ئەو هەموو گرفتە سیاسییانەی کە دووچاری دەوڵەتی ئومەوی ببوون لە سەردەمی خەلیفە عبدالملک کوڕی مەروان کە سەردەمی ئەو بە سەخترین ماوە دادەنرێت بەهۆی زۆریی بزووتنە هەڵگەڕاوەکانی دژ بە دەوڵەت.

توێژەرێکی تر باسی ئەوە دەکات دەڵێ ئەگەر سەیری هەر کتێبێکی مێژوویی بکەین کە باسی حجاج کراوە بە (زۆردار و ستەمکار) وەسفکراوە، دەڵێ ئێمە ناتوانین بڵێین ئەمە ڕاست نییە ئەم کەسایەتییە دووربووە لەم وەسفانە، بەڵام ئەو بارودۆخەی کە ئەو کاتە عێراق هەیبوو کە حجاج والی بوو پێویستی بەو جۆرە کەسایەتی و حوکم و دەسەڵاتە هەبوو، واتە حجاج پێویستبووە بۆ کات و شوێنەکە، و لە هەمان کاتدا دەڵێ بەڵام ئەم دژە ڕەفتارییە لە سیفەتی حجاج بەدیدەکرێ کە تاوانبار کراوە بە خوێنڕێژ و لە هەمان کاتیشدا حەزی بە میوزیک و ئامێرەکانی میوزیک بووە و زۆر جار خۆی ژەنیویەتی، خۆی لە شاعیران نزیک کردۆتەوە و حەزی لە شیعر بووە، چۆن ئەم دوو سیفەتە لە یەک کەسدا کۆدەبێتەوە سەیرە!. (زیادة، ١٩٩٥، ٣٦٣)

**ئەنجام**

- (الحجاج كوڕی یوسف الثقفي) یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی مێژووی خەلافەتی ئومەوی، ماوەی بیست ساڵ لە هەستیارترین بارودۆخدا توانی حوکمی پڕکێشەترین ناوچەی خەلافەتی ئومەوی بکات و بیهێنێتەوە ژێر ڕکێفی خەلافەتەکە کە عیراق بوو.

- لە ئەنجامی بەدواداچوون بۆ ژیان و کەسایەتیی حجاج بۆمان بەدیاردەکەوێ کە حجاج و باوکی, کەسایەتیی دیاری بنەماڵەی خۆیان بوون، و لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە (الحجاج) کەسێکی شارەزا بووە لە زمانی عەرەبی و قورئان، وەکو مامۆستایەک کاری کردووە، بەڵام لە سەرچاوە مێژووییەکان تانە و تەشەر خراوتە سەر خۆی و دایکی و باوکی و تەنانەت بنەماڵەکەشی، هەوڵدراوە کەسایەتییان لەکەدار بکرێ بە خراپ و خوێنڕێژ نیشانبدرێن، تەنانەت لە دوای مردنیشی باسیکراوە.

- سەبارەت بە حوکمی و سیاسەتەکەی لە عێراق بەخراپترین شێوە وەسف دەکرێ هەر لە سەرەتای وەرگرتنی حوکمییەوە لە پەڕاندنی سەری خەڵک و نەیارانی خەلافەتی ئومەوی و کوشتنی زۆرترین خەڵک لە ماوەی دەسەڵاتیدا و مردنی ژمارەیەکی لە ڕادەبەدەر لە نێو زیندانەکانیدا لە ئافرەت و پیاو و منداڵ، نکوڵی ناکرێ کە (الحجاج) توندوتیژ بووە، بەڵام زێدەڕۆیی کراوە لە گێڕانەوەکان، هەروەک لە ناوەرۆکی توێژینەوەکەدا ئاماژەمان بۆی کردووە.

- بە گەڕانەوە بۆ هەندێ سەرچاوە بۆمان بەدیاردەکەوێ کە (الحجاج) ئەو توندوتیژییەی بەکاریهێناوە، پێویستییەک بووە بۆ سەردەم و بارودۆخەکەی ئەو کاتە کە زۆرترین هەڵگەڕانەوە و کێشە و گیروگرفت لە ئارادابووە بە تایبەتی لە عێراق و کوفە، و مەبەستی

بوو به دڵسۆزی حوکم بکات بۆ خەلافەتی ئومەوی بۆ ڕزگارکردنی دەوڵەت لە داڕمانێکی چاوەڕوانکراو، لە پاڵ ئەمەشدا حجاج کاری باشی زۆری کردووە و سیفەتی باشی زۆریشی هەبووە، کە باسی لێوەکراوە، بۆیە مێژوونووسان گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی (الحجاج) لە دوو تۆی کەسایەتی دا خۆی حەشارداوە، کەسێکی باش و کەسێکی خراپ.

- لە خاڵی کۆتاییدا بۆمان بەدیاردەکەویَ کە حجاج سیاسییەکی سەردەمەکەی خۆی بووە، زانیویەتی چۆن هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ بارودۆخ و خەڵکی سەردەمەکەی, توانیویەتی هێز و یەکێتی بۆ خەلافەتی ئومەوی بگەڕێنێتەوە.

## پەراوێزەکان

١. خوارجی ئەزارقە: ئەمانە لایەنگری نافع ابن الازرق بوون، لە ڕۆژانی عبدالله ابن زوبێر درچوون لە بەسرە بەرەو ئەهواز چوون و دەستیانبەسەرداگرت و کاربەدەستەکەشیان کوشت، خەلیفە علیان کافر دەکرد، و حەڵاڵکردنی کوشتنی ژن و منداڵی ئەوانەی کە پێچەوانەی بیر و باوەڕی ئەوانن. (الشهرستانی، ١٩٦٨: ص١١٨)

٢. سعید بن جبیربن هشام الاسدی بە (ابا محمد)ناسرابوو،لە ساڵی ٤٦ک لەدایکبووە، یەکێکە لە تابیعیە دیارەکان، احمد بن حنبل شایەتی ئەوەی بۆ داوە کە هەموو کەسێک لە سەر ڕووی زەوی پێویستی بە زانست و زانیاریی ئەو هەبووە، لە ساڵی ٩٥ک بە دەستی حجاج لە واسط کوژرا لە تەمەنی ٤٩ ساڵی. (ابن خلكان،٢،١٩٠٠/٣٧٤)

٣. أیاس بن معاویە: کوڕی قرەی کوڕی ئەیاس المزنییە، کەسێکی زیرەک و ناودار و قازی بووە لە شاری بەسرە بە (أبا وائلة) ناسرابوو. (ابن عساكر، ١٩٩٥، ١٠/ ١٥)

**ليستى سەرچاوە و ژێدەرەكان:**


- ابن الأثير: ابو حسن على بن أبى الكرم محمد الشيبانى (ت٦٣٠هـ/١٢٣٢م)، ١٩٩٧، الكامل في التاريخ، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمرى، دار الكتاب العربى، بيروت.

- الأصفهاني: أبى الفرج على بن الحسين (ت٣٥٦هـ/ ٩٦٧م)،٢٠٠٢، الأغاني،تحقيق؛د.احسان عباس، ط١،دار صادر.بيروت

- البلاذري: أحمد بن يحيى بن جابر (ت ٢٧٩هـ/٨٩٢م)، ١٩٩٦،أنساب الأشراف، تحقيق: سهيل زكار، ط١، دار الفكر، بيروت.

- ابن الجوزي: جمال الدين أبو الفرج عبدالرحمن بن على (ت٥٩٧هـ/١٢٠٠م)، ٢٠٠٠، صفة الصفوة، محقق: أحمد بن على، دار الحديث، قاهرة.

- ابن الجوزي: جمال الدين أبو الفرج عبدالرحمن بن على (ت٥٩٧ هـ/١٢٠٠م)، ١٩٩٢، المنتظم في تاريخ الملوك والأمم، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت:

- الجاحظ: عمرو بن بحر، (ت٢٥٥هـ/٨٦٨م)، ١٩١٤،التاج في اخلاق الملوك، محقق: احمد زكي باشا، ط١، مطبعة الاميرية، القاهرة

- الجاحظ: عمرو بن بحر، (ت٢٥٥هـ/٨٦٨م)، ٢٠٠٢، البيان والتبيين، دار والمكتبة الهلال، بيروت.

- الحنبلي: ابن العماد عبدالحي بن احمد بن محمد (ت١٠٨٩هـ/١٦٧٨م)، ١٩٨٦، شذرات الذهب، حققه: محمود الأرناؤوط، ط١، دار ابن كثير، دمشق.

- ابن حجر العسقلانی:احمد بن علی بن انو الفضل،(ت٨٥٢هـ/١٤٤٨م)،د.ت،فتح الباری شرح صحیح البخاری،تحقیق؛محب الدین الخطیب،دار المعرفه،بیروت.

- ابن خیاط: ابی عمر و خلیفة بن الخیاط بن ابی هبیرة (ت ٢٤٠ هـ/٨٥٤م)، ١٩٩٥،تاریخ خلیفه بن الخیاط، ط١، دار الکتب العلمیة، بیروت.

- ابن خلكان: ابو العباس شمس الدین أحمد بن محمد بن ابراهیم ابن خلكان البرمکی الاربلی (ت٦٨١هـ/١٢٨٢م)، ١٩٧١.،وفیات الاعیان وانباء ابناء الزمان، محقق: إحسان عباس، ط١، ج٤، دار صادر، (بیروت:

- الذهبي: شمس الدين أبو عبدالله محمد بن احمد (ت ٧٤٨هـ/١٣٤٧م)، ١٩٨٥، سير ألاعلام النبلاء، المحقق: مجموعة المحقيقين بإشراف شعيب أناوط، ط٣، مؤسسة الرسالة، د.م.

- زيادة: محمود: ١٩٩٥، الحجاج ابن يوسف الثقفي، المفتري عليه، دار السلام، ط١، مصر.

- الشهرستانی:محمد بن عبدالکریم بن ابی بکر احمد،(ت٥٤٨هـ)،١٩٦٨،الملل والنحل،تحقیق:عبالعزیز محمدالوکیل،دار الاتحاد العربی،القاهره.

- الصفدی:صلاح الدین خلیل بن ایبک،٢٠٠٠،الوافی بالوفیات،تحقیق؛احمد الارناوط وترکی مصطفی،دار الاحیاءالتراث،بیروت

- الطبری: محمد بن جرير(ت٣١٠هـ/٩٢٢م)، ٢٠١٢، تاريخ الطبري (الأمم والملوک)، ط٥، دار الكتب العلمية،بيروت.

- العاصمى؛عبدالملك بن حسين بن عبدالملك الشافعي (ت ١١١١هـ/١٦٩٩م)،١٩٩٨،سمط النجوم العوالى فى آنباء الآوائل والتوالى،تحقيق؛عادل احمد عبدالموجود،على محمد معوض،دار الكتب العلميه،بيروت.

- ابن عبدربه: أبى أحمد بن محمد بن عبدربه الأندلسي (ت ٣٢٨هـ/٩٣٩م)، ١٩٨٤،كتاب العقد الفريد، حققه و شرحه: د. محمد التونجي، ط١، الكتب العلمية،بيروت.

- ابن عساكر: أبو قاسم على بن الحسن بن هبه الله (ت ٥٧١هـ/١١٧٥م)، ١٩٩٥، تاريخ دمشق، محقق: عمرو بن غرامة العمروي، دار الفكر للطباعة والنشر، بيروت.

- على اق بيق: د. عزة: ٢٠١٦، قراءة في سيرة الحجاج بن يوسف الثقفي (٤٠- ٩٥هـ)، تقديم وتصدير: و. عمار محمد النهار، دار العرب،، دمشق.

- الغزي: سالم لذيد والي، ٢٠١٥، شخصية المختار الثقفي هند المؤرخين القدامي، تقديم: محمد علي الحلو، دار الكتب والوثائق، ط١، كربلاء.

- ابن قتيبة: ابو محمد عبدالله بن مسلم الدينورى (ت ٢٧٦ هـ/٨٨٩م)، ١٩٩٧، الأمامةو السياسة، تحقيق: خليل منصور، دار الكتب العلمية، بيروت.

- ابن قتيبة: ابو محمد عبدالله بن مسلم الدينورى (ت ٢٧٦هـ/٨٨٩م)، ١٩٩٢،المعارف، تحقيق: ثروت عكاشه، ط٢، ناشر هيئه المصرية العامةللكتاب، القاهرة

- ابن كثير: أبو فداء إسماعيل بن عمر (ت ٧٧٤ هـ/١٣٧٢م)، ١٩٨٨،البداية والنهاية، محقق: على شيري، ط١، دار الحياء التراث، د.م.

- الكتبي؛محمد بن شاكر بن احمد (ت ٧٦٤ هـ/١٣٦٢م)،١٩٢٧،عيون التواريخ،تحقيق:حسام الدين القدسى،دار الانصار،القاهره.

- مسكويه: أبو على أحمد بن محمد بن يعقوب (ت٤٢١هـ/١٠٣٠م)، ٢٠٠٠،تجارب الأمم وتعاقب الهمم، محقق: ابو القاسم إمامى، ناشر سروش، طهران.

- المقدسي: المطهر بن طاهر (ت ٣٥٥هـ/٩٦٥م)، د.ت،البدء و التاريخ، مكتبه الثقافة الدينيه، بورسعيد.

- المسعودي: ابو حسن على بن الحسين بن على (ت ٣٤٦ هـ/٩٥٧م)، ١٩٧٤،مروج الذهب ومعادن الجوهر، تحقيق: محمد محى الدين، عبدالحميد، ط٥، دار الفكر، بيروت.

- المبرد؛محمد بن يزيد (ت٢٨٥هـ/٨٩٨م)،١٩٩٧،الكامل فى اللغه والأدب،محقق؛محمد ابو الفضل ابراهيم،ط٣،دار الفكر العربى،القاهره.

- اليعقوبي: أحمد بن أبي بعقوب بن جعفر (ت بعد ٢٩٢هـ/٩٠٤م)، ١٩٧٤،تاريخ اليعقوبي، قدم له و علق عليه: محمد صادق فكرالعلوم، ط٤، المكتبة الحيدرية، النجف.

**خلاصة**

يعد الحجاج بن يوسف الثقفي أحد الشخصيات البارزة في تاريخ الدولة الأموية الذي حكم العراق كوالي لمدة ٢٠عاما (٧٥ـ٩٥هـ/٦٨٤ـ٧١٥م)، والذي وصف في أغلب المصادر بالظلم والقسوة، وبالغت المصادر في وصف سياسته بالقساوة المفرطة، ويعود ذلك الى الأوضاع التي مرت بها الدولة الأموية من كثرة الحركات المعارضة التي كانت بحاجة الى والي يحسم الأمر، لذلك تضاربت الآراء حول شخصيته وسياسته، ونحاول في هذا البحث تسليط الضوء على النصوص التي بالغت في حكمها على الحجاج، مع تحليل تلك النصوص ومقارنتها مع نصوص أخرى اخذين بنظر الاعتبار معرفة تداعيات تلك المبالغات.

**Abstract**

Al-Hajjaj bin Yusuf Al Thaqafi is considered as one of the prominent figures in the history of Umayyad State, who ruled Iraq as a governor (Wali) for 20 years (75-95 H / 684-715 AC). That period was identified, in many sources, as an era of tyranny and oppression. The sources exaggerated the pictures of his policy as extremely cruelty. This was because, the Umayyad State underwent many oppositional movements that needed a ruler to settle them down. Thus, there were conflicting opinions about his personality and policy. In this research, we try to shed light on the texts that exaggerated their judgment on Al-Hajjaj, along with analysis and comparison with other texts, considering the knowledge of the consequence of those exaggerations.

key words(overstatment--narratives--the cruel--alhajjaj--Umayya)

https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2253.5

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# ڕەهەندەکانی گەشەکردنی شارە کوردییەکان لە سەدەکانی(٤-٦ک/١٠-١٢ز)دا

د. ڕسول ابراهیم ڕسول

بەشی مێژوو، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەرین

rasul.ibrahim@uor.edu.krd

**پوختە:**

توێژینەوە لەبارەی گەشەکردنی شارەکان جێی بایەخە، بۆیە گرنگە لە ڕوانگەیەکی جوگرافی و مێژووییەوە لە ڕەهەندەکانی گەشەکردنیان بکۆڵرێتەوە، ئەگەرچی هۆکارگەلی جۆربەجۆر لە پشت ئەم دیاردە شارستانیەوەن، کە وەک دیاردەیەکی ئاسایی شارستانیی مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو لە قۆناغ و کاتی جیاوازدا شارەکان بەرەو پێشکەوتن و گەورەبوون دەچن، بەپێچەوانەشەوە دەکرێت بە فاکتەری جیاوازیش بەرەو پوکانەوە و لاوازی بچن، دیارە شارە کوردییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەو دیاردەیە بەدەرنەبوون، بە تایبەت دوای پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامی وردەوردە هەنگاویان بەرەو گەشەکردن ناوە، هەروەک توێژینەوەکەش بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکار و ڕهەندەکانی گەشەکردنیان وەک دیاردەیەکی شارستانی تایبەتکراوە، کە بێگومان ڕەهەندی جیاواز لەو گەشەکردنەیاندا ڕۆڵیان بینیوە، کە بە پشتبەستن بە سەرچاوەی ڕەسەن و بەڵگەی مێژوویی لە ڕەهەندەکانیان دەکۆڵرێتەوە.

وشە کلیلییەکان: ڕەهەندەکان، گەشەکردن، شوێنی جوگرافی، ناوچە کوردنشینەکان.

## ڕەهەندەکانی گەشەکردنی شارە کوردییەکان لە سەدەکانی(٤-٦ک/١٠-١٢ز)دا

### پێشەکی:

هەرچەندە شارنشینی لە کوردستان مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر لە خامۆشی و دیارنەبوونی ڕۆڵی کاریگەر و دیاریان، بەرەبەرە لە دوای سەدەی( ٣ک/ ٩ز) بەدواوە، شارە کوردییەکان زیاتر کەوتنە ناو ناوان و بەرەو بووژانەوە هەنگاویان ناوە، کە گرنگە لە دیدێکی مێژووییانەوە لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت، ئەگەرچی لە چەند لایەنێکەوە لە مێژووی شارەکان کۆڵراوەتەوە، بەڵام ڕەهەندەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنیان بەتایبەت نەبوونەتە جێی باس، هەربۆیە توێژینەوەکە بە ڕەهەندەکانی گەشەکردنی شارەکان تایبەتکراوە.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە بایەخی بە ڕوونکردنەوەی ئەو ڕەهەندە جیاوازانە داوە، کە لەپشت پێشکەوتن و گەشەکردنی بەشێک لە شارە کوردییەکانەوە بوون، پەیبردن بەو ڕەهەندانەش زۆر لایەنی شاراوەی مێژووي شارەکان دەردەخات، بە ئامانجی پڕکردنەوەی بۆشاییەک لە مێژووی شارستانیی کورد لەو قۆناغەدا.

ڕێبازی توێژینەوە: لەمبارەیەشەوە بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی توێژینەوەکە، بەپێویست زانراوە پشت بە دەق و لێدوانی زیاتری وڵاتناس و شارناسانی موسڵمان ببەسترێت، سەرباری گێڕاوەنەوەی بەشێک لە ڕووداوەکان و لێکدانەوەیان نموونە هێنانەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەهەندەکانی گەشەکردنی شارەکان.

هەرچی تایبەتە بە پرسی توێژینەوەکەش، ئەوە هەوڵدانێکە بۆ وڵامدانەوەی بەشێک لەو جۆرە پرسیارانە، بۆ نموونە ئەو هۆکارانە چین

که دەرفەتی بۆ گەشەکردنی شارەکان لەم قۆناغەدا ڕەخساندووە؟ گرنگترین ڕەهەندەکان چین؟ ڕەهەندی جوگرافی تاچەند کاریگەری لەسەر گەشەکردنی شارەکان هەبووە؟ ڕەهەندە مرۆییەکان تاچەند ڕۆڵیان لەمبارەیەوە دیاریکردووە؟ ئەمانە و چەند پرسی دیکە دەبنە جێی گفتوگۆکردن، بەڵام لەبەر درێژنەبوونەوەی بابەتەکە و پابەندبوون بە سنووری دیاریکراو بۆ توێژینەوە، ناچاربووین بە کورتی و بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک لەسەر ڕەهەندەکان بوەستین.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لەو پێشەکییە و دوو تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەمی تایبەتکراوە بە ڕەهەندەکانی جوگرافی(سروشتی) و مێژوویی و ئاینی، هەرچی تەوەرەی دووەمیشە ئەوا تایبەتکراوە بە ڕەهەندی سیاسی، کارگێڕی، ئابووری، زانستی و ڕۆشنبیری، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان.

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە پشت بە کۆمەڵێک سەرچاوەی ڕەسەن لە مێژووییەکانی و سەرچاوەی وڵاتناسی و شارناسەکان و چەندان ژێدەری زانستیی جیاواز بەستراوە، هەروەک لە لیستی سەرچاوەکاندا هاتوون، هەریەکەیان بە جۆرێک لە جۆرەکان خزمەتی ئەم توێژینەوەیان کردووە.

**تەوەرەی یەکەم/**

هەرچەندە توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی مێژووییە، دەگونجێت سەرەتا باس لە ڕەهەندی مێژوویی بکرێت، بەڵام لەمجۆرە توێژینەوانە بەردەوام ئاستی کاریگەری لەبەرچاوگیراوە، لە ڕاستیدا ئەوە شوێنی جوگرافیشە کە شانۆی گۆڕانکاری و ڕووداوەکانە، بۆیە وەک ڕەهەندی یەکەم دەبێتە جێی باس.

**یەکەم/ ڕەهەندی جوگرافی(شوێنی سروشتی):**

لە ڕاستیدا شوێن بە یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی جوگرافیا دادەنرێت، بە تایبەت لە بواری جوگرافیای شاردا ڕۆڵێکی بایەخدار لە دیاریکردنی ڕۆڵی و ئەو ئاستەی کە دەیەوێت پێی بگات دەبینێت، لە هەمانکاتدا هۆکارێکی گرنگە، کە بڕیار لەسەر پێشکەوتن و گەشەکردن و ئاڕاستەی فراوانبوونیش دەدات، بۆیە هۆکار و لایەنی جوگرافی بابەتێکی گرنگ و فرە ڕەهەندە، ڕەنگە سەرەکترین بوارەکانی ئەوەی کە لای شارەزایانی بوارەکە و ئەوەی لەبارەی زانستی شارەوە گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، لە دوو لایەنەوە خراونەتەڕوو، لای بەشێکیش لە شارەزایان لەسەر ئەو بنەمایە پۆلێنی شارەکان کراوە(الخفاف و الاخرون، ١٩٩٩، ١٠١)، کە ئەوانیش پێگە و شوێنن(الموضع و الموقع)، هەرچی شوێنە ئەو پانتاییە زەوییەی کە شاری لەسەر بنیادنراوە دەگرێتەوە، کە هەر شارێک بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافی دەشێ خاوەنی خەسڵەتی تایبەت بەخۆی بێت، لە هەڵکەوتە و دیاردە سروشتییەکان و ڕەگەزەکانی ئاوهەوا(الهيتي و حسن، ١٩٨٦، ١٠)، کە ئەمەیان لە بەرانبەر شوێنی هەڵکەوتەی شار جیاوازە، بێگومان کاریگەری لەسەر ڕووداو و گەشەی هەر شارێک بەپێی شوێن پێگەی خۆی هەیە، ئەمە سەبارەت بە هەر شارێکی کوردیش ڕاستە.

هەرچی پێگە یان هەڵکەوتەیە ئەوا مەبەست لێی دەستنیشانکردنی سەنتەری شار و پەیوەندییەکانیەتی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەر و ئەو هەرێمانەی دەوریان داوە، کە بە ڕەگەزێکی سەرەکی هەر شارێک دادەنرێت، کە دەشێ ئەو پەیوەندییە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانی بێت، کە بێگومان کاریگەریی گەورەیان لەسەر شار هەیە، هەموو ئەو بابەتانە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە لایەن شارانگەڕا و وڵاتناسانی موسڵمانەوە بوونەتە جێی بایەخ و لێکۆڵینەوەش، بەپێی

خەسڵەتەکان پێوانە و مەرجیان بۆ پۆڵێنکردن و دانانی شوێنێک بە شار داناوە(المقدسي، ١٩٩١، ٤٧؛ عبوش، ٢٠٠٤، ٣٢)، کە بێگومان شارە کوردییەکان لەو مەرج و خەسڵەتانە بەدەرنین، بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە هۆکار و مەرجی شوێنی جوگرافییەوە هەیە، کە بە تایبەت دەبنە جێی باس.

لە ڕاستیدا ناوچە کوردنشینەکان بە گشتی و بە تایبەتیش شارەکان بەهۆی ئەو پێگە جوگرافییەی کە هەیانبووە، تا ڕادەیەکی زۆر لە قۆناغە جیاوازەکاندا گرنگیی خۆیان لەدەستنەداوە، بە تایبەت لەو قۆناغەی کە بۆ لێکۆڵینەوەکە دیاریکراوە، بۆ نموونە شارەکانی هەرێمی چیاکان وەک ئەلقەی پەیوەندیی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای جیهانی ئیسلامی وابووە (ابن حوقل، ١٩٣٨، ٣٥٧)، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە سەرچاوەکانی سامانی سروشتی و بژێوی هەمە چەشنە و جۆراوجۆر بوون، بەهۆی ژینگەی سروشتی و بەپیتیی خاکەکەی و گونجاویی ئاوهەواکەی بۆ کشتوکاڵ (المقدسي، ١٩٩١، ١٣٨، ٣٨٥؛ محەمەد، ٢٠١٢، ٨)، ئەوە سەرباری هەڵکەوتەی بەپێی ناوچە و هەرێمەکانی دەوروبەری و تۆڕێکی ڕێگاوبانی ناوخۆی و ئەو ڕێگا گرنگانەش کە بە ناوچەکەدا تێپەڕبوون، کە بایەخی بازرگانی و ئابووری و شارستانیی گرنگیان هەبووە (قدامة بن جعفر، ١٨٨٩، ٢٢٦، ٢٢٨)، کە باسکردنی ناوچەکە بە گشتی جێی مەبەست نییە، بەڵکو ئاماژەکردنە بە گرنگیی شوێن و پێگەی شارەکانە.

لە گۆشەنیگای ئەوەی کە خرایەڕوو، بە تایبەت ئەوەی کە پەیوەندی بە ڕۆڵی پێگە و شوێنی شارەکانەوە هەیە، ئەوا بەشێکی زۆر لە شارە کوردییەکان خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیان بوون، لە سایەی ئەم فاکتەرەوە دەرفەتی گەشەکردن و پێشکەوتنی زۆریان بۆ ڕەخساوە، بۆ نموونە گونجاویی هۆکارە سروشتییەکان لە وێنەی ئاووهەوای گونجاو و سەرچاوەکانی ئاوی پێویست، کە بۆ ژیانی دانیشتووان و بەروبوومی

کشتوکاڵی و ئاژەڵیش پێویستییەکی حەتمییە، ئەوەی لەمبارەیەشەوە جێی مشتومڕ نییە، دەوڵەمەندیی ناوچە کوردنشینەکانە بە بەفر و باران، کە سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوییە، کە لە شێوەی جۆگەلە و ڕووبار و دەریاچە و کانی و کارێزدا دەرکەوتوون (بڕوانە: المقدسي، ١٩٩١، ١٣٧، ١٣٩، ٣٧٣، ٣٧٤، ٣٨٥)، لە سەرچاوەکانیشدا ناوی چەندان سەرچاوەی ئاوی لەمجۆرە هاتووە، کە سەرباری سوود لێوەرگرتنی وەک سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە، ڕووبەرێکی پانوپۆڕ و پێدەشت و کێڵگە و زەویوزار و ڕەزوباخی ناوچە کوردنشینەکانیشی بەراوکردووە، ژیانێکی ئابووریی شایستەشی بە دانیشتووان بەخشیوە (ابن حوقل، ١٩٣٨، ٣٥٨-٣٥٩)[١].

ئەوەی کە پەیوەندیشی بە هەڵکەوتەی شوێنی شارە کوردییەکانیشەوە بەپێی ناوچە و هەرێمەکانی دەوروبەریشیانەوە هەبووە، ئەوە بێگومان کاریگەری لەسەر گەشەی شارەکان داناوە، هەرچەندە ئەمە پەیوەندیشی بە هۆکارەکانی دیکەشەوە هەیە، لە ڕاستیدا هەڵکەوتە بەپێی پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیشیان، کاریگەریی زۆریان لەسەر شارەکان داناوە، ئەوەی ئاشکراشە بەشێکی زۆر لە شارە کوردییەکان لەمبارەیەشەوە خاوەنی پێگەیەکی جوگرافیی گرنگبوون، ئەم ڕەهەندەش لە چەند لایەنێکەوە کاریگەری دەرکەوتووە، بۆ نموونە هەڵکەوتەیان بەپێی سنووری هەرێمەکانی دەوروبەر، بۆ نموونە (جزیرە) لەبەر گرنگیی شوێنی جوگرافی، وەک پردی نێوان عێراق و شام ناوبراوە (المقدسي، ١٩٩١، ١٣٦)، ئەمەش بایەخی جوگرافیی شارە کوردییەکانی هەرێمەکە بە گشتی دەردەخات، لەلایەکی دیکەوە هەڵکەوتەی بەشێک لە شارەکان وەک ناوچەی سنووری لەگەڵ خانەی بێباوەڕان، بۆ نموونە شارەکانی (امد و دوین و ڕوها و گنجە وملازگرد و خلاط)، هەر وەک سەرچاوەیەک (ملازگردی بە سنووری نێوان موسڵمانان و بێباوەڕان ناوبردووە، خەڵکەکەشی بە جەنگاوەر ناوبردوون) (المؤلف مجهول، ١٤٣٢ه، ١١٦)،

شارەکانی سنووری هەرێمی جزیرەی فوراتیش بە (خانەی جیهاد و کەوشەنێک لە کەوشەنەکانی موسڵمانان ناوبراوە) بە(کەوشەنی جزیرە)ش ناودێرکراوە (المقدسي، ١٩٩١، ص١٣٦)، کە بایەخێکی گرنگیان بەهەردوو باری ئەرێنی و نەرێنیش بە شارەکان بەخشیوە، بۆ نموونە لایەنێکی ئەرێنی لە بایەخدان بە لایەنی ئاواکاری و دروستکردنی قەڵا و قوللە و نۆژەنکردنەوەی شورە و دامەزراوەکانی ئەو شارانە بووە (ناصر خسرو، ١٩٨٣، ٤٠ ؛فارقی، ٢٠٠٧، ٩٤؛ بنگلي، ٢٠٠٥، ٢٢١؛ خوشناو، ٢٠٠٦، ١٣٠)، کە کاریگەری لەسەر بووژانەوەی شارەکان و لایەنی شارستانییان هەبووە.

لایەنێکی دیکەی ڕەهەندی جوگرافی بەشێکی زۆری شارە کوردییەکان، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافییانەوە شوێنی پێدا تێپەڕبوونی ڕێگای هامشۆ و بازرگانی بوون، کە بوونەتە هۆی بەیەکەوە بەستنەوەی بە ناوچەکانی دەوروبەر و هەرێمەکانی دیکەشەوە، کە هۆکارێکی گرنگی جوڵەی بازرگانی و دەرکەوتنی هەندێکیان وەک ناوەندێکی گرنگی ئابووری گەشەی بە شارەکان داوە، بۆ نموونە ڕێگای (خوراسانی گەورە) لە دیارترینی ئەو ڕێگایانە بووە، کە بە سنوورێکی فراوانی ناوچە کوردنشینەکاندا تێپەڕبووە، کە زۆرێک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی بە بەغدای خیلافەتی عەبباسییەوە بەستۆتەوە، لە نموونەی شارەکانی وەک (خانقین و حلوان و صیمرە و قرمیسین و الدینور و نهاوند و همدان) (الیعقوبي، ١٤٢٢، ٧٢؛ الادریسي، ١٤٠٩ه ، ١/ ٤١٥)، سەرباری ئەوەی بایەخێکی گەورەی فرە ڕەهەندی هەبووە، کاریگەریی گرنگیشی لەسەر ئەو شار و ناوچانە داناوە کە پێیاندا تێپەڕیوە، لەبەرئەوە هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیی کوردستان و سامانی زۆری و بوونی دەیان ڕێگای بازرگانی ناوخۆیی و دەرەکی دیکە، کە زۆربەیان بە کوردستاندا تێپەڕیون و بەهۆیانەوە ناوچە جیاوازەکانی جیهانی ئیسلامی لەلایەک و خانەی شەڕ لەلایەکی دیکەوە بەیەکەوە دەبەستنەوە، دامودەزگای خزمەتگوزاری و قەیسەری و بازاڕ و خانە و تەویلە و میوانخانەی

جیاوازیش لە شارە کوردییەکاندا زۆر بوون، بە شێوەیەک کەم شار هەبووە بەمانە نێوبانگی پەیدانەکردبێت، لە نموونەی شارەکانی وەک (همدان و مراغه و اردبیل و سلماس و مرند (ابن حوقل، ١٩٣٨، ٣٣٦-٣٣٧، ٣٥٨؛ محمد، ٢٠١١، ٣٠٩-٣١٩)، ئەمە چ جای شارەکانی وەک (خلاط و بدلیس و میافارقین و ارزن) (ناصر خسرو، ١٩٨٣، ٤١)، هەربۆیە ئەو ناوچانەی کە هەڵکەوتەی جوگرافییان لەسەر ڕێگای بازرگانی بووە، بە خێرایی گەشەیان کردووە بوونەتە ناوچەی شارنشینی و ئاوەدانی، ڕەنگە شاری (دنیسر) لە هەرێمی جزیرە نموونەیەکی بەرچاوبێت، کە پێشتر جگە لە گوندێک و ناوچە شێوە بیابانێک هیچی دیکە نەبووە، بەڵام بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنەکەی هەر وەک لەبەرگرەوەی پەرتووکی (صورة الارض) لە سەدەی (٦ک/١٢ز) ئاماژەی بەوە کردووە، کە بۆتە مەڵبەندێکی گرنگی بازرگانی و ناوەندێکی ئاوەدان و خاوەنی کۆشک و میوانخانە و خانە و بازاڕێکی گەورە، کە لە هەموو لایەکەوە خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە (ابن حوقل، ١٩٣٨، ١/ ٢٢٤)، هەر لەمبارەیەوە (یاقوت الحموي)یش ئەوەی خستۆتەڕوو، کە ئەو لە تەمەنی گەنجیدا سەردانی کردووە کە جگە لە گوندێک هیچی دیکە نەبووە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی (سی ساڵ) لە میانەی گەشتێکیدا بەو ناوچەیەدا ڕێگوزەری کردۆتەوە، کە ناوێکی دیکەی (قوج حصار)بووە، بینیویەتی کە بۆتە چ شارێکی ئاوەدان و جەنجاڵ و خاوەن دووکان و بازاڕێکی گەورە (١٩٩٥، ٢/ ٤٧٨).

لایەنێکی دیکەی ڕەهەندی جوگرافی و کاریگەری لەسەر بووژانەوە و گەشەکردنی شارەکان، کە دەکرێت بە کورتی و بە نموونەی چەند شارێک بۆ هەر هەرێمێک لە هەرێمە کوردنشینەکان ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەوە لە ڕوانگەی شوێن و پێگەی هەر یەکێکیانە بەو هەلومەرجە سروشتی و هەڵکەوتە جوگرافییەی کە هەیانبووە، بۆ نموونە شاری (حلوان) کە وەک یەکێک لە شارەکانی هەرێمی چیاکان و وەک شارێکی گەورەی سەردەم هەژمارکراوە (یاقوت الحموي، ١٩٩٥،٢/ ٢٩١ )، سەرەڕای ئەوەی

هەلومەجی سروشتی و ئاووهەوای گونجاوی هەبووە، هەڵکەوتەی بەپێی ناوچەکانی دەوروبەر و سەرەڕێگای سەرەکیی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئیسلامی، وەک ناوەندی کارگێڕی بۆ ناوچە و شارۆچکەکانی دیاریکراوە (کاکە یاسین، ٢٠١٢، ٢١)، ڕای واش هەیە کە هۆکاری دروستکردنی لە بنەڕەتدا بۆ شوێنی ستراتیجی و جوگرافیی شارەکە گێڕاوەتەوە (نەقشبەندی، ٢٠٠٨، ٦٢)، بە درێژایی مێژووی خیلافەتی عەبباسیش تا شاڵاوەکانی مەغۆل وەک ناوەندێکی سیاسی و سەربازی و ئابووریی گرنگ ماوەتەوە، شاری (همدان) نموونەیەکی دیکە ئەو شارانەی هەرێمی چیاکانە، کە بەتایبەتمەندیی هەڵکەوتە و مێژووەکەی دەناسرێتەوە (ابن الفقه، ١٩٩٦، ٢٠٣، القزويني، د.ت، ٤٨٣)، کە کاریگەریی زۆری لەسەر بارودۆخ و ئاووهەوا و پێگەکەی داناوە، تاوەکو بە چەق و ناوەندی هەرێمەکە زانراوە (المقدسي، ١٩٩١، ٣٨٦؛ محمد، ١٩٩٤، ٢٠)، هەروەتر کەوتبووە سەر ڕێگای کاروانە بازرگانییەکان و حاجیانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، هەموو ئەمانەش کاریگەریی گەورەیان لەسەر مێژووی گەشەکردنی شارەکە داناوە (الدوسكي، ٢٠٠٦، ٤٤).

سەرباری ئەوەی هەرێمی جزیرە بە گشتی بایەخێکی گرنگی هەبووە، هەڵکەوتەی جوگرافیی بارودۆخی سروشتی گرنگی هەرێمەکەی زیاتر کردووە (الاصطخري، ٢٠٠٤، ٧١؛ ابن حوقل، ١٩٣٨، ١/ ٢٠٨؛ الاتروشي، ٢٠١٣، ٢٦٠)، ئەوا هەڵکەوتەی هەریەک لە شارەکانیشی خاوەنی پێگە و بایەخی ستراتیجیی خۆیان بوون، کە بێگومان ڕۆڵی گرنگیان لە بووژانەوەی زیاتر و گەشەکردنیاندا هەبووە، لە نموونەی شارەکانی وەک (سنجار و ميافارقين و نصيبين و حصن كيفا و امد)، کە هەریەکەیان بەو تایبەتمەندییە سروشتییانەی کە پێی ناسراون، ڕۆڵی شارستانییانەی بایەخداریان بە تایبەت لەماوەی لێکۆڵینەوەدا بینیوە (المقدسي، ١٩٩١، ١٣٨؛ محمد، ٢٠١١، ١١٧- ١٢٤؛ خۆشناو، ٢٠١٤، ١٩٠)، هەر لەو بارەیەوە ڕەهەندی جوگرافیی شارەکانی هەرێمەکانی هەرێمی

ئاذربیجان و ئاران بەهەمان شێوە ڕۆڵی مێژووییانەی خۆیان لە گەشەکردنی شارەکانی ئەو هەرێمانەشدا بینیوە، هەڵکەوتەی جوگرافیی فرە بوونی سەرچاوەکانی داهات و بەرهەمی زۆری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری وەک کایەکی گرنگی ژیانی ئابووری بایەخی ئەوانی زیاتر کردووە، لەو قۆناغە گرنگە میژووییەدا هێزێکی زیاتر بە ئاڕاستەی گەشەکردنی پێ بەخشیون، لەمبارەیەشەوە هەر یەک لە شارەکانی (اردبیل و مراغە و تبریز و ارمیە  و خوی و سلماس و اشنە و برذعە و گنجە و شروان و شمکور و بیلقان) نموونەی ئەو شارانەی ئەو دوو هەرێمەن، کە هەریەکەیان بە زیاتر لە جۆرێک بەروبووم و بەرهەم و کاڵا و دووکان و بازاڕ بەناوبانگبووە (الاصطخري، ٢٠٠٤، ١٨٠؛ المقدسي، ١٩٩١، ٣٧٥-٣٧٦؛ حسین، ٢٠٠٢، ١٥- ٢٦)، ئەمانە بە کورتی نموونەی بەشێک لەو شارە کوردییانەن کە بەهۆی شوێن و هەڵکەوتە و بارودۆخی سروشتییان کاریگەریی زۆری لەسەر گەشەکردنیان داناوە.

هەموو ئەمانە کاریگەری و ڕۆڵی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆیان لە گەشەکردنی کلتووری و شارنشینی و قەبارەی شارەکانیشدا هەبووە، کەواتە دەکرێت بوترێت کە هۆکاری جوگرافی وەک فاکتەرێکی کاریگەر ڕۆڵی گرنگی لە گەشەکردنی شارەکاندا بینیوە، لە شوێنی جوگرافی و هەڵکەوتە و فاکتەر و ڕەگەزەکانی ئاووهەوا و بەپیتی خاک و فرە جۆریی سەرچاوەکانی داهاتدا (الاتروشي، ٢٠١٣، ٢٦١؛ خۆشناو، ٢٠١٤، ٢٤٤)، کە بۆ ژیان و گوزەران و گەشەی کۆمەڵایەتیش پێویستن، بەڵام نابێت ئەوەش لەبیربکرێت، کە ئاست و ڕادەی کاریگەریی هۆکارە سروشتییەکان، بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە خواستی و دەستی مرۆڤەوە هەیە، لە ڕادەی سوودوەرگرتن و باری ئاسایش و سیاسەتی ڕۆژگار و توانای شارستانی و پێشکەوتنی مرۆڤ، کە هەموو ئەمانە تێکەڵ بە هۆکارە مرۆییەکانیش دەبن، بۆیە پێمان وایە بەتەنها بەردەستبوون و گونجاویی هۆکارە سروشتییەکان و هەڵکەوتەی

جوگرافی بەتەنها بەسنین بۆ گەشەکردنی لایەنی شارستانی و سیستەم و کلتووری شارنشینی، بەڵکو پەیوەستن بە ئاستی سوودلێوەرگرتن و هۆکارە مرۆییەکانیشەوە، کە لەمەودوا باسیان لێوەدەکرێت.

**دووەم / ڕەهەندی مێژوویی:**

لێکۆڵینەوە لەبارەی پەیوەندیی نێوان مێژوو و جوگرافیای شار لای زۆرێک لە لێکۆڵەرەوان جێی بایەخ و تێڕامانە، چونکە پەیوەندییەکی قوڵ و بەهێزی مێژوویی لە نێوان قۆناغەکانی نیشتەجێبوونی مرۆڤ و گەشەکردنی شارەکان و دانیشتواندا هەیە، چەندە مێژووی نیشتەجێبوونی خەڵک لە شوێنێکدا کۆنتر بێت، ئەوا هەلی گەشەکردنی دانیشتووانی تێدا زیاترە، ژمارەی دانیشتووان گونجاوە لەگەڵ کۆنیی نیشتەجیبوونی مرۆڤ، نیشتەجێبوونی گروپ و دەستە کۆمەڵایەتییەکانیش لە شاردا سەرباری ئەوەی مێژوویەکی کۆنی هەیە، قۆناغ و سەردەمی جیاوازی بڕیون (ابو صبحە، ٢٠٠٢، ١٠٧)، ڕەنگە بەشێکی گرنگی پەیوەندیی نێوان مێژوو و گەشەی شارەکان ئەوە بێت، کە هەروەک (ابن خلدون) ئاماژەی بۆکردووە، کە دەستڕەنگینی و پیشەگەرییە جیاوازەکان کە لە نەریتە باوەکانی شارستانیەت دەژمێردرێن، نەریتەکانیش بە هۆی دووبارەبوونەوە و تێپەڕبوونی کات جێگیر دەبن و ڕەگ و ڕیشەیان لە ناو نەوەکانی داهاتوودا ڕۆدەچن و هەرکاتێکیش نەریتێک پایەداربێت لەناوچوونی دژوار دەبێت، هەربۆیە دەبینین کە ئەو شارانەی مێژوویەکی کۆنیان هەیە، شارستانیەتیان تێدا فراوانبووە و لەکاتی ئەگەری هەر نسکۆ و کەمبوونەوەی دانیشتووانیشیان، دیسانەوە شوێنەواری پیشەسازی و شارستانیی کۆنیان تێدا هەردەمینێتەوە، بەڵام ئەمە لە شارە تازە دروستکراوەکاندا ئەگەرچی لە ئاستی شارە کۆنەکانیش دابن ڕوونادات، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە لەشارە کۆنەکاندا بەهۆی تێپەڕبوونی کاتەوە و دەستاودەستکردن و دووبارەبوونەوەی داب و نەریتەکانی ژیانەوە

پایەداربووە و ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە، کەرەسە و دەستڕەنگین و کەلوپەلەکان بۆ گەشەکردن و بنیادنان بەردەستن (ابن خلدون ،٢٠١٦، ٢/ ١٦٧)، هەرچەندە نموونە و شاری واش هەن کە بە کاریگەریی هۆکارگەلی دیکە دروستبوون و هەرزووش گەشەیانکردووە، کە دواتر نموونەیان پێدەهێنرێتەوە.

لە مێژووی بەشێکی زۆر لە شارە کوردییەکانیش ئەمە بەدیدەکرێت، چونکە زۆرێک لەوانە هەر لە دێر زەمانەوە شوێنی مانەوە و ژینکردن بوون، بوونە ناوەندی سیاسی و سەربازیی زلهێزانی سەردەم لە مێژووی کۆنیشدا (الاصطخري، ٢٠٠٤، ١٨١؛ قزانجي، ٢٠١٠، ٧٨)، کەرەسە و پێکهاتەکانیشیان بە جۆرێک بوون کە نیشانەی کۆنی و دەستڕەنگینییان پێوە دیاربووە، وەستاکاری و وردەکاریی وایان تێداکراوە کە مرۆڤ بە بینینیان سەرسام بووە (المقدسي، ١٩٩١، ١٤٠؛ ناصر خسرو، ١٩٨٣، ٤١)، بە گوێرەی ئاماژەی سەرچاوەی گەڕیدە و وڵاتناسانی موسڵمانیش بێت، کۆنترین ئاوەدانی لە دوای لافاوەکەی حەزرەتی (نوح) لە ناوچەی کوردنشینیە، کە ئاوایی هەشتیان (ثمانین)ە (الاصطخري، ٢٠٠٤، ٧٨)، کە کەوتۆتە خوار چیای جودی، کە دواتر گەشەی کردووە بۆتە شارۆچکەیەکی ئاوەدان و ناوداری ناوچەکانی سەر بە هەرێمی جزیرە (المقدسي، ١٩٩١، ١٣٩)، شاری (حران) لە هەمان هەرێم نموونەیەکی دیکەی بەرچاوە کە ناوەندێکی دێرین و شارێکی ئاوەدان و ناوەندێکی نێوداری نیشتەجێبوونی (صابیئە)کان[٢] بووە (الاصطخري، ٢٠٠٤، ٧٦؛ یاقوت الحموي، ١٩٩٥، ٢/ ٢٣٥)، لە هەروەتر زۆرێک لە شارە کوردییەکان ڕیشە و قوڵاییەکی مێژووییان هەبووە، کە بە درێژایی قۆناغە جیاوازەکان گۆڕانکاری و بەرزی و نزمیی زۆریان بەخۆوە بینیوە، زۆرێکیان وەک ناوەندی ساسی و کارگێڕی و ئاینی و ئابووری ڕۆڵی مێژووییانەی خۆیان دیاریکردووە، بۆ نموونە (همدان) (الدوسکي، ٢٠٠٦، ٢٩) و الدینور (حسن، ٢٠١٣، ١٩) و حصن کیفا و حلوان چەندانی دیکەش (الهروي، ١٤٢٣ه،

٦٢، ٦٣، ٦٤؛ نەقشبەندی، ٢٠٠٨، ٤٣-٧٠) نموونەی ئەو شارانەن، ئەمانە چەند نموونەیەکی ئاسایی مێژووی شارنشینی ناوچە کوردنشینەکانن، زۆرێکیش لەو ئاوایی و گوندە کۆنانەی ناوچەکە بە تێپەڕبوونی کات و لەبەر گرنگیی هەڵکەوتە و بایەخی ئابووری و لایەنی دیکەش بوونە شار و شارۆچکە و مێژوویەکی درەوشاوە و ڕۆڵێکی بەرچاوی شارستانییان بینیوە.

هەرچەند بە تێپەڕبوونی کات و بە هۆکاری جیاوازی سروشتی و مرۆیی وەک خراوەتەڕوو، شار و ئاوایی و شوێنەکان وەک خۆیان نامێننەوە، بەڵام بێگومان هۆکاری مێژوویی ڕۆڵی لە گەشەکردن و بە ئاوەدانیی مانەوەی شارەکاندا هەبووە، زۆربەی ئەو شار و شارۆچکانەی مێژوویەکی دێرینیان هەبووە، خاوەنی دامەزراوە و شوورە و قەڵا و قوللە و پەرستگا و مەڵبەندی ئاینی گرنگ بوون، لە مێژووشدا لە دوای چیا و سروشتی چڕوپڕ و سەخت و دژوارییی ناوچەکە شارەکان پەناگەیەکی گونجاوبوون بۆ مانەوە و خۆپارێزی لە مەترسی داگیرکاران و مەترسییە سەربازییەکان، تا ئەوەی دەوترێت شار بۆ کاروباری سەربازی دروستکراوە، بوونە ناوەندێکی ئارام بۆ دانیشتووان، نەخاسمە شوورە و پشتێنی پاراستنیان بۆ دروستکراوە و ئەوە لەبەرچاوگیراوە، کە شوێنێکی بەرز و حاسێ دروستبکرێت وەک مەرجی دەوڵەتداری و بنەماکانی شار لەبەرچاوگیراون (ابن خلدون، ٢٠١٦، ٢/ ٣٣؛ ابن الازرق، د.ت، ١/ ٢١٩)، هەرئەمەش لە زۆرێک لە شارە کوردییەکان بەدیدەکرێت، کە لە شوێنێکی سەخت و بەرز و حاسێ بنیادنراون و یان قەڵا و شوورایان هەبووە (عبوش، ٢٠٠٤، ٤٣).

**سێیەم/ ڕەهەندی ئاینی:**

هۆکاری مێژوویی بایەخی لایەنێکی دیکەش دەردەخات یان بە مانایەکی دیکە پەیوەندی بە لایەنێکی دیکەی گرنگی ژیانی جڤاکیشەوە هەیە، ئەویش لایەنی ئاینییە، چونکە ئەوەی ئاشکرا و ڕوونە بە گشتی لەناو مێژوودا ئەوەیە کە بە درێژایی مێژوو مرۆڤ هیچ کات و سەردەمێک بێ پەرستش و پەرستراو نەبووە، جا ئەگەر ئەو پەرستراوە (خوای تاک و تەنیا) یاخود بت و تەوتەمێک بووبێت، بۆیە دەشێ شارێکیش بێ شوورا و دامەزراوەی دیکە بووبێت، بەڵام هیچ کات بێ پەرستگا و شوێنی پەرستن نەبووە، تا ئەو ڕادەیەی ئاین هۆکارێکی سەرەکی و گرنگی بنیادنانی زۆر شار بووە، لەبەرئەوە کارێکی ئەستەمە پەیوەندیی نێوان ئاین و شار لێک جیابکرێتەوە، ئەو ئەرکە گرنگەش کە شار لە بەرانبەر ئاین دەیگێڕێت، ڕۆڵێکی ئەرێنیی زۆری لە گەشەکردنی شاردا بینیوە، کە دواتر زیاتر دەبنە جێی ئاماژەبۆکردن، تەنانەت لە مێژوودا شار هەیە بە پەرستگا و خواندە پەرستراوەکەی ناوبانگی دەرکردووە (الخفاف والاخرون، ١٩٩٩، ١٢٧-١٢٨).

لە شارە کوردییەکانیشدا چەندان مەڵبەند و و ئاتاشگە و دێر و کەنیسە و پەرستگای ئاینی جۆراوجۆر هەبوون، کە مێژوویەکی دێرینیان هەبووە، هۆکاری لەخۆخرکردنەوەی خەڵکی هەمەچەشنە بوون، کەم شار هەیە کە زیاتر لە پەرستگایەک و ناوەندێکی پەرستنی ئاینی تێدا نەبووبێت (خوشناو، ٢٠١٤، ١٣٦؛ عدو، ٢٠١١، ١٦٢)، نەک هەرئەوە لە ڕووی مێژووییەوە بوونی دامەزراوەی دیکەی زانستی و ڕۆشنبیری دیکەش بەرچاودەکەون، لە نموونەی پەرتووکخانە و ناوەندی تەندروستی و ساغلەمی، بە تایبەت دامەزراوەکانی سەر بە ئاینەکانی دیکە پێش ئیسلام ئەو ڕۆڵە گرنگەیان گێڕاوە، لە نموونەی شارەکانی وەک (نصیبین و ڕها و حران و آمد)، تا نموونەی وا هەیە چ جای ئەوەی هۆکاری ئاینی لەپشت

دروستکردنی بووه، تایفەیەکی ئاینی کۆنی کوردستان بنیادیاننناوه و شوێنی نیشتەجێبوونیان بووه (الحميري، ١٩٨٠، ١٩١).

له دوای پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامی و بڵاوبوونەوەی ئیسلامیش مزگەوت وەک یەکەم و گرنگترین دامەزراوه و شوێنی پەرستن له هەموو شار و شارۆچکه و تەنانەت ئاوایییەکانیش ئاواکران، به تایبەت لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا میر و بەرپرسان لایان زۆر لەو بواره داوەتەوه و مزگەوتی زۆریان دروسکردوون، جا چ وەک خولیا و پێویستی یان به پاڵنەری ئاینی بووبێت، بۆ نموونه سەرچاوەیەک ژمارەی مزگەوتەکانی شاری (میافارقین)ی به دوو سەد دانه و هی شاری (ماردین)یشی به نزیکەی سەد مزگەوت، مزگەوتەکانی (جزيرة ابن عمر)یشی به هەشتا دانه هەژمارکردووه (ابن شداد، ١٩٧٨، ١/٣، ٢٧٧، ٢١٥، ٥٤٤)، له شارەکانی دیکەش به ڕێژه و قەبارەی جیاواز مزگەوتی زۆر ئاواکراون، که لەبەر درێژنەبوونەوەی بابەتەکە ناتوانرێت ئاماژەیان بۆ بکرێت، ئەمه سەرباری دامەزراوەی دیکەی ئاینی له نموونەی (زاويه و خانەقا و ڕبط)ەکان[٣]، سەرباری ئەوەی ئەمانه ڕۆڵی ئاینییان بینیوه، تاڕادەی مەرجی بەشاردانان بوونی دامەزراوەی به تایبەت مزگەوت (الجامع) و دامەزراوه و ئاواکارییه کارگێڕی و سەربازی و کۆمەڵایەتییەکان له شاردا، وەک مەرج و پێویستیی ژیانی شارستانی سەیردەکرێن (ابن الأزرق، د.ت، ٢/ ٢٧٣)، بوونه مەڵبەندێکی گرنگی زانستیش و شوێنێک بۆ بووژانەوەی لایەنی شارستانی و ئاوەدانیی شارەکان، هەر خودی بوونی ئەم دامەزراوه ئاینییانه به گشتی لایەنێکی گرنگی ئاواکاری و بیناسازیی شارەکان بوون، ئەمەو بوونی زانا و پیاوانی ئاینی سەربه ئاینییەکانی دیکه و ئارامگه و گڵکۆ و مەرقەدی پێشینان (الهروي، ١٤٢٣ ه، ٦٢، ٦٣)، زۆرجار ژمارەیەکی زیاتری خەڵکیان بۆ لای خۆ ڕاکێشاوه، ئەوه چ جای ئەوەی خودی ئیسلام هاندەره بۆ ژیانی شارستانی و بایەخدان به لایەنی زانستی و ڕۆشنبیری و دامەزراوه جۆربەجۆرەکان.

بەهەرحاڵ ڕەهەندی مێژوویی و ئاینیش وەک هەر هۆکارێکی دیکە کە بە کورتی خرایەڕوو، ڕۆڵی خۆی لە گەشەکردنی لایەنی کەم هەندێ لە شارەکاندا بینیوە، پێمانوایە ئەو ڕایەی (ابن خلدون) لە جێی خۆیدایە، کە شارە کۆنەکان کە خاوەنی مێژوویەکی کۆنن لە هەر بارودۆخێکدا کە تووشیان دەبێت، بە بەراورد بە شارە نوێیەکان بەهۆی بەردەستبوونی کەرەسە و بەردی نایاب و دەستڕەنگینیی خەڵکەکەی و پاراستنی ئەو داب و نەریتەی لەمبارەیوە پاراستوویانە، زووتر دەبوژێنەوە و دەست بە هەستانەوە و گەشەدەکەن (٢٠١٦ ، ٢/ ١٦٧)، ئەمە و لە پاڵیدا هۆکاری ئاینی چ وەک هاندانی بۆ ئاوەدانی و ئاواکاری چ وەک ئەو لایەنەی کە ئاماژەی بۆکرا، لە مێژووی شارنشینیی شارە کوردییەکاندا ڕۆڵی ئەرێنیی باشیان لە گەشەکردنیاندا بینیوە.

**تەوەرەی دووەم/ ڕەهەندە مرۆییەکان:**

مەبەست لە ڕەهەندە مرۆییەکان ئەوانەن کە پەیوەندییان بە ڕۆڵی دەستی مرۆڤەوە هەیە لە داهێنان و دروستکردنیاندا، کە هەندێ جار بە تایبەت لەگەڵ پێشکەوتنی هزروبیری داهێنەرانەی مرۆڤ و ئاستی سوودوەرگرتن لە کەرەسەکانی دەوروبەری و ناو سروشت، کاریگەریی خۆیان لەمبارەیەوە بینیوە، کە بە کورتی لە چەند لایەنێکەوە لێیان دەدوێین.

**یەکەم/ ڕەهەندی سیاسی و کارگێڕی:**

لایەنی سیاسی بە ڕەهەندە جیاوازەکانیەوە وەک لقێکی گرنگی هۆکاری مرۆیی بە بزوێنەری ڕووداوەکان دادەنرێت، کە بە درێژایی قۆناغەکانی مێژوو لە کاریگەری نەکەوتووە، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پرۆسەی ئاڕاستەکردنی بزاوتی دانیشتووان و گەورەبوونی قەبارەی شارەکان و ئاستی ئاوەدانی و بەرقەرارکردنی ئارامی و

ئاسایشی وڵاتەوە هەیە، بۆیە بە مەرجێکی گرنگی تەنانەت دروستکردن و گەورەبوونی قەبارە و ئاستی گەشەی شارستانی دانراوە، هەموو ئەو لایەنانەش بە دەسەڵاتەوە پەیوەستکراون (ابن الازرق، د.ت، ١/ ٢١٩)، چونکە دابینکردنی پێویستییەکانی وەها شارانێک لە توانای تاکەکەس بەدەرە و پێویستی بە خەرجی و سیستەمێک هەیە، بۆ هەڵسوڕاندن و ڕەخساندنی ژینگەی گەشەکردن و دابینکردنی خەرجی و داهاتی پێویست، دیارە لەبەر ئەو ڕۆڵەشە کە ئاستی ئاوەدانی و گەشەکردنی شار بە تەمەنی فەرمانڕەوایی دەوڵەتەوە بەستراوەتەوە، کە لەگەڵ پێشکەوتن و تەمەندرێژی تەرز و هونەری بیناسازی و ژیانی شارنیشنیش گەشەدەکات، شار و شارۆچکەکان خانوو و کۆشکی فراوانیان تێدا دروستدەکرێت، بازنەی دووکان و بازاڕ و قەڵا و شوورا و دامەزراوەکانی تێدا فراوان دەبێت، هەرکاتێکیش دەوڵەت پوکایەوە ئەوا کۆمەڵگە و ئاوەدانییەکەشی ڕوو لە کەمبوونەوە دەکات و بەرەو وێرانی دەچێت (ابن خلدون، ٢٠١٦، ٢/ ٢٢)، ئەمەش پەیوەندی و کاریگەریی نێوان دەسەڵات و هونەر و ئاستی بیناسازی دەردەخات، بۆیە دەشێ وەک هەر لایەنێکی دیکە لەژێر کاریگەریی ویست و خولیای فەرمانڕەوا یان بەرپرسی شارەوە هەیە، هەروەک (الفارابي)یش سەرۆکی شار (دەوڵەت) کە بە بەرپرس و کەسی یەکەمی شاری داناوە، بڕوای وایە کە سەرۆکی چاک بۆ شاری وەک دڵ وایە بۆ لاشە و کاریگەریی بەسەر تەواوی ئەندامانی جەستەدا هەیە، واتە سەرچاوەی بەهێزی و چاکیی کارگێڕی دەوڵەتە کە پێشکەوتن و شارستانیەتیش بەرهەمدێنێت (الفارابي، ١٩٨٦، ١١٨)، ئەم لایەنەش دەست بە جوڵە و چالاکی بکات، یان بە پێچەوانەشەوە دەگونجێت بوەستێت و لە پێشکەوتن بکەوێت، خواستی کاری ئاوەدانی و بیناسازییان لا دروست دەبێت، هەر کاتێکیش بوار بۆ کاری ئاوەدانی و بیناکاری ڕەخسا، بازرگانی و پیشەگەری دەبووژێنەوە و داهات و ماڵیاتیش گەشەدەکات، بەمەش ژیانی دانیشتووانی شارەکان دەبووژێنەوە و هەنگاو بەرەو گەشەکردن دەنێن، لە ڕاستیدا (ابن خلدون)

به دوورودرێژی له ڕەهەندی جیاوازەوە لەسەر کاریگەری و ڕۆڵی دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕیی دەوڵەت لەبارەی گەشەکردن و هەڵزنان بەرەو لوتکەی شارستانی و گەشەکردن و فراوانبوونی شارەکان دواوە، شرۆڤەی هەموو ئەو حاڵەت و بارودۆخانەی کردووە، ئاکام و دەرئەنجامە باش و خراپەکانی لەمبارەیەوە خستوونەتەڕوو (٢٠١٦،٢، ٦٣، ٦٥)، لەبەرئەوە ئەگەر هەلومەرجی سیاسی و ئەمنی گونجاو بوو دەرفەتی گەشەکردن و بووژانەوە دەڕەخسێت، بە پێچەوانە لە بارودۆخی شلەژاو و نائارامی خەڵکی لە هەڵپەی پاراستنی ژیانیاندان و ناپرژێنە سەر خۆشگوزەرانی و دروستکردنی بینا و بەدەستهێنانی شتە کەمالییەکان، بەمەش هونەر و پیشەکان دەپووکێنەوە و شارەکان بەرەو لاوازی و پووکانەوە دەچن (ابن خلدون، ٢٠١٦، ٢، ١٧٢).

لەبەرئەوە ئەگەر لە مێژووی شارنشینی و هونەری بیناسازیی شارە کوردییەکانیش بڕوانین، بە تایبەت لە ڕێگەی ئەو پاشماوە بەجێماوانەی کە هەنە، دەکرێت تاڕادەیەک شرۆڤەی بار و شێوازی خانووبەرە و دیزاینی باڵەخانە و دامەزراوە فەرهەنگی و کلتوورییەکان و گەشەکردنی شارەکان بکرێت، کە بەشێکی پەیوەندی بە هۆکاری سیاسی و کارگێڕییەوە هەبووە.

لە ڕاستیدا ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییە زۆرانەی بە درێژی قۆناغی لێکۆڵینەوەش بەسەر ناوچە کوردنشینەکاندا هاتوون، لە ئاڵوگۆڕی سیاسی و سیاسەتی خەلیفە و میر و بەرپرسی شار و دەسەڵاتە خۆجێییەکان، کاریگەریی زۆریان لەسەر ئاستی گەشە و پووکانەوەی شارەکان داناوە، بە تایبەت ئەوەی جێی مەبەستە، ڕۆڵ و کاریگەریی ئەرێنیی بوارەکەیە، چونکە دیارە کە شار وەک دیاردەیەکی جوگرافی و شارستانی شوێنگەیەکی گرنگی نیشتەجێبوونی مرۆڤە، بەردەوام لە بۆتە و قالبێکی دیاریکراودا نامێنێتەوە، بەڵکو لەژێر کاریگەریی هۆکارەکان لە

گۆڕانکاریدایه، به نموونه ئەگەر له ناواخنی سەرچاوەی شارانگەڕاو وڵاتناسانی موسڵمان لەسەدەی (٣ک/٩ز) بڕوانرێت، ئەوا له باسکردنی ئاوەدانی و زۆرێک له لایەنە ژیارییەکان خۆیان بواردووە، زۆربەی شارەکان به شارۆچکەی بچووک یان به (طسوج)٤ ناویان هێنراوە، بۆ وێنه (ابن خرداذبة) (م.له ٢٨٠ک/٨٩٣ز) هەولێر (اربل)ی به ناحیه ناوی بردووە، هەریەک له شارەکانی (جلولاء و دسکره و خانقين)یش به هەمان شێوه به طسوج ناودێریکردوون ( ١٨٨٩، ٦)، هەتا(الاصطخري)(م.له ٣٤٦ک/٩٥٧ز) بۆ نموونه هەریەک له شارەکانی (سلماس و ئورمیه و جزيرة ابن عمر) به شاری بچووک ناوی بردوون (٢٠٠٤، ٧٥، ١٨٢)، بەڵام لەژێر کارتێکردنی ئەم هۆکاره وردەورده بەشێکی زۆر له شار و شارۆچکەکان له ڕووی چەندیەتی و چۆنیەتیەوە بەرەو نەشونماکردن هەنگاویان ناوە، زیاتر لەوەش چەندان گەڕەک و ئاوایی و شارۆچکەی نوێ و دامەزراوەی ئاینی و زانستی و کۆمەڵایەتییان تێدا دروستکراون.

لەگەڵ ئەو گۆرانکارییه شارستانیانەی کەبەسەر خانەی ئیسلامدا و له سەردەمی خیلافەتی عەبباسیدا هاتن، لەژێر کارتێکردنی شارستانی و کلتووریی نەتەوه جیاوازەکان، سوودوەرگرتن له ئەزموونی تێکەڵاوبوونی یەکدیکه، دەرکەوتنی دەسەڵاته خۆجێییەکان و بەرفراوانبوونی پەیوەندییه فره جۆرەکانی نێوان پێکهاته و چین و توێژەکان، بەشێ له شارەکان بوونه ناوەندی سیاسی و کارگێڕیی گرنگ، چ وەک ناوەندی ولایەت و هەرێم چ وەک ناوەندی دەسەڵاتی سیاسیی بنەماڵه و فەرمانڕەوایی خاوەنی شار و سەرکرده سەربازییەکان، ئیدی وردەورده قەبارەی هەندێ شار فراوانبوون، هەندێکیان له بەرانبەر هەندێکی تردا کەوتنه نێو ناوان و گەشەکردن، دیاره بەشێک له شاره کوردییەکانیش لەو گۆڕانکارییانه بەدەر نەبوون، بۆ نموونه سەرهەڵدانی دەسەڵاتی خۆجێیی (میرنشینی حمدانی ٢٩٣- ٣٨١ک/ ٩٠٥-٩٩١ز) که له ڕووبەرێکی فراوانی شارەکانی جزیرەی فوراتی فەرمانڕەوایی خۆیان ڕاگەیاند، بەشێک له

میرەکانیان بایەخیان بە لایەنی ئاوەدانی داوە، لەوانەش میر (سیف الدولەی حمداني)(م.لە ٣٥٦ک/ ٩٦٦ز) بە تایبەت شاری (میافارقین) کە سەرباری ئەوەی وەک مەڵبەندی دەسەڵات وابووە، شوێنێکیش بووە بۆ نیشتەجێبوونی ژمارەیەکی زۆر لە دەست و پێوەند و خەڵکی گشتی و هەمەکارەش، کۆشکێکی گەورەشیان بە ناوی (العتیق) لە شارەکە ئاواکردووە (ابن شداد، ١٩٧٨، ١/٣، ٢٦٨)، لە دەرەوەی کۆشکەکەشەوە پڕۆژەی ئاوی بۆ دابینکراوە، کە وێنەیەکی جوانی هونەری بیناسازیی ئەم بنەماڵەیە پیشاندەدات، بە تایبەتی میری ناوبراو ڕۆڵی گرنگی لە ئاواکردنی ناوچەکەدا هەبووە، بەگوێرەی ئاماژەیەکی (فارقي)یش بێت کۆشکێکی دیکەشیان بە ناوی (دار الحریر) ئاواکردووە، لە شێوە میوانخانەیەکی ڕازاوە و قەشەنگ دابووە (الفارقي، ٢٠١٤، ٤٢٨)، نەک هەرئەوەش بەڵکو حەمدانییەکان ڕۆڵیان لە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی شوورە و لایەنەکانی دیکەی تەلارسازیدا هەبووە، لەوانەش شوورەی شاری میافارقین کە وەک هونەرێکی جەنگی و سەربازی بۆ پارێزگاری لە شارەکە لە مەترسیی دەرەکی بە ئەنجام گەیشتووە (الفارقي، ٢٠١٤ ، ٤٤٠)، ئەمانە و دروستکردنی چەند دامەزراوەی دیکە (چلبي، ٢٠١٣، ١٩٩)، دیارە هەر لەمبارەیەشەوە بەهۆی ئەوەی ماوەیەک فەرمانڕەوای ناوچەکانی بەشێکی جزیرە بوون، عقیلییەکانیش ڕۆڵی ئاواکاریی خۆیان بینیوە، لە دروستکردنی خانووبەرە و قەڵا و قوللەدا، بۆ نموونە لە شاری سنجار قەڵایەکیان دروستکردووە (ابن شداد، ١٩٧٨، ١/٣، ١٥٥)، بێگومان ئەمانە کاریگەرییان لەسەر گەشەکردن و گەورەبوونی قەبارەی ئەو شارانەی ناویانهێنرا لە ڕووی ژمارەی دانیشتووانیشەوە هەبووە٥، هەرچۆنێک بێت ئەو هەلومەرجانە بە هەردوو باری ئەرێنی و نەرێنیدا ڕسکاوی هۆکاری سیاسین.

لەو قۆناغەش بە دواوە و لەگەڵ گەشەکردن و خەملێنی هۆشی سیاسیی سەرۆک خێڵە کوردەکان، وردەوردە نەشونماکردنی

دەسەڵاتە خۆجێییەکانی هۆزەکانی کورد، بە تایبەت لە نیوەی یەکەمی سەدەی (٤ک/١٠ز) بە دواوە و سەرهەڵدانی میرنشینەکان لە هەرێمە کوردنشینەکاندا٦، سەرباری ئەوەی بە قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی سیاسی و پەیوەندییە ناوخۆی و دەرەکییەکان دادەنرێت، لە دیرۆکی بزافی زانستی و ڕۆشنبیری و شارستانی ناوچەکەشدا بە سەردەمێکی نویێ دادەنرێت، لەژێر سایەی پیادەکردنی سیاسەتی لێزانانەی بەشێک لە میرەکانی میرنشینەکان، بارودۆخێکی لەبار هاتە ئاراوە، نەخاسمە هەر بەشێک لە شارەکان وەک مەڵبەندی فەرمانڕەوایی و ناوەندی سیاسی ڕۆڵیان لە مێژووی میرنشینەکاندا بینیوە، بوونە ناوەندێکی شارستانی و زانستیش، ئەوەی ئاشکراشە سروشتی دەوڵەتداری و پێویستییەکانی دەخوازێت هەر لە سەرەتاکانی دەسەڵاتیاندا دەست بەسەر شارەکاندا بگرن، پاشان وردەوردە قولاي قەڵەمڕەوییان فراوانبکەن، کە ئەمەش پێویستی بە ئاسایش و ئارامی و دوورخستنەوەی مەترسییەکان لەسەر قەوارەکەی هەیە، سەرباری ویستی هێنانەدیی ئەو خولیا و ئارەزووانەی کە لەباری دەشتەکیەتی و قۆناغی پێش دەسەڵاتی سیاسی بۆیان فەراهەمنەبووە (ابن خلدون، ٢٠١٦، ٢/ ٢٥)، بۆ نموونە ئەو بارودۆخەی لە ژێر سایەی فەرمانڕەوایی میرنشینی ڕەوادی (٣٣٧-٤٦٣ک/ ٩٤٨-١٠٧١ز) لە هەرێمی ئاذربیجان میرنشینی شەدادی (٣٤٠- ٥٩٥ک/ ٩٥١- ١١٩٨ز) لە هەرێمی ئاران بە گشتی هاتە ئاراوە، وەک دوو خێڵی گەورە و ناوداری هەرێمەکە دوای ڕەخسانی هەلومەرجی گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی، دەستیان گرت بەسەر شارە گەورەکان و بناغەی میرنشینەکانیان دانا (النقشبندي، ٢٠١٣، ١١١)، کاریگەریی گرنگی لەسەر گەشەکردنی چالاکیی شارستانی و گەشەکردنی شارەکانەوە هەبووە، بۆ نموونە شارەکانی وەک (تبریز و اردبیل و خوی  و اشنە و سلماس و دوین و مراغە و زنجان) لەوانەبوون، کە سەرباری بووژانەوە و دەوڵەمەندیی بەروبووم و داهاتیان، پێشکەوتنی زۆریان بەخۆوە بینیووە (المقدسي، ١٩٩١، ٣٧٧-٣٧٨؛ حسین، ٢٠٠٢، ٦٤).

لەو نێوەندەدا ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میرنشینی حسنويهی (٣٤٨-٤٠٦ک/ ٩٥٩-١٠١٥ز) لە نموونەی بەشێک لە شارەکانی وەک (همدان و شارەزوور و دینور و شاپوخواست و نهاوند و قرمسین و سیروان و صیمیرە)، بە تایبەت لە سەردەمی میر (بدر بن حسنويه) (٣٦٩-٤٠٥ک/ ٩٧٩-١٠١٤ز)دا پێشکەوتنی بەرچاویان بە خۆوە بینیوە، لە فراوانکردنی پانتایی بیناسازی و ئاواکاری دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی پرد و قەنتەرە و قەڵا و پەناگە و بواری ئاواکاریی ئاینی و زانستی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا (ابن الجوزي، ١٣٥٩ ه، ٧/ ٢٧٢)، هەروەک لەم بارەیەوە تویژەرێک ئاماژەی کردووە، کە بارودۆخی ناوچەکە زۆر باشتر بوو لەوەی کە ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عەبباسیدا دابووە (نەقشبەندی، ٢٠٠٨، ٤٥٤)، ئەمەش دەرخەری کاریگەریی باشی فەرمانڕەوایی میرنشینی ناوبراوە لەسەر بارودۆخی شارستانی و بووژانەوەی شارەکان و لایەنەکانی دیکەش دەردەخات، کە لە ژێر کاریگەریی ڕەهەندی سیاسی و کارگێڕیی میرەکان ئەو بارودۆخە هاتۆتە ئاراوە.

ڕەنگە شارەکانی جزیرە لە دیارترینی ئەو شارانە بن، کە لەژێر سایەی فەرمانڕەوایی میرنشینی مەروانی (٣٧٣-٤٧٨ک/ ٩٨٣-١٠٧٥ز)دا قۆناغێکی گرنگیان لە گەشەکردن و گەورەبوونی قەبارەی ژیانی شارنشینی بڕیوە، شارەکانی وەک (آمد و میافارقین و جزیرە ابن عمر و ماردین و نصیبین و أرجش و أرزن و وان و بدلیس و خلاط)، بوونە وێنەیەکی جوانی شارنشینی و شارستانی، ئەوەی ئەو بنەماڵەیە لەمبارەیەوە پێشکەشیان کرد، بەڵگەیەکی ڕوونی کاریگەریی فاکتەری سیاسی لە گەشەکردن و گەورەبوونی شارەکان و ڕۆڵی ئاواکاریی ئەوان پیشاندەدات (التكريتي، ١٩٧٠، ١٧٩-١٨٠)، بە تایبەت لە سەردەمی میر (نصر الدوله)(٤٠١-٤٥٣ک/ ١٠١١- ١٠٦١ز)دا، ئەو بە جۆرێک فەرمانڕەوایی کرد، کە خۆشبەختی و تەمەنی فەرمانڕەواییەکەی بە

پێشکەوتن و ئارامی و ئاسوودەیی دانیشووانەوە بەستۆتەوە، بە دوورخستنەوەی شەڕ و خەرجکردنی پارە لە خزمەتی گشتیدا (ابن الجوزي، ١٣٥٩ ه، ٨/ ٢٢٢)، شارەکان و بازرگانی بووژانەوە و خەڵک لە هەموو لایەکەوە ڕوویانکردە شارەکان (فارقی، ٢٠٠٧، ٩٣).

شاری هەولێر (اربل)یش لە شارۆچکەیەکی بچووک و پێشتگوێخراوەوە، وردەوردە کەوتە ناوناوان و لە سەرەتا لەژێر سایەی بەشێک لە میرانی میرنشینی هذبانی (٣٨٧-٥٢٢ک/ ١٠٩٦-١١٣٩ز)بوو بە مەڵبەندێکی سیاسی و کارگێڕی و ناوەندێکی زانستی و شارستانی، بەمەش شارەکە جێگە و پێگەی خۆی لەناو شارەکانی ناوچەکەدا کردۆتەوە (حسین، ٢٠١٠، ٣٧)، ئەمە و لە سەردەمی ئەتابەگیشدا لەنیوەی دووەمی سەدەی (٦ک/ ١٢ز) بەدواوە، بە تایبەتیش لە سەردەمی (مظفرالدين كوكبري)دا(٥٨٦-٦٣٠ک/ ١١٩٠-١٢٣٣ز) کە نەخاسمە قەڵاکەی کە هەر شارێک بوو بۆ خۆی، بەڵکو دەستیکرد بە گەورەبوون و فراژۆبوون و بووژانەوە، دانیشتووان بە جۆرێ زیادیانکرد کە لە قەڵا جێگەیان نەدەبووەوە، بۆیە گەشەسەندنی شارەکە لە پادەشتەکەیەوە دەستیپیکرد و ئەو پادەشتە بوو بە شارێکی پان و بەرین (ابن خلكان، ١٩٩٧، ٢/ ٢٩١؛ حسین، ٢٠١٠، ٢٣٨).

کەواتە وەک چۆن بە ناوەندی دەسەڵات هەڵبژاردنی هەندێ لە شارەکان لە لایەن ئەو بنەماڵە و دەسەڵاتە خۆجییەکانی کە لە شارە کوردییەکان فەرمانڕەواییان کردووە، ڕۆڵی لە گەورەبوونی شارەکان و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوواندا بینیوە، بە پێچەوانەشەوە لەناوچوونی دەسەڵاتیان کاریگەریی خراپی کردۆتە سەر پووکانەوەیان و کزبوون و سستی ڕۆیشتوون.

بەمشێوەیە ئەوەی لەم بارەیەوە خرایەڕوو، لە چەند لایەنێکەوە فاکتەری سیاسی و کارگێڕی کاریگەری زۆیان کردۆتە سەر گەشەکردنی

شارە کوردییەکان، لە لایەک بایەخدانی میر و دەسەڵاتداران بە بەرقەرارکردنی ئاسایش و ئارامیی ناوچەکە، کە مەرجێکی گرنگی پێشکەوتنی لایەنی شارستانییە، سەرهەڵدانی دەسەڵاتە خۆجێییەکانیش سەرباری ئەوەی بەشێک لە شارەکانی بوونە مەڵبەندی فەرمانڕەوایی، پێویستبوونی دەسەڵاتیش بە کردنەوەی دامەزراوەی کارگێڕی و سەربازی و ئاینی و زانستی، کە هەموو ئەمانەش بەڕێوەبردنیان پێویستی بە خەڵکی شارەزا و هەمەکارە هەبووە، هەلی گونجاوی بۆ گەشەکردنی شارەکان هێناوەتە ئاراوە، لە ڕووی چەندیەتی و چۆنیەتیشەوە شارەکان گەشەیان کرد، ئەگەرچی پێشتریش هەبووبن، بەڵام ئەوەندە گەورە و ناودار نەبوون، ئەمانەش دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە پایەداربوونی شارەکان بە پایەدارمانەوەی دەوڵەتەوە پەیوەستن، هەروەک چۆن (ئیبن خەلدوون) پێویستی دەوڵەت بە بنیادنانی شاری وەک پێویستییەکی حەتمی بۆ دەوڵەت داناوە، لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی، یەکەمیان کامڵبوونی کۆمەڵگە و داگرتنی باری قورسی دەشتەکیەتی لەسەر شانی خەڵکەکەی. دووەم بۆ ئەوەی بیکاتە بەربەستێکی گەورە لەبەردەم هەڵگەڕانەوە و هێرشی نەیارانی( ٢٠١٦، ٢/ ٢٦).

**دووەم/ ڕەهەندی ئابووری:**

هۆکار و چالاکییە ئابوورییەکان بەیەکێک لە بنەما گرنگەکانی گۆڕانکارییەکانی دانیشتووان دادەنرێن، هەمیشە وەک هۆکارێکی زیندوو ئامادەیی لە گۆڕانکاری و پێشکەوتنی پەیکەری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدا هەبووە، خاڵی جیاکەرەوە و هەڵاوێردی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت شارەکانیش بووە، فرەیی لە سەرچاوەکانی بژێوی و داهات فاکتەری سەرنجڕاکێشی دانیشتووانن، بۆ کۆبوونەوەیان لە ناوچە و شارەکان و گەورەبوونیان، تا ئەو ڕادەیە کاریگەری لەسەر شار هەیە، بە جۆرێک بۆچوونی وا خراوەتەڕوو، کە مانەوەی ژیانی شاریان بە

تێکۆشانی ئابووری بەستۆتەوە و بە وزە و ژیانبەخشی شار ناویان بردووە، کە دانیشتووانی بە چالاکییەکانی وەک بەرهەمهێنان و بازرگانی و خزمەتگوزاری وابەستە کردووە (ڕەبانی، ٢٠١٣، ٢٥)، سەرباری ئەوەی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئاستی گەشەی ئابووری و دیاردەی شارییبوون و شارستانیەتدا هەیە، بێگومان ئەمەش لە لایەنی (کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەگەرییەوە) کاریگەریی خۆی بەسەر گەشەکردنی شارە کوردییەکانەوە هەبووە، کە بە کورتی دەخرێنەڕوو.

ئەگەر سەرنجی هەرێمە کوردنشینەکان بە گشتی بدرێت، کە بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و تۆپۆگرافیا و ڕەخساویی هەلومەرجی ئاوهەوای شیاو و خاکی بەپیت، خەسڵەتێکی گرنگیان بووە، کاریگەریی زۆریان لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیانی ئابووریی دانیشتووان داناوە (محمد، ٢٠١١، ١٥١)، بە تایبەتیش ئەوەی لێرەدا جێی مەبەستە، بریتین لە شارەکان، کە هەریەکەیان بەپێی خەسڵەت و تایبەتمەندیی جوگرافیی خۆی گەورەبوون و گەشەکردنی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی فاکتەری ئابوورییەوە، لە ڕاستیشدا فرەجۆریی بەرهەم و کاڵا و سامانی ئاژەڵی و کشتوکاڵی و کار و پیشەی جۆربەجۆر، کە کاڵا و بەرهەمی دەستی پیشەوەران بوون بەرهەمهاتووە، ئەمەش بە پشتبەستن بە وەسفی ئەو جۆرە شار و هەرێمە کوردنشینانە لە لایەن شارانگەڕاو و وڵاتناسانی موسڵمان، کە هەریەکەیان بە جۆری وەسفی دەوڵەمەندی و گونجاوی نرخ و فرەجۆریی بەرهەم و سەرچاوەکانی باج و خەراج وماڵیاتیان کردووە، کە سەرباری ئەوەی ئاماژەن بۆ دەوڵەمەندیی ناوچەکان و ئاستی گەشەی بوارەکەش دەردەخەن، کە بە بەروبوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵی زۆر بەناوبانگبوون (ابن حوقل، ١٩٣٨،١، ٣٤٨؛ المقدسي، ١٩٩١، ٣٨٤، ٣٨٥؛ خۆشناو، ٢٠١٤، ٢٧٣).

بێگومان زۆریی سەرچاوەکانی داهات و جۆری بەرهەم و جیاوازیی دابەشبوونیشیان، ڕۆڵی گرنگی لە دروستبوونی ئاڵوێری بازرگانیدا هەبووە، ئیدی لەم نێوەندەدا چالاکیی بازرگانی وەک لایەنێکی گرنگ سەرباری ئەوەی کە شارەکانی پێ جیادەکرێتەوە، بۆ گەشەکردنیشیان هۆکارێکی کاراشبووە، بەو پێیەی کە هەڵکەوتەی ناوچە کوردنشینەکان وەک چەقی پەیوەندیی نێوان چەند هەرێمێکی دیکەی جیاوازن، خاڵی بەیەکەوە بەستنەوەیانن (المقدسي، ١٩٩١، ١٣٦ )، تا ئەو ڕادەیەی کە تویژەرێک ناوی چەند شارێکی کوردی وەک شار و مەڵبەندی ئابووری وەسفکردوون، لە نموونەی شارەکانی وەک (ماردین و امد و نصیبین و میافارقین و اشنه و دینور و قرمیسین و ارمیە) (محەمەد، ٢٠١٢، ٣-٦)، ئەمەش وایکردووە کە بە گشتی ناوچەکە ببێتە ناوەندێک چ بۆ کۆبوونەوە و پێدا تێپەڕبوونی بەرهەمی جیاواز، لەهەمان کاتدا کۆبوونەوەی بەرهەمی ناوخۆ و بازاڕێکیش بۆ ساغکردنەوەی زۆرێک لە بەرهەمە جیاوازەکان و ئاڵوگۆڕپێکردنی زیادەی بەروبوومیش، پێدا تێپەڕبوونی چەندان ڕێگای سەرەکی و لاوەکی و بەستنەوەی ناوچەکانی دەروبەر بەیەکتریەوە (ابن خرداذبة، ١٨٨٩، ١٩، ٩٥؛ محمد، ٢٠١١، ٦٧)، بۆ نموونە موسڵ و دەورەبەری وەک دەرگایەک بۆ عێراق و دەروازەی خوراسان و سەرەڕێی ئاذربیجان ناوبراوە (یاقوت الحموي، ١٩٩٦، ٥/ ٢٢٣)، شاری (حلوان)یش وەک سەرەڕێگای سەرەکی (ڕێگای خوراسانی گەورە) و بەستنەوەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای خانەی ئیسلام بەیەکەوە، بایەخی گەورەی شارستانی بە شارەکە بەخشیوە (ابن خرداذبة، ١٨٨٩، ١٩؛ الاصطخري، ٢٠٠٤، ٨٧؛ کاکە یاسین، ٢٠١٣، ١٤١).

بازاڕ و بازرگانیش ڕۆڵێکی گەورە و گرنگی لە بنیادنانی شار و کۆبوونەوەی دانیشتوواندا بینیوە، زۆر لەو شوێنانەی کەوتوونەتە سەرەڕێی بازرگانی کاروانچییەکان زۆر بە خێرایی گەشەیان کردووە و بوونەتە ناوچەی شارنشینی (ابن حوقل، ١٩٣٨، ١/ ٢٢٤)، ئەو پەیوەندییەی

که شار و ئابووری بەیەکەوە بەستۆتەوە پتەوە و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان کردۆتە سەر یەکتری، بە تایبەت لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بازاڕ وەک دڵی ئابووریی شار هەژمارکراوە، سەقامگیری و هاوسەنگیی ئابووری ئەوا نیشاندەری ئابووریی شار و پتەوی کۆڵەکەی و خۆگرتوویی ئەوە، زیاتر لەوەش هەروەک توێژەرێک ئاماژەی بەوە کردووە، کە شارە ئیسلامییەکان لەسەر سێ توخم وەستاون، کە بریتین لە (ئاین و سیاسەت و ئابووری –بازاڕ-) (ڕەبانی، ٢٠١٣، ٢٥- ٢٦)، لە ڕاستیشدا بیری ئابوورییانە و هزری ئاینی کاریگەریی زۆریان لەسەر هاندانی خەڵک بۆ ئەم پیشەیە و پێشکەوتنی داناوە، بە تایبەت ئەوەی لێرەدا جێی ئاماژەیە بیری ئابوورییانەی ئاینی ئیسلامە لەسەر کار و پیشە بە گشتی و بازرگانی بە تایبەتی، کە موسڵمانانی لەسەر سوودوەرگرتن لەو پیشەیە و سوودمەندبوون لە دەستکەوتەکانی بە شێوەیەکی ڕەوا هانداوە (بڕوانە: البغدادي، ١٤٠٧ ە، ص٢٥ ومابعد)، دیارە کۆمەڵگەی کوردەواریش وەک بەشێک لە خانەی ئیسلام و زۆرینەی وەک پەیڕەوکارێکی ئیسلام، لە کەوتنە ژێرکاریگەریی ئەو جۆرە هزرانە بەدەرنەبووە.

نموونەی ئەو شارانەش زۆرە، کە بەهۆی کاریگەریی ئەم ڕەهەندەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باڵایانکردووە و بەرەو بووژانەوە و گەشەکردن هەڵکشاون، شارانگەڕاو و وڵاتناسە موسڵمانەکانیش کە بەچاوی خۆیان ڕاستیی ئەو ڕۆژگارەیان بینیوە، سەرسامیی خۆیان لە بازاڕ و قەیسەری و فراوانی و ڕازاوەیی بازەڕەکان و سەودا و مامەڵەی دانیشتووان دەربڕیوە، بە بێ لەبەرچاوگرتنی قەبارەی شاریش دانیشتووان پێویسیان بە بازاڕێک هەیە بۆ کڕین و وەدەستخستنی پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان، بۆیە بازاڕ وەک شوێنێکی خزمەتگوزاریی گشتی بۆتە پێویستییەکی هەنووکەیی بۆ دانیشتووان، لە زۆربەی شارەکانیشدا دیمەنێکی جوانی شارستانی و تەرزێکی ڕازاوەی بیناسازی و ئاواکارییان

پیشانداوە، لە نموونەی ئەو جۆرە شارانەی بەو خەسڵەتانە بە ناوبانگ بوون و لە دانیشتووان جمەیان هاتووە، وەک شاری امد (ابن حوقل، ١٩٣٨ ، ١/ ٢٢٢) و نصيبين (المقدسي، ١٩٩١، ١٤٠) و ميافاقين (ناصر خسرو، ١٩٨٣، ٤١) و أربل (ياقوت الحموي، ١٩٩٦ ، ١/ ١٣٧) و الدينور (ياقوت الحموي، ١٩٩٦، ٢/ ٥٤٥) و ارميه (الاصطخري، ٢٠٠٤، ١٨١) ئەمانە و دەیان شاری دیکە (بڕوانە: محمد، ٢٠١١، ١١٣).

بەمجۆرە بازرگانی وەک بزافێکی شارستانیی کۆنی مرۆڤایەتی لەو قۆناغەشدا کەوتە گەشەکردن، چونکە ئەگەر بە هەوڵ و چالاکیی مرۆڤ دابنرێت لە ئاڵوگۆڕکردنی کاڵا و شمەک و بەروبوومە جیاوازەکان بە مەبەستی دەستخستنی قازانج، سەرباری ئەوەی پێویستی بە ڕێکخستن و کاری چاودێریکردنی بازاڕ و کاڵا و شتومەکی ئاڵوێریشەوە هەیە، شارەزایی و ڕەخساندنی هەلومەرجی گونجاویشی پێویستە، هەموو ئەمانەش بە تایبەت لە شارە کوردییەکان هەلومەرجیان بۆ ڕەخساوە و لە لایەن بەرپرسی شار و میر و کاربەدەستانەوە چاودێریکراون (ابن الجوزي، ١٣٥٩ ە،٧/ ٢٧٢؛ الفارقي، ٢٠١٤، ٥٥٦)، بە تایبەتیش سەرکار (الحسبة) ڕۆڵی گرنگی لەمبارەیەوە بینیوە (الشيزري، د.ت، ١١؛ عبوش، ٢٠٠٤، ٢٠٤)، ئەمەش ڕوویەکی دیکەی پیشکەوتنی شارەکان بووە.

دیارە بەشێکی ئەو گۆڕانکارییانەش کە لە دەرئەنجامی گەشەی ئابووری بەسەر شارەکاندا هاتووە، لێکەوتەی گرنگیشی بۆ سەر ژیانی جڤاکی و شارستانی بەدوای خۆیدا هێناوە، هەر لەبەر ئەو پێگە گرنگ و دەوڵەمەندی زۆرێک لە شارەکان بە سامانی کانزایی و سروشتی، بە تایبەتیش زێڕ و زیو (ياقوت الحموي، ١٩٩٥، ٣/ ٣٨٣؛ یوسف، ٢٠١٤، ٣٧٥/٢)، لە لایەن دەسەڵاتە خۆجییەکانەوە بوونە ناوەندی لێدانی سکە، کە بە هۆکار و ڕوویەکی دیاری پێشکەوتن و شارستانیی شارەکان دادەنرێت (بنگلي، ٢٠٠٥، ٢١٧)، بوونیشیان وەک ناوندی سکەلێدان، هۆکارێکی

دیکەی بووژانەوەی زیاتری شارەکانبووە، بۆ نموونە والیی ئاذربیجان لە دەوروبەری ساڵی (٣٠٠ک/ ٩١٢ز) سکەی لێداوە، حەمدانییەکانیش لە ساڵی (٣٣٠ک/ ٩٤١ز) لە شاری نصیبین سکی تایبەت بە خۆیان لێداوە (محمد، ٢٠١١،٤٠٣ – ٤٠٥)، میر (بدری حەسنەوەیهي)یش دیناری تایبەت بە خۆی هەبووە، کە بە دیناری (بدریە) ناسراوە (الصابي، ١٩٨٦، ١٠٣)، لە شارەکانی ڕۆژئاواي هەرێمی چیاکان مامەڵەی پێکراوە، ئەمە و هەریەک لە میرنشینەکانی شەدادی لە شاری (گنجە و آني) سکەیان لێداوە، هەروەتر میرنشینی مەروانیش لە شارەکانی وەک (میافارقین و امد و نصیبین و جزیرة ابن عمر و خلاط) لە سەردەم و کاتی جیاواز پارەیان لێداوە (یوسف، ٢٠١٤، ٢، ٢١٤؛ محمد، ٢٠١١، ٤٠٨)، ئەوە سەرباری زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان و گەورەبوونی قەبارەی شارەکان، دەکرێت وەک دەرئەنجامی گەشەی شار سەیربکرێت، لە ڕاستیشدا یەکێک لە ئاکامەکانی ولاتگیری و پڕۆسەی بڵاوبوونەوەی ئیسلام، بەرفراوانبوونی پانتایی سنووری دەوڵەتی ئیسلامی بوو، کە چەندین پێکهاتەی ئەتنی و توێژی هەمەجۆری لەخۆگرتووە، کە هەریەکەیان خاوەنی کلتووری جیاواز و بەروبووم و دەستکەوت و سامانی سروشتیی تایبەت بە هەرێمەکەیان بوون، نەبوونی هیچ بەربەستێکیش بۆ گەشتکردن و بازرگانیکردن، سوودێکی گەورەی بە بواری بازرگانی گەیاند، بە کردنەوەی دەروازەی نێوان هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئیسلامی و فراوانبوونی مامەڵەی بازرگانیی نێوانیان یارمەتیدەربوو بۆ دەرکەوتنی پێگەی زۆرێک لە شارەکان و گەشەکردنیان، ناچوونییەکیش لە دابەشبوون و فرەچەشنی لە بەرهەمی ئاژەڵی و کشتوکاڵی و بەرهەم و کاڵا و پێویستییەکان دیکەش، ئارەزووی کەسانی ناوچەکانی دیکەشی بۆ گەشت بۆ وڵاتان بزواند، کە هەست بە تاموچێژی بەرهەمەکانی یەکدیکە بکەن و پێویستییەکانی خۆشیان دەستەبەربکەن (ابن الفقە، ١٩٩٦،٥١١-٥١٢).

لایەنێکی دیکەی ژیانی ئابووری دانیشتووانی شار بریتیبووە لە لایەنی پیشەگەری و کاری هونەری دەستی و گڵێنەسازی و کلکاری، سەرباری فرەیی لە پیشە و کارە دەستییەکان، لە نموونەی (زێڕنگەر، دارتاش، ئاسنگەر، کورەچی، بازرگان، بەیتاڵی، دوکاندار، خەتخۆشی، عەتار، مزگەر، بەرگدرویی، پینەدۆزی، نانەوایی، سەراجی و دەلاڵ) (توفیق، ٢١٤، ٧٥-٧٦)، هەموو ئەمانە ڕۆڵێکی گرنگیان لە ڕێکخستنی کۆمەڵگەی کوردیدا گێڕاوە، ڕووخساری شارستانیی شاریان پێکهێناوە، هەربۆیە بە ژیان و ئامرازی بزوێنەری شار هەژماردنکراون، کە لە شێوەی زانایان و پیشەوەران و بازرگان و دەستڕەنگین و پیشەگەرانن، کە لە شاردا ئەفراندن دێننە کایەوە و پێویستیی یەکتری پڕدەکەنەوە (القزويني، ١٩٦٠، ٧)، بە جۆرێک لە جۆرەکان لە شارەکاندا دابەشکردنی کاریان هێناوەتە ئاراوە، کە بە هۆکارێک لە هۆکارەکانی گەشەکردنی شار دادەنرێت، چونکە هەرکاتێک کۆمەڵگەی شار و ئاوەدانی فراوانبێت کار و پیشەکانیش زۆر دەبن و دەگەنە قۆناغی کەمالی، بە پێچەوانەشەوە کە خەڵکی خواستیان لەسەر بەرهەم و کالاکان نەبوون تەنها لە هەوڵی شتە پێویستییەکاندا بوون، ئیدی گەشەکردنی شارەکانیش دەوەستێت (ابن خلدون، ٢٠١٦، ٢، ٦٣، ١٧٢)، بەڵام هەروەختێ ئەمانە بوونە پێویستیی دانیشتووان، بەم هۆیە شار ژمارەیەکی زیاتر لە دانیشتووان و خەڵکی هەمەکارە بۆ لای خۆی ڕادەکیشێت، ئیدی پەیوەندی هەمەلایەنە لە نێوانیاندا دروستدەبێت، بەمەش شار زیاتر دەبووژێتەوە، ئەمەش سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکە، کە هەندێکیان بۆ هەندێکی دیکە دەبنە یارمەتیدەر و هاوکار، لە شاریشدا ئەم هەلومەرجە دەڕەخسێت.

بەرهەرحاڵ لەوەی لەمبارەیەوە بە کورتی خرایەڕوو، ئەوە دەردەکەوێت کە ڕەهەندی ئابووری وەک کایەکی گرنگی ژیانی جڤاکیی کۆمەڵگە، دەرئەنجامی گرنگی لەسەر ژیانی شارستانی و سیستەمی شارنشینی و گەشەکردنی شارەکاندا بینیوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتی،

ڕۆشنبیری، هونەری، ئاواکاری کاریگەریی گەورەیان کردۆتە سەر گەورەبوونی قەبارەی شارەکان، لەوانەش لەماوەی لێکۆڵینەوەدا کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی سیاسیی میرنشینە خۆجێییە کوردییەکانی و بەشێک لە ئەتابەگی و ئورتوقییەکان قەبارەی شارە کوردییەکان ڕوویان لە هەڵکشان کردووە، بوونە شاری پڕ جموجۆڵی ئابووری و بازرگانی و زانستی و ڕۆشنبیریش.

**سێیەم/ ڕەهەندی زانستی و ڕۆشنبیری:**

بێگومان بەشێک گرنگیی پێشکەوتنی لایەنە مادییەکانی شارستانیەت، لەژێر کاریگەریی لایەنی هزر و زانستدان، چونکە ئەوە بیری داهێنەرانەی مرۆڤە، کە نوێگەری بە شێوازی ژیان و کەرەستە پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی دادێنێت و لە ڕووی چەندیەتی و چۆنیەتییەوە ژیانی جڤاکی و شارستانیشی بەرەو نەشونماکردن دەچێت، لە سایەی ئەو بارودۆخەش کە بەسەر ناوچە کوردنشینەکاندا هاتووە، لە دوای پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامی و دواتریش بە تایبەت دوای تێکەڵبوونی کورد لەگەڵ پێکهاتە نەتەوە موسڵمانەکان لەوانەش عەرەب و وەرگرتنی ئاینی ئیسلام، ئاشنابوون بە بنەما و پرەنسیپەکانی، وەک ئەرکێکی ئاینی لایەنی زانستی و ڕۆشنبیری کەوتە جوڵە و پێشکەوتن، لە ڕاستیدا گەشەکردنی لایەنی زانستی بە گشتی پەیوەندی بە کرۆکی ئیسلامەوە هەیە، بە تایبەتیش دوو سەرچاوە سەرەکییەکەی ئیسلام کە قورئانی پیرۆز و سوننەتن بوونەتە سەرچاوەی ئەفراندنی چەندین زانستی هەمەچەشن (السیوطي، ١٩٧٤، ١/ ١٦)، لەبەرئەوە سەرهەڵدان و دامەزراندنی سەدان فێرگەی زانستی، گەشەکردنی بەرفراوانی زانستی جۆراوجۆر لە مەڵبەندەکانی سنووری خانەی ئیسلامدا، دەرگای لەبەردەم زانا و داناکان و خوازیارانی ئەم بوارە کردەوە، کە بەبێ هیچ بەربەستێک بە مەبەستی بەدەستخستنی زانستی جۆربەجۆر گەشتی ناوچەی جیاواز بکەن (ابن خەلدوون، ٢٠١٦، ٢/

٥٦٥)، هەربۆیە لەم سۆنگەیەوە گەشتکردن لە پێناو بەدەستهێنانی زانست و زانیاریدا لای زانا و فێرخوازان بوو بە نەریتێکی باو، کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەستکەوت و داهێنانەکانی بەرفراوانتر دەبوون، تا ئەو ڕادەیە فراوانبوو فێرخوازان لە پێناویدا هەزاران میلیان دەبڕی (حسن، ٢٠١٣، ١٥١).

لەم نێوەندەشدا شارە کوردییەکان لە گەشەکردنی بزاڤی زانستی و شارستانیەتیی ئیسلامی، سوودی زۆریان وەرگرت، سەرباری بەشداریی زانایانی کورد لە بنیادنانی ئەو شارستانیەتەدا، بوونە دەریایەکیش لە زانست و زانیاریی هونەری فێرکردن و داهێنان، لە سایەی ئەو هەموو مزگەوت و دامەزراوە فێرکارییانەی کە لە شارە کوردییەکان هەبوون، سیاسەتی دەسەڵاتدارانیش هەلومەرجی شیاویان بۆ پێشخستنی ئەم لایەنە ڕەخساندووە (محمد، ٢٠١٢، ٤٤)، لەوانەش مزگەوت وەک گرنگترین دامەزراوەی ئاینی ڕۆڵی دیاری لە پێشکەوتنی لایەنی زانستیدا هەبووە، سیمای شارستانی و ئاوەدانیی شارەکانیش بووە، بۆیە لە شارە کوردییەکانیشدا زیاتر لە چەند دانەیەک لە مزگەوتی گەورە و بچووک ئاواکراون، بۆ نموونە لە شاری میافارقین و ئامەد چەندان مزگەوت هەبوون (ابن شداد،١٩٧٨، ١/٣، ٢٧٧، ٥٤٤)، لە شارەکانی دیکەی وەک (ماردین و نصیبین، همدان، الدینور، سلماس، ارمیە، موصل، بدلیس) بە گشتی خاوەنی ئەمجۆرە دامەزراوە ئاینییە بوون (المقدسي، ١٩٩١، ١٣٩، ١٤٠، ٣٧٥، ٣٧٦؛ عبوش، ٢٠٠٤، ٩٦)، ئەم لایەنە بە تایبەتیش دوای کردنەوەی قوتابخانەکانی (نظامیە) لە سەدەی (٥ک/ ١١ز)دا زۆر پێشکەوت، کە وەک یەکەمین دامەزراوەی فەرمیی فێرکاری بە فۆرمێکی تازە لە مێژووی ئیسلامیدا دامەزران (امین، ١٩٦٥، ٢١٨)، لە شارە کوردییەکانیش بەدەیان فێرگە بە ناوی جیاجیا کرانەوە، بۆ نموونە وەک قوتابخانەی شاری میافارقین، امد، سنجار، نصیبین و بدلیس ،حصن کیفا، ماردین و اربیل (ابن شداد، ١/١٩٧٨،٣، ٢٧٦، ٢٥٨، ٢١٤، ١٥٦؛ الاتروشي،

٢٠١٣، ٢٩٥)، بە جۆرێک گەشەیان کردووە هیچ شارێکیش ئەگەر بچووکیش بووبێت لەو جۆرە قوتابخانانە بێبەش نەبووە (ابو شامة، ١٩٩٧، ١/ ٩٨)، جگە لەو قوتابخانانە دامەزراوە زانستییەکانی دیکەی وەک خانەکانی فەرمووده، بیمارستان، کتێبخانە، خەڵوەتگە، دیر و کەنیسەکانیش ڕۆڵی بەرچاویان لە بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاریدا بینیوە (عبوش، ٢٠٠٤، ٩٢)، بێگومان میرنشینە کوردییەکان ڕۆڵی گرنگیان لە پێشخستن و دروستکردنی ئەم دامەزراوە ئاینی و زانستییانەدا بینیوە، ئەمەش بە تەرخانکردنی دراوی زۆر بۆ دروستکردنیان و دابینکردنی پێویستییەکانیان لە سەرچاوەی زانستی  و وەقفکردنی زەوی و گوند و ئاوایی لەسەریان، بۆ دابینکردنی خەرجیی مامۆستا و فێرخواز و پێویستییە مادییەکانی تریان (فارقی، ٢٠٠٧، ٦٥، ٧١؛ محمد، ٢٠١٢، ٤٤)، ئەمە گەشەکردنی لایەنێکی دیکەش دەردەخات، کە بریتییە لە لایەنی بیناسازی و ئاوەدانی و نۆژەنکردنەوەی قەڵا و شوورە و پرد و قەنتەرە و دامەزراوە زانستی و خزمەتگوزارییە تەندروستی و کۆمەڵایەتییەکان، کە میر و سەرداری شارەکان ڕۆڵی گرنگیان لەمبارەیەشەوە بینوە، بۆ نموونە میر (بدری حەسنوەیهی) کە لەمبارەیەوە داهاتێکی زۆری ساڵانە بۆ دروستکردنی ئەمجۆرە دامەزراوانە خەرجکردووە (ابن الجوزي، ١٣٥٩ه، ٧،٢٧٢؛ نەقشبەندی، ٤٥٤)، میر (نصر الدولەی مەروانی)یش لەمبارەیەوە ڕۆڵێکی دیاری بینیوە، تا دروستکردنی کۆشک و تەنانەت شاری تایبەت و بیمارستان و مزگەوت و زۆر کاری دیکە (فارقی، ٢٠٠٧، ٥٥،٦٥، ٧٧)، ئەمانەش لایەنێکی دیکەی گەشەکردنی شارەکان بوون.

بەمشێوەیە سەرباری بوونی ئەمجۆرە ناوەندانە، سەدان زانا لەبوارە جیاوازەکان لە شارە کوردییەکان دەرکەوتن، بەجۆرێ هیچ شار و شارۆچکەیەک نییە، بە تایبەت لە ماوەی نێوان سەدەکانی (٤-٦ک/ ١٠-١٢ز)دا دەیان زانا و شارەزا و پزیشک و شەرعزان تێیدا هەڵنەکەوتبێت، کە زۆربەیان بۆ خۆناساندن و دەرخستنی پێگەی شارەکان، ناوی

شارەکانیان وەک پاشگر بە ناوەکانیانەوە لکاندووە، بە تایبەت ئەم نەریتە لە سەدەی (٤ک/ ١٠ز) بەدواوە زیاتر برەویسەند، لە نموونەی (امدي، سنجاري، اربلي، حراني، شارزوري، الدينوري، همداني، اشنەي، سلماسي، خلاطي، حلواني و چەندانی دیکەش)، نەخاسمە بەشێک لە خێڵ و بنەماڵە کوردییەکان ڕۆڵیان لە ئاواکردن و پێشخستنی زۆرێک لە شار و شارۆچکە و ئاواییدا هەبووە (توفيق، ٢٠١٤، ٧٧)، بەم هۆیەشەوە خوازیارانی زانست بۆ وەرگرتنی زانست ڕوویان لەم شارانە کردووە، لەکاتێکدا پێشتر ئەو ناو و پێگە شارستانییەیان نەبووە، ئیدی خەڵکانێکی زۆر لە هەرێم و شارەکانی دیکەی خانەی ئیسلامەوە ڕوویان لە شارە کوردییەکان کردووە، سەردانی ئەو هەموو فێرخواز و مامۆستا و کەڵە زانا بۆ شارەکان چەندین وەچە و ڕیشەیان لەدوای خۆیان بەجێهێشتووە، ئەمەش بۆخۆی بۆتە هۆی ئەوەی چەندین بنەماڵەی زانستدۆست و بەخزمەت لە کوردستان بمێننەوە، بۆ نموونە بنەماڵەی (بني نباته)[٧]، کە نیشتەجێی (دیاربکر و میافارقین) بوون، بەگوێرەی لێدوانی (ابن الاثير) بێت تا سەردەمی ئەویش نەوە و وەچەیان لە شاری (میافارقین) هەرماون (د.ت، ٣/ ٢٩٤)، لە سەردەمی ئەرتوقییەکاندا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان هەبووە (عمادالدين خليل، ١٩٨٠، ٤٧٢)،. بنەماڵەی (ابن منعه) لە (تکريت)ەوە ماڵ و حاڵیان بۆ (هەولێر) گواستۆتەوە، کوڕ و نەوەکانی ئەم بنەماڵەیە خاوەنی دووکان و بازاڕی زۆر بوون، لەوانەش هەر لە شاری ناوبراودا پەڕاوگە و بازاڕگەی کتێبفرۆشی و لەبەرگرتنەوەیان هەبووە (ابن المستوفي، ١٩٨٠، ١/ ٢٣٢)، لە نموونەی بنەماڵەکانی دیکەی وەک (شاش، الحاجري، بدلجي و مهاجر، السلمي، بقل و النقيب و هبل) (الديوەچي، ١٩٥٨، ٩٦) ، چەند بنەماڵەیەکی دیکەی لەمجۆرەن، کە هەرئەوەندە بەسە وەکو بەڵگە ئاماژە بە ناوەکانیان بکرێت، کە بە هۆکاری زانستی و کاری ڕۆشنبیری هاتوونەتە کوردستان و تێیدا ماونەوە، هەموو ئەمانەش ڕۆڵی گرنگیان لە گەشەکردن و بووژانەوەی شارەکاندا هەبووە، کاریگەرییان لەسەر جوڵای ئابووری و شارستانی داناوە.

هەروەتر پێشکەوتنی بزافی زانستی و ڕۆشنبیری کاریگەریی گرنگی لەسەر گەشکردنی شارەکان دانا، سەرەڕای ئەوەی قەبارەی شارنشینانی لە ڕووی ژمارەوە زیادکردووە، کاریگەریشی لەسەر ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگە بەجێهێشتووە، کە لە ڕووی چلۆنایەتی و بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەم خستیە جوڵەوە، چین و دەستە کۆمەڵایەتییەکانیشی بە ئاڕاستەی پێشکەوتن و هۆشیاریی زیاتر بردووە، کاریگەریشی لەسەر بووژانەوەی ئابووری و پیشەگەری و ئامرازە مادییەکانی دیکەش داناوە، پێگەیشتنی ئەو ڕێژە زۆرەی زانایان لە بوارە جیاوازەکانی زانستە ئاینی و عەقڵی و پراکتیکییەکان، بەرهەمی ئەو بارودۆخەن. کە سەیری مێژووی هەر شار و بنەماڵە و هۆز و هەرێمێکی کوردنشین دەکەیت، بەدەیان و سەدان زانای تێدا هەڵکەوتووە[٨].

لە لایەکی دیکەوە بوونی دەیان دامودەزگای زاستی و ڕۆشنبیری و تەندروستی لە شارەکان، خەرجکردنی داهات و وەقفکردنی زەویوزارێکی زۆر و بڕینەوەی موچە بۆ مامۆستا و وەئەستۆگرتنی تێچووی دامەزاوەکان لە لایەن میر و بەرپرسانەوە تایبەتکردنی ڕێژەیەکی باش لە داهاتی خەراج بۆ ئەم مەبەستە (یوسف، ٢٠١٤، ٢/ ١٦٩)، هەلی پێشکەوتنی زیاتری بۆ ئەم بوارە ڕەخساندووە، بێگومان ئەمانەش کاریگەرییان لەسەر گەشەکردنی ئاستی ڕۆشنبیریی شارستانیش هەبووە، لەگەڵ ئەم قۆناغەشدا دەرفەتی خۆشگوزەرانی و سوودوەرگرتن لە پێشکەوتنەکان تاموچێژی زیاتری بە ژیانی شارنشینان دەبەخشی، ئیدی وابەستەی بە شار دەکردن و حەزی شارنشینیشی لای خەڵکی دەوروبەری و گوندنشینانیشی دروستکردووە، بە تایبەت دوای گەشەکردنی لایەنی پیشەگەری و شارستانی، هەلیکاری دەستڕەنگینیی زیاتر لە ناوەندی شار ڕەخسا، بە جۆرێک شارەزایی لە دروستکردنی کەلوپەلەکان بوو بە ناسنامەی بەشێک لە شارەکان (بڕوانە: الجاحظ، ١٩٩٤، ٣٠، ٣٤؛ ابن حوقل، ١٩٣٨، ٢/ ٣٦٣؛ خۆشناو، ٢٠١٤، ٢٨٤)، لە زۆربەی شارەکانیش چەندان

وەستا و دەستڕەنگینی بواری پیشەگەری لە نموونەی (زێڕنگەر، مسگەر، دارتاش، درومانچی، ئاسنگەر، بازرگان، دەڵاڵ و کورتاندروو) دەرکەوتن، ئەمەش بە گەشەکردنێکی گرنگی چینی ناوەڕاست دادەنرێت، کە لە توێژی ڕۆشنبیران و خوێندەوار و زانا و کەسانی هەمەکارەی دیکەش پێکهاتبوون، کە پێکهاتەیەکی سەرەکی ژیانی شارنشینی و مەدەنیی کۆمەڵگان و بە گەشەکردنێکی ئەو قۆناغ مێژووییە دادەنرێن، بەمەش پێگە و جێگەی شارەکان بەرزدەبووەوە و ناوبانگی زیاتریان پەیدادەکرد و بەرەو لوتکە هەڵدەکشان (حسین، ٢٠١٠، ٢٧٤).

سەربارى ئەو ڕەهەندانەی کە بە کورتی ئاماژەیان بۆکرا، دەکرێت هۆکار و ڕەهەندی دیکەش بە جۆرێک لە جۆرەکان هەبووبن، کە بواری زیاتریان بۆ شارەکان و دانیشتووانیشی ڕەخساندووە، کە بەرەو فراژۆبوون و گەشەکردنی زیاتری بردوون، بۆ نموونە هۆکاری کۆمەڵایەتی و سەربازی و هۆکاری لاوەکیی دیکەش، بەڵام لەبەر درێژنەبوونەوەی توێژینەوەکە هەوڵدراوە کە زیاتر لە چوارچێوەی ڕەهەندەکانی سەرەوە ئاماژە بۆ بابەتەکە بکرێت.

**ئەنجام:**

١. شار و شارنشینی لە کوردستان مێژوویەکی کۆنە هەیە، بە تەنها بەماوەی لێکۆڵینەوەکە پەیوەست نەبووە، بەپێی قۆناغ و سەردەمەکان و ئەو هەلومەرجە گشتییەی بۆیان ڕەخساوە، باری جیاوازیان لە گەشەکردن و فراوانبوون بەخۆوە بینیوە.

٢. هەمیشە هۆکارە سروشتییەکان و شوێنی جوگرافی بە ڕەهەندە جیاوازییەکانیەوە، ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر گەشەکردنی ژیانی جڤاکی و شارستانیی کۆمەڵگە دادەنێت، ناوچە کوردنشینەکانیش بە گشتی و زۆرێک لە شارەکان بە تایبەت، خاوەنی خەسڵەتی سروشی و هەڵکەوتەی ستراتیجی و جوگرافیی گرنگ بوون، کە هەلی گەشەکردنی زۆریان لەبەردەم شارە کوردییەکاندا ڕەخساندووە، بە تایبەت لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا بەهۆی هەڵکەوتەیان لە ناوەڕاستی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای خانەی ئیسلامدا بایەخی ئەو ڕەهەندەی زیاتر دەرخستووە، هۆکارێکی کاریگەربووە بۆ زیاتر گەشەکردن و گەورەبوون، لە لایەکی دیکەشەوە مێژووی کۆنی شارەکان و پاشخانی ئاینی وەک کلتوور و پاشماوەی دامەزراوە ئاینییەکان، وەک ڕەهەندێکی دیکە ڕۆڵیان لە گەشەکردنی شارەکاندا بینیوە.

٣. لەم نێوەندەدا ڕەهەندی سیاسی و کارگێڕیش چالاکانە لەم قۆناغەدا ڕۆڵی گرنگی بینیوە، بە تایبەت دوای دەرکەوتنی دەسەڵاتە خۆجێیەکان هۆکارێکی چالاکبوو بەهۆی پێویستییان بە دامەزراندنی دامودەزگای کارگێڕی و بەڕێوەبردن، چ جای ئەوەی بەشێک لە شارەکان بوونە مەڵبەندی فەرمانڕەوایی و کارگێڕی، ئەمە و سیاسەتی میر و دەسەڵاتدارانی شارەکان، بە تایبەت سیاسەتی لێزانانەی هەندێ میری کوردی ڕۆڵی گرنگیان لە پێشخستنی

شارەکاندا بینیوە، بە ئەنجامدانی پڕۆژەی ئاواکاری و بیناسازی و پێشخستنی لایەنی ئابووری و بازرگانی و دابینکردن و خەرجکردنی دراوێکی زۆر بۆ دەیان پڕۆژەی ئاوەدانی و دامەزراوەکان.

٤. دەوڵەمەندیی زۆرێک لە شارە کوردییەکان بە کەرەسەتە و سامانی سروشتی و هەڵکەوتەیان وەک ناوەندێکی بازرگانیی ناوخۆیی و دەرەکی، دەرفەتی زۆری لەبەردەمدا کردنەوە، کە هەنگاو بەرەو گەشەکردن و بووژانەوە بنێن، بە جۆرێک ڕەهەندی ئابووری ڕۆڵی بینیوە، کە نموونەی ناوچەی واهەیە، لە شوێنێکی فەرامۆشکراوە بە کاریگەریی ئەم هۆیەوە بۆتە شارۆچکەیەکی ئاوەدان و پڕ جموجۆڵ، (دنیسر) نموونەیەکی ئەو شوێنانەن، چ جای دەرکەوتن و دامەزراندنی دەیان دامەزراوەی بازرگانی لە نموونەی دووکان و بازاڕ و خان و میوانخانە، سەرباری بوونی دەیان ڕێگا کە شار و شارۆچکەکانی کوردستان و خانەی ئیسلامییان بەیەکەوە بەستۆتەوە، لە نموونەی ڕێگای خوراسانی گەورە.

٥. گەشەکردنی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری و دەرکەوتنی دەیان ناوەندی ئاینی و زانستی و زاناکان ڕۆڵی گرنگیان لە پێشخستنی لایەنی شارستانی و بووژانەوەی شارەکاندا هەبووە، ئەمە و دەستی کار و لایەنی هونەریشی بەدوای خۆیدا هێناوە، کە وەک مەرجێکی دیکەی گەشەکردنی شارستانی دێنە هەژمار، کە بێگومان لە شارە کوردییەکانیش بە سوودوەرگرتن لە ئەزموون و گەشەکردنی ئاستی هۆشیاری و زانستی چەندان دەستڕەنگین و وەستاکار لە بوارە جیاوازەکان دەرکەوتن، کە ڕۆڵی گرنگیان لە گەشەکردن و دەرخستنی ناوی شارەکان لێکەتۆتەوە.

## پەراوێزەکان

١. پیشووتر باسی ڕەگەزە سروشتییەکان کراوە، بە پێویست نەزانراوە دووبارەبکرێنەوە، بۆ زانیاریی زیاتر بۆ نموونە بڕوانە: حکیم احمد خۆشناو، کورد و کوردستان، ل ل١٦٩-١٨٤؛ تارا محمد دەشتی، کورد و ناوچە کوردنشینەکان، ل٩٨- ل١٢٦.

٢. صائیبەکانی ئەم شارە بە شوێنکەوتەی حەزرەتی(ابراهیم) دەزانن، بۆچوونی تریش هەیە لەسەر ئەم پێکهاتە ئایینەی ناوچە کوردنشینیەکان، لەمبارەیەوە بڕوانە: بناز اسماعیل، أهل الذمه في بلاد الكرد، ٦٢.

٣. الزاویا( گۆشەکان ): بریتیبوون لە گۆشەیەک لە مزگەوتن و تایبەتکردنی بۆ خواپەرستی و کاری پەروەردە و فێرکردن، بە تایبەت دوای فراوانبوون و گەشەکردنیان وەک مزگەوتێکی بچووکیان لێهات، خانەقا (خانکاە)ش ک لە بنچینەدا وشەیەکی فارسییە، بەمانای ماڵ دەهاتن یاخود شوێنێکی تایبەت بە سۆفەییەکان، ربط: کە بنچینەی وشەکە لە قورئانەوە وەرگیراوە، بە مانای پەیوەستبوون بە سەنگەری بەرگری دژی بێباوەڕان هاتووە، پاشان گەشەیان کردووە بوونە ناوەندی زانستی و خوێندن. عبوش، المدینة الکوردیة، ص١٠٤، ١١٠.

٤. الطسوج: بە مانای ناحیە دێت، فیروز ابادي، القاموس المحیط، ص ١٩٧.

٥. وەنەبێت دەسەڵاتی ئەو بنەماڵەیە کاریگەریی خراپیان لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کاری وەرزێری و دەستگرتن بەسەر ماڵ و موڵکی هۆزە کوردەکاندا نەبووبێت، بەڵام لێرەدا جێی مەبەست نییە باسبکرێن.

٦. باسکردن لە هۆکار و سەرهەڵدانی میرنشینەکان و پەیوەندی و ڕۆڵی سیاسییان جێی مەبەست نین، بە گشتی لەسەر مێژووی میرنشینەکانی سەردەمی عەبباسی ژێدەری زۆر هەن، بۆ زانیاریی زیاتر، بۆ نموونە بڕوانە: حسام الدین النقشبندي، اذربیجان، ص١٠٩؛احمد عبد العزیز، الامارة

الهذبانية؛ اسماعيل شكر، الامارة الشدادية؛ قادر محمد حسن، الامارات الكردية، چەندانی تر.

٧. بني نباتة: بنەماڵەیەکی عەرەبیی نێودار بوون، کە نێوەکەیان بۆ سەر باپیرە گەورەیان ابن نباتە (م.لە٤٠٥ک/ ١٠١٤ز) دەگەڕێتەوە، لە بەغداوە بۆ جزیرە کۆچیانکردووە، هەر بە بنەماڵە بە وتاربێژ بەناوبانگ بوون، السمعاني، الانساب، مجلس دائيره المعارف العثمانية،(حيدر اباد: ١٩٦٢)، مج ١٣، ص٢٢؛ ابن الاثير، اللباب في تهذيب الانساب، دار صادر،(بيروت: د.ت)، ج٣، ص٢٩٤.

٨. دیارە نموونەکان لەمبارەیەوە زۆرن لێردا جێی مەبەست نین دووبارەبکرێنەوە، بۆ نموونە بۆ زانیاری بڕوانە: امید ابراهيم جوزەلي، الحياة العلميه في اربل، ص ١٢١ ؛ آكو برهان، الحياة الثقافية في دياربكر، ص١٠٧ ومابعد.

**سەرچاوەکان:**

## سەرچاوە ڕەسەنەکان بە زمانی عەرەبی:


- ابن الاثير : عزالدين ابي الحسن على بن ابي الكرم محمد بن محمد الشيباني(ت٦٣٠ ه/١٢٣٢م).

- الباب في تهذيب الانساب، دار صادر،(بيروت: د.ت).

- الادريسي : محمد بن محمد بن عبدالله بن ادرسي(ت٥٦٠ ه /١١٦٥م).

- نزهة المشتاق في اختراق الافاق، دار الكتب العلمية، ط ١،( بيروت: ١٤٠٩ ه).

- ابن الأزرق: محمد بن علي بن محمد الأصبحي الأندلسي(المتوفى: ٨٩٦هـ/ ١٤٩١م).

- بدائع السلك في طبائع الملك، المحقق: د. علي سامي النشار، الناشر وزارة الإعلام – العراق،(د.ت).

- الاصطخري: ابو اسحاق ابراهيم بن محمد الفارسي(٣٤٦ ه / ٩٥٧م).

  ○ المسالك والممالك، دار صادر،(بيروت:٢٠٠٤).

- البغدادي: أبو بكر أحمد بن محمد بن هارون بن يزيد الخلال البغدادي الحنبلي(ت.٣١١هـ/ ٩٢١م).

- الحث على التجارة والصناعة والعمل والإنكار على من يدعي التوكل في ترك العمل والحجة عليهم في ذلك، تصنيف أبو عبد الله محمود بن محمد الحداد، دار العاصمة،(الرياض: ١٤٠٧ ه).

- الجاحظ: ابو عثمان عمرو بن بحر(ت. ٢٥٥ ه / ٨٦٨م).

- التبصرة بالتجارة في وصف ما يستظرف في البلدان من الأمتعة الرفيعة والأعلاق النفيسة والجواهر الثمينة، المحقق: حسن حسني عبد الوهاب التونسي، مكتبة الخانجي، الطبعة الثالثة،( القاهرة: ١٩٩٤م).

- ابن الجوزي : الإمام ابي الفرج عبدالرحمن بن علي ابن محمد بن علي(ت ٩٧ ه /١٢٠٠م).

○ المنتظم في تاريخ الملوك والامم ، مطبعة دائرة المعارف العثمانية، حيدراباد،(دكن: ١٣٥٩ ه).

- الحميري: أبو عبد الله محمد بن عبد الله بن عبد المنعم(المتوفى: ٩٠٠ ه / ١٤٩٥مـ)

- الروض المعطار في خبر الأقطار، المحقق: إحسان عباس، مؤسسة ناصر للثقافة، دار السراج، الطبعة الثانية،( بيروت: ١٩٨٠م).

- ابن حوقل: ابي القاسم النصيبي(ت٣٦٧ ه /٩٧٧م).

- صورة الأرض، دار صادر(افست ليدن)،(بيروت: ١٩٣٨).

- ابن خرداذبة: أبو القاسم عبيد الله بن عبد الله(ت.٢٨٠هـ/ ٨٩٢م).

- المسالك والممالك، دار صادر أفست ليدن،(بيروت:١٨٨٩م).

- السيوطي: الامام جلال الدين عبدالرحمن بن ابي بكر(ت٩١١ ه /١٥٠٥م).

- الاتقان في علوم القران، المحقق محمد ابو الفضل ابراهيم، الهيئة الصرية العامة للكتاب،(د.م:١٩٧٤).

- ابو شامة: شهاب الدين ابي محمدعبدالرحمن بن اسماعيل(ت٦٦٥ ه /١٢٦٦م).

- الروضتين في اخبار الدولتين النورية والصلاحية ، تحقيق ابراهيم الزبيق، مؤسسة الرسالة، ط ١،(بيروت: ١٩٩٧).

- ابن شداد: عزالدين محمد بن علي(ت٦٨٤ ه /١٢٨٥م).

- الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام والجزيرة ،ج٣،ق١،تحقيق يحيى عبارة ، وزارة الثقافة والارشاد القومي،(دمشق:١٩٧٨).

- الشيزري: عبد الرحمن بن نصر بن عبد الله أبو النجيب الشافعي(ت.٥٩٠هـ/ ١١٩٠م).

- نهاية الرتبة الظريفة في طلب الحسبة الشريفة، مطبعة لجنة التألف و الترجمة و النشر،(د.م:د.ت).

- الصابي: ابو الحسين هلال بن محسن(ت. ٤٤٨ ه / ١٠٥٦م).

- رسوم دار الخلافة، المحقق ميخائيل عواد، دار الرائد العربي، الطبعة الثانية،(بيروت: ١٩٨٦م).

- الفارابي: أبو نصر محمد بن طرخان(ت ٣٣٩ هـ /٩٥٠م).

- كتاب اراء أهل المدينة الفاضلة، قدم له و علق عليه البير نصري نادر، دار المشرق، الطبعة الثانية،(بيروت: ١٩٨٦م).

- الفارقي: احمدبن يوسف علي بن الازرق(٥٧٧ ه /١١٨١م).
- تاريخ ميافارقين، تحقيق كريم فاروق الخولي و يوسف بالوكن، نوبهار، ط١،(اسطنبول: ٢٠١٤).
- ابن الفقه الهمداني: أبو عبد الله أحمد بن محمد بن إسحاق(ت. ٣٦٥ ه / ٩٧٧م).
- البلدان، المحقق يوسف الهادي، عالم الكتب، ط١،(بيروت: ١٩٩٦).
- قدامة بن جعفر: ابي فرج البغدادي(ت٣٣٧ ه /٩٤٨م).
- قدامة بن جعفر، الخراج و الصناعة الكتابة، دار الرشيد،(بغداد:١٩٨١).
- ابن المستوفى: شرف الدين ابوالبركات المبارک بن احمد(ت٦٣٧ ه /١٢٣٩م).
- تاريخ أربل المسمى نباهة البلد الخامل بمن ورده من الامائل، تحقيق سامى بن السيد خماس الصقار، دار الرشيد،(بغداد:١٩٨٠م).
- المقدسى: ابوعبدالله شمس الدين محمد البشارى(ت٣٨٠ ه /٩٩٠م).
- أحسن التقاسيم فى معرفة الاقاليم، علق عليه محمدامين الضناوى، مكتبة مدبولي، ط٣،(القاهرة: ١٩٩١).
- المؤلف مجهول(ت٣٧٢ ه /٩٨٢م).
- حدود العالم من المشرق الى المغرب، تحقيق يوسف هادي، دار الثقافة للنشر،(القاهرة:١٤٢٣ه).

- ناصر خسرو: ابومعين الدين القباديانى المروزى(ت٤٨١ ه /١٠٨٨م).
- سفرنامه، نقله الى العربية وقدم له وعلق عليه يحيى الخشاب، دار الكتاب الجديد، ط٣،(بيروت:١٩٨٣).
- الهروي: أبو الحسن علي بن أبي بكر بن علي(ت.٦١١هـ/ ١٢١٤م).
- الإشارات إلى معرفة الزيارات، مكتبة الثقافة الدينية، ط ١،(القاهرة: ١٤٢٣ه).
- ياقوت الحموى: شهاب الدين بن عبدالله(ت٦٢٦ ه /١٢٢٩م).
- معجم البلدان، دار صادر، ط٢،(بيروت: ١٩٩٥).\
- **سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:**
- ئیبنو ئەزرەقی فارقی(م.لە ٥٧٧ک/ ١١٨١ز):
- مێژووی میافارقین و ئامەد،وەرگێڕانی قادرمحەمەد پشدەری و ئاکۆبرهان محەمەد، چاپخانەی منارە،(هەولێر:٢٠٠٧).
- ابن خلدون: عبدالرحمن بن محمد(م.له٨٠٨ک/ ١٤٠٥ز).
- موقەدیمەی ئیبن خەلدون، وەرگێڕانی سەعید بەشیر، چاپ و پەخشی ڕێنما، چ١،(سلێمانی:٢٠١٦).

**ژێدەرەکان بە زمانی عەرەبی(المراجع).**

- ادريس محمد حسن الدوسكي:

- همدان من الفتح الاسلامي الى سقوطها بيد المغول، دار سپيريز،(اربيل: ٢٠٠٦)
- اكو برهان محمد:
- كوردستان دراسة في النظم التجارية و المالية من القرن ٤-٧ الهجرية/ ١٠-١٣الميلادية، مركز الابحاث كويه، ٢٠١١.
- الحياة الثقافية في دياربكر في العصر العباسي، مطبوعات الاكاديمية الكوردية،( اربيل: ٢٠١٢).
- بناز اسماعيل عدو:
- اهل الذمة في بلاد الكرد في العصر العباسي(١٣٢- ٤٤٧ه / ٧٤٩-١٠٥٥م) دراسة تأريخية تحليلية، مؤسسة موكرياني،(هولێر: ٢٠١١).
- حسام الدين النقشبندي:
  - اذربيجان في العصر السلجوقي دراسة في احوالها السياسية و الادارية والعسكرية، المركز الاكاديمي الابحاث،(بيروت: ٢٠١٣).
- حسين امين:
- تاريخ العراق فى العصر السلجوقى، مطبعة الارشاد,(بغداد:١٩٦٥م).
- روندوك جبار چلبي:
- الكرد والحمدانيون(٢٥٤-٤١٤ه/ ٨٦٨- ١٠٢٣م)دراسة في العلاقات السياسية والحضارية،(اربيل:٢٠١٣).
- سعيد الديوچي:

- الموصل فى العهد الاتابكى، مطبعة شفيق،(بغداد:١٩٥٨م).
- سيپان حسن على بنگلى:
- حصن كيفا دراسة في تاريخها السياسي والحضاري(١٢٠٠- ١٣٠٠م)، دار سپيرێز،(دهوك:٢٠٠٥).
- صبري فارس الهيتي و صالح فليح حسن:
- -جغرافية المدن، دار الكتب،(الموصل: ١٩٨٦).
- عبدالرقيب يوسف:
- الدولة الدوستكية فى كردستان الوسطى، القسم الحضارى ج٢، الطبعة الثالثة،(السليمانية :٢٠١٤).
- عماد الدين خليل:
- الامارات الارتقية فى الجزيرة والشام(٤٦٥-٨١٢ ه /١٠٧٢-١٤٠٩م)على المقاومة الاسلامية للصليبيين والتتر، مؤسسة الرسالة،(بيروت:١٩٨٠م).
- عبد علي الخفاف و محمد صالح الدسومي، المبادىء العامة لجغرافية المدن، دار الكندي،( الاردن: ١٩٩٩م).
- فرهاد حاجى عبوش:
- المدينة الكوردية من القرن(٤-٧ ه /١٠-١٣م)دراسة حضارية، دار سپيرێز،(دهوك:٢٠٠٤م).
- فؤاد قزانجي:

- مدن عراقية عبر التاريخ، وزارة الثقافة و الشباب،(اربيل: ٢٠١٠م).
- كايد عثمان ابو صبحة:
- جغرافية المدن، دار وائل، ط١،(د.م: ٢٠٠٣).
- هدار صالح سليم الاتروشي:
- الكورد في الكتاب الأعلاق الخطيرة لابن شداد، مطبوعات الاكاديمية الكوردية،(اربيل: ٢٠١٣).

**ژێدەرەکان بە زمانی کوردی:**

- ئاکۆ بورهان محەمەد:
- ئابوری کوردستان لەسەردەمی عەبباسیدا، زانکۆی سەلاحەددین،(هولێر: ٢٠١٢).
- چرا محمود حسن:
- بزافی زانستی دینەوەر لەسەدەی سێیەم وچوارەمی کۆچی/ نۆیەم ودەیەمی زایینی،(سلێمانی: ٢٠٠٣).
- حەکیم ئەحمەد خۆشناو:
- کورد و کوردستان لە دیدی گەریدە و وڵاتناسانی موسڵمان(٢٣٢-٦٢٦ک/ ٨٤٦-١٢٢٩ز)،وەرگێڕانی شوکر سلێمان، چاپخانەی موکریانی، چ١،(هەولێر: ٢٠١٤).
- حسام الدين على غالب نەقشبەندی:

- شارەزوور و لورستانی باکور لە سەدەکانی ناوەراستدا(لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی شارستانیە)، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە ڕەنج ئەبوبکر، چاپخانەی حەمدی،(سلێمانی:٢٠٠٨ز).

- رەسول ڕەبانی:

- -کۆمەڵناسی شار، و.چەکۆ ئەحمەدی، چاپخانەی ڕۆژهەلات،(هەولێر: ٢٠١٣).

- زرار صديق توفيق:

- ○ کۆمەڵگای کوردەواری لە سەدەکانی ناوەراستدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات،( هەولێر: ٢٠١٤ز).

- موحسین موحەممەد حسێن:

- هەولێر لەسەردەمی ئەتابەگییاندا، وەرگێڕانی عوسمان عەلی قادر، چاپخانەی حاجی هاشم، چ١،(هەولێر: ٢٠١٠).

- هەمزە کاکە یاسین:

- حلوان لەسەردەمی خەلافەتی عەبباسی تا ڕوخانی میرنشینی عەننازی(١٣٢-٥١١ک/ ٧٥٠-١١١٧ز)، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی،(هەولێر: ٢٠١٣).

## نامە زانکۆیە بڵاونەکراوەکان:

- کوثر اسماعیل حسین:

- الحياة الاقتصادية والاجتماعية فى إقليمى آذربيجان وآران خلال القرنين الرابع والخامس الهجريين/العاشر والحادى العشر الملاديين،رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس كلية الاداب جامعة صلاح الدين،(اربيل:٢٠٠٢م).
- محمود ياسين التكريتي:
- الامارة المروانية في دياربكر والجزيرة، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الاداب جامعة بغداد،١٩٧٠.

**الملخص:**

يعد البحث عن تطور المدن و نموها ذا اهمية كبيرة في موضوع الجغرافية التاريخية، ولا سيما البحث عن الابعاد و العوامل التي ادت الى هذا التطور و النمو، حيث ان هناك اسباباً مختلفة وراء نمو المدن وتطورها عبر التاريخ كظاهرة حضارية، فعادة ما تتوسع المدن و تطور وذلك تبعا لاسباب عدة كالعوامل الحضارية و الدينية، وعلى النقيض من ذلك قد تتقلص المدن لإسباب مغايرة لعملية التطور، ولا تُستثنى المدن الكردية في القرون الوسطى لهذه الظاهرة، خاصة بعد العملية الفتح الإسلامية في المناطق الكوردية تطورت هذه المدن تدريجياً، وسيركز البحث بالدرجة الأساس على جانب محدد وهو ازدهار المدن الكوردية أو الابعاد تطورها، لذا سيعالج البحث هذه الظاهرة التاريخية المهمة مع ذكر بعض الأسباب الأخرى أيضا، معتمدين في دراسة هذه الظاهرة على المصادر الأولية المختلفة.

الكلمات المفتاحية: الأبعاد ، التطور ، المواقع الجغرافية ، المناطق الكردية.


**Abstract**

It is important to conduct research about the development of cities. Therefore, in the angle of the historical geography it is significant to investigate the development of cities. It is quite obvious there are various reasons behind the grew and development of cities. Throughout the history, as the civilized phenomenon, in the different stages of the history normally cities are increasing and developing. By contrast, sometimes as a result of some other factors, cities are shrinking and decreasing, the Kurdish cities in the medieval centuries are not exempted. It could be said that, often a city may have more than one factor for improvement, or has a unique factor. Here, the research focuses on the flourishing and development of the Kurdish cities, however, here and there these

cities were mentioned but since the Islamic process of liberation in the Kurdish regions, these Kurdish cities gradually developed, there are some reasons led to these cities to be improved. This research was dedicated to investigate the development of these cities, and it depends on various primary sources.

Keywords: dimensions, development, geographical locations, Kurdish

هەرێمە کوردییەکان و هەندێ لەشارەکان لەسەردەمی (عەبباسیدا https://www.medaratkurd.com)



https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2253.6

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# پەیوەندیی نێوان خەلیل خۆشەوی و شێخ ئەحمەدی بارزان لەژێر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکانی بەریتانی و تورکیدا ١٩٣١ – ١٩٣٦

د. بژار عثمان أحمد

فاکەڵتیی ئاداب/ زانکۆی سۆران

bzhar.ahmed@hist.soran.edu.iq

ڕۆژ عەبدوڵڵا عادل

زانکۆی سۆران

rozh.adil@soran.edu.iq

**پوختە:**

کپکردنەوەی جووڵانەوەی شێخ ئەحمەدی بارزان لە لایەن حکومەتی عێراقی بە پاڵپشتیی هێزی فرۆکەوانیی بەریتانیا نەبووە هۆی لەناوچوونی جووڵانەوەی ئازادیخوازی لە دەڤەری بارزان، بەڵکو شۆڕشی یەکەمی بارزان بوو بە هۆی دەرکەوتنی چەندین سەرکردەی دیار لەناو بارزانییەکان، کە لە دیارترینیان (خەلیل خۆشەوی) بوو، ناوبراو لە دواتردا بەردەوامبوو لە جووڵانەوە و شەڕ لە دژی حکومەتی عێراقی، بۆ ئەمەش هەمیشە بە پێی ڕێنماییەکانی شێخ ئەحمەدی بارزان دەجووڵایەوە و ڕێنمایی لە شێخی بارزانەوە وەردەگرت. هەر ئەمەش بووبووە هۆی سەرئێشەیەکی زۆر بۆ حکومەتی عێراقی و ناچاری کرد داوای هاوکاری و هەماهەنگی لە بەریتانیا و ئێران و تورکیا بکات، تاکو جووڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوی سەرکوت بکات. تەنانەت هەندێ سەرچاوە جووڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوی بە شۆڕشێکی جیاواز لە شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزانی هەژماردەکەن، لە کاتێکدا خەلیل خۆشەوی ڕێنمایی و فەرمانەکانی شێخ ئەحمەدی جێبەجێ دەکرد، هەمیشە وەکو سەرکردیەکی دڵسۆز و متمانەپێکراوی شێخ ئەحمەد بوو، هەر بۆیە جووڵانەوەکەشی تەواوکاری شۆڕشی یەکەمی بارزان بوو. بە گشتی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ نیشاندانی پەیوەندیی نێوان خەلیل خۆشەوی و شێخ ئەحمەدی بارزان ١٩٣١-١٩٣٦. ئەویش بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەکانی بەریتانی و تورکیا.

**وشە کلیلییەکان:** خەلیل خۆشەوی، بارزان، کورد، مێرگەسۆر، مزووری.

## پەیوەندیی نێوان خەلیل خۆشەوی و شێخ ئەحمەدی بارزان لەژێر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکانی بەریتانی و تورکیدا ١٩٣١ – ١٩٣٦

## پێشەکی:

جووڵانەوەی خەلیل خۆشەوی ١٩٣١-١٩٣٦ لە بەڵگەنامەکانی بەریتانی و تورکیدا بە تەواوکاری شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزان هەژماردەکرێت، چونکە ناوبراو وەکو سەرکردەیەکی سەربازیی لێهاتوو و دڵسۆزی شێخی بارزان بووە. هەروەها خودی جووڵانەوەکەی ئەو لە ئەنجامی خراپیی بارودۆخی دەڤەری بارزان و پاشگەزبوونەوەی حکومەتی عێراقی لە بەجێگەیاندنی بەڵێنەکانیان بۆ دەڤەری بارزان و بێئومێدبوونی خەڵکەکە لە حکومەتی عێراقی وایکرد ئەم جووڵانەوەیە سەرهەڵبدات و شۆڕشی یەکەمی بارزان کۆتایی پێ نەیەت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی تەنها خەلیل خۆشەوی بڕیاری لێبوردنی لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بۆ دەرنەکرا، لە کاتێکدا هەموو بارزانییە بەشداربووەکانی شۆڕشی شێخ ئەحمەد لێبوردنیان بۆ کرا، ئەمەش هۆکارێک بوو کە خەلیل خۆشەوی جووڵانەکەی پەرەپێبدات.

ئەوەی لێرەدا جێگای ئاماژەبۆکردنە سەرچاوەکان لە بارەی خەلیل خۆشەوییەوە زۆر کەمن و وەکو پێویست پشتیان بە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتی عێراقی و تورکی و بەریتانی نەبەستووە، هەر ئەمەش وایکردووە تێڕوانین و بۆچوونی جیاواز لە بارەی خەلیل خۆشەوییەوە دروستببێت. زیاتر لەوەش، شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزان و خەلیل خۆشەوی بە دوو جووڵانەوەی جیاواز هەژماردەکەن. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا باس لە پەیوەندیی نێوان خەلیل خۆشەوی و شێخ ئەحمەدی بارزان دەکەین، ئەویش بە پشتبەستن بە بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی بەریتانی و تورکی. هەروەها ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە تیشک بخەینە سەر خاڵە نهێنییەکانی پەیوەندیی نێوان شێخی

بارزان و خەلیل خۆشەوی لە ماوەی ساڵانی ١٩٣١-١٩٣٦، هەروەها ڕادەی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوانیان پیشانبدەین، ئەویش بە پشتبەستن بە چەند میتۆدێکی زانستی لە پێش هەموویان میتۆدی شیکاریی مێژوویی و خستنەڕوو و شیکردنەوەی دەقی بەڵگەنامەکان وەکو سەرچاوەی یەکەم، هەروەها بەکارهێنانی سەرچاوە زانستییەکانی تر وەکو توێژینەوە زانستییەکان و نامەی ماستەر کە زانیاریی ورد لە بارەیەوە دەدەن، لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەش (ڕۆژ عەبدوڵڵا عادل: ناوچەی بارزان لە نێوان ساڵانی ١٩٣١-١٩٤٦ (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە)، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر: ٢٠١٠) ، (مەسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١-١٩٥٨، و: سەعید ناکام، دهۆک: ١٩٩٨) کە نموونەی سەرچاوەی گرنگی ئەم توێژینەوەیەن، هاوکات چەندین سەرچاوەی تر کە لە لیستی سەرچاوەکاندا ڕیزبەندکراون.

لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا پێی گەیشتووین بریتییە لەوەی کە خەلیل خۆشەوی و بنەماڵەکەی پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ شێخەکانی بارزان هەبووە. بە تایبەتی خودی خەلیل خۆشەوی یەکێک بووە لە کەسە هەرە نزیک و متمانەپێکراوەکانی شێخ ئەحمەدی بارزان. هەروەها حکومەتی بەریتانی هێندەی گرنگی بە خەلیل داوە بەهۆی کوژرانی پۆلیسێکی ئاشووری، هێندە لەبەر سەرکوتکردنی جووڵانەوەیەکی کوردی لەناو خاکی عێراقی نەبووە. لەگەڵ ئەمەشدا بۆمان دەردەکەوێت کە جووڵانەوەی خەلیل خۆشەوی درێژکەرەوەی شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزانە و بەڵگەنامەکان پیشانیدەدەن کە هەمیشە بە ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانی شێخ ئەحمەد جووڵانەوەکانی لە کوردستانی دیوی تورکیا و عێراق ئەنجامداوە.

ئەم توێژینەوەی ئێمە لە دەروازەیەک و سێ تەوەرەی سەرەکی پێکدێت، کە ئەوانیش دابەش دەبنە سەر چەند باسێک، لەوانە لە دەروازەدا باسی ڕەچەڵەکی بنەماڵەی خەلیل خۆشەوی کراوە، لە تەوەرەی یەکەمدا باسی جووڵانەوەی خەلیل خۆشەوی و پەیوەندی بە شێخ ئەحمەدی بارزان لە ڕوانگەی بەڵگەنامەکانی بەریتانی و تورکیدا کراوە. لە تەوەرەی دووەمدا باس لە دامەزراندنی پۆلیسی نانیزامی و کاردانەوەی حکومەتی عێراقی و تورکی بەرانبەر بە پەیوەندیی نێوان خەلیل خۆشەوی و شێخ ئەحمەدی بارزان لە باکووری کوردستان کراوە و لە تەوەرەی سێیەمدا باس لە هەماهەنگیی حکومەتی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و کوژرانی خەلیل خۆشەوی لە ڕوانگەی بەڵگەنامەکانی بەریتانی و تورکیدا کراوە. هەروەها توێژینەوەکەمان بە خستنەڕووی چەند ئەنجامێک کۆتایی پێ هێناوە.

بێگومان هیچ کارێک بێ هەڵە و بێ کەموکوڕی نابێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئێمە هەوڵمانداوە بەو پەڕی ئەمانەتەوە ڕووداوە مێژووییەکان تۆماربکەین و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەین، ئەویش بە پاڵپشتیی بەڵگەنامە بەریتانی و تورکییەکان.

## دەروازە: بنەماڵەی خەلیل خۆشەوی و پەیوەندییان بە جووڵانەوەکانی ڕزگاریخوازی بارزان:

خەلیل کوڕی خۆشەوی کوڕی ئاڤدیش عومەر عیسایە، لە ساڵی ١٩٠٦ لە گوندی (سێلکێ) لە ناوچەی (مزووریی باڵا - بارزان) لەدایکبووە، ناوبراو جێگای متمانەی هۆزی مزووریی باڵا بووە، کەسێکی هەرە نزیکی شێخ ئەحمەد بارزانی بووە، یەکێک بووە لەو کەسانەی کە شێخ پشتی پێی بەستووە (جاف، ٢٠٠٧، ٢٧). لە شەڕکردندا کەسێکی لێهاتوو و چاونەترس بووە (إسماعیل، ١٩٩٨، ١٥٤). لە ساڵی (١٩٣٦) لەلایەن

دەسەڵاتدارانی بەغداوە لەگەڵ (سەلیم)ی برای دەکوژرێن و سەری خەلیل خۆشەوی لە لاشەی جیادەکرێتەوە (جاف، ٢٠٠٧، ٣٧).

سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان بنەماڵەی خەلیل خۆشەوی و جووڵانەوەکانی ڕزگاریخوازی بارزان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (ئاڤدیش - عودیش)ی باپیری (خەلیل خۆشەوی)یەوە، کە چوونەتە پاڵ بنەماڵەی شێخانی بارزان، باپیری خەلیل (ئاڤدیش) موریدی شێخ محەممەدی باوکی شێخ ئەحمەدی بارزان بووە، سەردانی بارزانی کردووە بڕوای تەواوی بە (تەکیە و هزر و بیر و بۆچوونەکانی بارزان) هەبووە، بە تایبەتی لە بابەتەکانی خوداناسی و چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکاندا (سێلکی، ٢٠٠٦، ١٠). لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی دووەم، کە لە دوای باوکی (شێخ محەممەدی بارزان) دەسەڵاتی بارزانی گرتۆتە دەست، ئەوا عاڤدیشی باپیری خەلیل وەکو کەسێکی دڵسۆزی شێخ عەبدولسەلام و سەرکردەیەکی سەربازیی لێهاتووی شێخ عەبدولسەلام بووە( BOA. İ__HB___00165_00001_001_001). لەدواتریشدا باوک و مامی خەلیل بە ناوەکانی (خۆشەوی و عیسا) وەکو سەرۆکهۆزی مزووری دێنە ناو (فیدراسیۆنی بارزان)[1] ەوە و پەیوەندییان بە شێخەکانی بارزانەوە کردووە، لەسەر ڕێچکەی باوکی خۆیان بەڵێن و سۆزی خۆیان بۆ بارزان نوێ و دووپاتکردووەتەوە، هەربۆیە خۆشەوی ناوچەی مزووریی باڵا بە بارزانەوە دەبەستێتەوە و، ملکەچی خۆی و ناوچەکەی بۆ بارزان پیشاندەدات، هەروەها دەبێتە یەکێک لە فەرماندەکانی هێزی بارزان لە دژی عوسمانییەکان. لەکاتی هێرشی عوسمانییەکان بۆ سەر بارزان، خۆشەویی باوکی خەلیل بەرگرییەکی ئازایانە دەکات، لە شەڕێکی نێوان موریدانی بارزان و سەبازانی دەوڵەتی عوسمانیدا براکەی خۆشەوی بە ناوی (عیسا) دەکوژرێت (عادل، ٢٠١٠، ٥٤).

لە سەردەمی شێخ ئەحمەدی بارزاندا، کوڕە گەورەکەی خۆشەوی بە ناوی (خەلیل) لە پاش کۆچی دوایی باوکی (واتە: خۆشەوی)، بە پاڵپشتیی هۆزەکەی خۆی (مزووریی باڵا) دەبێتە سەرۆکی هۆزەکە و دەبێتە کەسێکی دیار و لێهاتوو وەک سەرکردەیەک لەناو ڕیزەکانی جووڵانەوەی دژ بە حکومەتی عێراقی و بەریتانیا (سێلکی، ٢٠٠٦، ١٦-١٨، ٢٠). لەمەشەوە دەردەکەوێت بنەماڵەی خەلیل خۆشەوی هەر لە زووەوە پەیوەندییان بە بارزان و شێخانی بارزان کردووە، هەروەها بوونەتە جێگای متمانەیان و توانیویانە هۆزی مزووریی باڵا ببەستنەوە بە بارزان و ببن بە نوێنەری هۆزەکەیان لە لایەن شێخانی بارزانەوە. تەنانەت بەڵگەنامە بەریتانییەکانیش کەسایەتیی خەلیل خۆشەوی و ڕادەی پابەندبوونی بە شێخ ئەحمەدی بارزانمان پیشاندەدەن، کە خەلیل خۆشەوی بە تەواوی لە ژێر کاریگەریی شێخ ئەحمەدی بارزان بوو، وەکو دەردەکەوێت لە سەرەتای پەیوەندیی نێوان بارزان و مزوورییەکان لە ئاستێکی بەهێزدا نەبووە، بەڵام بنەماڵەی خەلیل خۆشەوی هۆکارێکی یەکلاکەرەوە بوونە بۆ ئەوەی عەشیرەتی مزووریش بچێتە ناو فیدراسیۆنی بارزان، هەروەکو لە ڕاپۆرتێکی هێزی سەربازیی بەریتانیدا ئاماژە بە دڵسۆزیی خەلیل خۆشەوی بۆ شێخ ئەحمەدی بارزان دەکات و دەڵێت "لەم دەڤەرەدا سەرۆکێکی ڕاستەقینە نییە، چونکە هەموو کەسێک لە ژێر فەرمانی شێخ ئەحمەدی بارزانە. هەرکاتێک کاریگەریی ئەو نەمێنێت محەممەد ئەمین ئاغا دەبێتەوە سەرۆکی هۆز. خەلیل دڵسۆزترین ئاغای مزوورییەکانە بۆ شێخ ئەحمەدی بارزان، ئەوانی تر تەنها لە بەر ترس گوێڕایەڵیی ئەو دەکەن.(Military Report, 1929, 259) لەگەڵ ئەمەشدا خودی دڵسۆزی بنەماڵەی خەلیل لە دوای کوژرانی خەلیل خۆشەویش هەر بەردەوامبووە، بەڵکو دوای ئەوەش کوڕێکی خەلیل بە ناوی (خۆشەوی) وەکو یەکێک لە بارزانییەکانی تری ئەوکاتە دەچێتە مهاباد و لە بەرگریکردن لە کۆماری کوردستاندا گیانی دەسپێرێت (ڕۆژنامەی کوردستان، ١٣٦٥، ٦٢).

**تەوەرەی یەکەم: جوڵانەوەی خەلیل خۆشەوی و پەیوەندی بە شێخ ئەحمەدی بارزان لە ڕوانگەی بەڵگەنامەکانی بەریتانی و تورکیدا:**

**باسی یەکەم: هۆکارەکانی سەرهەڵدانی جووڵانەوەی خەلیل خۆشەوی و پەیوەندی بە شێخ ئەحمەدی بارزان لە ڕوانگەی بەڵگەنامەکانی بەریتانی و تورکیدا:**

لەدوای ڕۆیشتنی شێخ ئەحمەدی بارزان بۆ تورکیا و کۆتاییهاتنی ڕاپەڕینی یەکەمی بارزان، هەروەها بە دامەزراندنی بنکەکانی پۆلیس و هاتنەژورەوەی هێزەکانی حکومەت لە گوندە جیاجیاکانی ناوچەی بارزاندا کۆتاییپێنەهات (الحسني، ١٩٨٢، ١٤١). تەنانەت بەڵگەنامەیەک لە ئەرشیفی کۆماری تورکیادا، ئاماژە بە جووڵانەوەکەی شێخ ئەحمەدی بارزان و هاتنی بۆ ناو خاکی تورکیا لەوکاتەدا دەکات، کە بۆ ئەمەش بە بەردەوامی حکومەتی تورکیا چاودێریی تەواوی بارزانییەکانی کردووە و بڕیاریانداوە هیچ هاوکارییەکی شێخ ئەحمەد نەکەن (T.C. Hariciye Vekaleti, 1933,2). حکومەت هەوڵیدا سەرکردە بارزانییەکان بە شێوازی فرتوفێڵ و بەڵێن پێدانی دوور لە ڕاستی دەستبەسەربکەن، بارزان بووبووە جێگای مەترسیی حکومەت و بە بەردەوامی بە چاوی ترسەوە سەیری بارزان و ناوچەکەیان دەکرد، لەم هەوڵەدا حکومەت توانی (وەلی بەگ)ی سەرکردە لەگەڵ چەند بارزانییەک بگەڕێنێتەوە، ئەویش بە بەرانبەر بە دابینکردنی کار بۆیان و مووچە پێدانیان، کە تەنها مەبەستی حکومەت بریتیبوو لەوەی واز لەکاری چەکداری بهێنێت (شێروانی، ٢٠٠٨، ٢٦٨-٢٧٠)، بەڵام بێئومێدیی بارزانییەکان لە بەڵێنەکانی حکومەت سەبارەت بە ئاوەدانی و بوژانەوەی ناوچەکەیان، و سەختی و دژواربوونی بارودۆخی دانیشتووانی ناوچەکە بە تایبەتی لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، جگە لە گەمارۆدانی سەربازیی ناوچەکەیان (جونديانی، ٢٠٠٣، ١١١٣) وایکرد بارزانییەکان لە دەوروبەری (خەلیل خۆشەوی) کۆببنەوە

دەستیانکرد بە جووڵانەوە (لازاریف، ۲۰۰۸، ۳۸۱). بۆ ئەمەش دەتوانین بڵێین هۆکارێکی تری سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوەیەی خەلیل خۆشەوی، جگە لە داواکردنی خەلیل خۆشەوی لە لایەن حکومەتی عێراقی و بەریتانییەوە کە ئەمەش وایکرد ئەستێرەی خەلیل خۆشەوی زیاتر بدرەوشێتەوە، لە هەمان کاتدا کێشە و دەردەسەری بۆ دروستببێت تاکو ڕۆژی کوژرانیشی، ئەوا بریتی بوو لە تاوانبارکردنی خەلیل خۆشەوی بە کوشتنی پۆلیسێکی مەسیحی (ئاسوری)، کە ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی خەلیل خۆشەوی بەدەر بێت لە هەموو لێخۆشبوونەکانی حکومەتی عێراقی و تەنانەت بەریتانییەکانیش سووربوون لەسەر دەستگیرکردنی ناوبراو، چونکە پێیان وابوو بە ئەنقسەت پۆلیسە مەسیحییەکەی کوشتووە.(Monthly Intelligence Summaries, Iraq, 1935, 4) هەروەها بێئومێدیی بارزانییەکان لە بەڵێنەکانی حکومەت، ئاوارەبوون و سووتانی گوندەکانیان بە پاڵپشتیی هێزی ئاسمانیی بەریتانیا، بارودۆخێکی یەکجار سەختیان بۆ دروستکردبوو، ئەمانەش وایانکرد بیر لەوە بکەنەوە بە هێزی خۆیانەوە ناوچەی خۆیان لە پاشماوەکانی سوپا پاکبکەنەوە و بگەڕێنەوە بارودۆخی جارانی خۆیان و لەسەر زێدی خۆیان گوزەران بکەن. خەلیل خۆشەوی یەکێک بووە لەو کەسانەی بەدیهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ باشووری کوردستان دەویست (عادل، ۲۰۱۰، ۵۷).

## باسی دووەم: پەیوەندیی خەلیل خۆشەوی لەگەڵ شێخ ئەحمەدی بارزان لە باکووری کوردستاندا:

خەلیل خۆشەوی لە بەهاری ساڵی ۱۹۳۳ وەک سەرکردەیەک بە فەرمانی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا لەگەڵ چەند جەنگاوەرێک لە ناو گوندەکانی هۆزی گەردی لە سەر سنووری تورکیا و عێراق مابوونەوە، ناوەناوە خۆیان دەپەڕاندەوە ناو خاکی عێراق (ناوچەی بارزان) و

دەگەڕانەوە ناو سنووری تورکیا، دواتر لە کۆتاییی هاوینی هەمان ساڵ گەڕانەوە بارزان (جوندیانی، ٢٠٠٣، ١١٣٠) .

لەسەر فەرمانی شێخ ئەحمەد، بۆ ماوەیەک خەلیل خۆشەوی لە گوندی (ببانا) نیشتەجێ دەبێت، لە شوباتی ساڵی ١٩٣٤، بۆ ئەوەی حکومەت پێی نەزانێت (عادل، ٢٠١٠، ٥٩). پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک دوو پۆلیس لە بارزانەوە بە مەبەستی کۆکردنەوەی دار بەرەو گوندی (ببانا) ڕۆیشتن، لە ناو گوندی ناوبراودا چاویان بە خەلیل خۆشەوی دەکەوێت، بەرەو ئەو خانووە دەڕۆن کە تێدا نیشتەجێیە و، داوای لێ دەکەن خۆی بە دەستەوە بدات، خەلیل واهەست دەکات گوند لەلایەن هێزەکانی حکومییەوە گەمارۆدرابێت، بۆ مەبەستی گرتنی ئەوهەڵاتووان، لە ئەنجامدا خەلیل ڕووبەڕوویان دەبێتەوە یەکێک لە پۆلیسەکان دەکوژێت، پولیسەکەی تر بەرەو ناو گوندی ناوبراو ڕادەکات و لەلایەن خەڵکی گوندەوە دەکوژرێت، بەڵام بۆ سەلامەتیی گوندەکە بە حکومەت ڕادەگەیەنن گوایە خەلیل هەردوو پۆلیسەکەی کوشتووە، دواتر گوندی بەجێهێشتووە (جوندیانی، ٢٠٠٣، ١١٣١-١١٣٢). دوو پولیسەکە پێش ئەوەی بکوژرێن، کاتێک گەمارۆی ئەو خانووەیان دابوو کە (خەلیل خۆشەوی)ی تێدا نیشتەجێبوو نەیانزانی بوو کە (خەلیل)ە، بە ئەشقییان ناساندبوو، داوایان لە موختاری گوند کردبوو کە بنکەی پولیسی بارزان ئاگاداربکاتەوە بۆ ئەوەی هێزیان بۆ بنێرێت تاکو دەستبەسەریان بکەن، بەڵام هێزی بارزان وەڵامیان دەداتەوە هەرچی زووە بگەڕێنەوە و گوتبوویان "ئەوانمان ناردووە بۆ کۆکردنەوەی دار، نەک بۆ گرتنی ئەشقییەکان"، بەڵام بەر لە گەیشتنی وەڵام بۆیان دوو پولیسەکە دەکوژرێن (شێروانی، ٢٠٠٨، ٢٦٩).

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت شێخ ئەحمەد هەوڵیداوە بەردەوام ئاگای لە خەلیل خۆشەوی بێت و لە بەریتانیا و حکومەتی عێراقی

بیپارێزێت، بۆیە لە گوندی بەنای داناوە کە زۆر نزیکە لە بارزان، تاکو بە بەردەوامی هەماهەنگی یەکتر بکەن، لە ئەنجامدانی چالاکینواندنیان دژی هێزە حکومییەکان، ئەمەش ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە خەلیل کەسێکی نزیک و دڵسۆزی شێخ ئەحمەدی بارزان بووە.

**تەوەرەی دووەم: دامەزراندنی پۆلیسی نانیزامی و کاردانەوەی حکومەتی عێراقی و تورکی بەرانبەر بە پەیوەندیی نێوان خەلیل خۆشەوی و شێخ ئەحمەدی بارزان لە باکووری کوردستان:**

**باسی یەکەم: هەڵویستی حکومەتی عێراقی بەرانبەر بە پەیوەندیی نێوان شێخ ئەحمەدی بارزان خەلیل خۆشەوی لە کوردستاندا:**

حکومەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٣٤ تەواوی خانەوادەی بنەماڵەی بارزانی گواستەوە بۆ شاری مووسڵ، بە تۆمەتی ئەوەی یارمەتیی خەلیل خۆشەوی دەدەن و هانیدەدەن لە کاری ئەشقی بوونی دژی حکومەت (بی رەش، ١٩٨٥، ٩١). لە یەکەمین ساڵی دوورخرانەوەیاندا بۆ شاری موسڵ، خانەوادەی بارزانی جۆرە سەربەستییەکیان پێ درابوو، بەڵام لە کاتی زیادبوونی چالاکییەکانی بزووتنەوەی خەلیل خۆشەوی، باروگوزەرانی ئەوانیش گۆڕانی بەسەرداهات سەربەستییەکەیان وەک خۆی نەما (البوتاني، ٢٠٠١، ٥٢٧-٥٣٠). تەنانەت بەڵگەنامە بەریتانییەکانیش ئاماژە بۆ ئەمە دەکەنماڵی شێخ ئەحمەدی بارزانی لە مووسڵ پشکنراوە لەلایەن پۆلیسەوە لە مانگی تشرینی دووەم و بەڵگەیەک دۆزراوەتەوە کەوا ئەو لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ خەلیل خۆشەوی، هەر بۆیە ئەو (شێخ ئەحمەد) و پێنج کەسی تری دەستبەسەرکراوی بارزانی گوازرانەوە بۆ شاری حلە (Anuual Reports 1932-1938, 1955, 22-23).

خەلیل خۆشەوی کاری بۆ گەڕانەوەی خانەوادەی بارزان و دەرکردنی هێزی چەکداری لە ناوچەی بارزان دەکرد، تا لە زوڵم و

زۆرداریی حکومەتی پادشایی و ڕزگاربوونی خەڵکەکە دەکرد، لە پێناو خۆبەدەستەوەنەدانی هیچ کەس و لایەنێک پەنا دەباتە بەر شاخ لەگەڵ چەند کەسانێکی نزیک لە خۆی لە خزم و دۆستانی، بە تایبەتی دوای ڕووداوی گوندی ببابا و کوشتنی دوو پولیسەکە، دواتر ئەو سەرکردە بارزانییانەی کە لە ڕەشبگیریی حکومەت ڕزگاربوون لە ساڵانی ١٩٣٣-١٩٣٤، وەک (ئەحمەد نادر، وەلی بەگ، عەبدوللا کرکەموویی) کە (سێ) سەرکردەی نزیکی شێخ ئەحمەد بوون، لەگەڵ ژمارەیەک لە بارزانییەکان بەوپەڕی شانازییەوە چوونە پاڵ بزووتنەوەکەی خەلیل خۆشەوی، بە تایبەتی دوای ئەوەی زانییان خەلیل خۆشەوی بە فەرمانی شێخ ئەحمەد و مەلامستەفا کاردەکات، ژمارەیان زۆر زیاتربوو، تا لە کۆتایی ساڵی (١٩٣٤) ژمارەیان گەیشتە (٧٠٠) کەس (جوندیانی، ٢٠٠٣، ١١٣٣-١١٣٤).

چەکدارانی خەلیل خۆشەوی بۆ پاراستنی ناوچەکە و ڕووبەڕووبوونەوەی پۆلیس بۆ سەر سێ بەرە دابەشبوون، هەروەکو دەڵێت" وادیارە کە یاخیبووەکان دابەشبوون بەسەر سێ گرووپی سەرەکی، کە وا ڕاگەیەنراوە شوێنیان و هێزیان و سامانیان بەم شێوەیەی خوارەوە بێت: گرووپی یەکەم، کە پێکدێت لە نزیکەی ٥٠ پیاوی چەکدار لە ژێر سەرکردایەتیی مەلکۆی ژاژوک (1 D/NW. 10.c) کە کەسایەتییەکی دیاری هۆزی شێروانییە و چووە پاڵ خەلیل خۆشەوی لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٣٤، چوو بۆ ناوچەی بیاو (ڕۆژئاوای مێرگەسۆر و ڕۆژهەڵاتی ڕووباری زێی گەورە). بە هەر حاڵ، لە ئەنجامی چالاکیی پۆلیس لە سووتاندن و چۆڵکردنی گوندەکان لەم ناوچەیە (وەک ئەوەی کە باسکراوە لە بڕگەی ١٠٧)، هەرزوو ئەم گرووپە لە دەستکەوتنی پێداویستیەکان دووچاری سەختی بوونەوە. بۆیە مەلکۆ لەگەڵ ٢٥ شوێنکەوتوو (١٤ لەوان چاکدار بوون) سەردانی (ڕێزان)ی کرد و داوای لە وەلی بەگ (ئولیابەگ) کرد هەڵبستێت بە ڕێکخستنی دەخالەت

بۆیان لەگەڵ حکومەت. هێزی زەبروەشێنی پۆلیس ڕازی بوو بە پەسەندکردنی دەخالەتیان بەو مەرجەی تفەنگەکانیان ڕادەستبکەنەوە. لە سەرەتادا مەلکۆ دوودڵ بوو، بەڵام دواتر چەکەکانیان ڕادەستکردەوە. لەوە تێدەگەین کەوا ولی بەگ وەک گەرەنتییەک خۆی دەنوێنێت بۆ ڕەفتاری باشی مەلکۆ. گرووپێکی تر (گرووپی دووەم) کە پێکهاتبوو لە نزیکەی ٥٠ پیاوی چەکدار لە ژێر سەرکردایەتیی (ئەحمەد نادر)، کەسایەتیی ناوداری هۆزی شێروانیی ناوچەی بارزان، کەوا هاتە پاڵ خەلیل خۆشەوی لە مانگی حوزەیرانی ١٩٣٤، لە ناوچەی مێرگەسۆر. بڕوا وابوو کە ئەوان پێداویستییەکان بەدەستدێنن لە ڕێگەی هاوکاریکردنی ئەحمەد ئاغای مێرگەسۆر، کەوا خزمی ئەحمەد نادرە و بەم دواییە لە سۆران ژیاوە. (1 D/NW. 16.c) ئێستا ئەحمەد ئاغا فەرمانی پێ کراوە بجووڵێت بۆ گۆڕەتوو (D/NW. 10.c١) ، کە یەکێکە لەو گوندانەی بە پۆلیسی تایبەت پاسەوانی کراوە (بڕگەی ١٠٧)، هیواش وایە کە ئەم گرووپەش بەهەمان شێوە زوو بە سەختی پێداویستییەکانیا دەستبکەوێت. بە هەر حاڵ، دەنگوباسێکی پشتڕاستنەکراوە لە سەرچاوەیەکی دژبەر بە فارس ئاغای زێباری باسی لەوە کرد کەوا ئەحمەد نادر لەگەڵ ٢٦ شوێنکەوتووی یاخیبووی پەنادراون وەک پەنابەر لەلای فارس ئاغا نیشتەجێکراون لە ناوچەی هۆزی زێباری بەبێ ئەوەی کە دەسەڵات (حکومەتی عێراقی) زانیاری هەبێت. گرووپی سێیەمیش کە پێکهاتبوو لە ٨٠-١٠٠ پیاوی چەکدار لە ژێر سەرکردایەتیی خەلیل خۆشەوی و براکەی سەلیم خۆشەوی و عبدالله کرکەمۆیی، کە کەسایەتییەکی شێروانییە دەکەوێتە ناوچەی مزووریی باڵا. لە ٢٩ی ئازار کەتیبەیەک لە نزیکەی ٥٩ پیاوی هێزی زەبروەشێنی پۆلیس لە دەوروبەری گوندی بێدیال ڕووبەڕووی بەشێک لەم گرووپە بووەوە (١ .D/NW. 2.d). ڕاگەیەنرا کەوا قوربانییەکان بریتیبوون لە کوژرانی یەک پۆلیس و کوژرانی شەش یاخیبوو و دوو یاخیبووش بریندار بوون، کە یەکێکیان دەستگیرکراوە " لە (Monthly Intelligence Summaries, Iraq, 1935, 9-10).

دواتردا حکومەتی عێراقی لێبوردنی بۆ گشت خەڵکی بارزان دەکرد و ئەوانەی دەستگیرکرابوون و ئەوانەی ڕاگوێزرابوون توانیان بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان، ئەمەش بە هۆی ڕۆژی لەدایبکوونی مەلیک غازییەوە بوو، چونکە لە ٢١ی ئادار بە بۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی غازی پاشا (مەلیک غازی)، هەموو ئەوانەی کەوا دوورخرابوونەوە لە ناوچە سەخت و ئاڵۆزەکان لە ماوەی ئۆپەراسیۆنەکانی دژی خەلیل خۆشەوی ڕێگەیان پێدرا کە بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان، هەروەها لە مانگی تشرینی دووەم هەموو ئەو بارزانییانەی کەوا زیندانی کرابوون لە ڕێگەی حوکمدانی دادگای ئەحکامی عورفی ئازادکران، ئەمەش بەپێی لێبوردنێکی گشتی کە لەلایەن حکومەتەکەی (حکمت سلێمان)ەوە ڕاگەیەنرا (Anuual Reports 1932-1938, 1955, 63) .

ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت پابەندیی بارزانییەکان بە بڕیاری شێخەکان، وایکردووە ژمارەی چەکدارانی بزووتنەوەکە زیادبن، هەروەها لێهاتوویی سەرکردە بارزانییەکان لە دابەشکردنی هێزیان بۆسەر دوو ناوچەدا بەدیاردەکەوێت کە بیریان لەوە کردووتەوە شوێنی هەستیار و سەخت هەڵبژێرن لەسەر سنووری هەردوو وڵاتدا، و هەستیان بە مەترسییەکانی تورکیا کردووە و بیریان لەوە کردووەتەوە دوو بەرەی بەرگری دابمەزرێنن بۆ ئەوەی حکومەتەکان بە ئاسانی جەخت نەکەنە سەر ناوچەی بەرگرییان، لەگەڵ ئەوەشدا لە دوو بەرەدا دەتوانن یارمەتی یەکتر بدەن لە کاتی شەڕدا و بەهانای یەکترەوە بچن.

## باسی دووەم: دامەزراندنی پۆلیسی نانیزامی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جوڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوی:

لە ئەنجامی بەرتەسکبوونەوەی سنووری جوگرافیای خەلیل خۆشەوی و لایەنگرەکانی لەلایەن پۆلیسەوە، ئەوا ناچار ڕووبەڕووی چەند پێکدادانێک بوونەوە، بەڵگەنامە بەریتانییەکان ئاماژە بە چەندین

پێکدادان دەکەن، لەوانە؛ "دۆخی کوردستان لە سەرەتای ساڵەکەدا زۆر جێگای نیگەرانی بوو و گرووپە لەیاسادەرچووەکان دانیشتووانیان دەترساند لە هەریەکە لە ناوچەکانی سلێمانی و مێرگەسۆر، لە سلێمانی بەتالیۆنی دووەمی سنوور شەڕێکی سەرکەوتووانەی بەرپاکرد لەگەڵ ڕێگرەکان لە مانگی ئازار و دەستیان بەسەر دۆخەکەدا گرت، بەڵام لە مێرگەسۆر کوردێک بە ناوی خەلیل خۆشەوی گرووپێکی کۆکردەوە کە دەگوترا زیاتر بوون لە ٢٠٠ کەسی بەهێز. هەربۆیە ڕێ و شوێنی کارا گیرانەبەر لەدژی ئەوان و خاڵەکانی پۆلیس لە ناوچەی بارزان لەلایەن سوپاوە وەرگیران و ڕێکارەکان گیرانەبەر بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ هێزەکانی تورکیا لەوبەری سنوور. لەگەڵ ئەوەشدا تاکو مانگی٧ ئاب هێزێک لە سێ بەتالیۆن کۆکرایەوە و بۆ بەدیهێنانی هەر سەرکەوتنێک ئەحکامی عورفی ڕاگەیەنرا" (Annual Reports, 1932-1938, p.55 )، بەڵام دەبینین ئەم هێزانەی پۆلیس دووچاری چەندین شکستی کوشتاریی زۆر بوونەوە، هەر ئەمەش وایکرد حکومەت بیر لە دامەزراندنی هێزی پۆلیسی نانیزامی بکاتەوە، چونکە سەرەڕای هاوکارییەکانی سوپای تورکیا و هێزە ئاسمانییەکانی بەریتانیا، ئەوا نەیاندەتوانی کۆنترۆلی ناوچەکە بکەن و پێویستییان بە هاوکاریی خەڵکی ناوچەکە هەبوو، تاکو لەو ڕێگایەوە بتوانن بە شێوەیەکی باشتر جووڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوی کۆنترۆل بکەن و ڕێگای چالاکییەکانی لێبگرن، بۆ ئەمەش لە چەندین هۆز و خەڵکی گوندی ناوچەکانی بارزان خەڵکیان بۆ پۆلیسی نانیزامی دامەزراند، هەر لەمبارەیەشەوە لە بەڵگەنامەیەکی بەریتانیدا، لە ڕاپۆرتێکدا بە ناونیشانی هێزی سەربازی (Military Forces) کە باس لە تۆمارکردنی ئەندامانی عەشیرەتە عەشائیرییەکان دەکەن و بە پۆلیسی نانیزامی (Irregular Police) لە ساڵی ١٩٣٤ دادەمەزرێندرێن، هەروەک لە لاپەڕە (٥)دا دەڵێت " پۆلیسی نانیزامی. سیاسەتی حکومەت بۆ ناونووسکردنی پیاوانی هۆزەکان وەک پۆلیسی نانیزامی بۆ بەهێزکردنی ئەو هێزەی پۆلیس کە بەشدارییان پێدەکرێت لە ئاسایشی سنوورەکان

ڕەخنەی لێگیرا لە برگەی ١٧٩ی کورتەی هەواڵگەری بۆ مانگی حوزەیرانی ١٩٣٤، لەسەر بنچینەی ئەوەی کە ئەو دەسەڵاتە دەدات بە پیاوانی هۆزەکان و سەرکردەکانیان، کە بە سروشتیان بێ یاسان و کەم سەرپەرشتییان لەسەر دەکرێت، کە ڕەفتار بکەن لەسەر بنەمای دەستپێشخەرییان لەگەڵ بوونی دەسەڵاتی حکومەت لە پشتیان. لەبەرئەوەی کە هۆزە جیاوازەکان، هەروەها تەنانەت خانەوادەکانیش لە تاکە هۆزێکدا، بە زۆری دژایەتیی زیانەکانی سیاسەتەکە دەکەن دەکرێ ستایش بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە حکومەت دووپات لەوە دەکاتەوە کە نەخشەکە نەخشەیەکی جێگای ڕەزامەندییە، چونکە پیاوانی هۆز هەردەم بەکاردەخرێن لە تێکەڵکردنیان لەگەڵ پۆلیسی نیزامی و نەک بە شێوەی سەربەخۆ"(Monthly Intelligence Summaries, p.5 ). هەروەها لە خاڵی (٣٨) لە هەمان لاپەڕەدا باسی دامەزراندنی ٣٠ کەس لە عەشیرەتە کوردییەکان وەکو پۆلیسی نانیزامی دەکات بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە گوندەکانی خۆیان و ڕێگەبگرن لە جووڵانەوەی خەلیل خۆشەوی و ڕێگە نەدەن خەلیل خوشەوی لە ناوچەکانی ئەرگوش[٣] هاوکاری بکرێت و بمێنێتەوە، هەروەکو ناوەرۆکی بەڵگەنامەکە دەڵێت: "سی (٣٠) پیاو لە عەشیرەتەکانی هەرکی بیناجی لە گوندەکانی ئەرگوش و بەنان (١. C/SW. 27. a. and 26. d) وەکو پۆلیسی نانیزامی دامەزرێنراون، بۆ ئەوەی بچنە گوندەکانی ناوچەکانی خۆیان و تاکو دڵنیایی بدەن لەوەی، کە لەکاتەکانی دواتردا دانیشتووانی ناوچەکە (واتە گوندی ئەرگوش و بەنان) پەنای خەلیل خوشەوی و هاوەڵانی نەدەن تاکو لە ناوچەکەدا بمێنێتەوە" (Monthly Intelligence Summaries, p.5).

ئەوەی جێگای ئاماژەیە، ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی ئەرگوش[٢] هاوکاریی سوپای عێراقییان کردووە لەدژی جوڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوی، لەمبارەیەوە سەعیدی کوڕی خەلیل خۆشەوی دەڵێت "بەڵێ پۆلیسەکان بۆ دژایەتیکردنی خەلیل خۆشەوی دامەزرێنرابوون، تەنانەت

ڕاسپێردرابوون کە بەرهەمی هەموو درا و درەختەکانی ناوچکە هەیە لێی بکەنەوە، تاکو چەکدارانی خەلیل خۆشەوی لەدواتردا لە بەرهەمی دارەکان سوودمەند نەبن"( چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعید خەلیل خۆشەوی، ٢٠٢٢/٥/٢٥.)، ئەمە لەکاتێکدایە کە خودی بەڵگەنامەکەش گەواهی ئەوە دەدات کەوا خەڵکی ئەرگوش هاوکاری جولانەوەکەی خەلیل خۆشەوییان کردووە. لە لایەکیتریشدا، ئەرگوشییەکان لە هەموو شۆڕش و ڕاپەرینەکانی ناوچەی بارزان بەشدارییان کردووە و ڕۆڵیان بینیوە، پێدەچێت سروشت و سەختیی ناوچە شاخاوییەکەی گوندی ئەرگوش، هەروەها هەڵکەوتەی جوگرافیی (چیای گۆڤەند)[٣] هۆکاری یارمەتیدەر بێت بۆ بەشداریی ئەوان لەم جووڵانەوانە، تەنانەت لە زۆربەی جولانەوەکانی بارزاندا، بارزانییەکان بۆ پەڕینەوە بۆ تورکیا و هەروەها بۆ بەدەستهێنانی هاوکاریی جۆراوجۆر بۆ جولانەوەکاینان، ئەوا چیای گۆڤەندیان وەکو دەروازەیەک بۆ کارەکانیان بەکارهێناوە. جگە لەمەش پابەندبوونی ئەرگوشییەکان بۆ (فیدراسیۆنی بارزان) پێدەچێت هۆکاری سەرەکی بێت بۆ ئەوەی بەشداری هەموو جووڵانەوەکانی بارزان و شێخانی بارزان بکەن.

## تەوەرەی سێیەم: هەماهەنگیی حکومەتی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و کوژرانی خەلیل خۆشەوی لە ڕوانگەی بەڵگەنامەکانی بەریتانی و تورکیدا:

### باسی یەکەم: هەماهەنگی حکومەتی تورکیا و عێراق لەدژی خەلیل خۆشەوی و لایەنگرانی:

بەڵگەنامە بەریتانی و تورکی و عێراقییەکان پیشانماندەدەن، کە هەر لە زووەوە تورکیا هاوکاریی حکومەتی عێراقی کردبێت بە مەبەستی لەناوبردنی شۆڕشگێڕان، ئەنجامدانی هەر کارێک دژی چەکدارانی خەلیل خۆشەوی و لایەنگرەکانی ئەستەم بوو، کە بە یاخیبوون و لە یاسادەرچوون لە قەڵەمدەدران. بەڵگەنامە بەریتانییەکان ئاماژە بۆ ئەوە

دەکەن کە حکومەتی عێراقی داوایان لە تورکیا کردووە بۆ دەرکردنی خەلیل خۆشەوی و لایەنگرەکانی لە گوندی (بێرۆخ) لە خاکی تورکیادا، لە کۆتایی مانگی شوباتدا، دەسەڵاتەکانی مووسڵ جاربەجار داوایان لە بەڕێوەبەریی گرانا (1 C/SW 33.b) و قایمقامی دزێی گەوەڕ (1.C.B.2) سەر بە تورکیا دەکرد کە خەلیل خۆشەوی دەربکەن لە ناوچەی گەردیی تورکیا، کە وا ڕاگەیەنراوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیا لە وان یەک بەتالیۆنی پیادە و یەکێکی جەندرمە نێررابوون بۆ ناوچەی بێڕۆخ 1) C/SW 33.b(بۆ دەرکردنی خەلیل خۆشەوی لە خاکی تورکیا " زیاتر(Monthly Intelligence Summaries, Iraq, 1935, 13).

لەوەش هەر لەکاتی مانەوەیدا لە تورکیا، ئەوا خەلیل خۆشەوی هاتۆتە گوندی گەردییەکانی دیوی تورکیا و لەوێ بۆ ماوەیەک ماوەتەوە، هەروەکو ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکەش دەڵێت "ناوچەی بارزان. لە کۆتاییەکانی مانگی ئایار خەلیل خۆشەوی ڕووی کردە یەکێک لە گوندەکانی گەردییەکانی تورکیا بۆ خۆحەشاردان و ئەگەری ئەوە هەیە هێشتان لەوێ بێت. لە ماوەی هەر دوو مانگی ئایار و حوزەیراندا ئەو و شوێنکەوتووەکانی بە بێدەنگی مانەوە. لەوانەیە ئەمە بەهۆی بەردەوامبوونی گوشار بێت لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە، کەوا ئێستا شوێن گۆڕینیان نیمچە ئەستەم بووە بۆ یاخیبووەکان بۆ جووڵەکردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاگەیەنرا کەوا یاخیبووەکان هەموو پاوانەکانیان سووتاندووە لە ناوچەی باکووری شێروان مەزن. بەهۆی ژمارەیەک لەو یاخیبووانەی کەوا ڕازیبوون بە خستنەڕووی حکومەت "دەخالەت" (بڕگەی ١٦٧ ی کورتەکەی نیسان) بڕوا وابوو کۆی گشتیی ژمارەی ئەو یاخی بووانەی هێشتان ماونەتەوە لەگەڵ خەلیل خۆشەوی دەگاتە نزیکەی تەنها ٤٠ پیاو (Monthly Intelligence Summaries, Iraq, 1935, 12).

ئەمانە دەریدەخەن خەلیل خۆشەوی باکووری کوردستانی هەم بۆ مانەوەی خۆی و هەمیش بۆ دووبارە پلاندانان و ئەنجامدانی چالاکی بەکارهێناوە، هەروەها دەردەکەوێت هۆزە کوردییەکانی باکووری کوردستان لە سەر سنووری عێراق-تورکیا هاوکار و هاوسۆزی خەلیل خۆشەوی بوونە.

لە درێژەی هەماهەنگی و هاوکارییەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ حکومەتی عێراقی، ئەوا دەبینین خێزانی خەلیل خۆشەوی، هەروەها خودی شێخ ئەحمەد و لایەنگرانی لە تورکیاوە تەسلیمی حکومەتی عێراق کراون، دواتریش دەگوترا شێخ ئەحمەد بە بیانووی هاندان و هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ خەلیل خۆشەوی لە ڕێکەوتی ٢٣-١١-١٩٣٤ لە مووسڵەوە ڕەوانەی ناسریە کراوە، هەروەکو بەڵگەنامە بەریتانییەکە دەڵێت "خانەوادەی یاخیبووەکان، ئەوانەی کە دەگوترا لە بنەڕەتدا لە لایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە ڕاگوێزرابنەوە بۆ دزار گەوەڕ (بڕگەی ١١١ لە کورتەی مانگی ڕابردوو)، ئێستا ڕاگەیەنراوە کەوا لەلایەن خودی یاخیبووەکانەوە گوازرابنەوە بۆ "ناوچەی عێراقی بەرمشکا .(1 C/SE. 27.a.28) خانەوادەی خودی خەلیل خۆشەوی دەستگیرکراون لە بیابان .(1 D/NW. 1) "(1.d لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقی و گوازراونەتەوە بۆ ناو عێراق لە مانگی ئازاری ١٩٣٤ (بەپێی ئەوەی کە ڕاگەیەنرا لە بڕگەی ٩١ی کورتەی مانگی نیسانی ١٩٣٤) باس دەکرێ شێخ ئەحمەدی بارزان، کە لە مووسڵەوە بۆ ناسریە لە ١٩٣٤/١١/٢٣ گوازرابۆوە بە تۆمەتی ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ خەلیل خۆشەوی هەیە و هەڵساوە بە هاندانی خەلیل خۆشەوی و کۆمەڵەکەی لە دژی حکومەت، شێخی ناوبراو ئێستا ڕێگەی پێدەدرێت لە ناسریەوە لەگەڵ خانەوادەکەی بگەڕێتەوە بۆ بەغداد" (Monthly Intelligence Summaries, Iraq, 1935, 11).

تەنانەت لەبارەی هاوکاری تورکیا و ناردنی هێزی پیادە بۆ سەرکوتکردنی خەلیل خۆشەوی، بەڵگەنامە بەریتانییەکان زانیاریی جیاوازمان پێدەدەن، هەروەها لە بارەی ڕووداوەکانەوە زانیاریی وردتر دەخەنەڕوو، کە بە درێژایی وەرزی زستان ناوچەی بارزان بە بەردەوامی گێچەڵی پێدەکرا لە لایەن گرووپەکانی یاخیبووی لەیاسادەرچووەکانی خەلیل خۆشەوی، هەروەها دژەڕێکارەکانیش ئەستەم بوون بەهۆی بەفری زۆرەوە کەوا گشت ڕێگاکانی دادەپۆشی لەو کاتەی ساڵدا. هەرچۆنێک بێت بەرەو کۆتایی مانگی ئازار حکومەتی عێراق سەرکەوتووبوو لە هاندانی دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆ گرتنەبەری ڕێکاری توندتر. دواتر ٣٠٠ کەس لە هێزی پیادەی تورکی نێرران بۆ سنوور نزیک گوندی بێڕۆخ و لە دیوی عێراقیشەوە هێزێکی گەڕۆک لە ٥٠٠ پۆلیس و دوو بەتالیۆنی سنووری سوپای عێراق پێکدەهات، ئەوا جێگیر کران لە هەردوو ناوچەی بارزان و برادۆست. لە ئاکامدا ژمارەیەک بەیەکدادانی بچووک ڕوویاندا کە تیایاندا لەوانەیە خەلیل خۆشەوی نزیکەی ٢٠ تا ٣٠ پیاوی لەدەستدابێت لە کوژراو و بریندار. ئەوەش وایکرد خەلیل خۆشەوی زیاتر بێ هێز بوو بە وازهێنانی زۆرێک لە پیاوەکانی و بە مەرجی ئاسان خۆیان ڕادەستی دەسەڵاتە خۆجێییەکان کرد. لە مانگی نیساندا لەبەر ئەوەی ڕێگریکرا لە ڕاکردن بۆ شوێنە نەریتییەکانی حەشاردانی خۆی لە سنوور لە دیوی تورکیا، ئەوا خەلیل خۆشەوی ڕایکرد بۆ زنجیرە چیاکانی نزیک (دالامبەر داغ)، ئەو شوێنەی کە سنوورەکانی تورکیا و ئێران و عێراق بەیەک دەگەن. بۆ ماوەیەک بە حەشاردراوی مایەوە، بەڵام لە درەنگانێکی مانگی حوزەیران جارێکی تر ئەو هێرشی کرد و تاڵانی گوندەکانی لە عێراق کرد. بەمەش حکومەتی عێراق دووبارە هێزەکانیان بەهێز کردەوە و حکومەتی تورکیاش هێزە سنوورییەکانی توند و تۆڵکردەوە بە بەکارهێنانی دوو بەتالیۆن لە هێزی پیادە و ٢٠٠ سواری چەکهەڵگر. ئەحکامی عورفی لە ناوچە ئاڵۆزەکە ڕاگەیەنرا و ژمارەیەک لەو گوندانەش چۆڵکران لەلایەن دانیشتووانیانەوە کە خەلیل خۆشەوی و

گرووپەکەی خۆراک و ئالیکی ئاژەڵیان لێیان دەستدەکەوت، ئەویش بە فەرمانی فەرماندەی هێزە عێراقییەکان. ئۆپەراسیۆنە هەماهەنگکارەکانی هێزەکانی تورکی و عێراقی تا ئاستێکی باش سەرکەوتوو بوون. بە ڕەتکردنەوەی پێداویستییەکان شوێنکەوتووانی خەلیل خۆشەوی زۆر زوو کەمبوونەوە بۆ نزیکەی ٢٠ پیاوی گێچەڵپێکراو و شەکەت بوو. لە سەرەتای مانگی ئەیلول هەواڵ لە خەلیل خۆشەوی درا، کەوا ڕایکردووە بۆ ئێران و لەمیانی دوا حەفتەی مانگی تشرینی یەکەم سەردەمی یاسای ئەحکامی عورفی کۆتایی پێهێنرا. بەمەش لە ئەنجامدا نزیکەی ٦٣ کەس لە شوێنکەوتووانی خەلیل خۆشەوی بەرانبەر دادگا سەربازییەکان حوکمدران و بە ماوەی جوداجودا لە زیندانیکردن حوکمدران و هەشت کەسیش لە سێدارەدران. دواتر ئەمە وایکرد، کە زستان داهات و گۆڕانی کەش و هەوا وایکرد ئەو هێزە تورکی و عێراقییانەی کەوا لە دژی ئەو کۆکرابوونەوە ناچار بە کشانەوە بوون، خەلیل خۆشەوی گەڕایەوە بۆ مۆڵگە کۆنەکەی کە چیای گۆڤەند بوو، لە نزیکەی ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەم ئەو دووبارە گێچەڵی دەکرد بە با کووری قەزاکانی بەڕۆژ و برادۆست. (Anuual Reports 1932-1938, 1955, p. 55)

هێزەکانی حکومەت بە بەردەوامی لە هەوڵی ئەوەدابوون خەلیل و لایەنگرەکانی لە قەزای زێبار گەمارۆبدەن، بە پێی سەرچاوەکە شوێنی هەندێک لە لایەنگرەکانی دۆزیوەتەوە، یەکێکیشیان لێ کوشتووە و ئەوانی تر ڕایانکردووە، و ئاماژە بەوە دەکات خەلیل خۆشەوی (ئەشقی) زۆر جار ئامادەیی خۆی پیشانداوە و خۆی ڕادەستبکاتەوە، کاتێک ئەو ماوەی دەستنیشانکردووە بۆ خۆبەدەستەوەدان تەواو دەبێت، خەلیل چەند بیانوویەک لە دەسەڵات و دادپەروەریدا دەدۆزێتەوە. حکومەت ڕایدەگەیێنێت هەرچەندە ماوەی دەستگیرکردنی درێژ بێت چارەنووسی وەک ئەشقی و ڕێگرەکان دەبێت، و ڕایدەگەیێنێت بە پێی زانیارییەکان کۆتایی خەلیل خۆشەوی نزیکبووتەوە و لە ماوەیەکی کەمدا دەکەوێتە

دەست هێزەکانمان کە هەڵساون بە دەرکردنیان لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی دوای ئەوەی دوودڵیی خۆی نواندووە لە خۆبەدەستەوەدان هەروەکو بەڵگەنامەیەکی بەریتانی لە بارەی ئەمەوە دەڵێت "حکومەتی عێراق ئاگاداری خەلیل خۆشەوی و شوێنکەوتووە یاخیبووەکانی کردەوە کەوا ئەوان ئامادەن بۆ بەخشینی دەخالەت بۆ هەریەکە لە خۆی و شوێنکەوتووەکانی. سەرەڕای ئەمەش خەلیل خۆشەوی ئاگادارکراوەتەوە کەوا ژیانی پارێزراو دەبێت. تاکو ئێستا وەڵامەکەی زانراو نییە. بە بیرمان دێتەوە کەوا خەلیل خۆشەوی دوورخراوەتەوە لە مەرجەکانی ئەو خۆبەدەستەوەدانەی کە بۆ سەرکردەکانی بارزان لە ساڵی ١٩٣٢ و ١٩٣٣ خراوەتەڕوو، چونکە ئەو پۆلیسێکی ئاشووری کوشتووە کە دیل بووە لەلای.(Monthly Intelligence Summaries, Iraq, 1935, 11) "

ئەوەی لێرەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە ئەوەیە کە بەریتانییەکان بوونە هۆکارێک بۆ ئەوەی حکومەتی عێراقی لێ خۆشبوون بۆ خەلیل خۆشەوی دەرنەکات، بەڵکو بەدوایدا بێت و ئەویش جووڵانەوەکەی زیاتر پەرەبسێنێت.

**باسی دووەم: کوژرانی خەلیل خۆشەوی و کۆتاییهاتنی جووڵانەوەکەی:**

لەدوای ئەوەی خەلیل خۆشەوی لە ناوچەی دۆسکییەکان ماوە، بڕیاریدا خۆی ونبکات تاکو هاتنی وەرزی بەهار، بۆ ئەمەش بیری کردەوە بچێتە ناوچەی ڕێکانییەکان، چونکە خاوەن چاکە بوو لەگەڵ سەرۆکهۆزی ڕێکانی (کەلحێ) لە ساڵی ١٩٢٣ (بارزانی، ١٩٩٨، ٤٧). لە دەست (سیتو ئاغای هورەماری) ڕزگاریکردبوو کە دەیویست پەلاماری ناوچەکانی کەلحێ بدات و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، بەڵام خەلیل خۆشەوی بە هانای کەلحێ دەچێت و دەبێتە پاڵپشتی و ڕزگاریدەکات، بەڵگەنامەیەکی بەریتانی لە بارەی کەلحێ ئاغا و پەیوەندی لەگەڵ خەلیل خۆشەویدا چەند زانیارییەکی دەگمەنمان پێدەدەن، کە دەڵێت "کەلحێ ئاغای ڕێکانی. ئاغا و

سەرۆکی هۆزی ڕێکانە، یەکەم ئامۆزای وەهاب (هابی) ئاغایە، کەوا لەلایەن سوتۆ (سیتۆ) ئاغای هۆرەماری لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩١٩) کوژرا. کەلحێ بەڵێنی بە خەلیل خۆشەوی دابوو کچێکی خۆی پێ بدات چونکە خەلیل پێشتر کەلحێی پەنادابوو (لەدەست سیتو ئاغای هورەماری ڕزگاری کردبوو)، بەڵام ئەمەی نەکرد و کچەکەی خۆی لە ڕێکان ئاغا مارەکرد، کە ئەمەش سەری کێشا بۆ بەرپابوونی شەڕ لە نێوان هەردوو هۆزی ڕێکانی و مزووریی باڵا. کەلحێ کەسێکی شڵەژاو بوو، بەڵام لایەنگری و ڕێزێکی تەواوی هەبوو بۆ حکومەت. هەر بۆیە هێزێکی هۆزگەری (عەشایەری) دروستکرد بۆ یارمەتیدانی قایمقامی ئامێدی لە شۆڕشی ساڵی ١٩٢٢ و چەندین گوندی مزووریی باڵای خاپوورکردن. یەکێک لەوانەش گوندی ڕەزکا بوو (Military Report, 1929, 362).

هەر لەسەر ئەو بنەمای چاکەکردنەی خەلیل خۆشەوی لەگەڵ کەلحێ ئاغا، خەلیل پەیوەندی بە (کەلحێ) دەکات و پێی دەڵێت "لە ناوچەکەتان دوور لە ئاواییەکان، لە شاخەکاندا ژیان بەسەر دەبەین تاکو وەرزی بەهار دێت، لە ئەنجامی بەفر و بارانێکی زۆر ڕێگاکان دەگیرێن، کەلحێ بەڵێنی پێ دەدات لە ناوچەکەیدا بیحەسێنێتەوە تا هاتنی وەرزی بەهار و بەشی دوو هەفتە خۆراکیان بۆ دەباتە شاخ، لەلایەکی ترەوەش حکومەتی عێراقی لە ئامێدی ئاگادارکردۆتەوە سەبارەت بە خەلیل خۆشەوی و هاوڕێکانی لە ناوچەکەدا و هێزی حکومەتی هێنایە سەر شوێنی خۆحەشاردانی خەلیل و لایەنگرەکانی (بارزانی، ١٩٩٨، ٤٧-٤٨) کە لە ئەشکەوتێکدا بوون نزیک گوندی (هرباشک) لە ناوچەی ڕێکانییەکاندا گەمارۆدران بە هێزی حکومی و بەکرێگیراوان، سەرەنجام خەلیل و لایەنگرەکانی تا دوا هەناسەیان بەرگرییان کرد، خۆیان بە دەستەوە نەداوە، لە کۆتاییدا خەلیل و (١٢) کەس لە هاوڕێیەکانی کوژران، سەری (خەلیل و سەلیمی برای و مەحەمەد هوری) لە لاشەیان

جیاکردنەوە و سـەری خەلیلیان بردە بنکەی پۆلیسی شێروان مەزن، لەوێ هەڵیان واسی (شێروانی، ٢٠٠٨، ٢٨٥). هەروەها لاشەکەشی لە گوندی (کرکەموو) لە ناوچەی شێروان بەخاکسپێردرا (بی رەش، ١٩٨٥، ١١٠). لە نێو سـەرچاوەکاندا دوو بۆچوونی جیاواز لەسـەر ڕۆژی کوژرانی خەلیل خۆشەوی بەدیدەکرێت، لە بۆ چوونێکدا بە ڕێکەوتی ١٩٣٦/٢/٨ دەستنیشاندەکرێت (عارف، ١٩٩٩، ١٢٧) و لە بۆچوونێکی تردا ڕێکەوتی ١٩٣٦/٣/١٣ بە ڕۆژی کوژرانی دەزانرێت. ئەوەی زیاتر بۆچوونی دووەم (١٩٣٦/٣/١٣) پەسەنددەکات کە بەڵگەنامە بەریتانییەکانیش پاڵپشتی بۆچوونی دووەم دەکەن و کوژرانی خەلیل خۆشەوی بە ڕێکەوتی (١٣-٣-١٩٣٦) هەژماردەکەن کە تیایدا ئاماژە بەوە دەکەن کە لە بەیەکدادانێک کە لە ١٣ی ئادار ڕوویدا. لە ئەنجامی ئەو ڕاوەدوونانەی کە ئەنجامدرا لەلایەن هێزە زەبروەشێنەکان لە کەرتی بارزان لە بەیەکدادانێکدا لە وچانی سێزدەهەمدا، خەلیل خۆشەوی و سەلیم خۆشەوی و سێ ئەندامی تری لایەنگرانی خۆشەوی کوژران و شەش کەسی تریش دەستگیرکران. بەمەش جووڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوی بەرەو کۆتایی ڕۆیش (Political situation, 1936, 3497).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت سەرەڕای هاوکاری تورکیا و ئێران لەگەڵ عێراق، و سەرەڕای یەکگرتنی کارگێڕیی موتەسەریفەکان بەرانبەر بزووتنەوەکە، بگرە لە حوکمی عورفی و سیاسەتی توند بەسەر ناوچەکەدا، ڕۆڵی (کەلحێ)ی سەرۆکهۆزی ڕێکانی لە هەمووان کاریگەرتر بووە، کە شوێنی حەوانەوەی خەلیل خۆشەوی و لایەنگرانی پیشانی حکومەت داوە، ئەمە لە کاتێکدا خەلیل پێشتر خاوەنی چاکەش بووە لەگەڵی، بەڵام لە بەرانبەر خەڵاتێکی کەمی حکومەت، ئەوا خیانەت لە خەلیل و بزووتنەوەکەی کرد. ئەوەی جێگای سەرنجە بەر لە کوژرانی خەلیل خۆشەوی، ئەوا کەلحێ دوو جاری تریش خیانەتی لە خەلیل خۆشەوی کردووە کە هەم کچەکەی خۆی لێ مارە نەکردبوو کە بەڵێنی

پێدابوو، هەمیش بە هاوکاریی حکومەتی عێراقی هێرشی کردبووە سەر گوندی مزوورییەکان و سووتاندبووی. ئەوەی جێگای پرسیارە؛ چۆن خەلیل خۆشەوی دوای ئەم دوو خیانەتە متمانەی بە کەلحێ کرد تاکو لە ناوچەکانی ئەودا بمێنێتەوە؟ ئایا لە ناچاریدا ئەو بڕیارەیدا لە ناوچەکەیدا بمێنێتەوە؟ یاخود خەلیل پێشبینی خیانەتی سێیەمی لە کەلحێ نەدەکرد؟

لەمەوە بۆمان دەدەکەوێت کە خەلیل خۆشەوی ڕاستە سەرکردەیەکی سەربازیی لێهاتوو بووە و جێگای متمانەی تەواوی شێخ ئەحمەدی بارزان بووە، خاوەنی چەندین داستان و چالاکیی سەربازی بوو، بەڵام کەسێکی سیاسیی زیرەک نەبووە، چونکە نەدەبوو متمانە بە کەلحێ ئاغا بکاتەوە، لە کاتێکدا پێشتر دوو ئەزموونی لەگەڵیدا هەبووە و دەیزانی کەلحێ بارودۆخی باشبێت و مەترسیی هۆز و ئاغایەکانی لە سەر نەبێت، ئەوا لە سەر خەلیل خۆشەوی خۆی ناشیرین ناکات بەرانبەر بە حکومەتی عێراقی.

**ئەنجام:**

لە دوای وردبوونەوە لە زانیارییە مێژووییەکانی بەڵگەنامەکان و بەراوردکردن و تاوتوێکردنیان، توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامگیرییەک گەیشت، دەکرێ پوختەیان لە خوارەوەدا بخرێنەڕوو:

یەکەم/ خەلیل خۆشەوی و بنەماڵەکەی پەیوەندییەکی بەهێزییان لەگەڵ شێخەکانی بارزان هەبووە. بە تایبەتی خودی خەلیل خۆشەوی یەکێک بووە لە کەسە هەرە نزیک و متمانەپێکراوەکانی شێخ ئەحمەدی بارزان.

دووەم/ خیانەتی (کەلحێ ئاغا) لە خەلیل خۆشەوی بووە هۆی کوژرانی، کە ناوبراو سێ جار خیانەتی لە خەلیل خۆشەوی کردووە، یەکەم؛ بەڵێنی پێداوە کچەکەی بداتێ، بەڵام نەیداوە، دووەم: بە هاوکاریی خکومەتی هێرشی کردۆتە سەر گوندەکانی ژێر دەستی خەلیل خۆشەوی لە دەڤەری مزووریی باڵا، سێیەم: ئاشکراکردنی شوێنی خۆحەشاردانی خەلیل خۆشەوی بۆ حکومەتی عێراقی لە پێناو پێدانی بڕێک پارە.

سێیەم/ حکومەتی بەریتانی هێندەی گرنگی بە خەلیل داوە بەهۆی کوژرانی پۆلیسێکی ئاشووری، هێندە لەبەر سەرکوتکردنی جووڵانەوەیەکی کوردی لەناو خاکی عێراقی نەبووە.

چوارەم/ جووڵانەوەی خەلیل خۆشەوی درێژکەرەوەی شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزانە و بەڵگەنامەکان پیشانیدەدەن کە هەمیشە بە ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانی شێخ ئەحمەد جووڵانەوەکانی لە کوردستانی دیوی تورکیا و عێراق ئەنجامداوە.

پێنجەم/ جووڵانەوەکەی خەلیل خۆشەوی کاریگەری و مەترسی لەسەر حکومەتی تورکیاش دروستکردبوو، هەربۆیە هەماهەنگی و

هاوكاريی تەواوی حكومەتی عێراقییان كرد لە سەركوتكردنەوەی خەلیل خۆشەوی و لایەنگرەكانی.

## پەراوێزەكان

[1] فیدراسیۆنی بارزان: ئەم یەكگرتنەی نێوان عەشیرەتەكانی (بەڕوژی، شیروانی، هەركی بنەجی، گەردی، دۆڵەمەری، مزووری) كە تیایدا بووە هۆی دروستبوونی فیدراسیۆنێک بە سەركردایەتیی شێخ عەبدولسەلامی دووەم، خودی ئەمەش لەسەر بنەمای ڕووبەڕووبوونەوەی نادادپەروەری و زوڵم و ستەمی دەسەڵاتدارانی ناوچەكە سەریهەڵدا. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی فیدراسیۆن و گەلی بارزان، بڕوانە (شیرۆكی، ٢٠١٨، ١٧٣-١٨٣).

[2] ئەرگوش: گەورەترین بلۆک (سرية)ی مزوورییەكانە (الدملوجي، ١٩٩٩، ص٩٦)، لە ڕووی دانیشتوانەوە، هەروەها یەكێكە لە گوندە جوان و قەشەنگەكانی ئەو دەڤەرە، چونكە سروشتێكی جوان و دڵڕفێنی هەیە، دەكەوێتە بناری چیای گۆڤەند و سەر سنووری باشور و باكووری كوردستان. ئەم گوندە كەش و هەوایەكی فێنكی هەیە و خاكەكەی بە پیتە بۆ كشتوكاڵ و چاندن و شینبوونی ڕووەكی خۆرسک (جگەرسۆز، ٢٠٢٠، ل٢٦)، ئەرگوش گوندێكی گەورەیە سەر بە ناحیەی (شێروان مەزن)  لە قەزای مێرگەسۆر، كە سەر بە ئوستانی هەولێرە ئەرگوش هاوسنوورە لەگەڵ ماوەت و ئاكیكا و سلۆر و بەنان (جگەرسۆز، ٢٠٢٠، ٢٧). گوندی ئەرگوش پێكهاتووە لە گوندەكانی عەشیرەتی مزووری و چای سەرخنگێل (لوتكەی بۆتین)، و لەلای باكووریدا پێكهاتووە لە گوندەكانی عەشیرەتی هەركی و ڕووباری شین، هەروەها لەلای باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی گوندی ئەرگوش گوندەكانی سەر بە باكووری كوردستان (كوردستانی توركیا) هەن كە تەنها چیای گۆڤەند لە نێوانیانە، كە سەر بە عەشیرەتی گەردین. ئەم گوندە نزیكەی ١٧٠كم لە سەنتەری شاری هەولێرەوە دوورە، ئەم گوندە ناسراوە بە زۆریی كانیاو و باخ و باخاتی جوان، چیای

(چوارچەل) دەکەوێتە باکووری گوندەکە. هەروەها (چیای هۆگل) دەکەوێە ڕۆژئاوای گوندەکە (ئەرگوشی، ٢٠٢٠، ٣٥–٤٠).

٣ چیای گۆڤەند: ئەم چیایە دەکەوێتە سنووری نێوان باکوور و باشووری کوردستان (لەسەر سنووری دەوڵەتی تورکیا و عێراق). گوندی ئەرگوش دەکەوێتە دامێنی ئەم چیایە، چیای گۆڤەند هەمیشە دەروازەیەک بووە بۆ خۆ ڕزگارکردن و شوێنی حەوانەوە و دابینکردنی هاوکاریی ماددی و مرۆیی بۆ شۆڕشگێڕان لەکاتی شۆڕشەکانی بارزان. توێژەران.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**بەڵگەنامەی عوسمانی:**


- BOA. İ__HB___00165_00001_001_001


**بەڵگەنامە بەریتانییەکان:**


- political situation; relations with HMG' [148r] (300/982), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/L/PS/12/2860.
- Military report on Iraq. Area 9 (Central Kurdistan) [141r] (286/394), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/L/MIL/17/15/46, p.326.
- File 8/5 Monthly Intelligence Summaries, Iraq' [9r] (22/268), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/R/15/2/294, p.11.
- Coll 17/17 'FO Annual Reports, 1932-1938, 1947. Annual review of events 1939-1942. Political Review 1943-1944' [95v] (190/483), British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/L/PS/12/2877, p.55.


**بەڵگەنامەی تورکی:**


- T.C. Harciye Vekaleti, 1932, 1.

- T.C. Hariciye Vekaleti, 1933, 1.
- T.C. Hariciye Vekaleti, 1933, 2.


**کتێبەکان:**


- قادر، أحمد محمدأمين. (٢٠٠٧). موقف مجلس النواب العراقي في القضية الكردية في العراق ١٩٢٥/١٩٤٥، السليمانية.
- ئەحمەد، بژار عوسمان ، عادل، ڕۆژ عەبدوللا .(٢٠٢٠). ئەرگوش لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی و بەریتانی دا، هەولێر.
- شیرۆکی، بەدر ئیسماعیل. (٢٠١٨). بارزان مایکرۆمۆدیلی کیانێکی سەربەخۆ، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات.
- جگەرسۆز، محەمەد ساڵح پیندرۆیی .(٢٠٢٠). ژیانی کەلتوری و کۆمەڵایەتیی دەڤەری مزووری باڵا، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات.
- مصطفى، حسن.(١٩٨٣). البارزانيون وحركات بارزان، ط٢.
- إسماعيل، زبير بلال .(١٩٩٨). ثورات بارزان ١٩٠٥-١٩٣٥، أربيل.
- جاف، سەفا. (٢٠٠٧). شۆڕشی نیشتمانی و نەتەوەیی ئەیلول و هەیبەتی ئەسعەد خۆشەوی، هەولێر.
- سێلکی، سیامەند مەحمود. (٢٠٠٦). کاروانێ سەرفرازییێ، هەولێر، ٢٠٠٦.
- الدملوجي، صديق. (٢٠١٠). اليزيدية، طبع الثاني.

- ب البوتاني، عبدالفتاح علي يحى. (٢٠٠١). وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية، أربيل.
- البارزاني، عزيز حسن. (٢٠٠٢). الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان العراق ١٩٣٩-١٩٤٥، اربيل.
- ل لازاريف. (٢٠٠٨). مێژووی کوردستان، و: وشیار عەبدوڵلا سەنگاوی، هەولێر.
- جوندیانی، مستەفا. (٢٠٠٣). هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەک لەراپەرینەکەی خەلیل خوشەوی، کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر، ئامادەکردنی: مومتاز حەیدەری و د. کوردستان موکریانی و د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، ب ٢، هەولێر.
- چیاوک، مەعروف. (٢٠٠٨). کارەساتی بارزان ی زوڵم لێکراو، دهۆک: چاپخانەی خانی.
- بارزانی، مەسعود. (١٩٩٨). بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١-١٩٥٨، و: سەعید ناکام، دهۆک.
- شێروانی، هاشم. (٢٠٠٨). دەڤەرا بارزان جوگرافیا – دیرۆک – کەلتور، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

**ماستەرنامەی بڵاونەکراوە:**

- عادل، ڕۆژ عەبدوڵلا. (٢٠١٠). ناوچەی بارزان لەنێوان ساڵانی ١٩٣١-١٩٤٦ (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە)، ماستەرنامە/ بڵاونەکراوە، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر.

**ڕۆژنامە:**

- ڕۆژنامەی کوردستان (بڵاوکراوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان)، ژمارە ٦٢، ٢٦/ رجب/ ١٣٦٥.

**Abstract:**

The suppression of Sheikh Ahmadi Barzan's movement by the Iraqi government with the support of the British air force did not destroy the liberation movement in Barzan. However, the first Barzan revolution led to the emergence of several prominent leaders among the Barzanis. Khalil Khoshawi was one of the most influtial leaders and continued fighting against the Iraqi Government. He always acted according to the instruction of Sheikh Ahmad Barzan. This caused made many problems for the Iraqi government and forced it to seek assistance and coordination from Britain, Iran, and Turkey to suppress Khalil Khoshaw's movement. Some sources consider that Khalil Khoshaw's movement was a different revolution from the revolution of Sheikh Ahmad of Barzan, while Khalil Khoshaw followed Sheikh Ahmadi's instructions and orders, and was always loyal and trusted leader of Sheikh Ahmad, so his movement complemented the first Barzan revolution. In general, this study attempts to show the relationship between Khalil Khoshaw and Sheikh Ahmad of Barzan in the years 1931-1936 Based on British and Turkish documents.

**Keywords:** Khalil Khoshawi, Barzan, Kurds, Mergasur, Mizuri.

**ملخص :**

أخمدت الحكومة العراقية حركة الشيخ أحمد البرزاني بدعم من سلاح الجو البريطاني، ولكن لم تقضي على حركة التحرير في برزان، وكانت هذه الثورة هي ثورة الشيخ أحمد البرزاني بحيث أدت إلى ظهور العديد من القادة البارزين في صفوف البرزانيين. و من ابرزهم (خليل خوشوي) الذي كان باستمرار يتحرك ضد الحكومة العراقية ويتلقى التعليمات من الشيخ احمد البرزاني. تسبب ذلك في الكثير من المتاعب للحكومة العراقية وأجبرها على طلب المساعدة والتنسيق من بريطانيا وإيران وتركيا لقمع حركة خليل خوشوي، بل إن بعض المصادر تعتبر أن حركة خليل خوشوي ثورة مختلفة عن ثورة الشيخ أحمد البارزاني، بينما كان خليل خوشوي يتبع تعليمات وأوامر الشيخ أحمد ، وكان دائمًا زعيمًا مخلصًا وموثوقًا للشيخ أحمد، وكانت حركته مكملة لثورة البرزان الأولى. بشكل عام تحاول هذه الدراسة إظهار العلاقة بين خليل خوشوي والشيخ أحمد البرزاني ١٩٣١-١٩٣٦ بناء على وثائق بريطانية وتركية.

**الكليمة المفتاحية:** خليل خوشوي، بارزان، كرد، ميركسور، مزوري

https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2253.7

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# ئیدمۆندس و کارە زانستییەکانی لەبارەی کوردناسی

م. ی. چیا جوهر عمر
زانکۆی کۆیە/ بەشی مێژوو
Chia.jawhar@koyauniversity.org

م. ی. شەوین جنگی عبدالله
بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە
shawin.abdullah155@gmail.com

**پوخته**

کوردناسی لقێکی گرنگی زانستی ڕۆژهەڵاتناسییە، کە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە لەبارەی کورد، ئیدمۆندسیش یەکێکە لەو کوردناسانەی لە ڕێگەی بەرهەمەکانییەوە هەوڵیداوە لەبارەی کورد بکۆڵێتەوە، ئەم توێژینەوەیە، پێکهاتووە لە دەروازە و دوو تەوەرە و ئەنجام، لە دەروازەدا ژیان و کەسایەتیی ئیدمۆندس خراوەتەڕوو، لە تەوەرەی یەکمیشدا تیشک خراوەتە سەر کارە زانستییەکانی لەبارەی کورد، وەک کتێب و وتارە گرنگەکانی، هەرچی تەوەرەی دووەمە دیارترین تێڕوانین و بیروبۆچوونەکانی ئەم کوردناسە خراوەتەڕوو، کە چۆن لە کۆمەڵگە و دابونەریت و ئاینی ناوچە کوردییەکانی ڕوانیوە، بە تایبەتی قسەکردن دەربارەی کۆمەڵێک دیاردەی ئاینی و کۆمەڵایەتی کە سەرەنجی ڕاکێشاوە.

پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە؛ تەنیا سەرچاوەی بەرهەمی نووسەرانی کوردی سەدەی بیستەم بەسە بۆ ئەوەی لەم مێژووی کوردی قۆناغی دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی تێبگەین و توانیویانە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بدەنەوە، کە بۆ خوێنەر دروستدەبێت یان بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکانمان پێویستمان بە تۆمار و نووسینەکانی کوردناسانە و دەکرێت ببنە سەرچاوەیەکی ڕەسەن و سەرەکی بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەخاتەڕوو، کارە زانستییەکانی ئیدمۆندس لەبارەی کورد، دەتواندرێت وەک سەرچاوەیەکی گرنگ و ڕەسەن بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد لەسەدەی بیستەمدا پشتی پێ ببەسترێت، بەهۆی ئەوەی توانیویەتی تیشک بخاتە سەر هەمە لایەنی مێژووی کورد و تاڕادەیەکی باشیش خۆی پاراستووە لە لایەنگیری، بە تایبەتی لە نووسینەوەی مێژووی کۆمەڵایەتی و ئاینیی ناوچە کوردییەکان.

وشه کلیلییەکان: کوردناسی، ئیدمۆندس، تێڕوانین، ئاین، کۆمەڵگەی کوردی.

## ئیدمۆندس و کارە زانستییەکانی لەبارەی کوردناسی

### پێشەکی

کوردناسی وەک لقێک لە زانستی ڕۆژهەڵاتناسی، یەکێکە لە لایەنە هەرە گرنگەکانی مێژوو، سەرەڕای هەبوونی کۆمەڵێک کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی بەسەر مێژووی کوردەوە، بەڵام توانیویەتی چەند لایەنێک لە لایەنە شاراوەکانی مێژوو و دابونەریتی کورد تۆمار بکات و بیپارێزێت، کوردناسی بەریتانی (ئیدمۆندس) یەکێکە لەو کەسایەتییە دیار و ناسراوانەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا هاتۆتە کوردستان، هەرچەندە لەو کاتەدا وەک کەسێکی سیاسی و سەربازی ڕۆڵی بینیوە، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لەبارەی کوردەوە ئەنجامداوە، کە سەنگ و قورسایی خۆیان لە چاوچێوەی زانستی کوردناسیدا هەیە، دەتوانین بڵێین ئیدمۆندس پێشەنگی کوردناسانی ئینگلیزە، کە لێکۆڵینەوەکانی تاڕادەیەکی زۆر ورد و فراوانبێت سەرجەم لایەنەکانی (سیاسی و کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و ئاینی) لەخۆبگرێت. ناونیشانی بابەتەکەش، کە بریتییە لە (ئیدمۆندس و کارە زانستییەکانی لەبارەی کوردناسی)، هەوڵدانێکە بۆ بەدیارخستنی تێڕوانین و کارە زانستییەکانی ئەم کوردناسە بۆ کورد، بە تایبەتی لە لایەنی کۆمەڵایەتی و ئاینی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازە و دوو تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە، لە دەروازەدا باس لە ژیان و کەسایەتیی ئیدمۆندس کراوە، لە تەوەرەی یەکەمیشدا تیشک خراوەتە سەر کارە زانستییەکانی، بە تایبەتی کتێب و وتارە کاریگەرەکانی لەسەر مێژووی کورد. تەوەرەی دووەم: تایبەت کراوە بە تێڕوانینی ئیدمۆندس بۆ کۆمەڵگەی کوردی، لە خاڵی یەکەم: تیشک خراوەتە  سەر دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردی، خاڵی دووەمیش تایبەت کراوە  بە ئاینی کورد و ناوچە کوردییەکان لە دید و وێنای ئیدمۆندس. هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە؛ سەرەڕای ئەوەی کارە زانستییەکانی ئیدمۆندس پڕبایەخن بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد، بەڵام وەک پێویست گرنگی پێنەدراوە و توێژینەوەی ئەوتۆی لەبارەیەوە نەکراوە، بە جۆرێک بتوانێت لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بەرچاو بخات، گرنگیی ئەم توێژینەوەیە زۆرتر خۆی لەوەدا دەبینێتەوە؛ هەوڵدانێکە بۆ کۆکردنەوە و بەدیارخستنی گرنگترین نووسینەکانی ئیدمۆندس و تیشکخستنە سەر تێڕوانینەکانی بۆ کۆمەڵگەی کوردی، لە ڕێگەیەوە بایەخی نووسینەکانی کوردناسان بزانرێت بۆ گەڕان بەدوای لایەنە شاراوەکانی مێژووی کورد.

پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، تەنیا سەرچاوە و بەرهەمی نووسەرانی کوردی  سەدەی بیستەم بەسە بۆ ئەوەی لە مێژووی کوردی قۆناغی دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی تێبگەین، ئەوان توانیویانە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بدەنەوە، کە بۆ خوێنەر دروستدەبێت یان بۆ دۆزینەوەی  وەڵامەکانمان پێویستمان بە تۆمار و نووسینەکانی کوردناسانە و دەکرێت ببنە سەرچاوەیەکی ڕەسەن و سەرەکی بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد. میتۆدی نووسینی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە میتۆدی هێنانەوەی دەق و شیکردنەوەی لە شوێنی پێویستیشدا بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان میتۆدی بەراوردکاری بەکارهاتووە. لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە زۆرترین دەق لە

کتێب و وتارەکانی ئیدمۆندس بەکاربهێنرێت، چونکە تایبەتمەندیی توێژینەوەکە وادەخوازێت، بۆ هەر تەوەرە و بابەتێک یەکێک لە بەرهەمەکانی بەکاربهێنرێت، بەڵام کتێبی (کورد تورک عەرەب)، لە زۆرترین شوێندا لەم توێژینەوەیە بەکارهاتووە و سوودی لێ وەرگیراوە، ئەویش بەهۆی هەمەلایەنیی کتێبەکە، کە باس لە بارودۆخی سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردی دەکات لە سەدەی بیستەمدا، ئەمە جگە لە چەند سەرچاوەیەکی تری وەک، بیبلۆگرافیای کوردناسی نووسەر نەجاتی عەبدوڵا، تاڕادەیەکی باش سوودی لێوەرگیراوە، بە تایبەتی بۆ ناساندنی کارە زانستییەکانی ئیدمۆندس.

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەخاتەڕوو، کارە زانستییەکانی ئیدمۆندس لەبارەی کورد، دەتوانرێت وەک سەرچاوەیەکی گرنگ و ڕەسەن بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد لەسەدەی بیستەمدا پشتی پێ ببەسترێت، بەهۆی ئەوەی توانیویەتی تیشک بخاتە سەر هەمەلایەنیی مێژووی کورد و تاڕادەیەکی باشیش خۆی پاراستووە لە لایەنگیری، بە تایبەتی لە نووسینەوەی مێژووی کۆمەڵایەتی و ئاینیی ناوچە کوردییەکان.

**دەروازە: ژیان و کەسیەتیی ئیدمۆندس**

**ژیانی ئیدمۆندس (١٨٨٩-١٩٧٩):**

سیسیل جۆن ئیدمۆندس (Cecil John Edmonds) هەندێ جار بە پلە و نازناوی سەربازی ناوی هاتووە، وەک (میجەر ئیدمۆندس) (احمد،٢٠٠١، ٢٢٣/٢)، لە ٢٦ ی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٨٨٩) لە شاری (ئۆساکا)ی وڵاتی یابان لەدایکبووە، بەهۆی ئەوەی باوکی لەوێ قەشەبووە (بەسری،٢٠٠٢، ٢٤٠)، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا دەگەڕێتەوە ئینگلتەرا، پاش تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندی بۆ خوێندنی زمانە ئەورووپییەکان چووە بۆ ئەڵمانیا و فەرەنسا (بەرزنجی،٢٠٠٧، ١٠٦)، لە قوتابخانەی bed)

(crists Hospital and Pembroke خوێندویەتی، پاشان ford)
( college (کۆلێژی پەمبروک و نەخۆشخانەی مەسیحی) تەواوکردووە، دوای ئەمە لە زانکۆی (Cambridge کامبریج) وەرگیراوە (Roshani,2013,1)، لەوێ فێری سێ زمانی ڕۆژهەڵاتی (عەرەبی، تورکی، فارسی) بووە (ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ٥٧)، ئیدمۆندس لە ماوەی ژیانیدا چەندین پۆست و پلەی ئیداری و کارگێڕی و حکومی لە بەریتانیا وەرگرتووە، تاوەکو پلەی وەزیر ڕۆیشتووە، ئەمەش نیشانەی لێهاتوویی و سەرکەوتوویی لە کارەکانیدا بەدیاردەخات. هەروەک خۆی لەیاداشتەکانی باس لەوەدەکات، لە سێپتەمبەری ساڵی (١٩١٢)دا ئینگلتەرای بەرەو قوستەنتینیە بەجێهێشتووە، بەر لە گەیشتنی ئیدمۆندس بڕیاری ئەوە درابوو، وەکو نوێنەری سیاسی بنێردرێتە پارێزگای (بوشهر)، کە دەکەوێتە سەر کەنداوی فارس لە باشووری وڵاتی ئێران (ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ٢٠٣)، دوای ئەمە ئیدمۆندس لە ساڵی (١٩١٣) وەک و یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی لە میسۆپۆتامیا ڕۆڵی گێڕاوە (Roshani,2013,1).

هاتنی ئیدمۆندس بۆ باشووری کوردستان، بۆ دوای تەواوبونی جەنگی یەکەمی جیهانی دەگەڕێتەوە، لەگەڵ یەکەکانی سوپای بەریتانیا هاتۆتە سلێمانی، لە ساڵی (١٩١٩) ئەرکێکی تایبەتی پێ سپێردراوە (ئیبراهیمی،٢٠٠٨، ٨٧)، ئیدمۆندس خۆی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە (١٥ / جونی ١٩١٩) بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئەفسەرانی چەمچەماڵ گواستراوەتەوە، بەشداریی سەرکوتکردنی زۆربەی زۆری ئەو ڕاپەڕین و جوڵانەوانەی کردووە، کە لەم ناوچەیەدا سەریان هەڵداوە، بە تایبەتی ڕاپەڕینی یەکەمی (شیخ محمود) لە دەربەندی بازیان، ئیدمۆندس خۆی شێخ محمودی بە بریندای بەدیلگرتووە (ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ٦٤-٧٨)، لە ساڵی (١٩٢٢) پلەی کارگێڕی بەرزکراوەتەوە، بووە بە ڕاوێژکاری سیاسی و سەرپەرشتیاری ئیداری لە ناوچەی کەرکوک و سلێمانی لەژێر سایەی حکومەتی

عێراقی(Roshani,2013,1-2). ساڵی (١٩٢٤) ئەفسەر بووە، لەو لێژنەیەی کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی موصڵ پێکهێندرابوو (بەرزنجی،٢٠٠٧، ١٠٨)، کە لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە نێردرابوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان تورکیا و عێراق (ئۆقە،٢٠٠٠، ٢٢)، لە ساڵی (١٩٢٨) حاکمی بەریتانیا و ئەندامی نێردرای نەتەوەکان بووە بۆ زانیاری وەگرتن لە بەرەکانی نێوان (عێراق و سوریا)، دواتر لە ساڵی (١٩٣٣) بووە بە ڕاوێژکاری وەزارەتی کاروباری دەرەوەی عێراق (Roshani,2013, 2).

لە ماوەی نێوان سالانی (١٩٣٥ – ١٩٤٥) ئەرکی تری پێسپێردراوە(ئیبراهیمی،٢٠٠٨، ٨٦) بووە بە ڕاوێژکاری بەریتانی بۆ کاروباری کوردستان لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق (عەلی،٢/٢٠١٠، ٢٦٦)، پاش ئەوەی دەگەڕێتەوە لەندەن، بەهۆی ئەو شارەزاییەی لەماوەی کارکردنیدا لە ڕۆژهەڵات بەدەستهێنابوو، دەکرێت بە ڕاوێژکار لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، پاشان دەبێتە نوینەری هەمیشەیی لە دەزگای نێودەوڵەتی بۆ پەناهەندەکان لە (جنێف)، لە ساڵی (١٩٥٠) خانەنشین دەکرێت، بەڵام ئیدمۆندس هەوڵیداوە ئەو زانیاری و شارەزاییەی، کە لە سەر ڕۆژهەڵات بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی هەیبووە بیگەیەنێت، ئەوەبوو لە پەیمانگای توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقی سەر بە زانکۆی لەندەن وەک مامۆستا و وانەبێژی زمانی کوردی دەستبەکاربووە (بەسری،٢٠٠٢، ٢٤٠). ئیدمۆندس لە تەمەنی (٩٠) ساڵی و لە (١١ جونی ١٩٧٩) لە بەریتانیا کۆچی دوایی کردووە( Roshani,2013, 2).

## ٢- کەسایەتیی ئیدمۆندس:

ئیدمۆندس کەسایەتییەکی توندوتیژ و ڕەقی هەبووە، بەشی هەرەزۆری ژیانی خۆی بۆ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا تەرخانکردبوو، بە تایبەتی لە پرسە سیاسییەکاندا، بۆ سەقامگیرکردنی سیاسەتی بەریتانیا لە هیچ هەولێک بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد و کپکردنی لەو بەشەی باشووری کوردستان نەوەستاوەتەوە، لە چەندین شەڕ و پێکدادانێکی سوپای ئینگلیز دژی بزووتنەوەکانی کورد، ڕاستەوخۆ بەشداری کردووە، بە تایبەتی بەشداریی ڕاستەوخۆی کردووە لەگەڵ ئەو فڕۆکانەی، کە لە ساڵی (١٩١٩ و ١٩٢٠) بۆمببارانی خانووە قوڕینەکانی گوندەکانی کوردستانیان کردووە، ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتییان لەم هێرشانەدا کوژراون (ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ٧)، ئیدمۆندس خۆی فڕۆکەوانی فڕۆکەی بۆمبهاوێژی بەریتانیا بووە، کە شاری سلێمانییان بۆردومانکردووە، (ئیبراهیمی،٢٠٠٨، ٨٧-٨٨)، لەوبارەیەوە چەندین نموونە و بەڵگە بەردەستن دەریدەخەن ئیدمۆندس کەسایەتییەکی توندوتیژی هەبووە، ئەوەتا خۆی دەڵێت: "هەستی بۆردومانکردنی گوندەکانی دەوروبەری شاری سلێمانی بە ڕاستی خرۆشهێنەرە"(ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ٧)، ئیدمۆندس بەشداریی ئەم بۆمبباراننەشی کردووە، کە لە (٣ مارسی ساڵی ١٩٢٣) کراوەتە سەر شاری سلێمانی، بۆ دەرپەڕاندنی شێخ محمود (کۆچێرا،٢٠٠٤، ١٤)، لێرەدا نموونەی ئەو جۆرە دەربڕینانەی ئەو لە نووسینەکانیدا بە ئاشکرا دیارە، کاتێک دەبینین چۆن سنووری مرۆڤایەتی تێکدەشکێنێ و چەند بە خۆشحاڵییەوە باس لەم ڕووداوە ناخۆشانەدەکات و دەڵێت: " کاتێک بۆمبێکی گڕدار بەردەبۆوە دواییش بڵێسەی ئاگر خەرمانەی دەدا و جارجار دووکەڵی لێ هەڵدەستا منی شێت و شەیدا دەکرد، هەستێکی زۆر خۆشی پێدەدام، بەڵام داخەکەم ئەم جۆشوخرۆشە پەرەناسەنێت، چونکە خانووە گڵینەکان ئاگرەکەیان زوو دەکوژێتەوە " (ئیدمۆندس،٧،٢٠٠٤-٨). دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە هەستەی ئیدمۆندس

بەرانبەر بە کۆمەڵە هاوڵاتییەکی بێدەسەڵات، ئەوپەڕی بێبەزەیی و توندوتیژیی ئەومان بۆ دەردەخات.

هەرئەم کەسایەتی و ڕەفتارانەی وای کردووە ئیدمۆندس ببێتە جێگەی ڕەخنەی ژمارەیەک لەو کەسانەی ڕۆشنبیر بوون، یاخود ئاگاداری بارودۆخی سیاسیی وڵات بوون، یەکێک لەوانەی ڕەخنەی توندی لە ئیدمۆندس گرتووە، (بێکەس)ی شاعیرە، کە لە ئاهەنگێک لە ساڵی (١٩٤٦) بە بۆنەی ماڵئاوایی ئیدمۆندس سازکرابوو، بێکەس لەبەردەم دەیان کەسدا بە شیعرێک بە ناونیشانی (بیست و حەوت ساڵە) ڕەخنەی لە کەسایەتیی ئیدمۆندس گرتووە، دەڵێت:

بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم بە نان و ئاو و جل و بەرگی خۆم

خزمەتم کردی لە ئێران و ڕۆم لە پێناوی تۆ شکاوە ئەستۆم (بێکەس، ١٩٧٠، ٥،٢٤).

**تەوەرەی یەکەم: کارە زانستییەکانی ئیدمۆندس لەبارەی کورد**

ئەگەرچی ئیدمۆندس وەک دەسەڵاتدارێکی سیاسی و سەربازیی بەریتانی هەرکارێکی کردبێ بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی حکومەتی بەریتانیا بووە لە ناوچەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند بەرهەمێکی گرنگی هەیە لە بواری کوردناسیدا، بە تایبەتی لەبارەی مێژوو و جوگرافیای کوردستان و زمانی کوردی، کە شایەنی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەن، بۆ ئەو توێژەر و لێکۆڵەرانەی دەیانەوێت زانیاری لەسەر باشووری کوردستان کۆبکەنەوە، لێرەدا هەوڵدەدەین گرنگترین و کاریگەرترین نووسینەکانی بخەینەڕوو، بەرهەمەکانیشی بریتین لە:

**أ-کتێبەکان:**

**١- Kurds, Turks and Arabs) ) (کورد تورک عەرەب)**

ئەم کتێبە یەکێکە لە گرنگترین و ناسراوترین بەرهەمەکانی ئیدمۆندس، لە ساڵی (١٩٥٧) لە لەندەن چاپکراوە، ڕووداو و باسەکانی ناو ئەم کتێبە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩١٩ -١٩٢٥) دەگرێتەوە، وەرگێڕدراوەتەسەر چەند زمانێکی ڕۆژهەڵاتی، لەوانە (کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی). بە شێوەیەکی گشتی ئەم کتێبە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە، کە لەناو هەر بەشێکیش بەپێی خاڵ چەند بابەتێکی لەخۆگرتووە، ئیدمۆندس ئەم کتێبەی دەربارەی مێژوو و جوگرافیا و زمان و ئەتنۆگرافیای کوردستان نووسیوە، بە تایبەتی بەشی باشووری کوردستان، لەوێدا زۆرتر جەختی لەسەر بنەماڵە ناودار و دەسەڵاتدارەکان و سیاسەتی بەریتانیا بەرانبەر بزوتنەوە چەکدارییەکانی ئەم قۆناغە دەکاتەوە، ئەمە جگە لە تێڕوانینی بۆ کۆمەڵگەی کوردی لە لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی(١)، بەڵام لە بنچینەدا ئەم کتێبە بۆ بەرچاوڕوونی سەروبەندی (کێشەی ویلایەتی موصل) ئامادەکراوە، دواتر باسەکە بەگوێرەی تاقیکردنەوە و زانیارییە تایبەتییەکانی نووسەر وەک ئەفسەری سیاسیی بەریتانیا فراوانترکراوە، بۆئەوەی هەموو لایەنەکانی پرسەکە بگرێتەخۆ. (نەجاتی عەبدوڵڵا) لە بارەی ئەم کتێبەوە دەڵێت: " دەبێ ئەوە لەبەرچاوبگرین ئیدمۆندس هەوڵیداوە بەبێ لایەنگری ئەم کتێبە بنووسێ" (عەبدوڵڵا،٢٠٠٩، ١٣١)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیدمۆندس تاڕادەیەک کەوتۆتە ژێر کاریگەریی سیاسەتی دەوڵەتی بەریتانیا و لە ڕوانگەی بەهێزیی خۆی (بەریتانیا) و بێهێزیی کورد ئەم بەرهەمەی نووسیوە، بە تایبەتی لە تێڕوانینی بۆ بزووتنەوە سیاسییەکانی سەدەی بیستەم، ئەوەش بە ڕوونی لە چەندین دەقدا لە نووسینی ئەم کتێبەدا بەدیاردەکەوێت. بۆ نموونە کاتێک باس لە شۆڕشی شێخ مەحمود دەکات

لە سلێمانی، بەهۆی ئەوەی پێچەوانەی خواستی حکومەتی بەریتانیا وەستاوەتەوە و ئامادەی سازان نەبووە لەگەڵیان، ئەوا شێخ مەحمود وەک دەمارگیر و یاخی ناوزەنددەکات و هێرشی دەکاتە سەر (ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ٩١،٣٦٩).

ئەو میتۆد و شێوازەی ئیدمۆندس لە نووسینی ئەم کتێبەدا بەکاریهێناوە، زیاتر بریتییە لە شێوازی گێڕانەوەی گەشتنامەی خۆی، ئەمە جگە لەوەی لە چەند شوێنێکدا سوودی لە نووسینی ژمارەیەک لە هاوڕێیانی خۆی بینیوە، کە پێشتر ئەفسەری کارگێڕی و سیاسی بوون لە کوردستان وەک (مێجەر سۆن١٨٨١-١٩٢٣) و چەند نووسەرێکی تری پێشووی بەریتانیا وەک (کلۆدیس جەیمس ریچ ١٧٨٧-١٨٢١ز) (محو،٢٠٠٧، ١٧٢). لەگەڵ ئەوەشدا ئیدمۆندس لە بەشێکی نووسینی ئەم کتێبە وەک نووسەرێکی شارەزا و بەتوانا شێوازی گێڕانەوە و بەراوردکاری پەیڕەوکردووە، بۆ نموونە کاتێک ئەفسانەیەک یاخود چیرۆکێک لە زمانی کەسێک یان نووسەرێکەوە دەگێڕێتەوە پاشان بەراوردی دەکات لەگەڵ لێکۆڵینەوە و بیروبۆچوونەکانی خۆی، پاشان ڕاستی و ناڕاستیی ڕووداوەکە دەسەلمێنێ، بۆ نموونە لەبارەی ڕەچەڵەک و بنەچەی کورد ئەم شێوازەی بەکارهێناوە (ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ٢١-٢٢). ئەم بەرهەمەی ئیدمۆندس وەکو هەموو یان زۆربەی بەرهەمی کوردناسانی تر بێ کەم و کوڕی نییە، هەروەک خۆی دان بە مەدادەنێت، ئەمیش بەهۆی ئەوەی زانیارییەکانی ناو ئەم کتێبە، نووسینی یاداشتی ڕۆژانەی خۆی بووە، تەنانەت یەک دوو جار بەشێک لە پەڕاوی گەشتەکانی ونکردووە، بۆ بەبیرهاتنەوەی نووسینەکانی پشتی بە یادەوەریی خۆی بەستووە (ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ٢٠١ ) . ئەمەش وادەکات گومان دروستبێت لە ڕاستی و دروستیی هەندێک لە ئامار و ژمارە و ناو و شوێنەکان.

## ٢-(THE KURDS WAR IN IRAQ: APLAN FOR PACE
## جەنگی کورد لە عێراق، پلانێک لەپێناوی ئاشتیدا) (کێشەی کورد)

لە ڕاستیدا ئەم کتێبە بریتییە لە وتارێکی ئیدمۆندس لە (٢٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٦) لە بارەگای کۆمەڵەی شاهانەی کاروباری ئاسیای ناوەڕاست لە لایەن ئیدمۆندس خۆیەوە خوێندرایەوە و پێشکەشکراوە (ئیدمۆندس،٢٠٠٨، ٥ )، دواتر ئەم وتارە کۆکراوەتەوە و کراوەتە کتێبێکی بچووک، کە لە (٦٤) لاپەڕە پێکهاتووە بەبێ پێشەکی و پێرست ڕاستەوخۆ باسی کێشەی نێوان کورد و حکومەتی عێراقی کردووە.

ئەم وتارە لەژێر ناوی (کێشەی کورد) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، ئیدمۆندس بە حوکمی ئەوەی (٢٥) ساڵ لە عێراقدا ژیاوە و شارەزایی تەواوی هەبووە لە بارەی کورد و عەرەب و پاشخانێکی مێژوویی ورد و دوور و درێژی لەگەڵیان هەبووە. هەروەک کەمال مەزهەر دەڵێت: " کە لە عێراق بووە، کارمەندێکی زۆر دەستڕۆیشتوو بووە، ئاگای لە زۆر شتی بینراو و نەبینراو هەبووە" (احمد،٢٠٠٨، ١٥١/١)، لەبەر ئەمە ئیدمۆندس لە توانایدا هەبووە لە کێشەیەکی سیاسی و نەتەوەیی ئاوا گرنگدا سەر دەربکات و بتوانێ ڕاوبۆچوونی خۆی دەربارەی دەرببڕێت.

ئەم کتێبە بە گشتی خۆی لە دوو بەش دەبینێتەوە، هەرچەندە خۆی کتێبەکە دابەشی سەر هیچ بەش و باسێک نەکراوە.

لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا: ئیدمۆندس هەوڵدەدات کێشەی کورد بناسێنێت و هۆکارەکانی کێشەی نێوان کورد و حکومەتی عێراقی شیبکاتەوە، هەرچی بەشی دووەمی ئەم کتێبەیە: خۆی لە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان کورد و حکومەتی عێراقی دەبینێتەوە، هەموو کێشە و

گرفتەکان و هەم چارەسەرەکانیشی بە شێوەی خاڵ باس کردووە و دەستنیشانی کردوون، ئەم چارەسەرانەش پێشنیازی تایبەتی خۆیەتی (ئیدمۆندس،٢٠٠٨، ١٧-٣١ )، ئەوەی لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا دەردەکەوێت، ئیدمۆندس هەڵوێستی بەرانبەر بە کورد گۆڕاوە بە بەراورد بە نووسینە توندەکانی لە کتێبی (کورد تورک عەرەب)، ئەمەش دەکرێت هۆکاری ئەوە بووبێت بە تێپەڕبوونی کات بۆی دەرکەوتبێ سیاسەتی بەریتانیا بەرانبەر بە کورد سیاسەتێکی بەرژەوەندیخوازانە بووە، بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان باشووری کوردستانیان خستۆتە سەر حکومەتی تازە دامەزراوی عێراق، لەو کاتەشدا بینیویەتی کورد هەر لەخەبات بەردەوامە و لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە بەردەوام دژایەتی دەکرێت، نەگەیشتوونەتە چارەسەرێکی گونجاو.

ئەوەی جێگەی تێبینییە لەم کتێبەدا، ئیدمۆندس داوا لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بەپێی ئەوەی ئەوان درێژەپێدەری کۆمەڵەی گەلانن و بەپێی مادەی (١٢)ی بەندەکانی سەرۆک (ودرۆ وڵسن ١٩١٣ – ١٩٢١ )(السبعاوی،٢٠١٠،٣٠١)، چارەسەری کێشەی کورد بکەن، ئەگەر هەرنا بۆ ناوبژیوانیکردنی کێشەی نێوان کورد و حکومەتی عێراقی هەوڵبدەن (ئیدمۆندس،٢٠٠٨، ٧).

ئیدمۆندس کاتێک باس لە چارەسەری کێشەی کورد دەکات، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات یەکێک لە هۆکارەکانی چارەسەرنەبوونی کێشەی کورد لەگەڵ حکومەتی عێراقی، بابەتی ئەو ناوچانەیە کە کورد و عەرەب تێیدا دەژین، نموونە بە شاری کەرکوک و دیالە دەهێنێتەوە و دەڵێت: " لەو باوەڕەدا نیم هیچ حکومەتێکی عێراقی توانای ئەوەی هەبێت لەسەر کورسیی فەرمانڕەوایی بمێنێتەوە، ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر چوونە پاڵی کەرکوک بدات بۆسەر پارێزگای سلێمانی، وەک ئەو بانگەشانەی بۆی دەکرێت" (ئیدمۆندس،٢٠٠٨، ٢٣)، هەرچەندە ئەم تێڕوانینە جێگەی ناڕەزایی

سەرکردایەتیی بزوتنەوەی کوردی ئەوکات (مەلا مستەفا بارزانی)بوو، بەڵام دواتر سەرەڕای ئەم ناکۆکییانەی نێوان بزوتنەوەی کوردی و حکومەتی عێراقی، کە لەم قۆناغەدا هەیان بوو، پاش دانوستان، کە ئەوکات (عەبدولرەحمان عارف ١٩١٦-٢٠٠٧) سەرۆککۆماری عێراق بوو، گەیشتنە ڕێککەوتن و لە (٢٩-٦-١٩٦٦) بەیاننامەیەک ڕاگەیەندرا بە مەبەستی هێنانەدیی یەکێتیی نیشتمانی لە وڵات، کە خۆی لە دوانزدە خاڵ دەبینییەوە (ئیدمۆندس،٢٠٠٨، ٦١-٦٢). بەشێک لەو خاڵانەی لەناو بەیاننامەکەدا هاتبوون، هەمان ئەو داواکارییانەبوون، کە (مەلا مستەفا بارزانی) لە (٢٥-١٢-١٩٤٣) دوای کردبوو، کاتێک لە ڕێگەی نامەوە (ئیدمۆندس)ی لە بارودۆخی باشووری کوردستان ئاگادارکردبۆوەو داوای چارەسەرکردنی کێشەکان و مافی کوردی کردبوو(عەلی،٢/٢٠١٠، ٢٧٠-٢٧١).

### ٣-(A Kurdish-English Dictionary فەرهەنگی کوردی ئینگلیزی)

ئەم بەرهەمەش بە کارێکی گرنگی ئیدمۆندس دادەنرێت، کە بەهاوکاریی (تۆفیق وەهبی١٨٩١-١٩٨٤) نووسیویەتی ( Wahaby and Edmonds,1966,3)، فەرهەنگێکی (کوردی – ئینگیزی)یە، لە ساڵی ١٩٦٦ لە چاپدراوە، ئەم فەرهەنگە نزیکەی (٢٠) هەزار وشە لەخۆدەگرێت (شریف، ٢٠٠٦: ١٢٥)، یەکەمین فەرهەنگی کوردییە کە بە زمانی ڕۆژئاوایی بڵاوکرابێتەوە، زمانەکەشی زمانی پاراوی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانییە، لەسەر بنەمای شێوەزاری سلێمانی (کرمانجی باشوور) نووسراوە (Wahaby and Edmonds, 1966,412).

لە عێراقدا دوای هاتنی سوپای بەریتانیا و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و دەرچوونی یاسای زمانە خۆجێییەکان لە ساڵی ١٩٣١، زمانی کوردی لە لیوای سلێمانی و هەولێر و کەرکوک وەک زمانێکی فەرمی لە بەڕێوەبردن و پەروەردە و فێرکردندا چەسپێنرا (محو،٢٠٠٧، ٤٢٧) . وادیارە دوای ئەم هەنگاوانە لەلایەن کەسانێکی وەک (ئیدمۆندس و تۆفیق

وەهبی) یەوە بیر لەوەکراوەتەوە، زمانی کوردی زیاتر پێویستی بە وشەی نویێ و بەرەوپێشچوون هەیە، لە بواری نووسین و تەنانەت قسەکردنیش، جگە لەوەی بوونی فەرهەنگێکی کوردی - ئینگلیزی مانای کارکردنە بۆ زیاتر لێکنزیکبوونەوەی زمانی کوردی و ئینگلیزی، کە دەتواندرێت بگوترێت بە پێویستییەکی سەرەکیی ئەو قۆناغەیان زانیوە، بە تایبەتی لەو کاتەدا کە هیچ فەرهەنگێکی تری لەم شێوە پێشکەوتووە نەبووە لە نێوان ئەم دوو زمانەدا.

ئەم فەرهەنگە بە شێوازی پیتی لاتینی نووسراوە، لە ڕووی پیتەکانیشەوە ڕیزبەندیان بە شێوەی (ئەلف و بیێ)ی عەرەبی مامناوەندییە، کە تۆفیق وەهبی دایهێناوە(Wahaby and Edmonds,1966,412) بۆ ئەوەی لە وەزارەتی پەروەردەی عێراق بەکاربێت، ئەم فەرهەنگە کەمتر پشت بە شێوازی خوێندنەوەی هێما دەنگییەکان دەبەستێت، شێوازی ڕێکخستنی بابەتەکانی دیاریکراوە و ڕێکخراوە، زانیاریی زۆری تێدایە لەلایەنی (ڕێزمانی) و وشەسازی، ئەمە جگە لەوەی پاشکۆی کورتکراوەشی تێدایە (محو،٢٠٠٧: ٤٢٨). گرنگیی ئەم فەرهەنگە لەم قۆناغەدا لەوەدا بوو، توانی کێشە و گرفتی خوینەران لە بابەتی وەرگێڕاندا بە ڕێگای زانستی چارەسەربکات (شریف، ٢٠٠٦: ١٢٦).

## ٤-( A Pilgrimage to LALSH حەج بۆ لالش)

حەج بۆ لالش یەکێکی ترە لە کتێبە گرنگەکانی ئیدمۆندس، کە دەربارەی ئاین و بیروباوەڕی بەشێک لە کوردی باشووری کوردستانی نووسیوە، ئەویش ئێزیدییەکانن، ئەم کتێبەی ئیدمۆندس بریتییە لە مەتڕیال و کەرستەی ڕۆژانەی خۆی، لە نێوان ساڵەکانی (١٩٣٠ – ١٩٤٥) کۆی کردۆتەوە و دواتر ئەم کتێبەی لیێ بەرهەمهاتووە، لە ساڵی (١٩٦٧) چاپکراوە. بە شێوەیەکی گشتی کتێبەکە بەسەر سیێ بەش دابەشکراوە، بەشی یەکەم باس لە ڤیستیڤاڵی پایزانەی ئێزیدییەکان دەکات و بەشی

دووەمیشی تایبەت کردووە بە یادەوەریی شێخان، لە بەشی سێیەمدا باس لە یەکەم سەفەری خۆی دەکات بۆ شێخان (Edmonds,1967,Xii)، جگە لەمانە، کتێبەکە چوار پاشکۆی لەگەڵە، پاشکۆی یەکەم باس لە هۆزە ئێزیدییەکان و ڕەچەڵەکیان دەکات، پاشکۆی دووەم تایبەتە بە ئاوایی ئێزیدییەکان و خەملاندنی دانیشتووانیان، پاشکۆی سێیەم باس لە ئاوایی (شەبەکەکان) دەکات، پاشکۆی چوارەم و کۆتایی تایبەتکردووە لەسەر نوسخەی کوردی کتێبە پیرۆزەکانی ئێزیدی(٢) (عەبدوڵلا،٢٠٠٩، ٢٦٠).

**ب-وتارە گرنگەکانی  ئیدمۆندس لە بارەی کوردناسی:**

ئیدمۆندس لە ماوەی کارکردنیدا، ژمارەیەکی زۆر وتاری لەبارەی کورداسیدا نووسیوە، وەک وتاری سیاسی و ئاینی، تەنانەت لە کارەکانیدا گرنگییەکی باشی بە شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان داوە چەند وتارێکی دەربارەی ئەم شوێنەوارانە نووسیوە، بەڵام لەهەموویان گرنگتر ئەم سێ وتارەیە کە دەیانخەینەڕوو، هەر سێ وتارەکەش دەربارەی باشووری کوردستانە، وتارەکانیش ئەمانەن:

**١-(Two Ancient Monuments in Southern Kurdistan دوو شوێنەواری دێرین لە باشووری کوردستان)**

ئەم وتارە بریتییە لە کورتەباسێک لەبارەی دوو شوێنەواری مێژوویی لە باشووری کوردستان، یەکەمیان لە ناوچەی دەربەندی (پەیکوڵی) لە ساڵی (١٨٤٤) لەلایەن تیمێکی ئارکیۆلۆژی ئەڵمانی دۆزراوەتەوە و لێی کۆڵدراوەتەوە(Edmonds,1925,4).

شوێنەواری دووەمیان، بەردنووسێکە لە ناوچەی قەرەداغ (دەربەندی گاور)(٣)، ئیدمۆندس لەبارەی ئەم شوێنەوارە ئاماژە بۆ ئەوەدەکات، ڕاوبۆچوونی جیاواز  دەربارەی  ئەو وێنە و نووسراوە هەیە، کە لەسەر

بەردەکە نەخشێندراوە، بەشێک پێیانوایە ئەم نووسراوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان و بەخەتی پەهلەوی نووسراوە، بۆچوونێکی تر ئەوەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (Naram Sinنەرامسین)(٤)، ئیدمۆندس زۆر بە وردی وەسفی شوێنەوارەکە دەکات، جگە لە وەی چەند وێنەیەکی شوێنەوارەکەشی گرتووە لەگەڵ وتارەکەدا لە مانگی یەکی ساڵی (١٩٢٥) بڵاویکردۆتەوە (Edmonds,1925,5). واپێدەچێت ئامانجی لەم کارە ناساندنی شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان و سەرنجڕاکێشانی شوێنەوارناسان بووبێت، بۆ ئەوەی هانیانبدات بێنە ناوچەکە و کنەوپشکنین ئەنجامبدەن، چونکە ئەم قۆناغە دامەزراوە ئەوروپییەکانی بواری شوێنەوارناسی بە وردی بەدوای شوێنەوارەکانی ڕۆژهەڵاتدا گەڕاون.

### ٢- ( Two More Ancient Monuments in Southern Kurdistan دوو شوێنەواری تری دێرین لە باشوری کوردستان):

ئەم وتارەش بەهەمان شێوەی وتارەکەی پێشووتر، باسی دوو شوێنەواری زۆر کۆن دەکات لە چیای (بەمۆ)، کە خۆی گەشتی کردووە بۆلای هەردوو شوێنەوارەکە، یەکەمیان شوێنەوارێکە لە بەرد هەڵکەندراوە و ئیدمۆندس لە ئاداری ساڵی (١٩٢٦) سەردانی ئەم شوێنەوارەی کردووە و وێنەی گرتووە، لەگەڵ وتارەکە بڵاویکردووەتەوە (Edmonds,1928,2).

لە گەشتێکی تریدا لە نیسانی ساڵی (١٩٢٧) ئیدمۆندس شوێنەوارێکی تری لەسەر قەڵایەکی وێرانبوو دۆزیوەتەوە، کە بە قەڵای (یەزدەگورد) ناسراوە، ئەم شوێنەوارە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغێکی زۆر کۆن، لە هەشت یان نۆ پارچە تاشە بەردی داتاشراو پێکاتووە، کە شێوەیان لە ئاسک دەچێت و ئەم شێوە داتاشراوە لە دەوڵەتی عیلامیشدا هەبووە و

دۆزراوەتەوە، بە وتەی شوێنەوارناس (سپایزەر) ئەم شوێنەوارە کۆنە دوور نییە پاش ماوەی (ئاشورییەکان)بێت. (Edmonds,1928,3-4).

### ٣-(A third note on rock monuments in southern Kurdistan سێیەم تێبینی لەبارەی گاشە بەردێکی شوێنەواری لە باشووری کوردستان)

ئیدمۆندس لەم وتارەدا باس لەوەدەکات لە نیسانی ساڵی (١٩٢٦) لە گەشتێکی خۆی لەنێوان هەولێر و ڕواندز شەوێک لە (باتاس) ماوەتەوە، لەو سەردانەیدا گاشەبەردێکی مێژوویی بینیوە، کە نزیکەی پێنج میل لە دەروازەی گوندی (سپیلک) دوور بووە، ئیدمۆندس پیاهەڵداتێکی جوانی بەردەکە دەکات و زۆر بە وردی پێوانەی درێژی و پانی و بەرزیی بەردەکە دەخاتەڕوو، چەند وێنەیەکی بەردەکەشی گرتووە، لەگەڵ وتارەکەدا بڵاویکردۆتەوە، چەند سەرنج و تێبینییەکی خۆی دەربارەی ئەم شوێنەوارە خستۆتەڕوو (Edmonds,1931,2)، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەم داتاشین و هەڵکۆڵینی بەردە ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (ئاشوریەکان ٤٠٠٠ پ.ز- ٦١٢ پ.ز) (حسین،١٩٩٨، ٢٣). و شێوازی هونەریی هەڵکۆڵین و داتاشینی ئەم بەردە کاریگەرە بە هونەری کلاسیکی ئاشوری و فارسەکان، لەگەڵ وتارەکەدا نەخشەیەکی باشووری کوردستانی کێشاوە و بە ڕوونی شوێنی شوێنەوارە مێژووییەکەی لەسەر نەخشەکە دیاری کردووە (Edmonds,1931,5-6). ئیدمۆندس گرنگییەکی زۆری بەو نەخشەیەداوە، دیارە ئەو نەخشەیەی بۆیە کێشاوە تاکو ببێتە ڕێنیشاندەر بۆ ئەو کەسانەی دوای ئەم دێن و دەیانەوێت زانیاریی زۆرتر و وردتر لەسەر ئەم شوێنەوارە کۆبکەنەوە، بە تایبەتی بۆ لێکۆڵەرەوانی بیانیی بواری شوێنەوارناسی.

## ٤- The Kurdish of Iraq) کورد لە عێراق) (١٩٥٧)

ئەم وتارە وەک ناساندن و پێناسەکردنی نەتەوەی کورد وایە، بەڵام زۆرتر جەخت لە کوردی عێراق دەکاتەوە. ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کوردستان ئەو وڵاتەیە، کە کوردی تێدا نیشتەجێیە، بەسەر چەند ناوچەیەک دابەش بوون، کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی چەند دەوڵەتێک، وەک (عێراق، ئێران، تورکیا، بەشێکی کەمیشی لەژێر دەسەڵاتی سوریا و سۆڤیەت)دان، ئیدمۆندس لەم وتارەدا سنووری باشووری کوردستانی دەستنیشان کردووە، لەبارەی ژمارەشیان دەڵێت: " دانیشتووانی کوردستان هەرەزۆریان کوردن، ڕێژەی کورد لە ویلایەتی موصڵ بەم شێوەیەیە، لە شاری موصڵ کورد (٣٠ %) یە، لە هەولێر (٩١%) و لە شاری کەرکوک (٥٢ %) لە شاری سلێمانی (١٠٠ %) پێکدەهێنن " (Edmonds,1957,2-3)، لە ڕاستیدا ئەم ئامارەی ئیدمۆندس، کە دەربارەی شاری کەرکوک خستوویەتیەڕوو لە ئێستادا گرنگە، چونکە ئەمە کێشەیەکی گەورەیە لە نێوان کورد و عەرەب و تورکمانەکان، لەسەر بابەتی کوردبوون و کوردنەبوونی ئەم شارە، دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت، بە تایبەتی کاتێک ئاماژە بۆئەوە دەکات زۆربەی زەوییەکانی ئەم شارە موڵکی کوردن (Edmonds,1957,4).

ئیدمۆندس دێتە سەر باسی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان و باس لە هەڵوێستی شێخ محمود دەکات، کاتێک بە یارمەتی ئینگلیز توانی بۆ یەکەمجار دەسەلاتداریەتیەکی هەبێت، وا چاوەڕوان دەکرا قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ کورد دابنێت، بەڵام وا دەرنەچوو هەر وەک ئیدمۆندس لە نامەکەی خۆیدا، کە بۆ ڕەفیق حیلمی ناردووە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "کاتێک شێخ محمود هەوای کێوەکانی سلێمانی کاریتێکرد، لەهەر گفتێکی دابووی و هەر پەیمانێکی لەگەڵ گەورەکانی حکومەتی بەغداد کردبووی لەبیری چۆوە، زۆری پێ نەچوو ناوی خۆی نا مەلیکی کوردستان،

دەستی کرد بە داواکردنی شارەکانی تری کوردستان تاکو (جەبەل حەمرین) " (حیلمی،٢٠٠٣، ٣٣٢).

**٥- (The Kurdish and The Revolution in Iraq کورد و شۆڕش لە عێراق)(١٩٥٩)**

وتارێکە لە وتارە سیاسییەکانی ئیدمۆندس، دەربارەی سەرهەڵدانی شۆڕشی چواردەی تەمووزی ساڵی (١٩٥٨) و کاریگەرییەکانی بەسەر کوردەوە نووسیویەتی، لە دەسپێکدا ئیدمۆندس هەوڵدەدات هەڵوێستی کورد لە بەرانبەر کێشە دیارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخاتەڕوو، بە تایبەتی تێڕوانینی کورد بەرانبەر بە کێشەی عەرەب و ئیسرائیل، ئاماژە بۆئەوە دەکات کوردەکان بەو پێیەی موسڵمانن، بێگومان لەگەڵ عەرەبەکان ڕقیان لە جێنشینبوونی جولەکەکان دەبێتەوە لە فەلەستین، بەڵام کوردەکان لەگەڵ یەکێتیی عەرەبیشدا هاوسۆز نین (عەبدوڵڵا،٢٠٠٩، ١٦١) ئیدمۆندس لە سەرەتادا هەڵوێستەکانی کورد لەعێراق بەدیاردەخات، ئاماژە بۆئەوە دەکات زۆربەی گەنجەکانی کورد لە سیستەمی ڕەگەزپەرستی ناڕازین، هەست بە بێهیواییەکی زۆر دەکەن و ڕازی نین لەو ڕژێمە هاوبەشەی، کە هەیە، ئیدمۆندس لە وتارەکەدا زۆر جەخت لە سەر جوڵانەوەی بارزان دەکاتەوە، باس لە جوگرافیا و دانیشتووان و شێخەکانی بارزان دەکات (Edmonds,1959A, 4-5)، لەبارەیانە ئیدمۆندس دەڵێت: "دیارە بەڕیتانییەکان سوربوون لەسەر ئەو بەرپرسیارییەتەی، کە لەسەریانە بەرانبەر بە کوردەکان، بەڵام دواتر شێخەکانی بارزان دوو فەرمانبەری سیاسیی بەریتانیەکانییان کوشت، پاشان لەسەر ئەم کارە دووچاری سزا بوونەوە"(٥) (Edmonds,1959A, 6).

ئیدمۆندس لەم وتارەدا بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی کورد لە شۆڕشی نوێی عێراق نموونەیەک دەهێنێتەوە و لە بارەی سەردەمی

(نوری سەعید١٨٨٨-١٩٥٨) دەدوێت، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە ساڵی (١٩٤٤) کاتێک نوری سەعید سەرۆکوەزیران بوو، ویستی چالاکییە سەربازییەکان لە کوردستان کەمبکاتەوە، ئەویش بە دانانی وەزیرێکی کورد بە ناوی (ماجید مستەفا) لە حکومەتی عێراقی(٦)، ئەمەش تەنها بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی بارزان بوو، بەڵام ئەمە جێگەی ڕەخنەی مەلا مستەفای بارزان بوو، ناڕازی بوو لە ڕەفتاری ئەمنی و ڕەگەزپەرستی لە پەرلەماندا، کاتێک نوری سەعید دەستیلەکارکێشایەوە دووبارە ناکۆکی لە بارزان سەریهەڵدایەوە، لە کۆتایی ساڵی (١٩٤٥) و هەر لەو ساڵەدا مەلا مستەفا ڕووی لە ئێران کرد (Edmonds,1959A, 10)، مەبەستی ئیدمۆندس لەو نموونەیە ئەوەبوو بڵێت هەروەک چۆن دانانی وەزیرێکی کورد لە سەردەمی نوری سەعید هیچ دەستکەوتێکی نەبوو بۆ کورد، بەهەمان شێوە (شۆڕشی ١٤ی تموزی ١٩٥٨)یش سوودێکی ئەوتۆی نابێت بۆ کورد. لە درێژەی وتارەکەدا باس لەوەدەکات یەکێک لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرسی کوردە، پرسیار دەکات ئایا کورد مافی دیاریکردنی چارەنوسی هەیە؟ ئەگەر کورد لە عێراق لە ساڵانی (١٩٣٢)ەوە تاکو ئێستا، ئەوەیان بەدەستنەهێنابێ تائێستا هیچ ئاماژەیەک نییە، کە مافی زیاتر بە کوردان بدرێت(Edmonds,1959A, 10-11).

ئیدمۆندس لە کۆتایی وتارەکەدا دەڵێت: "ڕۆژنامەنووسی کوردی لە ئێستادا ستایشی شۆڕشی (١٤ی تەموزی ١٩٥٨)ی عێراق دەکەن، گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی خەیاڵی میللی کوردی داگیرکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ بیرکردنەوەیەک لە بارەی کاروباری کورد لە عێراقدا لەئارادا نییە، زۆربەی گەنجە کوردەکان پێشوازی لە حکومەتی قاسم دەکەن، کە لایەنگری شوورەویە و هیوا دەخوازن، ڕەوشیان لەژێر حکومڕانیی ئەودا باشتر بێت" (Edmonds,1959A, 12).

**تەوەری دووەم: تێڕوانینی ئیدمۆندس بۆ کۆمەڵگەی کوردی**

ئیدمۆندس یەکێکە لەو کوردناسانەی زۆر گرنگی بە کۆمەڵگەی کوردی داوە، لە نووسینەکانیدا هەوڵیداوە کۆمەڵگەی کوردی بناسێنێ و هەڵی سەنگێنێ، چونکە ئەویش هاوشێوەی ڕۆژهەڵاتناسان و گەڕۆکەکانی تر، کۆمەڵگەی کوردی سەرنجیڕاکێشاوە و کۆمەڵێک دابونەریت جێگای تێڕامانی بووە، بۆیە کارەکانی لەم بوارەوە دەتوانێت بەرهەمێکی باش بێت بۆ ئەو کەسانەی بیانەوێت لە ڕەچەڵەکی کورد و کۆمەڵگەی کوردی بگەن، زۆربەی ئەو دابونەریتانەی ئیدمۆندس باسی کردووە، بەشێکیان نەماون و گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بەشێکی تریشی تاکو ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردیدا ماون و نەگۆڕاون، بوونەتە بەربەست لەبەردەم پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵگەی کوردی.

بۆیە ئیدمۆندس لە سەرەتای ناساندنی کورددا، باس لە ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد دەکات، لە مەشدا پشتی بە چەند چیرۆکێک بەستووە، وەک خۆشی ئاماژەی پێکردووە، ئەمانەی لە زاری کوردەکان خۆیانەوە بیستووە، ئەمانەش بریتین لە دوو ئەفسانە یاخود چیرۆک، یەکەمیان: دەگەڕێتەوە سەر ئەفسانەیەکی مێژوویی (زوحاک و مارەکانی سەرشانی)، لە ئەنجامی ڕزگارکردنی ژمارەیەک گەنج لە دەستی زوحاک و هەڵاتنیان بۆ چیا، گوایە کوردەکان لە نەوەی ئەم گەنجانەن (ئیدمۆندس، ٢٠٠٤، ٢١).

داستانی دووەم: دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (سلێمان) پێغەمبەر، کاتێک جنۆکەکان دەستیان لەگەڵ کەنیزەکەکان تێکەڵ کردووە، بنەچەی کوردەکان لەوێوە دەستپێدەکات (ئیدمۆندس، ٢٠٠٤، ٢١)، چیرۆکی گێڕانەوەی ڕەچەڵەکی کورد بۆ جنۆکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای نووسینەوەی مێژووی ئیسلام، بۆ نموونە مێژوونوسی ئیسلامی (مەسعودي ٣٤٨ ک) ئاماژە بەم چیرۆکە دەکات، ئەویش لە شێوەی چیرۆک بیستوویەتی و نووسیویەتیەوە (المسعودي،٢٠٠٥، ٩٦/٢) پاشان

لەلایەن نووسەرانی ترەوە وەرگێڕدراوە و دەماودەم گێڕدراوەتەوە، ئەوەی جێگای تێبینییە تەنانەت کوردیش خۆی باوەڕی بەم چیرۆکە هەبووە.

لەبارەی زمانی کوردیشەوە دەڵێت: "کوردەکان بە زمانی تایبەتی خۆیان دەدوێن، کوردەکانی سلێمانی بە زاراوەی سۆرانی و ئەوانەی باکووریش بە زاراوەی کرمانجی دەدوێن" (Edmonds,1957A,5)، بەهۆی ئەوەی ئیدمۆندس دواتر خۆی دەبێت بە پسپۆر لە زمانی کوردی لە زانکۆی لەندەن و بەهۆی ئەو گرنگیپێدانە زۆرەی بۆ زمانی کوردی، بۆیە هەڵوێستێکی توندی بەرانبەر ئەو گەڕیدە و ڕۆژهەلاتناسانە وەرگرتووە، کەوا بەهەڵەداچوون و وایان لێکداوەتەوە زمانی کوردی شێوەیەکی زمانی فارسییە، ئەم بۆچوونە زۆر بەهەڵەدەزانێت و دەڵێت: "وێڕای پەیوەندیی خێزانی زمانەوانی لە نێوانیاندا هەیە، بەلام جیاوازییەکی فراوانیش لە ڕووی جوگرافی و مێژووییەوە لە نێوانیاندا هەیە" (ئیدمۆندس، ٢٠٠٤، ٦٨-٦٩)، ئیدمۆندس هۆکاری لێکنزیکیی زمانەکەیان و بەهەڵەداچوونی گەڕیدەکانی تر بۆئەوە دەگێڕێتەوە، بەشێک لە خەڵکی کوردستان بە زمانی فارسی قسەیان کردووە، بووەتە زمانی دەستەبژێری کۆمەڵگە و ئەدیبان، بەڵگەشی ئەوەیە لە کاتی نامە گۆڕینەوەی خۆی لەگەڵ عەشیرەتی جاف زمانی فارسییان بەکارهێناوە و بە زمانی خوێندنەوە و نووسینیان داناوە (سندی،٢٠٠٨، ٤٥).

**- هۆز و عەشیرەتی کوردی:**

کاتێک ئیدمۆندس دێتەسەر باسی هۆز و عەشیرەتگەری، ئاماژە بۆئەوە دەکات کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی عەشایەری و هۆزگەرییە، ئەم بابەتەش لای زۆرینەی کوردناسان جێگەی سەرنج بووە، تەنانەت کوردناس (ویگرام) کوردستان بە وڵاتی هۆزەکان ناودەبات (ویغرام،٢٠٠١، ١٤٧) . بەهەمان شێوە (مینۆرسکی) جەخت لەسەر

باڵادەستیی هۆز و عەشیرەتگەری دەکاتەوە (مینورسکي،١٩٦٨، ٣٤)، ئیدمۆندس یەکێکە لەو کوردناسانەی زۆرترین نووسینەکانی خۆی بۆ عەشیرەت و هۆزگەری تەرخانکردووە لەناو کورددا، ئیدمۆندس باس لە عەشیرەتە بەناوبانگەکانی کورد دەکات و بیروڕای خۆی لەبارەیانەوە دەردەبڕێت، گومان لەوەدا نییە هۆکاری ئەم گرنگیدانەش بەم لایەنە، دەگەڕێتەوە بۆ خێڵەکیی کۆمەڵگەی کوردی لەم قۆناغەدا، بە تایبەتی ئیدمۆندس ئاماژە بۆئەوە دەکات هۆزە کوردییەکان بەردەوام لە ململانێی یەکتری دان و ناکۆکی لەنێوانیاندا هەیە (ئیدمۆندس، ٢٠٠٤، ١٨٤،٢٧٦). ئەمەش وادەکات تا ئەو کاتەی سیستەمی هۆزایەتی و عەشایەری لە کۆمەڵگەیەکدا هەبێت هەستی نەتەوایەتی سەرهەڵنادات و گەشەناکات.

ئیدمۆندس دەڵێت: "کۆچەری کورد لەگەڵ بەدووی عەرەب لەیەک دەچن، بە تایبەتی لەناو ئەو ڕەشماڵەدا دەژین، کە لە مووی بزن دروستکراوە" (ئیدمۆندس، ٢٠٠٤، ٢٠٥) بەهەمان شێوە ئەم جۆرە ژیانە سەرنجی کوردناس (هەی) ڕاکێشاوە و هاوڕایە لەگەڵ ئیدمۆندس (هەی،٢٠١٠، ٩٤)، کەچی توێژەرێکی وەک شاکر خەسباک پێیوایە ڕاستە خێڵە کوردە کۆچەرییەکان لە ڕەشماڵدا دەژین، بەڵام سیستمی خێڵەکی و کۆچەریی کورد و عەرەب جیاوازییان هەیە، خێڵە کوردە کۆچەرییەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە هاوین و زستاندا لەنێوان بەرزایی و نزماییەکاندا دەگوێزنەوە، لە هاویندا بەرەو ناوچەکانی باکوور کۆچ دەکەن و لە زستانیشدا بەرەو ناوچە نزمایی و دەشتەکان دەگەڕێنەوە، واتە کۆچکردنێکی وەرزییە، کە هەلومەرجی ژینگە سەپاندوویەتی، هەرچی کۆچەری عەرەبە، بە بەردەوامی لە چوار وەرزەی ساڵدا کۆچ دەکەن(خەسباک،٢٠٠٥، ٦٩-٧٠) . ئیدمۆندس لەبارەی هۆزگەرییەوە باوەڕی وایە، سیستەمی هۆزگەری لە کوردستاندا خەریکە هەرەس دێنێ(سندی،٢٠٠٨، ٩٩)، بەڵام بێگومان ئیدمۆندس مەبەستی بنەبرکردنی ئەو سیستەمە نییە، ئەوەندەی مەبەستی کاریگەریی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و

سیاسییەکانی ئەو سەردەمەیە بەسەر کوردەوە، جا چ سەرهەڵدانی شارەکان بێ یان دروستبوونی دەوڵەتە نوێیەکان و دابرینی خێڵە کوردییەکان لەیەکتری، بەهۆی سنوورەکانەوە، چونکە تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێ لە هەندێ ناوچەی کوردستان باوەڕبوون بە هۆزایەتی ماوە و کاریگەریی خۆی هەیە.

یەکێکی تر لەو تێبینییانەی ئیدمۆندس ئاماژەی بۆکردووە، ئەوەیە زۆربەی هۆزە کوردییەکان هەوڵی ئەوە دەدەن ڕەگ و ڕیشەی ئاینی بۆخۆیان دروست بکەن، بە جۆرێک تێبینی کردووە خۆیان دەبەنەوە سەر (پەیامبەری ئیسلام) (سندی،٢٠٠٨، ٦٣-٦٤)، تەنانەت زۆرینەی کوردناسان هەمان تێبینییان لەسەر هۆزە کوردییەکان هەبووە، کاتێک لە ڕەچەڵەک و بنەچەی هۆزێکیان پرسیوە، دیارە ئەمەش تەنها بۆ پیرۆزکردنی بنەماڵە و ئەندامانی هۆزەکەیانە، ئەمەش بەهۆی زاڵبوونی باوەڕی ئاینی بووە لەم قۆناغەدا. لە بارەی پەیوەندیی نێوان هۆز و عەشیرەتەکان لەگەڵ یەکتری، ئاکارێک سەرەنجی ئیدمۆندسی ڕاکێشاوە، ئەویش ئەوەیە زۆرجار هۆزەکان دژایەتیی یەکتریان کردووە و سوکایەتییان بە یەکتری کردووە، تەنانەت دیاردەیەکی باو بووە و چەندین نموونەی کێشەی نێوان هۆزەکان دەخاتە ڕوو، کە زۆر جار بە خوێنڕشتن کۆتایی هاتووە (ئیدمۆندس، ٢٠٠٤، ١٨٥-١٨٤).

**ئاغای کورد:**

ئیدمۆندس لە نمایشکردنی دیمەنی سەرۆکهۆزی کورد (ئاغا)دا دەڵێت: "بایەخ بە ڕوخساری خۆی دەدات، خاوەن ئەسپی گرانبەها و تفەنگ و فیشەکی زۆرە، جل و بەرگی شیکە و باشترین خواردن دەخوات"(سندی،٢٠٠٨، ٩٩ ) ئاغای کورد بە (باڕۆنی دەرەبەگ)(٧) دەداتە قەڵەم، کە بێکارە و لەسەر باج و دیاری دەژی (ئیدمۆندس، ٢٠٠٤، ٣٣)، ئاغا هەموو ئامانجێکی بەدەستهێنانی پارە و سامانە، ئەویش لە ڕێگەی

کۆکردنەوەی باج، لە ئەندامانی هۆز، کە بەسەریاندا سەپێنراوە، وەک و باجی (مەڕانە، پووشانە، ڕۆنانە و هتر)، کە هەموو ئەمانە تەنیا ئاغا و دارودەستەکەی تێیدا سوودمەندن (ئیدمۆندس، ٢٠٠٤، ٣٣)، بەهەمان شێوە کوردناس (تۆما بوا) پەنجەی بۆ ئەم جۆرە باجانە ڕاکێشاوە، کە لەناو عەشیرەت و هۆزەکان سەپێنراون بەسەر خەڵکە گشتییەکەدا (بوا،١٩٧٥، ٣٨) ئیدمۆندس دەڵێت: "لە هەموو ئەو باجانەش خراپتر (بێگار)ییە، کە ئاغا بەبێ کرێ دەیسەپێنێ بەسەر ئەندامانی هۆزەکەی بۆ (دروێنە و گێرە و کاکێشان) (ئیدمۆندس، ٢٠٠٤، ٢٧٥).

## - دیاردەی دزی و ڕێگری:

باسکردنی ئەم دیاردەیە شتێکی نوێ نییە، لە کتێبی مێژوونووس و گەڕیدەکانی سەدەکانی ناوەراستەوە بەدیدەکرێت و ئەم دیاردەیان باسکردووە، کە کورد بە ڕێگر و چەتە ناودەبەن، بەڵام ئەوەی ئیدمۆندس باسی دەکات تەنها چەند هۆز و عەشیرەتێکی کورد ئەم دیاردەیان دراوەتە پاڵ، نموونە بە هۆزی جاف و هەمەوەندەکان دەهێنێتەوە، کە ئەمانە ڕێگای قەسری شیرین بۆ خانەقین خستبووە مەترسییەوە (ئیدمۆندس، ٢٠٠٤، ١٩١) بەهەمان شێوە سەبارەت بە هەمەوندەکان (سۆن) دەڵێت:" ئەم هۆزە لەزۆربەی سەرچاوە ڕۆژئاوایی و عوسمانییەکانیش بە جەردە و دز و ڕێگر لەقەڵەمدەدرێن" (سۆن،٢٠٠٧، ١٠٦)، سەرەڕای ئەوەش باس لەوە دەکات زۆر بەهێز و بەتوانا و ئازان، بەڵام وەک ڕێگر دەیانناسێنێت، تەنانەت چەند گەڕیدە و کوردناسێکی تریش کۆکن لەسەر ئەم بۆچوونە، بۆ نموونە (مارتن ڤان برونەسن) لە کتێبەکەی خۆیدا جەخت لەسەر بابەتی ڕێگری دەکات لەنێو هۆزە کوردییەکاندا (برونەسن،١٩٩٩، ٩٧). باسکردنی ئەم دیاردەیە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە کوردناسان لە کات و سەردەمی جیاوازدا، نیشانەی ئەوەیە ئەم دیاردەیە لە ناوچەکەدا هەبووە، بەڵام وەنەبێت تەنها لە ناوچە

کوردییەکان هەبووبێت. دەکرێت هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەش بە شێوەیەکی گشتی لە دوو خاڵدا کۆبکەینەوە، یەکەم: زۆربەی کات حکومەت لەم ناوچانە وەک پێویست دەسەڵاتی نەبووە و نەیتوانیوە کۆنترۆڵی بکات. دووەم: شوێنی جوگرافیی ناوچەکە، ڕێگای سەرەکیی کاروانە بازرگانییەکان بووە.

**ڕێزگرتن:**

وروژاندنی چەند لایەنێکی خراپی کورد لە پێشووتردا، مانای ئەوە نییە لایەنە باشەکانی کۆمەڵگەی کوردی باسنەکردووە، بەڵکو ئیدمۆندس سەرنجی ئەوەی داوە کوردەکان ڕێز لە بەرانبەر دەگرن، کاتێکیش پێداویستییە ساکارەکانیان نمایش بکەن بۆ مەبەستی ڕێزلێنان سەردادەنەوێنن (سندی،٢٠٠٨، ٣٨)، هەر لەبارەی ڕێزلێنانەوە سەرنجی بۆچوونەکانی (ئیدمۆندس و باسیل نیکیتین) بدەین، دەبینین هاوڕان و ئاماژە بۆئەوە دەکەن مۆرکی ڕێزلێنان پەیوەستە بە مرۆڤی کوردەوە، تەنانەت لەکاتی ئاخاوتن و بانگکردندا، شتێکی سروشتییە لەگەڵ دوکاندارێک یان هەرکەسێکی تر نەیناسی بە وشەی(ئەزبەنی) واتە من بەندەی تۆم یان گەورەم، لەگەڵتا بدوێن (نیکیتین،١٩٩٧، ٢١٤).

**- جلوبەرگی کوردی:**

جلوبەرگی کوردی بۆتە جێگای سەرەنجی زۆرێک لە کوردناس و گەڕیدەکان، جلی کوردییان بەلاوە جوان بووە، پێمان وایە هۆکارەکەشی بۆئەوە دەگەڕێتەوە جلی کوردی بەراورد لەگەڵ جلوبەرگی نەتەوەکانی دراوسێ ڕێک و گونجاوتر بووە و هونەری تێدا بەدیدەکرێ. ئیدمۆندس بەهەمان شێوەی کوردناسانی تر باسی جلوبەرگی کوردی کردووە، بەڵام جیاوازیی ئەو لەگەڵ ئەوانی تر لەوەدایە، ئیدمۆندس بە شێوەیەک باسی جلوبەرگی کوردی دەکات وەک ئەوەی خۆی کورد بێت، چونکە زۆر

به وردی لەبارەیەوە دەدوێت، تەنانەت ناوی یەکبەیەکی جلەکان دەهێنێت و زانیاری هەیە، کە لە ناوچەیەک چی بەم جۆرە جلە دەوترێ لە ناوچەیەکی تر چی پێ دەوترێت و چۆن دەپۆشرێت (ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ١٢٣-١٢٥)، ئیدمۆندس جگە لە جلوبەرگ باسی تەواوکاری جلوبەرگی کوردی دەکات و وەک و خەنجەر و تەسبیح، هەروەک باسیل نیکیتین هاوڕایە لەگەڵ ئیدمۆندس، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات خەنجەر لەگەڵ جلوبەرگی کوردیدا تابلۆکە تەواو دەکات، بەمەش دیمەنەکە ڕازاوەتر دێتە پێش چاو (نیکیتین،١٩٩٧، ٢٨١؛ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ١٢٥).

## - ژنهێنان و ژن هەڵگرتن:

ئیدمۆندس لەمیانەی تێبینییە مەیدانییەکانی ئەوەی باسکردووە ڕۆڵەی خێزانە دەوڵەمەندەکان لە کوردستاندا مەیلی ئەوەدەکەن پێش وەخت ژنی یەکەم بێنن، ئاماژە بۆئەوەش دەکات پیاوانی بە تەمەنیش حەز دەکەن کچی زۆر لەخۆیان منداڵتر بخوازن (سندی،٢٠٠٨، ١٢١)، ئەمەش واتە دیاردەی فرەژنی باوە لەم ناوچەیە . هەر دەربارەی ژنهێنان ئەوا پێویستە لەسەر زاوا (شیر بایی) یان لەهەندێ شوێن پێی دەترێت (خوێن) دەبێ بە باوکی کچە بدەن (ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ٢٦٧٧). هەرچی ئەم جۆرە ژنهێنانەی ترە (ژن هەڵگرتن) ئەمەش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕەگی زۆر کۆنە و لای هەندێ عەشیرەت و هۆز شتێکی باوە، وەک ئەوەی ئیدمۆندس ئاماژەی بۆدەکات و دەڵێت: "هەرچەندە ئەم کارە زۆر ڕوودەدات، بەڵام ئەمە شتێکی ئاسان نییە و زۆر جار کێشە و گرفتی گەورەی لێدەکەوێتەوە" (ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ٢٧٦). کوردناس هەی ئەم تێڕوانینەی ئیدمۆندس پشتڕاستدەکاتەوە و ئەم جۆرە ژنهێنانە سەرەنجی ئەویشی ڕاکێشاوە و باس لەوەدەکات ژمارەیەکی زۆر ژن لە ڕێگەی ئەم کارەوە گیانلەدەستدەدەن (هەی،٢٠١٠، ٧٤-٧٥).

**- ژنی کورد:**

ژنی کورد یەکێکە لەو بابەتانەی ئیدمۆندس هەڵوەستەی لەسەر کردووە و گرنگیپێداوە، چونکە لای ڕۆژئاواییەکان ڕادەی بەکارهێنانی توندوتیژی و کۆت و بەندکردنی ژن، یاخود ڕێزگرتن و ئازادی پێدانی وەک پێوەرێک وایە بۆ لەیەکتر جیاکردنەوەی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو یان پێشکەوتوو. بۆیە ئیدمۆندس ئاماژە بۆئەوە دەکات، ژنی کورد یارمەتی پیاوەکانیان دەدەن لە کارکردندا، ژنی کورد زۆر لای ئاساییە لەهەر شوێنێک بێت بەبێ شەرم پێشوازی لە دۆستێکی ئازیزی خێزانەکەی بکات، بەڵام ئەم تێڕوانینەی بۆ ژنی کورد دەبێتە جێگەی ڕەخنەی توێژەرێکی وەک (بەدرخان سندی)، چونکە ئەو دەڵێت: "ڕەنگە ئەمە تەنیا لە لادێ و ناو ڕەشماڵەکان ئەمە ببینرێ"(سندی،٢٠٠٨، ١٥٠-١٥١). ئیدمۆندس باوەڕی وایە هێزێکی گەورە لە پێکهاتەی ژنی کوردیدا هەیە، بە تایبەتی لە بواری فێرکردندا، بەردەوام داواکاریەکی شیاو لەگۆڕێ هەبوو، بۆ کردنەوەی قوتابخانە بۆ کچان لە شارەکاندا، هەروەک ئەوەی لە شاری کۆیە دایکان و باوکان ڕێگر نەبوون لەبەردەم ناردنی کچەکانیان بۆ خوێندنی تێکەڵاو(٨)(ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ٣٥)، ئیدمۆندس باسی ژنانی ئازاو ناوداری کردووە (عادیلە خانمی) بەنموونە هێناوەتەوە، بە کەسایەتییەکی ناوخۆیی خاوەن دەسەڵاتی داوەتە قەڵەم و شێوازی هەڵسوڕاندنی کاروباری عادیلە خانمی زۆر بەدڵ بووە(ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ٨١،٣٤) . (مێجەر سۆن)یش باشترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی تێڕوانینی ئیدمۆندس، لەبارەی دەسەڵاتی عادیلەخانم و دەڵێت: "عادیلە خانم لە گشت بوارەکانی ئابوری و سزادانیش بڕیار هەر بڕیاری خۆی بووە"(Sone,1926,261).

**-هەڵپەرکێ و گۆرانی کوردی:**

هەرچەندە ئیدمۆندس لەسەرەتادا دان بەوە دادەنێ، کە ئەو شارەزاییەکی ئەوتۆی لە مۆسیقا و شایی و هەڵپەڕکێی کوردیدا نییە، بەڵام وای بۆچووە لێکچوونێک هەیە لە نێوان شایی سلێمانی و پارچەکانی تری کوردستان، ناوی ژمارەیەک جۆری شاییی کوردی دەهێنێت، لەوانە (ڕۆینە)، کە ئاسانترینیانە و(سێ پێیی) و (شێخانی) و (ملانە) و (ئایشۆک) و هی تر، ئەگەر ژن لە هەڵپەڕکێکە بەشداری بکات، ئەوا پێی دەڵێن (ڕەشبەڵەک) بە مانای ڕەنگاوڕەنگ و تێکەڵاوی دێت (ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ١١٨-١١٩).

لەبارەی گۆرانیی کوردیش، ئیدمۆندس باسی لە دید و بۆچوونەکانی خۆی کردووە، حەزی لە گۆرانیی کوردی بووە و چێژی لێ بینیوە، بە بەڵگەی ئەوەی جارێک ئارەزووی لێبووە لە مێوانداریییەک گۆرانیی کوردی گوێلێبێت، بەڵام ئەوان گۆرانیی فارسییان بۆ گوتووە، ئەویش پێی توڕەبووە، ئیدمۆندس کاتێک باسی گۆرانیی دڵداری دەکات، پێیدا هەڵدەدات و دەڵێت: " وەک ئاوی کانی سازگار وایە، بەنێو دڵەکاندا شۆڕدەبێتەوە، دەکەوێتە بەرتیشکی زەردەپەڕ، مانگیش لەولاوە بەرزدەبێتەوە گۆنای بەردەکان دەکەونە بەر ڕووناکییەکەی و گۆرانیش دەنگدەداتەوە و نامەی خۆشەویستی ڕەوانە دەکات" (ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ١٤٧).

**تەوەرەی دووەم: تێڕوانینی ئیدمۆندس بۆ گرووپە ئاینییەکانی ناو کورد**

**١- تەریقەتی سۆفیگەری:-**

کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام بە ماوەیەکی کەم بیروباوەڕی ئاینی ئیسلامیان وەرگرتووە، لە ئێستادا بەشی

هەرە زۆری کورد شوێنکەوتەی ئەم ئاینەن،  ئەوەی لە نووسینەکانی ئیدمۆندسدا تێبینی دەکرێت، لە بارەی ئاینی ناوچە کوردییەکان، کەمتر باس لە ئاینی ئیسلام دەکات، بەڵکو زۆرتر باس لە باوەڕبوون بە خوڕافەی ئاینی و موعجیزە و شێخەکان دەکات لە کوردستاندا. ئیدمۆندس ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کوردەکان  لەسەر مەزهەبی سونین، زۆرینەشیان لەسەر ڕێبازی (شافیعی ٧٦٧-٨٢٠ ز)ن، لە ڕووی ئاینییەوە زۆر جەخت لە  بنەماڵەی شێخەکان  دەکاتەوە، ئاماژە بۆئەوە دەکات دوو تەریقەت لە کوردستاندا باون، خەڵک بە توندی لایەنگرییان لێدەکات، ئەویش تەریقەتی (قادری و نەقشبەندی)ین (ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ١٤٧).

دامەزرێنەری تەریقەتی قادری، کەسێکە بە ناوی شێخ (عبدالقادری گەیلانی ١٠٧٧ – ١١٦٦)، دامەزرێنەری تەریقەتی نەقشبەندیش (محمد بەهائەدینی بوخاری ١٣٨٩-١٣١٧ ) یە (هاوار،١٩٨٦، ١٢١/١)، لە باشووری کوردستان بە موریدی تەریقەتی قادری دەڵێن (دەروێش) (ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ١٠٥-١٠٦) و بەموریدی نەقشبەندیش دەڵێن (سۆفی)(٩) (شوان،٢٠٠١، ٢١)، ئیدمۆندس بە وردی باس لە ململانێی نێوان ئەم دوو تەریقەتە لە کوردستاندا دەکات، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات شەرمەزاریی شێخەکانی زنجیرەی نۆدێیی لە بنەماڵەی بەرزنجە، بە ڕاکردنی (مەولانا خالید) لە ساڵی(١٨٢٠)  لە سلێمانی دەستی پێکردووە (ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ١٠٥). دیارە ئەمەش کاریگەریی گەورەی هەبووە لەسەر ناو و ناوبانگیان و کەمبوونەوەی ڕادەی خۆشەویستییان بۆ ئەم شێخە بەناوبانگە، (ڕیچ)یش هەمان بۆچوونی هەیە لە سەر ئەم بابەتە (ڕیچ،١٩٩٢، ١٥٧)، بۆیە دەکرێت ئیدمۆندس ئەم زانیارییانەی لە نووسراوەکانی ڕیچەوە وەرگرتبێت.  ئیدمۆندس دەڵێت: " مەولانا خالیدی نەقشبەندی شێخێکی بەناوبانگی نەقشبەندیە و زۆربەی شێخەکانی ئەو تەریقەتە لە تەواوی جیهانی ئیسلامی خۆیان بەم کەسایەتییەوە دەبەستنەوە، شوێنکەوتەکانی جیا لە (حەزرەتی مەولانا) هەرناوێکی تری بۆ بە کوفر و حەرام دەزانن،

قسەکانی وەک (فەرموودە) دەگێڕنەوە و تەنانەت هەندێکیان بەرانبەری دەکەن لەگەڵ (پێغەمبەر)" ( ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ١٠٥)، دەکرێت ئیدمۆندس لە تێڕوانینی خۆی بۆ کۆمەڵگەی کوردی لە ڕووی ئاینییەوە زۆر جەخت لەسەر شێخ و کار و کردەوەکانیان دەکاتەوە، دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ئەوەی لەم قۆناغەدا کوردستان زۆرتر لەژێر دەستی شێخەکان و بنەماڵە ئاینییەکان بووە و لە ڕووی سیاسی و ئاینییەوە ئەوان باڵادەستبوون.

ئیدمۆندس ئاماژە بەوە دەکات، گەلێک لە کوردەکان لەسەر ئەو خەیاڵە ساکارەن، کە دەبێت هەر کوردێک مافی خۆی بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی پەنا بەرێتە بەر پیاوچاکێکی کورد و هەمیشە پشتی بگرێ (سندی،٢٠٠٨،٢٩٦) . ئەمە دەکرێت پەیوەندی هەبێت بە بارودۆخی ئاینی و سیاسیی ئەم قۆناغە و ململانێ توندەکانی نێوان هەر دوو ڕێبازە ئاینییە باوەکە. شتێکی تر، کە ئیدمۆندس هەڵوەستەی لەسەر دەکات، ئەویش ئەوەیە پەیڕەوکارانی تەریقەتەکان باوەڕیان وایە ئەو کەسانە کەراماتیان هەیە، واتە ئەو توانستەی مرۆڤی ئاسایی نیەتی و یەزدان بەم جۆرە مرۆڤانەی بەخشیوە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی خەڵک باوەڕی پێ بهێنێت، دەبێ لەسەر بەڵگەی ئەوتۆ بەند بێ، بۆ ئەوەی خەڵک دڵنیابن لەوەی ئەو شێخە، خاوەن هێز و توانایەکی میتافیزیکی و ئاسا بەدەری هەیە و سەرەنجی خەڵک بەلای خویدا ڕابکێشێ، بۆئەوەی پیرۆزیی زیاتر بێت و ڕێزی زیاتری لێبگرن (ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ٩٥،١٠٧).

ئیدمۆندس لەم بارەیەوە چەند نموونەیەک لەم خوڕافە و ئەفسانە و چیرۆکە دروستکراوانە دەهێنێتەوە، کە لەو کاتەدا لەلای کوردەکان باو بوون و سەرنجیان ڕاکێشاوە، لە دیارترینیان: (کاک ئەحمەدی شێخ کوڕی شێخ مارفی نۆدێ ١٧٥٢ – ١٨٣٦)یە (ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ١٠٤) . ناوبانگێکی زۆر پەیداکردووە، بەهۆی ڕزگارکردنی گەنجێک لە گولە بەهۆی

(گولەبەند)ەکەیەوە، ئەم هەواڵە دەگات بە سوڵتانی عوسمانی (عبدالحمیدی دووەم ١٨٧٦ – ١٩٠٩)، سوڵتان داوا لە کاک ئەحمەدی شێخ دەکات بچێتە لای شێخ، ئەویش ناچێ، بەڵام نامە و نوشتەیەکی (گولەبەند)ی بۆدەنێرێت، ئەویش لەسەر گایەک تاقی دەکاتەوە، کاتێک گایەکە بە گولە بریندار نابێت، سوڵتان باوەڕ بەم توانایەی شێخ دەکات! لە بەرانبەر ئەمەدا سوڵتان داهاتی پێنج گوند دەدات بە کاک ئەحمەدی شێخ، گوایە هەر بەهۆی ئەم گولەبەندەوەش بووە، کاتێک ئەرمەنەکان بۆمبیان بۆ سوڵتان دانابۆوە و تەقیەوە سەدان کەس مردن، بەڵام سوڵتان هیچی لێ نەهاتووە، کاتێک سوڵتان ئەمەی بینی هاواری کرد و گوتی " من گولەبەندی کاک ئەحمەدم بەباسکەوەیە، چۆن بۆمب دەتوانێ کار لە من بکات؟" (ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ١٠٨-١٠٩). بیرکردنەوە و ڕامان لەم چیرۆکە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی، جگە لە هەوڵدانی کاک ئەحمەدی شێخ بۆ پیرۆزکردنی کەسایەتیی خۆی لە ڕووی ئاینی و شەرعیەت دان بە دەسەڵاتی سیاسی هیچی تر نییە، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و زاڵبوونی ململانێی ڕێبازی ئاینی و نزمی ئاستی ڕۆشنبیری، ژینگەیەکی لەبارە بۆ ئەوەی بە ئاسانی ئەم جۆرە چیرۆک و ئەفسانانە قاڵبی ڕاستی وەرگرن و بڵاوببنەوە، ئەم کەسایەتییانەش ئەمەیان بە دەرفەت زانیوە.

ئیدمۆندس هەر لەبارەی کاک ئەحمەدی شێخ دەدوێت و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، خاوەنی بەهرە و کەڕامات بووە، بەڵام زۆر حەزی لە خۆدەرخستن بووە، مێجەرسۆنیش ئەمەی وای لێکداوەتەوە بەهۆی فێڵ و جادووەوە بووە (Sone,1926,294)، بەهەمان شێوە کوردناس (هەی) هەمان بۆچوونی ئیدمۆندسی هەیە، سەبارەت بە شێخەکانی کوردستان و کردارەکانیان (هەی،٤٢،٢٠١٠)، ئەمە جگە لەم نموونانە ئیدمۆندس، چەندین ئەفسانە و چیرۆکی سەرنجڕاکێشتری باسکردووە، لەسەر (مەولانا خالید) و (شێخ بەهائەدین)ێک، کە گوایە لەهەر شوێنێک دانیشتبن گوڵ و سەوزایی لێ ڕوواوە، هەموو ئەم تێڕوانینانەی ئیدمۆندس کە هی

سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمن، باسی کردوون، بەشێکی زۆریان تائێستا ماون و گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە، بە تایبەتی لەلای چینێکی کۆمەڵگەکە.

**٢- بزوتنەوەی هەقە:**

یەکێکی تر لەو بابەتانەی سەرنجی ئیدمۆندسی ڕاکێشاوە و بووەتە جێگای پرسیار بۆی، هاوشێوەی ژمارەیەک لە ڕۆشنبیر و نووسەری کوردی ئەم قۆناغە و لەوکاتەدا بیری حکومەتی بەخۆیەوە سەرقاڵکردبوو، هەوڵیانداوە زانیاری لەبارەیانەوە بەدەستبهێنن، ئەویش کەسێک بووە بەناوی (شێخ عبدالکریم)، دانیشتووی شەدەڵەی نزیک سەرگەڵو، هۆکاری ئەم بایەخپێدانەشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، تەریقەتێکی نوێی دامەزراندووە بە ناوی (حەقە- هەقە)(١٠)، دامەزراندنی ئەم تەریقەتە بەپێی نووسراوێک بە ناوی (الرقصە الصوفیة) ئەنجامی گرتبوو، کە لە یەکێک لە باپیرانی بۆی مابووەوە، ئەم تەریقەتە بە شێوەیەکی نهێنی بوو، گەلێک ڕێوڕەسمی سەیری لەخۆگرتبوو، لەوانە سۆفیان بینیوە تا سەر و ملی لە ڕیخ ناوە و زکری خوای کردووە، پیاویان بینیوە جلی ژنی لەبەردابووە، ژن و پیاو بەیەکەوە لە حەوزی مزگەوت مەلەیان کردووە و سەگیان لەگەڵ خۆیان بردۆتە ناو ئاوەکەوە، دوای جەزم بوون و حاڵ لێهاتنی کۆمەڵێک سۆفی پەڕی قورئانیان سووتاندووە (ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ٢٥١-٢٥٢) لەبارەی دروستی و نادروستیی ئەم کردارانەیان، ئیدمۆندس دەڵێت: "من خۆم گومانم نییە لەوەی ئەم کارانەیان کردووە، چونکە هەموو ئەو زانیارییانەم لە مەئمورە نهێنییەکانی خۆمەوە وەرگرتووە" (ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ٢٥٢) لەبارەی ئەمەوە شێخەکانی بەرزنجە بانگکرانە سلێمانی، تاکو وەڵامی ئەم کارە بدەنەوە، سەرەڕای سەرکۆنەکردنی ئەم کارە، ئەمەشیان گوتووە ئەگەر مورید لە حاڵەتی جەزمبوون و حاڵلێهاتنیدا لەهۆش بچێ یان کارێکی نەگونجاو و دژبەئاینی لێ ڕووبدات، ئەمە تاوان نییە

(ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ٢٥١-٢٥٣)، دیارە ئەمەش پاساوهێنانەوەیە بۆ پیاوی ئاینی، ئەگەر کارێکی نەشیاو ئەنجامبدات. هەر لەم بارەیەوە ژمارەیەک نووسەر ئەم تێڕوانینانەی ئیدمۆندس بە هەڵبەستراو دەزانن و پێیان وایە ئیدمۆندس ئەم تۆمەتانەی داوەتە پاڵ شێخ عبدالکریم و مەبەستێکی سیاسی لە پشتەوە بووە (عەسکەری،٢٠٠٨، ٤١).

**٣- ئێزیدییەکان**

ئێزیدییەکان کەمتر لە کەمینە ئاینییەکانی تری ڕۆژهەڵات لە دونیای ڕۆژئاوادا ناسرابوون، ئەو قۆناغەی، کە ئیدمۆندس لە کوردستاندا ژیاوە، پاش بڵاوبوونەوەی بەشێک لە بیروباوڕە جیاوازەکانیانی ئەم ئاینە، وای لە خەڵکانێکی زۆر کردووە، بەدوای نهێنییەکانی ئەم گروپە ئاینییەدا بگەڕێن و لێکۆڵینەوەی لەبارەیەوە بکەن، ئیدمۆندسیش یەکێکە لەو نووسەرانەی هەوڵیداوە لەبارەیانەوە بزانێت، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی ئەو تاڕادەیەک جیاوازە بەراورد بە لێکۆڵینەوەکانی پێش خۆی لەبارەی ئێزیدییەکان، چونکە ئیدمۆندس خۆی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەو کتێبەی ئەو لەبارەی ئێزیدییەکانەوە، لە بنەڕەتدا بریتییە لە یاداشتەکانی خۆی لە نێوان ساڵانی ١٩٣٠-١٩٤٥، کە تۆماریکردوون، دواتر لە ساڵی ١٩٦٧ لە ژێر ناوی ( A Pillgrimage to Lalish حەج بۆ لالش) چاپی کردووە، خۆی دەڵێت: "زانیاری لەبارەی بنەچە و بیروباوڕی ئێزیدییەکان لەلایەن نووسەرانەوە جێگای گفتوگۆی توندە، بەڵام من لە نووسینی کتێبی حەج بۆ لالش تەنیا ئەو شتانەم تۆمارکردووە، کە بە چاوی خۆم بینیومە یان لە کاتی گفتوگۆ و ئەرکە فەرمییەکانم لە خودی ئێزیدییەکانم بیستووە"(Edmonds,1967,3)، واتە نووسینەکانی ئەو لەبارەیانەوە بریتییە لە وتەی ئێزیدییەکان خۆیان و هیچ شتێکی لە نووسەران و گەڕیدەکانی پێش خۆی وەرنەگرتووە. ئەوەی زۆر سەرەنجی ئیدمۆندسی ڕاکێشاوە، ئەو چیرۆک و ئەفسانانەبووە، کە خۆیان باوەڕیان پێی

هەبووە، بەڵام تێگەیشتنی بۆ ئیدمۆندس سەخت بووە، وەک چیرۆکی دروستبوونی زەوی لە باوەڕی ئێزیدییەکان و ئەفسانەی لەدایکبوونی کوڕان بەبێ باوک و دروستکردنی (شێخ سن) لە ددانێ مرۆڤێکەوە لەلایەن شێخ عادی(Edmonds,1967,6).

ئیدمۆندس لە ئەنجامی پرسین و گفتوگۆکردن لەگەڵ پەیڕەوکارانی ئاینەکە گەیشتۆتە ئەو باوەڕی، ئێزیدی لە بنەڕەتدا ڕێکخراوێکی برایەتی سۆفیگەری ئیسلامییە، (شێخ عادی کوڕی موسافیر)(١١)دامەزرێنەری ئەم ئاینەیە، کە سۆفییەکی بەناوبانگی موسڵمان بووە، کاتێک کۆچی دوایی کردووە لە (لالش) بەخاکسپێردراوە، کە دەکەوێتە نزیک (٣٠) کیلۆمەتری باکووری شاری موسڵ (Edmonds,1967,3).

توێژەرێک لەبارەی باوەڕی ئێزیدییەکانەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەوان باوەڕیان وایە خودایەکی یەکتا هەیە، کە جیهانی ئافراندووە، بەڵام بەرپرسیاریەتیی زەویی بە حەوت فریشتە سپاردووە، کە خۆیان لە دروستکردنیدا بەشداربوون، یەکێ لەو فریشتانە ناوی (سوڵتان ئێزیە)، کە پێدەچێت مەبەستیان لە خەلیفە (یەزیدی کوڕی معاویە) بێت (ئێزەدی،٢٠٠٢، ٦٩-٧٠)، ئیدمۆندس لەبارەی فریشتەکان و ژمارەیان، بۆچوونێکی تری هەیە و دەڵێت: "ژمارەیان شەش فریشتەیە، لە بنەڕەتدا شەش کەسی ئاسایی بوون، گۆڕاون بۆ بوونەوەرێکی ڕۆحیی ئاسمانی، مەلیکە تاوس سەرۆکایەتییان دەکات، هەموو پایزێکیش لە مەزارگەی شێخ عادی کۆدەبنەوە، بۆ بڕیاردان لەسەر ڕێڕەوی ڕووداوەکانی ساڵی داهاتوو، ئەمەش فیستڤاڵی گەورەی پایزە (مەجلیس)ی پێدەگوترێت" (Edmonds,1967,3).

بە تواناترین فریشتە لە ناویاندا (مەلیک تاوس)ە، وەک جێگری خودا خۆی نیشاندەدات، پەیوەندییەکی پتە و نەپچڕاوی لەگەڵ خودادا هەیە، ئیدمۆندس دەڵێت: "یەکێک لەو کەسانەی گفتوگۆم لەگەڵیدا کرد بە

شێوەیەکی ڕاشکاوانە لەبارەی باوەڕی خۆیان بە مەلیکە تاوس زانیاری پێدام و چیرۆکێکی بۆ گێڕامەوە، کە چۆن مەلیکە تاوس ڕەتیکردۆتەوە گوێڕایەڵی فەرمانی خودا بکات، بۆ کڕنۆش و پەرستنی ئادەم، بە پاساوی ئەوەی، کە نەگونجاو دەبێت ئەگەر فریشتەیەکی سەرەکی بەم شێوەیە دان بە باڵادەستیی مرۆڤێکی فانیدا بنێت (Edmonds,1967,4)، ئەمەش هەمان چیرۆکی شەیتانە لەناو قورئاندا، بۆیە ئیدمۆندس جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە بۆ ماوەیەکی درێژ لای ڕۆژئاواییەکان بەهەڵە ناسێنراون و بە شەیتانپەرستن ناوزەندکراون، وشەی شەیتانیش لەلای ئێزیدییەکان قەدەغەیە. لەبارەی باوەڕی ژیانی دوای مردنیش، ئێزیدییەکان باوەڕیان بە دۆزەخ نییە، بەڵکو باوڕیان بە (دۆنایدۆن- گواستنەوەی ڕۆح) هەیە (Edmonds,1967,4-5).

**٤- ئەهلی هەق یان (کاکەیی):**

(ئەهلی هەق یان کاکەییەکان)، بەشێکی ترن لە کەمینەی بیروباوەڕە ئاینییەکانی کوردستان، سەرەنجی ئیدمۆندسیان ڕاکێشاوە، هەوڵیداوە لە بارەیانەوە زانیاری کۆبکاتەوە، تەنانەت وتارێکی گرنگی لەژێر ناوی ( The beliefs and practices of the Ahli haqq in Iraq بیروباوەڕ و ئەرکە ئاینییەکانی ئەهلی هەق لە عێراق) نووسیوە.

ئیدمۆندس ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کاکەییەکان بەشێکن لە برایەتیی گرووپە ئیسلامییەکان، بە شێوەیەک لە شێوەکان بەستراونەتەوە بە سۆفییەکان و سۆفیگەری، بنەمای ئەم ئاینە بریتییە لە گەڕان بەدوای (حەق -حەقیقەت) بانگەوازی ئەوە دەکەن ئەوان تائێستا لە سەر تەریقەتە ڕاستەکەی خۆیانن و پابەندن بە شەریعەت، کە بریتییە لە لێکدانەوەی یاسای نووسراوی ئاسمانی (قورئان) (Edmonds,1959B, 3).

ئەو ڕێبازە لە ناوچەی (پردێوەر)ی هەورامان سەریهەڵداوە، کە دەکەوێتە سەر سنووری عێراق – ئێران، لەلایەن (سوڵتان ئیسحاق)ەوە دامەزرێنراوە، ناوی کاکەیی لەو ئەفسانەیەوە هاتووە، کاتێک مزگەوتی شێخ عیسای بەرزنجی نوێکرایەوە بۆ ئەوەی ڕاگرێکی نوێی بۆ دابنرێت بۆ بنمیچەکەی، خۆی نەگرت، بەڵام (ئیسحاقی کوڕی شێخ عیسا) هەرچەندە بە تەمەن بچووک بوو، چووە سەر بنمیچەکە و بانگی برایەکانی کرد و گوتی ڕاگرەکە پاڵبنێن، بەم شێوەیە توانی ڕاگرەکە لە شوێنی خۆی دابنێت و جێگەی خۆی گرت، گوایە تا ئێستا ئەم ڕاگرە ماوە (Edmonds,1959B,4؛ ئیدمۆندس،٢٠٠٤، ٢٢٧). لە ڕاستیدا ئەمەش جێگەی گومانە، منداڵێک بتوانێ کارێکی وا ئەنجامبدات، بەڵام ئەم چیرۆکانە لە زۆربەی زۆری ئاینەکان بەدیدەکرێت، ئەفسانەیەک دەدرێتە پاڵ کەسایەتیی سەرەکیی ئاینەکان، بۆ ئەوەی لەلایەن پەیڕەوکارانیەوە بە پیرۆز سەیربکرێت.

ئیدمۆندس لەبارەیانەوە زیاتر دەدوێت و دەڵێت: "ئەمانە خۆیان بە پیاوی خودا دەزانن و (خودا ناسن)، ئەم ناوانەی ئەم گرووپە لە خۆیان ناوە هیچ کامیان ڕەنگدانەوەی ناوەرۆکی ئاینەکەیان پێوە دیار نییە، چونکە گرووپی تریش هەن خۆیان بە هەق دەزانن، ئەم گرووپە هەندێک جار (عەلیو ڵڵاهی)شیان پێدەگوترێ، چونکە شوێنێکی بەرزیان بۆ (علی کوری ئەبو تالیب)ی ئامۆزای پێغەمبەر داناوە "(ئیدمۆندس،٢٠٠٤: ٢٢٦).

ئیدمۆندس باوەڕی وایە ئەوەی دەربارەی ئەو چیرۆکانەی لە بارەیانەوە باس دەکرێت، وەک ڕابواردنی شەوانە و چراکوژانەوە و ئەم جۆرە کارە ناشیرنانەی دەخرێتە پاڵ گرووپی کاکەییەکان، هیچ گومانێک لەوەدا نییە ئەمانە بە تەواوی درۆن و دوورن لە ڕاستی (ئیدمۆندس،٢٠٠٤: ٢٢٧–٢٢٨)، توێژەرێکیش لەو بارەیەوە دەڵێت: ئەمەش شتێکی بەڵگە نەویستە بوونی چەند ئاین و باوەڕێکی جیاواز لە

ناوچەیەکدا، وا دەکات قسە و قسەڵۆک و تۆمەت و شتی ناشیرین بخەنە پاڵ یەکتری، کاکەییش لەگەڵ موسڵمانەکان دژایەتی لە نێوانیاندا هەبووە، دەکرێت ئەمە هۆکارەکەی بێت (هەورامانی،١٩٨٤: ١٢).

هەروەک لەپێشەوە ئاماژە بۆ ئەوە کرا (سوڵتان ئیسحاق) بە دامەزرێنەری ئەم ئاینە دادەنرێت، ئیدمۆنس دەڵێت: "ئەو کەسانەی لێی نزیک بوون سێ گرووپی حەوت کەسی بوون، ناویان (حەوت تەن) و (حەوتە وانە) و (حەوت خەلیفە) بوو، دواتر لە ناو (حەوتا و دوو پیر)دا، حەوت خەلیفە هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەوەی ببنە ڕێبەر، هەر کاکەییەک دەبێت پابەندبێت بە (سەید)" (Edmonds,1959B, 2)، بەڵام باوەڕداری کاکەیی ئازادە لە دیاریکردن و هەڵبژادنی (شێخ و ڕێنوێنیکەر)، ئیدمۆندس جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە پرسیاری لە کەکاکەییەکان کردووە، باوەڕی تەواویان بە شێخ و ڕێنوێنیکارەکانی خۆیان هەیە، تەنانەت بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانیشان، وەک (گەشکە و شەلەلی و مارانگەز) (ئیدمۆندس،٢٠٠٤: ٢٣١-٢٣٢).

لەبارەی ژنهێنان لای کاکەییەکان، باوەڕیان وایە دەبێت ژن و ژنخوازی لە نێوەخۆیان بێت، کچ بدرێت بە کەسی ناسراو و تەڵاقدانیش ڕێگە پێنەدراوە، مەگەر بە هۆکارێکی دیاریکراوی باوڕپێکراو نەبێت، لەم بیروباوەڕەدا شێخ و مرید بۆ پەیوەندیی ژن و مێردایەتی پێکناشێن (Edmonds,1959B, 6-7)، ئەوەی جێگای تێبینییە، سەرەڕای زۆربەی سەرچاوە کوردناسییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ڕێبازی کاکەیی بیروباوەڕێکی داخراوە بەسەر خۆیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیدمۆندس توانیویەتی لە ڕێگەی پرسیارکردن لێیان زانیاریی پێویست لەسەریان کۆبکاتەوە.

## ئەنجام

لە کۆتاییی توێژینەوەکەدا بە کورتی چەند ئەنجامێک دەخەینەڕوو:-

١-ئیدمۆندس لە ڕووی کەسایەتییەوە خاوەن کەسیەتییەکی توندوتیژ بووە، هەوڵیداوە هەموو بیروباوەڕە سیاسییە جیاوازەکان بە زەبری هێز سەرکوت و بێدەنگ بکات، ئەمەش لە بەشێک لە نووسینەکانیدا بەدیاردەکەوێت، بە تایبەتی لە کتێبی (کورد تورک عەرەب) تاڕادەیەک لە کەوتنە ژێر کاریگەریی سیاسەتی ئینگلیزی پێوەدیارە، بە تایبەتی لە تێڕوانینی بۆ بزوتنەوە کوردییەکان، بۆ نموونە ڕقێکی زۆری لە شێخ محمود و شۆڕشەکەی بووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجامیداون لە بواری کوردناسی، بە تایبەتی لە تێڕوانینی بۆ کۆمەڵگە و ئاینی کورد، ئەوا زۆر بە وردی و وریاییەوە پەنجەی لەسەر زۆرێک لە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری داناوە، کە لەو کاتەدا لە کوردستان ڕێگربوون لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگە.

٢- نووسینەکانی ئیدمۆندس بێکەموکوڕی نین و بوونەتە جێگای ڕەخنەی ژمارەیەک لە نووسەرانی کورد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نووسینەکانی تا ڕادەیەکی لەلایەن زۆرێک لە کوردناسان و نووسەرانی کوردیش بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد زۆر گرنگن، وەک سەرچاوەیەکی ڕەسەن پشتیان پێبەستراوە.

٣-پاش گەڕانەوەی ئیدمۆندس بۆ بەریتانیا و بەردەوامیی کارکردنی لەسەر کوردناسی، بە ڕوونی دەردەکەوێت نووسینەکانی جۆرێک لە نەرمییان پێوەدیارە بە تایبەتی لە کتێبی (کێشەی کورد)، بە بەراورد بە نووسینە توندەکانی کتێبی (کورد تورک عەرەب).

٤-بۆمان دەردەکەویت بەشێک لە پێشبینی و تێڕوانینە سیاسییەکانی ئیدمۆندس بەرانبەر بە کورد ڕاست دەرچوون، کە لەو کاتەدا پێشبینی کردووە، بە تایبەتی لە تێڕوانینی بۆ هەڵوێستی سیاسیی (شێخ مەحمود) و پشتبەستنی بە تورکەکان، کە پێیوابوو ئەنجامی خراپی دەبێت، لەلایەکی تریشەوە پێیوابوو؛ کوردی عێراق بێهودە دڵخۆشن بە شۆڕشی ١٤ ی تەمووز، لەکاتێکدا هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بۆ کورد دروستناکات.

٥-نووسینەکانی ئیدمۆندس بە تایبەتی لە کتێبی (کورد تورک عەرەب) بە بەراورد لەگەڵ زۆرێک لە بەرهەمی کوردناسانی هاوکاتی خۆی، زۆر باشتر دەردەکەوێت بە تایبەتی لە ڕووی ڕێبازی نووسین و ئەو وردەکارییەی لە زانیارییەکاندا هاتوون، چەند میتۆدێکی زانستیی بەکارهێناوە، بە تایبەتی نووسینەوەی مێژووی ئەم قۆناغەی کورد بە شێوەی زارەکی و پشتبەستن بە وەرگرتنی زانیاری لە خەڵکی شارەزای ناوچەکە، لە هەندێک کاتی تریشدا میتۆدی بەراوردکاری بەکارهێناوە، لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ سەرچاوە نووسراوەکان و بەراوردکردنی لەگەڵ ئەو زانیارییانەی لە ڕێگەی پرسیارکردن بەدەستیهێناون بۆ ئەوەی زانیارییەکان پشتڕاستبکاتەوە.

**پەراوێزەکان:**

(١) بەهۆی ئەوەی لە تەوەرەی دووەم، بۆ تێڕوانینی ئیدمۆندس پشت بەم کتێبە دەبەستین، بۆیە لێرەدا بە وردی لەبارەی ناوەڕۆکی کتێبەکەوە نادوێین.

(٢) لە تەوەرەی دووەمی توێژینەوەکە باس لە ئاینی یەزیدی دەکەین لە دیدی ئیدمۆندس بە پشتبەستن بە کتێبی حەج بۆ لالش، بۆیە لێرە تەنیا کتێبەکە دەناسێنین.

(٣) محمد ئەمین زەکی دەڵێت: ئەم بەردنووسە لەلایەن (ئیدمۆندس)ەوە دۆزراوەتەوە، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات وتارەکە لەژێر ناوی (دوو شوێنەواری دێرین لە کوردستان) بووە (بەگ،٢٠٠٥، ٦/٣)، بەڵام دواتر بەهۆی ئەوەی شوێنەواری تری لە باشووری کوردستان دۆزیوەتەوە ناونیشانەکەی گۆڕیوە بۆ (دوو شوێنەواری دێرین لە باشووری کوردستان).

(٤) نەرام- سین یەکێکە لە پادشایانی ئەکەدی، سەبارەت بە بەردنووسەکە، زانیاری لەبارەی شەڕێکی کۆنی لە کوردستان بۆ پاراستوین، کە لە دەوروبەری (٤٧٠٠)ساڵ لەمەوبەر لە نێوان (ئەکەدی و لۆلۆیی)یەکان ڕوویداوە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (قەرەداغی، ٢٠٠٥، ٦،١٠٦-١٠٧).

(٥) ئەوەی ئیدمۆندس باسی لێوە دەکات، بریتییە لەو ڕووداوەی، کە شێخ ئەحمەدی بارزان لەگەڵ زێبارییەکان لە ساڵی ١٩١٩ز دا پەلاماری ئاکرێیاندا، تیایدا (بێڵ)ی حاکمی سیاسی بەریتانیا و (سکوت)ی یاریدەدەریان کوشت (المتولي،٢٠٠١، ٢١٧).

(٦) ئەم هەڵوێستەی نوری سەعید لە سۆنگەی باوەڕبوونی نەبوو، بە چارەسەرکردنی پرسی کورد، بەڵکو بەهۆی ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانییەوە بوو، سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا لە عێراق لەم قۆناغەدا بریتیبوو، لە هاندانی دەسەڵاتدارانی عێراق لەوەی تابکرێت بارودۆخەکە بە هێمنی ڕابگرێت لەگەڵ کورددا. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (قادر،٢٠٠٧، ١٥٨).

(٧)بارۆن بە واتای خانەدان دێت، کە یەکێکە لە پلە و نازناوەکانی چینی ئەرستۆکراتی ناو سیستمی دەرەبەگایەتیی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا، ئەم پلەیە بۆ ماوەییە و لەژێر چاودێری پاشادا سەرپەرشتیی ناوچەیەک دەکات، لە فیکۆنت بچووکترە و لە بارونیت گەورەترە(Njeng,1986,2).

(٨) دیارە ئیدمۆندس مەبەستی (نەجیبە خانی جەلیزادە)یە کچی مەلای گەورەی کۆیەیە، کە یەکەم کچە چووە بۆ خوێندنگای تێکەڵاو لە کوردستان. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە(تەیب،٢٠٠٨، ١٣٥).

(٩) وشەی سۆفی لە (سوف)ەوە هاتووە، واتە خوری، ئەم دەستەواژەیە بەو کەسانە گوتراوە، کە جلوبەرگی لە سوف دروستکراویان لەبەرکردووە، لەبەرکردنی سوف ڕەوشتی وەلی و پیاوچاکان بووە (شوان،٢٠٠١، ٢١).

(١٠) هەقە بزوتنەوەیەکی ئاینی کۆمەڵایەتی بوو، لە ساڵی ١٩٢٠ دامەزراوە، سەر بە تەریقەتی نەقشبەندییە (سوڵتانی،٢٠٠٣، ٢٤١).

(١١) شێخ عەدی یان شێخ ئادی، لە ساڵی ١٣٠٧ز لە سوریا لەدایکبووە، بە دامەزرێنەری ئاینەکە دادەندرێت، لە ساڵی ١١٦٠ز کۆچی دوایی کردووە، ئاشنایەتی لەگەڵ شێخ عبدالقادری گەیلانیدا هەبووە، گۆڕەکەی پیرۆزترین شوێنی ئێزیدییەکانە (الحسني،١٩٦١، ٢-٣).

## لیستی سەرچاوەکان:

### ١-سەرچاوە کوردییەکان:

-ئەحمەد، کەمال مەزهەر(٢٠٠١)، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، ب٢، هەوێر.

-ئەحمەد، کەمال مەزهەر(٢٠٠٨)، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا، گرین گالۆری، لوبنان، ب١.

-ئۆقە، کەمال میم(٢٠٠٠)، کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ، و: سەلام ناوخۆش، خەبات، دهۆک.

-ئیدمۆندس، سیسیل جۆن(٢٠٠٤)، کورد تورک عەرەب، و: حامید گەوهەری، هەولێر.

- ئیدمۆندس، سیسیل جۆن(٢٠٠٨)، کێشەی کورد، و: ئەبوبەکر صالح، خانی، دهۆک.

-ئیبراهیمی، سید کەمال(٢٠٠٨)، مێژووی کورد و ئیبراهیم یونسی، گۆڤاری مێژوو، ژ٥.

-ئێزەدی،میهرداد(٢٠٠٢)، ئاین و تایفە ئاینیەکان لە کوردستان، و: کامەران فەهمی، بیرو هۆشیاری(ی.ن.ک).

-بەسری،میر(٢٠٠٢)، ناودارانی کورد، و: عەبدولخالق عەلائەدین.

-بەرزنجی، ئەحمەد سەید عەلی(٢٠٠٧)، سایکس بیکۆ و ترازاندنی جەمسەری کێشەی کوردی باشور، سلێمانی.

-بەگ، محمد ئەمین زەکی(٢٠٠٥)، تاریخی سلێمانی و وڵاتی، شڤان،ب٣.

-برونەسن، ماریتن ڤان(١٩٩٩)،ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و: کوردۆ، سلێمانی، ب١.

-بێکەس، فایەق(١٩٧٠)، دیوانی بێکەس، چاپخانەی شەفیق، بەغداد.

-بوا، توما(١٩٧٥)، مع الاكراد، ت: أواز زنكنه، الجاحض, بغداد.

-تەیب، جەمال فەتحوڵا(٢٠٠٨)،کۆیە لە نێوان ساڵانی١٩١٨-١٩٥٨، شەهاب، هەولێر.

-حیلمی، ڕەفیق(٢٠٠٣)، یاداشت، سەردەم، سلێمانی.

-ڕیچ، کلۆدیس جیمس(١٩٩٢)، گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان، و: محمد حمەباقی، تەورێز.

-السبعاوی، عەونی عبدالرحمن(٢٠١٠)، مێژووی ئەمریکای نوێی و هاوچەرخ، و: محمد عبدالله کاکە سور، ڕۆژهەڵات، هەولێر.

-سندی، بەدرخان(٢٠٠٨)، کۆمەڵگەی کوردی لەدیدی ڕۆژهەڵاتناساندا، و: اسماعیل ابراهیم سعید، خانی، دهۆک.

-سوڵتانی، محمد(٢٠٠٣)، ڕاپەڕینی عەلەوییەکانی زاگرۆس، و: حەسەن عبدالکریم و کەمال ڕەشید، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، سلێمانی.

-سۆن، ئی.ب(٢٠٠٧)،چەند سەرنجێک دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو، و: نەجاتی عەبدوڵلا، شوان، سلێمانی.

-شوان، ئیبراهیم(٢٠٠١)، سۆفیگەری، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

-خەسباک، شاکر(٢٠٠٥)، کوردو مەسەلەی کورد، و: ئەمجەد شاکەلی، ئاراس، هەولێر.

-عەلی، عوسمان(٢٠١٠)، چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بزافی هاوچەرخی کورد، و: کامەران بابان زادە، چوارچرا، بەرگی دووەم.

-عەسکەری، مستەفا(٢٠٠٨)، ئاورِ دانەوەیەک لە بزوتنەوەی هەقە، ئاراس، هەولێر.

-عەبدوڵلا، نەجاتی(٢٠٠٩)، بیبلۆگرافیای کوردناسی، حاجی هاشم، هەولێر.

-قەرەداغی، فازیل(٢٠٠٥)، مێژووی دێرینی کوردستان، سلێمانی.

-کۆچێرا، کریس(٢٠٠٤)، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست، و: حەمە کەریم عارف، شڤان، سلێمانی.

-نیکیتین، باسیل(١٩٩٧)، و: هێدی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

-هەی، دبلیو ئارِ(٢٠١٠)دوو ساڵ لە کوردستان، و: لوقمان باپیر، رِۆژهەڵات، هەولێر.

-هەورامانی، محمد ئەمین (١٩٨٤)، کاکەیی، چاپخانەی الحوادیث، بەغداد.

## ٢- سەرچاوە عەرەبییەکان:

-الحسني، السيد عبدالرزاق(١٩٦١) اليزيديون في حاضرهم وماضيهيم، مطبعة العرفان.

-شريف، هيوا حميد(٢٠٠٦)، توفيق وهبي حياته و دورها السياسي والثقافي، شڤان، السليمانية.

-قادر،أحمد محمدامين(٢٠٠٧)، موقف مجليس النواب العراقي من القضية الكردية ١٩٢٥-١٩٤٥، ژين، السليمانية.

-المتولي، محسين محمد(٢٠٠١)، كرد العراق, بيروت.

-المسعودي(٢٠٠٥)، مروج الذهب ومعادن الجوهر، المكتبة المصرية، ج٢، بيروت.

-محو، لقمان.أ(٢٠٠٧)، الكورد والكردستان، ترجمة: هڤال، مطبعة ئاراس، أربيل.

-مينورسكي(١٩٦٨)، الاكراد ملاحضات وانتباعات، ترجمة: معروف خزنەدار، بغداد.

-ويغرام، دبليو.أي(٢٠٠١)، مهد البشرية الحيات في شرق كردستان،ت: جرجيس فتح الله، ئاراس.

## ٣-سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

-Edmonds, Cicil John (1925), Two Ancient Monoments in Southern Kurdistan, The Geographical Journal.

-Edmonds, Cicil John (1928), Two More Ancient Monoments in Southern Kurdistan, The Geographical Journal.

- Edmonds, Cicil John (1931), A Third Note on Rock Monoments in Southern Kurdistan, The Geographical Journal.

- Edmonds, Cicil John (1957), The Kurdish of Iraq, The Middle East Journal.

- Edmonds, Cicil John (1959A), The Kurdish and Revelution in Iraq, The Middle East Journal.

- Edmonds, Cicil John (1959B), The Belifs and Practices of the Ahli Haqq in Iraq, The Middle East Journal.

-Wahaby,Tayfiq and Edmonds, Cicil John (1966),Kurdish English Dictionary, London.

-Edmonds, Cicil John (1967), A Pligrimage to Lalish, London, Royal Asiatic Society.

-Roshani, Dilan(2013), Cicil John Edmonds1889-1979, Kurdish Acadamy of Language,Middle East Center.

-Son, Ely Banster (1926), To Mesopotamia and Kurdistan in disguise, London.

-Njeng, George (1986), The Fudal system in medieval Europe ($7^{th}$-$14^{th}$ century), Omega.

**الملخص**

إن الدراسات الكوردية والتي هي إحدى الفروع الهامة للاستشراق، تهتم بالمواضيع ذات الصلة بالكورد و كوردستان. ويعد ادموندس أحد أهم الذين حاول من خلال مؤلفاته وكتاباته العلمية، أن تبحث حول المواضيع الكوردية المختلفة.

يتكون هذا البحث من تمهيد ومحورين فضلا عن النتائج، في التمهيد تناولنا حياة ادموندس وشخصيته، أما المحور الاول فقد تم تسليط الضوء على نتاجاته العلمية حول الكورد. في حين تطرق المحور الثاني الى أبرز وجهات نظره حول الكورد، خاصة فيما يتعلق باالاحوال الاجتماعية و الدينيية. إن السؤل الرئيسي الذي يطرح نفسه هو هل أن نتاجات الكتاب الكورد في القرن العشرين كافية لفهم التاريخ الكوردي، أم أن ذلك بحاجة ماسة الى كتابات و مؤلفات المستكردين الاجانب. بحيث يمكن أن يعد كمصادر أساسية و رصينة لتدوين تاريخ الكورد. إن نتائج هذا البحث تظهر مدى أهمية نتاجات ادموندس حول الكورد بأعتباره مصادر مهمة لتدوين تاريخ الكورد في القرن العشرين، لاسيما أنه تناول الجوانب المختلفة للكورد كالاجتماعية والدينية. محاولا إظهار قدر كبير من الحيادية والعلمية عند تطرقه للمواضيع أعلاه.

**Abstract**

Kurdish studies is one of the crucial branches of orientalism, which investigates topics about Kurdistan and related topics. C.J. Edmonds is considered a pioneering Kurdish studies expert whose work mainly concentrated on topics related to Kurdistan and the Kurdish people. The current research consists of an introduction and two sections and a conclusion is followed. In the introduction, some aspects of life of Edmonds are discussed. In the first section, Edmonds's scientific works, books, and articles about the Kurdish people are discussed. In the second section, the most prominent perspectives of Edmonds's works about Kurdish people are discussed with special emphasis on his opinions about religion and sociological aspects of Kurdish people. The main question of the current study is whether Kurdish sources published in the 20th century are enough to develop a deep understanding of the Kurdish people and community after the collapse of the Othman empire, or whether they did not fully answer the questions that may arise now and then. In this case, the study also wishes to analyze the need for adopting and discussing the orientalist who wrote about Kurdish people and Kurdistan. The findings of the research indicate that Edmonds's works are unbiased and valuable works that present a deep insight into the Kurdish people and Kurdistan.

https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2253.8

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# شیکردنەوەی چەند دەقێکی شیعری بە پێی تیۆری ڕەخنەی ژینگەیی

پ. د. سیروان جەبار ئەمین
فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران
Sirwan.amin@soran.edu.iq

مهدی أحمد محمود ئامادەیی ژاراوە
پەروەردەی پشدەر، وەزارەتی پەروەردە
mahdi.ahmed@uor.edu.krd

**پوختە:**

ڕەخنەی ژینگەیی، ڕوانگەیەکی ڕەخنەیی نوێیە، گرنگی بە توێژینەوەی ژینگە و سروشت و شوێن لە داهێنانی ئەدەبیدا دەدات. توێژەرانی ئەدەبی ئەو دەقانەیان شیکردوونەتەوە کە نیگەرانییەکانی ژینگە دەردەخەن. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی '**شیکردنەوەی چەند دەقێکی شیعری بە پێی تیۆری ڕەخنەی ژینگەیی**' هەوڵێکە بۆ ناساندنی تیۆری ڕەخنەی ژینگەیی لە ئەدەبی کوردیدا. توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم زاراوە و چەمک و گرنگیی ڕەخنەی ژینگەیی دەگرێتەخۆ. لە بەشی دووەمدا، چەند دەقێکی شیعری شاعیران 'کەریم دەشتی، کەژاڵ ئەحمەد و دلاوەر قەرەداغی' مان بەپێی بنەماکانی ئەم تیۆرە شیکردۆتەوە. لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

وشە کلیلییەکان: ژینگە، ژینگەزانی، ڕەخنەی ژینگەیی، پاراستنی ژینگە، مرۆڤ و ژینگە.

## شیکردنەوەی چەند دەقێکی شیعری بە پێی تیۆری ڕەخنەی ژینگەیی

### پێشەکی

ڕەخنەی ژینگەیی، ئاڕاستەیەکی ڕەخنەیی نوێیە، گرنگی بە توێژینەوەی ژینگە و سروشت و شوێن لە داهێنانی ئەدەبیدا دەدات و کار لەسەر ئەو دەقە ئەدەبییانە دەکات، کە پرسی ژینگە تەوەرەی سەرەکیی داهێنانە هونەرییەکەیانە. توێژەران و ڕەخنەگرانی ڕەخنەی ژینگەیی ئەو دەقانە دەخنە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە، کە نیگەرانییەکانی ژینگە دەردەخەن و ئەو ڕێگا جیاوازانە دیاریدەکەن، کە تێیدا ئەدەب بە شێوازێکی تایبەت مامەڵە لەگەڵ ژینگە و سروشتدا دەکات.

تیۆری ڕەخنەی ژینگەیی وەکو لقێکی نوێ لە ڕەخنەی ئەدەبی، مێژووی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی یان بێ هۆکار نەبووە. بەڵکو بە پێچەوانەوە، لە ژمارەیەک ڕووداو و چالاکییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە ئەنجامی کارلێکی مرۆڤەکان لەگەڵ ژینگە و توێژینەوە لە سەری دروستبوون. ئەم بزووتنەوە نوێیە بۆ یەکەم جار لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا لە ئەمریکا دامەزراوە و دواتر بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان گواستراوەتەوە بە تایبەتی لە سەدەی بیست و یەکدا. ئەم تیۆرە ڕەخنەییە لە کاتی شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیدا، سەرنجەکەی لەسەر لایەنی دەرەوەی دەقە، واتە ژینگەکەی و زۆر تیشک ناخاتە سەر ڕووکاری ناوەوەی دەق.

لە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا ئەم تیۆرە زۆر تازەیە تەنها چەند توێژینەوەیەکی کەمی لەم ساڵانەی دواییدا لەسەر کراوە. ئەم توێژینەوە بە ناونیشانی 'شیکردنەوەی چەند دەقێکی شیعری بەپێی تیۆری ڕەخنەی ژینگەیی' مەوداکەی تەنها سنووردارە بە شیکردنەوەی ڕەخنە ژینگەییەکانی شاعیران" کەریم دەشتی، کەژاڵ ئەحمەد، دلاوەر قەرەداغی"

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە تیشکدەخاتەسەر تیۆری ڕەخنەی ژینگەیی، کە گرنگییەکی زۆری لە گەشەسەندنی ئەم دواییانەی ڕەخنەی ئەدەبیدا هەیە. لەم توێژینەوەیەدا بە ڕێبازی وەسفی شیکاری کارمان کردووە. واتە دەقە شیعرییەکان دوای وەرگرتنیان ڕاستەوخۆ شیکراونەتەوە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم زاراوە و چەمک و گرنگیی ڕەخنەی ژینگەیی دەگرێتەخۆ. لە بەشی دووەمدا، چەند دەقێکی شیعریی شاعیران "کەریم دەشتی، کەژاڵ ئەحمەد و دلاوەر قەرەداغی"مان بە پێی بنەماکانی ئەم تیۆرە شیکردۆتەوە. لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عربی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

**بەشی یەکەم: زاراوە و چەمکی ڕەخنەی ژینگەیی و گرنگییەکەی:**

یەکەم: زاراوەی ڕەخنەی ژینگەیی:

زاراوەی ڕەخنەی ژینگەیی کە لە ئینگلیزیدا 'Ecocriticism' ی بۆ بەکاردێت لە دوو بەش پێکدێت: وشەی ئیکۆ'Eco' مانایەکی هاوبەشی هەیە لە نێوان ئیکۆلۆجی و ئابووری، کە کورتکراوەی هەردوو وشەی 'Economy ،Ecology' یە، بۆیە لە ڕووی ئیتیمۆلۆجییەوە، یەکەم خوێندنی ژینگە و دووەمیشیان بەڕێوەبردن دەبێت. ژینگەناسان توێژینەوە لەسەر سیستەمە سروشتییەکان و ئابووریناسان توێژینەوە لەسەر سیستەمە مرۆییەکان دەکەن. کریتیسیزم 'Criticism' بە مانای ڕەخنە دێت (Glotfelty and Fromm,1996: vvi ).

زاراوەی ڕەخنەی ژینگەیی یەکەم جار لە لایەن ڕەخنەگری ئەمریکی ولیام ڕوکێرت'William Ruekert' لە ساڵی '١٩٧٨' لە وتارەکەی 'ئەدەب و ژینگەزانی: تاقیکردنەوەیەک لە ڕەخنەی ژینگەییدا'

بەکارهات. ئاماژەی بە بەکارهێنانی ژینگە و چەمکەکانی بۆ خوێندنی ئەدەب کردووە (Dobie,2015:241).

لە وڵاتانی جیهاندا بەرانبەر زاراوەی ڕەخنەی ژینگەیی چەندان دەستەواژە و زاراوەی جیاواز بەکارهاتوون، لەوانە:

- لێکۆڵینەوەی کلتووریی سەوز (الدراسات الثقافیة الخضراء= Green Cultural Studies).
- شیعریەتی ژینگەیی (الشعریة البیئیة=Eco Poetics ).
- ڕەخنەی ئەدەبیی ژینگەیی (النقد البیئی الأدبی= Environmental Literary Criticism).
- خوێندنی سەوز (الدراسات الخضراء - Green Studies).
- ڕەخنەی سەوز (النقد الخضراء= Green Criticism)(محمد، ٢٠١٨: ٤٣٢).

بە شێوەیەکی گشتی ئەو زاراوەیەی لە ئەمریکا پەسندە Ecocriticism 'ڕەخنەی ژینگەییە'، لە کاتێکدا زۆرجار لە بریتانیا زاراوەی Green Studies 'خوێندنی سەوز' بەکاردەهێنرێت، هەروەها لە ئەڵمانیاش زاراوەی Green Criticism 'ڕەخنەی سەوز' لە لێکۆڵینەوە ئەڵمانییەکاندا بەکاردەهێرێت (جیرارد،٢٠٠٩: ١٦).

ڕەخنەگرانی ژینگەیی پێشەنگ، لەوانە چێریل گلۆتفیلتی و هارۆڵد فرۆم (Glotfelty & Fromm) چەمکی ڕەخنەی ژینگەییان پێ باشترە، چونکە هەم کورت و هەم بە ئاسانی لە ناو ئاوێتەکانی وەک: هەڵوێستی ژینگەیی و ڕەخنەگرانی ژینگەیی بەکاردەهێنرێت (هەمان سەرچاوە،٢٠٠٩: ١٦). ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا پێمان وایە زاراوەی ڕەخنەی ژینگەیی لە زاراوەکانی دیکە باشترە، لەبەر ئەمە ئەو زاراوەیە بەکاردەهێنین.

**دووەم: چەمکی ڕەخنەی ژینگەیی:**

نوێکاریی ڕەخنەی ژینگەیی لە تیۆری ئەدەبیدا، وای لە ڕەخنەگرانی ژینگەیی کردووە لەسەر چەمکێکی دیاریکراو بۆ تیۆری ڕەخنەی ژینگەیی ڕێکنەکەون، بە ڕوونی ئاماژەیان نەداوە مەبەستیان چییە. ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین ڕای چەند ڕەخنەگرێکی ژینگەیی بخەینەڕوو:

لاورێنس بوێڵ 'Lawrence Buell' وەک کەسێکی ژینگەپارێز، بەم جۆرە چەمکی ڕەخنەی ژینگەیی دەناسێنێت: "لێکۆڵینەوەیەکە لە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و بارودۆخی ڕۆحیی کەسێکی پابەند بە ژینگەوە"(Buell,1996 :430). ئەمەش تێڕوانینێکی دروستە و ئاماژە بەوە دەکات، کە ڕەخنەی ژینگەیی تەنیا شیکردنەوەی سروشت نییە، لە دەقێکی ئەدەبیدا، بەڵکو ئەو جیهانبینییەیە، کە سەنتەر تێیدا ژینگەیە 'ئیکۆسێنتریک'، کە ئیتیکی ژینگەیی فراواندەکاتەوە. لە ژێر ڕێنمایی ئەم جیهانبینیە، مرۆڤ دەتوانێت ئەوە ببینێت، کە جیهان دەکرێت فۆڕم و ژینگەی دیکەش لەخۆبگرێت. توێژەران چێریل گلۆتفیلتی و هاڕۆڵد فرۆم، لە کتێبە هاوبەشەکەیاندا بە ناوی 'خوێنەری ڕەخنەی ژینگەیی- The Ecocriticism Reader' ناساندنێکی گشتگیرتریان بۆ چەمکی ڕەخنەی ژینگەیی پێشکەشکردووە، ئەم ناساندنە بەرفراوانتر لێکۆڵینەوەکان دادەپۆشێت و دوای ئەوان نزیکەی هەموو ئەو وتار و کتێبانەی لەم بوارەدا نووسراون، لەسەر بنەمای ڕەخنەی ژینگەیی لە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و جیهانی فیزیکیدا بوون. ئەم توێژەرانە لە دەربڕینێکی دیکەی گشتگیردا بەم شێوەیە باس لە "ڕەخنەی ژینگەیی، مامەڵە لەگەڵ پەیوەندیی ئەدەب و ژینگە یان چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی پەیوەندیی مرۆڤ، لەگەڵ ژینگەی فیزیکی لە ئەدەبدا دەکات"(Glotfelty and xviii :Fromm,1996). ئەوەی لێرەدا جیاوازە چۆنیەتیی ڕەنگدانەوەی پەیوەندیی مرۆڤە لەگەڵ ژینگەدا، ئەمە هەنگاوێکی گرنگ بوو، چونکە

ئاڕاستەی ڕەخنەی ژینگەیی لە بابەتێکی سیاسیەوە بۆ بابەتێکی هۆشیاریی ژینگەیی گۆڕی. هەروەها جۆن ئیستۆک'John Estok' باس لەوە دەکات، کە ڕەخنەی ژینگەیی زیاتر بە سادەیی خوێندنی سروشت یان شتە سروشتییەکانە لە ئەدەبدا، بەڵکو هەر تیۆرێکە پابەندە بە کاریگەری کردنی گۆڕان بە شیکردنەوەی کار و تیۆریان بە پێچەوانەی ژینگەی سروشتی و لایەنەکانی، لە بەڵگەنامەکانی ئەدەبیدا نوێنەرایەتیکراوە، کە بەشداری لە نەریتە ماددییەکان لە جیهانی ماددیدا دەکەن(Estok,2005:16-17).

بە سەرنجدان لە ناوەرۆکی ئەم چەمکانەی سەرەوە، بۆمان دەردەکەویت بەشێکی زۆر لە بۆچوونەکان لە یەک چوارچێوە و گۆشەنیگاوە، ڕوانیویەتیانە ئەم تیۆرە؛ ئەویش پەیوەندیی نێوان ئەدەب و ژینگەیە.

جۆرج جرارد لە شیکردنەوەی ئەو چەمکەدا دەگاتە ئەو ڕایەی ڕەخنەی ژینگەیی "چەشنێکە لە شیکاریی سیاسی، ئەمەش لەو گۆشەنیگایەوە، کە ڕەخنەگرە ژینگەییەکان شیکردنەوە کلتوورییەکانیان بەو ئەجێندایانەوە دەبەستەوە، کە کار بۆ پاراستنی ژینگە دەکەن" (جۆرج جرارد، ٢٠٠٩: ١٦). بە شێوەیەکی تریش دەتوانین بڵێین 'ڕەخنەی ژینگەیی ئەوەیە کە لە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و ژینگە یان جیهانی سروشت دەکۆڵێتەوە'(Dobie, 2015 :241) باشتر وایە بڵێین 'ڕەخنەی ژینگەیی مامەڵە لەگەڵ پەیوەندیی نێوان ئەدەب و ژینگە یان چۆنییەتی جیاکردنەوەی پەیوەندییە مرۆییەکان لەگەڵ ژینگەی فیزیکی لە ئەدەبدا دەکات' (Tošić,2006: 43). ڕەخنەی ژینگەیی ئەو جۆرە ڕەخنەیەیە کە لەبەر ڕۆشنایی تیۆرێکی ژینگەیی، گرنگی بە لێکۆڵینەوەی تێکست و گوتارە ئەدەبییەکان دەدات، واتە لە نێو بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکاندا، لە پێگەی ژینگە و سروشت و زەوی و شوێن دەکۆڵێتەوە، ئەمەش بە

مەبەستی خستنەڕووی ڕوانینی نووسەر و هونەرمەندان دەربارەی کێشە و بابەتەکانی ژینگە (حمداوی، ٢٠١١: ٢٩٧).

لە ڕەخنەی ژینگەییدا ئەدەب لە لایەکە و ژینگەش لە لایەکی دیکە، دیارە مەسەلەی ڕەخنەی ژینگەیی، بابەتێکە کە بە پێچەوانەی هەمیشە، لێکۆڵینەوەیەکی دیسپلینییە لە نێوان زانستە سروشتییەکان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، ئەو بابەتانەی لەم بوارەدا باسکراون، تێکەڵبوونی بابەتە ماددییەکان 'ئیکۆلۆجی' و بابەتە ڕۆحییەکانن، کە هەردووکیان بەدوای یەک ئامانجدا دەکەون و بەشداری لە پاراستن و مانەوەی مرۆڤ دەکەن (پارساپور،١٣٩٢: ٨٨).

ڕەخنەی ژینگەیی بزوتنەوەیەکی ڕەخنەیی نوێیە، کە هەوڵدەدات ڕەخنە و تیۆری ئەدەبی بە پرسە ژینگەییەکانی ئەمڕۆوە ببەستێتەوە. پەیوەندیی نێوان زانستی ژینگەیی و ئەدەبیات دەخوێنێتەوە، ئەمەش بە بەکارهێنانی چەمکە ئیکۆلۆژییەکان بۆ ئەدەب. ئامانج لێی لێکدانەوەی پرسە ژینگەییەکان و ڕەخنەی ئەدەبییە بە تیشک خستنە سەر شیکارییەکانی نوێنەرایەتیی ئەدەبی سروشت لە تێکستە ئەدەبییەکاندا و سازانی ئەدەبی قەیرانی ژینگەیی لە گوتارە ئەدەبییەکانی ژینگەدا (Banerjee,2021:12).

**سێیەم: گرنگی تیۆری ڕەخنەی ژینگەیی:**

تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی هەر یەکەیان لە ڕوانگەی خۆیەوە خوێندنەوە بۆ دەق دەکات. بۆ نموونە دەقێک ژینگە و سروشت و هۆشیاریی ژینگەیی زۆری تێدا بێت بۆ ڕەخنەی ژینگەیی گونجاوترە. ڕەخنەگری ژینگەیی ساندیپ 'Sandip' دەڵێت: "بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە ژینگەییەکانی ئەم سەردەمە، تیۆری ڕەخنەی ژینگەیی ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت لە دروستکردنی هۆشیاریی ژینگەیی لە نێو خوێنەراندا.

خوێنەرانی ڕەخنەی ژینگەیی بە شێوەیەکی جیاواز لەوانی دیکە، سەیری جیهانی سروشتی دەکەن. ئەوان سەرنجی ڕەخنەییانەی ئێمە لە هۆشیاریی ناوەکییەوە دەگۆڕن بۆ هۆشیاریی دەرەکی. سەرەنجام ئەو بیرۆکەیە ڕەتدەکرێتەوە، کە هەموو شتێک بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی یان زمانەوانی ڕێکخراوە، بەڵکو وامان لێدەکات، کە بڕوا بکەین کە سروشت لە ڕاستیدا هەیە و لە سەرووی ئێمەوەیە، بەڵام لەگەڵ ئێمەدایە و ڕەنگە بە شێوەیەکی مەترسیدار کاریگەریمان تێبکات، ئەگەر مامەڵەیەکی ناتەندروستی لەگەڵدا بکەین" (Mishra, 2016: 168). ڕەخنەی ژینگەیی، بە گرنگییەوە ڕێنوێنیمان دەکات بۆ ئەوەی شیکاری بۆ جیهانی دەوروبەرمان بکەین و بە چاوێکی ڕەخنەییەوە سەیری ئەو نەریتانە بکەین، کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سروشت لە کۆمەڵگەدا بەکاردەهێنرێن.

ڕەخنەگری ژینگەیی مەنوج کومار 'Manoj Kumar' باس لە پەیوەندیی ڕەخنەی ژینگەیی و دەق دەکات و دەڵێت: تیۆری ڕەخنەی ژینگەیی هاوکاریمان دەکات، لە شیکردنەوەی هەر دەقێک لە ڕێگەی لێکدانەوەی شێوازی وێناکردنی سروشت لە لایەن نووسەرەوە. لە ڕێگەی ئەو کارەوە، دەکرێت ژمارەیەک پرسیار وەڵامبدرێنەوە، لەوانەش: لەم دەقەدا سروشت چۆن بەرجەستەکراوە؟ کات و شوێنی دەقەکە چ پەیوەندییەکی لەگەڵ ژینگەدا هەیە؟ چۆن ڕەوانبێژی بۆ خستنەڕووی سروشت بەکارهێنراوە؟ چۆن پرسی قەیران و کارەساتە ژینگەییەکان، لە کلتوور و کارە ئەدەبییەکاندا ڕەنگیانداوەتەوە؟ ئایا ڕۆڵی ژن و پیاو بەرانبەر ژینگە چ جیاوازییەکی لەم شانۆ، فیلم، ڕۆمان، دەقدا... هەیە؟ لە هەڕەمی هێز و دەسەڵاتدا، شوێنی ژینگە لەو بەرهەمەدا دەکەوێتە کوێوە؟ لەو کارە ئەدەبییەدا چۆن پەرە بە ژینگە دراوە یان چەوسێنراوەتەوە؟ چ پەیوەندییەکی هاوبەش لە نێوان کێشە و مەینەتی خەڵک 'ژنان، کەمینەکان، کۆچبەران و هتد' و شێوازی مامەڵکردن لەگەڵ زەویدا هەیە؟ بە

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، دەتوانین لە بیرۆکە پەیوەندیدارەکانی تیۆری ڕەخنەی ژینگەیی و گرنگییەکەی بگەین(Kumar, 2017: 3).

تیۆری ڕەخنەی ژینگەیی گرنگیی زۆری هەیە، هەر بۆیە ڕەخنەگری ژینگەیی جۆزێف لیسۆن (Joseph Leeson) پێیوایە ڕەخنەی ژینگەیی لە دەورەوبەرێکی دیاریکراوی ڕەوانبێژی و قسەڕاکێشدا دروست دەبێت، بە تایبەتیش لە سەروبەندی دەرکەوتنی گومان لە بیردۆزەکانی سەدەی بیستەم، لەسەر نرخی بەکارهێنانی ناڕەزایی سیاسیی کردەییانە. چۆن دەکرێت بەڵێنی ڕەخنەی ژینگەیی بۆ دروستکردنی بەرهەڵستکاری بکەین بە بیردۆز، لە کاتێکدا کە فۆکۆلت و هیجەرەکانی جیهان ڕوونیان کردووەتەوە کە تا چ ڕادەیەک ئاسانە ئەو بەرهەڵستکارییە لە ڕێگەی هێزی ژینگەوە دروستبکرێت؟ چ جۆرە ستراتیجییێک پێویستە بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی خۆمان لە بێهیوابوون و قبووڵکردنی کوێرانەی ئەمری واقیعی ژینگەیی بەدووربگرین. دووبارە، دەکرێت چی بکرێت؟ جۆزێف لیسۆن 'Joseph Leeson' پێیوایە، کە دەبێت ڕەخنەگـــرە ژینگەییەکان کۆشش بکەن، بۆ ئەوەی خۆیان لە هەبوونی یەک ڕوانگەی هاوبەش بەدووربگرن. بەڵکو پێویستە ڕەخنەگرانی ژینگەیی سوود لە مشتومڕی تایبەت بە کۆتایی جیهان ببینن، بۆ ئەوەی دژی 'بیرمەندەکانی قۆناغی پاش بونیادخوازیی وەکو مایکل فۆکۆڵت و مارتن هیجە' بوەستنەوە، کە کاریگەرییان خستووەتە سەر هەندێ ڕەخنەگری ژینگەیی و وایان لێکردوون، لە گوتاری بکوژانە پاشەکشە بکەن (Leeson,2012:5). تیۆری ڕەخنەی ژینگەیی دەتوانێت یارمەتیدەرێکی زۆر گرنگ بێت، لە تێگەیشتنی ئەدەبیاتی ئەو ناوچانەی، کە سروشت بەشێکی دانەبڕاوە، لە ئاین و کلتووری ئەو کۆمەڵگایانە.

بە لەبەرچاوگرتنی خەم و نیگەرانیی مرۆڤایەتی لە سروشت و ژینگە، گرنگیی ئەم بوارە بە ساڵانی پێشوو بەراوردناکرێت؛ هەموو ئەو بابەتانە،

که له ڕەخنەی ئەدەبیدا بەرزدەکرێنەوە، یەکێک لە بایەخە کۆمەڵایەتی، دەروونی، سیاسی، جێندەری، ئابووری و مێژووییەکانن، بەڵام نیگەرانیی ڕەخنەی ژینگەیی، نیگەرانیی ژینگە و پاراستنی ژینگەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەر چەند بخوازین لە ڕۆڵی هونەر و ئەدەبدا، بەڵام ناتوانین نکۆڵی لە کاریگەریی سروشت لەسەر پێکهاتنی کاری ئەدەبی بکەین، دەکرێت بڵێین ڕەخنەی ژینگەیی، پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و سروشت و هەروەها نێوان کلتوور و سروشت بەرجەستە دەکات. دوای سەرهەڵدانی ڕەخنەی ژینگەیی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، ژمارەی ئەو کارانە کە لەسەر ژینگە نووسراون، دراماتیکی زیادیکرد.

**بەشی دووەم:**

## شیکردنەوەی چەند دەقێکی شیعری بەپێی بنەماکانی تیۆری ڕەخنەی ژینگەیی:

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین بنەماکانی ڕەخنەی ژینگەیی باسبکەین، لەگەڵ هەر بنەمایەکدا بە شێوەیەکی پڕاکتیکی چەند دەقێکی شیعریی 'کەریم دەشتی، کەژاڵ ئەحمەد و دلاوەر قەرەداغی شیدەکەینەوە، کە زیاتر کێشەکانی مرۆڤیان پەیوەست بە سروشت و ژینگە ورووژاندووە و داوای پاراستنی ژینگەیان کردووە لە بەرانبەر دیاردەی پیسبوونی ژینگە، لە هەرسێ ئاستی وشکایی و ئاوی و ئاسمانیدا. هەوڵدەدەین، لە ڕوانگەی ژینگەدۆستیی خۆمانەوە خوێندنەوە بۆ دەقە شیعرییەکان بکەین بەپێی بنەماکانی ڕەخنەی ژینگەیی:

**یەکەم: پاراستنی ژینگەیی:**

ڕێژەیەکی بەرفراوانی خەڵک گرنگی بە پرسە ژینگەییەکانی وەکو گەرمبوونی جیهان و پیسبوونی ژینگە دەدەن، بەڵام خوازیارن بۆ

هێشتنەوە و باشترکردنی ستانداردی ژیانیان "ئەو کەسانەی بایەخ و گرنگی بە مەترسییەکانی ژینگەیی دەدەن جەخت لە سەر بەرزربوونەوەی پلەکانی گەرما و پیسبوونی ژینگە دەکەنەوە و حکومەت بە بەرپرسیار دەزانن بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ ببینێتەوە لەگەڵ ئەو قەیرانانەی، کە پەیوەستن بە سەرچاوەکانی سروشتی و لەوانەشە بە هیچ شێوەیەک ئامادەنەبن بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە جۆری ژیان، بە مەبەستی باشترکردنی ڕەوشەکە ( Scheese,1994:10-6).

خەڵکێکی زۆر شێوازی ژیانی لادێ بەهادار دەکەن، پیاسەکردن بە دەشت و دەر یان هەڵدانی خەیمە لە دەشت و دەردا، یان ئەندامانی یەکێک لە ڕێکخراوە ژینگەییەکان. ئەوان دەکرێـــت گرنگی بدەن بە دەگمەنی یاخود کەمە سەرچاوە سروشتییەکان یان پیسبوونی ژینگە، بەڵام ئەوان چاویان لە ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکانە، نموونەش بۆ ئەمە ڕێکخراوە خێرخوازییەکانە بە مەبەستی دەستەبەرکردنی چارەسەرییەکان و بە تایبەتیش چارەسەرییە تەکنەلۆژییەکان. هیواکانیان بۆ بەرتەسککردنەوەی گەشەی دانیشتووان بە شێوەیەکی سەرەکی وەکو کێشەیەک تەماشادەکرێـــت بۆ وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان، کە ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە کەمپینەکانی پلانی خێزانی بەدەر لە پڕۆسەی ڕاگرتنی نەوە بە سپۆنسەری حکومەت.

زۆرێک لە پشتیوانە زانستییە دیارەکانی پاراستنی ژینگەیی وەکو ڕەیشڵ کارسۆن، پاوڵ و ئەنا ئیرلچ، ئی ئۆ ویڵسن و ستێفان شنایدەر پشتگیریی ئەم ڕۆڵە دەکەن بۆ زۆرترین بەشی، هەرچەندە لە ڕووی فەلسەفەی ژینگەیی و ڕەخنەوە، ژینگەپارێزی هەندێک بەرگریکاری سیستەماتیکی دۆزیوەتەوە. کتێبی خەیاڵە سەوزەکان '١٩٩٤' ی مارتن لویس هەڵدەستێت بە تێکەڵکردنی هێرشێکی بەهێز، لەسەر ڕەوتی ژینگەپارێزیی توندڕەو، لەگەڵ پڕۆگرامی چاکسازی، کە جەخت لەسەر

ڕۆڵی زانست، تەکنەلۆجیا و حکومەت و گۆڕانی سیاسەت دەکاتەوە. لێرەدا هەوڵدەدەین لەسەر زەوی لەلایەن مرۆڤەوە بە نموونەی شیعری باس لەو مەترسییانە بکەین، کە ڕووبەڕووی ژینگە و ئاژەڵ و ڕووەک دەبێتەوە. لەم بارەیەوە:
کەریم دەشتی دەنووسێت:

ئەو سەر زەمینە
هەتا چاو هەتەری ئەکرد ئاگر بوو
ئاسمان و زەویی
لەسەر جەنگاوەرە بێ تیرو کەوانەکان داخرابوو
سەرچاوەی ئاوی خودا
لە باڵندە و ئاسکەکان کوێر بووبۆوە
هەر درەختە مەشخەڵە ئاگرێکی پێوە هەڵواسرابوو
شەوانە ئەو ناوە لە ئاهەنگی یاخۆسی گریک ئەچوو
(دەشتی کەریم، بەرگی سێیەم،٢٠٢٠: ٣٨٩)

شاعیر بە زمانێکی سادە باسی ئاگرکەوتنەوەی دەکات و دەڵێت: کاتێک ئاگر لەسەر زەوی کەوتەوە، بوو بە هۆی سووتانی پووش و پاوان و دار و درەخت و ڕەز و باخ، هەروەها بوو بەهۆی پیسکردنی دەشت و دەر و ڕووبار و هەوا، پیسکردنی خاک و خۆڵ. بەداخەوە بە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی 'ئاگر' ەوە زیندەوەرەکانی سەر زەوی هەموویان ڕووبەڕووی مەترسیی سووتان بوونەوە، واتە زیندەوەرە بێدەسەلاتەکان لە پێناو ژیاندا جەنگاون، لەگەڵ ئەوەی، کە دەرگای ئاسمان و زەوییان لێداخرابوو بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی، دووکەڵ بەری ئاسمانی گرتبوو، ئەمەش بووەتە هۆی پیسبوون و تێکچوونی ژینگە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە کاریگەری کردووەتە

سەر نەبارینی باران، کە بووەتە هۆی کوێربوونەوەی کانیاو و ڕووبارەکان، ئەمەش بووەتە هۆی لەناوچوونی باڵندە و ئاسکەکان. ئاگرگرتنی درەختەکان و ڕووناککردنەوەی دەوروبەری خۆیان شەوانە ئەو ناوەی وەکو چراخان لێکردووە.

ئەگەر لە ڕوانگەی یەکێک لە بنەماکانی ڕەخنەی ژینگەیی، کە پاراستنی ژینگەیە  شیکردنەوە بۆ ئەم دەقە شیعرییە بکەین دەبینین بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و کۆنترۆڵ نەکردنی ئاگرەکە لە ئەستۆی حکومەتدابووە، کە ژینگەی پیسکردووە. پێویست بوو زوو ئاگرەکە کۆنترۆڵکرابایە بۆ ئەوەی ڕووەک و ئاژەڵ و باڵندە تووشی قەلاچۆکردن نەبنەوە لەسەر زەوی. لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر نموونەیەکی دیکەی شیعری شاعیر'کەژاڵ ئەحمەد' دەهێنینەوە، کە ڕەنگدانەوەی ئەم بنەمایەی تێدا دەرکەوتووە بەم شێوەیە:

کەژاڵ ئەحمەد دەڵێت:

باران ...
پێکەری چرای بروسکە و
ڕادیۆی گرمە و
کوژێنەرەوەی دەفتەری وشکاییە
گریانە بۆ ئەو هەموو بەپێوە ڕاوەستانەی دار و
ئەو هەموو دانیشتنەی بەردا!
بووژێنەرەوەی دنیایە و بکوژی من.

(ئەحمەد کەژاڵ، ٢٠٠٦: ٦٦)

باران چرای ڕووناکی دادەگیرسێنێت و برووسکە و گرمەگرمی هەورەکان وشکایی و وشکەساڵی دەکوژێنێتەوە و دنیا تەڕ دەکات. شاعیر

دەیەوێت لە ڕێگەی ناوەرۆکی ئەم دەقەوە بە ئێمەی مرۆڤ بڵێت: باران بۆ ژینگە دەگریت، کە ئێمەی مرۆڤ ویرانمان کردووە. باران بۆ وەستانی هەمیشەیی دار و دانیشتنی بەردەوامی بەرد دەگریت، کە پێکهاتەی سروشت و ژینگەن. بارینی باران دونیا دەبووژێنێتەوە و لە وشکبوونەوە و وشکایی زەوی و وەرزەکانیساڵ ڕزگارمان دەکات. ئێستا ئێمە نەک هەر بۆ سروشت و ژینگە ناگرین، بەڵکو لە دوای مامەڵەمان لەگەڵ ئۆتۆمبێل و بازرگانی و تەکنەلۆژیا، سروشت و دارستانمان وێرانکردوون، خەریکە مەترسی بەبیابانبوون دەبێتە بابەتێکی جددی. ڕۆژانە لەبری گریانی کەژاڵی شاعیر بۆ بەپێوە وەستانی درەخت، پاشماوە و پلاستیک و ئاگر و مشار دەخەینە ژێر درەختەکان و ژینگە پیس و وێراندەکەین و نایەڵین دار و درەخت بۆ هەمیشە بەپێوە بوەستن هەڵدەستین دەیانبڕینەوە. بەمجۆرە کاتێک سەیری هەستی شاعیران دەکەین، دەبێت هەڵوەستەیەکی قووڵ بکەین، کە ئێمە ئەوەندە دۆستی ژینگە و عاشقی سروشتین، چۆن دەبێت ئێستا ڕێگا بەخۆمان بدەین ژینگە پیس و وێران بکەین؟

شاعیر لێرەدا سەرنجمان بۆ لای بابەتێکی گرنگی ژینگەیی ڕادەکێشێت، ئەویش وشکایی و وشکەساڵییە، بە هۆی وشکەساڵییەوە ژینگە وێراندەبێت و هاوسەنگیی ژینگەیی تێکدەچێت ئەمەش وا دەکات، ئەو ئاژەڵ و مەل و باڵندە کێوییانەی، کە خۆیان ئازادن و کۆیلەی مرۆڤ نین، تا ئاویان بۆ پەیدابکەن، بەرەو لەناوچوون دەچن، هەروەها ڕووبەری فراوانی سەوزایی دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی وشکبوون و لەناوچوون بە هۆی وشکبوونی ئاوی چەم و ڕووبار و سەرچاوەی کانیاو و بیرەکانەوە.

**دووەم: ژینگەزانیی قووڵ (:Deep Ecology):**

زاراوەی ژینگەزانیی قووڵ لەلایەن فەیلەسووفی نەرویجی ئەرنی نەیس لە ساڵی '١٩٧٣'دا بە ئەدەبی ژینگەیی ناسێندرا(Dreese,2002:16). کە دواتر ئەم زاراوەیە بوو بە یەکێک لە دیارترین بنەماکانی ڕەخنەی ژینگەیی. لایەنگرانی ئەم ئاراستە ژینگەییە پێگەیەکی بەرز و جەوهەری بۆ مرۆڤ و زیندەوەرانی دیکە دادەنێن و باوەڕیان وایە، کە جیهانی سروشتی فراوانە و بریتییە لە کۆمەڵێک پەیوەندیی چڕی نێوان بوونەوەرە زیندووەکان و ناشێت لە ناو ئەو سیستمە ژینگەییەدا مرۆڤ هەڕەشە لە بوونەوەرەکانی دیکە بکات، تەنانەت لە خۆیشی، بەڵام بە پێچەوانەوە، مرۆڤ هەم کەوتە قڕکردنی بوونەوەری تر و ئازاردانی باڵندە و ئاژەڵ، هەڕەشەکردنیش لە خۆی، بەهۆی ئەو تەکنۆلۆژیایەی، کە خۆی خاوەنیەتی و مەترسی بۆ سەر ژیانی خۆیشی پێ دروستکردووە (بەرزنجی،٢٠٢٠: ٤٠). هەندێک لە ڕێبەرە سەرەکییەکانی ژینگەزانیی قووڵ بریتین لە "ئەرنی نەیس، گاری سیندەر، بیل دێڤاڵ، جۆرج وۆرویک فۆکس لاوریتی شاعیری ژینگەزانیی قووڵ. شاعیری هەرە دیار و سەرمەشقی بنەمای ژینگەزانیی قوڵ بریتییە لە گاری سنایدەر"Gary Snider"

ئەم بنەمایەی ئەرنی نەیس دەیخاتەڕوو بە تایبەتی هەوڵی "ساغ و سەلامەتی و پەرەسەندنی ژیانی مرۆڤ و غەیرە مرۆڤ لەسەر زەوی دەدات" مرۆڤ مافی نییە تەنها لە پێناوی پێداویستیی زیندەدا، ئەم دەوڵەمەندی و فرەبوونە کەمبکاتەوە. دەخالەتی مرۆڤی ئێستا لە جیهانی غەیرە بەشەردا زۆرزۆرە و بارودۆخەکەیش خراپتر دەبێت (النشار، ٢٠١٥: ٩٠). ئەخلاقیش لای ئەم گرووپە تەنها بە مرۆڤەوە پەیوەست نییە، یا هەر بە گرنگیدان بە ئاژەڵ و ڕووەک، بەڵکو دەبێت بوونەوەرە نازیندەکانیش بگرێتەوە، واتە پەڕینەوە لە زانستی ئەخلاقیی مرۆڤایەتییەوە

بۆ گەیشتن بە زانستی ئەخلاقیی زەمینی، تاکو ئەخلاقەکە هەموو شتی سەرزەمین بگرێتەوە، ئاو و ڕووەک و ئاژەڵ و داروبەردیش، بۆئەوەی مرۆڤ لە گەورەیەکی تێکشکێنەری ناو زەوییەوە ببێت بە ئەندامێکی ئاسایی، چونکە مرۆڤ تەنها لە ناو کۆمەڵگەدا ناژی، بەڵکو لەناو کیانێکی زەمینیشدا دەژی (بەرزنجی،٢٠٢٠: ٤١).

شوێنکەوتووانی ژینگەزانیی قووڵ داوای گۆڕان لە مرۆڤ سەنتەرییەوە بۆ بەهاکانی سیستەمی ژینگە سەنتەری دەکەن لە توێژینەوە ئەدەبییەکاندا (Bressler,2011:232) ڕادیکاڵەکان دژی سەنتەریزمی مرۆڤی دەوەستنەوە و دەگەنە بەرزکردنەوەی دروشمی سەنتەریزمی ژینگەیی، ئەمەش بۆ دروستکردنی یەکسانی نێوانیان. ئەمانە پێیاندەگوترێت ژینگەزانیی قووڵ و لایان وایە، کە هەموو لایەنەکانی دیکە، ئەوانەی باسی ژینگەیان کردووە، بەلای سەرەوری و سەنتەریزمی مرۆڤدا دایانشکاندووە، بە ئاشکرا و ناڕاستەوخۆ بەلای ئەوەدا چوون، کە مرۆڤ بە پلەیەکی بالاتر، لە هەموو مەخلووقاتی سەرزەمین بەنرختر دابنێن، بۆیە بزوتنەوەی ئیکۆلۆژیی قووڵ هەوڵدەدات بەرژەوەندیی ئەو بوونەوەرانەی تر 'ئاژەڵ، باڵندە، ڕووەک' و نرخی فیعلییان لە ئاستێکدا دابنێین هەمان گرنگی و نرخی مرۆڤی هەبێت، ئیتر بۆ ئەوەی چیتر ژینگەی سروشتی، تەنها وەک سەرچاوەیەک سەیرنەکرێت و بۆ بەدیهێنانی ئامانجی مرۆڤ خۆی بەکارنەبرێت. شوێنکەوتووانی ژینگەزانیی قووڵ یان مەزهەبی سەوزی تۆخ، وا دەبینن "کە بیری چەقبەستن بەدەوری ژینگەدا، پێویستی بەوەیە لە ڕەگەوە بگۆڕدرێت. ئەو بونیادە هەڕەمییە دەسکاریبکرێت کە مرۆڤ وەک گەورە لە پۆپەدا بێت، ئەمە پێچەوانەی شوێنکەوتووانی مەزهەبی سەوزی تەنکەڵەوەیە، کە پێیانوایە دەبێت خۆمان لە بۆچوونێکی وەها بپارێزین مرۆڤ وەک گیاندارەکانی تر نەبینین، چونکە مرۆڤ بەهۆی عەقڵ و ئەو کەرەستە و ئامێرانەوە، کە دروستیکردوون دەسەلاتێکی گەورەی بەسەر سروشت و

بوونەوەرەکانی نێو سروشتدا هەیە ئەویش بەرپرسە لە پاراستنی سروشت و بوونەوەرەکانی ناوی" (بەرزنجی،٢٠٢٠: ٤٣). لە ئێستادا ژینگەزانیی قوڵ کاریگەرترین بنەمای ڕەخنەی ژینگەییە، چونکە لە دەرەوەی بازنەی ئەکادیمی ئیلهام دەبەخشێـــت بە چەندین چالاکوان لە ڕێکخراوەکانی وەکو هاوڕێی زەوی، زەویی یەکەم جار، شوانی دەریا (هەمان سەرچاوە: ٤٤).

دلاوەر قەرەداغی لە دەقی شیعری 'لە چاوتروکانێکدا سەری وڵاتم سپی بوو' دا بۆ زامە سارێژنەبووەکانی کیمیایی بارانی هەڵەبجە دەڵێت:

لەویَ بووی ئەو ڕۆژەی
شاخ گریا و
کانی قوڵپ قوڵپ زریکاندی و
تریَ هێشوو هێشوو وەری؟
(قەرەداغی دلاوەر،٢٠٢٠: ١٣٥)

هەمووومان دەزانین کە شاخ ناگری و کانی نازریکێنیَ، بەڵام ئەوە شاعیرە و لە ڕێگەی بیرێکی ژینگەزانیی شیعرییەوە دەیەویَ پێمان بڵێت ئەو زامە بەسۆیە سروشتیشی وەکو مرۆڤ هەڵوەراند. کاریگەریی ئەو گازە کیمیاییە سروشتی جوانی شاخەکانی تێکدا و ئاوی پاکی کانیاوەکانی پیسکردوو و درەختەکانیشی وشککرد و بەرەکەیانی هەڵوەراند. ئەگەر لە ڕوانگەی ژینگەزانیی قوڵەوە بڕوانینە ئەم کۆپلە شیعرە ئەوە بیرێکی ژینگەزانییانەی قوڵمان بەرچاو دەکەوێت لەوەدا شاعیر جیاوازی نەکردووە لە نێوان مرۆڤ و گیانەوەر و ڕووەک کە لەیەک بازنە و سیستەمی ژینگەیی هاوبەش و یەکساندا دەژین هەموویان ئەو زامە زامداری کردوون. شاعیر بە دیدێکی دۆستانەی یەکسانەوە لە هەموویان دەڕوانێت.

کەژاڵ ئەحمەد لە دەقی شیعری وەسێتنامەی زەویدا دەڵێت:

به من چی
دۆزینەوەی کارەبا
چوونە سەر مانگ
ناردنی هەسارەی دەستکردت
بۆ ئاسمان؟!
پێشبینی سەیری تۆ
بۆ باران و بوومەلەرزە و
ئاڕاستەی ڕەشەبا ؟!
کەمن هەموو ژیانی تۆم
تۆ چیت بۆ من
داهێنەری کوورەی ئەتۆم
پاداشتم ئەوەیە
دەمکەیتە پیسترین زبڵدان
قانگم دەدەیت بە دووکەڵ و
وەکو تەپڵەک پڕم دەکەیت لە سوتووی جەنگ!

(ئەحمەد کەژاڵ، دیوانی من دەبێت خۆم بسمیلبکەم،٢٠١٤: ١٧).

شاعیر لەسەر زاری زەوییەوە بە مرۆڤی هاوچەرخ دەڵێت: هەموو پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆجییەکانت لەسەر حیسابی وێرانکردن و تێکدانی زەوییە. سەرچاوە زانستییەکانی بواری ژینگەزانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن پێشکەوتن و داهێنانە زانستی و تەکنەلۆجییەکان لەگەڵ سوود و ڕووە باشەکانیان، چەندان کێشەی ترسناکیان بۆ ژیان و سروشت و زەوی هێناوەتە ئاراوە کە ترسی وێرانکردنی زەوی و تێکڕای ڕواڵەتەکانی

ژیانی لێ دەکرێت (محمد،٢٠١٨: ٤٤٠). دیارترین کێشەکانیش بریتین لە گەرمبوونی زەوی، کونبوونی چینی ئۆزۆن، پیسبوونی هەوا، پاشماوەی چەکی ئەتۆم... هتد. ئەگەر لە ڕوانگەی بنەماکانی ڕەخنەی ژینگەییەوە بڕوانینە ئەم کۆپلە شیعرەی کەژاڵ ئەحمەد کە خاوەن ڕوانینێکی ژینگە و مرۆڤ دۆستانەیە، کێشەی زەوی و ژینگە دەکاتە ناوەرۆکی ئەزموونی ئەدەبیی دەقەکەی، ئەو هەڵوێست و ڕوانینەی شاعیر هاوڕایە لەگەڵ هزر و هەڵوێستی ئاراستەی "ئەخلاقی بەرپرسیارێتی کە باڵێکی نێو فەلسەفەی ژینگەزانییە و فەیلەسووفی ئەڵمانی هانس جۆناس "نوێنەرایەتی دەکرد و زیاتر داوای ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان ژینگە و پێداویستییەکانی مرۆڤ دەکرد" (النشار، ٢٠١٥: ١٢).

### سێیەم: فیمینیزمی ژینگەیی (Ecofeminism):

یەکێک لە بنەماکانی ڕەخنەی ژینگەیی فیمینیزمی ژینگەییە، کە نووسەری فەرەنسی فرانسوا ئیوبۆن بەکاریهێناوە بە واتای پەیوەندیی نێوان ژن و ژینگە(Merchant,1992:184). بیرمەندانی فیمینیزمی ژینگەیی تیشک دەخەنەسەر بیرۆکەی جێندەر بۆ شرۆڤەکردنی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان و جیهانی سروشتی(MacGregor,2006: 286) پێیان وایە ژنان دراونەتە پاڵ سروشت و مادده و هەست و سۆز و تایبەتی لە کاتێکدا پیاوان دراونەتە پاڵ کلتوور و نامادیگەرای و ژیری (*Davion*,1994:9)، ئەمەش وای کردووە ژنان لەبارەی سروشتەوە بە شێوەیەکی جیاواز بنووسن، بەمەش زیاتر ڕەوتی ئیکۆلۆژی دەورووژێنێت، کە تەنها بەوەوە ناوەستێت ژن لەگەڵ سروشتدا لێکبچێت و بگونجێت، بەڵکو لەڕووی مافەوە بەرەنگاری هەموو دیاردەیەک دەبێتەوە، کە سروشت و ژن وەک یەک دەکات بە ئامانج بۆ چەوساندنەوە، ئەم چەشنە ژینگەزانییە، چەوساندنەوەی سروشت لە

هەموو مرۆڤایەتیدا نابینێتەوە بەڵکو لە ئارەزووی ڕەگەزێکدا دەیبینێتەوە 'پیاو' ، چونکە دەیەوێت دەستبەسەر ژن و سروشتدا بگرێت.

گریمانە سەرەکییەکەی ئەم بنەمایە پێیوایە کە ژنان پەیوەندییەکی تۆکمەیان، لەگەڵ سروشت و ژینگەدا هەیە، جۆرە سیفات و خەسڵەتێکیان هەیە لەوانەیە ببێتە هۆی چارەسەری عەقلانی و گرەنتیتر بۆ هەردوو ژیانی ئاژەڵی و گژ و گیاکان( Scheese,1994:10-6).

فێمێنزمی ژینگەیی جەخت دەکاتەوە لەسەر دادگەریی ژینگەیی بە شێوەیەک بەرەو پلەیەکی بەرزتری دەبات، نووسەر و مامۆستای فێمێنست یەنسترا کینگەوە، کە پێیوایە سیستەمێکی ژینگەیی هاوسەنگ و تەندروست، کە مرۆڤ و زیندەوەرەکانی تری بەدەر لە مرۆڤ لەخۆبگرێت دەبێت یاخود پێویستە جۆراوجۆری لەخۆبگرێت. لە ڕووی زانستی ژینگەییەوە پرۆسەی ئاسانکردنی ژینگەیی، هەروەکو پیسبوونی ژینگەیی کێشەیەکی گرنگە. ئاسانکردنی بایۆلۆجی، بۆ نموونە، لەناوبردنی هەموو زیندەوەران هاوتایە لەگەڵ کەمکردنەوەی جۆراوجۆریی مرۆڤ، ئێمە پێویستمان بە جوڵاندنەوەیەکی نامەرکەزیی جیهانی هەیە, کە لەسەر بەرژەوەندییە هاوبەشەکان دامەزرابێت و هەڵبستێت بە باوەشکردنەوە بۆ جۆراوجۆرێتی و ڕووبەڕووی هەموو جۆرە شێوازێکی زاڵبوون و توندوتیژی بوەستێتەوە.  بە شێوەیەکی کاریگەرانە، فێمێنزمی ژینگەیی ئەم جۆرە بزوتنەوانەیەیە (*Shiva, 1989: 20*).

فێمینزمی ژینگەیی بە شێوەیەکی ڕوون کاردەکات، وەکو ئیلهامێک بۆ زۆر کەس بۆ گۆڕینی ژیانیان، فێمێنزتە ژینگەییەکانی وەکو "وارن و پلەم ود" هەڵدەستی بە بەکارخستنی ژیرییە کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکان، کە قووڵی و مەودا و ئەستوورییەکی گەورەتر دەدات بە ڕۆڵ و شوێنگەکە. ئەمە لە گرنگیی گەشەسەندووی ئەدەبی فێمێنستی ژینگەیی و ڕەخنەی

کلتووری لە نێو مەودای ڕەخنەی ژینگەییدا ڕەنگیداوەتەوە (هەمان سەرچاوە،٢٢).

کەژاڵ ئەحمەد دەڵێت:

پیاو دەتوانێت
ئێنجانەکان بشکێنێت و
گەڵا و گوڵ پانبکاتەوە،
بە پێڵاوی قوڕاوییەوە
بەناو ماڵدا بێت و بڕوا!
تۆ نازانیت چونکە وا نیت
ژن دەگری و پیش دەخواتەوە
(ئەحمەد کەژاڵ، دیوانی زمانی باڵندەم دەزانی،٢٠١٩:٦٢).

کەژاڵ ئەحمەد لەسەر زاری ژنانەوە ڕەخنە، لە پیاو دەگرێت و بە شکاندنی ئینجانە و گەڵا و گوڵ، پیسکردنی ماڵ تۆمەتباری دەکات. لەم دەقەدا پیاو وێرانکار و زەبروەشێن و پیسکەری ژینگەی دەوروبەری خۆیەتی کە ماڵە. شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت: ژنان بە هۆی سروشتی ئاشتیخوازانە و ڕەفتاری نەرمونیانەوە کەمترین خەساریان بە ژینگە گەیاندووە ئەم هەڵوێست و ڕوانینەی شاعیر هاوڕایە، لەگەڵ هزر و هەڵوێستی فێمێنیزمی ژینگەیی، کە یەکێکە لە بنەماکانی ڕەخنەی ژینگەیی، کە زیاتر باوەڕیان وابوو، کە هەمیشە پەیوەندیی نێوان ژن و ژینگە پەیوەندییەک بووە لە بەرژەوەندیی پاکڕاگرتنی ژینگە و زەوی بووە، ژن هەموو وزە و توانای خۆی بەکارهێناوە بۆ پاککردنەوەی ژینگەی دەوروبەری لە پاشماوە و پاشەڕۆ زیانبەخشەکان، کە گەورەترین مەترسین لەسەر پیسبوونی ژینگەی زەوی، هەروەها شاعیر لە شیعرێکی دیکەدا بە ناونیشانی "ئەگەر دەستی تۆم بەرکەوێ" دەنووسێت:

خوا بۆ خۆی دەزانێ
ژن باشتر
ماڵی شپرزەی ئەم گەردوونە
ڕێکدەخات.
(ئەحمەد کەژاڵ، دیوانی زمانی باڵندەم دەزانی، ٢٠١٩: ٢٨).

ژن هەمیشە ئومێدێکە بۆ ئاشتی، بۆ پاراستنی ژینگە سەیرکە ژن لە ماڵەکانیاندا چەند گرنگی بە گوڵ و باخ و سەوزایی دەدات، چونکە پیاوەکان لە مێژوودا هەمیشە ڕۆشتوون بۆ ڕاو بۆ تێکدانی ژینگە لە پێناوی مانەوە و ژیاندا ژنان ئەگەر سەیریان کەی بە وردی ڕێکخەری ماڵە شپرزەکەی گەردوونن. گەردوون ئەوەندە شپرزە بووە بەدەست پیاوەوە ڕێکخستنەوەی پێویستی بە شارەزایی و لێهاتوویی هەیە تەنها ژن دەتوانێ ئەم شپرزەییە ڕێکبخات، ئیتر لەناو هەموو ئەستێرەکاندا بەم ئەستێرەیەش کە خۆمانی تێدا دەژین.

دلاوەر قەرەداغی دەڵێت:

پیاوێک بەڕێوەیە بێت
پیاوێکی سامناک
پیاوێکی تاریک
پیاوێکی ترسناک
بەیانییەک زوو بە پێڵاوەوە خۆی
بە خەونی تەیرەکانمادا دەکا
دەکەوێتە ورد و خاشکردنی ئینجانەکانمان
سوار کۆڵی گوڵەکانمان دەبێ
شەق لە باخەکانمان هەڵدەدا

فرینەکانمان بە قەفەس مینریژ دەکا
به بەرچاوی کەنارییەکانەوە لیمان تورە

دەبێت

(قەرەداغی دلاوەر، ٢٠٢٠: ٤٨٤).

دلاوەر قەرەداغی ئاگادارمان دەکاتەوە، کە پیاوێک بەڕێوەیە بێت زۆر سامناک و تاریک و ترسناکە بە پێڵاوەوە خۆی بە خەونی تەیرەکاندا دەکات و دنیایان لیٚ تاریک دەکات هەر بە وەشەوە ناوەستیٚ دەکەوێتە ورد و خاشکردنی ئینجانەکان، ئینجانەی گوڵ و ڕووەک و گەڵا تایبەتەکان دیمەنێکی جوانیان هەیە، دانانیان لە ناو ژوور و حەوش و حەساری ماڵ، جگە لەوەی ماڵ دەڕازێنێتەوە. هەبوونی گیا و دار و گوڵ و سەوزایی لە ماڵدا، گرنگ و پێویستە، چونکە کەش و هەوای ماڵەکەت لە مادە ژەهراوی و زیانبەخشەکان پاکدەکاتەوە، دانانی ئینجانە لەنێو ماڵدا و پاک و خاوێنی و پاککردنەوەی پاشەڕۆ زیانبەخشەکان ئەرکی سەرەکیی ژنانە لەنێو ماڵدا، بۆیە ژن ژینگەدۆستترە و هەمیشە هەوڵی ڕێکخستن و پاکوخاوێنکردنەوەی ژینگەی ماڵ دەدات. ورد و خاشکردنی ئینجانەکان دەبێتە هۆی پیسکردنی ژینگەی ماڵ.

پیاوێکی زەبروەشێن و پیسکەر بەڕێوەیە، سواری کۆڵی گوڵەکانمان دەبێت و پان و پیچیان دەکاتەوە. شەق لە باخەکانمان هەڵدەدات واتە دەستدرێژی دەکاتە سەر گوڵ و دار و درەخت، کە پێکهاتەیەکی گرنگی سروشتن. باڵندەکان دەخاتە ناو قەفەسەوە و ڕێگە نادات، بە ئازادی ئاسمان تەی بکەن و پیاسە بەنێو سروشتدا بکەن، کەچی بە بەرچاوی کەنارییەکانەوە کە لە ناو ماڵدا لەقەفەسکراون لێمان توورە دەبن، لێرەدا شاعیر مەبەستی ئەوەیە لە ژنەکەی توورە دەبێت. ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم بنەمایەوە سەیری دەقەکە بکەین دەبینین سروشت و ژن لە لایەن پیاوەوە زۆر چەوساونەتەوە.

## چوارەم: ژینگەزانی کۆمەڵایەتی و مارکسیزمی ژینگەیی (*Social Ecology and Eco Marxism*):

ئەم فەلسەفەیەی ژینگە بنەڕەتی ڕەخنەی ژینگەیی دەهێنێتەوە ئارا "ئەم جۆرە فەلسەفەیە سیستەمی سەپێنەری سەر مرۆڤەکان و بەکارهێنانیان لەلایەن مرۆڤێکی دیکەوە دیاریدەکات، چونکە هۆکاری سەرەکییە بۆ پرس و کێشەکانی ژینگە"(Jayasankar,2017:23). کێشە ژینگەییەکان بە هۆکاری سیستەمەکانی زاڵبوون و قۆرخکردنی مرۆڤەکان لە لایەن مرۆڤەکانی دیکەوەیە. تیشک خستنەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەم جۆرە بوونەوەرانە، کە ئەوان بەردەوامی بە بانگەشەی پسپۆڕانی ژینگەیی قووڵ دەدەن، کە مرۆڤ سەنتەری، دەبێت ببێت بە ئامانجی هەر ڕەخنەیەکی زەویی سەنتەری. لە هەمان کاتدا، پسپۆڕانی ژینگەی کۆمەڵایەتی و مارکسییە ژینگەییەکان مەراقی تاکگەرایی و سۆفیگەری بەربڵاوی پسپۆڕانی ژینگەیی قووڵ دەخۆن، کە ئەوان مشتومڕی لە بارەوە دەکەن، ئەمەش پاشەکشە دەنوێنێت لە بیری مەنتقی و بەشداریکردنی ڕاستەقینەی سیاسی.

ژینگەزانیی کۆمەڵایەتی و مارکسیزمی ژینگەیی بە تەواوەتی سیاسین، ئەسڵیان دەگەڕێتەوە بۆ بیری ڕادیکاڵیی سەدەی نۆزدەیەم: گێرەشێوێنی میخائیل باکونین (١٨١٤ – ١٨٧٦)، پۆیتر کرۆپۆتکین (١٨٤٢–١٩٢١)، کۆمۆنیزمی کارل مارکس (١٨١٨ – ١٨٣٣)، هەر بۆیە پسپۆڕانی ژینگەی کۆمەڵایەتی، کە زۆربەیان فەیلەسووفی سیاسی "مورای بووکچین" دەناسنەوە وەکو سەرمەشقی ڕۆشنبیرییان، لەگەڵ مارکسیستە ژینگەیەکان هەڵدەستن بە هاوبەشیکردنی تێڕوانینێکی جیاوازی شوێنی مرۆڤەکان لە سروشتدا (Garrard, 2004:28).

ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە تاکگەرایی ژینگە سەنتەری کە چێژی لێدەبینرێت و باوەشی بۆدەکرێتەوە لە لایەن پسپۆڕانی ژینگەزانیی

قووڵەوە لایەنێکی لەخشتەبەر و ساختەیە ,ئەمەش لەبەرئەوە هەرچەندە مرۆڤەکان دەبێـت بەشێک بن لە سروشت، بەڵام زۆرێک لە ئەو شتانەی کە مرۆڤەکان ئەنجامی دەدەن هێشتا وەکو 'ناسروشتی' پیشاندەدرێـت، بە ئەم ڕێگەیە، ئەو دووانەیە دووبارە دەناسێننەوە کە هەوڵیاندەدا بەسەریدا زاڵبن. ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تاکگەراییە هەڵەیە دیدگایەکی دیالێکتییە، کە پەرەسندنی کلتووریی مرۆڤ پێشبینیدەکات یان 'سروشتی یەکەم' لە 'سروشتی دووەمەوە' لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا، کە تێیدا هەریەکێک ئەوی تر پێناسە دەکات و دەیگۆڕێـت (Bressler,2011:233) مارکس ئەولەویەت و بایەخی سروشتێکی 'دەرەکی' یان 'یەکەمی' ناسییەوە، کە مرۆڤەکان بەهۆیەوەلەدایکدەبن. بەڵام دواتر مرۆڤەکان بۆ بەرهەمهێنانی سروشتی "دووەم" کاریان لەسەر سروشتی 'یەکەم' کرد: بنیادنانە ماددییەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ دامەزراوەکانی، بیرۆکەکانی، بەهاکانی. ئەم پرۆسەیە، هەروەکو ئەوەی کە 'بووکچن' جەختی لەسەر دەکاتەوە بەشێکە لە پرۆسەی پەرەسەندنی سروشتیی کۆمەڵگە (*Pepper*,1993: 108).

مارکسیستە ژینگەییەکان و پسپۆڕانی ژینگەی کۆمەڵایەتی نە تاکگەران و نە دووانین. یەکێک لە دەرئەنجامەکانی ئەم تێڕوانینە بریتییە لەوەی کە بە شێوەیەکی ڕوون کێشە ژینگەییەکان ناتوانرێـت لە ئەو شتانەی کە عادەتن وەکو کێشە کۆمەڵایەتییەکان جیابکرێنەوە, نموونەش بۆ ئەم کێشانە بریتین لە خراپیی نیشتەجێبوون و نەبوونی ئاوی پاک. ئەمەش وا دەکات کە ئەم بارودۆخانە پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ بزوتنەوەکانی دادگەری ژینگەیی هەبێـت, کە لە بەرامبەر دانەپاڵی خراپتربوونی ژینگە و پیسبوونی ژینگە بە پرسی هەژارییەوە ناڕەزایەتی دەردەبڕێـن.

ئەگەر مارکسیستە ژینگەییەکان بەیەکدادانی چینەکان وەکو پرسێکی گرنگی سیاسی بناسێنن ئەوا پسپۆڕانی ژینگەی کۆمەڵایەتی دژی پەیوەندییەکانی دەسەڵات دەوەستنەوە و ئەو سیستەمە ڕێکخراوەییەی کە دەیبینن وەکو ئەوەی کە تووشی هەموو جۆرەکانی کۆمەڵگە بووە، ئەمەش ئەگەر کۆمەڵگەی سەرمایەداری بێت یان کۆمەڵگەی پلان بۆ دانراوی سۆشیالستی بێت. لە شوێنی شۆرشی کرێکارانە، پسپۆڕانی ژینگەی سۆشیالی هەڵدەستن بە هاندانی ستایلی ژیانی نموونەیی و کۆمەڵگەکان کە پێشبینی گۆڕینێکی زیاتر گشتیتری کۆمەڵایەتی دەکات و چالاکی و کردار دەبەخشێت بە خەڵکی لە ژیانێکی بەردەوام و دیموکراسییەکی هاوبەش.

کەژاڵ ئەحمەد دەڵێت:

لەم وڵاتە ڕوو گرژەیا
هاوڕێم نییە
درەخت نەبێ!
سەرم لە دەرگا دەربێنم
یان پەنجەرە
سلاوم لێدەکەن.
سپێدە دەچوومە سەربان
جامێک ئاوم دادەنا و
کەوچکێک لە چاوەڕوانی
دەمزانی زویرە باڵندە
کە نادوێ
پەستە زۆر پەستە لە ئینسان

(ئەحمەد کەژاڵ، دیوانی زمانی باڵندەم دەزانی،٢٠١٩:١٤).

ئەو ماوەیەی کەژاڵ ئەحمەد لە عممانی پایتەختی ئەردەن ژیاوە سروشت زیاتر هاوڕێی بووە وەک لە مرۆڤەکان، چونکە سروشت دڵنیایی و ئارامی و جوانی بە مرۆڤەکان دەبەخشێ. درەخت بە تەنها دەبەخشێت، ئازاری کەس نادات بێ پەروا درەختەکان بەرهەممان دەدەنێ سێبەرمان دەدەنێ جوانیمان دەدەنێ مرۆڤەکان بێ بەرانبەر ئەمە ناکەن، لە بەرانبەر ئەمەشدا درەختەکان سۆزی ئێمە و گرنگیپێدانی ئێمەیان دەوێت، ئەگەر ئەمەش نەکەین درەختەکان بەرهەمەکانی خۆیان هەر دەدەن ئەگەر ئاویشیان نەدەین و گرنگیشیان پێنەدەین دوایی دەبینین بەرهەمەکانیان لەسەر زەویەکە کەوتوون و بەشی خۆی بۆ داناوین.

درەخت زۆر میهرەبانە هەم لە بەخشینی ڕەنگ و جوانی هەم لە بەخشینی ئۆکسجین پێویستە بۆ پاککردنەوەی ژینگە لە دوانەئۆکسیدی کاربۆن، کە ئەمە کارێکە تەنها درەختەکان دەتوانن بیکەن، شاعیر مرۆڤی زۆر بێوەی نەبینیوە بەڵام لە ئەزموونی غەریبیدا درەختی بە هاوڕێیەکی نزیکتر بینیوە. کاتێک مرۆڤ لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە دەچێتە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی دیکە، کە کلتوور و فەرهەنگ و زمانی جیاوازە هەست بە غەریبی دەکات، ئەمەش وای لە شاعیر کردووە کە تەنها درەختەکان هاوڕێی بن ئەم هەڵوێست و ڕوانینەی شاعیر هاوڕایە لەگەڵ هزر و هەڵوێستی مارکس (١٨١٨-١٨٨٣) کە دەڵێ "غەریبی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەیە کە بە هۆی چەندین ئاستەنگی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە کە دەکەونە نێوان وجوود و میکانیزمی مرۆڤ و حەزە مەعنەوییەکانیەوە دروستدەبێت" (ئاری ئاغۆک، ٢٠٠٢: ١٣٥). هەروەها هیگڵ (١٧٧٠- ١٨٣١) پێیوایە: "غەریبی دەرەنجامی جیاوازیی هەلومەرجی تاکە لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا و سروشتە جەوهەریەکەیدا وەک مرۆڤ ڕوودەدات کە دەبێتە مایەی نامۆبوونی خودیانە"(میراودەلی،٢٠٠٧: ١٧).

یەکێک لە دەرئەنجامەکانی تێڕوانینی مارکسیستە ژینگەییەکان و پسپۆڕانی ژینگەی کۆمەڵایەتی بریتییە لەوەی، کە بە شێوەیەکی ڕوون کێشە ژینگەییەکان ناتوانرێت لە ئەو شتانەی کە عادەتن وەکو کێشە کۆمەڵایەتییەکان جیابکرێنەوە, کە هەندێ جار غەریبی دەرەنجامی ئەوەیە.

کەریم دەشتی دەڵێت:

ئەو بەهارەش درەختەکە بەری نەدا
بە پاچێکی ژەهراوی، لە قەدەوە هەڵیانپاچی
نەیانزانی مرۆڤیش هەیە
هیچ نەوەییێکی لێناکەوێتەوە.

(دەشتی کەریم، بەرگی دووەم،٢٠٢٠: ٢٦٦)

کەریم دەشتی لەم کۆپلە شیعرەدا ئەوەندە جوان سەرنجمان بۆ لای بابەتێکی ژینگەیی ڕادەکێشێت و گلەیی لە مرۆڤ دەکات و پێی دەڵێت ئەی مرۆڤ هێندە چاوچنۆک مەبە ئابوریانە بیرمەکەوە کاتێک درەخت بەرینەگرت بێ بەزەییانە بە پاچێکی ژەهراوی لە قەدەوە درەختەکان هەڵمەپاچە، چونکە درەخت تەنها بەرەکەی سوودی نییە بۆ مرۆڤ. درەخت زۆر میهرەبانە هەم لە بەخشینی ڕەنگ و جوانی هەم لە بەخشینی ئۆکسجین کە پێویستە بۆ پاککردنەوەی ژینگە لە دوانەئۆکسیدی کاربۆن، کە ئەمە کارێکە تەنها درەختەکان دەتوانن بیکەن. بەو کارەش درەختەکان مرۆڤ و ژینگە لە پیسبوون و ژەهراوییبوونی هەوا دەپارێزن. شاعیر لە گلەییەکانی بەردەوام دەبێت باسی ئەوەی بۆ کردووین، کە مرۆڤ تۆ نەتزانی کە مرۆڤیش هەیە هیچ نەوەیەکی لێناکەوێتەوە. ئەم کردەوانەی مرۆڤە وای کردووە سروشت و ئاسمان و زەوی لە مرۆڤ تووڕە و بێزاربن، بەڵام دەمیان نییە قسە بکەن و ئەو بێزارییە بڵێن.

## پێنجەم: فەلسەفەی ژینگەییی هایدگەری ( Heidegerian Eco philosophy):

فەلسەفەی ژینگەییی فەیلەسووفی ئەڵمانی مارتین هایدگەر ' Martin Heidegger' ئیلهامی بەخشیوە بە ژمارەیەک لە ڕەخنەگرانی ژینگەیی. بەپێی ئەم فەلسەفەیە، جیهانی دەرەوەی مرۆڤ دوو ژیان لەخۆدەگرێت؛ ژیانێکی ئاژەڵی و ژیانێکی گژوگیاکان، ڕۆڵی مرۆڤ لە چوارچێوەی ئەوەدایە، کە دەرفەتێک بەو زیندەوەرانە بدات، تا ژیانێکی ئازادیان هەبێت. بەپێی بڕوای ئەم فەیلەسووفە، مرۆڤ گەورەی گەردوون نییە، تەنها ڕێبەرێکە بۆ زیندەوەرانی دیکە، کە لە دەوروبەری خۆی هەیە، هەروەها مانای جیهانی دەوروبەرمان، ڕەوشی خۆی دەردەبڕێت، لە چوارچێوەی ئەدەبدا بە تایبەتی شیعر (Garrard.2004: 32).

هەندێک لە ڕەخنەگرانی ژینگەیی مشتومڕی ئەوە دەکەن، کە هزر یاخود بیری هایدگەر لە نێو قووڵترین ڕەخنەکانی مۆدێرنیتەی پیشەسازیدایە، ئەمەش لەبەر ئەوەی، کە هەستاوە بە تێکەڵکردنی سامناکییەکی شیعری، ئەمەش پێش ئەوەی زەوی، لەگەڵ شیکردنەوەی دڕندانەی پڕۆژەی نکۆڵیکردنی مەرگی گەورەی جیهان، کە ئێمەیان فێرکردووە پێی بڵێین 'پێشکەوتن'.

زەوی وەکو پەناگەیەک هەڵدەستێت، بە دابینکردنی ژیانی بوونەوەران، کە لە ئەمەوە مرۆڤەکان ئەم جیهانە دەدۆزنەوە، بۆ نموونە، بەرد جیهانێکی بۆخۆی نییە، ڕووەک و ئاژەڵەکانیش بەهەمان شێوە جیهانیان نییە، بەڵام ئەوان سەربە قەرەباڵەغییەکی نادیاری ژینگەی دەوروبەرن، کە پەیوەندیدارن پێیەوە. بۆ نموونە، ئافرەتە لادێییەکە جیهانێکی هەیە، چونکە ئەو نیشتەجێی جیهانێکی کراوەی بوونەوەرانە (Heidegger,1993: 170).

هایدگەر بانگەشەی ئەوە دەکات کە بنەڕەتی بوونەوەران، لایەنی سەربەخۆیان و بەرگرییەکانیان بۆ مەبەستەکانی ئێمە ئاشکراکراون لە ڕێگەی زمانێکی هاوشێوەی بەرگریکارەوە. لە ڕێگەی شیعرەوە، دواتر، ئێمە فێردەبین، کە مرۆڤ گەورەی بوونەوەرەکان نییە. بەڵکو مرۆڤ شوانی بوونەوەرەکانە. ئێمە فێری بەرگری دەبین بۆ ئامرازگەرایی یان جیاکاری و گۆڕانکاری دروستکردن لەسەر سروشت، کە ئەمەش هەمیشە هەڵدەستێت بە ئاشکراکردنی بوونەوەران بە پێی مەرجە تەسک و کەمکراوەکانی. ئێمە داوای توانای هەستکردن بەیەکتری دەکەین, ئەمەش بۆ ئەو داواکارییەی کە خراوەتە ئەستۆی ئێمە بۆ ئاشکراکردنیان بەبێ ڕێگریکردن. ئێمە فێردەبین کە ڕێگە بدەین بوونەوەرەکان خودی خۆیان بن. سوپاس بۆ ڕۆڵە گرنگەکە کە خستوویەتییە سەر ئەستۆی کاری هونەر کە ئەو پێی دەڵێت 'ڕزگارکردنی زەوی'، فەلسەفەی هایدگەر سەرەنجڕاکێشانی ڕوونی هەیە، بۆ ڕەخنەگرانی ژینگەیی (هەمان سەرچاوە، ٢٤٥). ئەو دوو جیهانەی هایدگەر ئاماژەی پێ کردووە لە ئەدەبیاتدا ڕەنگیداوەتەوە و دلاوەر قەرەداغی لەم بارەیەوە بەم شێوەیە لەو دەقەدا ئاماژەی پێداوە:

دلاوەر قەرەداغی لە دەقی شیعری" باڵندەی ئێشاو" دا دەڵێت:

ئێستا و ئەوساش چۆلەکە وا دەزانێ
درەختێت
پەلکت بۆ خۆی دەکاتە ماڵ
هێشتا باران بە گوڵت تێدەگا
نمەنمە دادەنەوێ و تێر بۆن بە دڵتەوە دەکا
ڕەشەبا بە مناڵ دەتبینێ
سەرەڕای ئەو هەموو بەدکارییانەی مرۆڤ،
هێشتا پەپوولە بە باخ دەتبینێ و

باوەش باوەش

ئەملاولای هەلاڵەی برینت ماچ دەکا!

(قەرەداغی دلاوەر،٢٠٢٠: ٨٤٢)

دلاوەر قەرەداغی قسە بۆ شتەکان، بۆ بەرد و ئاو، بۆ گیا و درەخت، قسە بۆ ئاژەڵ، باڵندە، خشۆک و مێرووش دەکات. ڕق و هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە لە شیعریدا نییە، بەو زمانە نیان و پاکژە، شیعرێک دەنووسێت، قسە بۆ مرۆڤ دەکات و بەناوی پێکهاتەکانی سروشتەوە ئامۆژگاریی مرۆڤ دەکات و پێی دەڵێت: سەرەڕای ئەو هەموو بەدکارییانەی لەناو سیستەمی ژینگەیی بەرانبەر ژینگە و سروشتی دەوروبەری خۆت ئەنجامتداوە، هێشتا ئەوان بەرانبەرت میهرەبانن. قەرەداغی هەوڵدەدات مرۆڤ لەگەڵ باڵندە و ڕووەک ئاشت بکاتەوە و پێی بڵێت: کە تۆ چیتر لەناو سیستەمی ژینگەییدا گەورە و سەردار نیت، کە ئەمەش بنەمایەکە لە بنەماکانی ڕەخنەی ژینگەیی و مارتن هایدگەری ئەڵمانی کاری لەسەر کردووە. ڕۆڵی تۆ ئەی مرۆڤ لە چوارچێوەی ئەوەدایە، کە دەرفەتێک بەو زیندەوەرانە بدەیت کە لە دەوروبەرتدان، بۆ ئەوەی بە ئازادی بژین. مارتن هایدگەر پێیوایە: زەوی وەک پەناگەیەک هەڵدەستێت بە دابینکردنی ژیانی بوونەوەران کە لەمەوە مرۆڤەکان ئەو جیهانە دەدۆزنەوە، بۆ نموونە بەرد جیهانێکی بۆخۆی نییە باڵندە و ڕووەک و ئاژەڵەکانیش بەهەمان شێوە جیهانیان نییە، بەلاّم ئەوان سەر بە ژینگەی دەوروبەرن.

ئەگەر لە ڕوانگەی ژینگەزانیی قووڵەوە، کە یەکێکی دیکەیە لە بنەماکانی ڕەخنەی ژینگەیی خوێندنەوە بۆ ئەم دەقە بکەین دەبینین شاعیر هاوڕایە لەگەڵ هزر و هەڵوێستی فەیلەسووفی نەرویجی "ئەرنی نەیس" کە هەوڵی ساغ و سەلامەتی و پەرەسەندنی ژیانی مرۆڤ و غەیرە مرۆڤ 'چۆلەکە، گوڵ، درەخت، ڕەشەبا، پەپوولە... هتد' لەسەر زەوی دەدات.

کەریم دەشتی لە دەقی شیعری" بەرەو سپی" دا دەڵێت:

شەونم و سپێدەم تێکەڵ کرد خۆرهەڵات
تاریکی و ئاسمانم تێکەڵ کرد مانگ هەڵات
هەویری مرۆڤ و شەبەقی ئارەزووم تێکەڵ کرد
دنیا پڕ دوکەڵ و ئاگر بوو
کە پاکی و دەروونم تێکەڵ کرد
سەراپای ئەم کەونە
سپی سپی هەڵگەڕا

(دەشتی کەریم، بەرگی سێیەم،٢٠٢٠: ٤٢٢)

شاعیر باس لە پێکهاتەکانی گەردوون دەکات، کە چۆن بوونەتە سەرچاوەیەک بۆ بەردەوامیی ژیان و هاوسەنگیی گەردوون، واتە ئەوە شەونم و بەرەبەیانە کە نیشانەی دەرکەوتنی خۆرە. دواتر هەڵهاتنی مانگ بەرئەنجامی بوونی فەزایەکی کراوەیە لە ئاسمان و تاریکیدا پاشان حەز و ئارەزوو و خواستەکانی مرۆڤە، کە ژینگەی پیس و وێران کردووە و لە دواتردا دەڵێت، دەروون و پاکی تێکەڵدەکرێت، ئاشتی و تەبایی دەستەبەر دەکات.

مرۆڤ لە پێناوی دابینکردنی حەز و ئارەزووەکانی زیان بە ژینگەی دەوروبەری خۆی دەگەیەنێت شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت کە مرۆڤ ئازاد بێت ژینگە پیس و وێران دەکات سەر زەوی پڕ دەکات لە دووکەڵ و ئاگر، ئەمەش دەبێتە هۆی لەناوچوونی باڵندە و ئاژەڵ و گژوگیا، بەمەش زوڵم لە سیستەمی ژینگەیی دەکات. بە پێی بیروباوەڕەی فەلسەفەیەی ژینگەی هایدگەری، جیهانی دەرەوەی مرۆڤ دوو ژیان لەخۆدەگرێت؛ ژیانێکی ئاژەڵی و ژیانێکی گژوگیاکان، ڕۆڵی مرۆڤ چاودێریکردنی ژیانی باڵندە و

ئاژەڵ و گژوگیایە نەوەکو گەورە و ڕێبەریان بەڵکو مرۆڤ شوانی بوونەوەرەکانە. ئێمە فێری بەرگری دەبین بۆ ئامرازگەرایی یان جیاکاری و گۆڕانکاری دروستکردن لەسەر سروشت بە پێی ئەم بنەما فەلسەفییەی هایدگەر. مانای جیهانی دەوروبەرمان دەربڕینە لە چوارچێوەی ئەدەبدا بە تایبەتی شیعر.

**ئەنجام**

یەکەم: بابەتی ژینگە، بابەتێکی گرنگە لە داهێنانی ئەدەبیدا، کە چەندین داهێنانی جیاوازیشی پێشکەشکردووە، دەرگایەکی فراوانی خەیاڵیشی کردووەتەوە، بۆیە پێویستییەکی زۆر بەوە هەیە، کە گرنگی بدرێت بە تیۆری ڕەخنەیی و لێکۆڵینەوە و دەرخستن و داهێنان تێیاندا، کە هەموو ئەمانە دەچنە ژێر 'ڕەخنەی ژینگەیی'ـەوە.

دووەم: ڕەنگدانەوەی بابەتی ژینگە لە شیعری هەر سێ شاعیردا بە جۆرێکە، کە بەرز و باڵایی ژینگە بەرجەستە دەکەن و بەمەش هەستی خۆشویستنی ژینگە و بەرپرسیاریەتی بەرانبەر بە ژینگە لە لای خوێنەر دروستدەکەن، لەبەر ئەوە دوای خوێندنەوەی دیوانەکانیان، هەست دەکەیت دڵۆڤانتریت لە جاران، مرۆڤدۆستتر، ئاژەڵدۆستتر، ژینگەدۆستتر و سروشتدۆستتریت لە جاران، بە چاوی ڕێزەوە سەرنجی گژوگیا و کرم و چۆلەکە و مێرووش دەدەیت و ئەمەش کارێکی بەمەبەستە.

سێیەم: لەکاتی شیکردنەوە و پشکنینی ئەو دەقە شیعرییە ژینگەییانەی، کە ئەم شاعیرانە نووسیویانن، ئەوە دەردەکەوێت، کە مەسەلەیەکی سەرەکی لە نێو هەموویاندا هاوبەشە و ئەویش ئەوەیە، کە کلتووری مرۆڤ لە پەیوەندیدایە لەگەڵ جیهانی فیزیکیدا و کاریگەریی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە.

چوارەم: ئەو جۆرە خوێندنەوانەی، بۆ دەقی شیعری شاعیران 'کەریم دەشتی، کەژاڵ ئەحمەد، دلاوەر قەرەداغی' مان کردووە لەسەر بنەماکانی ڕەخنەی ژینگەیی، سەرنجەکەمان لەسەر لایەنی دەرەوەی دەقەکان بووە،

بۆ نموونە ماڵەکە و ژینگەکەی لەوەی کە تیشک بخەینە سەر ڕووکاری ناوەوە 'شاعیران و لایەنی دەروونیی شاعیران'.

پێنجەم: گرنگیدانی شاعیران 'کەریم دەشتی، کەژاڵ ئەحمەد، دلاوەر قەرەداغی' بە ژینگە لە دیوانەکانیاندا ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام گرنگیدانەکەیان بە پلەی جیاواز دەردەکەوێت، ژینگە لای دلاوەر قەرەداغی هێندە گرنگە تەنانەت ناونیشانی کۆبەرهەمەکەشی بە ناوی ژینگەوەیە 'لێرەولەوێ باران دووراودوور هەتاو' ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆری ناونیشانی شیعرەکانی بەناوی پێکهاتەکانی سروشتەوەن وەک: 'ماڵێک لەناو زەریا، لە چواله عاشقتر، فرمێسکی بەرد، کرێوەی گوڵ، باڵندەی ئێشاو، هەوای نوێ، زەریا من قسەیەکم هەیە، لێرە و لەوێ باران ... هتد بەڵام لای 'کەریم دەشتی و کەژاڵ ئەحمەد' بە بەراورد لەگەڵ دلاوەر قەرەداغی کەمترە.

شەشەم: ڕەخنەی ژینگەیی لە ڕێگەی ئەم دەقە شیعرانەوە، داوای چارەسەر و جێگرەوە دەکات، کە هاوسەنگی بگێڕێتەوە بۆ هەموو 'بوون'ـەکانی گەردوون، بە دوورکەوتنەوە لە تاکە دەسەڵاتێک، هیچ بیانوویەک نییە، تا مرۆڤ بکات بە دەسەڵاتی ڕەها بەسەر هەموو بوونەکانی تردا، تەنها لەبەر ئەوەی، کە مرۆڤن و هیچی دیکە، هەموو بوونەکان لەسەر بنچینەی 'جۆری' و 'هاوسەنگی' ن نەک لەسەر بنچینەی 'بەرزی' و 'بالادەستی'.

حەوتەم: لە کاتی شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکانی ئەم شاعیرانەدا دەردەکەوێت، کە مەترسییەکی گەورەی لەسەر هەسارەی زەوی هەیە، ئەو مەترسییەش مرۆڤ دروستیکردووە، بەهۆی ئەو دەستدرێژیانەی کردوویەتیە سەر سروشت و ژینگەی دەوروبەری.

هەشتەم: پاراستنی ژینگەیی، کە یەکێکە لە بنەماکانی ڕەخنەی ژینگەیی، لای کەریم دەشتی و کەژاڵ ئەحمەد بە شێوەیەکی گشتی لە نموونەکاندا دەرکەوتووە.

نۆیەم: ژینگەزانیی قووڵ، کە دیارترین بنەمای ڕەخنەی ژینگەییە داوای گۆڕان لە مرۆڤ سەنتەرییەوە بۆ بەهاکانی سیستەمی ژینگە سەنتەری دەکات، ئەمەش بە ڕوونی لە نموونەکانی دلاوەر قەرەداغی و کەژاڵ ئەحمەد دەرکەوتووە.

دەیەم: فیمینیزمی ژینگەیی، کە یەکێکە لە بنەماکانی ڕەخنەی ژینگەیی لە کۆبەرهەمی کازێوەی سپیی شیعری کەریم دەشتی، کە سێ بەرگە هیچ نموونەیەکمان نەدیتەوە، بەڵام لای 'دلاوەر قەرەداغی و کەژاڵ ئەحمەد' نموونەمان بەرچاوکەوتووە و شیکردنەوەمان بۆ کردووە، بە تایبەتی لای کەژاڵ ئەحمەد بە جۆرێک ئەم بنەمایە دەرکەوتووە، دەتوانین کەژاڵ بە ڕێبەری شیعری فیمینیزمی ژینگەیی دیاریبکەین.

یانزەیەم: ژینگەزانیی کۆمەڵایەتی و مارکسیزمی ژینگەیی، یەکێکن لە بنەماکانی ڕەخنەی ژینگەیی هیچ نموونەیەکمان لە کۆبەرهەمەمی "لێرەو لەوێ باران دووراودوور هەتاو" ی شاعیر دلاوەر قەرەداغیدا نەدیتەوە، بەڵام لای کەریم دەشتی و کەژاڵ ئەحمەد نموونەمان دیتۆتەوە و شیکردنەوەمان بۆ کردوون.

دوانزەیەم: بە پێی بنەمای فەلسەفەی ژینگەییی هایدگەری، مرۆڤ گەورەی گەردوون نییە تەنها ڕێبەرێکە بۆ زیندەوەرانی دیکە، ئەم بنەمایە لە شیعرەکانی هەر سێ شاعیردا ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام لای کەژاڵ ئەحمەد کەمتر ڕەنگیداوەتەوە و بە نموونەی شیعری پشتڕاست کراوەتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:

**کتێب(دیوان):**


- ئەحمەد، کەژاڵ (٢٠٠٦) دیوانی شیعر، چاپ: حکومەتی هەرێمی کوردستان- وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
- ئەحمەد، کەژاڵ (٢٠١٤) دیوانی من دەبێت خۆم بسمیلبکەم، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.
- ئەحمەد، کەژاڵ (٢٠١٩) دیوانی زمانی باڵندەم دەزانی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- دەشتی، کەریم (٢٠٢٠) کازێوەی سپی شیعر"کۆبەرهەم" بەرگی یەکەم، بەرگی دووەم و بەرگی سێیەم، چاپی سێیەم، چاپخانەی تاران، ئێران.
- قەرەداغی، دلاوەر (٢٠٢٠) لێرە و لەوێ باران دووراودوور هەتاو"کۆبەرهەم" چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ئێران.


**فەرهەنگ**


- میراودەلی، خەسرەو (٢٠٠٧)فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- گۆڤار:

- محەمەد، فوئاد ڕەشید (٢٠١٨) شیعری (وەسیێتنامەی زەوی) کەژاڵ ئەحمەد لەبەر ڕۆشنایی ڕەخنەی ئیکۆلۆژیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ساڵی پێنجەم، ژمارە(١٥)، ڕانیە.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**کتێب:**

- جرارد، جرج(٢٠٠٩) النقد البيئي، ترجمة عزيز صبحي، الطبعة الأول، هيئة أبوظبي للثقافة والتراث،الامارات.

- حمداوي، جميل، حسن أعراب(٢٠٢٠) النقد البيئي أو الإيكولوجي في الأدب والفن، دار الريف للطبع والنشر الإلكتروني، الناظور تطوان/المملكة المغربية.

- النشار، مصطفى (٢٠١٥) مدخل الى فلسفة البيئة والمذاهب الايكولوجية المعاصرة، الدار المصرية اللبنانية، قاهره.

- سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان:

- پارساپور، زهرا (١٣٩١) نقد بوم گرا، رویکردی نو در نقد ادبی، فصلنامه علمی- پژوهشی نقد ادبی. سال ٥. شماره ١٩ .

- چوارەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

**یەکەم: کتێب**

- Banerjee. Ayanita (2021) *Ecocriticism -Re-Connecting Nature, Conference*: International Virtual Conference-Environmental

Humanities Western Ghats and Himalayan Studies At: Cape Comori

- Bressler, Charles (2011) *literary criticism an introduction to theory and practice*, fifth edition, Publisher Pearson.

- Buell, Lawrence (1995) *The Environmental Imagination: Thoreau, Nature Writing, and the Formation of American Culture*. Cambridge, Harvard University Press.

- *Davion*, Victoria (1994) ‘Is ecofeminism feminist?’, in K. Warren (ed.) *Ecological Feminism,* London: Routledge.

- Dobie, Ann B (2015) *Theory into Practice: An Introduction to Literary Criticism*. Stamford: Cengage Learning.

- Dreese, Donelle (2002*) Ecocriticism: Creating Self and Place in Environmental and American Indian Literature*. New York: Peter Land Publishing.

- Estok, John (2005) *An Introduction to Shakespeare and Ecocriticism Interdisciplinary Studies in Literature and Environment*.

- Garrard, Greg (2004) Ecocriticism. New York: Rouledge.

- Glotfelty, Cheryll and Harold Fromm (1996) *The Ecocriticism Reader: Landmarks in Literary Ecology*, The University of Georgia Press, Athens.

- Habeeb, Gulfishaan and Durafshan Habeeb (2012) *Eco-Critical Theory or E-Theory:* Some Newer Perspectives, Maulana Azad National Urdu University and Ibrahim Patman University. Hyderabad.

– Heidegger Martin (1993) *Basic Writings*, ed. D.F. Krell, London: Routledge.

– Kumar, Manoj (2017) *Ecocriticism and World Literature*, *H-Net: Humanities, Social Sciences Online*, *History Department*, Michigan State University, United States.

– Merchant, Carolyn (1992) *Radical ecology: the search for a livable world*. New York: Routledge,

– *Pepper*, David . (1993) *Eco-Socialism: From Deep Ecology to Social Justice*, London: Routledge..

– Scheese, Don (1994) *Defining Ecocritical Theory and Practice, Sixteen Position Papers from the 1994 Western Literature Association Meeting*, Salt Lake City (6-10-1994).

– ***Shiva***, Vandana . (1989) Development, ecology and women', in J. Plant (ed.), *Healing the Wounds: The Promise of Ecofeminism*, London: Green Print.

**ت- ڕۆژنامە و گۆڤار:**

– Jayasankar, Girija (2017) *Ecocriticism – A new idiom of literary criticism*, Ashvamegh, the literature magazine. Banagalore University. Issue. XXVII, April 2017. https://ashvamegh.net.

– Leeson, Joseph (2012) *The Importance of Apocalypse: The Value of End-Of The-World Politics While Advancing Ecocriticism*. Journal of Ecocriticism Vol 4, No 2

- MacGregor, Sherilyn (2006). *Beyond mothering earth: ecological citizenship and the politics of care*. Vancouver: UBC Press. p. 286. ISBN 978-0-7748-1201-6

- Mishra, Sandip Kumar (2016) *Ecocriticism: A Study of Environmental Issues in Literature*. BRICS Journal of Educational Research Vol - 6 | Issue -4

- Tošić, Jelica, (2006)*Ecocriticism Interdisciplinary Study of Literature and Environment". Series: Working and Living Environmental Protection*. Facta Universitatis. *Vol. 3. No. 1*..

**الملخص**

النقد البئي نظرية نقدية جديدة يهتم بالبحث عن البئة والطبيعة والمكان في الإبداع الأدبي وباحثو الأدب فسروا هذه النصوص التي تظهر استياءات البئة. هذا البحث الموسوم ب "تحليل بعض النصوص الشعرية حسب النقد البئي" محاولة لتعرّف على نظرية النقد البئي في الأدب الكردي. البحث يتكون من الثاني فصول، فالفصل الأول يحتوي على مصطلح ومفهوم نظرية النقد البئي وأهميتها، وأماّ الفصل الثاني قمنا بتحليل بعض قصائد شعيران ( كەریم دەشتی، كەژال ئەحمەد و دلاوەر قەرەداغی ) حسب مباديء هذه النظرية، وفي الختام ذكرنا أهم النتائج التي حصلنا إليها، وبعد ذلك يأتي قائمة المصادر و المراجع و عرض ملخص البحث بللغة العربية والإنجليزية.

**الكلمات المفتاحية**: البيئة، اليكۆلۆجى النقد البئي، حماية البيئة، البشر والبيئة.

**Abstract**

Ecocriticism is a new critical look which cares about researches of environment, nature and place in literature invention. The literary researchers have analyzed those texts which illustrate environmental concerns. This research is entitled “ analyzing some poetic texts according to ecocriticism theory”which is an attempt to introduce Ecocriticism theory in Kurdish literature. The research consists of two chapters; the first chapter concludes term, concept and the importance of Ecocriticism theory. In the second chapter, we have analyzed some poetic texts of Karim Dashti, Kazhal Ahmed and Dlawar Qaradagi according to the principles of this theory. In the end, list of resources and the research abstract have been illustrated in Arabic and English languages.

**Keywords**: Environment, Ecology, Ecocriticism, Protecting the environment and Humans and the environment.

https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2253.9

e-ISSN (2617-0752)     p-ISSN (2617-0744)

# پەیوەندیی نێوان ئەزموونی ئیستاتیکی و هونەری چەمکگەرا (ئینستەڵەیشن لە هەرێمی کوردستان وەک نموونە)

مریوان جبار امین

زانکۆی سەلاحەدین

artarthome2020@gmail.com

پ. ی. د. سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی

کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین

sangar.shekhmohammad@su.edu.krd

**پوخته**

هونەری چەمکگەرا یاخود کۆنسێپچواڵ ئارت بە یەکێک لە لقەکانی هونەری پۆست مۆدێرنیزم هەژماردەکرێت و هەروەک لە ناولێنانەکەیدا دیارە چەمک و هزر لە بنەما سەرەکییەکانی ئەم هونەرەدایە. هەروەها ئەم هونەرە یەکێکە لە هونەرە هەرە سەرنجڕاکێش و جەنجاڵییەیەکانی سەدەی بیستەم، کە هەموو یاسا و ڕێسا باو و چەسپاوەکانی چیەتی هونەر و چۆنیەتی پرۆسەی کاری هونەری دەخاتە ژێر پرسیارەوە و ئەو ژێرخانە باو و جێگیرەی هونەر پێشتر هەیبوو دووچاری هەڵوەشان و لێکترازان دەکاتەوە، بۆیە ئەم گۆڕانکارییە لە پرۆسەی ئەزموونکردن و خوێندنەوەی کارە هونەرییەکەدا جێیسەرنجە، هەروەک چۆن کارێکی کلاسیکی یاخود مۆدێرن بە پرۆسەی ئەزموونی ئیستاتیکیدا لە لای بینەر تێدەپەڕێت، کاری چەمکیش هەڵگری ئەزموونی تایبەت بە خۆیەتی.

هونەری چەمکگەرا هەروەک هونەرەکانی سەردەمی کلاسیک و مۆدێرن لە بونیادنانی خۆیدا هەڵگری پێکهاتەی تایبەت بە خۆیەتی و ئەم پێکهاتەیەش کاریگەری لەسەر ئەزموونکردنی لە لایەن بینەرەوە دەبێت. لە هونەری چەمکگەرادا گەرچی هەڵگری ئیفێکتی ئیستاتیکی بینەی نییە، بەڵام لەو ڕووەوە کە هەڵگری فۆڕمێکی زهنییە لە پێکهاتەی خۆیدا، بۆیە درکپێکردنی ئەم فۆڕمە دەبێتە مایەی چێژی ئیستاتیکی لای بینەر، لەمەشەوە ئەزموونی ئیستاتیکی بێ پەیوەندی نابێت لەگەڵ ئەم جۆرە لە هونەردا، گەرچی لە ڕووالەتدا هەڵگری هیچ ئیفێکتی ئیستاتیکای بینەیی و ڕازاندنەوە و ڕێکخستنێک نەبێت، هەروەک ئۆبجێکتێکی ئامادە کاتێک لە نمایشێکی هونەریدا نمایشدەکرێت.



**وشەی کلیلی:** ئەزموونی ئیستاتیکی، چێژی ئیستاتیکی، هونەری چەمکگەرا، ئینستەڵەیشن، کۆنسێپچواڵ ئارت.

**پەیوەندیی نێوان ئەزموونی ئیستاتیکی و هونەری چەمکگەرا**

**(ئینستەڵەیشن لە هەرێمی کوردستان وەک نموونە)**

## ١- پێشەکی

هونەری چەمکگەرا یاخود کۆنسێپچواڵ ئارت کە یەکێکە لە لقەکانی هونەری پۆست مۆدێرن، هەروەک لە ناولێنانەکەیدا دیارە چەمک و هزر لە بنەمای سەرەکی کارکردنەکەیدایە. ئەمەش لە بەرانبەر ڕێکخستن و داڕشتن و ئیفێکتی ئیستاتیکی بینەیی کارە هونەرییەکە. لە ڕاستیدا سەرەتا و ڕیشەی کارکردنی هونەری چەمکی دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی هونەرمەند دۆشانی فەرەنسی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کارەکانی لە کەرەستەی بەکارهاتوو و ئۆبجێکتی ئامادە بونیاددەنا و دووبارە لەسەر بنەمای چەمکێکی نوێوە و بە ئەرکێکی نوێوە دەیگەڕاندەوە بۆ نا گفتوگۆی کاری هونەری و گرنگیپێدان. ئەمجۆرە لە کارکردنی هونەری واتە وەلاوەنانی ئیفێکتی ئیستاتیکی بینەیی و گرنگیدان بە چەمک و تێفکرین لە ئاست کارە هونەرییەکە، کە خۆی بۆ خۆی ئەزموونێکی نوێ لە بەرکەوتنی بینەر و کاری هونەری دێنێتەئاراوە و لە بنەمادا جیاوازە لەو ئەزموونە ئیستاتیکییە بینەییەی کە لە ئاست کاری هونەریی مۆدێرندا وەک بینەر دەمانبێت. توێژینەوەی بەردەست بە ناونیشانی ***پەیوەندیی نێوان ئەزموونی ئیستاتیکی و هونەری چەمکگەرا (ئینستەڵەیشن لە هەرێمی کوردستان وەک نموونە)*** هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن و ناساندنی پەیوەندیی نێوان ئەزموونی ئیستاتیکی و هونەری چەمکگەرا.

### ١-١- کێشەی توێژینەوە

پۆست مۆدێرن بە خستنە بەر ڕەخنە و لێدان لە بنەماکانی مۆدێرنیزم خۆی بنیاددەنێت و (هونەر بۆ هونەر) کە دروشم و بنەمای کارکردنی

هونەری مۆدێرنیزم بوو دەیخاتە بەر ڕەخنە و بە کەمکردنەوەی پێگەی هونەری لەقەڵەمدەدات و لە بری ئەو کۆنسێپت وەک دروشم و بنەمای کارکردن دێنێتە ئاراوە و لەم ڕێیەوە گوتاری مەعریفیی کاری هونەری پەرەپێدەدات، لە پرۆسەی کارکردنی خۆیدا بە هەند وەریدەگرێت. لێرەوە سنوورەکانی نێوان جۆرەکانی کاری هونەری وەک وێنەکێشان و پەیکەر و سیرامیک و... نامێنێت و یەک ناو لەخۆدەگرێت، ئەویش کاری هونەرییە و لەسەر بنەمای ئەو چەمکە (کۆنسێپت) بەڕێوەدەچێت، کە بونیادی کارەکە پێکدێنێت، ئەمەش دەست کراوەیی زیاتر دەدات بە هونەرمەند بۆ کارکردن و گوزارشتکردن لە بابەتەکاندا.

کاتێک لە بەرانبەر کارێکی هونەریدا ڕادەوەستین دەکەوینە دۆخی ئەزموونکردنەوە لەگەڵ کارەکەدا و هەر جۆرە کاریگەربوونمان لە ئاست کارەکە بۆخۆی دەبێت بە ئەزموونێک. بە واتایەکی تر کاری هونەری دەبێتە سەرچاوەی مەعریفە بۆ بینەر. ئەوە شتێکی ڕوونە لامان کە ئەزموونی ئیستاتیکی لە کاری هونەیی مۆدێرندا بە دوای درکپێکردنی جوانیی بینەیی کارە هونەرییەکەدایە و ئەم ئەزموونە خۆی نابەستێتەوە بە هیچ باکگراوندێکی لەپێشینەی کارە هونەرییەکە و هونەرمەندەوە، بەڵکو بە دوای ئەو جوانییە پەتییەدایە کە بەرهەمە هونەرییەکە پێشانیدەدات، بەڵام پرسیاری جدی لێرەدا ئەوەیە کە سەبارەت بە هونەری چەمکگەرا کە یەکێکە لە لقە گرنگەکانی هونەری پۆست مۆدێرن، ئەزموونی ئیستاتیکی چ واتا و پێگەیەکی دەبێت و لە کوێی پرۆسەی کاری هونەری و بەرکەوتنی لەگەڵ بینەردا خۆی دەبینێتەوە.

توێژینەوەی بەردەست هەوڵێکە بۆ تاوتوێکردنی بابەتی ئەزموونی ئیستاتیکی لە هونەری چەمکگەرادا کە لەسەر بنەمای چەمک خۆی دادەڕێژێت بە پێچەوانەی کاری هونەریی مۆدێرن کە لەسەر بنەمای جوانیی بینەیی دەڕوات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئاخۆ وەکو بینەر لە

بەرانبەر کارێکی چەمکگەرادا چ ئەزموونێکمان دەبێت لە کاتێکدا کە بەرهەمی چەمگەرایی ئەو ئیفێکتە ئیستاتیکییە بینەییەی نییە کە کاری مۆدێرن هەیەتی، ئایا ئەو ئەزموونەی دەیکەین ئەزموونێکی ئیستاتیکییە یاخود هزرییە.

**١-٢- پرسیاری توێژینەوە**

– سەرەڕای نەبوونی هیچ ئیفێکتێکی ئیستاتیکیی بینەیی، ئایا لە بەرانبەر کارێکی چەمکگەرادا وەک بینەر هیچ ئەزموونێکی ئیستاتیکی دەکەین؟

– گەر کاری هونەریی چەمکگەرا هەڵگری هیچ جۆرە ئیفێکتێکی ئیستاتیکیی بینەیی نییە، ئاخۆ بینەر لە بەرانبەر کارە هونەرییەکەدا دەکەوێتە چ دۆخێکی ئەزموونییەوە؟

**١-٣- گریمانەی توێژینەوە**

– لە کاری هونەریی چەمکگەرادا دەکرێت ئەزموونی ئیستاتیکی بکەین و جوانیی کارەکە درک پێبکەین، بەڵام ئەم جوانییە جوانییەکی بینەیی نییە، بەڵکو جوانییەکی زهنی و هزرییە و خۆی لە فۆڕمێکی زهنیدا ڕێکخستووە و هەڵگری چەمک و واتای تایبەتە.

– ئەو دۆخە ئەزموونییەی بینەر تێدەکەوێت لە بەرانبەر کارێکی چەمکگەرادا ئەزموونێکی ئیستاتیکی پەتی نییە، بەڵکو سەرەڕای ئەو چێژە ئیستاتیکییەی کە لە ئەنجامی درککردنی کارەکە وەریدەگرێت، کارەکە هەڵگری ئەزموونێکی هزری و گوتارێکی مەعریفیشە بۆ بینەر.

### ١-٤- گرنگیی توێژینەوە

- ئەم توێژینەوەیە بە گفتوگۆکردن لە سەر پرسی جوانی لە بواری جوانیناسی و فەلسەفەی هونەردا بایەخدار دەبێت و بە ناساندن و گەڕانەوەی پرسی جوانی بۆ نێو کاری چەمکگەرا وەک بنەما و پێوەر، لە بواری فەلسەفەی هونەر و ڕەخنەی هونەریدا گرنگیی خۆی دەبێت.

- ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی نوێ و ئەکادیمی دەبێت بۆ باسکردن لە پرسی جوانی لە هونەری چەمکگەرادا، هەروەها ئەنجامەکانیشی بەرچاوڕوونی و تێگەیشتنێکی نوێمان دەداتی بۆ بینین و خوێندنەوەی کاری هونەریی چەمکگەرا.

### ١-٥- میتۆدی توێژینەوە

توێژینەوەکە لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پلانەکەیدا بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکان و ساغبوونەوەی گریمانەکان و ئەنجامی دروست لە شیکردنەوەی نموونەکاندا پشت بە میتۆدی وەسفیی شیکاری دەبەستێت کە میتۆدێکی گونجاوە بۆ بابەتەکە.

### ٢-١- کورتەیەک لەسەر پرسی جوانی

جوانیناسی یاخود ئیستاتیکا بە یەکێک لە لقە گرنگەکانی لێکۆڵینەوەی فەلسەفی دادەنرێت لە بواری فەلسەفەی هونەردا، کە هەر وەک لە ناوەکەیدا دیارە ئامانجی سەرەکی لێی لێکۆڵینەوەیە لە پرسی جوانی. جوانیناسی وەک لقێکی فەلسەفی بوارێکی نوێیە، بەڵام وەک بابەت مێژوویەکی زۆر کۆن لەخۆدەگرێت هەروەک چۆن بیرمەندانی یۆنانی کۆن لە سەدەی پێنجەمی پێش زاین لە بارەی جوانییەوە وەک بابەتێکی فەلسەفی تێڕامان و بۆچوونیان هەبووە. مێژووی پەیدابوونی جوانیناسی وەک زاراوەیەک و زانستێکی سەربەخۆ نوێ دەنوێنێت لەچاو ئەو مێژووە

کۆنەی کە پرسی جوانی وەک بابەتی گفوگۆ لای بیرمەند و فەیلەسووفەکان هەبووە، بۆیە نابێت مێژووی پەیدابوونی لێکۆڵینەوە لە پرسی جوانی و ناولێنانی وەک لقێکی جودای لێکۆڵینەوەی فەلسەفی تێکەڵ بەیەک بکەین کە لە بنەڕەتدا جیاوازن.

لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆ دوو پێناسەی گشتی و گشتگیر سەبارەت بە جوانی کە بەرچاوڕوونی و تێگەیشتنێکی گشتیمان دەداتی سەبارەت بە پرسی جوانی، ئەوانیش بریتین لە "یەکەم: جوانی ئەو چۆنیەتییەیە(کیفیت) یاخود پێکهاتەیەک لە چۆنیەتییەکانە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسەکان لە ڕێی هەستەکان و ئەقڵ یاخود وێناکردنی ئاکارییەوە چێژێکی قوڵ ئەزموون بکەن. دووەم: جوانی لە شتگەلێکدا بەدیدەکرێت کە چێژی ئیستاتیکی بەرهەمبهێنێت"(پگلر، ١٣٩٧، ٩). بەپێی ئەم پێناسانەی باسکرا دوو فاکتەری سەرەکی لە بەرکەوتنی جوانیناسیدا خۆنیشاندەدەن؛ ئەویش چۆنیەتی(کیفیت) و چێژە.

چۆنیەتی ئەو پێوەرەیە کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا وەک پێوەر بۆ بەراورد و هەڵسەنگاندنی شتەکان چەندین جار پەنای بۆدەبەین، ئەم چۆنیەتییە دەکرێت ئەو شتەبێت کە ئەزموونی دەکەین لە ڕووبەڕووبوونەوەمان لەگەڵ جوانیدا، وەکو ڕەنگ، شێوە، دەنگ و یاخود ساوی شتە بەرجەستەکان. دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین کە هزر و ئەندێشەش چۆنیەتیگەلێکی دیکەن کە دەکرێت ئەزموونیان بکەین، ئەمەیان جیاوازە لەو چۆنیەتییانەی کە بینەیین یاخود بیستەیی کە بێگومان هەڵگری چێژی تایبەت بە خۆیانن.

فاکتەری دووەم لە ئەزموونکردنمان بەرانبەر جوانی برییتییە لە چێژ، بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ ئەویش ئەوەیە ئەو چێژانەی مرۆڤ ڕۆژانە لە ژیانیدا ئەزموونیان دەکات، زۆر و هەمەچەشنن، ئاخۆ دەکرێت هەموویان چێژی ئیستاتیکی بن یاخود جیاکاری هەیە لە نێوانیان و

ئەگەریش جیاکاری هەیە چۆن ئەم جیاکارییە دەکرێت لە نێوان دوو جۆر چێژ وەرگرتن، کە یەکیان ئیستاتیکی بێت و ئەوی تریان نائیستاتیکی، بۆ نموونە خواردن و خەوتن و یاخود ساتێک حەوانەوەی دوای شەکەتییەکی زۆر کە هەموویان چێژبەخشن، دەکرێت لە هەردوو پرۆسەی چێژ وەرگرتنەکە بوترێت ئەزموونێکی ئیستاتیکی ڕوویداوە؟ دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی گشتی هەمووان دەکرێت لەسەر ئەوە کۆک بن کە ئەو چێژەی لە جوانییەوە فەراهەمدەبێت جیاوازە لەو چێژانەی کە لە ژیانی ڕۆژانە مرۆڤەکان ئەزموونی دەکەن، وەک چێژی خواردنێکی بەتام یاخود چێژ وەرگرتن لە بەدەستهێنانی پلە و ئیمتیازێک.

### ٢-٢- چێژی ئیستاتیکی

سەبارەت بە چێژی ئیستاتیکی و جیاکاری لەگەڵ چێژە جەستەییەکان (ئەوچێژانەی لە ڕێی ئارەزوو و خواستە جەستەییەکانەوە پێیان دەگەین) پێویستە بوترێت. هەندێک؛ ئەزموونکردنی ئەم چێژە واجیادەکەنەوە و باسی لێوە دەکەن کە چێژێکی قوڵ و ئارامبەخش و باڵایە و مرۆڤ دەکەوێتە بارێکی دەروونیی تایبەتەوە کە ئەم چەشنە لە ئەزموون جیاوازە و نییە لە چێژ وەرگرتنی چێژە جەستەییەکان، بۆیە گەڕانەوە بۆ بۆچوونی هەندێک لەو بیرمەندانەی لەم بوارە بۆچوونیان هەبووە، تێگەیشتنمان فراوانتر دەکات.

هەر لەم بارەیەوە تۆماس ئەکویناس .Thomas Aquinas) ١٢٢٥- ١٢٧٤ز) کاهن و فەیلەسووفی ئیتالی، سەبارەت بە جوانی دەڵێت؛ کاتێک درک و ئەزموونی جوانی دەکەین، چێژبەخش دەبێت، بەو واتایەی هەرکات بە هۆی ئەو هەستانەوە کە تایبەتمەندیی مەعریفەیی زیاتریان هەیە، واتە بینین و بیستن، بابەتێک وەردەگرین و دواتر ئەسپەردەی ئەقڵ دەکرێت و دەبێتە هۆی چێژێکی تایبەت، دەکرێت ناوی لێبنێین جوانی. هەروەها بە نموونەیەک جیاکاریی نێوان هەردوو چێژەکە زیاتر

ڕووندەکاتەوە و دەڵێت، دەنگی کەڵەکێوی بۆ مرۆڤ و بۆ شێریش سەرەڕای هۆکاری جیاواز بەڵام چێژبەخشە، بۆ شێر کە ئاژەڵێکی کێویە و پێویستی بە خۆراکە چێژبەخشە لەبەر ئەوەی ئەم دەنگە مژدەپێدری فەراهەمبوونی خۆراکە، بەڵام بۆ مرۆڤ بە هۆی هەماهەنگی و ئەو ڕێکخستنە دەنگییەوە چێژبەخشە کە لە دەنگەکەدا هەیە (امینی، ١٣٩٤، ١٣٨). بەپێی ئەم بۆچوونەی ئەکویناس هەردوو هەستی بینین و بیستن پێدەچێت ڕۆڵێکی گەورەتریان هەبێت لە فەراهەمکردنی چێژی ئیستاتیکی بۆ مرۆڤ، هەڵبەتە لە ڕێی ئەقڵ و توانای ئیدراکەوە. لەم نموونەیەدا ئەو جیاکارییە بە ڕوونی دەبینین و هەستی پێدەکەین کە چێژێکیان لە خواستە جەستەییکانەوە سەرچاوە دەگرێت و بەدیهێنەری بەردەوامییە بۆ مرۆڤ و هەروەها ئەوی تریان چێژێکی بێ مەبەستە و لە ڕێی هەستەکان و ئەقڵەوە درکی پێدەکەین. هەر لەم بارەیەوە کلایڤ بێل .Clive Bell) ١٨٨١-١٩٦٤ز) مێژوونووس و ڕەخنەگری بەریتانی دەڵێت "هونەر لە کەش و هەوای دنیای ڕۆتینی ڕۆژانە دەرماندەکات و دەمانباتە دنیای پرجۆشی ئیستاتیکی و بۆ ساتێک لە پەیوەستەیی ئارەزووە مرۆڤانەییەکانمان جیادەبینەوە و بۆ ئەو دیوی ژیان هەڵدەفڕین و دەچینە ناو دنیایەک بە واتایەکی قوڵ و تایبەت بەخۆی، هەست و سۆزی ژیان لەو دنیایەدا جێی نابێتەوە و دنیایەکە کە هەڵگری هەست و سۆزی خۆیەتی"(پگلر، ١٣٩٧، ١٢). لەم بۆچوونەی بێل ئەوە بەدیدەکەین کە ئەو ئەزموون و چێژەی لە کارێکی هونەریدا وەریدەگرین زیاتر جەختکردنەوەیە لەسەر چێژێکی مەعنەوی حسی نەک چێژێکی پەیوەست بە خواستە جەستەییەکانەوە.

هەر سەبارەت بە جیاکاری لە نێوان چێژی ئیستاتیکی و چێژی جەستەیی تاتارکۆڤیچ .Wladyslaw Tatarkiewicz) ١٨٨٦-١٩٨٠ز) فەیلەسووفی پۆڵەندی تێبینی دەکات و دەڵێت ئێمە لەگەڵ ئامادەبوونی جوانی هەستێکی خۆش ئەزموون دەکەین، چێژێک کە پەیوەستە بە

مشاهدەی ئەقڵەوە و ئەم چێژە تایبەتمەندیی جیاوازی هەیە. لەبەر ئەوەی چێژەکانی تری مرۆڤ زیاتر پەیوەستی هەستی دەستلێدانن و بوونەوەرە زیندووەکانی تریش لەم هەستەدا لەگەڵ مرۆڤ هاوبەشن، ئەو چێژانەی کە بەهۆی چالاکیی پێویست و بەسوودەوە دروستدەبن و بۆ پارێزگاری لە مانەوەی ژیان پێویستن، بەڵام چێژی ئیستاتیکی بەم چەشنە نییە و جیاوازە، کە کاری بە خواستە سروشتییەکانی مرۆڤ و پارێزگاری لە مانەوەی ژیان نییە و بە وتەی تۆماس ئەکویناس ئیمتیازی مرۆڤ لەوەدایە کە تاکە بوونەوەرێکە توانای خۆشویستن و حەزپێکردنی جوانیی هەیە و ئەتوانێت چێژ لە جوانی وەربگرێت، تەنیا لەو ڕووەوە کە جوانە و هەروەها بە هۆکاری خودی جوانی کە جوانە چێژی لێوەربگرێت (امینی، ١٣٩٤، ١٣٨). لە کۆی باسی چێژی ئیستاتیکیدا دەکرێت بڵێین کە چێژی ئیستاتیکی بەرهەمی پرۆسەی زانین و درکپێکردنی هەستەکی و ئەقڵانییە و ئەم کردارەش هەڵگری جۆرێک چێژی تایبەت و پەیوەست بە خۆیەتی کە دەکرێت جیابکرێتەوە لە چێژەکانی تری، بەڵام چێژی جەستەیی لە خۆیدا بە بێ کارکردی ئەقڵ و ڕۆچوون دروستدەبێت و چێژێکی سوودمەند و مەبەستدارە، بە پێچەوانەی ئەو چێژەی کە لە شتگەلی جوانەوە بەدیدێن و خۆی لە خۆیدا خوازراوە، واتە بە بێ هۆکارێکی تری لاوەکی. لێرەدا پێناسەکانی جوانی دێنینەوەیاد کە باسی لەوەدەکرد جوانی لە ڕێی هەستەکانەوە یاخود ئەقڵ یاخود چەمکی ئاکاری دەکرێت ئەزموون بکرێت و ئەم ئەزموونەش پرۆسەیەکی چێژبەخش دەبێت بۆ مرۆڤ، چێژێک کە دنیایەکی تایبەت و کەشێکی جیاوازی لەچاو چێژەکانی تردا هەیە، کە مرۆڤ ئەزموونی دەکات لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا و دەکرێت ئەمەش وەک پێوەر و داوەریکردن بۆ پرسی جوانی سوودی لێوەرگرین.

## ٢-٣- ئەزموونی ئیستاتیکی

لێرەدا تیشکی زیاتر دەخەینە سەر ئەزموونی ئیستاتیکی لە هونەردا و باسەکە فراوانتر دەکەین. ئەزموون بە گشتی واتە ئەو دۆخ و کاردانەوە دەروونی و مەعریفییەی کە بینەر لە ئاست کاری هونەری و هەڵسوکەوتکردن لە گەڵیدا؛ وەک سەرچاوەی جوانی و مەعریفەی پێدەگات. هەروەها ئەزموونی ئیستاتیک بریتییە لەو دۆخەی کە بینەر تێدەکەوێت لە ئاست بابەتی جوانی و لەم دۆخەشدا کاردانەوە دەروونییەکان دەبنە مایەی چێژ و ئاسوودەیی دەروونی.

ئەزموونی ئیستاتیکی فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ خوێندنەوەی پرسی ئیستاتیکی، ئەزموونی ئیستاتیکی گرنگیی خۆی دەبێت لە داوەرییکردن و بڕیاردان لە سەر ئۆبجێکتی ئیستاتیکی بەوەی کە جوانە یاخود نا. ئەوەی پێویستە تێبینی بکرێت لە ئەزموونکردنی ئیستاتیکیدا ئەوەیە کە کاریگەری فاکتەرە دەرەکییەکانی دەوری ئۆبجێکتی ئیستاتیکی کەمبکەینەوە و دایماڵێن لە هەموو ئەو کاریگەرییە لاوەکییانەی کە لە خۆی دەگرێت بە مەبەستی ئەوەی ئەزموونێکی دروست و هەڵسەنگاندنێکی دروست بکەین وەک وەرگرێک لە ئاست ئۆبجێکتدا. بۆ نموونە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەرهەمێکی هونەریی ناودارێکی جیهانی چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەزموونی بینەر دەبێت گەر بێتو ناودارێتیی خاوەن بەرهەمەکە لە کۆی پڕۆسەکەدا هەڵگرین و بیسڕینەوە. لەم بارەیەوە کانت دەڵێت تێڕامانی بێلایەنانە چەقی ئەزموونی ئیستاتیکی و زەمینەی هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەم بارەیەوە پێکدێنێت و لێرەدا وەرگر و کەسی داوەر خۆی لە هەموو خواست و حەزە کەسێتییەکانی لە ئاست ئۆبجێکتەکەدا ئازاد دەکات، بۆیە بۆچوونەکانی لە ئاست ئۆبجێکتەکەدا لە بارەی جوانییەوە بۆچوونێکی لۆجیکی و دروست دەبێت (گیج، ١٤٠٠، ٩٠).

هەر ئەزموونێکی هونەری بۆ بینەر لە ڕێی هۆکارێکەوە هەست و کاریگەریی خۆی دەردەبڕێت، بۆ نموونە ئەم هۆکارە لە نیگارێکدا بریتییە لە ڕەنگ و لە پارچە موزیکێکدا بریتییە لە دەنگ و لە شیعرێکدا بریتییە لە وشە، دواتر لە ڕێی ئەم کەرەستانەوە (ڕەنگ و دەنگ و وشە) کە هەڵگری هەستگەلێکی نامۆ و ناڕوونن وەکو کەرەستەی خاو و ڕەگەزی سەرەکیی بونیادی ئیستاتیکیی کە ئەم خەسڵەتە لە دەربڕینی ئیستاتیکیدا تاکە و تایبەتە بە خۆی، لە شێواز و لە دەربڕیندا زۆر شت هەڵدەگرێت و دەکرێت بخرێتەڕوو، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە لە دەربڕینی ئیستاتیکیدا، ئەم کەرەستانە خۆیان ڕێکدەخەن و لە پێکهاتەیەکی تایبەتدا گوزارشت لە دۆخێکی جیاواز دەکەن. ڕەنگ و دەنگ و وشە کاتێک وەک ڕەگەزێک لە پێکهاتەیەکدا خۆیان ڕێکدەخەن و بونیادی دەنێن، دەتوانێت جۆش و خرۆشێکی تایبەت بێنێتە ناوەوە. هەریەک لە ڕەگەزە بنەماییەکانی پێکهاتەی هەر بەرهەمێکی هونەری بەتەنیا و بێ ڕێکخستن لە تەنیشت ڕەگەزگەلێکی دیدا و لە چوارچێوەیەکی هەماهەنگدا، ڕەنگە هەڵگری واتا و کاریگەری نەبن، بۆ نموونە ڕەنگێک و دەنگێک و وشەیەک بەتەنیا هەڵگری ئەو گوزارشتە نابن کە لە چوارچێوەیەکی هەماهەنگ و مەبەستدار و لە میانەی کارێکی هونەریدا ڕێکدەخرێن، کە دواتر ئەم پرۆسەیەش ڕێکخەر و بەرجەستەکەری دۆخێکی تایبەت دەبێت لە زەینی مرۆڤدا، کە چێژبەخش و ئاسوودەبەخش دەبێت (پارکر، ١٣٩٩، ٦٥).

سەرنجێکی گرنگ لە ئەزموونی ئیستاتیکیدا بابەتی بێلایەنی و بێمەبەستییە. کانت پێیوایە و دەڵێت پەیوەندیی ئێمە و جوانی پەیوەندییەکی ئازادە و خالییە لە هەر جۆرە سوود و قازانجێک، بۆیە خۆشی و چێژی ئیستاتیکی لە جۆرە پەیوەندییەک بەرهەمدێت کە سوود و قازانجێکی بۆمان نەبێت، بەڵام ئەم کارە جۆرێک سوودمەندی بێسوودی تێدایە، بە واتایەکی دی ئێمە سەرنج لە جوانی نادەین بۆ مەبەستێکی دیکە، بەڵکو خودی ئەو (جوانی) جێی مەبەست و سەرنجمانە،

هەر بۆیە پەیوەندییەکەمان لە گەڵیدا پەیوەندییەکی ئازادانە و ڕەهایە (محمد خانی، ١٣٨٦، ١٦٧).

کانت ئەزموونی ئیستاتیکی دەبەستێتەوە بە ئازادی و ڕەهایی توانا زەینییەکانی مرۆڤەوە، ئەو لەبارەی دروستبوونی بڕیاری ئیستاتیکییەوە دوو شێوە دەخاتەڕوو (بڕیارە مەعریفییەکان و بڕیارە سایکۆلۆجییەکان)، بۆ نموونە بڕیارە مەعریفییە گشتییەکان لە سەر بابەتی (ئەمە گوڵێکی سوورە) بەم چەشنەیە؛ لێرەدا توانای خەیاڵ کاریگەرییە هەستەکییەکانی فەراهەمدەکات، کە یەکەیەکی ئیدراکی هەیە و تەنیا بڕیاردانێکی کەمە و ئەویش ئەوەیە (گوڵی سوورە). بە واتایەکی دی توانای خەیاڵ کاریگەریی ئیدراکی (لە شێوەی وێنەیەک) گوڵێکی سوور دەخاتە بەردەستمان، بەڵام هێشتا لە قۆناغێکدا نین کە بتوانین ئەم کاریگەرییە وەک گوڵێکی سوور پۆلێنبکەین یاخود درکی پێبکەین، ئەم کردارەش پێویستی بە توانای تێگەیشتنە تا بێتە مەیدان و واتایەکی گونجاو، واتە گوڵی سوور، ببەخشێتە کاریگەرییە هەستەکییەکە. بەم چەشنە توانای درککردن کاریگەرییە هەستەکییەکەی خەیاڵ وەک واتایەکی دیاریکراو (مفهوم معین) و گونجاو بۆ گوڵی سوور بڕیار لێدەدات، بەم پێیەش بڕیاری زانین و مەعریفی بە تەواوی دەبێتە مایەی فام و تێگەیشتن، بەڵام بڕیاری سایکۆلۆجییانە لە مەڕ ئەزموونی ئیستاتیکیدا جیاوازە، لەبەرئەوەی لەلای کانت جوانی بەم شێوازەی کە باسکرا ناکرێت واتایەکی دیاریکراوی هەبێت، واتە تێگەیشتنێکی دیاریکراوی نییە، بە واتایەکی دی کاتێک چڕبوونەوەی ئەزموونمان لەسەر بوونی گوڵی سوور نییە و سەرنجمان لەسەر جوانیی گوڵی سوورە نەک بوونەکەی، لەم حاڵەدا توانای درککردن ناتوانێت کاریگەرییە ئیدراکییەکان لە ژێر ناونیشانی جوانی پۆلێنبکات و بڕیاری بۆدەربکات، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا درککردن واتایەکی لەو چەشنەی نییە تا بیلکێنێ بە کاریگەرییە هەستەکییەکانی خەیاڵەوە و بڕیاری پێ دەربکات، بۆیە لە دەرەنجامدا توانای فاهیمە و خەیاڵ دەکەونە

دۆخی هەماهەنگی و یارییەکی ئازادەوە لەگەڵ یەکدی، کە لەم دۆخەدا هیچکام لەم توانایانە هەوڵنادات بۆ خستنە ژێر ڕکێفی داتاکانی ئەوەی ترەوە. کانت لەم بارەیەوە دەڵێت ئەم دۆخە بە دیاریکراوی بە هۆی ئەم ئازادییەوە چێژ بەخشە و هەر ئەمەش بنەمای بڕیاری ئیستاتیکییە (جوانلی، ١٤٠٠، ٨٢). ئەوەی کانت لێرەدا جەختی لێدەکاتەوە ئەوەیە کە ئەو بڕیارەی لە میانەی ئەزموونی ئیستاتیکیدا دەدرێت بڕیارێکی مەعریفی و بڕاوە نییە، بەڵکو بڕیارێکی زەوقی و سەلیقەییە، هەر بۆیە بڕیارێکی لۆجیکی نییە، بەڵکو بڕیارێکی ئیستاتیکی و هەستەکییە، بۆیە هیچ ڕێسایەک ناکرێت بوونی هەبێت کە کەسێک ناچاربکات دان بە جوانیی شتێکدا بنێت یاخود بە پێچەوانەوە.

ئەوەی لێرەدا دێتەپێش لە بڕیاری ئیستاتیکی، نەبوونی بنەمایەکی کۆنکرێتی و دیاریکراوە کە بتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت، ئەویش بەو هۆکارەی کە جوانی چەمکێکی دیاریکرا و جێگیر نییە وەک بابەتە مەعریفییەکان لە بەردەم تونای درککردنی مرۆڤدا، تا بە جێگیری و دیاریکراوی وەک چەمکێک پێناسە و پۆلینبکات، بۆیە جوانی دۆخێکی چۆنیەتییە (کیفیت) و بەستراوەتە بە بابەتی زەوقی دروست و پەروەردەی سەلیقەوە لە مرۆڤدا، کانت لەم بارەیەوە دەڵێت "بۆ ئەفراندنی کاری هونەری، داهێنەری گەرچی پێویستە بەڵام بەس نییە، بەڵکو زەوق و سەلیقەی پەروەردەکراویش دەخوازێت" (محمدخانی، ١٣٨٦، ١٥٩). سەرەڕای نەبوونی بنەمایەکی دیاریکراو و بڕاوە لە بڕیاری ئیستاتیکیدا، فاکتەرێکی دی هەیە کە دەکرێت پشتی پێببەسترێت، ئەویش بریتییە لەو توانا گشتگیر و هاوبەشەی کە لە نێوان مرۆڤەکاندا هەیە سەبارەت بە وەرگرتنی ئەزموونی هاوشێوە لە ئاست بابەتی جوانی، کە پێبەخشەری چێژ و ئاسودەییە بۆ مرۆڤ، بۆیە هەر ئەم چێژەش دەکرێت وەک بنەمایەکی هاوبەش لە مرۆڤەکاندا بۆ ئەزموونی جوانی پشتی پێ ببەسترێت، بەڵام دەبێت لێرەدا بۆ ناسینی ئەو چێژە جیاکاریی بکەین لە

بەرانبەر چێژەکانی دیکەدا کە مرۆڤ پێیان دەگات. هەروەک لە باسەکانی پێشوودا تیشکی خراوەتە سەر سەبارەت بە چێژی ئیستاتیکی و جیاکاری لە چێژەکانی دیکە لای مرۆڤ، بۆ وەدەست خستنی پێوەرێک لە ئەزموونی ئیستاتیکیدا و وەدیهێنانی بنەما و پێوەرێک بۆ بڕیاری ئیستاتیکی، چێژی ئیستاتیکی فاکتەرێکی گونجاو دەبێت بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام دەبێت جیاکاری لە نێوان چێژی ئیستاتیکی و چێژەکانی دیکە بکەین کە هەموویان ئاسوودەیی و دڵخۆشی بە کەسی بەرانبەر دەبەخشن.

**٢-٤- هونەری چەمکگەرا**

هونەری کۆنسێپچواڵ یاخود چەمکگەرا یەکێکە لە هەرە هونەرە سەرنجراکێش و جەنجاڵەکانی سەدەی بیستەم، کە هەموو یاسا و ڕێسا باو و چەسپاوەکانی سەبارەت بەوەی کە هونەرمەند کێیە و کاری هونەری چییە و هەروەها چۆنیەتیی پرۆسەی کاری هونەری دەخاتە بەر پرسیارگەلێکی ڕیشەیی کە ئەو ژێرخانە باو و جێگیرەی هونەر پێشتر هەیبوو دووچاری هەڵوەشان و لێکترازان دەکات. هەروەها تێگەیشتنە باوەکانی مۆدێرنیزم بۆ هونەر و جوانی بەتاڵدەکاتەوە و بەم چەشنە قەڵەمڕە و چوارچێوەی هونەر جارێکی دی و بەپێی تێگەیشتنێکی دی سەر لەنوێ دادەڕێژێتەوە. هونەری چەمکگەرا هەر لەسەرەتادا وەک بزاوتێکی پرسیارکەر لەسەر بوونی خۆی وەک هونەرێک، خۆی بونیاد دەنێت و ئەرک و چوارچێوەی خۆی لەسەر بنەمای واتا و تێگەیشتنێکی چەمکگەرایانە نەک ئیستاتیکی دادەڕێژێت. هەر ئەمەش دەبێتە فاکتەری کاریگەر و پێناسی ئەم بزاوتە هونەرییە، واتە چەمکگەرایی.

سەبارەت بە واتای کۆنسێپتچواڵ ئارت؛ کە لە کۆنسێپەوە هاتووە، ئێدوارد لوسی سمیت لە فەرهەنگی زاراوە هونەرییەکاندا وەک بیرۆکە یاخود ئەو چەمکە سەرەکییەی کە واتا دەبەخشێتە بەرهەمێکی هونەری پێناسەی دەکات. لێرەدا چەمک دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی و بنەمایی بۆ

بونیادی کاری هونەری. هەروەها سۆڵ لویت لە ساڵی ١٩٦٧ بۆ یەکەم جار ئەم زاراوەیە لە وەسفی بەرهەمەکانی خۆی و هاوشێوەکانی بەکاریهێنا، بەرهەمگەلێک کە زەینی بینەری زیاتر لە چاو و هەست و سۆزی ئەو لا مەبەست بوو، بۆیە لەم تیۆرەدا وەک دەبینین کۆنسێپت و چەمک گرنگ و لە پێشینەن نەک چۆنیەتیی دەربڕینی ئەم چەمکە، هزر و بیرۆکەی هونەرمەند گرنگە نەک ئۆبجێکتی هونەری.

هەروەها سمیت سەبارەت بە هونەری چەمکگەرا سێ خاڵی سەرەکی دەخاتەڕوو کە پێیوایە دەبێت ئەم هونەرە پەیڕەوی لە یەکێک یان چەند خاڵێک لەم خاڵانە بکات؛ یەکەم هونەرێک کە هەڵگری بیرۆکەی بنەمایی بێت و نەتوانرێت لە چوارچێوەیەکی فیزیکیدا بەرجەستە بکرێت. دووەم هونەرێک کە زمان کەرەستەی سەرەکی هونەر بێت تێیدا و بە خستنە لاوەی بەربەستەکان لە نێوان هونەر و تیۆری هونەر پەیوەندی دروست بکات. سێیەم هونەرێک کە کرداری هونەرمەند ماهیەتبەخشی بەرهەمی هونەری بێت (کبیرزادە، ١٣٩٢، ١٦٤).

لەلایەکی ترەوە تێڕوانینەکانی جۆزیف کاسوت سەبارەت بە هونەری چەمکگەرا جێی سەرنجن، کاسوت لە کۆمەڵە بەرهەمەکانی هونەر وەک بیرۆکە، کە بریتییە لە کۆمەڵە تێکستێک کە لە سەر کاغەز چاپ کراون، لەلایەک بە ڕوونی جەخت لە خەسڵەتی گوزارشتئامێزی هونەر دەکاتەوە و لە لایەکی تریشەوە ڕوونیدەکاتەوە کە نابێت تێکستە چاپکراوەکان کە ڕاستین و بەرچاون بە کاری هونەری لەقەڵەمبدرێن، بەڵکو دەبێت بیرۆکەکان کە گوزارشت دەبەخشنە کارەکە بە هونەر بزانین. لێرەدا گوتار بە واتایەکی پەتی، جێی ناوەرۆکی کاری هونەریی پێشوو دەگرێتەوە کە چیدی لە گفتوگۆی ئیستاتیکیدا نابنە جێی هەڵسەنگاندن و بڕیاردان. لە دیدی کاسوتدا هونەری کۆنسێپچواڵی پەتی، دەبێت خۆی بپارێزێت لە هەر جۆرە گەڕانەوەیەک بۆ شێواز و کەرەستەی کارکردنی هونەری نەریتی و

تەنیا بە شێوەیەکی چەمکی خۆی دەربرِێت. کاسوت لە گوتاری هونەر دوای فەلسەفەدا دەڵێت، ناوازەترین پێناسەی هونەری چەمکی بریتی دەبێت لە لێکۆڵینەوە لە بنەماکانی چەمکی هونەر خۆی، هەر بۆیە خۆی لە دێرێکدا دەڵێت، تەنیا بانگەشی هونەر بۆ هونەرە، هونەر پێناسەی هونەرە(مارزونا، ١٣٩٦، ٧٤).

بۆیە ئالێرەوەیە کە جوانی وەک فاکتەرێکی کاریگەر لەگەڵ ئامرازە ڕازێنەرەوەکان و دارِشتنی باوی کاری هونەری هەموو وەلاوە دەنرێت لە پێناو بەرجەستەبوونی بیرۆکە و چەمک کە کۆنسێپچواڵ پێیوایە لە پێشترینە. لە کاری چەمکگەرادا ئامانج گەیاندنی بیرۆکەیەکی تایبەت و دیاریکراوە بۆ کەسی بەرانبەر، بۆیە ئامرازی گەیاندن دەکرێت هەر شتێک بێت کە ئەم بیرۆکەیە بگەیەنێت و هونەرمەند دەستکراوە دەبێت لە ئەنجامدانی، هەر بۆیە ڕێکارە هونەرییەکانی پێشوو بۆ پێکهێنانی کاری هونەری بابەتێکی ناپێویست دەبن و هونەرمەند بۆ گەیاندنی بیرۆکە و چەمکەکەی خۆی کەڵک لە هەر کەرەستە و ئامرازێکی گونجاو و جۆراوجۆر وەردەگرێت کە خۆیان ئۆبجێتکی ئامادەن و هونەرمەند هیچ جۆرە دەستکارییەکیان ناکات بە مەبەستی ڕازاندنەوە و کاریگەریی ئیستاتیکی بینەیی لای بەرانبەر، هەروەها فاکتەرەکانی زمان و گوتاریش بۆ گەیاندنی بیرۆکەکە وەک هۆکارگەلێکی چالاک و کاریگەر دێنە ناو کاری هونەرییەوە.

هونەری چەمکگەرا بە ڕەتکردنەوەی ئیستاتیکا و ئۆبجێکتی هونەری (دەستکرد و لەسەر بنەماکانی دارِشتنی هونەری پێشوو) بە مەبەستی گەیشتن بە مانای هەقیقی هونەر، دەستدەکات بە کنە و پشکنین لە واتا و چەمکی خودی هونەر و دەستکەوتنی ماهیەتی هەقیقی هونەری لا مەبەستە. ئەم بەخۆداچوونەوەیەی هونەرمەندانی چەمکی سەر لە فەلسەفە و زمانەوە دەردێنێت و بۆیە ئاوێتەبوونێکی تەواو لە نێوانیاندا

دروستدەبێت و هەروەک دەبینین زمان و فەلسەفە دەبێتە بەشێکی دانەبڕاوی کاری چەمکگەرایی، هەروەک جۆزیف کاسوت لە بۆچوونەکانی ئاماژەی پێدەدات و دەڵێت "هونەر ڕوونکردنەوەی هونەرە، یاخود هونەر هونەرە و تەنیا بۆ خۆی دەگەڕێتەوە"(کبیرزادە، ١٣٩٢، ١٤٩). بەم چەشنە جەخت لە سەربەخۆیی زمانی هونەر دەکاتەوە بۆ لێدوان لەسەر خودی خۆی. هەروەها لە گوتاری هونەر دوای فەلسەفە دیسان کاسوت دەڵێت "هونەر بەهەمان ئەندازە کە بیرۆکەیە، بیرۆکەیە"(هەمان) ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەوە دەگەیەنێت کە هونەر دەبێتە بابەتی خۆی و لێدوان لەسەر خۆی دەبێتە ئەرکی خۆی. لە لایەکی دیکەوە بە مەبەستی جەختکردنەوە لەبارەی گرنگیی چەمک و بیرۆکە لە هونەردا، سۆڵ لویت لە گوتارێکدا دەڵێت "بیرۆکە لە ناخی خۆیدا تەنانەت گەر بە شێوەیەکی بینەییش قابیلی نمایش نەبێت، بە بەرهەمێکی هونەری ئەژماردەکرێت. هەروەک چۆن بەرهەمێکی دروستکراو بە بەرهەمی هونەری ئەژماردەکرێت"(هەمان) ئەم لێدوانەی لویت جەختکردنەوەیە لە گرنگیی بیرۆکە لە پێکهاتەی کاری هونەری چەمکیدا و نیشانیدەدات کە کرۆکی کارەکە بریتییە لە چەمک و بیرۆکە نەک شتێکی تری لاوەکی، هەروەها ئۆبجێکتێکیش گەر هەبێت لە سەر هەمان بنەما و لە خزمەت هەمان بیرۆکەدا دادەمەزرێت .

لێرە بەدواوە هونەر واتا و پێناسەیەکی دی وەردەگرێت و بیرۆکە یاخود چەمک ناوجەرگە و چەقی کاری هونەری پێکدێنێت. هونەری چەمکی ڕەسەنایەتی دەبەخشێت بە هزر و چەمک و بەم شێوەیەش هەر شتێکی دی لە پێشینەی کاری خۆی لادەبات، وەک خەسڵەتە ڕواڵەتییە ڕازاوەییەکانی بەرهەمی هونەری، بەم چەشنە هاوشانی فەلسەفە و بگرە پێشڕەوتر لەویش لە بواری فیکر و ئەندێشەی هونەردا خۆی دەنوێنێت.

**٢-٥- هونەری چەمکگەرا لە ڕووی پێکهاتەوە**


سەرەتا پێویستە باسێک لە بونیادی کاری هونەری چەمکی بکەین لە ڕووی پێکهاتەوە، وەک ئاشکرایە بابەت و فۆڕم و ناوەرۆک سێ فاکتەری سەرەکین لە پێکهێنانی هەر کارێکی هونەریدا کە لە خوێندنەوە و تێگەیشتن لە کاری هونەریدا هەریەکە و هەڵگری کۆمەڵێک زانیارین. هەروەها بۆ لێدوانێکی ڕەخنەییانە و تێگەیشتن لە هەر بەرهەمێکی هونەری پێویستە سەرنجی وردی ئەم سێ فاکتەرە بدەین کە کارەکەی لێ بەرهەمهاتووە. لە کاری هونەری کلاسیک و مۆدێرندا ئەم سێ فاکتەرە نزیکن لەیەک و هاوچەشنن، بەڵام لە کاری هونەریی پۆست مدێرن و بە تایبەتی تر هونەری چەمکگەرا گۆڕانی بەسەردادێت، کە پێویستە سەرنج بدرێت. ئەم سێ فاکتەرە وەک پلانێک وان بۆ کارە هونەرییەکە و دواتر لە ڕێی ڕەگەزە بینەییەکانی وەک خاڵ و هێڵ و ڕەنگ و... بەرهەمەکە دێتەئاراوە.

ئەوەی باسکرا چۆنیەتیی پێکهاتەی کاری هونەرییە بە شێوەیەکی گشتی لە کارکردنی کلاسیک و مۆدێرندا کە خۆی لە چوارچێوەی ئۆبجێکتی دەستکرد و ئیستاتیکیدا دەبینییەوە و لە جۆری خۆیدا تایبەتمەندە، بەڵام بە هاتنی سەردەمی پۆست مۆدێرن جۆرێکی دی لە تێگەیشتن و کاری هونەری وەک هونەری چەمکگەرا دێتەئاراوە کە بە پێی بنەما و ئامانجەکەی هەڵگری خەسڵەتگەلێکی جیاوازە و بۆیە پێکهاتەیەکی دیش دەخوازێت بۆ بونیادنان و دەربڕین. ئەمە بەو واتایەی کە پێکهاتەیەکی نوێ بۆ بونیادنان و خوێندنەوەی کاری هونەریی چەمکگەرا گونجاوتر و کارسازترە.

جیاوازییەکی بنەڕەتی لە هونەری کلاسیک و مۆدێرن لە گەڵ هونەری چەمکگەرا ئەوەیە کە لە چەمکگەرادا ئۆبجێکتی هونەریی و ڕواڵەتە ئیستاتیکییەکەی کە لە چوارچێوەی فۆڕمدا خۆی دەنواند بەجارێ

نامێنێت و ئەو گرنگییەی پێشووی نامێنێت، ئەمەش لە پێناو بەرجەستەبوونی چەمکی کارەکەیە کە لە کارکردنی پێشوودا ئەو ڕۆڵەی نییە.

فاکتەرێکی دیکەی سێ فاکتەرە سەرەکییەکەی کارکردنی کلاسیک و مۆدێرن کە بریتییە لەوەی بابەت و بوونێکی بینراو و ڕوونی هەیە، لە چەمکگەراییدا جێی خۆی دەدات بە ناونیشان(تایتڵ) کە فاکتەرێکی بنەڕەتییە لە پێکهاتەی هونەریی چەمکگەرادا لە پاڵ هەردوو فاکتەری ئۆبجێکت و چەمکدا. فاکتەری بابەت ئەو کارایی و بەرجەستەییەی خۆی لە کارێکی چەمکیدا نابێت وەک لەوەی لە کارێکی کلاسیکیدا هەیەتی، ئەمەش کاتێک زیاتر ڕووندەبێتەوە کە لە بەرانبەر ئۆبجێکتێکی ئامادەی وەک تەوالێتەکەی دۆشان یاخود کورسییەکەی کاسوت ڕادەوەستینەوە کە لێرەدا ئەوەی ئۆبجێکتەکە لە کەرەستەیەکی ڕۆژانەی ئاسایی ژیان جیادەکاتەوە و وەک کارێکی هونەری دەیناسێنێت لە هەنگاوی یەکەمدا بریتییە لە ناونیشان کە ئەویش لە کۆنسێپتی کارەکەوە سەرچاوەی گرتووە. هەروەها ناوەرۆکیش کە پەیوەست دەبوو بە فۆڕمی کارەکەوە لە هونەری چەمکیدا جێی خۆی دەدات بە چەمک، بۆیە پێکهاتەی هونەری چەمکی بریتی دەبێت لە سێ فاکتەری سەرەکی و بونیادنەری وەک تایتل و ئۆبجێکت و کۆنسێپت، هەروەک لە وێنەکەی خوارەوەدا ئاماژەی پێدراوە کە هەر لە ڕێی ئەم پێکهاتەوە کاری هونەریی چەمکی بونیاددەنرێت و درکی پێدەکرێت و خوێندنەوەشی بۆ دەکرێت.




وێنەی شیکاریی پێکهاتەی کاری هونەریی چەمکی

لەبەر ئەوەی ئۆبجێکتەکە بە ئامادەیی دێتە ناو کاری هونەرییەوە و هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ هەمان ئۆبجێکتدا لە دەرەوەی دنیای هونەردا نییە و ئەو خەسڵەتەی کە وەریدەگرێت لە ڕێی بە ئەرک سپاردنی هونەرمەندەوەیە کە وەریدەگرێت نەک خودی ئۆبجێکتەکە. ئەوە ڕوون و ڕاستە کە هونەرمەند کارێکی پێشەیی و دەستی لەم چەشنە کارانەدا ئەنجامنادات، بەڵام بە وردبوونەوە لە کۆی پرۆسەکە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هونەرمەند لە نێوان فاکتەرە پێکهێنەرەکانی وەک ناونیشان و ئۆبجێکت و چەمکدا ڕێکخستنێک دروستدەکات لە سەر بنەمای بیرۆکەی سەرکیی کارە هونەرییەکە و پێویستی بە جۆرێک لە داڕشتن و هەماهەنگی دەبێت لە نێوان ئەم توخمە پێکهێنەرانەدا. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئۆبجێکتێکی ئامادە بە بێ پێبەخشینی هیچ ناونیشانێک لە چوارچێوەیەکی مەبەستداردا و بەتەنیا ناتوانێت هەڵگری واتایەکی دیاریکراو بێت کە هونەرمەند مەبەستیەتی، بە واتایەکی دی ئەم ئۆبجێکتە بەتەنیا ناتوانێت ئەو چەمک و واتایەی کە هونەرمەند خوازیاریەتی و کۆی کارەکەی لەسەر بونیادناوە بەرجەستەی بکات، چونکە هەمان ئۆبجێکت لە دەرەوەی دونیای هونەر و لە ژیانی ڕۆژانەشدا بە بێ جیاوازی هەیە، لەم

دۆخەشدا نە بە کارێکی هونەری تەماشادەکرێت و نە هەمان واتا و چەمک لەخۆدەگرێت، بۆیە ئەمە خۆی بەستراوەتەوە بەو بە ئەرک سپاردنەی هونەرمەند، ئەویش لە ڕێی ڕێکخستن و داڕشتنێکی گونجاو لە نێوان هەڵبژاردنی ناونیشان و ئۆبجێکت و چەمکی کارە هونەرییەکەدا. هەر ئەم ڕێکخستنەش دەبێتە هۆی سەرکەوتوویی کارەکە لە بەرجەستەبوون و دەربڕیندا وەک کارێکی هونەری.

لەلایەکی ترەوە ئەم ڕێکخستن و داڕشتنە مەبەستدارەی کە هونەرمەند کارەکەی لەسەر بناغە دەنێت، فۆڕمێکی زەینی و واتابەخش لە هزری بەرانبەردا دروستدەکات بەهۆی پەیوەندیی نێوان بەشەکان بەیەکەوە لە ڕووی ئاماژەوە. ئەم فۆڕمە فۆڕمێکی بینراو نییە کە پێویست بە توخمە بینەییەکان و داڕشتنی هونەری و توانای تەکنیکی بێت وەک لە کارکردنی پێشوودا هەبووە، بەڵکو فۆڕمێکی زەینییە و لە هزری بینەردا دروستدەبێت لە کاتی ئەزموونکردنی کارە هونەرییەکدا. ئەمە ئەو جۆرەیە لە فۆڕم کە لەلای کانت هەیە. کانت پێیوایە کە "فۆڕم بریتییە لەو شتەی کە زەین لە بینین و ئەزموونکردنی دیاردەیەک، بە شێوەیەکی چەمکی دروستیدەکات. بە بۆچوونی کانت فۆڕم خەسڵەتێکی زەینییە و ناچارمان دەکات شتەکان و دیاردەکان بە فۆڕمێکی تایبەت وەرگرین و درکی پێبکەین"(جمالی. ١٣٩٤. ١١). بە واتایەکی تر فۆڕم بریتی دەبێت لەو چەمک و واتایەی کە زەین لە ئەزموونکردنی دیاردەیەک پێماندەبەخشێت. ئەمە ئەو فۆڕمەیە کە زەین لە پەیوەندیی نێوان شتەکاندا و ئاماژە و واتاکانیاندا وەردەگرێت و لە لای خۆی بەرجەستەی دەکات وەک یەکەیەکی واتادار، کە ئەم فۆڕمە زەینییە و خەسڵەتی بینەیی نییە، هەر ئەم فۆڕمەشە لە کاری هونەری چەمکیدا لە بەرجەستەکردن و واتابەخشیدا ڕۆڵدەگێرێت و ئەو توانایە بۆ وەرگر فەراهەمدەکات کە ئەزموونی کارێکی لەم چەشنە بکات و سەرەنجام درکی بکات و دواجار چێژبەخشیش بێت بۆی. ئەم فۆڕمە زەینییە توانای وێناکردن و

بەرخوردکردنمان لەگەڵ کارەکەدا بۆ فەراهەمدەکات و کەشێکی فیکریشمان بۆ دەخوڵقێنێت تا تاوتوێی چەمکە بەرجەستەبووەکانی کارەکە بکەین وەک بینەر. هەر ئەمەش ئەرک و ئامانجی کاری چەمکگەراییە کە بینەری کاری هونەری لە دۆخی حسی و ئیستاتیکییەوە بگوازێتەوە بۆ دۆخی هزری و بیرکردنەوە و هەر ئەمەش بە شایستەی بینەری خۆی دەزانێت لە بری ئەفسوونکردنی لە کەشێکی ئیستاتیکیی بینەییدا کە بە ڕێگری دەبینێت لەبەردەم بیرکردنەوەدا.

## ٥-٦- ئەزموونی ئیستاتیکی و هونەری چەمکگەرا

کاری هونەریی چەمکگەرا بە هۆی ئەوەی هەڵگری سیفاتی ئیستاتیکیی بینەیی نییە لە پێکهاتەی خۆیدا و هەروەها ئەمەش لە مەبەستیدا نییە، بۆیە ئەو ئەزموونە ئیستاتیکییەش نابەخشێتە بینەر کە لە کارێکی هەڵگری خەسڵەتی ئیستاتیکیدا هەیە وەک بەرهەمێکی کلاسیکی یاخود مۆدێرن، بەڵام کاری چەمکی لە ڕێکخستنی خۆیدا و بونیادنانی ئەو فۆڕمە زەینییە واتابەخشەی کە دروستی دەکات، هەڵگری خەسڵەت و چێژێکی تایبەتە بۆ بینەر کاتێک ئەم کارە ئەزموون دەکات و لە میانەی پڕۆسەی ئەزموونەکەشدا بینەر کە دەگاتە درکپێکردنی واتا و چەمکی کارەکە لەم چێژە بەشدار دەبێت و دواجار بڕیاری جوانبوونی کارەکە لە لای خۆیەوە دەردەکات. ئەم چێژە هەمان چێژی بێلایەن و ئیستاتیکییە کە پێشتر باسی لێوە کرا. ئەم چێژە گەرچی خەسڵتێکی بینەیی و ڕواڵەتییانەی نییە، بەڵام چێژێکە لە ئاکامی درک و تێگەیشتنی فۆڕمە زەینییەکەدا پێی دەگەین، کە کارەکە لە خۆی دەگرێت.

جۆن دیوی بیرمەندی هاوچەرخ لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی "هونەر وەکو ئەزموون" بە وردی باس لە ئەزموون و ئەزموونی ئیستاتیکی و هەروەها ئەزموونی هزری و پەیوەندیی نێوانیان دەکات. دیوی لە باسەکەیدا سەبارەت بە ئەزموون دێتە سەر باسی ئەزموونی هزری و

فیکری لای تاک و بە ئەزموونێکی تایبەت و کامڵ و یەکتا باسی دەکات و دەڵێت "ڕامان و بیرکردنەوەگەلێکی ورد و هەستیار هەن کە زاناکان و بیرمەندان، بە مانای تەواو و ڕێک وەک ئەزموون باسی لێوە دەکەن، کە ئەم ئەزموونانە لە واتای کۆتاییاندا ئەزموونی هزرین. هەروەها تێفکرین و هزرین لە چوارچێوەی وێناکان (ئایدیاکان) دێتەئاراوە و بەردەوامیی هەیە"(دیوی، ١٣٩١، ٦٢). دیوی وەک ئەزموونەکانی دیکەی مرۆڤ باس لە ئەزموونی هزریش دەکات کە چۆن لە ناو خۆیدا و لە یەکگرتنی بەشەکانیدا وێنایەکی گشتی و هزرینێکی قوڵ پێشکەش دەکات، کە ئەمە خۆی وەک ئەزموون بۆ تاک پڕبایەخە و بێ پەیوەندیش نییە بە ئەزموونی ئیستاتیکی و کاری هونەریی چەمکیەوە کە ئەزموونێکی هاوشێوە لەخۆیدەگرێت، ئەمەش لەو ڕووەوە دێت کە هونەری چەمکی خۆی لەسەر بنەمای هزر و چەمک بونیاد دەنێت، هەر بۆیە هەڵگری ئەزموونێکی هزریش دەبێت بۆ بینەر. هەروەها باس لەو ڕەوتە دەکات کە ئەزموونی هزری لە خۆیدا دەیبێت و دەگاتە لوتەکە و واتابەخشیی ئەزموونەکە. دیوی لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت "کاتێک باس لە ئەزموونی هزری دەکەین، دەڵێین دەگەین بە ئەنجام. لێکدانەوەی ئەم ڕەوتە وایە کە لێکچوونی دەرەنجام بە قۆناغی لوتکەی هەر ئەزموونێک بچوێنین. ئەم ئەزموونە، هاوشێوەی ئەزموونی بینینی زریانە، کە دەگاتە لوتکەی خۆی و دواجار وردە وردە دادەمرکێتەوە" (هەمان، ٦٣). ئەمە ئەزموونی جوڵەیەک دروستدەکات کە بەردەوامی هەیە لە گەیشتن بە لوتکە و دامرکانەوە، لەم ڕەوتەدا دەرەنجام و سەرەنجام بەشێکی جیا نییە لە ئەزموون و هەروەک دیوی دەڵێت دەرەنجام خاڵی لوتکەی ئەزموون و جوڵەکەیە. ئەمەش هاوشێوەی ئەو ئەزموونەیە کە لە ئاست کارێکی چەمکیدا دەمانبێت لە ئەنجامی درکپێکردنی ئەو فۆڕمە زەینییەی کە لە پەیوەندی فاکتەرە پێکهێنەرەکان دێتە ئاراوە و بینەریش پاش زنجیرەیەک پەیوەندی و لە میانەی ڕەوتی ئەزموونەکە دەگاتە دەرەنجام و لوتکەی ئەزموونەکە کاتێک واتا و چەمکی کارەکە لە میانەی فۆڕمە

زەینییەکە خۆی ئاشکرا دەکات و دواجار ئەم ئەنجام و بە لوتکە گەیشتنە و ئاشکرابوونە دەبێتە مایەی چێژی ئیستاتیکی لای بینەر، کە لە میانەی پرۆسەیەکی هزری و زەینیدا پێی دەگات.

دیوی سەبارەت بە ئیستاتیکیبوونی ئەزموونی هزری دەڵێت؛ ئەزموونی هزری یەکەی ئیستاتیکیی خۆی هەیە و جیاوازیشی لە چاو ئەزموونی ئیستاتیکیدا تەنیا لە ڕووی کەرەستەوەیە، کە کەرەستەی ئەزموونکردنی هونەرە جوانەکان بریتییە لە ئەو کەیفییەتە بینەییەی هەیانە و کەرەستەی ئەزموونی هزریش بریتین لەو هێما و نیشانانەی کە کەیفییەتێکی زاتیی خۆیان نییە، بەڵکو نوێنەری شتگەلێکن کە ڕەنگە لە ئەزموونێکی دیدا بە جۆرێکی دی ئەزموون بکرێن. ئەمەش جیاوازی دروستدەکات و هەر ئەمەش یەکێکە لەو بەڵگانەی کە ئاشکرای دەکات بۆچی هونەرێک کە بە ڕەهایی هزرییە هەرگیز بە ئەندازەی میوزیک پەسەندی گشتی و هەمووان نییە. ئەمە لە کاتێکدایە کە هەردوو ئەزموونی ئاسودەبەخش و کامڵ و یەکپارچەیان هەیە کە لە ڕێی جوڵە و ڕەوتێکی ڕێکخراو و داڕێژراودا دێنەدی. ئەم پێکهاتە هونەرییەی ئەزموونی هزری یەکسەر هەستی پێ دەکرێت و تا ئەو کاتەش کە ئەم پێکهاتەیە بەم چەشنەیە، پێکهاتەیەکی ئیستاتیکییە. هەروەها دیوی ئەو کەیفییەتە ئیستاتیکییەی کە لە ئەزموونی هزریدا هەیە بە گرنگ باسی دەکات و دەڵیت؛ گرنگتر ئەوەیە کە ئەم کەیفییەتە نەک تەنیا هۆکارێکی گرنگی سەرقاڵی هزری و برەودانیەتی، بەڵکو هیچ چالاکییەکی هزری تەواو و کامڵ نییە مەگەر ئەوەی کە بەم کەیفییەتە کامڵ بکرێت و بەبێ ئەو هزرین بە ئاکام ناگات. هەروەها دەڵێت لە کۆتاییدا ناکرێت بابەتی ئیستاتیکا لە ئەزموونی هزری بە تەواوی جیابکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەزموونی هزری بۆئەوەی ئەزموونێکی کامڵ بێت دەبێت خەسڵەت و سیفەتی ئیستاتیکی هەبێت (هەمان، ٦٤). لێرەدا بە ڕوونی ئەوە دەبینین کە پەیوەندیی نێوان ئەزموونی هزری و ئەزموونی ئیستاتیکی پەیوەندییەکی پتەو و واتابەخشە

کە ئەزموونی هزری بێ خەسڵەتی ئیستاتکیی نییە و ئەمەش لە کارێکی چەمکیدا تەواو جێی خۆی دەکاتەوە و گونجاوە. هەروەها ئەوەمان لا ڕووندەبێتەوە کە لە کاری چەمکیدا سەرەڕای نەبوونی فاکتەر و کاریگەرییەکانی ئیستاتیکای بینەیی، بەڵام دەکرێت ئەزموونێکی ئیستاتیکی بکەین، کە خۆی ئاوێتەی ئەو ئەزموونە هزرییە کردووە کە لە ئاست کارەکەدا دەمانبێت.

لە ئەنجامدا دەبینین کە کاری هونەریی چەمکگەرا بەهۆی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییەی هەیەتی، هەڵگری هەردوو ئەزموونی ئیستاتیکی و ئەزموونی هزرییە، کە ئەم دووانەش پەیوەست و ئاوێتەی یەکن، بەڵام ئەم ئیستاتیکایە ئیستاتیکایەکی بینەیی نییە و لە ڕێی کاریگەرییە بینەییەکانی ئۆبجێکتەوە و لە ڕێی ڕازاندنەوە و داڕشتنی توخمە بینەییەکانەوە بێتەدی، بەڵکو ئیستاتیکایەکی درکپێکراوی زەینییە کە لە ڕێی پرۆسەیەکی زەینی و هزری دێتەدی هەروەک ئەو خەسڵەتە ئیستاتیکییەی کە لە ئەدەب و دەقێکی ئەدەبیدا ئەزموونی دەکەین، کە ئەویش بەهەمان شێوە ئیستاتیکایەک نییە هەڵگری خەسڵەتی بینەیی بێت و ئەویش لە پێکهاتە و داڕشتنی بەشەکانی خۆیدا کە پێکهاتەیەکی زهنییە نەک بینەیی هەڵگری خەسڵەتی ئیستاتیکی دەبێت، بۆیە لێرەوە درک بەو پەیوەندییە دەکەین کە لە نێوان ئەزموونی ئیستاتیکی و کاری چەمکیدا هەیە گەرچی کاری چەمکیی هەڵگری هیچ ئیفێکتێکی ئیستاتیکیی بینەیی نییە و ئەمەش لە شیکاریی نموونەکاندا ڕوونتر دەبێتەوە.

## ٣- شیکاریی دوو نموونەی کاری هونەریی چەمکگەرا لە هەرێمی کوردستاندا




نموونەی (١)

ناونیشان: بێناونیشانەکان

ئۆبجێکت: کێلی قەبر

کۆنسێپت: ناونیشان بەخشین بە پرسێکی بێناونیشان

هونەرمەند: ئەحمەد نەبەز

ڕێکەوتی بەدیهاتن: ٢٠٢١

شێواز: چەمکگەرا

ژانر: ئینستەڵەیشن

قەبارە: ١٠ X ١١م

شوێنی نمایش: هەولێر- گەلەری جیهان

**ستەیتمێنت:**

*گۆڕستانی ژنە کوژراوەکان... لە کۆتایی ئەم سەدەیە گۆڕستانێکمان لێ جێدەمێنێت، بێ ناو، بێ ناونیشان، بێ زیارەتکاران کە پڕە لە چیرۆکی دڵتەزێن و لاشەی کوژراوی ژنان، گۆڕەکانیان بێناز و ناڕێک بە گڵ داپۆشراون، لە بەشی سەرەوە و خوارەوەی هەر گۆڕێکدا دوو کێلە بەردی خوار و ناڕێک دانراوە کە هیچ ناوێک، یان ڕێکەوتێکیان لەسەر تۆمارنەکراوە، تەنها ژمارەیان لەسەر نووسراوە بە بۆیەی ڕەش و سوور، زۆربەی قوربانییەکانی ئەم گۆڕستانە ئەو ژنانەن کە قوربانیی کلتوور و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ئاینین لەژێر ناوی شەرەف لەلایەن کەسوکار و عەشیرەت و کەسانی نەناسراوەوە کوژراون، لاشەکانیان لە چۆڵەوانی و ناو شاخ و قەراغ ڕێگا دوورەکان فڕێدراون، دواتر لەلایەن شارەوانییەوە نێژراون، تەنانەت دوای کوشتنیشیان گۆڕەکانیان جیاکاریی لەگەڵدا دەکرێت و تێکەڵ بە مردووەکانی دیکە ناکرێن و بڕیاری دوای کوشتنیشیان لەسەر دەدرێت، بە جۆرێک لە ناوی خۆیشیان بێبەش دەکرێن، تەنها ژمارەیەک دەخرێتە سەر گۆڕەکانیان لەلایەن شارەوانییەوە.*

**باسکردن:**

بێناونیشانەکان کارێکی ئینستەڵەیشنی هونەرمەند ئەحمەد نەبەزە کە لە ساڵی ٢٠٢١ لە شاری هەولێر لە گەلەری جیهان نمایشکراوە، کۆی کارەکە بریتییە لە کۆمەڵێک کێلی قەبر لە قەبارە و ئەندازەی جیاواز لە نێوان ٨٥ بۆ ١٢٠ سم بەرزی کە ژمارەیان ٣١ دانە دەبێت و بە فراوانی هۆڵەکە لە ئەندازای ١٠ بە ١١م دانراون و جێگیرکراون. مەتریاڵی کێڵەکان بریتییە لە بەردی سروشتی و لەسەر هەر کێڵێک ژمارەیەک بە ڕەنگی

ڕەش بەدیدەکرێت. کێڵەکان بێجگە لەو ژمارەیەی لەسەریانە هیچ ناو و هێما و ئاماژەیەکی دی لەخۆناگرن. کێڵەکان تەواوی هۆڵەکە پڕدەکەنەوە و وەک ئۆبجێکتێکی ئامادە خۆیان نمایشدەکەن بە جۆرێک بینەر لە دیدی یەکەمدا خۆی لە نێو گۆڕستانێک بەرجەستەدەکات. کێڵەکان بە جۆرێک ڕێکخراون کە بینەر دەتوانێت بەناویاندا بگەڕێت و لە نزیکەوە تەماشایان بکات.

**شیکردنەوە:**

بینەر بە چوونەژوورەوە بۆ ناو هۆڵی نمایشی کارە هونەرییەکە دووچاری هەڵوەستە و تێڕامان دەبێت لە ئاست کۆمەڵە کێڵێکی ستوونی کە وەک ئۆبجێکتێکی ئامادە و بێ دەستکاری لە ناو هۆڵێکی شیک و لەسەر ڕووتەختێکی کاشیکراودا وەکو واقیعکی خۆسەپێن هەموو هەڵتۆقیون. پاش ساتێک لە هەڵوەستەکردن بینەر وێنای گۆڕستانی بۆ بەرجەستە دەبێت لە ڕێی کێڵەکانەوە و کێڵەکان ڕایدەکێشنە ناو کارەکە و ناچاری زیارەت و گەڕان بەدوای شوناسی خاوەن کێڵەکانی دەکەن. هەر ئەم ڕێکخستنەش بۆ کارەکە بینەر دەکات بە بەشێکی چالاک و بزواوی کارە هونەرییەکە کە دەرەنجامی گەڕان و عەودالییەکەی جگە لە کۆدێکی نووسراوی سەرکێڵەکان چیدی نییە. کێڵە بەردینەکان فەزای هۆڵەکە داگیردەکەن و لە ڕێی کاریگەرییەکانی مەتریاڵەوە بۆ بینەر کۆنتراستێک دروستدەکەن، وەک مەتریاڵی پێکهاتەی خودی هۆڵەکە کە دیواری گەچکراو و کاشی و شوشەکرا و ڕووناکییە و مەتریاڵی کێڵەکانیش بەردی سروشتین. کێڵەکان لە ڕێی ئەندازەی کورت و درێژیانەوە ڕیتم و جوڵەیەکی بەردەوام دەبەخشنە کارە هونەرییەکە.

**ڕاڤەکردن:**

بەرکەوتەی یەکەمی بینەر لەگەڵ کارەکەدا کە هەڵگری هەڵوەستە و شۆکێکە لە ڕێی هێنانە ناوەوەی گۆڕستانێک بۆ ناو هۆڵێکی نمایشی هونەری، کە فەزاکەی پڕە لە زیندویێتی و ژیاندۆستی، دەسبەجێ بە کۆمەڵە پرسیارێک (بۆ نموونە، گۆڕستان لێرەدا چی دەکات) زەینی بینەر سەرقاڵی خۆی دەکات، کە ئاماژەی خستنەوەیاد و ناساندن و گرنگیی چەمک و واتای کارە هونەرییەکە لای بینەر دروستدەکات. کێڵەکان بەهۆی ڕێکخستن و بەرجەستەکردنی خۆیان بینەر پەلکێشی نێو کارەکە دەکەن و دەیکەنە بەشێک لە ئۆبجێکتە هونەرییەکە و بەم هۆیەشەوە زەینی زیاتر گیرۆدەی گەڕان بەدوای ناسنامە و شوناسی خاوەن کێڵەکان دەکات وەک سروشت و نەریتی ئاسایی هەر سەردانێکی گۆڕستان. ئەمەش ئاماژەی گرنگیدان و ناساندن و ئاشکراکردنی زیاتری بابەتەکەیە کە خۆی لە ڕاستیدا بە پێچەوانەوەیە. بەو کۆنتراستەی کە لە ڕێی ئۆبجێکتەکە و شوێنی نمایشەکە دروستدەبێت کە لە ڕاستیدا کۆنتراستی ژیان و مەرگە و بینەر دووچاری ڕامان و هەڵوێستە دەکات لەسەر بابەتەکە کە خۆی بە پێچەوانەوە لە واقیعدا ئەم بابەتە بابەتێکی فەرامۆشکراو و داپۆشراوە لە ناو کۆمەڵگادا و هەروەها ئەم بەرجەستەکردنە خۆی ئاماژەی ناونیشان بەخشین بە کارەکە دەدات لە ڕێی هێنانە ناو خەڵک و خستنە بەرباسی بابەتەکە. دواجار هونەرمەند لە ڕێی ڕیتمی کێڵەکان و جوڵەی بینەر وەک بەشێک لە ئۆبجێکتەکە، زیندوویێتی بۆ پرسەکە دەگێڕێتەوە و وەک پرسێکی لەیادنەچوو بەرجەستەی دەکات و هەر ئەمەش تاکە ئاماژەی بەردەوامی و ژیانە لەم گۆڕستانەی کە هاتووەتە ناو خەڵکی و چاوەڕوانی بەسەرکردنەوە و دیداردەکات.

**ئەزموونی ئیستاتیکیی کارەکە:**

لە ڕێی ئەو فۆڕمە زهنییەی کە لە پەیوەندیی نێوان پێکهاتەی کارەکە وەک  ناونیشان و ئۆبجێکت و کۆنسێپت، بەرهەمدێت، بینەر لە دۆخێکی زەینی و هزریدا پەیوەندی لە نێوان بەشەکان هەستپێدەکات و ئەزموونی دەکات. ئەم فۆڕمە فۆڕمێکی بینەیی نییە و وابەستەی ڕازاندنەوە و ئیستاتیکای بینەییش نابێت، بەڵکو فۆڕمێکی تەواو زەینییە و کاتێک بینەر لە دۆخی ئەزموونکردندا درکی پێدەکات وەک فۆڕمێک (لە ڕێی پەیوەندیی بەشەکان)، ئەو کات بە چێژێکی بێلایەن دەگات و بێ مەبەست کە ئەم چێژە چێژی ئیستاتیکییە و ئەو کاتەی کە لای خۆیەوە بینەر دەگاتە دۆخی داوەریکردن بڕیار لە جوانبوونی کارەکە دەدات، بۆیە لە کاری بێناونیشانەکان سەرەتا ناونیشانی کارەکە ئاماژەیەکمان دەداتێ ئاراستەی ئۆبجێکتەکەمان دەکات، پاشان کە ئۆبجێکتەکە دەبینین ئەویش لە ڕواڵەتدا هەمان ئاماژەیە بۆ بێناونیشانبوون و پاشان ئاراستەی چەمکی کارەکەمان دەکات کە ناونیشان بەخشینە بە پرسێکی بێناونیشان و هەمان ئاماژەش لە ئەزموونکردنی کارەکە بۆ بینەر دێتەدی. بەم چەشنە دەبینین پاش کامڵبوونی فۆڕمە زەینییەکە و درکپێکردنی چۆن دەتوانین چێژ لە کارە هونەرییەکە وەربگرین کە ئەم چێژە خۆی چێژێکی ئیستاتیکی و بێلایەن و سەربەخۆیە. ئەمە لە کاتێکدایە کە سەرەڕای ئەم ئەزموونە کارەکە هەڵگری ئەزموونی مەعریفیشە بۆ بینەر لە ڕێی ئەو چەمک و واتاوە، کە دەبێتە گوتارێکی مەعریفی و هزری لای بینەر.



نموونەی (٢)

ناونیشان: کیوبی ڕەش

ئۆبجێکت: جلوبەرگ، پێڵاو، ئاسن، دار، ڕەنگی ڕەش، دەنگ.

کۆنسێپت: تراوما و یادەوەری و شوێن لە فۆڕمی هونەریدا

هونەرمەند: علی ڕەزا گەرمیانی

ڕێکەوتی بەدیهاتن: ٢٠١٩

شێواز: چەمکگەرا

ژانر: ئینستەڵەیشن

قەبارە: ٣ م بەرزی و ١٢م پانیی

شوێنی نمایش: هەولێر هۆڵی میدیا

**ستەیتمێنت:**

*بیرەوەرییەکانی لم، وێناکردنی یادەوەری کارەساتی ئەنفال و جینۆسایدکردنی کوردە، کە بە لێشاو و بە کۆمەڵ لە بیابانەکانی خوارووی عیراق، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٧- ١٩٨٨ بە زیندوویی بۆ ژێر لم زیندەبەچاڵ کران. لە کارەکەدا هەوڵدراوە دووبارە وێناکردنەوەی هەمان ئەو شوێنەی کە کارەساتەکەی تێدا ئەنجامدراوە بەرجەستەبکرێت، بەڵام هەندێک گۆڕان یاخود جیاوازیی بەدیدەکرێت لە کارەکەدا، بە شێوەیەک لە شێوەکان کارەکە گرێدراوە بەو ژینگەیەی کە پرۆسەی ئەنفالی تێدا ئەنجامدراوە، بۆ ئەم مەبەستەش لم و جلوبەرگ، وەک کەرەستەی شوێن بەکارهێنراوە، کە ئاماژەن بۆ ئەمان و لەناوچوونی جەستەی قوربانیان، ئامانج لەم کارە بەبیرهێنانەوەی ئەو تاوانەیە کە دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامدراوە و هەروەها بەستنەوە و ئاشناکردنی نەوەی دوای تاوانی جینۆسایدە، هەڵبەتە ئەمەش بە ئامانجی بەرگرتن لە حاڵەتی لە بیرچوونەوە لە نێوانیاندا، هەروەها بەستنەوەی ڕابردوو بە ئێستاوە لە ڕێگەی ئەم کارە هونەرییانەی کە بەدیهاتوون.*

**باسکردن:**

کیوبی ڕەش ناونیشانی کارێکی ئینستەڵەیشنی هونەرمەند عەلی ڕەزا گەرمیانییە کە لە درێژەی پرۆژەی هونەریی بیرەوەرییەکانی لم لە هۆڵی میدیای هەولێر لە ساڵی ٢٠١٩ نمایشی دەکات. کیوبی ڕەش لە ئەندازە و قەبارەیەکی گەورە پانتایی هۆڵی نمایش داگیردەکات کە بەرزییەکەی بریتی دەبێت لە ٣ م و بە پانی ١٢م لە شێوەی بازنە بڵاوەدەکات بە نێو هۆڵەکەدا. کارەکە بە گشتی لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت؛ بە شێکیان کە شەشپاڵویەکی گەورەیە و ئەوی تریان بازنەیەکی فراوانە و دەوری

شەشپاڵوەکەی داوە. هەموو ئۆبجێکتەکە بە جلوبەرگی جۆراوجۆری منداڵ و ئافرەت و پیاوان داپۆشراوە کە ڕەنگی هەموویان ڕەش دەنوێنێت. سەرەڕای ئەو مەتریالانەی کە لە دروستکردنی ئۆبجێکتەکەدا بەکارهاتبوون بینەر بەردەوام گوێبیستی کۆمەڵێ دەنگ دەبوو، کە پێدەچوو لەناو شێوە شەشپاڵووەکەدا بێتەدەرەوە، دەنگەکان لە دەنگی تۆپ و تەیارە و قیژاندن و لاوانەوەی منداڵ پێکهاتبوون.

**شیکردنەوە:**

کیوبی ڕەش کە قەبارەیەکی گەورە لەخۆدەگرێت و فەزای هۆڵەکە داگیردەکات بینەر دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و کاریگەرییەکانیەوە. لە ڕێی بازنەی دەوری فۆڕمە شەش پاڵوەکە بینەر ئاراستەی سوڕانەوەی دەوری خۆی دەکات و دەیکاتە بەشێکی جوڵاو و زیندوو لە کارە هونەرییەکە. ڕەنگی ڕەشی کیوبە گەورەکە کە سەراپای داگیرکردووە کاریگەریی خۆی بەسەر بینەر جێدەهێڵێت کە لە جووڵەیەکی بەردەوامدایە بە دەوری کارەکەدا. لە لایەکی ترەوە مەتریاڵی زاڵی کارەکە بریتییە لە پۆشاک و جلوبەرگ کە قەبارەی هەموو کارەکە دادەپۆشێت، ئەم مەتریاڵە بەکارهاتووە بەردەوامە لە زیندووکردنەوەی یادەوەری لای بینەر کە لە نائاگایی خۆیدا هەڵیگرتووە و ئەم زیندووکردنەوەیەش هەست و سۆزی بینەر زیاتر بە کارە هونەرییەکەوە گرێدەدات. ئەمە لە کاتێکدایە سەرەڕای ئەم فاکتەرە بەهێزەی یادەوەری، کارەکە هەڵگری مەتریاڵی دەنگییە کە لە ڕێی لاواندنەوە و دەنگی تۆپ و تەیارە و قیژەوە ڕەهەندێکی قووڵتر دەبەخشێتە وێنای یادەورییەکە لای بینەر. کیوبی ڕەش لە ڕێی فۆڕمەکەیەوە کە فۆڕمێکی ئەندازەیی بیناسازییە و هەروەها ئەو بازنەیەیەی کە دەوری داوە، جوڵە و ئاراستەیەکی بەردەوام دەبەخشێتە بینەر، هەڵگری یادەوەری و چواندنی بەردەوامە لە زەینی بینەری خۆیدا.

**ڕاڤەکردن:**

بینەر هەر بە چوونە ناو هۆڵەکە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئۆبجێکتە هونەرییەکەدا کە قەبارەیەکی گەورە و زاڵی بەسەر بینەردا هەیە، ڕاستەوخۆ وێنای بینای کەعبەی موسوڵمانان دەکات لە زەینی خۆیدا، ئەویش بەهۆی لێکچوون و نزیکیی فۆڕمەکەوە لەم بابەتە، هەروەها ئامرازگەلێکی دیکە هەن کە ئەم وێنایە لای بینەر زیاتر بەرجەستە دەکەن وەک ڕەنگی ڕەش کە هەم بینای کەعبە ڕەش دەپۆشێت و هەمیش ئۆبجێکتەکە ڕەشی پۆشیوە، بەڵام دوو ڕەشپۆشینی جیاواز، لای یەکەمیان پۆشاکێکی پیرۆز و ئاسوودەبەخش بۆ بینەرانی و لای دووەمیشیان کە ئۆبجێکتەکەیە ئەم پۆشاکە پڕاوپڕە لە کارەسات و یادەوەریی ناخۆش بۆ بینەرەکەی، ئەویش لە ڕێی جلوبەرگی جۆراوجۆرەوە کە هەموو فۆڕمەکەی داپۆشیوە و یادەوەریی کارەساتی ئەنفال لای بینەر دروستدەکات. لەلایەکی ترەوە لە ڕێی فۆڕمە بازنەییەکەی دەوری کیوبەکەدا کە بینەر ئاراستەی سووڕان دەکات بەدەوری خۆیدا دیسان ئاماژەی سوڕان و تەوافی کەعبە لای بینەر دروستدەکات کە نەریت و ڕوکنێکی پیرۆزی ئاینی ئیسلامە. بینەر کاتێک سەرنجدەدات و لە کارەکە ڕادەمێنێت دەبینێت کە هەموو ئاماژەکان بەرجەستەکردنی دوو وێنەیە لای بینەر کە هەردووکیان هەڵگری یادەوەرین بۆی، یەکەمیان وێنەی کەعبە کە خۆی پیرۆزییەکی تایبەتی هەیە و مەراسیمی تەوافکردن کە ئەرکێکی پیرۆزە لای موسوڵمانان بە تاکی کوردی موسوڵمانیشەوە، هەروەها وێنەی دووەم کە لای بینەر دروستدەبێت لە هەمان ئۆبجێکتدا وێنە و یادەوریی کارەسات و قڕکردنی(ئەنفال) میللەتی کوردە لە هەمان فۆڕمی پیرۆزدا لای بینەر بەرجەستە دەبێت، ئەمەش خۆی ئاماژەیەکی بە مەبەست و دیارە لە لای هونەرمەندەوە کە لە ڕێی ستەیتمێنتی کارە هونەرییەکەدا بە ڕوونی هەستیپێدەکەین. کۆی گشتیی کارەکە هەڵگری کۆنتراستێکی بەهێزە لە

بەرجەستەبوونییدا. ئەویش ئەوەیە کە بینەر لە تەوافکردنی ئەم کەعبەیەدا لەبری هەستی ئارامی و ئاسوودەیی و دۆخێکی ڕووحی و ئیمانی، دۆخێکی پڕ لە تراژیدی و کارەسات و قڕکردن لە یادەوریدا زیندوو دەبێتەوە ئەم دۆخەش بە هۆکاری ئەو دەنگەی لەناو فۆڕمەکەوە دەیبیستێت بەهێزتر و کاریگەرتر دەبێت، بۆیە ئەم تەوافە لە سایەی ئەم کەعبەیەدا زۆر جیاوازتر و پڕ ئازارە و هەڵگری یادەوەرییەکی تاڵ و مەرگەساتە بۆ بینەر، ئەم خاڵەش جێی مەبەستی هونەرمەندە کە لەم چواندن و کۆنتراستەدا ڕەخنەی ئەوە دەکات کە کارەسات و تراژیدیایەکی وا لە سایە و لە ژێر ناو و شوێنێکی وا پیرۆزدا هاتۆتەدی، ئەمەش خۆی پرسیارێکی جدی لای بینەرەکەی دەورووژێنێت.

**ئەزموونی ئیستاتیکیی کارەکە:**

لە ڕێی پەیوەندیی نێوان پێکهاتەی فۆڕمی زەینی کارەکەوە کە فاکتەرەکانی وەک ناونیشان و ئۆبجێکت و کۆنسێپت ئەو فۆڕمە بەرجەستە دەکەن لە لای بینەر، دەکرێت ئەزموونی کارەکە بکرێت و ئەو پەیوەندی و ئاماژانەی لە نێوان فاکتەرەکاندا هەیە درکی پێبکرێت، بۆیە ناونیشان ئاراستەی ئۆبجێکتمان دەکات و ئۆبجێکتیش ئاراستەی کۆنسێپتی کارەکەمان دەکات و دواجار بینەر لە زەینیدا لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییە ڕێکخراوەدا فۆڕمێکی زەینی واتادار بەرجەستە دەبێت و ئیدراک دەکرێت. ئەم ئیدراک و تێگەیشتنەش بۆخۆی هەڵگری چێژێکی بێلایەن و سەربەخۆیە کە لە ئاکامی درککردنی فۆڕمە زهنییەکەوە دێتەدی، نەک بەهۆکاری ئیستاتیکیبوونی کارە هونەرییەکە، چونکە ئۆبجێکتەکە لە خۆیدا هەڵگری هیچ خەسڵەتێکی ئیستاتیکیی بینەیی نییە بۆ بینەر، هەر بۆیە ئەو چێژەی ئەزموونی دەکەین دەکرێت بڵێین چێژێکی ئیستاتیکییە کە لە ئەنجامی پرۆسەیەکی زەینی و هزریدا دێتەدی، نەک کاریگەربوونمان بە خەسڵەتێکی ئیستاتیکیی بینەیی هەر ئەمەیشە وادەکات

بینەر پاش ئەزموونکردنی کارەکە، بڕیار لە جوانبوونی کارەکە لای خۆیەوە دەربکات و دواجار دەڵێت کارێکی جوانە. دەبێت ئەوەش بڵێین کە لەپاڵ ئەم ئەزموونە کارەکە بۆ بینەر هەڵگری ئەزموونێکی هزری و مەعریفیشە کە لە ڕێی ئەو چەمک و واتایەوە دەیبەخشێت، دێتەدی.

**ئەنجام:**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

سەرەڕای نەبوون و گرنگینەدان بە ئیفێکتێکی ئیستاتیکیی بینەیی لە کاری چەمکگەرادا، بەڵام کاری هونەریی چەمکگەرا بێ پەیوەندی نییە بە ئەزموونی ئیستاتیکییەوە، بەڵام ئەو ئیستاتیکایەی کە لە کاری چەمکیدا ئەزموونی دەکەین ئیستاتیکایەکی بینەیی نییە و بەڵکو کاریگەری و ئیفێکتەکانی زەینی و هزرین.

لە کاری چەمکگەرادا لە سەر بنەمای گرنگیدان بە لایەنی هزریی کارەکە خەسڵەتە ئیستاتیکییە بینەییەکانی کارەکە وەلاوە دەنرێت، هەروەک چۆن لە هەردوو نموونەی کیوبی ڕەش و بێناونیشانەکان بە ڕوونی هەستیپێدەکرێت.

لە شیکاریی هەردوو نموونەدا ئەوە دەبینین کە بینەر سەرەڕای ئەزموونی ئیستاتیکیی کارەکە کە لە ڕێی فۆڕمە زهنییەکەوە پێیدەگات، کارەکە هەڵگری ئەزموونی هزری و مەعریفیشە بۆ بینەر، کە ئەم بابەتە خەسڵەتێکی بنەمایی کاری چەمکییە.

هەروەک چۆن لە کاری بێناونیشانەکان بە ڕوونی هەستی پێدەکەین (کە خۆی لە ئۆبجێکتێکی ئامادەدا دەبینێتەوە)، لە کاری چەمکیدا

هونەرمەند ئەو ڕێکخستن و دارِشتنە باوە ئەنجامنادات بۆ کارە هونەرییەکە کە بۆ کاری هونەری کلاسیک و مۆدێرن ئەنجامدەدرێت، بۆیە ئەم چەشنە لە کارکردن خۆی نابەستێتەوە بە توانا و تەکنیکی کارکردنی هونەرییەوە ئەوەندەی وابەستەی لایەنی هزری و چەمکیی کارەکەیە.

لە هەردوو نموونەکەدا بابەتی چالاکبوونی بینەری کارە هونەرییەکە بەرچاوە کە بینەر دەبێتە بەشێکی جوولا و دانەبڕاو و هەندێجار تەواوکەری کارەکە، ئەم خەسڵەتەش لە تایبەتمەندییەکانی هونەری چەمکگەرایە.

هەروەک چۆن هەردوو هونەرمەندی خاوەن کارە هونەرییەکان کاریان لەسەر کردووە، هونەرمەند لە کاری چەمکیدا ئەوەندەی هزری بینەر دەکاتە ئامانج، هێندە گرنگی بە کاریگەرییە بینەییەکان نادات و چاوی بینەری لا مەبەست نییە. ئەمەش ڕەهەندێکی دیکەی ئیستاتیکامان نیشاندەدات کە وابەستەی کاریگەرییە بینەییەکان نییە، بەڵکو ڕەهەندێکی هزریی هەیە.

**سەرچاوەکان:**

**کتێب**


- پارکر، دی ویت. (١٣٩٩)، مبانی زیبایی شناسی، ترجمه ڕحیم کوشش، چاپ دوم، تهران: نشر سبزان.

- پگلر، کنت. (١٣٩٧). پرسشهای بزرگ در زیبایی شناسی، ترجمه، محسن کرمی. چاپ دوم، تهران: نشر کرکدن.

- جمالی، مریم. (١٣٩٤). مقدمه‌ای بر مفهوم فرم و فرمالیسم در هنر مدرن. فصلنامه جستارهای فلسفی، ١١، ٢٨: ٥-٣٣.

- جوانلی، الکساندرو. (١٣٩٧). متفکران بزرگ زیبایی شناسی. تجمه، امیر مازیار و دیگران. چاپ سوم، تهران: نشر لگا.

- دیوی، جان. (١٣٩٣). هنر به منزله تجربه. ترجمه مسعود علیا، چاپ دوم، تهران: نشر ققنوس.

- گیج، مارک. (١٤٠٠). نظریه‌های زیبایی شناسی، ترجمه، احسان حنیف. تهران: نشر کتاب فکر نو.

- مارزونا، دانیل. (١٣٩٦). هنر مفهومی. ترجمه فاطمه عابدی، چاپ دوم، تهران: نشر آبان.


**توێژینەوەی بڵاوکراوە**


- امینی، مهدی. (١٣٩٤). لذت زیبایی شناختی و تمایز آن از لذت زیستی بررسی دیدگاه تۆماس اکویناس. فصلنامه پژوهشهای فلسفی-کلامی. ١٧، ٣: ١٢١-١٤٢.

**نامەی ماستەر و دکتۆرا**

- كبيرزاده، ليلى. (١٣٩٢). بررسى تصويرسازى علمى از جايگاه هنر مفهومى. پايان نامه كارشناسى ارشد، گروه ارتباط تصويرى، دانشكده هنر معمارى، دانشگاه آزاد اسلامى، تهران، استاد ڕاهنما: نادر موسوى فاطمى.

- محمد خانى، كيهان. (١٣٨٦). تبيين انديشه زيبايى شناختى كانت و دلالتهاى تربيتى آن. پايان نامه دكترى، دانشكده ڕوان شناسى و علوم تربيتى، دانشگاه تربيت معلم، تهران، استاد ڕاهنما: مير عبدالحسين نقيب زاده.

**چکیده:**

هنر مفهومی یکی از شاخه های هنر پست مدرن به شمار می رود و همانطور که از نامش پیداست مفاهیم و اندیشه از اصول بنیادین این هنر محسوب میشود. هنر مفهومی یکی از جذاب ترین و مهیج ترین هنرهای قرن بیستم بەشمار می رود که تمامی قوانین و مقررات هنر و نحوه عملکرد فرآیند هنری را زیر سوال می برد و زیرساخت مشترک و پایدار هنر را مختل میسازد. بنابراین، این تغییر در فرآیند تجربه و خوانش اثر هنری قابل توجه است. همان گونه که یک اثر کلاسیک یا مدرن، فرآیند تجربه زیبایی شناسانه را توسط بیننده طی می کند، یک اثر مفهومی نیز تجربه خاص خود را دارد.

هنر مفهومی مانند هنر کلاسیک و مدرن ساختار خاص خود را در بنیاد خود دارد و این ساختار در تجربه آن توسط مخاطب تأثیر گذار میباشد. در هنر مفهومی، اگرچه جلوه زیباییشناختیبصری وجود ندارد، اما در ساختار خود از فرمی ذهنی پیروی میکند. بنابراین ادراک این فرم توسط بیننده به لذت زیبایی شناختی می انجامد. از همین رو تجربه زیباییشناختی با این نوع هنر بیربط نیست، حتی اگر اثر بەعنوان شیء حاضرآماده در نمایشگاه بدون جلوەهای زیباییشناختیبصری، تزیین و سازماندهی ظاهری حضور یابد.

**کلمات کلیدی:** تجربه زیباییشناختی، لذت زیباییشناختی، هنر مفهومی، اینستالیشن، کانسپتچوال آرت.

**Summary**

Conceptual art is considered to be one of the branches of postmodern art and as its name suggests, concepts and thought are the main principles of this art. It is also one of the most fascinating and exciting arts of the 20th century, which questions all the rules and regulations of art and how the artistic process works and disrupts the common and stable infrastructure of art. Therefore, this change is remarkable in the process of experiencing and reading the work of art, just as a classical or modern work goes through the process of aesthetic experience for the viewer, the conceptual work carries its own experience.

Conceptual art, like classical and modern art, has its own structure in its construction, and this structure affects its experience by the audience. In conceptual art, although it does not carry a visual aesthetic effect, it carries a mental form in its structure, so the perception of this form becomes an aesthetic pleasure for the viewer. Therefore, aesthetic experience is not unrelated to this type of art, even if it does not carry any visual aesthetic effects, decoration and organization in appearance as a ready-made object when displayed in an art exhibition.

Keywords: aesthetic experience, aesthetic pleasure, conceptual art, installation, conceptual art.

https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2253.10

e-ISSN (2617-0752)    p-ISSN (2617-0744)

# میتاڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا (ڕۆمانی کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان بە نموونە)

پ. ی. د. سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی
زانکۆی سەلاحەدین/ بەشی زمانی کوردی
sangar.shekhmohammad@su.edu.krd

م. ی. دیار محمد کریم
زانکۆی نۆلج-کۆلێژی پەروەردە
diyar.kareem@knu.edu.iq

**پوختە**

ڕۆمانی کوردی هاوشێوەی ڕۆمانی جیهانی لەچاو ژانرە ئەدەبییەکانی تردا زۆر لە مێژ نییە پەیدابووە، بەڵام لەبەرئەوەی ژانرێکی ئەدەبیی کاریگەرە، بۆیە تا ئێستا چەند قۆناغێکی بڕیوە، دوا قۆناغ کە ڕۆمانی جیهانی پێیگەیشتووە، میتاڕۆمانە کە هەندێک بە ژانرێکی ئەدەبیی سەربەخۆی دەزانن و زۆرینەش بە فۆڕمێک لە فۆڕمەکانی ڕۆمانی دادەنێن.

ڕۆمانی کوردی هاوشێوەی ڕۆمانی جیهانی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و بگرە خێراتریش گۆڕانکارییەکانی تێدا دەرکەوتووە، ئێستا بەشێک لە ڕۆماننووسانی کورد کە ئەگەرچی ژمارەیان زۆر نییە، بەڵام بەرهەمەکانیان کاریگەرییان هەیە، سوود لە نوێترین تەکنیک و فۆڕم و شێوازی نووسینی ڕۆمان وەردەگرن.

کاروان کاکەسوور یەکێکە لەو ڕۆماننووسانەی لە ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)دا بە تەواوی پشتی بە شێواز و تەکنیکی میتاڕۆمان بەستووە و کارەکە بە جۆرێکە زۆرینەی زۆری ئەو تەکنیکانەی لە میتاڕۆماندا وەکو خەسڵەت دەستنیشاندەکرێن، لەم ڕۆمانەدا هەن.

وشە کلیلییەکان: ڕۆمان، میتاڕۆمان، جۆر، تایبەتمەندی، تەکنیکەکانی میتاڕۆمان

## میتاڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا (ڕۆمانی کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان بە نموونە)

### پێشەکی

بەو پێیەی میتاڕۆمان یەکێکە لە لێکەوتەکانی پۆستمۆدێرنیزم و لە ئەدەبی کوردیشدا سەرەداوەکانی پۆستمۆدێرنیزم وەدیارکەوتوون، بۆیە لە ئەدەبی کوردیدا میتاڕۆمانیش هاتووەتەوە ناوەوە و چەند بەرهەمێکی ڕۆمان بە شێوازی میتاڕۆمان نووسراون.

"ڕۆمانی کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان"ی کاروان کاکە سوور یەکێکە لەو بەرهەمانە و زۆرینەی زۆری ئەو تایبەتمەندییانەی بە زەقی تێدان کە وەک خەسڵەت و تایبەتمەندیی میتاڕۆمان دەستنیشانکراون، ئەمەش هۆکاری هەڵبژاردنیەتی.

### ناوەڕۆکی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکدێت، کە لە بەشە تیۆرییەکەی چەمکی میتاڕۆمان و مێژووی پەیدابوونی و تایبەتمەندییەکانی و چەمکی میتاڕۆماننووس... هتد ڕوونکراونەتەوە و کراونەتە بناغەیەک بۆ ئەوەی بەشی دووەمیان کە بەشە پراکتیکییەکەیە پێ لێکبدرێتەوە و لەوێدا زۆرینەی ئەو تایبەتمەندییانەی کە بۆ میتاڕۆمان دیارکراون لە ڕۆمانی کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان زیاتر لە نموونەیەکیان بۆ هێنراوەتەوە، ئەمەش مانای وایە میتۆدی ئەم توێژینەوەیە میتۆدێکی وەسفی-شیکارییە.

**گرنگیی توێژینەوە:**

وەنەبێت لە ئەدەبی کوردیدا ئەمە یەکەمین هەوڵی کارکردن بێت لەبارەی میتاڕۆمان، بەڵام بە دڵنیاییەوە بابەتێکی فراوانی وەک میتاڕۆمان دەکرێت چەندین توێژینەوەی لەبارەوە بنووسرێن، چونکە لە ڕەخنەی کوردیدا بابەتێکی نوێیە، هەروەها ئەم توێژینەوەیە ڕۆمانی کەناڵی مەیموونە چەکدارەکانیش وەک نموونەی ئەو ڕۆمانانە دەناسێنێت کە بە شێوەی میتاڕۆمان نووسراون.

**ڕێبازی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی- شیکاری کردووە و لە سەرەتادا تیۆرەکانی ناساندنی میتاڕۆمانی خستووەتەڕوو و دواتر نموونەی لە ڕۆمانی کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان بۆ هێناوەتەوە.

**پێداچوونەوە بە کارەکانی پێشوو:**

میتاڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا نوێیە و لە ڕەخنەی کوردیشدا نوێتر، بۆیە زۆر نین ئەو توێژینەوانەی لەبارەی ئەم تەکنیکەی نووسینی ڕۆماندا نووسراون. بە پێی گەڕان و بەدواداچوونی ئێمە، چوار توێژینەوەمان دەستکەوتوون کە لەبارەی میتاڕۆمانەوە نووسراون و لە خوارەوە کورتەیەکیان دەخەینەڕوو:

یەکەمین توێژینەوە کە لەبارەی میتاڕۆمان نووسرابێت و ئێمە دەستمان پێیگەیشتبێت، توێژینەوەیەکی "سابیر ڕەشید"ە، بە ناونیشانی "باڵندەکانی دەم با و هونەری میتاڕۆمان" کە تێیدا:

باسی ئەوە دەکات کە یەکەمین ڕۆمانی کوردی بە تەکنیکی میتاڕۆمان نووسرابێت "کاولاش"ی عەبدوڵا سەراجە کە لە ساڵی ١٩٩٧ نووسیویەتی.

بە کورتی باسی پێناسە و چەمکی میتاڕۆمانی کردووە و دواتر هاتووەتە سەر پڕاکتیزەکردن و دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی میتاڕۆمان لە ڕۆمانی "باڵندەکانی دەم با"ی "عەتا نەهایی"دا.

باسی چەند توخمێکی ڕۆمانی کردووە، لەوانە: کەسایەتی، کات، شوێن، ناونیشان بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەک لەنێوان ئەم تەکنیکانە و میتاڕۆمان دروستبکات، هەروەها لە ئەنجامەکەشدا کەمترین ئەنجامی لەبارەی میتاڕۆمانەوە نووسیوە (ڕەشید،٢٠٠٣،ل-١٣٣-١٥٩)

دوای ئەمە هەر "سابیر ڕەشید" لەبارەی تەکنیکی میتاڕۆمان لە ڕۆمانی "کاولاش"ی "عەبدوڵا سەراج" توێژینەوەیەکی نووسیوە کە تێیدا:

پێناسەی میتاڕۆمان دەکات و سەردەمی پەیدابوونی دەخاتەڕوو، بەڵام کەمترین زانیاری نووسیوە.

زۆر بە کورتی باسی میتاڕۆمان دەکات لە ئەدەبی جیهانیدا.

بەشێوەیەکی دروست نموونە لە ڕۆمانی کاولاشی عەبدوڵا سەراج دەهێنێتەوە و نموونەکانی گونجاون و لەجێی خۆیانن.

دوای ئەم دوو توێژینەوەیە "د. فوئاد ڕەشید" لە ژمارە (١٤١)ی گۆڤاری ڕامان کە لە ساڵی ٢٠٠٩ دەرچووە، توێژینەوەیەکی بە ناونیشانی تەکنیکەکانی میتاڕۆمان لە دەقی (ناوێ لەم تێکستە بنێ)دا" بڵاوکردووەتەوە کە بەڕای ئێمە وردترین توێژینەوەیە لەو توێژینەوانەی ئێمە دەستمان کەوتوون:

لە سەرەتادا بە وردی دەسپێکی پەیدابوونی چەمکی میتاڕۆمانی ڕوونکردووەتە.

بنەماکانی میتاڕۆمان لە چوار تەوەرە دەخاتەڕوو:

أ- پەیوەندیکردن بە خوێنەرەوە

ب- تۆبۆگرافیای دەق

ج-ئامادەبوونی ڕۆمان لەناو ڕۆماندا

د- ئامادەبوونی هۆشمەندیی ڕەخنەیی لە نێو ڕۆماندا

دواتر هەرچوار تەوەرەکەی لەسەر ڕۆمانی "ناوێ لەم تێکستە بنێ" پڕاکتیزەکردووە و نموونەی تەواوی بۆ ئەو چوار تەوەرە دەستکەوتوون کە لە بەشە تیۆرییەکەدا ئاماژەی پێکردوون.

لەبەر ئەوەی بۆ نووسینی توێژینەوەکە تەنیا پشتی بە سەرچاوەی کوردی و عەرەبی بەستووە، هەموو ئەو تەکنیک و تایبەتمەندییانەی دەستنەکەوتوون و باسی نەکردوون کە لە میتاڕۆماندا هەن و لە سەرچاوە ئینگلیزییەکاندا باسیان کراوە.

ساڵی ٢٠١٨ لە ٢١یەکەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژدا "بێستون عارف عەزیز" کە مامۆستای زانکۆی سلێمانییە توێژینەوەیەکی بە ناونیشانی "هونەری میتاڕۆمان لە ڕۆمانی گێلاسی خوێنی عەتا محەمەددا" بڵاوکردووەتەوە کە توێژینەوەکە لە ١٧ لاپەڕە پێکهاتووە، بەشێکی تیۆرییە و بەشێکی پڕاکتیک، لە بەشە تیۆرییەکەدا چەمک و پێناسەی میتاڕۆمان و مێژووی پەیدابوونی چەمکەکە خراوەتەڕوو، دواتر ئەو سێ فۆرم یان شێوازەی خستووەتەڕوو، کە میتاڕۆمانی پێدەنووسرێت کە بریتین لە: (بەشدارییپێکردنی خوێنەر و دواندنی)، (گێڕانەوە لەناو گێڕانەوە)، (کارکردن و مامەڵەکردنێکی نوێ لەگەڵ کەسایەتییەکی واقیعی

و مێژوویی ناودار)، ئینجا بەشە پراکتیکییەکەی خستووەتەڕوو و ئەو تایبەتمەندییانەی لەسەر ڕۆمانەکە پراکتیزەکردووە، کە لە بەشە تیۆرییەکە خستونیەتەڕوو.

گرنگیی توێژینەوەکە لە نوێبوونیدایە و لە هەمانکاتدا لە سەرەتای توێژینەوەکە ئاماژە بەوە کراوە کە بێجگەی ئەو ڕۆمانەی توێژەر کاری لەبارەوە کردووە، ڕۆمانی دیکەش هەن لە ئەدەبی کوردیدا کە بەم فۆڕم یان شێوە گێڕانەوە نووسراون. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە لە توێژینەوەکەدا تەنیا سێ تایبەتمەندیی میتاڕۆمان خراونەتەڕوو، لە کاتێکدا میتاڕۆمان زیاتر لە دە تایبەتمەندیی هەن.

## ١- چەمک و مێژوو و تایبەتمەندییەکانی میتاڕۆمان

### ١-١ چەمک و زاراوە

میتاڕۆمان یان میتافیکشن چەمکێکی زۆر کۆن نییە، چونکە خودی ڕۆمان لە چاو ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەی وەک داستان و تراژیدیا و شیعری گۆرانی و فێرکاری نوێیە، "زاراوەی میتافیکشن (*Metafiction*) لەلایەن ویلیام گاس بۆ یەکەمجار لە کتێبی ( Fiction and the Figure of Life) داڕێژراوە". (Gass:1970:25)، واتە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم بۆ یەکەمینجار ئەم چەمکە بەکارهاتووە، هەرچەندە هەردوو وشەی (میتا) و (فیکشن) هەریەکەیان بە جیا زۆر پێش ئەمە بەکارهاتبوون، "زۆرینەی فەرهەنگەکانی زمانی فەرەنسی ڕەچەڵەکی وشەی "Meta" دەگەڕێننەوە بۆ زمانی گریکی و دواتر وشەکە چووەتە ناو زمانی ڕۆمانی و بەو دیوارە دەگوترا کە بۆ ئەسپی بە عەرەبانە دروستدەکرا وەکو بەربەستێک تا لە ئاڕاستەیەکەوە بچێتە ئاڕاستەکەی دیکە". (شابو:٢٠١٨: ١٩) ئەمەش زۆر دوور نییە لەو واتایەی کە دەیدات لەو کاتەی خراوەتە پاڵ وشەی فیکشن، چونکە لەوێش وەک جۆرێک لە

بەربەست بەکارهاتووە و ڕۆمانی لە قۆناغێک بردووەتە قۆناغێکی دیکە و خودی ڕۆماننووسیش ناچاردەکات نوێکاری لە کارەکەیدا بکات و خۆی لەو بۆتەیە دەربێنێت کە پێشتر ڕۆمانی پێ لە قاڵب دراوە، چونکە هەر خودی ڕۆمانیش بە واتای نوێ دێت و بەرهەمی کۆمەڵگایەکی نوێخوازیشبووە.

"میتا بە سێ واتا دێت، کە بریتین لە (لەگەڵ) و (پاش) و (لەپشت)" (شابو: ٢٠١٨: ١٠)، بەڵام ئەوەی کە لە چەمکی میتاڕۆماندا هاتووە، زیاتر بە واتای پاش ڕۆمان دێت، واتە ڕۆمان تێدەپەڕێنێت و شتێکی دیکەی هاوشێوەی ڕۆمان لە هەندێک شت و جیاواز لە ڕۆمان لە هەندێک خەسڵەت بەرهەمدێنێت. دەکرێت بڵێین میتا کە بە واتای پاش دێت و لە پێش وشەی فیکشن یان ڕۆمان دانراوە، بە واتای نوێش دێت، لەو سۆنگەیەوە کە ڕۆمان خۆی بە واتای نوێ دێت و میتا ڕۆمانیش واتای ئەوەی لە نوێ نوێترە دەدات، چونکە ڕاستە ڕۆمان وەکو ژانر لە سەرەتادا نوێ بوو و ئەوەی لەسەر ئەو فۆڕمەش دەنووسرا، نوێبوو، بەڵام دواتر چەمکی ڕۆمانی تەقلیدی پەیدابوو کە لەسەر ڕۆماننووسان بوو بە ئەرک نوێیبکەنەوە و تێیبپەڕێنن.

سەرەڕای واتاکەی میتا لە بەشە ئاخاوتنە جیاوازەکانیشدا بە شێوە و واتای جیاواز دەردەکەوێت "میتا بە ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکار دێ: (١) پەیوەندی هەیە بە گۆڕانی پێگە و حاڵەت: میتامۆرفۆس، میتابۆلیزم، (٢) بەرزتر، لە پشت: میتافیزیکس، میتالانگویج". (Hornby:2005:962) ئەگەر ئەم واتا نوێیانەی "میتا" بە ڕۆمانەوە ببەستینەوە، ئەوا ئەگەر میتاڕۆمان هاوشێوەی میتامۆرفۆس لێکبدەینەوە، لە میتاڕۆماندا ڕۆمان بە تەواوی شێوەیەکی جیاواز وەردەگرێت و هیچی لەوەی پێش خۆی ناچێت کە ڕۆمانە. بە هەمانشێوە ئەگەر میتا بە واتای بەرزتر وەربگرین، ئەوا دەبێت میتاڕۆمان بە هۆکارێک لە هۆکارەکان لە ڕۆمان بەرزتر بێت، بەڵام

ئەمەیان مەرج نییە وابێت، چونکە جوانی و بەرزیی تێکستێک دەوەستێتە سەر چۆنیەتیی مەزراندنی توخم و مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنیکەکانی ڕۆمان. بەهەمانشێوە ئەگەر ئەو میتایەی لەتەک ڕۆمان هاتووە، وەک ئەو میتایە لێکی بدەینەوە کە خراوەتە پاڵ میتافیزیک، ئەوا دابڕان و کەلێنێکی گەورە لە نێوان ڕۆمان و میتاڕۆمان دروستدەبێت و ناکرێت وەک یەک بوون تەماشایان بکەین، کە تەنیا لە چەند تایبەتمەندییەکەوە لە یەکتر جیاوازن، چونکە فیزیک و میتافیزیک دوو دیاردەی بە تەواوی لە یەکتری جیاوازن. ئەو جیاوازییەش بووەتە هۆی ئەوەی ڕەخنەگر هەبن بڵێن "لە ڕاستیدا میتاڕۆمان ژانرێکی سەربەخۆیە کە پێویستە خەسڵەتە تایبەتییەکانی لەبەرچاو بگیرێن" (levine:2015:64).

ئەم زۆر دوورنەکەوتنەوەیەش وا لە (جێرمی لیڤن) دەکات بڵێت:"ڕۆمانە واقیعییەکان پڕن لە خەسڵەتی میتاڕۆمان، بۆیە ئەگەر زاراوەی میتاڕۆمانیش نوێ بێت، ئەوا ئادگار و خەسڵەتەکانی لە پەیدابوونی زاراوەکە کۆنترن. ئەمە وای کردووە ئەو باوەڕە بێتە ناوەوە، کە ئەگەرچی زاراوەی میتاڕۆمان نوێیە، بەڵام چەمکەکەی بەقەد خودی ڕۆمان کۆنە". (levine:2015:63)، کەواتە لەناو ڕۆمانی بەر لە ساڵانی حەفتاکانیش لێرە و لەوێ ئەو خەسڵەتانەی ئێستا لە ڕۆمانێکی میتاڕۆماندا هەن، لەوێش هەبوون، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە لە ڕۆمانەکانی پێشوو بە پەرتوبڵاوی هەبوون و ئێستا هەموویان بەیەکەوە دەئاخنرێنە بۆتەی ڕۆمانێکەوە.

### ١-٢ پێناسەی میتاڕۆمان

میتاڕۆمان زاراوەیەکە "لە تیۆری ئەدەب بەکاردێت بۆ وەسفکردنی ئەو خەیاڵەی تێیدا نووسەر بە ئاگاییەوە ئاماژە بە دروستکراوی و ئەدەبیی بوونی دەق دەکات، لەگەڵ کارکردن لە ڕێی گێڕانەوەی گاڵتەئامێز و دەرچوون لە نەریتەکانی ڕۆمان (بەتایبەتی نەریتە

ئاساییەکانی) و (تەکنیکەکانی گێڕانەوە)" (Anwar:2013:5). ئەم پێناسەیە چەند تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی ڕۆمانمان پێ دەڵێت کە لە ڕێگەی ئاشنابوون پێیان، میتاڕۆمان دەناسین، ئەوانیش بریتین لەوەی ڕۆماننووس لە تویێی ڕۆمانەکەدا دێت و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوەی ئەو نووسیویەتی دەقێکی ئەدەبییە و بریتی نییە لە ڕووداوێکی واقیعی و زۆرجاریش ئەمە لە ڕێی گاڵتەجاڕییەوە دەکات، هەروەها لە ڕووی تەکنیکیشەوە خۆی دوور دەگرێ لە تەکنیکە کۆن و سواوەکانی ڕۆمان و ڕێگایەکی نوێ بۆ گێڕانەوە دادەهێنێت.

بێگومان لە مێژووی ئەدەبیاتدا ئەمە یەکەمینجار نییە، ئەدیب ڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت ئەوەی دەیبینی یان دەیخوێنیتەوە ئەدەبە نەک شتێکی دیکە، بەمەش هەنگاوێک لە ئەدەبیات نزیکدەبێتەوە و ئەدەبیات وەک خۆی دەگاتە خوێنەر نەوەک نوێنەر و ڕەنگدەرەوەی واقیع، جۆن بارس دەڵێت: "میتاڕۆمان بریتییە لە لاساییکردنەوەی ڕۆمان، لەجیاتی ئەوەی لاسایی جیهانە واقیعییەکە بکرێتەوە" (Currie:1995:161)، واتە میتاڕۆمان خوێندنەوەی ڕۆمان و قسەکردنە لە بارەی ڕۆمانەوە "میتاڕۆمان شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕۆمان بە ڕێگەی تایبەتیی خۆی بەردەوام ئەوە وەبیر خوێنەر دەهێنێتەوە کە ئەوەی ئەو دەیخوێنێتەوە، بەرهەمێکی خەیاڵیی چیرۆکئامێزە. میتاڕۆمان بەئاگایە لەبارەی زمان و فۆڕمە ئەدەبییەکان و گێڕانەوە" (Waugh:1984:2)، لێرەدا پرسێک دێتە پێشەوە، ئایا میتاڕۆمان جۆرێکی ڕۆمانە یان ژانرێکی ئەدەبیی سەربەخۆیە؟

لە ڕاستیدا زۆرینەی ئەوانەی لەبارەی میتاڕۆمانەوە دواون، میتاڕۆمان بە ژانرێکی ئەدەبیی سەربەخۆ نازانن و بە شێوازێکی نوێی نووسینی ڕۆمانی دادەنێن، "زۆرجار میتاڕۆمان وەک جۆرێک لە جۆرەکانی ئەدەبی گاڵتەجاڕ (parody)، یان وەک ئامرازێک بۆ

هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنە ئەدەبییەکان و دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان ئەدەب و واقیع و ژیان و هونەر بەکاردێ" (rudiger:1986:9)، بەڵام دەکرێ ئەم گاڵتەجاڕییە بە شێوازێک لە شێوازەکانی نووسینی ڕۆمانەکە دابنرێت، نەک جۆرێکی ئەدەبی دیاریکراو.

ئەگەر میتاڕۆمان ژانرێکی ئەدەبیی سەربەخۆ نەبێت، ئەی بۆ هەر ناوی ڕۆمان نییە و ناوی میتاڕۆمانی لێنراوە؟ "میتا واتە لەبارەی، کەواتە میتا ڕۆمان ڕۆمانێکە لەبارەی ڕۆمانەوە. بە واتایەکی دیکە، ڕۆمانێکە بیردەکاتەوە و تەنانەت قسەش دەکات لەبارەی خۆیەوە" (www.shmoop.com/literary-glossary/metafiction.html)، میتاڕۆمان هەم ڕووداوێک یان چەند ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە و هەم لەبارەی خۆشیەوە قسەمان بۆ دەکات "ئەگەر چیرۆکێکت خوێندەوە لەبارەی (باش) نووسینی چیرۆک، ئەوە میتاڕۆمانە. ئەگەر کتێبێکت خوێندەوە خۆی وەک کتێب بە تۆ ناساند ئەوە میتاڕۆمانە. ئەگەر ڕۆماننووس خۆی لە ڕووداوەکان هەڵقورتاند و گوتی (تەماشام بکە! من ڕۆماننووسم! بنۆڕێ دەنووسم!) ئەوە میتاڕۆمانە" (www.shmoop.com/literary-glossary/metafiction.html)، ئەمەش بەو واتایە دێت کە هەموو ئەو توخم و تەکنیکانەی لە ڕۆمانێکی ئاساییدا هەن، دەکرێت لە میتاڕۆمانیشدا هەبن، بەڵام لە میتاڕۆماندا شتی زیاتر هەن و هەرئەوەشە جیایان دەکاتەوە.

ئان جیفرسن دەڵێت میتاڕۆمان "کەشفکردنی تیۆری نووسینی ڕۆمانە لە ڕێی پراکتیزەکردنی نووسینی ڕۆمان" (Waugh:1984:25)، میتاڕۆمان پێمان دەڵێت ڕۆمان چۆن دەنووسرێت و کوێ دەستپێکی ڕۆمانە و کارەکتەر و شوێن کێ دروستی کردوون و چۆن دروستبوون و بۆچی وا دروستکراون و ئەو ئەرکانەی پێیان دەسپێردرێت کامانەن،

ئەمانەش دەچنە قالّبی تیۆری نووسینی ڕۆمانەوە. میتاڕۆمان هەر بەوەش ناوەستێت، بەڵکو قسە دەکات و کۆمێنتی هەیە و ڕەخنەش دەگرێت "دەتوانین میتاڕۆمان بەو ڕۆمانە دابنێین کە کۆمێنت دەنووسێت لەڕێی فۆرمێک لە ڕۆمان، ئەمەش تەنیا بۆ ئەوە نا کە سەرنج بنووسێت، بەڵکو بۆئەوەی کاریگەریی لە کارەکە دروستبکات و واتاکەی فراوانتر بکات" (levine:2015:69)، دەربڕینی ڕا و دروستکردنی کاریگەری و ڕوونکردنەوە و فراوانکردنی واتاش کاری ڕەخنەیین، بۆیە ئەگەرچی ڕەخنەکەشی ڕووکاری و سادە و کورت بێت، بەڵام میتاڕۆمان ڕەخنەشی تێدایە و "داهێنانێکی نوێی ڕەخنەییە کە خەیاڵی ڕۆماننووس دەدرەوشێنێتەوە و مێژوو دەئاخنێتە ئەدەبیاتی ئێستا" ( amani, ramya:2016:185) و دەبێتە پێناوی نێوان ئێستا و ڕابردووی ئەدەبیات بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی، چونکە زۆرجار لە ناو ڕۆمانێک باس لە کارەکتەری ڕۆمانێکی دیکە دەکات، جا ڕۆمانەکە هی خۆی بێت، یان هی ڕۆماننووسێکی دیکە.

لەخۆگرتنی هەموو ئەمانەی سەرەوە وایان لە ڕەخنەگرێکی وەک "لەڤین" کردووە بگاتە ئەو باوەڕەی کە "میتاڕۆمان یان سەرەتای زەنگی مردنی ئەدەبیاتە، یان دوا داهێنانە لە کێڵگەیەک کە بەردەوام لە گۆڕاندایە"(Levine:2015:63)، ئەوەی دەکرێ لەمبارەیەوە بگوترێ ئەمەیە کە لەڤین لە هەردوو بۆچوونەکەیدا نەیپێکاوە، چونکە پێشبینیکردنی کۆتاییهاتنی ئەدەبیات، ئەگەر مەحاڵیش نەبێت، وا ئاسان نییە و دیاردە یان بوونێکیش کە لە ناو نەچێت و وەک خۆی ناوی ناوە کێڵگەیەک، کە بەردەوام لە گۆڕاندایە، ئەوا گومانی تێدا نییە دوا داهێنانیش نابێت و ئەدەبیات بەردەوام دەبێت و لەگەڵ بەردەوامیشی خۆی نوێدەکاتەوە و ئەو نوێبوونەوەشی دەبێتە مایەی "ڕەتکردنەوەی گێڕانەوەی سوننەتیی چیرۆک و ڕووداوەکان" (Anwar:2013:7).

بەمەش دەگەینە ئەوەی بڵێین میتاڕۆمان ڤێرژنێکی نوێی ڕۆمانە و هەم گێڕانەوە و هەم ئاگایی و ڕەخنە و تیۆری لەخۆگرتووە.

## ٣-١ مێژووی پەیدابوونی میتاڕۆمان

گوتمان، زاراوەی میتاڕۆمان لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بۆ یەکەمجار بەکارهات، بەڵام "گرۆسمان" بە تانەدان لە خوێنەرانی مۆدێرن، "ئاماژە بەوە دەکات کە هەبوونی دوو گێڕەرەوە کە هەردووکیان هەمان چیرۆک دەگێڕنەوە، تایبەتمەندیی هەرە دیاری حیکایەتەکانی سوارچاکییە". (levine:2015:63) بەمەش چەند سەدەیەک دەمانگەڕێنێتەوە دواوە. ئەم بۆچوونەی گرۆسمان دروستە، بەڵام لەبەر دوو هۆ ناتوانین بە تەواوی پێی قایل بین و بڵێین ئەدەبیاتی سوارچاکان یەکسانە بە میتاڕۆمان. یەکەمیان، میتاڕۆمان ڕاستە دوو گێڕەرەوەی هەن، بەڵام چەندین تایبەتمەندیی دیکەشی هەن، تا بووە بە میتاڕۆمان. دووەمینیشیان، ئەدەبیاتی سوارچاکی کە لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی مێژوویەکی هەیە، بناغە و جەوهەرەکەی ڕۆمانسیەتە کە مەرج نییە ئەمە لە میتاڕۆمان وابێت.

هەروەها "تەکنیکی میتاڕۆمان بەستراوەتەوە بە ڕۆمانی دوای مۆدێرنیزم کە وەک کاردانەوەی واقیعی ئیشتیراکی پەیدابوو، دوای ئەوەی تواناکەی کەمبووەوە و دەستەوەستان بوو لە خۆ گونجاندن لەگەڵ سەردەم" (شابو:٢٠١٨: ١٢)، ئەمەش لە مێژووی ئەدەبدا نامۆ نییە و هەرکات ئەدەبیات لە قۆناغێکدا گەیشتبێتە لوتکە، دواتر وردەوردە بەرەو لێژی چووە و جۆرێکی دیکەی ئەدەب یان بابەت و فۆڕم هاتوونەتە ناوەوە.

### ٤-١ میتاڕۆماننووس

ڕۆماننووسی ڕۆمانی ئاسایی ئامادەیی لە ناو ڕۆماندا هەیە، بەڵام بەردەوام هەوڵی شاردنەوەی ئەو ئامادەییەی دەدات، بە جۆرێک تەنانەت ئەو کارانەی کە زۆر ڕوونن و ڕۆماننووس دەستی تێیاندا هەیە، بۆ نموونە هەوڵدەدات گێڕانەوە بە کەسێک یان کارەکتەرێکی ناو ڕۆمانەکەی بسپێرێت، کەچی لە میتاڕۆماندا بە پێچەوانەیە و ڕۆماننووس بە هەموو شێوەیەک خۆی دەردەخات و پێمان دەڵێت من ئەم ڕۆمانەم نووسیوە و کارەکتەر و چیرۆک و هەرچی لە ڕۆمانەکەدا هەیە من دروستم کردوون، ئەمەش کاریگەریی لەسەر ئەو پەیوەندییە دەبێت کە لە نێوان خوێنەر و ڕۆماننووسدا هەیە "دەرکەوتنی نووسەر واتایەکی بابەتی بنیاددەنێ کە لە ڕێی تێگەیشتنی خوێنەر بۆ پەیوەندیی نێوان خوێنەر و نووسەر و کارەکتەر دێتەئارا" (levine:2015:66)، ئەوەش ڕەنگە جۆرێک شۆک بۆ خوێنەرەکەی دروست بکات، بۆیە ئەگەر خوێنەر تەنیا یەک ڕۆمانی خوێندبێتەوە، یان دوو و سێ و تەنانەت چوار و پێنج ڕۆمانیشی خوێندبنەوە، ئەوا ئەگەر لەبارەی میتاڕۆمان بخوێنێتەوە زۆری لێ تێناگا. ئەمە بەو مانایە دێت، ئەگەر میتاڕۆمان بخوێنیەوە، ئەوا دەبێت پێشتر خوێنەرێکی باشی ڕۆمان بووبی و ئەوەی میتاڕۆمانیش دەنووسێت، دەبێت یان پێشتر ڕۆمانی نووسیبێت، یان شارەزاییەکی باشی تیۆریی لەبارەی ڕۆمان و میتاڕۆمان هەبێت، چونکە ڕۆماننووس ڕۆماننووسی پێشوو نییە و کارەکتەریش لەوانەی پێشوو جیاوازە و خوێنەریش بەهەمان شێوە.

لەو ڕۆمانەی کە ڕۆماننووس خۆی بەدیاردەخات و خۆی دەخاتە پێگەیەکی سەرنجڕاکێش، دووبارە ئەمەش نووسەرە ڕاستەقینەکە نییە، بەڵکو ڤێرژنێکی نووسەرەکەیە. ڕۆماننووس، "نووسەرەکەی ناو ڕۆمان بەکاردەهێنێت تا واتایەکی دیکە بداتە دەقەکە و پتر بتوانێت دەسەڵاتی

بەسەر گێڕانەوەدا بشکێنێت" (levine:2015:65)، ئەو ڤێرژنە نوێیەی نووسەریش کە هەم ڕۆڵی زیاترە و هەم واتا و فەزای دەقیش دەگۆڕێت، کاریگەریی لەسەر چێژی خوێنەریش دەبێت، چونکە چێژی میتاڕۆمان دەوەستێتە سەر خوێنەر، ئەگەر خوێنەر شارەزایی لە ڕۆمان و جۆرەکانی هەبێت، ئەوا چێژ لە میتاڕۆمان وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر زۆر پەیوەست بێت بە ژانرە تەقلیدییەکانی ئەدەب، یان پێشتر خوێنەری ڕۆمان نەبووبێت، ئەوا ڕەنگە میتاڕۆمان بە ئەدەب نەزانێت، کە لەوانەیە ئەمەش لەدەستدانی خوێنەری ڕۆمانی لێ بکەوێتەوە. زۆرجاریش خۆتێهەڵقورتاندن و هاتنەناوەوەی ڕۆماننووس وادەکات، ڕۆمانەکە سەرنجڕاکێشتر بێت و خوێندنەوەشی خۆشتر و چێژبەخشتر بێت.

**١-٥ کارەکانی میتاڕۆماننووس:**

میتاڕۆماننووس تا بەرهەمەکەی لە ڕۆمانەوە ببێتە میتاڕۆمان و ناوی خۆیشی لە ڕۆماننووسە بگۆڕێ بۆ میتاڕۆماننووس، ئەم کارانە دەکات:

١- "لایەنی تیۆری و ڕەخنە تێکەڵدەکات.

٢- بایۆگرافی بۆ نووسەرە خەیاڵییەکان دروستدەکات.

٣- نمایشکردن و گفتوگۆکردن لەبارەی کارەکتەرە خەیاڵییەکانی دەقە چیرۆکئامێزەکان. بە خوێنەرانی دەڵێت، کە چی بەسەر فۆرمی ڕۆمانەکە دێت، یان ئەو چی لێکردووە". (Gass:1971:112)

٤- "خوێنەری میتاڕۆمان هەرگیز ئەوەی لەبیرناچێت، کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە دروستکراوە و سروشتی نییە، هەروەها واقیعیش نییە، ئەو هەرگیز خۆی لەناو ڕۆمانەکەدا ون ناکات.

٥- پێویستە هەموو میتاڕۆمانێکی بەهێز درک بەو پرۆسە داهێنانە بکات، کە لەنێوان خوێنەر و نووسەر ڕوودەدات و دەبێت کەڵکی لێ وەربگرێت" (levine:2015:65)

هەموو ئەو دەستکارییانەش بێگومان ئەگەر ژانرێکی ئەدەبی نوێش نەیەننە ناوەوە، بەڵام ڤێرژنێکی نوێی ڕۆمانمان پێ دەناسێنن کە پێشتر ئاشنای نەبووین.

**١-٦ تەکنیکەکانی میتاڕۆمان:**

میتاڕۆمان گەڕانەوەیە بۆ سەرەتاکانی ڕۆماننووسی، بەوەی چۆن ئەوکات هیچ ڕێسایەک نەبوو بۆ نووسینی ڕۆمان، لە میتاڕۆمانیش ڕێسایەکی ئەوتۆ نییە ڕۆماننووس پابەند بکات، بڵێت دەبێت بەمشێوەیە ڕۆمانەکەت بنووسی، یان ناچاری بکات بە شێوەیەک یان چەند شێوەیەک ڕەوتی گێڕانەوە ڕابگرێت و بیسەپێنێ و خۆی بێتە ناو بابەتەکان و ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ کارەکتەرەکانی بکات، یان لەگەڵ خوێنەرانی.

ڕۆماننووسی میتاڕۆمان عادەتەن ئاستەکانی گێڕانەوە لەم ڕێگایانەوە تێکدەشکێنێت:

١. "ڕۆماننووس وەک یەکێک لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەی دەردەکەوێت و ناوی ڕاستەقینەی خۆی بەکاردێنێت. هەرئەوەندەش نا، بەڵکو بەکارەکتەرەکانی دی دەڵێت: ((سۆنی گاڵتە لەگەڵ من مەکە، خۆم دروستم کردووی و هەرخۆشم زۆر بەئاسانی دەتوانم لەناوت ببەم)).

٢. ڕۆماننووس لە ناوەڕاستی وەسفکردنی کارەکتەرێک ڕاستەوخۆ لەبارەی وەسفکردنەکە لەگەڵ خوێنەر قسە دەکات. بۆ نموونە دەڵێت چارلز گەنجێکی زۆر جوان بوو، وەک ئەکتەری

فیلمەکان وابوو، هێندە جوان بوو مەگەر وێنەم بۆت گرتبا و وێنەکەیت بدیتبا، ئینجا ئاشنای جوانییەکەی ببای، بەڵام من ڕۆماننووسم، تۆش دەزانی ڕۆماننووس نەیانکردووەتە پیشە بەردەوام کامێرایان لەلابێت، بۆیە پێموایە ئەو چەند وشەیەی بۆ وەسفەکە نووسیومە بەس بێت".
www.novel-writing-help.com/metafiction.html

٣. "خۆتێهەڵقورتاندن تا لەبارەی نووسینەکە کۆمێنتی هەبێت.

٤. خۆتێکەڵکردن لەگەڵ کارەکتەرەکانی ڕۆمان.

٥. ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ خوێنەرکردن.

٦. ڕاستەوخۆ پرسیار لەبارەی گێڕانەوە و ئەو ئاڵوگۆڕانەی ڕوودەدەن و لە فلتەردانی واقیع، هەموو ئەوەش بۆ ئەوەیە بڵێت تاکە ڕاستی و تاکە واتا نییە.

٧. "ڕەتکردنەوەی چنینی تەقلیدی.

٨. تێکدانی قەناعەتەکان تا وا لە (واقیع) بکات ببێتە چەمکێکی جێی پرسیار.

٩. زیادەڕۆیی لە بنەما ناجێگیرەکان". (Waugh:1984: 5)

١٠. "بەکارهێنانی پیتی جیاواز لە ڕووی گەورەیی و بچووکی و بەکارهێنانی پەراوێز لە دەرەوەی دەقی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە تا هەمیشە بەدوای ڕۆمانەکانەوە بێت. بەکارهێنانی چەند پەڕەیەکی ڕەنگاوڕەنگ لە هەندێک لاپەڕەی ڕۆمانەکە. بەجێهێشتنی شوێنی ژێر کوپی قاوە، بەئەنقەست، لەسەر لاپەڕەی ڕۆمانەکە". (Gass:1970:112)

١١. لە میتاڕۆمان، پرەنسیپە نوێیەکە ئەوەبوو کە لەڕێی زمان دنیایەک دروستبکرێت کە ڕەنگدانەوەی دنیا ڕاستەقینەکە نەبێت. زمان

دادەنرێت بە (سەربەخۆ، خاوەنی سستەمی تایبەتی خۆی کە خۆی ماناکانی خۆی بەرهەمدەهێنێت). بەم شێوەیەش زمان دەبێتە مۆدێلێکی بنیاتنانی واقیع، نەک ببێتە ڕەنگدەرەوەی. لەم ڕێیەوە میتاڕۆمان دەبێتە ئەو ئامرازەی، کە وەڵامی ئەو پرسیارە دەدۆزێتەوە کە مرۆڤایەتی بە ئەزموونی خۆیان جیهان بنیات دەنێن. (Gass:1970:29)

**٧-١ ئەرکەکانی میتاڕۆمان:**

**میتاڕۆمان ئەرکی زۆرن کە ئەمانە هەندێکیانن:**

١- گوتاری میتاڕۆمان هەوڵی دەوڵەمەندکردنی گێڕانەوە دەدات بە ڕەخنە و خەیاڵ و ئاراستەکردن، لەگەڵ وێنەکێشانی نووسراوی داهێنەرانە و بە ئامانجگرتنی هۆکارەکانی خەیاڵکردن.

٢- ئابڕووبردنی گەمەی گێڕانەوە و کەشفکردنی ئامێرە هونەرییەکان لە بەرانبەر وەرگر وەک ئەوەی ڕایبگەیەنێت و دان بەوە دابنێت و بڵێت ئەمە دەقێکی خەیاڵییە، ئالیەتە هونەرییەکانیش خۆیان دەبیننەوە لە فلاشباک و چاودێریکردن و وردوخاشکردنی گێڕانەوە... هتد.

٣- بازبازێن لەنێوان خەیاڵکردن و حەقیقەتی واقیعی لە نێوانیشیاندا سەختی جوداکردنەوەی ئەوەی واقیعییە و ئەوەی لە دەقی ڕۆماندا خەیاڵییە.

٤- بەشدارپێکردنی خوێنەر و وەرگر لە بنیاتی گێڕانەوە و پەلکێشکردنی بەرە و مەتاهەیەک کە دەربازبوونی تێدا نییە.

٥- تێپەڕاندنی ڕۆمانی واقیعی، کە کاریگەرییەکەی گەیشتووەتە دنیای تەجریب و مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم بۆ زیندووکردنەوەی ڕۆمان کە ئاوزینگی دەکرد. (شابو:٢٠١٨:٥)

**١-٨ جۆرەکانی میتاڕۆمان**

بەپێی (Werner Wolf) بێت میتاڕۆمان دەکرێتە چوار جۆر و دەشکرێت ئەو جۆرانە تێکەڵ بن:

١-٨-١ بێ گرێ/ زمنی

ئەم جۆرەیان "بەوە دەناسرێتەوە کە توخمەکانی میتاڕۆمان لە ڕووکاری دەقەکە بە ڕوونی بەکاردەهێنێت. قسە لەبارەی ئەو شتە دەکات کە خۆی دروستی کردووە و دەشکرێت تێکهەڵکێش بکرێت" (Wolf:2009: 37) بەمەش دەیەوێ شاکارێک دروستبکات، بەڵام شاکارێکی ڕووشاو و ڕووشانەکەشی بریتییە لەو هەموو دەستکاری و خۆتێهەڵقورتاندنانەی ڕۆماننووس بە ئاشکرا دەیانکات.

١-٨-٢ ڕاستەوخۆ / ناڕاستەوخۆ

ڕاستەوخۆیی و ناڕاستەوخۆیی لە میتاڕۆماندا پەیوەستە بەو پەیوەندییەی ڕۆمانەکە بە ڕۆمانەکانی پێش خۆیەوە هەیەتی "میتاڕۆمانی ڕاستەوخۆ تەنیا ئاماژە بەو دەقە دەکات کە خوێنەر خەریکی خوێندنەوەیەتی. بە پێچەوانەی ئەمە میتاڕۆمانی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە سەرچاوەی دیکە دەکات کە لە دەقی دیکەدا خوێندوویەتیەوە" (Wolf:2009: 37).

١-٨-٣ ڕەخنەگرانە / ناڕەخنەگرانە

میتاڕۆمانی ڕەخنەگرانە "هەوڵدەدات تەسەنوع بوون و خەیاڵیبوونی دەق بە شێوەیەکی ڕەخنەکارانە بدۆزێتەوە، کە ئەمەش بە زۆری لە ڕۆمانە پۆستمۆدێرنەکان ڕوودەدا". ( Wolf:2009: 38) ئەمەش مانای وایە ڕۆماننووس پێمان دەڵێ ئەوە واقیع نییە و بەرهەمی خەیاڵە و بە کاریگەریی دەوروبەر، خۆم دروستمکردووە.

هەرچی میتاڕۆمانی ناڕەخنەگرانەیە "نە ڕەخنە دەگرێت و نە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت تەسەنوع بوون بدۆزێتەوە، بەڵکو زۆرتر ئەو ئاماژەیە بەکاردێنێت کە ئەو تێکستەی خوێنەر دەیخوێنێتەوە ڕەسەنە"(Wolf:2009:38) ڕەسەنیش بەو واتایەی ڕۆمانەکە هی ڕۆماننووس خۆیەتی و نە لە کەسی وەرگرتووە و نە وێنەی لە واقیع هەیە.

١-٨-٤ میتاڕۆمانی ڕاستییەکانی ڕاگەیاندن/سەنتەر یان خەیاڵ

لەکاتێکدا بە جۆرێک لە جۆرەکان "میتاڕۆمان پەیوەندی هەیە لەگەڵ کوالێتیی ناوەنجیی ڕۆمان یان گێڕانەوە، دواتر بە شێوەیەکی گشتی لەدەوری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کۆدەبێتەوە، لە هەندێک حاڵەتدا تەرکیزی زیاتر لەسەر ڕاستگۆیی یان داهێنان (خەیاڵیبوون)ی دەق دەکات، کە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە (ئامرازێکە کە بەردەوام لە ڕۆمانە واقیعییەکان بەکاردێت) نموونەیەکە بۆ میتاڕۆمانی (ناڕەخنەگرانە) ڕاستی-سەنتەر." (Wolf:2009:37,38)

١-٨-٥ میتاڕۆمانی مێژوویی: "سۆزی بۆ مێژوو هەیە و بایەخ بە ڕووداوە مێژووییەکان دەدات، ئەو مێژوویێک دروستدەکات، کە ڕووداوەکەی کاریگەریی بەسەر هیستۆگرافییەوە هەیە. ئەم جۆرە،

توخمەکانی میتاڕۆمان کۆدەکاتەوە لەگەڵ مێژوویەکی تایبەت و ئاگاییەکی قووڵ بە مێژوو. هەروەها هەرسێ ژانری ئەدەب و مێژوو و تیۆر بەیەکەوە لەخۆدەگرێت". (amani, ramya:2016:185)

## ٢- تایبەتمەندییەکانی میتاڕۆمان لە ڕۆمانی کەناڵی مەیموونە چەکدارەکاندا

خەریکە نووسینی یەکەمین ڕۆمانی کوردی، سەت ساڵی بەسەردا تێپەڕدەبێت و بەشی زۆری ئەو ڕۆمانانەی تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ نووسراون، هەرچەندە هەبوونیان لەو پەڕی گرنگیدایە بۆ نەتەوەی کورد بە گشتی و ئەدەبی کوردی بە تایبەتی، بەڵام لە ڕووی تەکنیکەوە ڕۆمانی تەقلیدی بوون و زۆربەیان شێوەی گێڕانەوەی حیکایەتیان هەیە. دوای ڕاپەڕین و دوای هاتنەپێشی پرسی جیهانگەرایی و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و گەیاندن و ئاگاداربوونی نووسەرانی کورد لە ئەدەبیاتی جیهانی بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی، ڕۆماننووسی کورد بەشێکی زۆری ئەو تەکنیک و تایبەتمەندییانەی لە ڕۆمانە هاوچەرخە جیهانییەکاندا هەن، هێناویەتییە ناوەوە و لە توێی ڕۆمانە کوردییەکان دەیانمەزرێنێت، یەکێکیش لەو فۆڕمانەی ڕۆمان کە بە کاریگەریی ڕۆمانی جیهانی هاتووەتەوە ناو ڕۆمانی کوردی فۆڕمی میتاڕۆمانە.

ڕۆمانی (کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان)ی کاروان عومەر کاکەسور یەکێکە لەو ڕۆمانانەی بەشی زۆری ئەو تایبەتمەندی و تەکنیکانەی تێدان، کە لە فۆڕمی میتاڕۆماندا هەن و لەم بەشەدا هەڵوەستەی لەسەر دەکەین:

### ٢-١ ئاماژەکردن بە دروستکراوی (تەسەنوع)ی ڕووداوەکان

یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی میتاڕۆمان ئەوەیە، کە ڕۆماننووس خۆی بە خوێنەرەکانی دەڵێت لەناو ڕۆمانەکەی مندا بەدوای واقیعدا

مەگەڕێ، چونکە ئەوەی بەردەستت چیرۆکێکە من خۆم هۆنیومەتەوە و پەیوەندیی ئەوتۆی بە واقیعەوە نییە، "ئەرێ ئەوە من خەیاڵم بۆ کوێ چوو؟ خۆ ئاگام لە نووسینی چیرۆکەکەم بڕا... لە دوای ناوەکەمەوە یەک وشەی دیکەم نەنووسیوە... بەڵام قەیدی ناکات، ئەمە هەر خۆی حاڵەتی چیرۆکنووسینە" (کاکەسوور،٢٠١٢: ١٠٠)، ڕۆماننووس بە ئاشکرا پێمان دەڵێت ئەوەی بەردەستت چیرۆکێکە کە من هۆناندوومەتەوە و هاوشێوەی لە هیچ شوێنێکدا نییە و هەر یەکجاریش ئەمە ناڵێت، بەڵکو چەند پاتەی دەکاتەوە "بەشی خۆمم چیرۆک و ڕۆمان خوێندووەتەوە، بەڵام ئەوە یەکەمجارە هەوڵ بدەم چیرۆک بنووسم... ئێستا من لانی کەم دەزانم، کە چیرۆکی باش هەرگیز بەو شێوەیە دەست پێ ناکات... ڕەنگە ئەمەیش بۆ نووسەرێکی بێئەزموونی وەکوو من خاڵێکی گەش بێت" (کاکەسوور،٢٠١٢: ٩٥)، ڕۆماننووس سەرەڕای ڕەخنەگرتن لەو ڕۆمان و چیرۆکانەی پێشتر خوێندوونیەتیەوە، پێشمان دەڵێت ئەوە هەوڵی یەکەمی ئەوە بۆ نووسینی چیرۆک و بەمەش بە ناڕاستەوخۆ ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەوەی دەخوێنرێتەوە بەرهەمی عەقڵی ئەوە نەک ڕووداوێک کە پێشتر ڕوویدابێت یان لە خەڵکی تر گوێبیستی بووبێت.

"لەوەتەی کتێبی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)م چاپ کردووە، گرفتێکی گەورەم هاتووەتە ڕێ، بەوەی ڕۆژانە دەیان نامەم لە خوێنەرانەوە پێ دەگات و هەموو داوا دەکەن، وەڵامی ئەو پرسیارانەیان بدەمەوە، کە پێوەندییان بە چارەنووسی زۆربەی کارەکتەرەکانەوە هەیە... خۆ هەر کاتێ لە شوێنێک دەمبینن و دەزانن من نووسەری ئەو کتێبەم، ڕەخنەی توندم لێ دەگرن، بەوەی پێیان وایە هێشتا چەند کەناڵێکی دیکە هەن و بە ئەنقەست نەمویستووە بیاننووسمەوە" (کاکەسوور،٢٠١٢: ٤٣٧)، لێرە هەم ڕۆماننوس و هەم خوێنەر و دەق ئاماژەیان پێکراوە و باسی ئەو پەیوەندییەش کراوە کە لە نێوان ڕۆماننووس و خوێنەرەکانیدا هەیە.

## ٢-٢ باسکردنی دەقی دیکە

ئەوەی گومان هەڵنەگرە ئەوەیە کە دەبێت ڕۆماننووس خاوەنی پاشخانێکی مەعریفیی باش بێت، بۆ نووسینی میتاڕۆمان، وەک پێشتریش باسمانکرد، دەبێت خوێنەریش خاوەنی هەمان پاشخان بێت، بۆئەوەی باشتر لە ڕۆمانێک تێبگات، دەبێت بەرهەم و ڕۆمانەکانی پێشووتری خوێندبنەوە. ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان) باسی زۆرێک لەو بڵاوکراوە و ڕۆمان و فەیلەسووف و گۆرانیانەی کردووە کە دەکرێت ڕۆماننووس یان خوێنەری کورد خوێندبنییەوە، یان گوێی لێ گرتبن.

ڕوانگە و ئەدەبیاتی ڕوانگە یەکێکە لەو بابەتانەی لە میتاڕۆمانەکەدا ناوی هاتووە و تەنانەت هەڵیشسەنگێندراوە، "ئەو شەڕانە لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (هاوکاری)یەوە دەستیان پێ کرد... هەر هێندەی نووسەرانی (ڕوانگە) بابەتێکیان بڵاودەکردەوە و ڕەخنەگرەکان لەبارەیانەوە دەیاننووسی، ئەوا هاوڕێکانیشم لە نێوان خۆیاندا دەیانکردە شەڕ" (کاکەسوور،٢٠١٢: ٩٦)، ڕوانگە چونکە خاڵێکی وەرچەرخان بووە لە ئەدەبی کوردیدا، بە دوای خۆیدا قۆناغێکی نوێی لە ڕەخنەش هێناوەتە ناوەوە "بەردەوام بەرپەرچی ئەوانیان دەدایەوە:

ـ بڕۆن ڕەخنەکانی فوئاد مەجید میسری، فوئاد قەرەداغی، کەمال میراودەلی، کەمال غەمبار و فازیلی مەلا مەحموود بە وردی لە هاوکاری بخوێننەوە، ئینجا دەزانن ڕوانگە چییە... ئەدەبی وردەبۆرژوا وەکوو بڵقی سەر ئاو وایە". (کاکەسوور،٢٠١٢: ٩٨)، هەروەها بێجگە لە ڕوانگەییەکان ناوی گرووپی کفری و نووسەری دیکەی دەرەوەی ئەو دوو گرووپە ئەدەبییەش دەهێنێ"لەمەوە من چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)، (لەتیف حامید)، (ڕەووف بێگەرد)، (ڕەووف حەسەن)، (عەبدوڵڵا سەراج) و زۆری دیکەم خوێندەوە... هەروەها شیعرەکانی (شاکەلی)، (هەڵمەت)،

(ڕەفیق سابیر)، (دڵشاد مەریوانی)، (جەلالی میرزا کەریم)، (جەمال شارباژێڕی) و ئەوانی دیکەم ناسی" (کاکەسوور،٢٠١٢: ٩٧)

بێجگە لە گروپی ئەدەبی و ناوی نووسەر و شاعیرانی کورد، ناوی نووسەر و دەقی دیکەش دەهێنێ "بە دەست خۆی نییە (کوێنتین)ی کارەکتەری ڕۆمانی (ژاوەژاو و توندوتیژی The Sound and the Fury)ی (ولیام فۆکنەر)ی وەبیر دێتەوە، ئەو کاتەی باوکی کاتژمێرەکەی پێ دەبەخشێت، کە ئەویش خۆی لە باوکیەوە بۆی ماوەتەوە و پێی دەڵێت: (I give it to you not that you may remember time, but that you might forget it now and then for a moment من بۆ ئەوە ناتدەمێ، تاکوو زەمەنت وەبیر بێتەوە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە جارناجار زەمەنت لە بیر بچێتەوە)" (کاکەسوور،٢٠١٢: ٤٨٧)، وەک تێبینی دەکرێت، سەرەڕای ناوهێنانیان ئەو ڕستانەشی بە نموونە هێناوەتەوە کە مەغزای چیرۆکەکەیان تێدایە و بێگومان ئەمەش ڕۆمانەکە بەهێزتر دەکات.

بێجگە لە گروپ و بڵاوکراوەی ئەدەبی، ڕۆماننووس ناوی فەیلەسووف و کتێبەکانیشیان دەهێنێت "لە ناو کتێبەکاندا چەند بەشێکی (سەرمایە)ی (کارل مارکس)ت بە زمانی عەرەبی بەرچاوکەوت، کە (محەمەد عیتانی) وەریگێڕاون" (کاکەسوور،٢٠١٢: ٤٨٧)، لێرەدا باس باسی سەردەمێکە کە زۆرینەی خوێنەری کورد هەم دەیانزانی عەرەبی بخوێننەوە و هەمیش لێی تێدەگەیشتن، هەروەها بەهۆی بەهێزیی شەپۆلی کۆمۆنیزم، بەشی زۆری خوێنەری کورد کتێبەکانی مارکسیان دەخوێندەوە بە تایبەتی "سەرمایە" کە کرۆکی فەلسەفەی ئەو فەیلەسووفەی گرتووەتەخۆ.

پاشان لە باسێکی دیکەدا دێتە سەر باسی نیچە و گوتەیەکی دەئاخنێتە تویێ ڕۆمانەکەی "خەریکە ئێستا لەو گوتەیەی (نیتشە)ی فیلۆسۆف تێدەگەم، کە (ئازادی هەمین مامان) زووزوو دەیگوتەوە:

(مرۆڤ بە هۆی سەرجەم ئەو شتانەوە گەشە دەکات، کە لە ڕابردوو گەمارۆیان دابوو)". (کاکەسوور،٢٠١٢: ٣١٧)، ئەوەش بە جوانی لە ڕۆمانەکەدا جێدەکاتەوە.

کتێبێکی دیکە کە لە ڕۆمانەکەدا ناوی هاتووە ڕشانەوەی سارتەرە کە خوێنەری کورد تاڕادەیەکی باش ئاشناین و سارتەریش هەم وەک فەیلەسووف و هەم وەک ئەدیبیش دەناسن "کتێبی (ڕشانەوە)ی (ژان پۆل سارتەر)ت بیر کەوتەوە، کە تێیدا دەڵێت: (هیچ پاساوێک بۆ بوون بوونی نییە... نە هۆکارێک هەیە بۆ ئەوەی بژین و نە ژیانیش پێویستە... مرۆڤ بە هۆی بێهێزی و ترسەکانیەوە دەژی... هەر بە هۆی ڕێکەوتیشەوە دەمرێت)" (کاکەسوور،٢٠١٢: ١٢٥)، بێگومان ئەگەر خوێنەر ئەمانەی نەخوێندبێتەوە، یان پێشتر پێیان ئاشنا نەبووبێت و هیچیان لە بارەوە نەزانێت، ئەوا ناتوانێ بە دروستی و تەواوی لە ڕۆمانەکە تێبگات، چونکە کەلێنی مەعریفی لەبارەی ئەو بابەتانەی لە ڕۆمانەکەدا باسیان کراوە، کەلێن لە تێگەیشتن دروستدەکەن.

لە میتاڕۆمانی کەناڵی مەیمونە چەکدارەکاندا ئەوە هەر تەنیا فەیلەسووف نین باسیان دەکرێت، بەڵکو فیلم و گۆرانی و شیعریش لەوێدا ناویان دێت، یان بەشێکیان لێ وەردەگیرێ و لەگەڵ دەقە نوێیەکە تێکەڵدەکرێن "ئەو جارەی فیلمی هەموویان بکوژە و خۆت تەنیا بگەڕێوەی چاک کۆنۆرس Chuck Connors و فرانک وولف Frank Wolff پێشان دەدرا، لەناکاو تەرزە بەهێزەکە دایکرد و خەریک بوو سەرمان بشکێنێت؟" (کاکەسوور،٢٠١٢: ١٤٧)

ئینجا دێتە سەر باسی فیلمی "(جارێکیان لە ڕۆژئاوادا Once Upon a Time in the West)ی (سێرگی لیۆن)، بە تایبەتی لە ساتی دیمەنی لەسێدارەدانی گەنجێک لەسەر شانی برا بچووکەکەیدا، نەیتوانی ڕێگە لە

ڕژانی فرمێسکەکانی بگرێت و بە دەنگ گریا" (کاکەسوور،٢٠١٢: ٢٦٨) و پاشانیش ناوی چەند گۆرانییەک و گۆرانیبێژێک دەهێنێ:

"لەسەر مێزەکە کۆمەڵێک کاسێت هەڵچنرابوون، کە بە بۆیەی سوور ناوی گۆرانیبێژ و گۆرانییەکانیان لەسەر نووسرابوون: (رجاء عبده، البوسطجية اشتكوو من كتر مراسيلي)، (نجاة علي، يا فرحة القلب المشتاق)، (اسمهان، يا حبيبي تعال الحقني)، (فيروز، شايف البحر)، (شادية، وحياة عينيک)، (نجاة الصغيرة، ساعة ما بشوفک جنبي)، (صباح، عاشقة وغلبانة) و زۆری دیکە"(کاکەسوور،٢٠١٢: ٤٠٧)

هێنانی ناوی جیاجیا کە پەیوەندییان بە فیکر و دیاردە و کتێب و فیلم و گۆرانی و... هتد جیاجیاوە هەیە، دەکرێت خوێنەرێکی زرنگ دروستبکات و فێری بکات بەدوای مەعریفە و وەدەستهێنانی زانیاریدا بگەڕێ، بەمەش ڕۆمانەکە دووجار بۆی دەبێتە سەرچاوەی زانیاری، یەکەمیان خۆی و دووەمیشیان ئەو بەرهەمانەی لە ڕۆمانەکەدا ناویان هاتووە.

**٣-٢ هەبوونی سەرنج و خۆتێهەڵقورتاندن لە ڕۆمان**

میتاڕۆماننووس زۆر ئازادە و ئەو ئازادییەش دەقۆزێتەوە، تا لە شوێنێک کۆمێنتێکمان لە بارەی چۆنیەتیی نووسینی ڕۆمان بداتێ و لە شوێنێک باسی تەکنیکێکی ڕۆمانمان بۆ بکات و جارێکیش چۆنیەتیی ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەرمان بۆ ڕوونبکاتەوە کە ئەمە هەرگیز لە ڕۆمانی ئاساییدا نابینین.

"پار نزیکەی ئەم کاتانە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) لێکۆڵینەوەیەکی (حسێن عارف)م لەژێر ناونیشانی (مۆنۆلۆژی ناوخۆ لە چیرۆکی نوێی کوردیدا) بەرچاوکەوت... لە خۆشییان شاگەشکە بووم...،(ژمارە ٣١٠، ٢٥.٠٣.١٩٧٦)" (کاکەسوور،٢٠١٢: ١٠٠)، ڕۆماننووس ئاماژە بۆ تەکنیکێکی

نووسینی چیرۆک دەکات و لەڕێی ئاماژەکەشییەوە تێماندەگەیەنێت کە ئەو ئاگاداری تەکنیکەکان هەیە و دوای ئەویش دێتە سەر باسکردنی تەکنیکی شەپۆلی هۆش کە جاری وا هەیە تەواوی ڕۆمانێک لە ڕێی ئەو تەکنیکەوە دەنووسرێت "دەسا لەبەر ئەوەیە ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەی بە تەکنیکی شەپۆلی هۆش دەنووسرێن، سەرەتا و کۆتاییان دیار نییە... ئێستا هەر هێندە بیرۆکەیەک بنووسیت، ئیتر هەزارانی دیکەی بە دوادا دێت... بەڵام چی بنووسم؟ بیرت چوو، کە کارەکتەری چیرۆکی شەپۆلی هۆش لەسەر جێگەکەی ڕادەکشێت و بیر دەکاتەوە؟" (کاکەسوور،٢٠١٢: ١٠١)، ڕاستییەکەی بەر لە میتاڕۆمان، خوێنەر ئەمجۆرە زانیارییانەی تەنیا لە کتێبەکانی ڕەخنەی ئەدەب وەردەگرت، بەڵام لە میتاڕۆمان ڕۆماننووس هەم ڕۆمان دەنووسێت و هەم زانیاریش لەبارەی چۆنیەتیی نووسینی ڕۆمان دەخاتەڕوو.

لە میتاڕۆماندا ڕۆماننووس هەر بە باسکردنی تەکنیکەکان ناوەستێت، بەڵکو دێتە سەر توخمەکانی ڕۆمان و پێمان دەڵێت کارەکتەری پەسند کامەیە "(هەتاو) دەیگوت کاتێ چیرۆک دەنووسیت، هەوڵبدە کارەکتەرێک دروستبکەیت، ترسنۆک بێت نەک ئازا... هەروەها خاوەنی هیچ بەهرەیەکی گەورە نەبێت، دەنگی زۆر خۆش نەبێت، نەزانێت موزیک بژەنێت، ئەکتەرێکی لێهاتوو نەبێت، لە خوێندن سەرکەوتوو نەبێت و هەرگیز خەڵات نەکرابێت، چونکە کاتێ کارەکتەر ئەمانەی نییە، ئەوە زیندووە و لە جووڵەی بەردەوامدایە... ئەمانەن وا دەکەن خوێنەر بە چاکی تێکەڵی کەشوهەوای چیرۆک ببێت... (کاکەسوور،٢٠١٢: ٣٩٩)، ڕۆماننووس لێزانانە خەسڵەتەکانی کارەکتەری ڕۆمانمان پێ دەناسێنێ و تێماندەگەیەنێت کە نابێت کارەکتەرەکانمان کامڵ و بێ کەموکوڕی بن، چونکە ئەگەر وابێت، ئەوا ناتوانرێ پەرەبسێنن و زوو کۆتاییان پێدێت.

هەروەها میتاڕۆماننووس دژی تەقلیدبوونیشە و خۆی نابەستێتەوە بە جۆرێکی دیاریکراوی چنین "ڕقی دنیام لە هەر چیرۆکێکە، کە لە سەرەتاوە کارەکتەرە سەرەکییەکەی دەربکەوێت و بڵێت: (من فلانم... تەمەنم هێندەیە وماڵم لە فلان شوێنە... ڕەنگی چاوەکانم شینە، یان ڕەشە و نازانم چی و چی)... بیرم نایەت ڕۆژێک لە ڕۆژان چیرۆکێکم لەو چیرۆکانە تەواو کردبێت، بگرە هەر لە سەرەتاوە جێم هێشتوون و تاقەتیشم نەبووە بگەڕێمەوە سەریان..." (کاکەسوور،٢٠١٢: ٤٣٧)، ئەمانە هەم زانیاری و هەم دەربڕینی سواو و تەقلیدین و بێگومان هیچ سەرنجڕاکێشییەک لای خوێنەر دروستناکەن و ڕۆمانی باشیش ئەوەیە لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە تا کۆتایی ڕەگەزی سەرنجڕاکێشی لێ نەبڕێت و نەیەڵێت خوێنەر دەستبەرداری خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بێت. ئەو ڕێگای دیکەشمان پێ دەڵێت کە دەبێت ڕۆماننووس"ڕێگەیەکی وا بدۆزیتەوە، کە هیچ یەکێک لەو شتانە ڕاستەوخۆ بە خوێنەر نەڵێت، بەڵکوو دەبێت ناوەکان بگۆڕیت... خانووەکە بۆ گەڕەکێکی دیکە بگوێزیتەوە و کەلوپەلی ناو ماڵیش سەرتاپێ لە ناو ببەیت و هیی دیکەیان لە شوێن دابنێیت... ئیشێکی دیکە بۆ دایکت بدۆزەرەوە... با بچێت لە بازاڕی سەوزە سلق و کەرەوز بفرۆشێت، یان لە حەمام پشتی ژنان بشوات... باوکت مردووە، زیندووی بکەرەوە... لە نووسینیشدا شتێک نییە لە گۆڕینی ناو و سیمای کەسەکان و لە دروستکردنی خانوو و لە گوێزانەوەی ماڵ و لە کوشتن و زیندووکردنەوەی گیانەکان ئاسانتر" (کاکەسوور،٢٠١٢: ١٠٥-١٠٦)، ئەم کارانەش جۆرێک لە زیندوویی دەدەنە ڕۆمانەکە و واشیلێدەکەن لە واقیع دووربکەوێتەوە و واقیعێکی تایبەت بە دەقەکە بێتە ئاراوە، هەنگاوی دیکەش هەن بۆ دوورکەوتنەوە لە واقیعی ژیان و هەنگاونان بەرەو واقیعی ڕۆمان، بۆ نموونە لە نووسینی ڕۆماندا "نووسەر باس لە خەم و ئازارەکانی خۆی ناکات، بەڵکوو خەم و ئازاری دیکە دەخوڵقێنێت، بەو مەبەستەی ئەوانەی خۆی لە بیر بچنەوە و چێژ لە خەم و ئازاری کەسانی دیکە وەربگرێت... چێژ؟ ئا، چێژ! بۆ ئاوا سەیرم دەکەیت؟ ئەمە

خاولییەکەیە و خۆتی پێ وشک بکەرەوە... جلەکانت بپۆشە و خێرا بچۆرەوە لای دەفتەر و قەڵەمەکەت" (کاکەسوور،٢٠١٢: ١٠٨)

باسکردنی ئەم بابەتانە لە ڕۆماندا نامۆن، بەڵام میتاڕۆمانووس پێیانوایە بە باسکردنی ئەو بابەتانە زیندوویەتی دەدەنە ڕۆمان و ڕۆمانیش لە چەقبەستوویی و لەناوچوون دەپارێزن، بەڵام ڕەنگە لە سەرێکیش خوێنەر هیچ جۆرە چێژێک لەمجۆرە ڕۆمانە وەرنەگرێت.

**٢-٤ ڕاستەوخۆ قسەکردن لەگەڵ کارەکتەر و خوێنەرانی ڕۆمان**

تایبەتمەندییەکی دیکەی دیاری میتاڕۆمان ئەوەیە ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکەیدا گفتوگۆ لەگەڵ خوێنەرانی دەکات و پرسوڕایان پێدەکات کە ڕۆمانەکەی چی لێ بکات و کارەکتەرەکان چییان بەسەربێت و تەنانەت جاری وا هەیە ڕێدەدات کارەکتەر خۆی ناو بۆ خۆی هەڵبژێرێت و بەمەش خۆی لە شێوازی باوی ڕۆماننووسی ڕزگاردەکات و شێوازێکی نوێ دادەهێنێت.

ژالین یەکێکە لە کارەکتەرەکانی کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان و لە هەمان کاتیشدا لە ڕۆمانەکەدا گفتوگۆ لە بارەی ناونیشانی ڕۆمانەکە لەگەڵ ڕۆماننووس دەکات و پرسیاری لێ دەکات، داخۆ بۆچی ئەو ناونیشانەی بۆ ڕۆمانەکەی هەڵبژاردووە "(ژالین)یش زۆر پێی لەسەر ئەو پرسیارانە دادەگرت، ئاخۆ من ڕقم لە مەیموونە، یاخود خۆشمدەوێت، ئایا بە جوانی دەزانم، یان ناشیرین، ئاوا کردوومەتە ناونیشانی کتێبەکەم... گوتم نە ڕقم لێیەتی و نە خۆشیشم دەوێت، نە پێم جوانە و نە ناشیرینیش، بەڵام لای من مەیموون لە هەر ئاژەڵێکی دیکە زیاتر جێگەی پرسیارە... ئەو دەیگوت مرۆڤ تەنیا لە کاتی ئاساییدا مرۆڤە، ئەگینا لە حاڵەتی نیگەرانی و شپرزەییدا دەبێتەوە مەیموونەکەی جاران... پێیم گوت: کەواتە تۆ پێویستە بزانیت مەیموونە چەکدارەکان چ مانایەکی هەیە...

مرۆڤ ناتوانێت چەکێکی پێ بێت و لە حاڵەتی ئارامیشدا بێت"(کاکەسوور،٢٠١٢: ٤٢٥)، لێرەدا ڕۆماننووس لەڕێی وەڵامدانەوەی پرسیاری کارەکتەرێکی ناو ڕۆمانەکەی، هەم بۆمان ڕووندەکاتەوە کە هۆکاری هەڵبژاردنی ناوی کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان چییە و هەمیش تەکنیکێکی نوێی بەکارهێناوە کە قسەکردنە لەگەڵ کارەکتەرێکی ڕۆمانەکەی.

خوێنەر و کارەکتەری ڕۆمانی کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان هەر بەوە ناوەستن پرسیار لەبارەی ناونیشانی ڕۆمانەکە بکەن، بەڵکو دەیانەوێت بزانن چارەنووسی یەکەبەیەکەی کارەکتەرانی ڕۆمانەکە چیان بەسەردێت "ڕاستییەکەی کچێک، کە زانیبووی ئێوارانی خۆم لەو پارکەی نزیک ماڵی (ڤیان)ی خوشکم بەسەر دەبەم، دەهات و داوای لێ دەکردم لەبارەی چارەنووسی کارەکتەرەکانەوە قسەی بۆ بکەم، بەڵام من هەموو جارێک پێیم دەگوت:

_ ببوورە، من ناتوانم لەوە زیاتر بڵێم، کە نووسیومە.

ئێوارەیەکیان تووڕە بوو و بە بەرچاومەوە کتێبەکەی خستە ناو بەرمیلی زبڵەوە... ئینجا پێی گوتم:

_ تۆ گاڵتە بە خوێنەر دەکەیت و دەتەوێت لەناو مەراقێکی گەورەدا جێی بهێڵیت... بمزانیایە کتێبەکەت بەم شێوەیەیە، یەک لاپەڕەم لێ نەدەخوێندەوە... (کاکەسوور،٢٠١٢: ٤٣٧)

ڕۆماننووس پێوایە ئەوەی گوتوویەتی بەسە و ئەوەی دیکەش دەبێت خوێنەر خۆی بەدوایدا بگەڕێت، هەرچی خوێنەری ڕۆمانەکەیەتی کە لە هەمانکاتدا بووەتە کارەکتەری ڕۆمانەکەش، ئەوا دەبێت خۆی سۆراغی کارەکتەرەکان بکات و بزانێ چارەنووسیان چی بووە، بەڵام دواتر قایل

دەبێت هەندێک زانیاری بداتە خوێنەر و جۆرێک لە ڕێککەوتن لە نێوان خوێنەر و ڕۆماننووسدا دێتەئارا، "نا، خۆ منیش داوام نەکردووە باسی هەموو شتێکم بۆ بکەیت، بەڵام ئەوەی دەڵێیت کۆتایی چیرۆکی کارەکتەرەکانت لە شێوەی بۆشایی جێ هێشتووە، گوایە خوێنەر دەبێت خۆی تەواویان بکات، من دەمەوێت خۆت ئەو بۆشاییانەم بۆ پڕ بکەیتەوە.

سەرم بۆ لەقاندەوە، بەو مەبەستەی پێی بڵێم ڕازیم... ئیتر ئەو گوتی:

_ دەمەوێت پێش هەموویان چیرۆکی ژالینم بۆ تەواو بکەیت... حەز دەکەم بزانم لای پۆلیس ئاشکرا بوو، کە پیاوێکی لەو گۆڕستانە کوشتووە... پێیشم بڵێ بۆچی لەگەڵ ئامانج بە یەک نەگەیشتن... نابێت سیخوڕەکەیشت لە بیر بچێت، کە کامیان دەرچوو... باوکی؟ یان فیکری کۆپتەر؟ یان کێ؟ ئامانج چیی بە سەر هات؟ ئەرێ بە ڕاست......، ........، .........؟ (کاکەسوور،٢٠١٢: ٤٤٠)، وەک دیارە ڕۆماننووس بە مەبەست هاتووە کۆمەڵێک بابەتی وروژاندوون، بەبێ ئەوەی کۆتاییان پێ بێنێت و ئەوەش لای خوێنەر بووەتە کەلێن و پرسیاری لەبارەیانەوە لا دروست بووە، دووبارە ڕۆمانووس بە تەکنیک ئەمەی کردووە کە هەم جۆرێک لە ڕاکێشانی خوێنەری بۆ تەواوکردنی ڕۆمانەکە لێکەوتووەتەوە و هەم ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ خوێنەرەکەی دەکات کە ئەمە تەنیا لە میتاڕۆماندا هەیە.

"بە ڕاست من ئەوسایش چەند جارێک لێم پرسییت، کە تۆ کام کارەکتەرەی ناو ئەو کتێبەیت، بەڵام وەڵامت نەدامەوە.

_ ئاسان نییە وەڵامی ئەو پرسیارەت بدەمەوە، ژالین، چونکە من هەموویانم و کەسیشیان نیم... ئەو کاتەی بە ناوی یەکێکیانەوە قسە دەکەم، ئینجا گرنگ نییە، ئەو کەسە مێیە، یان نێر، بێتاوانە، یان تاوانبار، یان هەر شتێکی دیکە، ئەوە خۆمم، ئەگینا ناتوانم بە ڕاستی هەستەکانی

ئەو دەرببرِم، بەڵام بۆ ئەوەی ببمە یەکێکی تر، دەبێت ئەوەی پێشوو بە تەواوی لە ناخی خۆم دەربهێنم... ناخی نووسەر سکی ژن نییە، بە جارێ دوو کەس، یان زیاتر لە خۆی بگرێت" (کاکەسوور،٢٠١٢: ٤٤٣-٤٤٤)، ژالین هەم کارەکتەرە و هەم خوێنەر و دەیەوێ بزانێت پەیوەندی ڕۆماننووس بە تێکستەکەوە چییە و ڕۆماننووس دەکەوێتە کوێی تێکستەکەیەوە، کە ئەمە پرسێکی تیۆری ڕەخنەییە لەبارەی ڕۆمانەوە. گفتوگۆی کارەکتەر و ڕۆماننووس بەردەوام دەبێت و لەگەڵیشیدا تێکشکاندنی بنەمای ڕۆمانی تەقلیدی:

"من دوای خوێندنەوەی کتێبەکەی تۆ ناوی خۆمم ناوە ژالین، ئەگینا ناوی ڕاستەقینەم هاڤیانە، بەڵام باوەڕم پێ بکە وا دەزانم لەوەتەی هەم ناوم ژالینە.

_ هاڤیان! ناوێکی زۆر خۆشە... یەکەمجارە دەیبیستم... کوردییە؟

_ بەڵێ، مانای ئەو هەناسە ئاسوودەیەیە، کە مرۆڤ دوای ناخۆشییەکان هەڵیدەکێشێت. (کاکەسوور،٢٠١٢: ٤٤٩) ڕۆماننووس کارەکتەری کردووەتە سەرچاوەی زانیاری و ئەو پرسیار دەکات، کە کارەکتەرەکە ناوی چییە و کارەکتەرەکەش وەڵامیدەداتەوە، لەم ڕێگەیەشەوە ڕۆماننووس پەلکێشی خوێنەر دەکات، تاکو دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە خۆی بە یەکێک لە کارەکتەرانی ڕۆمانەکە بزانێت، هەروەها کارەکتەر و خوێنەر ئەوەندە باڵادەستن، خۆیان ناو بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن وەک لەم کۆپلەیەی سەرەوەدا هاڤیان خۆی ناوی خۆی دیاردەکات.

سەرەڕای هەڵبژاردنی ناو و دیارکردنی چارەنووسی کارەکتەرەکان، لە ڕۆمانی کەناڵی مەیمونە چەکدارەکاندا کارەکتەر و خوێنەر هێندە هەمەکارەن دەزانن ڕۆماننووسیش بیر لە چیدەکاتەوە "ئەوسا (نەرمین)م

هێنایەوە بەرچاوم، کە هەر دەڵێی بە پێوە خەوتووە و (سۆزە) لە باوەش دەگرێت... بە توندی بە خۆیەوە دەنووسێنێت... وردەوردە دەمی لە دەمی نزیک دەکاتەوە... لێوی بە لێویەوە دەنێت... دەستی دەگرێت و دەیخاتە سەر شەنتووزی... پەنجەکانی ئەم لەوێ دەجووڵێنێت و زیاتر لەو قووڵاییەیان دەباتە خوارێ... بە شێوەیەک بە خۆیەوەی دەنووسێنێت، ئەم هەست بە گۆڕان و جووڵەکانی ناخیشی دەکات... هێندەی پێ ناچێت مووچڕکەیەکی پێدا دێت... ڕاستییەکەی وەکوو ئەوە وایە ئەو مووچڕکەیە بە (سۆزە)یشدا هاتبێت...

بە پرسیارێک لەناو ئەو خەیاڵەی هێنامە دەرێ، لە کاتێکدا بە دەنگ پێدەکەنی:

_ بیر لە نەرمین دەکەیتەوە؟

کەمێک تەریق بوومەوە، بەڵام بەسەر خۆمم نەهێنا" (کاکەسوور،٢٠١٢: ٤٥٧-٤٥٨)، لەم کۆپلەیەدا بە تەواوی پارسەنگ بە لای خوێنەردا کەوتووە و خوێنەر زاڵە بەسەر ڕۆماننووسدا، بەمەش ڕۆماننووس نەک خۆی لە گێڕانەوەی هەمووشتزان و کەمشتزانی تەقلیدی دوورگرتووە، بگرە ئاوەژووی کردووەتەوە و لەم دەقەدا کارەکتەر و خوێنەر هەمووشتزانن و ڕۆماننووس کەمتر دەزانێت.

دواتر کارەکتەر و خوێنەری کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان بە تەواوی دەست لە ڕۆماننووس دەستێنن و جڵەوی گێڕانەوە و تەواوکردنی ڕۆمانەکەی لێوەردەگرن "شتێک ماوە ئاماژەی پێ بدەم، کە (ژالین) ئەم فەرهەنگەی بۆ کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە، یاخود ئەم بایۆگرافیایە کردووە و بە ئیمەیل بۆی ناردووم، تاکوو بیکەمە پاشکۆی ئەم چاپە نوێیە" (کاکەسوور،٢٠١٢: ٤٦١)، دوای ئەمەش ژالین فەرهەنگێکیش بۆ وشە قورسەکانی ڕۆمانەکە زیاددەکات کە ئەمە

داهێنانێکی دیکەی ناو ڕۆمانەکەی و تێکەڵکردنی ژانرێکی ئەدەبییە لەگەڵ فەرهەنگ.

"بە چاکی دەزانم لەبارەی ئەم فەرهەنگەوە سێ تێبینی بخەمە بەرچاو:

یەکەم: مەرج نییە خوێنەر پێویستی بە خوێندنەوەی هەبێت، لە کاتێکدا من خۆم لە چاپی یەکەمدا تێکستەکەم کۆتایی پێ هێنابوو، بەڵام ئەوە تەنیا خواستی (ژالین)ە.

دووەم: ڕێگەم بە خۆم داوە بە مەبەستی کورتبڕی لە سەرجەمی ئەو ناوانەی (ژالین) داینانون، تەنیا (ئامانج)، (ئازاد) و (سۆزان) بهێڵمەوە، بەڵام زانیارییە گرنگەکانیانم خستووەتە خانەی ئەو سێ کارەکتەرەوە.

سێیەم: هەر کاتێک هەستم کردبێت لەبارەی ئەو کارەکتەرانەوە شتێک گوتراوە و پێویست نییە، یان لەبەر هەر هۆیەک بێت، حەز ناکەم بگوترێت، ئەوا لام بردووە و ئەم نیشانەیەم لە شوێنی داناوە: (.........)" (کاکەسوور،٢٠١٢: ٤٦٢) وەک تێبینی دەکرێ لەباتی ئەوەی ڕۆماننووس خۆی ڕۆمانەکە بگێڕێتەوە و دواتر بێت و دەستکاری ڕۆمانەکە بکات، خوێنەرێک لە ڕێگای ئیمێلێکەوە بەشێکی ڕۆمانەکەی بۆ گێڕاوەتەوە و ئەو تەنیا هاتووە پوخت و جوانی کردووە.

## ئەنجام

- لە ڕۆمانی کەناڵی مەیموونە چەکدارەکاندا ڕاستەوخۆ ئەوە بە خوێنەر دەگوترێ کە ئەوەی دەیخوێنیتەوە بەرهەمی خەیاڵ و عەقڵی ڕۆماننووسە نەک ڕووداوێک کە پێشتر ڕوویدابێت، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی میتاڕۆمان.

- لە ڕۆمانەکەدا باسی چەندین بەرهەمی ئەدەبی و هونەری و ناو و کتێبی فەیلەسووفان هاتووە و کۆپلە یان بەشێکیان ئاخنراوەتە ناو ڕۆمانەکە.

- لە ڕۆمانەکەدا باسی چۆنیەتیی نووسینی ڕۆمان و خەسڵەتەکانی ڕۆمانی باش کراوە و ئەو شێوازانە خراونەتەڕوو کە ڕۆماننووس لە ڕێیانەوە دەتوانێت سەرنجی خوێنەران بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکەی ڕابکێشێت، ئەمەش لە کتێبەکانی تیۆری ڕۆماندا دەبینرێت، نەوەک ڕۆمان.

- لە ڕۆمانەکەدا گفتوگۆ لە نێوان کارەکتەرەکان و ڕۆماننووس دەکرێت لەبارەی ناونیشان و چارەنووسی کارەکتەرەکان و کۆتایی ڕۆمانەکە، بە جۆرێک کارەکتەرەکان هێندە ئازادن تەنانەت خۆیان ناو لەخۆیان دەنێن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە زۆر حاڵەتدا ئەو زانیارییەی لای کارەکتەرەکان دەستدەکەون، زیاترە لە زانیاریی ڕۆماننووس.

- لە ڕۆمانەکەدا کارەکتەر هێندە باڵادەست دەبێت، خۆی بەشێکی ڕۆمانەکە دەنووسێ کە ئەمە لە ڕۆمانێک کە بە شێوازی میتاڕۆمان نەنووسرابێت، بە هیچ شێوەیەک نابینرێت.

**سەرچاوەکان**


- بێستون عارف عەزیز، "هونەری میتاڕۆمان لە ڕۆمانی گێلاسی خوێنی عەتا محەمەددا، بەرهەمەکانی بیستویەکەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیگەلاوێژ، سلێمانی- ٢٠١٨

- ڕەشید، سابیر،(٢٠٠٣)، باڵندەکانی دەم باو هونەری میتاڕۆمان، گۆڤاری ڕامان، ژ٨١، ١ی ئادار.

- ڕەشید، سابیر، (٢٠٠٧)، ڕۆمانی کوردی خوێندنەوە و پرسیار، بەشی یەکەم، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

- ڕەشید، فوئاد(د.)، (٢٠٠٩) تەکنیکەکانی میتاڕۆمان لە دەقی (ناویَ لەم تێکستە بنیَ)دا، گۆڤاری ڕامان، ژ١٤١.

- شابو، سهام (٢٠١٨) الميتاقس في الرواية العربية والجزائرية رواية سمير قسيمي "تصريخ بضياع" أنموذجا، رسالة ماجستير، جامعة ٨ ماى ١٩٤٥ قالمه.

- Anwar, Zakarya (2013) On the Ontology and Morality of Metafictional Characters in the Dirge City Story, MA Research, University of Central Lancashire, September.

- Currie, Mark (1995) METAFICTION. New York, Longman, 1995.

- Gass, William (1970) H. Fiction and the Figure of Life, New York.

- Hornby AS (2005) Oxford Advanced Learner's Dictionary of Current English, Oxford University Press.
- Levine, Jeremy A. (2015), Metafiction as Genre Fiction, Scholarly Undergraduate Research Journal at Clark, Volume 1, Article 8.
- Ramani S. & Ramy Dr. S. (2016) Histriographic Metafiction Technique in Amitav Ghosh's The Hungry Tide, Asiapacific Journal of Research, Vol: 1, Issue XXXVI.
- Rudiger, Imhof(1986) Contemporary Metafiction. Westhofen, Germany.
- Warner Wolf (2009) Metareference Across Media, Amsterdam.
- Waugh, Patricia (1984) METAFICTION: The Theory and Practice of Self Conscious Fiction, London.
- (www.shmoop.com/literary-glossary/metafiction.html) –
- (www.novel-writing-help.com/metafiction.html) –

**Absract**

Kurdish novel appeared about a hundred years ago, compared with other literary genres it is not a long time as well as in other nation's literature. Because the novel is an influential genre, it went through a set of stages. The last stage that the global novel achieved is the Meta-Fiction, which some say is a new literary genre and others say is a new form or a style of the novel .

There are many changes that occurred in the Kurdish novel, the changes happened so fast. Nowadays some Kurdish novelists who are few in number but have a strong impact use the newest technic, forms, and styles.

Karwan Kakesur is one of the novelists who strongly took features of Meta-Fiction as principles for writing his novel to the extent that most of the characteristics are present in "Kanali Meymune Chekdarekan."

**Key Words**: Novel, Meta-fiction, Features, Types, Meta-Fiction Technics

**الملخص**

ظهرت الرواية الكردية منذ حوالي مائة عام، مقارنة بالأنواع الأدبية الأخرى فهي ليست بوقت طويل كما هو الحال في أدب القوميات الأخرى. لأن الرواية هي نوع أدبي مؤثر، فقد مرت بمجموعة من المراحل. المرحلة الأخيرة التي حققتها الرواية العالمية هي ميتا القص ، والتي يقول البعض إنها نوع أدبي جديد واخرى يقولون إنها شكل جديد أو نمط جديد للرواية.

هناك العديد من التغييرات التي حدثت في الرواية الكردية، التغييرات حدثت بسرعة كبيرة. في الوقت الحاضر ، يستخدم بعض الروائيين الكورد ، وهم قليلو العدد ولكن لديهم تأثير قوي، أحدث التقنيات والأشكال والأساليب في كتابة الرواية.

كاروان كاكسور هو أحد الروائيين الذين اتخذوا بقوة ملامح رواية ميتا كمبادئ لكتابة روايته لدرجة أن معظم خصائصها موجودة في "كەناڵی مەیموونە چەکدارەکان"

الكلمات الرئيسية: الرواية، الميتاقص، الخصائص، الانواع، تقنيات ميتاقص.

https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2253.11

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# هەراسانی سێکسی و پەیوەندیی بە فشاری کارەوە لەلای کارمەندە ژنەکان لە کەرتی تایبەت

پ. ی. د. کاروان کاکەبرا کاکەمد

زانکۆی سۆران

karwan.kakamad@soran.edu.iq

خەلیل سەلیم مەولود

زانکۆی سۆران

khalil.mawlud@soran.edu.iq

**پوختە:**

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە زانینی ئاستی هەراسانی سێکسی، زانینی ئاستی فشارەکانی کار و دۆزینەوەی پەیوەندیی هەراسانی سێکسی بە فشارەکانی کار. لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی وەسفی چەندێتی بەستراوە و داتاکان لە ڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسییەوە کۆکراونەتەوە. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لەو ژنانەی کە لە کەرتی تایبەت کاردەکەن و نموونەی توێژینەوەکەش بریتییە لە (N= 400) کارمەندی ژن کە لە کەرتی تایبەت لە پارێزگەی هەولێر کاردەکەن. ئەنجامە شیکارییەکانی داتا کۆکراوەکانی ئەم توێژینەوەیە، ئەوەی دەرخستبوو کە نموونەی توێژینەوەکە ئەزموونی هەراسانی سێکسیان کردبوو و نموونەی توێژینەوەکە بە ئاستێکی بەرز هەستیان بە فشارەکانی کار کردووە و بەڵەگەداری ئاماری هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامەکان پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماریی نێوان هەراسانی سێکسی و فشارەکانی کار پیشاندەدراوە، هەروەها ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستبوو کە هەراسانی سێکسی بە ڕێژەی (٣٢%) دەبێتە هۆی بەرزبووونەوەی فشارەکانی کار. لە کۆتاییشدا توێژەر بە پشتبەستن بەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتبوو چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێکی خستۆتەڕوو.

وشە کلیلییەکان: هەراسانی سێکسی، فشارەکانی کار، کارمەندە ژنەکان.

**هەراسانی سێکسی و پەیوەندیی بە فشاری کارەوە لەلای کارمەندە ژنەکان لە کەرتی تایبەت**

**پێشەکی:**

پرسی کارکردنی ژنان لەناو کایە ئابوورییەکان لە جیهاندا، بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئەو هەولانە دەگەڕێتەوە کە خودی بزاڤی ژنان لە سەدەی بیستەمەوە هەوڵیان بۆ دەدا، کە سەرەتا بە دەستپێکردنی مافی دەنگدان و بەشداری لە کایە سیاسییەکانەوە دەستیپێکرد و دواتر لەگەڵ دەرچوونی جاڕنامەی مافی مرۆڤ و کارکردنی ژنان تەکانێکی دیکەی گرنگی بەخۆوە بینی، کە لە پاڵ مافەکانی پیاوان ژنانیش توانیان بە یاسا داوای مافەکانی خۆیان بکەن (عەلی، ٢٠١٦، لا. ١٦ - ١٨). ئەم بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە بووە هۆی دروستبوونی یاسایەک بۆ مافەکانی ژنان لە میانەی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی، ئەمەش وایکرد کە ژنان بتوانن لەتەک پیاوان دەستبەکاربکەن و بەشداری کارایان لە کایەکانی دەرەوەی خێزان، کە پێشتر ڕەگەزی مێ تەنیا بە چوارچێوەی کاری ماڵەوە پەیوەستکرابوو، بکەن (ابو غزالة، ٢٠٠٩، لا. ٢٠-٢١). لەگەڵ هاتنە دەرەوەی ژنان لە چوارچێوەی کاری ماڵدا و بەشداریکردن لە کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، لە هەمان کاتتدا بەهۆی ئەو نەریتە پیاوسالارییەی کە کۆمەڵگەکان لەسەری بونیادنرا بوو، ئافرەتان هەندێکجار تووشی چەند گرفتێکی ڕەگەزپەرستی و توندوتیژی بوونەوە، یەکێک لەو گرفتانەش بریتی بوو لە هەراسانی سێکسی (عەبدولا، ٢٠٠٧، لا. ١١).

هەرچی سەبارەت بە هەرێمی کوردستانە، ئەوا لەدوای کرانەوەی هەرێمی کوردستان بە ڕووی جیهانەوە و گۆڕانی باری ئابووری، حکومەت لە ڕێگەی هەوڵە یاساییەکانی دەرفەتێکی لەباری بۆ ژنان دروستکرد، کە بتوانن لەو دۆخەی پێشووتر کە بەسترابوونەوە بە

کارکردن لە چوارچێوەی خێزان دەرباز ببن و لە کەرتی گشتی و تایبەتیدا دەستبەکارکردن بکەن. بە جۆرێک ژنان لە ڕێگەی ئەم دەرفەتەی بۆیان ڕەخسا، توانیان ڕوو لە کاری دەرەوە بکەن، ئەویش بەو ئامانجەی کە بتوانن تا ڕادەیەک ببنە خاوەن ئابووریی سەربەخۆی خۆیان (شریف و عبدالرحمن، ٢٠٢١، لا ٢٤).

ئەم دەرفەتەی کە بۆ کارکردنی ژنان لە هەرێمی کوردستان ڕەخسا لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ هاتنەدەرەوەی ژنان لە چوارچێوەی کاری ماڵ و چوونە ناوەندەکانی کاری دەرەوە، هەروەها بەهۆی ئەو باوەڕە پیاوسالارییەی کە لە کۆمەڵگەدا هەبوو، ئەوا ژنان ڕووبەڕووی چەند گرفتێک بوونەوە (عەبدوڵا، ٢٠٠٧، لا ١١). دەکرێت یەکێک لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی ژنان لە شوێنی کار دەبێتەوە بریتی بێت لە هەراسانی سێکسی (Browne, 2006, p. 145). کاتێکیش ژنان لە میانەی کارکردنەوە ڕووبەڕووی هەراسانی سێکسی دەبنەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە کاریگەریی بکاتە سەر ئاستی توانای ژنە کارمەندەکان و وا بکات کە تووشی دۆخێکی دەروونیی فشار ئامێز ببنەوە (عەبدوڵا، ٢٠٠٧، لا. ٢٤). یەکێک لەو دۆخە فشار ئامێزانەش بریتییە لە فشاری کار. بە شێوەیەکی گشتیش فشارەکانی کار بەوە دەناسرێنەوە کە لەخۆگری چەند هۆکارێکی نەرێنین کە لە ئەنجامی جۆری کار، ژینگەی کار یان مەمەڵەی کەسانی چواردەوری ڕووبەڕووی کەسی کارمەند دەبێتەوە و دەبێتە هۆی دروستبوونی فشار (بوخاری، ٢٠١٢، لا. ٦٠).

**کێشەی توێژینەوە:**

لە ئێستادا پرسی هەراسانی سێکسی لە شوێنی کار پرسێک نییە کە تایبەت بێت بە وڵاتێک یان کلتوورێک یان شوێنێکی دیاریکراو، بەڵکو پرسێکی جیهانییە. لە هەمان کاتیشدا یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکان کە ڕووبەڕووی ژنان لە بواری کارکردن دەبێتەوە و زۆرجار ئەم گرفتە

وەکو گرفتێکی جیاکاریی ڕەگەزیش لێکدەدرێتەوە (Kapila, 2017, p. 32). لەم چوارچێوەیەدا لەئەنجامی هەستکردنی بەرپرسان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ بە گشتی و مافی ژنان بە تایبەتی، لە بارەی کێشەی هەراسانی سێکسی و کاریگەریی لەسەر تواناکانی کاراکتەری ژن لەلایەکەوە و لەلایەکی دیکە لە ئەنجامی بەشداریی ژنان لە کایە ئابوورییەکاندا کە کاریگەری دەخاتە سەر ئاستی بەرهەمهێنان، وایکردووە ئەم گرفتە وەکو گرفتێکی زیندوو بخرێتە بەرباس و یاسای تایبەتی لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ و مافی کارکردنی بۆ دابڕێژردرێت (Schoenheider, 2016, p. 1462). لەم ڕوانگەیەشەوە لە چوارچێوەی یاسای عێراقی ئەو دۆخە هەراسانکارییانە وەکو گرفتێک لە یاسای سزادانی عێراقیدا لە چوارچێوەی یاسای سزای ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ کە لە ساڵی ٢٠١٥ هەموارکراوەتەوە، بۆ دۆخی هەراسانکردن داڕێژراوە، ئەوەیش بە مەبەستەی ئەوەی بتوانرێت ببێتە ڕێگرییەک لە ئەنجامدانی هەراسانی سێکسی دژ بە ژنان (یاسین، ٢٠٢١، لا. ٢٦) سەرەڕای ئەوەی کە هەموو ئەو هەڵانە لەپێناو ڕێگری لە هەراسانی سێکسی ئەنجامدراون، کەچی هێشتاش ئەم دۆخە هەراسانکارییە ڕووبەڕووی کارمەندە ژنەکان دەبێتەوە (قەرەداخی، ٢٠١٨، لا. ٢٥٥).

سەرەڕای ئەوەی هەراسانی سێکسی وەکو گرفتێکی یاسایی دەبینرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم گرفتە، گرفتێکە بەدەر لە نۆرمە یاساییەکان وەکو گرفتێکی سایکۆلۆژیش دەبیندرێت (Fitzgerald & Gelfand, 1995, p. 429)، چونکە کاتێک ژنان ڕووبەڕووی هەراسانی سێکسی دەبنەوە ئەوا ڕاستەوخۆ هەست بە بوونی ناسەقامگیریی دەروونی دەکەن (Babbitt & et al, 2016, p. 5). ئەم ناسەقامگیرییە دەروونییەش وا دەکات ژنان بە دەست کۆمەڵێک بارودۆخی نەرێنی بناڵێنن. لەوانەش هەستکردن بە بێزاری، هەڕەشە، هەستکردن بە نائارامی، ترس، فشار و چەندان دۆخی تری دەروونی، کە هەر یەک لەمانە

ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر تواناکانی ژنان لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان دەکات (Burn, 2019, p. 96). هەرچەند هەراسانی سێکسی دەبێتە هۆی دروستبوونی چەند بارودۆخێکی نەرێنی لە ڕووی دەروونییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەو فشارانەی بەهۆی هەراسانی سێکسییەوە دروستدەبن، دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەو ژینگەیەی بە ژینگەی کار دەستنیشانکراوە، ببێتە ژینگەیەکی ناهەموار و کارمەندەکان هەست بە ناسەقامگیری بکەن، ئەمەش وا دەکات ئەو پەیوەندییەی کە تاکەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی کار هەیانە، لە پەیوەندییەکی ئاساییەوە بگۆڕدرێت بۆ پەیوەندییەکی دیکەی نەرێنی و ژنان هەست بە بوونی فشار بکەن (Chandola, 2010, p. 37).

سەرەڕای ئەوەی هەراسانی سێکسی دەبێتە هۆی دروستبوونی فشار لەسەر کارمەندەکان (Kapila, 2017, p. 32)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ژینگەیەی کە کارمەندەکان تێیدا کار دەکەن و ئەو جۆرە بارگرانییانەی کارەکە (Workload) فاکتەرێکی دیکەی دروستبوونی فشارەکانن لەسەر کارمەندەکان، بە تایبەتیش ئەو کارمەندانەی کە لە ڕەگەزی مێن ( Geller & Hobfoll, 1994, p. 557) ، بۆیە کاتێک کارمەندەکان لەمیانەی کارکردنیان هەست بە بوونی فشارەکان دەکەن، ئەمەش وا دەکات کە کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر ئاستی داهات و تواناکانی کارمەندەکان لە ڕووی بەرهەمهێنان دروستبکات (Hashemi & et al, 2018, p. 103). لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار لە ئەنجامی ئەو فشارانەی کە لە ژینگەی کار لەسەر کارمەندەکان دروستدەبن، وادەکات کە کاریگەری لەسەر تەندروستیی دەروونیی کارمەندەکان دروستبکات، بە جۆرێک هەتا ئاستی فشارەکان بەرزتر بێت، ئەوا کارمەندەکان زیاتر هەست بە ناهاوسەنگیی دەروونی دەکەن و وا دەکات کە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی فسیۆلۆژی لەلای کارمەندەکان دروستبێت و ببێتە هۆی ناهاوسەنگی لە ڕەفتار و بیرکردنەوە (Panigrahi, 2016, p. 155).

به شێوەیەکی گشتی دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە هەراسانی سێکسی یەکێکە لەو گرفتە سەرەکییانەی کە ڕووبەڕووی کارمەندە ژنەکان لە ژینگەی کار دەبێتەوە، ئەمەش وا دەکات کە لە پاڵ ئەو فشارانەی کارکردن، ئەم جۆرە ڕەفتارانەش (ڕەفتاری هەراسانکاری) فشارەکانیان زیاتر بکات، هەر بۆیەش دەکرێت لە میانەی ئەم دۆخە ناهەموارەی کە هەراسانی سێکسی دروستی دەکات و دەبێتە هۆی دروستبوونی فشارەکان، پرسیاری لێکۆڵینەوەکە ئەوەبێت؛ ئایا کارمەندەکانی ڕەگەزی مێ کە لە هەرێمی کوردستان لە کەرتی تایبەت کار دەکەن ڕووبەڕووی هەراسانی سێکسی دەبنەوە و هەراسانی سێکسی تاچەند کاریگەریی لەسەر فشارەکانی کار دروست کردووە؟

**گرنگیی توێژینەوە:**

به شێوەیەکی گشتی دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە هەر توێژینەوەیەکی زانستی بە شێوەیەکی سروشتی و ئەو هەوڵە زانستییانەی لەپێناوییەوە دەگیرێنە بەر گرنگیی تایبەتی خۆی هەبێت، چونکە هەوڵدان بۆ توێژینەوەی زانستی لە میانەی ئەو هەستپێکردنانەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەویش هەستکردنە بە بۆشاییەک لەو بوارەی کە توێژینەوەکە هەوڵی بۆ دەدات، بۆ ئەوەی توێژەر لە ڕێگەی ئەو میتۆدە زانستییانەی دەیگرێتەبەر هەوڵی ناساندنی بدات. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە دوو خاڵی سەرەکیدا بخرێنەڕوو؛

١/ گرنگیی توێژینەوە لە لایەنی تیۆرییەوە: لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت کۆمەڵێک ناساندن، تیۆر و توێژینەوە لەبارەی هەراسانی سێکسی، فشاری کار بخرێنەڕوو، کە هەم لە ڕووی تێگەیشتنەوە دەبێتە ئاسانکارییەک بۆ خوێنەر کە زیاتر ئاشنای هەریەک لەم چەمکانە ببێت و لە ڕووی مەعریفیشەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم چەمکانە ببنە دەروازەیەک بۆ زیاتر ئاشنابوونی خوێنەر بەو دۆخانەی کە وەکو

هەراسانکاری یان فشاری کار لەسەر کارمەندانی ژن دەردەکەون. سەرەڕای ئەوەی کە دەکرێت ببێتە سەرچاوەیەکی زانستیش بۆ توێژەران کە بتوانن توێژینەوەی زیاتر لەبارەیەوە ئەنجامبدەن.

٢/ گرنگیی توێژینەوە لەلایەنی پراکتیکییەوە: لەبەر ئەوەی ئەم توێژینەوەیە پشت بە داتای دەستکەوتوو کە لە ڕێگەی پرسیارنامەوە لە لایەن نموونەی توێژینەوەکە بەدەست خەرێن کە بریتین لەو کارمەندە ژنانەی کە لە کەرتی تایبەت کار دەکەن. دوای دەستخستنی ئەنجامەکان دەکرێت بخرێتە بەردەستی لێپرسراوانی ئەم لایەنە، بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە دەکرێت لەم توێژینەوەیەدا دەربکەون، سەرەڕای ئەوەی کە لەم توێژینەوەیدا هەوڵدەدرێت چەند پێشنیاز و ڕاسپاردەیەک بۆ لایەنی پەیوەندیدار بخاتەڕوو.

**ئامانجەکانی توێژینەوە:**

١/ زانینی ئاستی هەراسانی سێکسی لەلای نموونەی توێژینەوە.

٢/ زانینی ئاستی فشاری کار لەلای نموونەی توێژینەوە.

٣/ دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان هەراسانی سێکسی و فشارەکانی کار.

٤/ ئاستی پێشبینیی هەراسانی سێکسی لەسەر فشاری کار لەلای نموونەی توێژینەوە.

**سنووری توێژینەوە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەو کارمەندانەی کە لە ڕەگەزی مێن و لە ناوەندەکانی کەرتی تایبەت (جگە لە ناوەندەکانی پەروەردەیی و ئەکادیمی) لە پارێزگەی هەولێر بۆ ساڵی ٢٠٢١-٢٠٢٢ کاردەکەن.

**ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە:**

**یەکەم/ هەراسانی سێکسی لە شوێنی کار:**

لە دیارترین ئەو شوێنە جوگرافییانەی کە هەراسانی سێکسی تێیدا ئەنجامدەدرێت بریتییە لە ژینگەی کار (DSM5^-VTR, 2022, 831) بۆیە چەندین شارەزا هەوڵدەدەن پێناسەی هەراسانی سێکسی لە شوێنی کار بخەنەڕوو. هەروەک Deblieux (2003) ئاماژە بەوە دەکات کە هەراسانی سێکسی لە شوێنی کار بریتییە لە هەوڵدانێک کە ڕەفتار سێکسییانە لەخۆدەگرێت، کە بە هەوڵێکی ئاگاییانە دادەندرێت و مەبەست لێی دەستەبەرکردنی کردەی سێکسی یاخود دوورخستنەوەی کەسی هەراسانپێکراوە (p. 10). لەگەڵ ئەوەشدا Foote (2004) پێیوایە کە هەراسانی سێکسی لە شوێنی کار هەموو ئەو ڕەفتارە سێکسییانە لەخۆدەگرێت کە ڕەگەزێک دژ بە ڕەگەزێکی دیکە بە پشت بەستن بەو دەرفەتانەی کە لە میانەی کارەوە لێکیان نزیک دەکاتەوە دەگرێتەوە و دەبێتە هۆی بێزارکردنی کەسی هەراسانکراو (p. 18).

**پێناسەی تیۆری:**

هەراسانی سێکسی ئەو ڕەفتارانە لەخۆدەگرێت کە سروشتێکی سێکسییان هەیە و ئاراستەی کەسێکی دیکە دەکرێت و دەبێتە هۆی هەستکردن بە بێزاری و ناڕەزایەتی. لەگەڵ ئەوەشدا هەراسانی سێکسی زۆر جار لە شێوەی سەرنجدانی سێکسیانە، یان گوفتارێکی سێکسیانە دەردەکەوێت کە دژ بە کەسانی دیکە دەگیرێتە بەر.

**پێناسەی پراکتیکی:**

بریتییە لە کۆی نمرەی کارمەندە ژنەکان لە پارێزگای هەولێر کە لە وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری هەراسانی سێکسی بەدەستیدەهێنن.

**دووەم/ فشارەکانی کار:**

بۆ ناساندنی فشارەکانی کار، کۆمەڵێک پێناسەی جیاجیا خراونەتەڕوو، کە هەر یەکەیان لە ڕوانگەیەکی تایبەت دەڕواننە فشارەکانی کار، لەمبارەیەوە السمیران و المساعي، (٢٠١٤) ئەمە ڕووندەکەنەوە کە فشارەکانی کار بریتین لە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی جەستەیی و دەروونی، کە وا دەکات تاک تووشی شڵەژانی سۆزداری بێت، ئەویش لەو کاتانەی کە داخوازییەک لە دەرەوەی چوارچێوەی کار لە کارمەند دەکرێت و ئەو کارمەندە وا هەست دەکات ئەو داخوازییە بە شێوەیەک لە شێوەکان هەڕەشەیەکی جەستەیی یان دەروونییە (ص. ١٤٤) ، هەروەها Russell et al (2018) پێیانوایە کە فشارەکانی کار بریتین لەو دۆخە نادڵنیاییانەی کە تاک لە ئەنجامی ئەو بارگرانییانەی کار یاخود کەسانی دەوروبەری هەستیپێدەکات و کاریگەری دەخاتە سەر هاوسەنگیی دەروونی و ڕەفتاری (p. 1). لەگەڵ ئەوەشدا مارڤیلاس (٢٠٠٩) ئاماژە بەوە دەکات کە فشارەکانی کار بریتین لەو دۆخانەی کە دەبنە هۆی ماندووبوون و بێزاری کەسی کارمەند، ئەویش لە ئەنجامی زۆری ئەو داواکارییانەوە سەرچاوە دەگرێت کە سروشتی کارەکە یان کەسانی چواردەوری ئاراستەی دەکەن (ص. ٢٨).

**پێناسەی تیۆری**

فشارەکانی کار، بریتین لە هەموو ئەو داواکارییانەی کە لەمیانەی کارکردن ئاراستەی کارمەندەکان دەکرێن و دەبێتە هۆی دروستبوونی بارگرانی لەسەر ئەو کارمەندە، سەرەڕای ئەوەی کە زۆرجار فشارەکانی کار لە ئەنجامی ئەو مامەڵەیەشەوە سەرهەڵدەدات کە کەسانی دەوروبەر دژ بە کارمەندەکە دەیگرنە بەر.

**پێناسەی پراکتیکی**

بریتییە لە کۆی نمرەی کارمەندە ژنەکان لە پارێزگای هەولێر کە لە وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری فشارەکانی کار بەدەستیدەهێنن.

**چوارچێوەی تیۆری**

چوارچێوەی تیۆری ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوە بەسەر دوو تەوەری سەرەکیدا؛

**یەکەم: هەراسانی سێکسی لە شوێنی کار**

هەراسانی سێکسی هەرچەندە دەکرێت لە هەر شوێنێک ئەنجامبدرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەزۆری لەو شوێنانەدا ئەنجامدەدرێت کە شوێنی کارن، چونکە لەم شوێنانەدا بەهۆی بوونی بارودۆخی تایبەت زیاتر ئەگەری ڕوودانی ئەم جۆرە ڕەفتار و گوفتارانە دەڕەخسێت، بۆیە دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە هەراسانی سێکسی لە شوێنی کار بەوە دەناسرێتەوە کە فشارێکی ئاماژە سێکسییە بۆ سەر کارمەندەکان کە لە شوێنی کاردا سەرقاڵی کارکردنن ( Schneider & Swan, 1997, p. 401).

زۆرجار لەو شوێنەی کە کارمەندەکان کاری تێدا دەکەن ڕووبەڕووی کۆمەڵێک هەڵوێستی وەکو سووکایەتیپێکردن، ترساندن، ڕسواکردن و چەند هەڵوێستێکی دیکە دەبنەوە، کە کارمەندەکان وەکو هەراسانی سێکسی لێکیدەدەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ئەم بارودۆخە بە گوێرەی کەسەکان بگۆڕدرێت و بەلای هەندێکی دیکەوە وەک پەرچەکردارێکی ڕەفتاری ئاسایی ببیندرێت، بۆیە ئەوەی کە دەکەوێتە چوارچێوەی هەراسانی سێکسی ئەوا ئەو دۆخانە دەگرێتەوە کە

کارمەندەکان وەکو ئاماژەیەکی سێکسی بۆ سەرخۆیان هەستی پێدەکەن و بەرانبەر ئەو هەڵوێستانە دەکەونە ژێر فشارەوە (Merkin, 2008, pp. 75-77).

سەرەڕای ئەوەی کە هەراسانی سێکسی بە شێوەیەکی گشتی لە هەر بارودۆخێکدا، کە باردۆخی کار بێت یان شوێنێکی دیکە، ئەوا لە سێ ڕەهەندی وەکو سەرنجدان، گوتەیی و فیزیکی ئەنجامدەدرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیاترین جۆری هەراسانی سێکسی کە لە شوێنی کار ڕووبەڕووی کارمەندان دەبێتەوە و تا ئەندازەیەکیش ئەو جۆرە هەراسانکارییانە شاراوەترن بە بەراورد بە جۆرەکانی دیکەی هەراسانی سێکسی، ئەوانیش پێیان دەگوترێ ئەمە بەرانبەر بەوە (Quid Pro Quo) و ژینگەی دژایەتیی کار (Hostile Work Environment) (Pletcher, 2006, p. 1753). لە جۆری ئەمە بەرانبەر بەوە (Quid Pro Quo)، بە زۆری لەو دۆخانە سەرهەڵەدات کە خاوەن کار یان بەڕێوەبەر بە هەراسانی سێکسی هەڵدەستن، ئەوەیش بەو شێوازەی کە بۆ بە ئەنجامدانی کردارە هەراسانکارییەکانی هەوڵدەدات کارمەندەکانی ناچار بکات بەرانبەر بە پلە بەرکردنەوە یان مووچە بەرزکردنەوە کرداری هەراسانکاریی خۆی بەجێبگەیەنێت (Johnson & et al, 2018, p. 24). هەرچی سەبارەت بە (دژایەتیی ژینگەی کار) ژینگەی دژایەتیی کارە (Work Environment Hostile)، ئەوا ئەو جۆرە هەراسانکارییە دوژمنکارییانە دەگرێتەوە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕێگری لە ئەنجامدانی کار، بە تایبەتیش بۆ ئەو کارمەندانەی کە لە ڕەگەزی مێن (Gerdes, 1999, p. 140).

بە گشتی هەراسانی سێکسی لە شوێنی کاردا زۆر جار دەوەستێتە سەر هەندێ بارودۆخ، کە ئەگەری ڕوودانی هەراسانی سێکسی زۆرتر دەکەن، ئەوانیش ئەو بارودۆخانەن کە خۆیان لە هەبوونی چوارچێوەی

سیستەمی پیاوسالاری و زۆریی ژمارەی کارمەندی نێر بە بەراورد بە کارمەندی مێ، کە وا دەکات ببێتە دەرفەتێک بۆ ئەوەی ئاستی هەراسانی سێکسی بەرانبەر ڕەگەزی مێ زیاتر بکات (Howland, 2018, p. 4).

## تیۆرەکانی هەراسانی سێکسی

بە مەبەستی ڕاڤەکردنی هۆکارەکانی هەراسانی سێکسی، کۆمەڵێک تیۆر بەشداری لە ڕاڤەکردنی ئەم گرفتە دەکەن، بۆیە لێرەدا هەوڵدەدرێت لە هەرە دیارترین ئەو تیۆرانە بخرێنەڕوو کە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و دروستبوونی ئەو ڕەفتارە شرۆڤە دەکەن.

### ١/ تیۆری سروشتی/ بایۆلۆژی (Nature/Biological Theory).

ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای بایۆلۆژی هەوڵدەدات ڕەفتاری هەراسانکاری دژ بە ژنان بە پاڵپشتیی چەند هۆکارێکی سروشتی و بایۆلۆژی شرۆڤە بکات. لایەنگرانی ئەم تیۆرە لەو باوەڕەدان کە بە شێوەیەکی سروشتی پیاوان پاڵنەرێکی بەهێزتر لە ژنانیان هەیە، ئەمەش وا دەکات پیاوان بیر لە ڕەفتاری هەراسانکردن بکەنەوە، هەروەها لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە پیاوان بە سوودوەرگرتن لەو هێزە جەستەییانەی هەیانە، کە بەراورد بە ژنان بەهێزتر دەردەکەوێت، دەبێتە هاندەرێک کە ڕەفتاری هەراسنکاری بنوێنن (Gold, 2008, p. 65). لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوتی بایۆلۆژی لەو باوەڕەدان کە پیاوان بە سوودوەرگرتن لەو دۆخە کلتووری و کۆمەڵایەتییەی کە هەمیشە ڕەگەزی نێر وەکو کارەکتەری خاوەن هێز پیشاندراوە، وای کردووە کە ببێتە هاندەرێک کە ڕەگەزی نێر زیاتر هەوڵی هەراسانکردنی سێکسی دژ بە ژنان بدات (Foote, 2004, p. 69).

## ٢/ تیۆری ڕۆڵی ڕەگەزی ناڕاستەوخۆ (Sex role spillover theory).

ئەم تیۆەر هەوڵدەدات لەسەر بنەمای ڕۆڵی ڕەگەزی هەراسانی سێکسی بە شێوەی کردەی ناڕاستەوخۆ شرۆڤە بکات. لایەنگرانی ئەم تیۆرە ئاماژە بەوە دەکەن کە هەراسانی سێکسی لە شوێنی کار زۆرجار لە ڕێگەی ئەو شێوازە کارانەوە ئەنجامدەدرێت کە کارەکە تایبەت دەکرێت بە ڕەگەزێکی دیاریکراو، بۆیە کاتێک کارێک ناوزەند دەکرێت بە کارێکی ڕەگەزی (کاری ژنانە و کاری پیاوانە) لە هەمان کاتتدا ئەگەر کارمەندەکان لە ڕەگەزی مێ بن و خاوەن کار لە ڕەگەزی نێر، ئەوا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەگەزی نێر هەوڵدەدات کە هەراسانی سێکسی دژ بە ژنان ئەنجامبدات (Foote, 2004, p. 42). لایەنگرانی ئەم تیۆرە باس لەوە دەکەن کە ژنان لەو شوێنانەی کە کاری تێدا دەکەن، زۆر جار بەر لەوەی بە کارمەند ببیندرێن، ئەوا وەکو ڕەگەزی ژن دەبیندرێن، واتە بەڕێوەبەری کارەکە پێش ئەوەی توانای کارمەندە ژنەکان وەکو کەسێکی لێهاتوو بۆ ئەو کارە ببینێت ئەوا وەکو ڕەگەزی مێ سەیریدەکات، بۆیە کاتێک کارمەندەکە بەر لە تواناکەی وەکو ڕەگەزی مێ لە هزری پیاودا پیشاندەدرێت، ئەوا دەبێتە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی هەراسانی سێکسی ڕوو‌بدات (Gerdes, 1999, p. 94).

## ٣/ تیۆری ڕێکخراوەیی (Organizational Theory)

ئەم تیۆرە لە ڕوانگەی یاساکانی ناو ئەو ڕێکخراوانەی کە کارمەندەکان کاری تێدا دەکەن، هەوڵدەدات ئەگەری ئەنجامدانی ڕەفتاری هەراسانی سێکسی شرۆڤە بکات. لایەنگرانی ئەم تیۆرە لە لایەکەوە لەو باوەڕەدان کە ئەو هێزە یاساییەی (دەسەڵاتی کارگێڕیی شوێنی کار) کە ڕێکخراوەکە یان ئەو شوێنەی کە کارمەند کاری تێدا دەکات، هەروەها لەلایەکی دیکەوە نایەکسانی لە نێوان کارمەندەکان، واتە هەبوونی

جیاوازی لەسەر بنەمای ڕەگەزی وا دەکات کە ببێتە دەرفەت بۆ ئەوەی هەراسانی سێکسی ئەنجامبدرێت (Pina & et al, 2009, p. 131).

سەرەڕای ئەمانەش لایەنگرانی ئەم تیۆرە ئاماژە بەوە دەکەن، کە هەبوونی دەسەڵات مەرجێکی بەهێزە بۆ ئەنجامدانی کردەی هەراسانی سێکسی، چونکە ئەو کەسانەی کە دەسەڵاتی کارگێڕی شوێنی کارەکە دەگرنە دەست، ئەوا ئەو دەسەڵاتە لە هەندێ دۆخدا وەکو دەرفەتێک بۆ پڕکردنەوەی ویستە سێکسییەکانیان بەکار دەهێنن، هەر بۆیە کاتێک کارمەندێک لەدەرەوەی کارەکەی خۆی هیچ دەستەڵاتێکی یاسایی نەبێت، ئەوا دەرفەت بۆ خاوەن دەستەڵات زیاتر دەڕەخسێت بۆ ئەوەی لەناو ئەو ڕێکخراوە یان ئەو کۆمپانیایەی کاری تێدا دەکات کردەی هەراسانی سێکسی بەرانبەر بە کارمەندەکانی بنوێنێت ( Cleveland & Kerst, 1993, p.p. 50-51).

**دووەم: فشاری کار**

فشاری کار یەکێکە لە باوترین و بەربڵاوترین گرفتە دەروونییەکان لەنێو کارمەندان، بە تایبەتیش لەنێو ئەو کارمەندانەی کە ڕەگەزی مێن. سەرەڕای ئەمەش کاتێک بۆ فشارەکانی کار، هیچ پاڵپشتییەکی کۆمەڵایەتی و مەعنەوی نەبێت، ئەوا کارمەندەکان گرفتە دەروونییەکانیان بەرەو ئاڵۆزیی زیاتر هەنگاودەنێت. بە زۆریی فشارەکانی کار لەو دۆخانەدا سەرهەڵدەدەن کە داواکارییەکانی چوارچێوەی کارەکە، زیاتر بێت لە ئاستی توانای کارمەندەکان، یان داواکارییەک بێت زیاتر لەوەی بۆ کارمەندەکان دیاریکراوە، یانیش بکەوێتە ناو بازنەی داواکاریی کەسییەوە و پەیوەندی بە خودی کارەکەوە نەبێت (Mensah, 2021, p. 2). بەهۆی فشارەکانی کارەوە، ئەو بارگرانییە زۆرەی کە دەخرێتە سەرشانی

کارمەندەکانەوە، کۆمەڵێک دەرهاویشتەی نەرێنی دروستدەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کە کارمەندەکان گلەیی لە بارودۆخی کارەکەیان بکەن. سەر ئەنجامیش ببێتە هۆی ئەوەی کە توانای کارمەندەکان بەرەو ئاستێکی لاواز ببات (Yozgat & et al, 2013, p. 518).

سەرەڕای ئەمانەش دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت لە میانەی کارکردنەوە مرۆڤ ڕووبەڕووی دوو جۆر فشار دەبێتەوە؛ یەکەمیان فشارێکی ئەرێنییە و تاک لە ئەنجامی ئەو فشارانەوە دەتوانێت کارەکانی خۆی باشتر بەڕێوەببات و هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بدات، بەڵام هەرچی دووەمیانە؛ ئەوا ئەو جۆرە فشارانەیە کەوا دەکات تاک لە ئەنجامی زۆریی خواستەکانی خاوەنکار هەست بەوە بکات، ئەو کارەی دەیکات زیاتر لە ماف و تواناکانیەتی، بۆیە لەو دۆخەدا تاک دەکەوێتە بارودۆخێکی دەروونیی فشارئامێزەوە ( El Bedewy & et al, 2016, p. 14). بە گشتی فشاری کار، دیاردەیەکە بەشێک لە کارمەند یان خاوەنکارەکان لە کاردا ڕووبەڕووی دەبێتەوە و بەپێی شێوازی خۆی و بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، کە لە بنەڕەتدا دەکرێت وەک نەگونجانێک لەنێوان توانای تاک و خواستەکانی کارەکە بناسێندرێت (Naqvi, 2013, p. 526).

کاریگەریی فشارەکانی کار لەسەر تاکی کارمەند، بە گوێرەی کەسایەتی و جۆری وەڵامدانەوەی کارمەندەکان دەگۆڕدرێت. بە جۆرێک بەشێک لە کارمەندەکان لە کاتی هەبوونی فشارەکانی کار، دەکەونە بارودۆخێکی ناهاوسەنگی دەروونی و جەستەییەوە، هەروەها لە ئەنجامی ئەو فشارانە ڕەفتاری نەرێنی دەگرنەبەر. بە جۆرێک کە هەندێ جار ئەو ڕەفتارە نەرێنییانە ئاراستەی کەسانی چواردەوری دەکرێت یانیش وەکو فشارێکی دەروونی لە ناواخنی خۆیدا دەهێڵێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کارمەندی دیکە هەوڵدەدەن فشارەکانی کار بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان

چارەسەر بکەن و ڕەفتارێکی ئاسایی و چارەسەرکارانە بۆ ئەو دۆخە فشارهێنەرانە بگرنەبەر (توفیق، ٢٠٠٧، لا. ٣١-٣٢). بە شێوەیەکی گشتی فشارەکانی کار دەبنە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێک گرفتی دەروونی، کە لە هەرە دیارترین گرفتەکان بریتین لە دوودڵی و ئەو فشارانەی کە بە هۆی کارەکەوە دەخرێنە سەر کارمەندان. بە تێپەڕبوونی کات بەسەر ئەو دۆخەدا کە دوودڵی و فشارن، وا دەکات کە تا کاتەکە زیاتر بێت ئەوا کارمەندەکان زیاتر هەست بە فشارەکانی کار بکەن (مارڤیلاس، ٢٠٠٩، لا. ٢٨).

## تیۆرەکانی فشار

بە مەبەستی دیاریکردنی هۆکارەکانی فشاری کار، کۆمەڵێک تیۆر هەوڵی ڕاڤەکردنی ئەم دۆخە لەلای کارمەندان دەدەن، لێرەدا هەوڵدەدرێت بەشێک لەو تیۆرانە بخرێنەڕوو؛

### ١/ تیۆری هانز سیلی (Hans Seelye)

سیلی لە ساڵی ١٩٣٦ لەبارەی فشارەکان، تیۆرێکی بە ناونیشانی "سێندرۆمی گونجانی گشتی" پێشکەش کرد. ئەم تیۆرە بە شێوەیەکی گشتی پشتدەبەستێت بەو فشارانەی کە دەخرێنە سەر تاک. بۆیە سیلی لەو باوەڕەدابوو کە مرۆڤ لە دۆخی ئاساییدا دەتوانێت بە شێوەیەکی ئاسایی ڕەفتار بکات، بەڵام کاتێک مرۆڤ بەرەو دۆخێکی ناهاوسەنگ دەڕوات، ئەوا لە ئەنجامی ئەو فشارانەیە کە دەخرێتە سەر تاک ڕەفتارەکانی ناهاوسەنگ دەبێت و هەڵدەستێت بە نواندنی پەرچەکردار (Daev, 2019, p. 104). سیلی لەو باوەڕەدابوو کە چۆن جەستە وەزە بەرهەمدەهێنێت و بەکاریدەبات، ئەوهاش فشار دەبێتە هۆی دروستبوونی وزەی جەستە و بەکاربردنی، بۆیە کاتێک فشار دروستدەبێت، دەبێتە هۆی

ئەوەی کە تاک لە ئەنجامی ئەو فشارانە ڕەفتار بنوێنێت ( Szabo & et al, 2012, p. 474).

سیلی لەو باوەڕەدایە، کە فشار سێ ئاستی سەرەکی هەیە، بۆیە لە ڕوانگەی سیلییەوە ئاستی یەکەم بە ئاستێکی ترسناک و ئاڵۆز دادەندرێت. ئەوەیش بەوەی کە تاک لە سەرەتای ڕووبەڕووبوونەوەی فشارەکانە، کە هەرچەند فشارەکان لاوازیش بن دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێک گۆڕانکاریی ئەندامی (Organism) وەکو نائارامی و شلەژان. هەرچەندێکیش فشارەکان بەهێزتر بن، ئەوا گۆڕانکارییە ئەندامییەکان بەهێزتر دەردەکەون و تاک دەکەوێتە هەندێ دۆخی وەکو خەمۆکی و لەدەستدانی هاوسەنگی و نارێکی لە خواردن. هەرچی قۆناغی دووەمە ئەوا لە ڕوانگەی سیلییەوە تاک لەم قۆناغەدا هەڵدەستێت بە ڕووبەڕووبوونەوەی فشارەکان. لە قۆناغی سێیەمیشدا کاتێک تاک نەیتوانی ڕووبەڕووی فشارەکان بوەستێت دەبێتە هۆی ئەوەی کە سیستەمی بەرگریی جەستە لەکاربکەوێت و هەست بە ماندووبوون بکات و بکەوێتە دۆخێکی ناهاوسەنگی دەروونییەوە (السمیران و المساعید، ٢٠١٤، لا. ٣٢-٣٤)

## ٢/ تیۆری لازاروس (Lazarus Theory).

لازارۆس لەو باوەڕەدایە کە فشارەکان پرۆسەیەکی ئاڵۆز و دینامیکین. ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەیەکن پەیوەستن بە پەیوەندیی نێوان تاک و ژینگەکەی (Lazarus, 1995, pp. 4-5). لە ڕوانگەی لازارۆسەوە هۆکارە عەقلی و مەعریفییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە شرۆڤەکردنی فشارەکان دەگێڕن. بۆیە پێویستە لەکاتی شرۆڤەکردنی فشارەکان هۆکارە عەقلی و مەعرییفییەکان بەر لە دۆخی فشارەکان لەبەرچاوبگیرێت، چونکە پێیوایە ئەو دۆخەی دەبێتە هۆی دروستبوونی

فشار، بۆ توانای تاک لە ڕووی عەقڵی و مەعریفییەوە بۆ ڕووداوەکان دەگەڕێتەوە (السمیران و المساعید، ٢٠١٤، لا. ٤١-٤٢).

بە شێوەیەکی گشتی لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەی لازارۆس دەکرێت ئەو دۆخانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی فشار، ڕەنگە ئەو دۆخە لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە جیاواز بێت، بۆیە ناکرێت هۆکارەکانی فشار لەسەر تاک لە یەک ڕوانگەوە بەسەر هەموو تاکێکدا بگشتێندرێت، بەڵکو دەبێت بەگوێرەی تێگەیشتن و ئاستی عەقلی و مەعریفیی تاکەکان لە فشارەکان بکۆڵدرێتەوە (Sauter & Murphy, 2007, p. 22). لازارۆس پێیوایە کە فشار بە سێ پرۆسەدا تێپەڕدەبێت، کە لە هەنگاوی یەکەمدا تاک هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندنی سەرەتایی ( Primary Appraisal) لێرەدا تاک هەوڵدەدات بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆی لێکدانەوەی بۆ بارودۆخەکە بکات. هەرچی هەڵسەنگاندنی دووەمییە (Primary Appraisal) ئەوا تاک لە ڕێگەی ئەزموون و شارەزاییەکانی هەوڵدەدات دۆخەکە چارەسەر بکات، بەڵام لە هەنگاوی سێیەمدا تاک هەوڵی دووبارە هەڵسەنگاندنی دۆخەکە (Reappraisal) دەدات، ئەویش بەوەی کە تاک هەوڵدەدات دووبارە لەڕێگەی وەرگرتنی زانیاری و ئەزموونی نوێ گۆڕانکاری بەسەر هەڵسەنگاندنەکانیدا بهێنێت. بە زۆریش ئەو زانیارییە نوێیانە تاک لە ژینگەی چواردەوری وەریدەگرێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە کاریگەرییە نەرێنییەکانی فشارەکان کەمبکاتەوە (السمیران و المساعید، ٢٠١٤، لا. ٤١-٤٢).

**سێیەم/ توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژینەوەی (Crull, 1982) کە بە ناونیشانی کاریگەریی فشارەکانی هەراسانکردنی سێکسی لە شوێنی کار: ئەنجامێک بۆ ڕێنماییکردن ئەنجامدراوە. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە ڕێکخراوی کارکردنی ژنان و ئەو ژنانەی کە ڕووبەڕووی هەراسانی سێکسی بوونەتەوە لە

نیۆرک. نموونەی ئەم توێژینەویە بریتییە لە (٢٦٢) کارمەندی ژن. ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا بریتی بووە لە زانینی کاریگەرییەکانی ئەو فشارانەی کە بەهۆی هەراسانی سێکسی لە شوێنی کاردا دروستدەبن و زانینی لێکەوتە دەروونییەکانی ئەو فشارانە دروستی دەکەن. ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە  هەراسانی سێکسی دەبێتە هۆی دروستبوونی فشار لەسەر کارمەندە ژنەکان و وا دەکات کە کۆمەڵێک لێکەوتەی نەرێنی و دەروونی بەدوایخۆیدا بهێنێت، لە دیارترین ئەو لێکەوتانەش لەدەستدانی ئاسایشی دەروونی، فشاری دەروونی، کەمبوونەوەی ئاستی توانای جەستەیی و بەرهەمهێنان لە کارکردن، سەرەڕای ئەمانەش ئەم توێژینەوەیە جەختی لەوە کردۆتەوە کە ئەو فشارانەی کە هەراسانی سێکسی دروستی دەکات دەبێتە هۆی ئەوەی ژنەکان هەست بە لەدەستدانی متمانەبەخۆبوون بکەن.

توێژینەوەی (Harned & et al, 2002) کە بە ناونیشانی دەستدێژیی سێکسی و جۆرەکانی تری هەراسانی سێکسی لەلایەن کارمەندانی شوێنی کار؛ بەراوردکردنێک بۆ پێشووتر ئەنجامدراوە. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە هێزی سەربازیی نەتەوە یەکگرتووەکان و نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (٢٢٣٧٢) کارمەندی ژن کە لە هێزی سەربازیی نەتەوە یەکگرتووەکان کار دەکەن. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی بەراوردکاری بەکارهاتووە، ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژیەنەوەیەش بریتی بووە لە زانینی ئاستی دەستدرێژیی سێکسی و هەراسانی سێکسی بۆ سەر کارمەندە ژنەکانی ناو هێزی سەربازی. ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات کە هەردوو جۆری دەستدرێژیی سێکسی و هەراسانی سێکسی دژ بە ژنان لە ناو هێزی سەربازیدا دەبیندرێت.

توێژینەوەی (McLaughlin et al, 2012) کە بە ناونیشانی هەراسانی سێکسی و دەسەڵاتی شوێنی کار و دژەیەکی (Paradox) هێز ئەنجامدراوە، کۆمەڵگەی ئەو توێژینەوەیە بریتییە لەو قوتابییانەی کە لە ماوەی سالآنی دوای (١٩٩٨) قوتابی بوون لە قۆناغی نۆیەم لە قوتابخانەی گشتی سەینت پۆل، مینیسۆتا و ئێستا تەمەنیان لە نێوان (٢٩ بۆ ٣٠) ساڵیدایە و لە شوێنی جیاجیا کاردەکەن. نموونەی ئەم توێژیەنەوەیە پێکهاتووە لە (٥٢٢) کەس، کە لە کۆی ژمارەی پێشووی قوتابییانی ئەم قوتابخانەیە دەکاتە (٧٣%). ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە میتۆدی چەندایەتی و لە ڕێگەی پرسیارنامەوە داتاکان وەرگیراون. ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا بریتییبووە لە زانینی ئاستی هەراسانی سێکسی بەگوێرەی گۆڕاوی جێندەری. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەی دەرخستووە کە لە شوێنی کاردا ڕەگەزی مێ زیاتر تووشی هەراسانی سێکسی دەبن و ئەم هاراسانی سێکسییە کاریگەرییەکی نەرێنی دەخاتە سەر باری سایکۆلۆژیای ژنان و وا دەکات کە زیاتر گۆشەگیر ببن و نەتوانن بە گوێرەی پێویست تواناکانیان بخەنەگەڕ.

### گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشووتر:

دوای خوێندنەوەی ئەنجامی توێژینەوەکان بە شێوەیەکی گشتی ئەو توێژینەوانەی لەبارەی هەراسانی سێکسی لە شوێنی کاردا ئەنجامدرابوون، ئەوەیان دەرخستبوو کە هەراسانی سێکسی لە شوێنی کار یەکێکە لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی کارمەندانی ڕەگەزی مێ دەبنەوە و ئەو جۆرە ڕەفتارەش بووەتە هۆی ئەوەی کە کاریگەریی نەرێنی بکاتە سەر ڕەفتار و سایکۆلۆژیەتی کارمەندەکانی ڕەگەزی مێ، لە بەرانبەردا ئەو توێژینەوانەی کە لەبارەی فشارەکانی کار ئەنجامدرابوون، ئەوەیان دەرخستبوو کە کارمەندانی ڕەگەزی مێ لە شوێنی کار هەست بە

فشارەکانی کار دەکەن و فشارەکان بە جۆرێکن کە بە شێوەیەکی دووجەمسەرە کە هەم سروشتی کار دەبێتە هۆی دروستبوونی فشار و هەمیش ئەو ڕەفتارانەی کە ڕەگەزی نێر دژ بە ڕەگەزی مێ دەیگرێتە بەر دەبێتە هۆی دروستبوونی فشار لە ژینگەی کار.

شایەنی باسە ئامانجی سەرەکیی هەر توێژینەوەیەکی زانستی هەوڵدانە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە توێژەر لەمیانەی تێڕامان لە کۆمەڵگە هەستی پێدەکات، بۆیە لە ڕوانگەی ئەو هەستکردنانەوە ئەو توێژینەوەیە لە دوای خوێندنەوە و شرۆڤەکردنی توێژینەوەکانی پێشووتر هەوڵدانێکە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە، کە ئەویش بریتییە لەوەی کە ئەو توێژینەوانەی کە پێشووتر لەبارەی ئەم سێ گۆڕاوەوە ئەنجامدراون، هەریەکەیان پشتیان بەستووە بە کۆمەڵگەیەک کە بەزۆری نموونەی توێژینەوەکانیان ئەو کەسانەن کە لە کەرتی حکومیدا کاردەکەن و لە ڕووی مێژووی کارکردنیشدا مێژووی کارکردنی ژنان لەو کۆمەڵگەیانەدا مێژوویەکی درێژە و کارکردنی ژنان لە پاڵ پیاواندا مێژوویەکی تازەی نییە.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەو کۆمەڵگەیانە لە ڕووی یاسای کارکردنەوە دەکرێت یاسایەکی تایبەت بە کارکردنی ژنانیان هەبێت و کە لەگەڵ کارکردن و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی ئەوسای توێژینەوەکە نوێ بێت، بەڵام ئەوەی ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی کۆمەڵگەی توێژینەوە و بارودۆخی کۆمەڵایەتی پشتی پێدەبەسترێت ئەوەیە، کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشت بەو کارمەندانە دەبەستێت کە لە کەرتی تایبەتدا کار دەکەن، بۆیە کارکردنی ژنان لەم کۆمەڵگەیدا دەکرێت چەند ڕەهەندێک وەک بۆشایی توێژینەوە دەربکەون. لە هەرە دیارترین ڕەهەندەکانیش بریتین لەوەی کە توێژەر پشت بە کارمەندانی ڕەگەزی مێ وەکو نموونەی توێژینەوە دەبەستێت، کە خۆی لەخۆیدا ئەمە دەبێتە بۆشاییەک کە توێژەر

هەوڵی توێژینەوەی لەبارەوە دەدات و سەرەڕای ئەوەی کە کارکردنی ژنان لە کەرتی تایبەت لەو کۆمەڵگەیەی کە ئەم توێژینەوەیەی تێیدا ئەنجامدەدرێت، مێژووی کارکردنی دەکرێت بگوترێت مێژوویەکی نوێیە و زیاتر دوای ساڵانی ٢٠٠٤ بەدواوە وەکو دەرفەت بۆ کارمەندی ژن ڕەخساوە، بۆیە دەکرێت ئەم دۆخە نوێیە ببێتە هۆی دروستبوونی بارودۆخێکی جیاواز لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیانەی کە کارکردنی ژنان تێیدا مێژوویەکی درێژی هەیە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش لەڕووی یاسا و مافی کارمەندەکانی ئەو کۆمەڵگەیە ئەم توێژینەوەیەی تێیدا ئەنجامدەدرێت بەگوێرەی یاسایەک کار دەکات کە ماوەی دەرچوونی یاساکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو، کە هەرچەند لە ساڵی ٢٠١٥ هەموارکراوەتەوە، بەڵام لەپاڵ هەموارکردنیدا پشت بە دۆخی نوێی ژیان و داخوازییەکانی سەردەم نەبەستراوە.

**لایەنی مەیدانیی توێژینەوە:**

**میتۆدی توێژینەوە:**

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی وەسفی چەندایەتی دەبەستێت، چونکە زانیارییەکان بەشێوەی ژمارەیی لە ڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسییەوە دەستخراون. شایەنی باسە ئەم جۆرە میتۆدە گونجاوە بۆ شیکردنەوەی ئەو داتا و زانیارییانەی کە بە شێوەی ژمارەیی دەستدەخرێن (Apuke, 2017, p. 41; Ahmad et al, 2019, p. 2828).

**کۆمەڵگەی توێژینەوە:**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەو کارمەندە ژنانەی کە لە کەرتی تایبەت لە پارێزگای هەولێر کاردەکەن. هەرچەند توێژەر داتایەکی

تەواوەتی و وردی بۆ کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی لە ناوەندەکانی فەرمی دەستنەکەوت، چونکە کۆتا ئامار کە لە بارەی کارکردنی ژنان لە ناوەندەکانی کەرتی تایبەت دەگەڕێتە بۆ ئاماری ساڵی 2016، بۆیە توێژەر بە پشتبەستن بەو داتا ئامارییەی کە بە شێوەی فەرمی لە ماڵپەڕی دەستە ئاماری هەرێم داندرابوو کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی دیاریکردووە، کە بە پێی کۆتا داتای دەستە ئاماری هەرێم کۆی ئەو ژنانەی کە لە کەرتی تایبەت لە پارێزگای هەولێر کار دەکەن بریتییە لە (10506) ژن (KRSO, 2016, 84).

**نموونەی توێژینەوە:**

توێژەر بۆ دەستنیشانکردنی قەبارەی نموونەی توێژیەنەوە پشتی بە خشتەی مۆرگان بەستووە، چونکە ئەم ڕێگەیە یەکێکە لە بەربڵاوترین ڕێگەکانی دەستنیشانکردنی قەبارەی نموونەی توێژینەوە، بە جۆرێک خشتەکە کێشراوەتەوە کە لەگەڵ قەبارەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە گونجاو بێت (فاتمی، ٢٠١٨، لا. ١٢٧) بۆیە نموونەی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە (400) کارمەندی ژن کە لە کەرتی تایبەت لە پارێزگای هەولێر کاردەکەن، هەروەها نموونەکەش بە شێوەی ناهەڕەمەکیی مەبەستدار هەڵبژێردراون، چونکە ئەم جۆرەی هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوە ڕێگەیەکی گونجاوە بۆ ئەو جۆرە کۆمەڵگەیانەی کە دەستخستنی نموونەی توێژینەوەکانیان ئەستەمە و توێژەر مەبەستیەتی تەنها ئەو نموونانە هەڵبژێرێت کە توێژینەوەی لەبارەوە دەکات (Bukhari, 2021, p. 1; Hashim, 2010, p. 3; Krejcie & Morgan, 1970, p. 607)، بۆیەش ئەم جۆرە نموونەیە لەگەڵ ئەو جۆرە مەبەستەی توێژەر هاوئاهەنگە، چونکە توێژەر تەنیا مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیە لەلای ئەو نموونانەی کە ڕەگەزی مێن و لە کەرتی تایبەت کاردەکەن، واتە ئەو کەرتانەی کە

دەکەونە دەرەوەی کەرتی فێکردن و ئەکادیمی. بۆ ئەو مەبەستە نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەی خشتەیی لە خشتەی ژمارە (1) خراوەتەڕوو.

خشتەی ژمارە (1)، نموونەی توێژینەوە

| | | |
|---|---|---|
| **باری خێزانی** | | |
| | ژمارەی بەشداربوو | ڕێژەی سەدی% |
| خێزاندار | 121 | %30.25 |
| سەڵت | 229 | %57.25 |
| جیابوەوە | 50 | %12.5 |
| کۆی گشتی | 400 | %100.0 |
| **تەمەن** | | |
| ١٨-٢٤ | 106 | %26.5 |
| ٢٥-٣١ | 181 | %45.25 |
| ٣٢-٣٨ | 87 | %21.25 |
| ٣٩-٤٥ | 26 | %6.5 |
| کۆی گشتی | 400 | %100.0 |
| **ئاستی خوێندەواری** | | |
| نەخوێندەوار | 27 | %6.75 |
| تەنیا خوێندنەوە و نووسین | 87 | %21.75 |
| دبلۆم/ دەرچووی پەیمانگە | 106 | %26.5 |
| بەکالۆریۆس | 172 | %43 |
| بڕوانامەی باڵا | 8 | %2 |
| کۆی گشتی | 400 | %100.0 |

## ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:

## یەکەم/ پێوانەی هەراسانی سێکسی:

توێژەر بۆ پێوانەکردنی هەراسانی سێکسی لەلای نموونەی توێژینەوە، پشتی بە پێوەرێکی ئامادەکراو بەستووە، کە لەلایەن (Fitzgerald & Gelfand, 1995) ئامادەکراوە و لە ساڵی (2019) لە لایەن (.Mensah, Ch) دووبارە گەشەی پێدراوە و ئاستی جێگرییەکەی بریتی بووە لە (0.89). ئەم پێوەرە پێکدیت لە (17) بڕگە و بۆ هەر بڕگەیەکیش (5) بژاردە هەبووە و کە بەم شێوەیە ژمارەیان پێدراوە وەک (زۆرجار= 5، چەندین جار = 4، هەندێ جار = 3، یەکجار = 2، هەرگیز = 1).

## ڕاستگۆیی دروستی وەرگێڕانی پێوانەی هەراسانی سێکسی:

به مەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆیی وەرگێڕان بۆ پێوەر، توێژەر چەند هەنگاوێکی گرتەبەر، کە بریتیبوون لەوەی سەرەتا لە هەنگاوی یەکەمدا پێوەرەکە بە زمانی ئینگلیزی خرایە بەردەستی کەسێکی پسپۆڕ لە زمانی ئینگلیزی، بە مەبەستی وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی، لە هەنگاوی دووەمدا پێوەرە وەرگێڕدراوەکە دووبارە خرایە بەردەستی کەسێکی پسپۆڕ لە زمانی کوردی و ئینگلیزی بە مەبەستی وەرگێڕانی لە زمانی کوردی بۆ ئینگلیزی و لە هەنگاوی سێیەمیشدا توێژەر پێوەرە ئینگلیزی و کوردییەکەی خستە بەردەستی کەسێکی پسپۆڕ لە دەروناسیدا بۆ بەراوردکردنی هەردوو وەرگێڕانەکە. لە کۆتا هەنگاویشدا توێژەر بە پشتبەستن بە هەڵسەنگاندنەوەکان ڕێژەی سەدی بۆ بڕگەکان دەرهێنا کە بریتیبوو لە (94.11%).

## ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوانەی هەراسانی سێکسی:

یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی هەر پێوانەیەک بریتییە لە ڕاستگۆیی، چونکە لەکاتی تاقیکردنەوەی هەر پێوانەیەک پێویستە ڕاستگۆیی بۆ ئەنجامبدرێت، بۆ ئەوەی بزاندرێت ئەم پێوانەیەی داندراوە توانای ئەوەی هەیە کە پێوانەی ئەم دۆخە بکات (قادر، ٢٠١٦، لا. ١٦٨؛ قەرەچەتانی ٢٠١٨، لا. ١٢٢؛ المحمودي، ٢٠١٩، لا. ١٣٤). بۆ ئەو مەبەستە توێژەر پێوانەکەی خستە بەردەستی (11) شارەزا، بۆ ئەوەی بۆچوون و تێبینییەکانی خۆیان لەبارەی هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی ئەم پێوانەیە بخەنەڕوو. دوای هەڵسەنگاندنی تێبینییەکانی شارەزایان، ئەوا ئاستی جێگیری بریتیبووە (96.18%)، دواتر توێژەر لە ڕێگەی ئامرازی ئاماری کایسکوێر ڕاستگۆیی ڕواڵەتی دەرکرد، کە هەموو بڕگەکان ڕێژەیان لە (3.84) بەرزتر بوو، بۆیە هەموو بڕگەکان وەکو خۆی مانەوە و هیچ بڕگەیەک لانەچوو.

## جێگیریی ناوەکی بە ڕێگەی یەکگرتوویی ناوەکی:

توێژەر بە پشتبەستن بە ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ هەوڵیدا جێگری بۆ ئەم پێوانەیە بدۆزێتەوە، دوای جێبەجێکردنی ئەم ڕێگەیە دەرکەوت کە ڕێژەی جێگیری پێوانەکەی، بریتییە لە (0.977) کە ئەمەش بە بەهایەکی بەرز لە جێگیریی پێوانە دادەندرێت، چونکە ئەم بەهایە بەرزترە لە (0.70)، هەر بەهایەکی دەرهێندراویش بە ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ گەورەتر بێت لە (0.70) ئەوا بە بەهایەک دادەندرێت کە جێگیریی ناوەکی هەیە ( Taber, 2017, pp. 1272-1273).

**دووەم: پێوانەی فشارەکانی کار:**

توێژەر بۆ پێوانەکردنی فشارەکانی کار لەلای نموونەی توێژینەوە، پشتی بە پێوەرێکی ئامادەکراو بەستووە، کە لەلایەن (Parker, 1983) ئامادەکراوە و لە ساڵی (2012) دووبارە لەلایەن (McCaughey) گەشەی پێدراوە و جێگیری بۆ دەرهێندراوە کە بریتییە لە (0.87). ئەم پێوەرە پێکدێت لە (13) بڕگە و هەر بڕگەیەکیش (5) بژاردەی هەبووە، کە بەم شێوەیە ژمارەیان پێدراوە وەک (زۆرجار= 5، چەندین جار = 4، هەندێ جار = 3، یەکجار = 2، هەرگیز = 1).

**ڕاستگۆیی وەرگێڕانی پێوانەی فشارەکانی کار:**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆیی وەرگێڕان بۆ پێوەر، توێژەر چەند هەنگاوێکی گرتەبەر، کە بریتیبوون لەوەی سەرەتا لە هەنگاوی یەکەمدا پێوەرەکە کە بە زمانی ئینگلیزی بوو خرایە بەردەستی کەسێکی پسپۆڕ لە زمانی ئینگلیزی، بە مەبەستی وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی، لە هەنگاوی دووەمدا پێوەرە وەرگێڕدراوەکەی دووبارە خستە بەردەستی کەسێکی پسپۆڕ لە زمانی کوردی و ئینگلیزی بە مەبەستی وەرگێڕانی لە زمانی کوردی بۆ ئینگلیزی و لە هەنگاوی سێیەمیشدا توێژەر پێوەرە ئینگلیزی و کوردییەکەی خستە بەردەستی کەسێکی پسپۆڕ لە دەروونناسیدا بۆ بەراوردکردنی هەردوو وەرگێڕانەکە. لە کۆتا هەنگاویشدا توێژەر بە پشتبەستن بە هەڵسەنگاندنەوەکان ڕێژەی سەدی بۆ بڕگەکان دەرهێنا کە بریتیبوو لە (%92.04).

**ڕاستگۆیی ڕواڵەتیی پێوانەی فشارەکانی کار:**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی توێژەر پێوانەی فشارەکانی کاری خستە بەردەستی (11) شارەزا، بۆ ئەوەی بۆچوون و

تێبینییەکانی خۆیان لەبارەی هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی ئەم پێوانەیە بخەنەڕوو. دوای هەڵسەنگاندن و تێبینییەکانی شارەزایان ئەوا ڕێژەی جێگیرییەکەی بریتیبووە لە (99.02%) دواتر توێژەر لە ڕێگەی ئامرازی ئاماریی کایسکوێر ڕاستگۆیی ڕواڵەتی دەرکرد، کە هەموو بڕگەکان ڕێژەیان لە (3.84) بەرزتر بوو، بۆیە هەموو بڕگەکان وەکو خۆی مانەوە و هیچ بڕگەیەک لانەچوو.

**جێگیریی ناوەکی بە ڕێگەی یەکگرتوویی ناوەکی بۆ پێوانەی فشارەکانی کار:**

توێژەر بە پشتبەستن بە ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ هەوڵیدا جێگیری بۆ ئەم پێوانەیە بدۆزێتەوە، دوای جێبەجێکردنی ئەم ڕێگەیە دەرکەوت کە ڕێژەی جێگیریی پێوانەکەی بریتییە لە (0.91) کە ئەمەش بە بەهایەکی بەرز لە جێگیریی پێوانە دادەندرێت.

**کۆکردنەوەی داتاکانی توێژینەوە:**

بە مەبەستی جێبەجێکردنی کۆتاییی توێژینەوە، توێژەر (٦٥٠) پرسیارنامەی خستە بەردەستی نموونەی توێژینەوەکە، لە کۆی ئەو ژمارەیە (٤٠٠) بەشداربوو بە گوێرەی ڕەزامەندیی بەشداربوون لە توێژینەوە بەشدارییان لەم توێژینەوەیەدا کرد. بە شێوەیەکی گشتی ماوەی دابەشکردنی فۆڕم بەسەر نموونەی توێژینەوەکە زیاتر لە مانگێکی خایەند کە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٩ دەستکرا بە دابەشکردنی فۆڕم و لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/١٥ کۆتایی بە دابەشکردنی فۆڕمەکان هێنراوە. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە، پێکهاتووە لە ناوەندەکانی کارکردن لە کەرتی تایبەت و نموونەی توێژینەوەکەش ئەو کارمەندە ژنانەن کە لە کەرتی تایبەت کاردەکەن. شایەنی ئاماژەبۆکردنە فۆڕمی ڕاپرسییەکە بە شێوەیەکی گشتی لە (٣٠) بڕگە پێکهاتبوو و بەسەر هەر دوو گۆڕاوی

توێژینەوەکە دابەشکرابوون، کە بۆ هەراسانی سێکسی (١٧) بڕگە، بۆ فشارەکانی کار (١٣) بڕگە. لەم توێژینەوەیەدا نموونەی توێژینەوەکە بە گوێرەی دیمۆگرافیاکان، پێکهاتبوون لە چەند دیمۆگرافیایەکی وەکو تەمەن، ئاستی خوێندەواری و باری خێزانی.

**کەرەستە ئامارییەکانی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا:**

بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری کا$^2$(Chi-Squared) بۆ ڕاستگۆیی ڕەواڵەتی، بەکارهاتوون، هەروەها ئامرازی ئاماری ( Cronbach's Alpha) بۆ دۆزینەوەی جێگیری بە ڕێگەی ناوەکی و ئامرازی ئاماری تی تێستی یەکنموونەیی (one sample T.test) بۆ زانینی ئاستی هەراسانی سێکسی، بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری Pearson Correlation (Coefficient) بۆ زانینی پەیوەندی لە نێوان هەراسانی سێکسی و فشارەکانی کار و ئاستی فشاری کار لەگەڵ ئەوەشدا ( Simple Linear Regression) بۆ زانینی پێشبینیکردنی هەراسانی سێکسی لەسەر فشاری کار بەکارهێندرا.

## ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان:

### ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی هەراسانی سێکسی:

بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری ( One Sample T.Test) بۆ زانینی ئاستی هەراسانی سێکسی بەکارهاتووە، نموونەی توێژینەوە بریتییە لە (400) کەس و لە ئەنجامدا دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی (*M=* 68.0075) بە لادانی پێوەری ( *SD=* 9.66468) و (ناوەندی گریمانەیی= 51). هەروەها نمرەی ئازاد (*df=* 399). (*t* = 35.195, p= 0.00<0.05) لەبەر ئەوەی ناوەندی گریمانەیی لە ناوەندی ژمێری بچووکترە، هەروەها بەهای (*p=* 0.00) بچووکترە لە (0.05) کە ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە گۆڕاوی هەراسانی سێکسی بەڵگەرادی ئامارییە و هەراسانی سێکسی لەلای ئەو کارمەندانەی کە لە ڕەگەزی مێن و لە کەرتی تایبەت کاردەکەن هەیە. هەروەها قەبارەی کاریگەری (Effect Size) دەکاتە (1.75) ئەم بەهایەش بەپێی ئامرازی ئاماری (cohen) گەورەترە لە (0.8) و ئەمەش ئەوە دەردەخات هەراسانی سێکسی لەلای ئەو ژنانەی کە لە کەرتی تایبەتی کاردەکەن لە ئاستێکی زۆر بەرزدا دەبیندرێت، چونکە لە ڕێگەی ئاستەکانی (effect size)، کە بریتین لە (0.1 – 0.1) تەنها بەڵگەداری ئاماری، (0.4 – 0.2) کاریگەریی کەم، (0.7 – 0.5) کاریگەریی مامناوەند و (0.8 بۆ سەرەوە) ئەوا کاریگەرییەکی گەورە پیشاندەدرێت ( Dunst et al, 2012, p. 93).

ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە هاوتایە لەگەڵ توێژینەوەکانی هەر یەکە لە (Unnikrishnan et al, 2010; Bhat and Anita, 2017) کە ئەوەیان دەرخستووە، کارمەندە ژنەکان لەو شوێنانی کە کاری تێدا دەکەن، ڕووبەڕووی هەراسانی سێکسی دەبنەوە.

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، کە بوونی هەراسانی سێکسی لە شوێنی کار، کە چەند توێژینەوەیەک پشتڕاستی ئاستی هەراسانی سێکسی لە شوێنی کار دەکەنەوە، ڕەنگبێت هۆکارەکەی وەک لایەنگرانی تیۆری فیمینیزم ڕوونیدەکەنەوە ئەوەبێت، کە بەهۆی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەی کە ڕەگەزی نێر وەک خاوەن دەسەڵات و بەڕێوەردن هەیانە، وا دەکات کە ببێتە دەرفەتێک بۆ نایەکسانیی ڕەگەزی و دواتر ئەنجامدانی هەراسانی سێکسی (Srivastava, 2017, p. 111)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایەنگرانی تیۆری بایۆلۆژی ئاماژە بەوە دەکەن، کە بەهۆی بوونی پێکهاتە بایۆلۆژییەکانی ڕەگەزی مێ کە زیاتر سەرنجڕاکێش و بە بەراورد لەگەڵ ڕەگەزەکەی دیکە بێهێزتر دەردەکەوێت و لە بەرانبەریشدا ڕەگەزی نێر کە پێکهاتە بایۆلۆژییەکانیان زیاتر وەک پێکهاتەیەکی ماسوولکەیی و هێز دەردەکەوێت، وا دەکات کە هەراسانی سێکسی دژ بە ژنان ئەنجامبدرێت ( Pina et al, 2009, p. 132).

خشتەی ژمارە (٢) شیکردنەوەی ئاستی هەراسانی سێکسی لەلای نموونەی توێژینەوە

| ناونیشان | قەبارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەریی | تاقیکردنەوەی T.Test | نمرەی ئازاد | p.Sig(2-tailed) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەراسانی سێکسی | 400 | 68.0075 | 51 | 9.66468 | 35.195 | 399 | 0.00 |

**ئامانجی دووەم: زانینی ئاستی فشارەکانی کار:**

بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری ( *One Sample T.Test*) بۆ زانینی ئاستی فشارەکانی کار بەکارهاتووە، نموونەی توێژینەوە بریتییە لە (400) کەس و لە ئەنجامدا دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی (*M=* 53.1375) بە لادانی پێوەری ( *SD=* 5.18322) و (ناوەندی گریمانەیی= 39). هەروەها نمرەی ئازاد (*df=* 399). (*t* = 54.551, p= 0.00<0.05) لەبەر ئەوەی ناوەندی گریمانەیی لە ناوەندی ژمێری بچووکترە، هەروەها بەهای (*p=* 0.00) ئەم بەهایەش بچووکترە لە (0.05) کە ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە بابەتی فشارەکانی کار بەڵگەرادی ئامارییە و فشارەکانی کار لەلای ئەو کارمەندانەی کە لە ڕەگەزی مێن و لە کەرتی تایبەت کاردەکەن هەیە. هەروەها قەبارەی کاریگەری (Effect Size) دەکاتە (2.72) ئەم بەهایەش بەپێی ئامرازی ئاماری (cohen) گەورەترە لە (0.8) و ئەمەش ئەوە دەردەخات ئاستی فشارەکانی کار لەلای نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا دەبیندرێت.

ئەم ئەنجامە پشتڕاستدەکرێتەوە لە توێژینەوەکانی Bhattacharjee & Tripathi, 2012 Narayanan, 2014; Rr, ) 2016)، کە ئەمەیان دەرخستبوو کە ژنان لە میانەی کارکردنیان ڕووبەڕووی فشارەکانی کار دەبنەوە.

ئەم ئەنجامە دەکرێت لە ژێر ڕۆشنایی تیۆرەکان بۆ ئەو هۆکارە بگەڕێندرێتەوە کە هەروەک هانز سیلی هۆکارەکانی فشار بۆ سروشتی ئەو کارانە دەگەڕێنێتەوە کە تاک ئەنجامی دەدات، چونکە بە بڕوای سیلی مرۆڤ لە دۆخی ئاساییدا دەتوانێت کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانی بکات، بەڵام کاتێک تاک لە دۆخێکی نائاساییدا بێت (مەبەست لە دۆخی کارکردنە)، ئەوا هەست بە بوونی فشارەکان دەکات (Daev, 2019, p. 104). لەگەڵ ئەوەشدا لازارۆس ئاماژە بەوە دەدات کە بنەڕەتی فشارەکان پەیوەستن بە پەیوەندیی دوولایەنیی نێوان توانا مەعریفییەکانی تاک و ژینگە، واتە تاوەکو ژینگە نالەبارتر بێت توانا مەعریفی و ئەزموونییەکانی کار کەمتر بێت ئەوا تاک زیاتر هەست بە بوونی فشارەکان دەکات (السمیران و المساعید، ٢٠١٤، لا. ٤٢).

لەم چوارچێوەیەوە دەکرێت ئەوە بگوترێت کە بوونی ژینگەیەک کە کارمەندە ژنەکان کاری تێدا دەکەن و ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی هەراسانی سێکسیان لێ بکرێت، دەکرێت ببێتە ژینگەیەکی نالەبار و کارمەندە ژنەکان هەست بە فشارەکانی کار بکەن.

خشتەی ژمارە (٣) زانینی ئاستی فشارەکانی کار لەلای نموونەی توێژینەوە

| ناونیشان | قەبارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەریی | تاقیکردنەوەی T.Test | نمرەی ئازاد | p.Sig(2-tailed) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| فشارەکانی کار | 400 | 53.1375 | 39 | 5.18322 | 54.551 | 399 | 0.00 |

**ئامانجی سێیەم: زانینی پەیوەندی لە نێوان هەراسانی سێکسی و فشارەکانی کار**

دوای بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری Pearson Correlation (Coefficient) بۆ زانینی پەیوەندی لە نێوان هەراسانی سێکسی و فشارەکانی کار، لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوت کە بەهای ( $r =$ **0.562, $p$ = 0.00<0.05) کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە و هەراسانی سێکسی و فشارەکانی کار بە ڕێژەی (56%) پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، ئەویش بە قەبارەی کاریگەری (0.31).

ئەم ئەنجامە هاوتایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی ( Hutagalung & Ishak, 2012)، کە ئاماژە بەوە دەکەن، پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان هەراسانی سێکسی، فشاری کار هەیە.

دەکرێت هۆکاری سەرەکی بوونی پەیوەندی لە نێوان ئەم دوو گۆڕاوە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە هەراسانی سێکسی لە شوێنی کار، یەکێکە لەو ڕەفتارە نەخوازراوانەی کە ڕووبەڕووی کارمەندە ژنەکان دەبێتەوە و وا دەکات کە هەست بە ئاسایشی دەروونی نەکەن ( Mensah, 2021, p.

1) بۆیە کاتێک ژینگەیەک دەبێتە ژینگەیەکی نالەبار و کاریگەری دەخاتە سەر تاک، ئەوا تاک بۆ ئەوەی میکانیزمێک بۆ چارەسەرکردن یاخود دوورکەوتنەوە لێی بدۆزێتەوە ئەوا دەکەوێتە حاڵەتێکی ئامادەباشیی دەروونی و لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت هەست بە فشارەکان بکەن (Yozgat, 2013, p. 518).

خشتەی ژمارە (٤) پەیوەندی لە نێوان هەراسانی سێکسی و فشارەکانی کار

| | هەراسانی سێکسی | فشارەکانی کار |
|---|---|---|
| هەراسانی سێکسی | 1 | .562** |
| فشارەکانی کار | .562** | 1 |

**ئامانجی چوارەم: ئاستی پێشبینی بوارەکانی هەراسانی سێکسی لەسەر فشارەکانی کار**

بە مەبەستی زانینی ئاستی پێشبینی هەراسانی سێکسی لەسەر فشارەکانی کار، توێژەران هەوڵیان داوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (Simple Linear regression) ئەم ئاستی پێشبینییە دەستنیشانبکەن، کە هەروەک لە خشتەی ژمارە (٥) دیاریکراوە.

دوای شیکردنەوەی ئەنجامەکان، ئەوە دەردەکەوێت کە بەهای ($t =$ 13.551) هەروەها بەهای ($F=$ 183.623) بە ئاستی باوەڕی توێژینەوە کە ($p=$ 0.00<0.05)، هەروەها هەراسانی سێکسی دەکرێت ببێتە بابەتێکی پێشبینیکراو بۆ دروستبوونی فشارەکانی کار. ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە هەراسانی سێکسی بە ڕێژەی (31%)، کاریگەری لەسەر فشارەکانی کار دروستدەکات. واتە تا ئەندازەی هەراسانی سێکسی

بەرزتر بێت، ئەوا ئاستی پێشبینی فشارەکانی کار بۆ (31%) بەرزدەبێتەوە.

ئەم ئەنجامە هاوتایە لەگەڵ توێژینەوەکانی ( Hutagalung & Ishak, 2012; Fester, 2003; Merkin, 2008)، کە ئاماژەیان بەوە داوە، پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان هەراسانی سێکسی و فشارەکانی کار هەیە.

هۆکاری ئەم دۆخە دەکرێت بۆ ئەوە بەگرێتەوە کە هەراسانی سێکسی خۆیلەخۆیدا جۆرێکە لە ڕەفتارێکی فشارئامێز، بۆیە دەکرێت لە کاتی ئەنجامدانی ڕەفتاری هەراسانی سێکسی لە شوێنی کار ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەو تاکە هەست بە فشارەکانی کاریش بکات.

خشتەی ژمارە (٥) زانینی ئاستی پشبینیی هەراسانی سێکسی لەسەر فشارەکانی کار

| هەراسانی سێکسی | | | |
|---|---|---|---|
| Sig. | بەهای (T) | Standardized Coefficient | فشارەکانی کار |
| 0.00 | 13.551 | 0.562 | |
| | F | Sum of squares | |
| | 183.623 | 3384.21 | Regression |
| | | 7335.23 | Residual |
| | | 10719.4 | Total |
| پوختەی کاریگەری هەراسانی سێکسی لەسەر فشارەکانی کار | | | |
| R= .562a | | | |
| $R^2$= 0.316 | | | |
| Adjusted $R^2$= 0.314 | | | |
| أ. پێشبینی: هەراسانی سێکسی<br>ب. گۆڕاوی پاشکۆ: فشارەکانی کار | | | |

## ڕاسپاردە و پێشنیازەکان:

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە، توێژەران بە پێویستی دەزانن چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێک بخەنەڕوو؛

**یەکەم/ ڕاسپاردەکان:**

١/ پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕن لە بەرەنگاربوونەوەی هەراسانی سێکسی دژ بە کارمەندە ژنەکان.

٢/ هەوڵبدرێت ژینگەیەکی لەبار بۆ ئەو کارمەندانەی کە لە کەرتی تایبەت کار دەکەن بە شێوەیەکی گشتی و کارمەندەکانی ڕەگەزی مێ بە تایبەتی، بۆ ئەوەی کەمتر ڕووبەڕووی فشارەکانی کار ببنەوە.

٣/ دانانی یاسایەکی تایبەت بە هەراسانی سێکسی لە شوینی کار، کە تایبەت بێت بە کەرتی تایبەت.

**دووەم: پێشنیازەکان:**

١/ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لەبارەی هەراسانی سێکسی و فشارەکانی کار لە کەرتی گشتی و تایبەتیدا.

٢/ دانانی ناوەندێکی چالاک و تایبەت بۆ سکالاکردنی ئەو ژنانەی کە لە شوێنی کار ڕووبەڕووی هەراسانی سێکسی دەبنەوە.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان


- ابو غزالة، هیفا. (٢٠٠٩). *توندوتیژی دژی ژنان*، و. کنێر عەبدوڵا، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم_سلێمانی

- بوخاری، د.ئەمین و چەند نووسەرێک. (٢٠١٢). *نەخۆشییە دەروونییەکان هۆکار و چارەسەر*، وەرگێڕانی محەمەد عەلی وەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج-سلێمانی .

- دەستەی ئاماری هەرێم KRSO. (٢٠١٦). *دۆخی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان*، بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار، وەزارەت پلاندانان_حکومەتی هەرێمی کوردستان.

- شریف، ڕۆزە عبدالله.، و عبدالرحمن، کارزان حسن. (٢٠٢١). لەمپەرەکانی بەردەم کارکردنی ژنان لە کەرتی گشتیدا: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەلای فەرمانبەرانی ئافرەتی سەر بە وەزارەتی تەندروستی لە شاری هەولێر، *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، ٨(١). https://doi.org/10.24271/garmian.21080103

- عەبدوڵا، کنێر. (٢٠٠٧). *توندوتیژی وەزیفی دژ بە ژنان لە فەرمانگە حکومییەکاندا*، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم_سلێمانی.

- عەلی، عادل. (٢٠١٦). *پرسی ژن*، چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە_سلێمانی.

- فاتمی، عادل. (٢٠٢٠). *شیکردنەوەی ئاماری*، چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکانی زانکۆی سلێمانی_سلێمانی.

- قەرەداخی، مەهاباد. (٢٠١٨). *مێژووی تێکۆشان بۆ مافی یەکسانی لە باشووری کوردستان*، چاپی دووەم، لە چاپکراوەکانی یەکێتی ئافرەتان_هەولێر.

- قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین. (٢٠١٦). *پێوانە و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی*، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا_سلێمانی.

- قەرەچەتانی، کەریم شەریف. (٢٠١٨). *پێوان و هەڵسەنگاندن لە بواری پەروەردە و دەروونزانیدا*، چاپی یەکەم، چاپخانەی زبان صلح_تەهران.

- قەرەچەتانی، کەریم شەریف. (٢٠١٨). *ئاماری پەروەدردەیی و دەروونی*، چاپی یەکەم، چاپخانەی زبان صلح_تەهران.

- یاسین، عزالدین عبدالله. (٢٠٢١). *هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی سێکسی دژی منداڵان*، چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

- توفیق، عبدالرحمن. *(٢٠٠٧). العمل تحت الضغوط*، طبعة الاولى، طابعة الخبفرات المهنية للادارة_مصر.

- السميران، ثامر حسين علي و المساعيد، عبدالكريم عبدالله (٢٠١٤). سايكولوجية الضغوط النفسية، طبعة الاولى، طابعة دار المكتبة الحامد للنشر والتوزيع، عمان_الاردن.

- مارڤيلاس، آنا. (٢٠٠٩). *كيف تقلل من الضغوط ولصراعات داخل العمل*، طبعة الثانية، طابعة دار الفاروق الاستثمارات الثقافية_مصر.

- المحمودی، محمد سرحان علي. (٢٠١٩)، *مناهج البحث العلمي*، الطبة الثالثة، دار الكتب، اليمن.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

- Ahmad, Sharique & Wasim, Saeeda & Irfan, Sumaiya & Gogoi, Sudarshana & Srivastava, Anshika & Farheen, Zarina. (2019). Qualitative v/s Quantitative Research. 6. 2828-2832. 10.18410/jebmh/2019/587.
- American Psychiatric Association. (2022). Diagnostic and Statistical Manual of Mental Disorders (DSM-5–Text Revision (TR)).
- Apuke, Oberiri. (2017). Quantitative Research Methods : A Synopsis Approach. Arabian Journal of Business and Management Review (kuwait Chapter).. 6. 40-47. 10.12816/0040336.
- Bhat, R. A., & Deshpande, A. (2017). An overview of sexual harassment of women at workplace in India: An analytical study. *International Journal of Innovative Research in Science, Engineering, and Technology*, *6*(7), 14361-14369.
- Bhattacharjee, Sandeep & Tripathi, Parul. (2012). A study on psychological stress of working women. Zenith International Journal of Multidisciplinary Research. 2.
- Browne, K. R. (2006). Sex, power, and dominance: The evolutionary psychology of sexual harassment. *Managerial and Decision Economics*, *27*(2-3), 145-158.
- Bukhari, Syed Abdul. (2021). Sample Size Determination Using Krejcie and Morgan Table. 10.13140/RG.2.2.11445.19687.

- Burn, S. M. (2019). The psychology of sexual harassment. *Teaching of Psychology*, *46*(1), 96-103.
- Chandola, T. (2010). Stress at work. *British Academy Policy Centre*.
- Cleveland, J. N., & Kerst, M. E. (1993). Sexual harassment and perceptions of power: An under-articulated relationship. *Journal of Vocational Behavior*, *42*(1), 49-67.
- Crull, P. (1982). Stress effects of sexual harassment on the job: Implications for counseling. *American Journal of Orthopsychiatry*, *52*(3), 539.
- Daev, E. V. (2019). About stress,... Or about Hans Selye's two errors, conquered the world. *Ecological genetics*, *17*(4), 103-111.
- Dunst, Carl & Hamby, Deborah. (2012). Guide for calculating and interpreting effect sizes and confidence intervals in intellectual and developmental disability research studies. Journal of intellectual & developmental disability. 37. 89-99. 10.3109/13668250.2012.673575.
- Fister-Gale, S. 2003. Sickened by the cot of absenteeism, companies look for solutions: Internally devised cost-tracking systems, off-the-shelf software and outsourced absence-reporting services are all growing in popularity as employers try to figure out where an estimated 15 percent of the payroll is going. Retrieved October 2012, http:www.biomedsearch.com.
- Fitzgerald, L. F., Gelfand, M. J., & Drasgow, F. (1995). Measuring sexual harassment: Theoretical and psychometric advances. *Basic and applied social psychology*, *17*(4), 425-445.
- Foote, W. E., & Goodman-Delahunty, J. (2004). *Evaluating sexual harassment: Psychological, social, and legal*

*considerations in forensic evaluations*. American Psychological Association.

– Geller, P. A., & Hobfoll, S. E. (1994). Gender differences in job stress, tedium and social support in the workplace. *Journal of Social and Personal relationships*, *11*(4), 555-572.

– Gerdes, L. I. (1999). *Sexual harassment* (pp. 87-89). Greenhaven Press.

– Gold, L. H. (2008). *Sexual harassment: Psychiatric assessment in employment litigation*. American Psychiatric Pub.

– Harned, Melanie S.; Ormerod, Alayne J.; Palmieri, Patrick A.; Collinsworth, Linda L.; Reed, Maggie (2002). Sexual assault and other types of sexual harassment by workplace personnel: A comparison of antecedents and consequences.. Journal of Occupational Health Psychology, 7(2), 174–188. doi:10.1037/1076-8998.7.2.174

– Hashemi, S. E., Savadkouhi, S., Naami, A., & Beshlideh, K. (2018). Relationship between job stress and workplace incivility regarding to the moderating role of psychological capital. *Journal of Fundamentals of Mental Health*, *20*(2), 103-112.

– Hashim, Yusuf. (2010). DETERMINING SUFFICIENCY OF SAMPLE SIZE IN MANAGEMENT SURVEY RESEARCH ACTIVITIES. international journal of organisational management and entreprenuership development. 6. 119-130.

– Howald, N., Walker, J., Melick, S., Albert, M., & Huang, S. (2018). Addressing sexual harassment in the workplace. *SIOP White Paper Series*, *24*.

– Hutagalung, Fonny; Ishak, Zahari (2012). Sexual Harassment: A Predictor to Job Satisfaction and Work Stress among Women

Employees. Procedia - Social and Behavioral Sciences, 65(), 723–730. doi:10.1016/j.sbspro.2012.11.190

- Kapila, P. (2017). Theoretical Perspectives to Sexual Harassment of Women at Workplace. *International Journal of Humanities and Social Science Invention*, *6*(9), 32-35.

- Krejcie RV, Morgan DW. (1970) Determining Sample Size for Research Activities. Educational and Psychological Measurement. 1970;30(3):607-610. doi:10.1177/001316447003000308

- Lazarus, R. S. (1995). Theory-based stress measurement. *Psychological inquiry*, *1*(1), 3-13.

- McCaughey, D. (2008). Workplace safety, job stress, and employee outcomes: When caring compromises personal well-being.

- McLaughlin H, Uggen C, Blackstone A. Sexual Harassment, Workplace Authority, and the Paradox of Power. American Sociological Review. 2012;77(4):625-647. doi:10.1177/0003122412451728

- Mensah, C. (2019). Job-client gender context and sexual harassment vulnerability within the hotel sector. *International Journal of Hospitality & Tourism Administration*, *23*(1), 62-87.

- Merkin, Rebecca S. (2008) "The Impact of Sexual Harassment on Turnover Intentions, Absenteeism, and Job Satisfaction: Findings from Argentina, Brazil and Chile," *Journal of International Women's Studies*: Vol. 10: Iss. 2, Article 7. Available at: https://vc.bridgew.edu/jiws/vol10/iss2/7.

- Naqvi, S. M. H., Khan, M., Kant, A., & Khan, S. N. (2013). Job stress and employees’ productivity: case of Azad Kashmir

public health sector. *Interdisciplinary journal of contemporary research in business*, *5*(3), 525-542.

– Narayanan, Ramachandran. (2014). Work Related Stress among Women Professionals. International Journal of Research & Business Innovation. 2. 22-26.

– Panigrahi, C. M. A. (2016). Managing stress at workplace. *Journal of Management Research and Analysis*, *3*(4), 154-160.

– Parker, D. F., & DeCotiis, T. A. (1983). Organizational determinants of job stress. *Organizational behavior and human performance*, *32*(2), 160-177.

– Pina, A., Gannon, T. A., & Saunders, B. (2009). An overview of the literature on sexual harassment: Perpetrator, theory, and treatment issues. *Aggression and violent behavior*, *14*(2), 126-138.

– Pletcher, Beth. (2006). Prevention of Sexual Harassment in the Workplace and Educational Settings. Pediatrics. 118. 1752-6. 10.1542/peds.2006-1816.

– Rr, Ramachandran. (2016). WORK RELATED STRESS MANAGEMENT AMONG WOMEN PROFESSIONALS IN TRICHY DISTRICT. 04. 16-23.

– Russell, H., Maître, B., Watson, D., & Fahey, É. (2018). *Job stress and working conditions: Ireland in comparative perspective. An analysis of the European Working Conditions Survey* (No. 84). Research Series.

– Sauter, S. L., & Murphy, L. R. (2007). *Organizational risk factors for job stress* (pp. xii-400). American Psychological Association.

- Schneider, K. T., Swan, S., & Fitzgerald, L. F. (1997). Job-related and psychological effects of sexual harassment in the workplace: empirical evidence from two organizations. *Journal of applied Psychology*, *82*(3), 401.
- Schoenheider, Krista (2016), “A theory of tort liability for sexual harassment in the workplace”, University of Pennsylvania Law Review, vol. 134, pp. 1461-1495.
- Srivastava, Kalpana & Chaudhury, Suprakash & Bhat, Pookala & Sahu, Samiksha. (2017). Misogyny, feminism, and sexual harassment. Industrial Psychiatry Journal. 26. 111. 10.4103/ipj.ipj_32_18.
- Szabo, S., Tache, Y., & Somogyi, A. (2012). The legacy of Hans Selye and the origins of stress research: a retrospective 75 years after his landmark brief “letter” to the editor# of nature. *Stress*, *15*(5), 472-478.
- Taber, KS. (2017). The use of Cronbach’s alpha when developing research instruments in science education. 10.17863/CAM.8256.
- Unnikrishnan, B., Rekha, T., Kumar, G., Reshmi, B., Mithra, P., & Sanjeev, B. (2010). Harassment among women at workplace: A cross-sectional study in coastal South India. *Indian journal of community medicine: official publication of Indian Association of Preventive & Social Medicine*, *35*(2), 350.
- Yozgat, U., Yurtkoru, S., & Bilginoğlu, E. (2013). Job stress and job performance among employees in public sector in Istanbul: examining the moderating role of emotional intelligence. *Procedia-Social and behavioral sciences*, *75*, 518-524.

**ملخص**

تهدف الدراسة الى معرفة مستويات التحرش الجنسي و مستويات ضغوط العمل، ايجاد العلاقة بين التحرش الجنسي وضغوط العمل ومعرفة مستوى توقعات التحرش الجنسي على ضغوط العمل. وفي هذه الدراسة تم استخدام المنهج الكمي الوصفي، و الاستمارة الاستبيانية لغرض جمع البيانات. تكون مجتمع البحث من النساء اللائي يعملن في القطاع الخاص، أما عينة الدراسة فتكونت من (٤٠٠) من النسوة العاملات في القطاع الخاص في محافظة أربيل.

أظهرت نتائج الدراسة أن عينة الدراسة قد تعرضت للتحرش الجنسي وسجلوا مستويات عالية ذات دلالة احصائية من ضغوط العمل، علاوة على ذلك، أظهرت النتائج علاقة ذات دلالة احصائية بين التحرش الجنسي وضغوط العمل. كما أظهرت النتائج أن التحرش الجنسي يتسبب في ارتفاع مستويات ضغوط العمل بنسبة (٣٢%). وفي ضوء نتائج الدراسة قام الباحث بصياغة جملة من التوصيات والمقترحات.

الكلمات المفتاحية: التحرش الجنسي، ضغوط العمل، النساء العاملات

## Abstract

The main aims of this study were to find out the level of sexual harassment, to know the level of job stress, to find out the correlation between sexual harassment and job stress, and to find out the level of sexual harassment on job stress. In this study, the researchers used a quantitative and descriptive method and data is collected through the survey form. The research population includes women working in the private sector, and the research sample includes (N= 400) female employees working in the private sector in Iraq-Erbil. The results of this study showed that the sample of the study had experienced sexual harassment and that the sample of the study felt the job stress at a high level, however, the results showed a relationship between sexual harassment and job stress, and the results showed that sexual harassment predict on job stress by 32%. Finally, the researcher presented some recommendations and recommendations based on the results the study had received.

Key words: Sexual harassment, Job stress, Women workers.

https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2253.12

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# کۆڤید-19 وکاردانەوە هەڵچوونییەکانی مرۆڤ: پشکنینی تیۆەگلانی ترس لە پەتای کۆرۆنا لە شلەژانە دەروونییەکان

سعید محمد نوری طاهر بیبانی
زانکوی سەلاحەددین- کۆلێژی پەروەردە
saeed.nure1@su.edu.krd

کاروان کاکەبرا کاکەمەد
زانکۆی سۆران- فاکەڵتی ئاداب
karwan.kakamad@soran.edu.iq

زانا حسن بابکر
زانکۆی سۆران
فاکەڵتی ئاداب
Zana.babakr@soran.edu.iq

**پوختە**

سەربارى ئەوەى کۆرۆنا زیاتر لایەنە لاشەییەکانى مرۆڤ دەکات بە ئامانج، ناکرێت ڕەنگدانەوە دەروونییەکانى ئەم پەتایە فەرامۆشبکرێن. بەڵام تائێستا تێگەیشتنەکان سەبارەت بە ڕەنگدانەوە نەرێنییەکانى پەتاى کۆرۆنا لە هەڵکشانى بارە دەروونییە ناهەموارەکان ناڕوونە. بە ئەنجام ئەم توێژینەوەیە هەوڵیدا بۆ پشکنینى تێوەگلانى ترس لە کۆڤید-١٩ لە ئاستەکانى شڵەژنى دڵەڕاوکێ وشڵەژانى خەمۆکى بە پشتبەستن بە نموونەیەکى بەشداربوو لە هەرێمى کوردستان-عیراق (ن = ١٨٩). ئەنجامەکان ئاماژەیانکرد بۆ پەیوەندیى ئەرینى بەڵگەدارى ئامارى لە نێوان ترس لە کۆڤید-١٩ وشڵەژانى دڵەڕاوکێى گشتى و شڵەژانى خەمۆکیى سەرەکى، لەگەڵ تێبینیکردنى جیاوازى لە ئاستەکانى ئەو دوو شڵەژانە. ئەنجامەکان جەختیانکردەوە لە پەیوەندیى ئەرێنى بەڵگەدارى ئامارى لە نێوان ترس لە کۆڤید-١٩ و ئاستى شڵەژانى دڵەڕاوکێى زۆرکەم و مامناوەند. هەروەک چۆن ئاماژەکرا بۆ پەیوەندیى ئەرێنى بەڵگەدارى ئامارى لە نێوان ئاستى شڵەژانى خەمۆکیى سادە و ترس لە کۆڤید-١٩. لە کۆتاییدا توێژینەوە چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێکى پێشکەشکرد.

**وشە کلیلییەکان:** ترس لە کۆڤید-19، شڵەژانى دڵەڕاوکێ، شڵەژانى خەمۆکى.

## پێشەكیی توێژینەوە

هەوكردنی ڤایرۆسی كۆڕۆنا Coronavirus infection دەبێتە هۆی بەرجەستەكردنی بارێكی كلینیكی ڕاستەقینە لای مرۆڤ كە بە "نەخۆشیی كۆڕۆنا"(Coronavirus disease (COVID-19 دەناسرێت، بەرجەستەدەبێت بەهۆی یەكێك لە زنجیرە ڤایرۆسەكانی كۆڕۆنا كە بە"سارس-كۆڤ- ٢" SARS-CoV-٢ ناودەبرێت (Bebane, 2022, p. 11).

دەستپێكی بەدیاركەوتنی كۆڤید-١٩ دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای مانگی سپتەمبەری ٢٠١٩ لە شاری وهان لە وڵاتی چین كە دواتر لە سەرتاپای جیهان بە خێراییەكی زۆر بڵاوبووەوە، بە شێوەیەك ڕێكخراوی تەندروستیی جیهانی World Health Organization (WHO) لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠دا جاڕی "باری لەناكاوی تەندروستیی پەیوەستداری نێودەوڵەتی"ی ڕاگەیاندن، و دواتر لە مانگی مارس لە هەمان ساڵ نەخۆشیی كۆڕۆنای ناساند وەك "پەتا"Pandemic ی سەرتاسەری لە جیهان.

سەرباری ئەوەی پەتای كۆڕۆنا زیاتر بەدووچاركردنی مرۆڤەكان بە هەندێ باری كلینیكیی لاشەیی ناسراوە، بەڵام لایەنی دەروونیی تاكەكانیش بەدەرنییە لە ئەگەری دەرهاویشتە نەرێنییەكانی ئەم پەتایە، بە شێوەیەك توێژینەوە هاوچەرخەكان ئاماژەدەكەن بۆئەوەی پەتای كۆڤید-١٩ ڕۆڵێكی ئەرێنی لە بەرجەستەكردنی هەڵكشانی هەندێ باری هەڵچوونی نەرێنی لای تاكەكان دەگێڕێت (Twardowska-Staszek *et al.*, 2022, p. 1)، لە دیارترین نموونەی هەڵچوونە نەرێنییە هەڵكشاوەكان

لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید-19، هەڵچوونی نەرێنیی ترسە لای ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان لە جیهاندا.

سەرباری ئەوەی لە سایکۆلۆژیادا وەک وەڵامدانەوەیەکی گونجانکاری بۆ هەندێ بارەی هەڕەشەئامیز تەماشای ترس دەکرێت (Mertens *et al*., 2020, p. 1)، بەڵام ترس لە بارەکانی وەک پەتای کۆڤید-19، وەک جۆرێک لە ترسی نادیار ( Taylor *et al*., 2020, p. 707) ئەگەری زۆرە ببێتە بارێکی درێژخایەن و تاقەتپڕوکێن لای تاک. ئەم بارەش لای هەندێ کەس ئەگەری زۆرە سەربکێشێ بۆ جۆرێک لە ترس کە ناودەبرێت بە "ترس لە کۆڤید-١٩".

دەستپێکی هاتنەپێشەوەی دەستەواژەی ترس لە کۆڤید-١٩ دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی دانیال ئەهۆرسۆ و هاوکارەکانی لە ساڵی 2020 لە بونیادنانی پێوەرێک بە ناوی "پێوەری ترس لە کۆڤید-١٩" Fear of COVID-19 Scale (FCV-19S) (Ahorsu *et al*., 2020, p. 2). لەم بوارەشدا، توێژینەوەکان جەختدەکەنەوە لەوەی ترسی بەرجەستەبوو بە کاریگەریی پەتای کۆڕۆنا بە چەندان لایەنی جیاوازی ترس پەیوەندارە (Taylor *et al*., 2020, p. 1) ، وەک ترس لەبارەی جەستە، ترس لەبارەی کەسانی ئازیز، ترس لە نادیاری و ترس لە بێکاری (Schimmenti, Billieux and Starcevic, 2020, p. 41).

هاوتەریب لەگەڵ هەڵکشانی بارەکانی ترس وەک هەڵچوونێکی نەرێنی، گریمانەکان ئاڕاستەیان چڕدەبێتەوە بەرەو پێشبینیکردن سەبارەت بە ئەگەرەکانی هەڵکشانی هەندێ لەبارە دەروونییە ناهەموارەکانی وەک شڵەژانەکانی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی. چونکە توێژینەوە سایکۆلۆژییەکان ئاماژەدەکەن بۆ ئەگەری پەیوەندیی هاوئاڕاستە لە نێوان ترس وەک هەڵچوونێکی نەرێنی و شڵەژانی دڵەڕاوکێ و شڵەژانی خەمۆکی (Steimer, 2002, p. 233; Scopaz *et al*., 2009, p. 1868). زیاتر

لەوەش، لە چوارچێوەی هزری "سێگۆشەی گۆڕانکاری" The Change Triangle پەیوەندییە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوان هەریەک لە ترس، دڵەڕاوکێ و خەمۆکی بە شێوەیەکی ڕوون ئاماژەیان بۆ کراوە، بە شێوەیەک ترس وێناکراوە وەک یەکێک لە"هەڵچوونە بنچینەییەکان" Core Emotions، دڵەڕاوکێ وەک یەکێک لە"هەڵچوونە چەسپێنەرەکان" Inhibitory Emotions هەژمارکراوە و خەمۆکی وەک یەکێک لە"بەرگریکارەکان" Defences وێناکراوە (Fosha, 2000, pp. 78-81). بەڵام توێژینەوە بەردەستەکان زیاتر جەختکردنەوەکانیان بە ئاڕاستەی ئاماریدا چڕکردۆتەوە سەبارەت بە ڕەنگدانەوەکانی کۆرۆنا وەک پەتایەکی جیهانی ( Twardowska-Staszek *et al.*, 2022, p. 1; Ciotti *et al.*, 2020, p. 365; Aassve *et al.*, 2021, p. 1)، بۆیە سروشتی تێوەگلان و ڕەنگدانەوەکانی ترس لە کۆڤید-١٩ لە ئاستی هەندێ لە بارەدەروونییە شڵەژاوەکانی وەک دڵەڕاوکێ و خەمۆکی تائاستێکی دیاریکراو ناڕوونە (بەپێ زانیاریی توێژەران).

بە شێوەیەکی گشتی وەک فۆڕمێک لە هەڵچوونی جیاکراوە بە نیشانەی لاشەیی بۆ بارەکانی نیگەرانی لە سەروبەندی پێشبینیکردنی تاک بۆ مەترسییەکی هەنووکەیی، کارەساتبار یان ناخۆش تەماشای دڵەڕاوکێ دەکرێت (VandenBos, 2015, p. 66)، بەڵام لە"مانوێڵی دەستنیشانکاری و ئاماری شڵەژانە دەروونییەکان" Diagnostic and Statistical Manual of Mental Disorders (DSM-5TR) ئاماژەدەکرێت بۆ دڵەڕاوکێ لە ژێرناونیشانی "شڵەژانەکانی دلەڕاوکێ" Anxiety disorders (American Psychiatric Association, 2022, p. 215).

سەرباری هەبوونی جۆرێک لە ناڕوونی و تێکەڵاوی سەبارەت بە هەریەک لە شڵەژانی دڵەڕاوکێ و هەڵچوونی ترس، بەڵام سروشتی ترسی ڕۆڵگێر لە شڵەژانەکانی دڵەڕاوکێ تەماشادەکرێت وەک وەڵامدانەوەیەکی

ئاڕاستەکراو بۆ هەڕەشەکانی داهاتووی دوور، کەچی بۆ خۆی ترس زیاتر وەڵامدانەوەیەکی گونجاوە بۆ هەڕەشەیەکی هەنووکەیی (American Psychiatric Association, 2022, p. 216). زیاتر لەوەش، پێشبینیدەکرێت ترس وەک هەڵچوونێکی نەرێنی تێوەگلاوبێت لە زۆرێک لە شڵەژانە دەروونییەکانی وەک شڵەژانی خەمۆکی، بەڵام سروشتی ڕەنگدانەوەی ترس لە کۆڤید-١٩ لە بەرجەستەکردنی شڵەژانەکانی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر هەیە.

لەDSM-5TR دا ئاماژەدەکرێت بۆ خەمۆکی وەک بارێکی دەروونی شڵەژاو لەژێر ناوی "شڵەژانەکانی خەمۆکی" Depressive Disorders ، کە دەناسرێنەوە بە ئامادەی میزاجی خەماوی یان هەڵچوونی توندی پاڵپشتکراو بە هەندێ شڵەژانی پەیوەندار کە کاریگەری لە توانستی تاک بۆ کارکردن دروستدەکەن، بەڵام خاڵی جیاکەرەوەی نێوانیان فاکتەرەکانی بەرجەستەبوون و ماوەی بەردەوامبوونی شڵەژانەکەیە لای کەسی گیرۆدە (American Psychiatric Association, 2022, p. 177).

سەرباری ئاڵوزی و ناڕوونیی سروشتی پەیوەندیی نێوان ترس و خەمۆکی، بەڵام توێژینەوەکان گریمانەی ئەوە دەکەن کە دەکرێ تەماشای دڵەڕاوکێ بکرێ وەک بارێکی دەروونیی یارمەتیدەر لە ئەگەری ڕەنگدانەوەی هەڵچوونی ترس لە شڵەژانەکانی خەمۆکی ( Warner, Wickramaratne and Weissman, 2008, p. 1534; Kausar et al., 2021, p. 81)، بەڵام لەبارەی جۆری ترس لە کۆڤید-١٩دا، پێویستی توێژینەوەی زیاتر و ڕوونکردنەوەی ڕەنگدانەوەی ترس لە شڵەژانی خەمۆکی دەبێتە پێویستییەکی هەنووکەیی.

**کێشەی توێژینەوە**

دوابەدوای بەدیارکەوتنی پەتای کۆڤید-١٩ و بڵاوبوونەوەی بە خێراییەکی زۆر، زۆرینەی وڵاتان ناچاربوون بەگرتنەبەری هەندێ هەنگاوی خێرا و چەسپاندنی ڕێککاری تەندروستی بۆ بەرگرتن لە تەشەنەکردنی زیاتری ئەو پەتا کوشندەیە. هاوتەریب لەگەڵ ئەو هەنگاوانە، ناوەندەکانی توێژینەوە لە جیهان بەچەندان ئاڕاستەدا کەوتنەگەڕ بۆ ڕۆڵگێڕان لە سووککردنی باری سەرشانی مرۆڤایەتی لە بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆڤید-١٩ (Dong, Hu and Gao, 2020, p. 58; Wang *et al.*, 2020, p. 1061). بەڵام لە سەرەتادا، بەراورد بە جەختکردنەوە لەسەر لایەنە لاشەییەکان، فەرامۆشکردنێکی ڕوون هەستپێدەکرا بۆ لایەنە دەروونییەکان (Bebane, 2022, p. 11).

لە قۆناغە بەراییەکانی بەدیارکەوتنی هەوکردنەکانی کۆڕۆنا، کەمترین ئاوەڕدانەوە هەستپێکرا بۆ بەهەند وەرگرتنی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم پەتایە لەسەرلایەنی دەروونیی تاکەکان. کەچی سەرباری ئاوەڕدانەوەیەکی نیمچەیی لەم بوارە، بەڵام زۆرینەی هەنگاوەکان لە قۆناغی یەکەمدا بە ئاڕاستەی یارمەتیدانی تاکەکانبوون بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ پەتای کۆڤید-١٩ وەک دەرچەیەک بۆ دەربازبوون لە ڕەنگدانەوە نەخوازراوەکانی ئەم پەتایە لە هەڵکشان و تەشەنەکردنی شڵەژان و تێکچوونە دەروونییەکان. لەم بوارەشدا، توێژینەوە سایکۆلۆژییەکان ئاماژە بۆ پەتای کۆڕۆنا دەکەن وەک فاکتەری بەرجەستەکاری واقعێکی فشارئامێز (Twardowska-Staszek *et al.*, 2022, p. 1). ئەم بارودۆخە فشاراوییەش بە تۆخی ڕەنگدانەوەی هەبووە لە هەڵکشانی ژمارەی ئەو کەسانەی پێویستی هەنووکەییان بە یارمەتی و ڕێنمایی دەروونی هەبووە (Unützer, Kimmel and Snowden, 2020, p. 130).

له ئێستادا، سروشتی ڕەنگدانەوە و پەیوەندیی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان ترس وەک هەڵچوونێکی نەرێنی بەرجەستەبوو لە ئەنجامی پەتای کۆڤید-19 و شڵەژانە دەروونییەکانی وەک شڵەژانی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی لە کوردستان تا ئاستێک ناڕوونە، بۆیە کێشەی ئەم توێژینەوەیە پوختدەبێتەوە لە هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنی وەڵام بۆ ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

١) ئایا تێوەگلان و سروشتی پەیوەندیی نێوان هەڵکشانی ترس لە کۆڤید-19 و شڵەژانەکانی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی چۆنن؟
٢) ئایا سروشتی پەیوەندیی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان ترس لە کۆڕۆنا و ئاستەکانی شڵەژانی دڵەڕاوکێ و شڵەژانی خەمۆکی چۆنە؟

## گرنگیی توێژینەوە

پشکنین و تیشکخستنەسەر دەرهاویشتە نەرێنییەکانی پەتای کۆڤید-١٩ لە هەڵکشانی بارە دەروونییە ناهەموارەکان لە کوردستان بە هەنگاوێکی پڕبایەخ و هەستیار لە دوولایەنی سەرەکییەوە هەژماردەکرێت، ئەوانیش:

## یەکەم/ لایەنی تیۆری

ئاشکراکردنی سروشتی پەیوەندیی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان شڵەژانە دەروونییەکان و هەڵکشانی ترس لە کۆڤید-١٩ هەنگاوێکی پڕبایەخ دەبێت بۆ بەردەستخستنی زانیاریی تیۆریی دروست سەبارەت بە سروشتی ئەگەرەکانی ڕەنگدانەوە نەرێنییەکانی هەڵکشانی ترس لە کۆڤید-١٩ لە بەرجەستەکردنی نیشانەکانی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی وەک دوو لە دیاترین شڵەژانە دەروونییەکان. زیاتر لەوەش، ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەتوانێت ڕۆڵی ئەرێنی بگێرێت لە دەوڵەمەندکردنی

خەرمانی مەعریفیی پەرتووکخانەی کوردی سەبارەت بە کارتێکەرییە نەرێنییەکانی پەتای کۆڤید-١٩. هەروەها، زانیارییە بەردەستخراواکانی ئەم توێژینەوەیە دەبنە بنەمایەکی دروست بۆ بۆنیادنانی کۆگایەکی زانیاریی دەوڵەمەند و پشتڕاستکراو بۆ توێژەرانی دیکە لە کوردستان و جیهان تا بتوانن لە توێژینەوە بەراوردکارییەکانیاندا سوودی زیاتری لێوەربگرن.

**دووەم/ لایەنی پراکتیکی**

یەکێک لە دیارترین تایبەتمەندییە ناسراوەکانی بارە دەروونییە فشاراوەییەکان، بەرجەستەکردنی کاریگەریی هەنووکەیی و درێژخایەنن لە بونیادی دروونیی تاک. دیارە ئامارەکان گەواهی ئەوە دەدەن کە دەکرێ پەتای کۆڤید-١٩ وەک یەکێک لە پڕفشاراوترین ڕووداوەکانی سەدەی بیست و یەک تەماشابکرێت (Troyer, Kohn and Hong, 2020, p. 34; Wiebers and Feigin, 2020, p. 283)، ئەم بارەش پێویستیی هەنووکەیی بە بەرنامەی توکمە بۆ سەرلەنوێ کاڵکردنەوەی شوێنکارە نەرێنییەکانی ئەو پەتایە بەرجەستەیکردووە لە دەروونی تاکەکان هەیە.

لێرەوە فەراهەمکردنی مەعریفەی پێویست سەبارەت بە ڕەهەند و ڕەنگدانەوە نەرێنییەکانی پەتای کۆڤید-١٩، بوار دەڕەخسێنێ بۆ پسپۆڕانی دەروونی تا بتوانن بە شێوەیەکی پراکتیکی بیخەنە خزمەت داکشاندنی کێرڤی بارە دەروونییە ناهەموارە بەرجەستەبووەکان. زیاتر لەوەش، ئەم مەعریفە زانستییە تۆکمانە دەبنە بناغەی کارکردن لە بواری هۆشیارکردنەوە، فەراهەمکردن و پەرەپێدانی پڕۆگرامی چارەسەرکاریی دروست. هەروەها لە ڕووی پراکتیکی، ئەم توێژینەوەیە ئەگەری زۆرە ببێتە پاڵشتی بەهێز بۆ مامەڵەکردنی دروست لە داهاتوو لەگەڵ هەندێ باری شڵەژانی دەروونیی درێژخایەن.

## ئامانجەکانی توێژینەوە

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە پوختدەبنەوە لە پشکنینی:

١. پێوانەکردنی ترس لە کۆڤید-١٩، شڵەژانی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی
٢. پشکنینی کارتێکەری گۆڕاوە دیموگرافییەکان لە ترس لە کۆڤید-١٩.
٣. دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان ترس لە کۆڤید-19 و شڵەژانەکانی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی.
٤. دەستنیشانکردنی پەیوەندیی ترس لە کۆڤید-19 و ئاستەکانی شڵەژانی دڵەڕاوکێ و شڵەژانی خەمۆکی.

## سنووری توێژینەوە

سنوورەکانی ئەم توێژینەوەیە دیاریکراون بەم چوارچێوانەی خوارەوە:

**چوارچێوەی مرۆیی** ئەم توێژینەوەیە دیاریکراوە بە دانیشتووانی ناوچە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستان.

**چوارچێوەی جوگرافیی** ئەم توێژینەوەیە دیاریکراوە بە شارەکانی هەولێر، سلیمانی، دهۆک و کەرکوک لە هەرێمی کوردستان/ عیراق.

**چوارچێوەی کاتیی** ئەم توێژینەوەیە دیاریکراوە بە ساڵی خوێندنی ٢٠٢١ _ ٢٠٢٢.

**چوارچێوەی بابەتیی** ئەم توێژینەوەیە دیاریکراوە بە ترس لە کۆڤید-١٩، تێکچوونی دڵەڕاوکێی گشتی و تێکچوونی خەمۆکیی سەرەکی.

**دەستنیشانکردنی چەمکەکان**

**یەکەم/ ترس**

**پێناسەی فەرهەنگی APA ٢٠١٥** "ئاماژەیە بۆ هەڵچوونێکی بنچینەیی و پەنهانی بەرجەستەدەبێت لە ئەنجامی بەدیارکەوتنی هەڕەشەیەکی چاوەڕوانکراو، وەڵامدانەوە و ئاگادارکردنەوەی هەنووکەیی لەخودەگرێت و بوونەوەر دەوروژێنێ لە ڕێگای ورووژاندنی ژمارەیەک لە گۆڕانکاریی فسیۆلۆژی"(VandenBos, 2015, p. 413)

**پێناسەی تیۆریی ترس لە کۆڤید-١٩** "ئاماژەیە بۆ جۆرێک لە ترسی نادیار، بەرجەستەدەبێت لە شێوەی وەڵامدانەوەیەکی هەڵچوونی نەرێنیی خۆنەویستانە، وەک پەرچەکردارێک بۆ ترس لە دووچاربوونی خود، یان کەسانی ئازیز بە پەتای کۆڤید-١٩".

**پێناسەی ڕێکاری ترس لە کۆڤید-١٩** "ئاماژەیە بۆ ئەو نمرەیەی وەڵامدەر بەدەستیدەهێنێت لە وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری ترس لە کۆڤید-١٩"

**دووەم/ دڵەڕاوکێ**

**پێناسەی DSM-5TR** "ئاماژەیە بۆ دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەکی زۆر (پێشبینیکردنی کارەسات) سەبارەت بە کۆمەڵێک ڕووداو یان چالاکی"(American Psychiatric Association, 2022, p. 251). لەم توێژینەوەیە ئەم پێناسەیە پەسەنددەکرێت بۆ شڵەژانی دڵەڕاوکێ.

**پێناسەی ڕێککاری دڵەڕاوکێ** "ئاماژەیە بۆ ئەو نمرەیەی بەشداربوو بەدەستیدەهێنێت لەسەر پێوەری دڵەڕاوکێی گشتی".

**سێیەم/ خەمۆکی**

**پێناسەی DSM-5TR** "ئاماژەیە بە لایەنی کەم بۆ یەکگەڕیی گەورەی خەمۆکی لەباری نەبوونی مێژووی شەپۆلەکانی مانیک یاهایپۆمانیک بەدیاردەکەوێت" ( American Psychiatric Association, 2022, p. 185). لەم توێژینەوەیە ئەم پێناسەیە پەسەنددەکرێت بۆ شڵەژانی خەمۆکی.

**پێناسەی ڕێککاری خەمۆکی** "ئاماژەیە بۆ ئەو نمرەیەی بەشداربوو بەدەستیدەهێنێت لەسەر پێوەری خەمۆکیی توند (گەوران)".

چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە

چوارچێوەی تیۆریی ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوە بەسەر سێ تەوەرەی سەرەکی، ئەوانیش:

**یەکەم/ هەڵچوونی ترس**

**چەمکی ترس**

لە سایکۆلۆژیادا، تەماشای ترس وەک وەڵامدانەوەیەکی گونجانکاری لەگەڵ بارودۆخە هەڕەشەئامێزەکان دەکرێت، بۆیە لە سەروبەندی ڕووبەڕووبوونەوەی تاک لەگەڵ باردۆخە ناهەموارەکاندا دووچاری هەڵچوونێکی نەرێنی دەبێت کە ناوەدبرێت بە "هەڵچوونی ترس"، کە لە هەندێ باردا هاوکاریدەکات لە بەرجەستەکردنی جۆرێک لە گونجان لەگەڵ بارودۆخە هەنووکەییەکان (Mertens *et al.*, 2020, p. 3).

لە ئەدەبیاتدا، ترس بۆ چەند جۆرێک پۆلینکراوە لە دیارترین پۆلینکردنەکانیش ئەوەیە کە جۆرەکانی ترس دابەشدەکات بۆ:

## ترسی ئاسایی

لە هەندێ باردا ئەم جۆرە لە ترس تەماشادەکرێت وەک یەکێک لە پێویستییە بنچینییەکانی مانەوە و بەردەوامبوونی ژیانی تاک.

## ترسی نائاسایی

هەروەها بە "ترسی نەخۆشی"یش ناودەبرێت، وەک فۆڕمێک لە ترسی ناسروشتی ئەگەری زۆرە کاریگەریی نەرێنی بەرجەستەبکات لەسەرجەستە، توانست و بیرکردنەوەی مرۆڤ. هەروەک چۆن بەردەوامبوونی، ئەگەرەکانی بەرجەستەکردنی ئاریشە دەروونییە ناهەموارەکان بەهێزتر دەکات (شیشاني، ٢٠١٢، لالا. ٣٥ - ٣٦).

هەستکردن بە ترسی نائاسایی تاک ناچاردەکات دووربکەوێتەوە لە بیرکردنەوە لە بابەتە سەرەکییەکانی، لە ئەنجامدا ناچاردەبێت هەموو هەوڵەکانی چڕبکاتەوە لە دۆزینەوەی دەرچەیەک بۆ خۆدەربازکردن لەو دۆخە ترسێنەرەی بەرەنگاریدەبێتەوە (حوسێن، ٢٠٢٠، لالا. ٥٤- ٥٥).

## ترس لە سەروبەندی پەتای کۆڤید-١٩

لە سەروبەندی ڕووبەڕووبوونەوەی تاک لەگەڵ هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە بۆسەر ژیانی، ئیتر ئەوە پاڵنەر دەبێت بۆ دروستکردنی فۆڕمێک لە ترسی نائاسایی (شیشانی٢٠١٢، لا. ٤٠). لەم چوارچێوەیەشدا، سەرهەڵدانی پەتای کۆڕۆنا و شێوازی بڵاوبوونەوەی بە خێراییەکی بێئەندازە بەهەموو جیهاندا وایکرد زۆر کەس گیرۆدە بێت بە فۆڕمێک لە ترس کە سەرچاوەکەی نادیاربوو، دواتر ئەو جۆرە لە ترس وەک ترس لە کۆڤید-١٩ ناسێنرا (Çimke *et al.*, 2021, p. 273).

پەتای کۆڕۆنا وەک بارێکی ترسهێنەر بۆ زۆرینەی تاکەکان و بێتوانای مرۆڤەکان لە چارەسەرکردنی ئەو دۆخە بەرجەستبووە، بە تایبەتیش مەترسیی ڕاستەقینەی مردن، وایکرد تاکەکان هەست بە ترسی زیاتربکەن لەو پەتایە (Dymecka *et al.*, 2021, p. 150)، چونکە مرۆڤ ئەو کاتە هەست بە ترس دەکات کە دۆخێک بە شێوەیەکی ڕاستەقینە هەڕەشبێت بۆ سەر ژیانی، وابکات تاک ناچاربێت بۆئەوەی خۆی لەو دۆخە بپارێزێت وەڵادانەوەی بۆهەبێت (حوسێن، ٢٠٢٠، لا. ٥٥).

دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوەبکرێت پەتای کۆڕۆنا بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە نەرێنییانەی هەیەتی کاریگەریی نەرێنی لە سایکۆلۆژیای مرۆڤ بەرجەستەدەکات و دواتر دووچاریدەکات بە هەستکردن بە ترس (Pakpour and Griffiths, 2020, p. 2).

**ڕەنگدانەوەکانی ترس لە کۆڤید-19 لە شڵەژانەکانی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی**

بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڕۆنا وەک ئاریشەیەکی جیهانی بووەتەهۆی بەرجەستەکردنی بارودۆخێکی دەروونیی ناهەموار لای زۆرینەی خەڵکی، بە ئەنجام ئەو بارەی ئەم پەتا جیهانیە دروستیکرد بوەهۆی هەڵکشانی کێرڤی ترس لای تاکەکان (Parchani *et al.*, 2021, p. 1739).

هەروەها ئەو شێوازانەی بوونەهۆی ئەوەی تاک دڵنیاییەکی تەواوەتی بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو بارانە نەبێت وای لە تاک کردووە هەست بە بارێک بکات لە نائارامی و نیگەرانی، هەروەها بەردەوامیی ئەو باردۆخانەش بە شێوەیەکی ڕاستەوانە ڕۆڵیانگێڕا لە هەڵکشانی هەندێ لەبارە دەروونییە ناهەموارەکان، بۆیەش ئەنجامی توێژینەوە سایکۆلۆژییەکان ئاماژەیانکرد بۆ ئەگەرەکانی ڕەنگدانەوەی پەتای کۆڤید-١٩ لە تەشەنکردن و هەڵکشانی هەستی دڵەڕاوکێ (Luong *et al.*, 2021, p. 2125).

هەروەها هەنگاوە ڕێکارییەکان بۆ بەرگرتن لە تەشەنەکردنی پەتای کۆرۆنا وەک ڕێکارەکانی کەرەنتینە و دابڕانە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوانە کاریگەریی نەرێنییان لە سایکۆلۆژیای تاک بەرجەستەکرد، بە شێوەیەک تاک ناچارکرا زیاتر بەرەو گۆشەگیری و تەنهایی هەنگاوبنێت، کە دواجار ئەم گۆشەگیری و تەنهاییە ڕەنگدانەوەی نەرێنییان لە بەرجەستەکردنی هەستی خەمۆکی هەبوو (Folayan *et al.*, 2022, p. 2). چونکە یەکێک لەو هۆکارانەی کە دەکرێت ببێتەهۆی دروستبوونی خەمۆکی لای تاک ئەو هەلومەرجانەیە کە تاک لە چێژبینین لەو شتانەی دەوروبەری یان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بێبەشدەکات، بۆیە کاتێک تاک نەیتوانی چێژ لە پەیوەندییەکانی وەربگرێت و بواری چالاکییەکانی سنووردار دەکرێت، دەکرێت ببێتەهۆی دروستبوونی ناهاوسەنگی لە میزاجی تاک و بەردەوامبوونی ئەو دۆخە بۆ ماوەیەکی درێژ دەکرێت ببێتەهۆی سەرهەڵدانی خەمۆکی (مۆرگان، ٢٠٢١، لا. ٨٣١).

کەواتە هەبوونی پەتایەکی وەکو کۆڤید-١٩ وەک پەتایەکی کوشندە، ئەگەری زۆرە ببێتەهۆی دروستبوونی ترس لای تاک، هەروەها نەبوونی دڵنیاییەکی تەواو بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو دۆخەدا، ئەگەری ئەوەی لێوە چاوەڕواندەکرێت ببێتەهۆی هەستکردن بە دڵەڕاوکێ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە پەتاکە وەک فاکتەر بۆ پچڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەگەری زۆرە ببێتەهۆی دروستبوونی خەمۆکی (Luong *et al.*, 2021, pp. 2124-2127).

## چوارچێوە هزرییەکانی ڕاڤەکردنی هەڵچوونی ترس

زۆرێک لە ڕوانگە هزرییەکان لە سایکۆلۆژیا هەوڵیانداوە ڕاڤەی ترس وەک هەڵچوونێکی نەرێنی بکەن. لە دیارترین ئەو چوارچێوە هزرییانەش:

## گۆشەنیگای دەروونشیکاری

پوختەی ئایدیای چوارچێوەی هزری دەروونشیکاری جەختکردنەوەیە لە تیشکخستنەسەر ئەو تاقیکردنەوە و شارەزاییانەی مرۆڤ لە تەمەنی منداڵیدا پێیاندا تێپەڕدەبێت، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ترس وەک دۆخێکی نائاسایی لە سەروبەندی گەشەی منی باڵا دروستدەبێت (شەکشەک، ٢٠١٧، لا. ٢٣٠).

لەگۆشەنیگای چوارچێوەی هزریی دەروونشیکارییەوە ترس بەرجەستەدەبێت وەک ئەنجامێک بۆ دروستبوون و گەشەکردنی میکانیزمە بەرگرییە دەروونییەکان، چونکە کێبڕکێەکانی نێوان خواستە نەخوازراوەکان و ویستە ئایدیالییەکانی منی باڵا، تاک دەخاتە دۆخێکی دژبەرەوە کە وادەکات بۆ هاوسەنگی لە نێوان خواستە چێژبەخشەکان و ویستە خوازراو و پەسەندکراوەکانی کۆمەڵگە هەندێ ڕەفتار بنوێنێت کە ناسراون بە"میکانیزمە بەرگرییە دەروونییەکان". لەم چوارچێوە هزرییەوە پەنابردنەبەر میکانیزمانە بەرگرییەکان دەبنە بنچینەی هەنگاوەکانی بەرجەستەبوونی ترس لای تاک (محەمەد، ٢٠٢١، لا. ١١٥).

## گۆشەنیگای ڕەفتاری

پوختەی تێگەیشتنە تیۆرییەکانی گۆشەنیگای ڕەفتاری بۆ هەڵچوونی ترس چڕدەبێتەوە لە جەختکردنەوە لە بارودۆخە مەرجدارەکان، بە شێوەیەک لایەنگرانی ئەم چوارچێوە هزرییە بارەکانی هەڵچوونی ترس لای تاک دەبەستنەوە بەو فاکتەر و دۆخە مەرجدارانەوە کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە، بۆیە کاتێک تاک لە بەرانبەر دۆخێکدا دووچاری هەڕەشەدەبێتەوە، بە دووبارەبوونەوەی ئەو دۆخە یان هاوشێوەی ئەگەرەکانی ترس لای بەهیزتر دەبێت (شیشانی، ٢٠١٢، لا. ٣٨).

### گۆشەنیگای زانەکی (مەعریفی)

ئایدیای بنچینەیی ئەم گۆشەنیگایە پوختدەبێتەوە لە بەستنەوەی هەڵچوونی ترس بە فێربوونەوە، ئەویش بەو واتایەی تاک لە ژیانیدا ڕووبەڕوودەیتەوە لەگەڵ کۆمەڵێک هەڵوێست پشت بە بنەمای پاداشت و سزا دەبەستن، بۆیە کاتێک تاک ڕووبەڕووی دۆخێک دەبێتەوە کە وەک سزا بەسەریدا دەسەپێندرێت، ئەوا لە ڕوانگەی مەعریفیی ئەو تاکە دەبێتە بابەتێکی ترسهێنەر، بە ئەنجام لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخی هاوشێوە، هەستکردن بە ترس لای دەوروژێت (زوهدی، ٢٠١٦، ل. ١٠٩).

### دووەم/ شڵەژانی دڵەڕاوکێ

لە سایکۆلۆژیادا لە ئاستی ئاسایی وەک بارێکی سوودبەخش تەماشای دڵەڕاوکێ دەکرێت، چونکە هەبوونی دڵەڕاوکێیەک لە ئاستی ئاسایی ئەگەری هەیە ببێتەهۆی پاڵنان بە تاک تا بە شێوەیەکی ئاگامەندانە لەگەڵ ئەو بارودۆخانەی وەک ئاستەنگ لە بەردەمیدا دروستدەبن، ڕووبەڕوویانببێتەوە. بەڵام کاتێک ئاستی ئاسایی تێپەڕاند ئەوا دەبێتەهۆی دروستبوونی گرفت لە ڕەفتار و بیرکردنەوەی تاک. ئەم جۆرە دڵەڕاوکێیەش بە دڵەڕاوکێ توند یان شڵەژانی هەڵچوونیی نەرێنی دادەندرێت (شەکشەک، ٢٠١٧، ل. ٢٤٠).

بە شێوەیەکی گشتی، دڵەڕاوکێ بە بارێکی هەڵچوونی نەرێنی هەژماردەکرێت کە دووچاری تاک دەبێتەوە و دەبێتەهۆی هەستکردن بە ترس و نیگەرانی بەبێ درککردنی تاک بۆ سەرچاوەی  ترسەکەی (محەمەد، ٢٠٢١، ل. ١٠٧).

پاڵپشت بەDSM-5TR دڵەڕاوکێ بە یەکێک لە شڵەژانە هەڵچوونییە نەرێنییەکان هەژماردەکرێت، کە کاریگەرییەکی زۆردەکاتە سەر توانا،

هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەکانی تاک، ئەویش لە ئەنجامی ئەو دوودڵی و ڕاڕاییانەوە سەرچاوەدەگرێت کە بەرجەستەدەبێت لای کەسانی گیرۆدە بە دڵەڕاوکێ (American Psychiatric Association, 2022, p. 158) .

سەرباری ئەوەی دڵەڕاوکێ وەک هەر شڵەژانێکی دەروونی جوگرافیا و کلتووربڕە و هەموو مرۆڤەکان لەهەر کلتوور و نەتەوەیەکبن ئەگەری هەیە گیرۆدەیبن، بەڵام جیاوازی هەیە لە فۆڕمی ئەو ڕەفتارانەی لە ئەنجامی دڵەڕاوکێ بەرجەستەدەبن لە کتوورێک یان ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دی، ئەویش بە پشتبەستن بە جۆری تێگەیشتنەکان لە کلتوورەکان بۆ لێکدانەوەی ئەو ترسەی هەیانە ( Mortazavi, 2014, p. 184).

بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک نیشانەی نەرێنی هەن، کە لە سەروبەندی دووچاربوون بە شڵەژانی دڵەڕاوکێ بەرجەستەدەبن، لە گرنگترینیان: شڵەژان یان تێکچوونی ڕەفتار، گرژیی بەردەوام و هەڵچوونی و بێئارامی، زوو هەڵچوون و شڵەژانی باری هاوسەنگی و هەڵاتن لەو واقیعەی کە تێیدایە و لاوازی لە توانای چارەسەرکردنی ئەودۆخە دژوارەی کە تاک تێیدایە دەبینێتەوە، واتە بە شێوەیەکی گشتی دەبێتەهۆی شڵەژانی باری ئاسایی کەسی گیرۆدەبوو و لاوازکردنی توانستی بۆ ڕەفتارکردن و بیرکردنەوە بە شێوەیەکی ئاسایی (شەکشەک، ٢٠١٧، لالا. ٢٣٩ – ٢٤٠).

## چوارچێوە ڕاڤەکارییەکانی شڵەژانی دڵەڕاوکێ

بە شێوەیەکی گشتی جیاوازیی بنچینەیی لە نێوان بیرمەندانی سایکۆلۆژیا لە شرۆڤەکردنی سروشت و فاکتەرەکانی پشت بەرجەستەبوونی دڵەڕاوکێ وەک شڵەژانێکی دەروونیی کلینیکیی بەرجەستە هەیە.

یەکێک لە دیارترین تێگەیشتنە شیکارییەکان بۆ شڵەژانی دڵەڕاوکێ تێگەیشتنی سیگمۆند فرۆیدی ڕابەری قوتابخانەی شیتەڵکاریی دەروونیی کلاسیکییە. پوختەی ئایدیاکانی فرۆید چڕدەبێتەوە لە گەڕاندنەوەی فاکتەرەکانی بەرجەستەبوونی دڵەڕاوکێ بۆ ناهاوسەنگی لە پێکهاتەی "من" Egoوەک یەکێک لە پێکهاتە سیانەییەکانی کەسایەتی. فرۆید گریمانەی ئەوەدەکات فشارەکانی هەریەک لە دوو پێکهاتەکەی دیکەی کەسایەتی "ئەو" Id و"منی باڵا" Super ego بۆسەر پێکهاتەی من، بارێک لە ناهەوسەنگی بەرجەستەدەکەن و ڕەنگدانەوەیان دەبێت لە بەرجەستەکردنی هەست بەنیگەرانی و نائارامی، دواتر ئەو هەستەش سەردەکێشێ بۆ بەرجەستەبوونی دڵەڕاوکێ (شاملۆ، ٢٠١٠، لالا. ٥٣-٥٤).

یەکێکی دی لە ئاڕاستە ڕاڤەکارییەکانی شڵەژانی دڵەڕاوکێ، چوارچێوە هزرییەکانی بیرمەندی سایکۆلۆژی "کارین هۆرنی"یە. بە شێوەیەکی گشتی پرسی دڵەڕاوکێ یەکێکە لە خاڵە سێنترڵییەکان لە تیۆری کاری هۆرنی، کە بنچینەی بەرجەستەبوونی دڵەڕاوکێ وابەستەدەکات بە هەستەکانی مرۆڤ بۆ ئاسایش و ئارامی. هۆرنی ئاماژەدەکات بۆئەوەی لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ بارودۆخە کۆمەڵایەتییە ناهەموارەکان و شڵەژانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ بارێک لە دڵەڕاوکێ دووچاریدەبێتەوە (بەرواری، ٢٠١٩، لا. ١٥١).

بە ئاڕاستەیەکی دیکە بیرمەندی سایکۆلۆژی "ئەریک ئەریکسۆن" فاکتەرەکانی پشتەوەی بەرجەستەبوونی دڵەڕاوکێ دەبەستێتەوە بە شارەزاییە سەرەتاییەکانی تەمەنی منداڵی بە تایبەت پەیوەندیی نێوان منداڵ و دایک. لەم چوارچێوەیەشدا، ئەریکسۆن ئاماژەدەکات بۆ ئەوەی ئەگەر پەیوەندییەکانی منداڵ و دایک لەسەر بنەمای نەبوونی باوەڕبێت، ئەوا دەبێتەهۆی دروستکردنی دۆخێکی نادڵنیایی و دواتر سەردەکێشێ بۆ

دروستبوون و گەشەکردنی هەستی دڵەڕاوکێ لای تاک (مستەفا، ٢٠١٩، لا. ٢٧١).

**سێیەم/ شڵەژانی خەمۆکی**

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت تەماشای خەمۆکی بکرێت وەک بارێکی دەروونیی ناهەموار کە وادەکات تاک هەستبکات بە خەم و بێئومێدی و کاریگەریی نەرێنی دەبێت لە بیرکردنەوەکانی سەبارەت بەخۆی و کەسانی دی (جەمال، ٢٠١٢، لا. ٥٧).

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شڵەژانە بە یەکێک لە بڵاوترین گرفتە دەروونییەکان لەسەر ئاستی جیهان هەژماردەکرێت، ئەمەش بە پشتبەستن بە ئەنجامی توێژینەوە ئامارییەکان (Iyer and Zaved, 2012, p. 79). تاکی گیرۆدەبوو بە شڵەژانی خەمۆکی بە بوونی چەند نیشانەیەکی دیاریکراوی دەناسرێتەوە وەک هەستکردن بە بێدەسەڵاتی، هەستکردن بە نائومێدی، چێژنەبینین لە ژیان و شتەکانی دەوروبەر، هەستکردن بە کەمێتیی خود و خۆگوناهبارکردن، سەرەڕای ئەوەی سیستەمی خەو و خۆراکیشی تێکدەچێت و بەردەوام ڕوخسارێکی خەماوی تێدا بەدیدەکرێت (Widdowson, 2011, p. 351).

سەرباری فەرەفاکتەریی شڵەژانی خەمۆکی، کەچی دەکرێ لە دوو گروپی سەرەکیدا پۆلێنکاری بکرێت بۆ ئەو فاکتەرانە، ئەوانیش:

فاکتەرە دەرەکییەکان Exogeen کە خۆیان دەبینەوە لەو هۆکارە دەروونییانەی پەیوەستن بەو بارە ژینگەییانەی کاریگەری و ڕەهەندی نەرێنییان لەسەر تاک هەیە.

فاکتەرە ناوەکییەکان Endogeen کە پوخت دەبنەوە لە فاکتەرە بایۆلۆژی و بۆماوەییەکان (قەزاز، ٢٠١٠، لا. ٢٩).

به شێوەیەکی گشتی شڵەژانی خەمۆکی بە دۆخێکی دژواری دەروونی هەژماردەکرێت، کە دەکرێت مرۆڤەکان تووشیبن و هۆکارێکیشە بۆ دروستبوونی ئاستەنگ لەبەردەم دۆخە جۆربەجۆرەکانی ژیان، چونکە تاکی تووشبوو بە خەمۆکی ناتوانێت بە شێوەیەکی ئاسایی سوود لە تواناکانی وەربگرێت. لەهەمانکاتیشدا توانای گوزارشتکردن لە هەستە ڕاستەقینەییەکانی نامێنێت. سەرەڕای ئەوەی کە دەبێتەهۆی نزمبوونەوەی ئاستی باوەڕبەخۆبوون، هەروەها هۆکارێکی سەرەکیشە بۆ دروستبوونی هەستی بێئومێدی لە بەرانبەر ژیان و داهاتووی تاک (جەمال،٢٠١٢، لالا. ٥٨_٥٩).

## چوارچێوە ڕاڤەکارییەکانی شڵەژانی خەمۆکی

به مەبەستی ڕاڤەکردنی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی خەمۆکی و دیاریکردنی فاکتەرە کارتێکەرەکانی بەرجەستەبوونی لای تاک، کۆمەڵێک تیۆر و بۆچوون بەشدارن.

بیرمەندی سایکۆلۆژی ئارۆن بێک فاکتەرەکانی پشتەوەی بەرجەستەبوونی شڵەژانی خەمۆکی دەگەڕێنێتەوە بۆ تێگەیشتنە هەڵەکانی تاک سەبارەت بە خۆی، بە جیهانی دەوروبەر و پاشەڕۆژ ( Pierce and Mark, 2017, p. 7). هەروەها بێک ئاماژە بەوەدەدات لە ئەنجامی ئەو بیرکردنەوە نەرێنییانەی لای تاک گەشەدەکەن وادەکات تاک بە شێوەیەکی نەرێنی بیربکاتەوە بەرانبەر بەخۆی و ئەو جیهانەی تێدادەژیت، بۆیە کاتێک تاک ڕوانگە نەرێنییەکانی گەشەپێدەدات وادەکات هەستی نائومێدی لای سەرهەڵبدات و سەرەنجام بکەوێتە دۆخێکی دژوارەوە بە خەمۆکی دەناسرێت ( Hemert, Van de Vijver and Poortinga, 2002, p. 258).

به ئاڕاستەیەکی هزری دیکە بیرمەندی سایکۆلۆژی میلانی کلاین فاکتەرەکانی بەرجەستەبوونی شلەژانی خەمۆکی پەیوەستدەکات بەو بارودۆخە دژوار و خەماوییانەی تاک لە قۆناغی منداڵی پێیاندا گوزەردەکات، بە تایبەت ئەو بارە ناهەموارانەی منداڵ لەسەر ئەنجامی جیابوونەوە لە دایک ڕووبەڕوویاندەبێتەوە، کۆی ئەو بارودۆخە زەبراوییانەی کە منداڵ ڕووبەڕوویاندەبێتەوە وەک شارەزاییەکی نەرێنییانە لە فانتازیایدا جێگیردەبن و لە تەمەنی دواتردا لە شێوەی شلەژانی خەمۆکی دەردەکەون (جەمال، ٢٠١٢، لا. ٦٣).

### لایەنە کردارییەکانی توێژینەوە

### ڕێبازی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە پشتدەبەستێت بە ڕێبازی چەندایەتی (وەسفیی پەیوەندی)، بەهۆی گونجاوی لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە. چونکە ئەم ڕێبازە بوار دەڕەخسێنێ بۆ توێژەران تا بتوانن داتا لە ڕێگای پێوەرەوە کۆبکانەوە و لە شێوەی ژمارە داتاکان ڕێکبخەن. ئەم ڕێبازە ڕێگا بە توێژەران دەدات بە چەندین شێوازی جیاواز داتاکان بە ڕێگای خشتە، پای چارت یا لاینگراف بخاتەڕوو (Sheard, 2018, p. 430; Williams, 2007, p. 6).

### کۆمەڵگای توێژینەوەکە

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوە پێکدێت لە دانیشتووانی سێ شاری هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاری کەرکوک وەک یەکێک لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم بە هەموو چین و توێژە جیاوازەکان، بە تایبەت ئەوانەی تەمەنیان لە 18 ساڵییەوە دەستپێدەکات.

## نموونەی توێژینەوە

نموونەی ئەم توێژینەوە پێکدێت لە 189 بەشداربوو کە بە ڕێگای هەڕەمەکیی مەبەستدار لە هەریەک لە شارەکانی هەولێر، سلیمانی، دهۆک و کەرکوک بە شێوەی خۆویست بەشداربوون لە هەموو چین و توێژە جیاوازەکان، بە تایبەت ئەوانەی تەمەنیان دەستپێدەکات لە 18ساڵی و بەسەرەوە. خشتەی ژمارە (1) زانیاریی زیاتر ڕووندەکاتەوە سەبارەت بەسروشتی نموونەی بەشداربوو لەم توێژینەوەیە.

## خشتەی 1

زانیاریی تەواو سەبارەت بە ڕەگەز، تەمەن، شوێنی نیشتەجێبوون و دەستهاتی ساڵانەی نموونەی توێژینەوە.

| ڕەگەز | | | تەمەن | | | | | شوێنی نیشتەجێبوون | | | | | دەستهاتی ساڵانە | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | مێ | دیارینەکراو | 18-20 | 21-30 | 31-40 | 41-50 | 51-60 | هەولێر | سلیمانی | کرکوک | دهۆک | دیارینەکراو | زۆربەرز | بەرز | مامناوەند | نزم | زۆرنزم | دیارینەکراو |
| 63 | 123 | 3 | 50 | 79 | 38 | 19 | 3 | 160 | 16 | 10 | 1 | 2 | 6 | 71 | 101 | 4 | 2 | 5 |

## ئامرازەکانی توێژینەوە

هاوتەریب لەگەڵ سروشتی گۆڕاوەکانی ئەم توێژینەوەیە، پشت بە سێ پێوەر بۆپێوانەکردنی گۆڕاوەکانی ئەم توێژینەوەیە بەستراوە، کە دەکرێ بەمشێوەیە پوختبکرێنەوە:

## یەکەم/ پێوەری ترس لە کۆڤید- Fear of COVID-19 Scale 19 (FCV-19S)

ئەم پێوەر گەشەپێدراوە لەلایەن دانیال ئەهۆرسۆ و هاوکارەکانی لە ساڵی 2020 بۆ پێوانەکردنی بارەکانی هەڵچوونی ترس لە پەتای کۆرۆنا. ئەم پێوەرە پێکهاتووە لە 7 بڕگە، ڕەزامەندیی بەشداربووان پێوانەدەکرێت لەسەر پێوەرێکی پێنج وەڵامی (زۆر هاوڕانیم، هاوڕانیم، نەهاوڕام و نەهاوڕانیم، هاوڕام، زۆر هاوڕام)، بە بەخشینی بەهای (١، ٢، ٣، ٤، ٥). لەم پێوەردا کەمترین نمرەی بەدەستهاتوو 7نمرەیە و بەرزترین نمرەش ٣٥ نمرەیە کە ئاماژەدەکات بۆ بەرزترین ڕێژەی ترس لە پەتای کۆرۆنا.

### خاسیەتە سایکۆمەترییەکانی پێوەری ترس لە کۆڤید-19

بۆ دەستنیشانکردنی خاسیەت و تایبەتمەندییە سایکۆمەترییە پێویستەکان بۆ پێوەری ترس لە کۆڤید-19 ، چەند هەنگاوێکی پێویست گیراونەتەبەر بۆ دیاریکردنی:

### ڕاستگۆیی وەرگێڕان

لە بنچینەدا پێوەری ترس لە کۆڤید-١٩ بە زمانی ئینگلیزی ، بۆ بەکارهێنان و پڕاکتیزەکردنی لەسەر نموونەی ئەم توێژینەوە بۆنیادنراوە، پێویستبوو وەربگێڕدرێتە بۆ زمانی کوردی. بۆ ئەم مەبەستەش، لە هەنگاوی دەستپێکدا بە پشتبەستن بە چەند پسپۆڕێکی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر وەرگێڕان بۆ بڕگەکانی ئەم پێوەرە لە زمانی ئینگلیزی بۆ زمانی کوردی کرا. لە هەنگاوی دووەمدا پاڵپشت بە بەشداریی چەند شارەزایەکی زمانزان و سایکۆلۆژیا هەڵسەنگاندن کرا بۆ گونجاوی و دروستی بڕگە وەرگێڕدراوەکان. لە هەنگاوی سێیەمدا جارێکی دیکە وەرگیڕان بۆ ڤێرژنە کوردییەکەی پێوەری ترس لە کۆڤید-

١٩ کرا، بۆدڵنیابوون لە دروستی و وردیی وەرگێڕانی ڤیرژنە کوردییەکە و مەودای لێکچوونی لەگەڵ ڤیرژنە ڕەسەنەکە. ئەنجامی بەراوردکاریی ڤیرژنە کوردییەکە لەگەڵ فێرژنە ڕەسەنەکە لێکچووبوون بە پلەیەکی بەرز.

**جێگیریی ناوەکی**

بۆ دیاریکردنی ئاستی جێگیریی پێوەری ترس لە کۆڤید–19، تەکنیکی دیاریکردنی جێگیریی پێوەر بە ڕێگای "یەکگرتووی ناوەکی" گیرایەبەر بە بەکارهێنانی داتای کۆکراوە لە نموونەی ئەم توێژینەوەیە (ن = ١٨٩). ئەنجامی پرۆسەی شیکاری بە ئامرازی ئاماری "ئەلفا کرۆنباخ" Alpha Cronbach بۆ دەستنیشانکردنی جێگیریی ناوەکی ڤێرژنی کوردی ئەم پێوەرە ئەوەی بەدیارخست کە ڕێژەی جێگیرییەکەی دەگاتە ($\alpha$ = 0.85)، لەکاتێکدا ڕێژەی جێگیریی ڤێرژنە ڕەسەنەکەی ئەم پێوەرە ($\alpha$ = 0.82) بوو (Ahorsu *et al.*, 2020, p. 1).

**دووەم/ پێوەری شڵەژانی دڵەڕوکێی گشتی Generalized Anxiety Disorder- GAD-7**

بە مەبەستی پێوانەکردنی شڵەژانی دڵەڕاوکێ لەم توێژینەوەیە، پێوەری شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی بەکارهێنرا. ئەم پێوەرە بونیادنراوە لەلایەن ڕۆبێرت سپیتزر و هاوکارەکانی لە ساڵی 2006 بۆ پێوانەکردنی شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی پاڵپشت بە نیشانە دیاریکراوەکانی شڵەژانی دڵەڕاوکێ لە DSM-4. لە بنچینەدا ئەم پێوەرە پێکهاتووە لە 7 بڕگە، ڕەزامەندیی بەشداربوو پێوانەدەکرێت لەسەر پێوەرێکی چوار وەڵامی (بەنزیکەیی هەموو ڕۆژەکان، واتە بەردەوام، نیوەی هەموو ڕۆژەکان، واتە نیوەی ڕۆژەکان، زۆرێک لە ڕۆژەکان، واتە هەندێ ڕۆژ کەمتر لەنیوەش و نەخێر بە هیچ شێوەیەک نەبووە)، بە بەخشینی بەهای (3، 2، 1، 0). نزمترین نمرە لەسەر ئەم پێوەرە 0 و بەرزترین نمرەش21. پاڵپشت بە

نمرەی بەدەستهاتوو ئاستەکانی شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی بەمشێوەیە دیاریدەکرێت:

- نمرەی $(4 - 0)$ ئاماژەیە بۆ شڵەژانی دڵەڕاوکێی زۆرکەم.
- نمرەی $(9 - 5)$ ئاماژەیە بۆ شڵەژانی دڵەڕاوکێی سادە.
- نمرەی $(14 - 10)$ ئاماژەیە بۆ شڵەژانی دڵەڕاوکێی مامناوەند.
- نمرەی $(21 - 15)$ ئاماژەیە بۆ شڵەژانی دڵەڕاوکێی توند.

## خاسیەتە سایکۆمەترییەکانی پێوەری شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی

بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانی پێوەری شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی، ئەم چەند هەنگاوە گیرایەبەر، بۆ دیاریکردنی:

## ڕاستگۆییی وەرگێڕان

بۆ بەکارهێنانی پێوەری شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی لەگەڵ نموونەیەکی کوردزمان، پێویستبوو بڕگەکانی پێوەرەکە وەربگێڕدرێت بۆ سەر زمانی کوردی. بۆ ئەم مەبەستەش، سەرتا بە پشتبەستن بە چەند پسپۆڕێکی زمانی ئینگلیزی بڕگەکان وەرگێڕدران بۆ سەر زمانی کوردی. لە هەنگاوی دووەمدا پاڵپشت بە هاوکاریی چەند زمانزان و شارەزایەکی سایکۆلۆژی پێداچوونەوە بۆ ڤێرژنە وەرگێڕدراوەکە کرا. دوای چەسپاندنی تێبینییەکان، لە هەنگاوێکی دیکەدا وەرگێڕان بۆ ڤێرژنە کوردییەکە بۆ زمانی ئینگلیزی کرایەوە. دواتر پاڵپشت بە هاوکاریی چەند زمانزانێک بەراوردکاری بۆ لێکچوونی نێوان کۆپییە وەرگێڕدراوەکە و کۆپییە ڕەسەنەکە کرا، لە ئەنجامدا دەرکەوت هەردوو کۆپییەکە لێکچووبوون بە پلەیەکی زۆرباش.

### جێگیریی ناوەکی

بۆ دۆزینەوەی ئاستی جێگیری پێوەری شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی، توێژەران هەڵسان بە دۆزینەوەی جێگیریی پێوەر بە ڕێگای ئەلفا کرۆنباخ بۆ دیاریکردنی یەکگرتوویی ناوەکی، بە بەکارهێنانی داتای کۆکراوە لە نموونەی ئەم توێژینەوەیە (ن = ١٨٩). ئەنجامی پڕۆسەی دۆزینەوەی جێگیری بەم ڕێگایە ئەوەی بەدیارخست؛ ڕێژەی جیگیریی ڤێرژنی کوردی پێوەری شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی دەگاتە ($\alpha$ = 0.86)، لەکاتێکدا ڕێژەی جێگیریی ڤێرژنی ئینگلیزیی ئەم پێوەرە ($\alpha$ = 0.92) بوو ( Spitzer *et al.*, 2006, p. 1094).

### سێیەم/ پێوەری خەمۆکیی توند (گەوران) Severity Measure for Depression—Adult

ئەم پێوەرە لە بنچینەدا لە پێوەرێکی فراونتر وەرگیراوە بە ناوی "پرسیارنامەی تەندروستیی نەخۆش" The Patient Health Questionnaire–9 (PHQ-9)، هەروەها گەشەپێدراوە لەلایەن کۆرت کرۆنکی و هاوکارەکانی لە ساڵی2001 بۆ پێوانەکردنی نۆ نیشانەی شڵەژانی سەرەکیی خەمۆکی لە DSM-IV. ئەم پێوەرە پێکدێت لە 9 بڕگە، ڕەزامەندیی بەشداربوو پێوانەدەکرێت لەسەر پێوەرێکی چوار وەڵامی (بە نزیکەیی هەموو ڕۆژەکان – واتە بەردەوام، نیوەی هەموو ڕۆژەکان – واتە نیوەی ڕۆژەکان، زۆرێک لە ڕۆژەکان – واتە هەندێ ڕۆژ کەمتر لە نیوەش و نەخێر – بەهیچ شێوەیەک نەبووە)، بە بەخشینی بەهای (3، 2، 1، 0). نزمترین نمرە لەسەر ئەم پێوەرە 0 و بەرزترین نمرەش27. پاڵپشت بە نمرەی بەدەستهاتوو ئاستەکانی شڵەژانی خەمۆکیی سەرەکی، بەمشێوەیە دیاریدەکرێت:

نمرەی (4 – 0) ئاماژەیە بۆ نەبوونی شڵەژانی خەمۆکی.

نمرەی (9 – 5) ئاماژەیە بۆ شڵەژانی خەمۆکیی سادە.

نمرەی (14 – 10) ئاماژەیە بۆ شڵەژانی خەمۆکیی مامناوەند.

نمرەی (19 – 15) ئاماژەیە بۆشڵەژانی خەمۆکیی نیمچەتوند

نمرەی (27 - 20) ئاماژەیە بۆ شڵەژانی خەمۆکیی توند.

**خاسیەتە سایکۆمەترییەکانی پێوەری خەمۆکیی توند (گەوران)**

بۆ دیاریکردنی خاسیەت و تایبەتمەندییە سایکۆمەترییە پێویستەکان بۆ پێوەری شڵەژانی خەمۆکی، چەند هەنگاوێکی پێویست گراوەتەبەر، بۆ دەستنیشانکردنی:

**ڕاستگۆیی وەرگێڕان**

بە مەبەستی بەکارهێنانی پێوەری خەمۆکیی توند لەگەڵ نموونەیەکی کوردزمان، پێویستبوو وەربگێڕدرێت بۆ سەر زمانی کوردی. بۆ ئەم مەبەستەش، بە پشتبەستن بە چەند پسپۆڕێک وەرگێڕان کرا بۆ بڕگەکان لە زمانی ئینگلیزی بۆ زمانی کوردی و دواتر بە بەشداریی چەند شارەزایەکی زمانزان و سایکۆلۆژیا پێداچوونەوەکرا بۆ گونجاوی و دروستی بڕگەکان و پاشان دووبارە وەرگیران کرایەوە بۆ ڤێرژنە کوردییەکەی پێوەری خەمۆکیی توند (گەوران) بۆ دڵنیابوون لە دروستی و وردیی وەرگێڕانەکە، ئەنجامی بەراوردکاریی هەردوو دەقە وەرگێڕدراوەکە، بە پلەیەکی باش لێکچووبوون.

**جێگیریی ناوەکی**

بۆ دۆزینەوەی ئاستی جێگیریی پێوەری خەمۆکیی توند (گەوران)، تەکنیکی یەکگرتوویی ناوەکی بەکارهێنرا لە ڕێگای ئامرازی ئاماریی ئەلفا

کرۆنباخ بە بەکارهێنانی داتای کۆکراوە لە نموونەی ئەم توێژینەوەیە (ن = ١٨٩). ئەنجامی شیکاریی دیاریکردنی جێگیری بەم ڕێگایە بەدەیارخست؛ ڕێژەی جیگیریی ڤێرژنی کوردی پێوەری خەمۆکیی توند (گەوران) دەگاتە ($\alpha$ = 0.88)، لەکاتێکدا ڕێژەی جێگیری لە ڤێرژنە ڕەسەنەکە ($\alpha$ = 0.85) بوو (Maroufizadeh *et al.*, 2019, p. 137).

### کۆکردنەوەی داتاکانی توێژینەوە

بۆ کۆکردنەوەی داتاکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەران هەڵسان بە بەکارهێنانی ئەپی "گوگڵ فۆرم" Google forms بۆ ئامادەکردن و دیزاینکردنی پێوەرەکان لە شێوەی لینکی ئەلکترۆنی و دواتر ناردنی بۆ وەڵامدەرە بەشداربووەکان.

بە شێوەیەکی گشتی بابەتی بەشداریکردن لەم توێژینەوەیە پرۆسەیەکی خۆویستانەبوو، بە شێوەیەک وەڵامدەر پاش کلیککردن لەسەر لینکی توێژینەوەکە، لە بەشی یەکەمدا ڕوونکردنەوەی پێویستی پێدەبەخشرا سەبارەت بە ناونیشان و ناوەڕۆکی توێژینەوەکە. بۆ بەردەوامبوون پێویستبوو وەڵامدەر کلیک بکات لە شوێنی ڕەزامەندبوون تا بتوانێت بەردەوامبێت لە بەشداریکردن. بە پێچەوانەوە، ئەگەر وەڵامدەر ڕەزامەندنەبوایە ئیتر نەیدەتوانی ناوەڕۆکی پێوەرەکان و بەشەکانی دیکەی لینکەکە ببینی و بە شێوەی ئۆتۆماتیکی دووردەخرایەوە. زیاتر لەوەش، بەشداربوو مافی ئەوەی پێبەخشرابوو بەوەی دەیتوانی هەرکات ویستبای تا ماوەی شەش مانگ بەشداریکردنی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە.

### ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوە

پاش تەواوبوونی پرۆسەی کۆکردنەوەی داتاکان بە شێوەی ئۆنلاین، پاڵپشت بە سروشت و مەبەستەکانی ئەم توێژینەوەیە بۆ داچۆڕاندنی

ئەنجامەکان، لەم توێژینەوەیە چەند ئامرازێکی ئاماری پێویست بەکارهێنران، بەمشێوەیەی خوارەوە:

One-Sample T Test بەکارهێنرا بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوە.

Independent Samples Test بەکارهێنرا بۆ پشکنینی جیاوازیی نێوان ڕەگەزەکان.

Zero-Order Correlations بەکارهێنرا بۆ پشکنینی جیاوازیی تەمەن لە ترس لە کۆڤید-19، دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوە و پشکنینی جیاوازی لە ئاستەکانی شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی و شڵەژانی خەمۆکیی سەرەکی.

One-way ANOVA بەکارهێنرا بۆ پشکنینی جیاوازیی باری ئابووری لە ترس لە کۆڤید-19.

**ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان**

بە شێوەیەکی گشتی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە پوختدەبنەوە لەم چەند تەوەرەیە:

**یەکەم/ پێوانەکردنی ترس لە کۆڤید-١٩، شڵەژانی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی**

پاش ئەنجامدانی پرۆسە ئامارییە پێویستەکان لەسەر داتا کۆکراوەکان، ئەنجامە شیکارییەکان بە ئامرازی ئاماری One-Sample T Test دەریخست ئاستی ترس لە کۆڤید-19 $t(188) = 31.789, p = .000$، شڵەژانی دڵەڕاوکێ گشتی $t(188) = 14.557, p = .000$ و شڵەژانی خەمۆکیی سەرەکی $t(188) = 15.336, p = .000$ بەڵگەداربوون

لە ڕووی ئاماری لە ئاستی (0.05)، هەروەها خشتەی ژمارە (2) زانیاریی زیاتر ڕووندەکاتەوە سەبارەت بە پێوانەکردنی ترس لە کۆڤید-19، شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی و شڵەژانی خەمۆکیی سەرەکی.

**خشتەی 2**

دەرئەنجامی شیکاری One-Sample T Test بۆپێوانەکردنی ترس لە کۆڤید 19، شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی وشڵەژانی خەمۆکی سەرەکی

| 95% Confidence Interval of the Difference | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Upper | Lower | Mean Difference | *P* | *Df* | *T* | گۆڕاوەکان |
| 20.88 | 18.44 | 19.656 | .000 | 188 | 31.789 | ترس لە کۆڤید 19 |
| 5.69 | 4.33 | 5.011 | .000 | 188 | 14.557 | شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی |
| 8.03 | 6.20 | 7.116 | .000 | 188 | 15.336 | شڵەژانی خەمۆکی سەرەکی |

تێبینی/ t = پێوانەکردنی تی، df = نمرەی ئازاد، p = بەهای پی (ئاستی مانادراری ئاماری).

بە شێوەیەکی گشتی ئەنجامەکانی پێوانەکردنی هەریەک لە گۆڕاوی ترس لە کۆڤید-19، شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی و شڵەژانی خەمۆکیی سەرەکی سەلمێنەری گریمانەی کارتێکەری پەتای کۆڤید-19ن لە بەرجەستەکردنی بارێکی پڕ لە ترس لای زۆرینەی خەڵکی. زیاتر لەوەش، ئەم ئەنجامانە سەلمێنەر و پاڵپشتیکاری ئەنجامی ئەو توێژینەوانەن کە پشکنینی گریمانەی کاریگەری ئەرێنیی پەتای کۆڤید-19 دەکەن لە هەڵکشانی بارەکانی ترس لای تاکەکان (Heiat *et al.*, 2021, p. 360; Saadat *et al.*, 2020, p. 91; Mertens *et al.*, 2020, p. 1).

بە ئاڕاستەیەکی دیکە هەبوونی نیشانەکانی شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی لای نموونەی ئەم توێژینەوەیە هاوتەریبە لەگەڵ ئەنجامی ئەو توێژینەوانەی جەختدەکەنەوە لە ئەگەرەکانی ڕۆڵی پەتای کۆڤید-19 لە تەشەنەکردنی شڵەژانی دڵەڕاوکێ (Klaser et al., 2021, p. 1254; Fancourt, Steptoe and Bu, 2021, p. 141; Daly and Robinson, 2021, p. 603).

هەروەها ئەنجامەکان ئاماژەیەکی ڕووندەدەن بۆ هەڵکشانی شڵەژانی خەمۆکی لای نموونەی ئەم توێژینەوەیە، ئەم ئەنجامەش هاوئاڕاستەیە لەگەڵ ئەنجامی ئەو توێژینەوانەی جەختدەکەنەوە لە ڕۆڵ و ڕەنگدانەوەی پەتای کۆڤید-19 لە تەشەنەکردنی بارەکانی شڵەژانی خەمۆکی (Fancourt, Steptoe and Bu, 2021, p. 141; Daly and Robinson, 2021, p. 603; Daly and Robinson, 2022, p. 518; Bueno-Notivol *et al.*, 2021, p. 1).

## دووەم/ پشکنینی جیاوازییە دیموگرافییەکان لە ترس لە کۆڤید-19

بە شێوەیەکی گشتی لەم توێژینەوەیە ئەنجامی جیاوازییە دیموگرافییەکان دابەشدەکرێن پاڵپشت بە:

### ڕەگەز

ئەنجامی شیکاری بە ئامرازی ئاماری Independent Samples Test بۆ دیاریکردنی جیاوازیی نێوان ڕەگەزەکان لە ترس لە کۆڤید-١٩ ئەوەی پێشاندا کە ئاستی جیاوازیی نێوان ڕەگەزی نێر ($M$ = 19.94, $SD$ = 8.756) و مێ ($M$ = 19.53, $SD$ = 8.504) لە ترس لە کۆڤید-19 بەڵگەدار نییە لە ڕووی ئاماری $t(184) = 0.307, p = 0.759$

بە وردبوونەوە و بەراوردکردنی ئەو ئەنجامانە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشتر لە ڕووی کارتێکەری جیاوازییە ڕەگەزییەکان لە ترس لە کۆڤید-19 بەو ڕاستییە دەگەین کە ئەم ئەنجامانە پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشترن لە بەدیارخستنی هەبوونی جیاوازی لە نێوان ڕەگەزەکان لە بەرژەوەندیی ڕەگەزی مێینە (Alsharawy *et al.*, 2021, p.1; Broche-Pérez *et al.*, 2022, p.83).

سەرباره ئەوەی ترس لە نادیاری وەک یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو بارەی کە پەتای کۆڤید-19 بەرجەستەیکردووە، ئەگەرەکانی زیادبوونی لای ڕەگەزی مێینە هەندێک بەرزە، بەڵام ئەگەری زۆرە فاکتەرە ژینگەیی و کلتوورییەکان ڕۆڵی خۆیان هەبێت لە تۆخکردنەوە یان کاڵکردنەوەی جیاوازییە ڕەگەزییەکان (Muurlink and Taylor-Robinson, 2020, p.1).

**تەمەن**

ئەنجامی شیکاری بە ئامرازی ئاماری Zero-Order Correlations بۆ دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان ترس لە کۆڤید-19 و تەمەن ئەوەیان پێشاندا کە پەیوەندیی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان ترس لە کۆڤید-19 و تەمەن.

دیارە بابەتی کارتێکەریی تەمەن لە هەڵکشانی ترس لە کۆڤید-19 بە یەکێک لە بابەتە گفتوگۆئامیزەکان هەژماردەکرێت، بۆ نموونە ئەنجامی توێژینەوەیەک جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی سەرباری ئەگەرەکانی مەترسیی پەتای کۆڤید-19 بۆ بەساڵاچووان لە ئەمریکا، بەڵام گەنجەکان پلەیەکی بەرزتری ترسی هاوپەیوەند بە پەتای کۆڤید-19 پێشاندەدەن (de Bruin, 2021, p. 24). هاودژ لەگەڵ ئەو ئاڕاستەیەی پێشەوە، توێژینەوەیەک جەختدەکاتەوە لە هەڵکشانی بارەکانی ترسی پەیوەندار بە پەتای کۆڤید-19 لای بەساڵاچووان لە بەنگلادیش (Mistry *et al*., 2021, p. 1).

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەنجامە پەیوەندارەکان بە ئەگەرەکانی کارتێکەری تەمەن لە تێوەگلان لە ترس لە کۆڤید-19 لەم توێژینەوەیە جیگای تێڕامانە، چونکە توێژینەوەیەکی دیکە لەسەر نموونەیەک لە هەرێمی

کوردستان جەختدەکاتەوە لە هەڵکشانی بارەکانی ترسی پەیوەندار بە کۆڤید–19 لەگەڵ بەرزبوونەوەی تەمەن (Bebane, 2022, p. 13).

**داهات**

ئەنجامی شیکاری بە ئامرازی ئاماری One-way ANOVA بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازی لە ترس لە کۆڤید–١٩ پاڵپشت بە داهاتە جیاوازەکان، ئەوەی بەدیارخست کە جیاوازیی ئاماری بەڵگەدار نییە لە ئاستی ترس لە کۆڤید–19 پاڵپشت بە داهاتی ساڵانە [$F(5, 183) = 1.818$, $p = .111$].

ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی ئەنجامی ئەو توێژینەوانەیە کە جەختدەکەنەوە لە ئەگەرەکانی ڕەنگدانەوەی بارە ئابوورییە جیاوازەکان لە هەڵکشانی ترس لە سەروبەندی پەتای کۆڤید–19 (Sarfraz *et al.*, 2022, p. 20). بە ئەنجام دەکرێ ئەو ڕاستییە مانیفێست بکرێت کە ئەم توێژینەوەیە سەرکەوتوونەبوو لە بەرجەستەکردنی بەڵگەی پاڵپشتیکاری بۆ ئەو توێژینەوانەی جەختدەکەنەوە لە جیاوازیی لە ئاستی داهاتی ساڵانە و ترس لە کۆڤید–19 (Reekie, 2021; Demirbas and Kutlu, 2021, p. 1).

**سێیەم/ پشکنینی پەیوەندیی نێوان ترس لە کۆڤید–19، دڵەڕاوکێ و خەمۆکی**

ئەنجامی شیکاری بە ئامرازی ئاماری Zero-Order Correlations بۆ دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان ترس لە کۆڤید–19، دڵەڕاوکێ و خەمۆکی پێشانیدا پەیوەندییەکی ئەرێنیی ئاماری بەڵگەدار هەیە لە نێوان هەریەک لە ترس لە کۆڤید–19 و شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی و شڵەژانی خەمۆکیی سەرەکی. ئەنجامە ئامارییە بەڵگەدارەکان لە ئاستی (0.05) بە **تۆخی** دیاریکراون. خشتەی ژمارە(3) زانیاریی زیاتر ڕووندەکاتەوە سەبارەت بە

پەیوەندیی نێوان ترس لە کۆڤید-19، شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی و شڵەژانی خەمۆکیی سەرەکی.

**خشتەی 3**

ئەنجامی Zero-Order Correlations بۆپشکنینی پەیوەندی نێوان ترس لە کۆڤید-19، شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی وشڵەژانی خەمۆکی سەرەکی.

| گۆڕاوەکان | *M*(*SD*) | ١ | | ٣ |
|---|---|---|---|---|
| ترس لە کۆڤید-19 | 19.66(8.50) | ١ | | |
| شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی | 5.01 (4.73) | | **.536**** | |
| شڵەژانی خەمۆکی سەرەکی | 7.12 (6.38) | | | **.458**** |

تێبینی/ *M* = ناوەندی ژمێریاری، *SD* = لادانی پێوەری، ** = مانـاداری ئاماری لەئاستی ٠.٠٥

بە شێوەیەکی گشتی ئەم ئەنجامانە هاوتەریبن لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشووتر لە بواری ئەگەری ڕەنگدانەوەکانی ترس وەک یەکێک لە هەڵچوونە نەرێنییەکان لە هەریەک لە دڵەڕاوکێ (Panksepp, 2004, p.489; Belcher and Peters, 2009, p. 128; Starcevic, Fava, 1996, p. 170; Chou and Chi, 2008, p.587; Warner, (Schimmenti and Billieux, 2020, p. 256) و خەمۆکی (Wickramaratne and Weissman, 2008, p. 1543) وەک دوو شڵەژانی دەروونی.

بە بەراورد لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشتر سەبارەت بە هاوپەیوەندیی نێوان ترس لە کۆڤید–19، دڵەڕاوکێ و خەمۆکی ( Parchani *et al.*, 2021, p. 1737; Khalaf, Abdalgeleel and Mostafa, 2022, p. 1; Wieteska-Miłek *et al.*, 2021, p. 1)، دەکرێ تەماشای ئەم ئەنجامانە بکرێت وەک پاڵپشتیکارێک بۆ گریمانەی ڕۆڵی ترسی بەرجەستەبوو لە ئەنجامی تەشەنەکردنی پەتای کۆڤید–19 لە هەڵکشانی نیشانەکانی شڵەژانە بڵاوەکانی وەک دڵەڕاوکێ و خەمۆکی.

## چوارەم/ پەیوەندیی ترس لە کۆڤید–19 بە ئاستەکانی شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی

ئەنجامە شیکارییەکان بە ئامرازی ئاماری Zero-Order Correlations بۆ دیاریکردنی پەیوەندیی ترس لە کۆڤید–19 بە ئاستەکانی شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی ئەوەیان بەدیارخست، کە جیاوازی لە ئاستەکانی شڵەژانی دڵەڕاوکێ لە پێشاندانی پەیوەندی لەگەڵ ترس لە کۆڤید– 19 هەیە، بە شێوەیەک هەریەک لە ئاستەکانی شڵەژانی دڵەڕاوکێی زۆرکەم و مامناوەند بە شێوەیەکی پۆزەتیڤی ئاماری بەڵگەدار گرێدراون بە ترس لە کۆڤید–19. بەڵام هەردووک ئاستی شڵەژانی دڵەڕاوکێی سادە و توند سەرکەوتوونەبوون لە پێشاندانی پەیوەندیی ئاماری بەڵگەدار لەگەڵ ترس لە کۆڤید–19. لێرەدا، ئەنجامە ئامارییە بەڵگەدارەکان لە ئاستی (0.05) بە **تۆخی** دیاریکراون. خشتەی ژمار (4) زانیاریی زیاتر دەخاتەڕوو سەبارەت بە پەیوەندی ترس لە کۆڤید–19 و ئاستەکانی شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی.

## خشتەی 4

ئەنجامی پەیوەندی ترس لە کۆڤید-19 بەئاستەکانی شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی

| | گۆڕاوەکان | M(SD) | ١ | ٢ | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | (N = 104) | | | | | | | | | |
| ١ | ترس لە کۆڤید 19 | 16.21 (6.19) | ١ | | | | | | | |
| ٢ | شڵەژانی دڵەڕاوکێی زۆرسادە | 1.50(1.51) | | **.271**** | | | | | | |
| | (N = 51) | | | | | | | | | |
| 3 | ترس لە کۆڤید 19 | 21.25(8.38) | | | 1 | | | | | |
| 4 | شڵەژانی دڵەڕاوکێی سادە | 6.86(1.35) | | | | .158 | | | | |
| | (N = 25) | | | | | | | | | |
| 5 | ترس لە کۆڤید 19 | 28.12(9.04) | | | | | 1 | | | |
| 6 | شڵەژانی دڵەڕاوکێی مامناوەند | 11.56(1.41) | | | | | | **.408*** | | |
| | (N = 9) | | | | | | | | | |
| 7 | ترس لە کۆڤید 19 | 26.88(8.16) | | | | | | | 1 | |
| 8 | شڵەژانی دڵەڕاوکێی توند | 16.88(2.08) | | | | | | | | .058 |

لە ئەدەبیاتی سایکۆلۆژیادا، خەرمانێک لە سەرچاوە و توێژینەوە هەن جەختدەکەنەوە لە ئەگەرەکانی ڕۆڵە شاراوەکانی ترس لە تێوەگلان لە بەرجەستەبوونی نیشانەکانی شڵەژانی دڵەڕاوکی لای تاک ( Panksepp, 2004, p.489; Belcher and Peters, 2009, p. 128; Starcevic, Schimmenti and Billieux, 2020, p. 256). لێرەدا، دەکرێ ئەو ڕاستییەی پێشەوە پراکتیزەبکرێت لە ڕۆڵی ترسی بەرجەستەبوو بەکاریگەریی هەڕەشەکانی پەتای کۆڤید-19 بۆژیانی مرۆڤەکان ( Heiat *et al.*, 2021, p. 360; Saadat *et al.*, 2020, p. 91; Mertens *et al.*, 2020, p. 1). بەڵام ئەوەی تائێستا کەمترین تیشکیخراوەتەسەر سروشتی پەیوەندی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان ترس لە کۆڤید-19 و ئاستە جیاوازەکانی شڵەژانی دڵەڕاوکێ.

بە ئەنجام، دەکرێ ئەنجامی بەدەستهاتووی ئەم توێژینەوەیە لە ڕوونکردنەوەی ڕەنگدانەوەکانی ترس لە کۆڤید-19 لە ئەگەرەکانی بەرجەستەبوونی ئاستی زۆرکەم یان مامناوەند لە نیشانەکانی شڵەژانی دڵەڕاوکێی گشتی بەرزبنرخێنرێ، چونکە ئەم ئەنجامە هەنگاوێکی

پێشکەوتووترە لە توێژینەوەکانی پێشتر، بەهۆی ئەوەی زیاتر جەختکردنەوەکانیان پوختکردۆتەوە لە تیشکخستنەسەر پشکنینی پەیوەندیی نێوان ترس لە کۆڤید-19 و شڵەژانی دڵەڕاوکێ.

بە کورتی، ئەوەی دەکرێ لەم ئەنجامانە دابچۆڕێندرێ، ئەوەیە ئەگەرەکانی کارتێکەری ترس لە سەروبەندی پەتای کۆڤید-19 لە بەرجەستبوونی شڵەژانی دڵەڕاوکێ لە نێوان ئاستی زۆرکەم بۆ مامناوەند دەبێت.

**پێنجەم/ پەیوەندیی ترس لە کۆڤید-19 بە ئاستەکانی شڵەژانی خەمۆکی**

ئەنجامی شیکاری بە ئامرازی ئاماری Zero-Order Correlations بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندیی ترس لە کۆڤید-19 بە ئاستەکانی شڵەژانی خەمۆکیی سەرەکی ئاماژەیانکرد بۆ پەیوەندیی ئاماری بەڵگەدار لە نێوان ترس لە کۆڤید-19 و ئاستی شڵەژانی خەمۆکیی سەرەکیی سادە. زیاتر لەوەش ئەنجامەکان ئەوەیان پیشاندا کە پەیوەندیی ئاماری بەڵگەدار نییە لە نێوان ترس لە کۆڤید-١٩ و ئاستەکانی دیکەی شڵەژانی خەمۆکیی سەرەکی. لێرەدا ئەنجامە ئامارییە بەڵگەدارەکان **بە تۆخی** دیاریکراون. خشتەی ژمارە (5) زانیاریی زیاتر ڕووندەکاتەوە سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ترس لە کۆڤید-19 و ئاستەکانی شڵەژانی خەمۆکیی سەرەکی.

**خشتەی 5**

ئەنجامەکانی Zero-Order Correlations بۆ پشکنینی پەیوەندی نێوان ترس لە کۆڤید-19 وئاستەکانی تێکچوونی خەمۆکی سەرەکی

| | گۆڕاوەکان | *M*(*SD*) | ١ | ٢ | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | (*N* = 93) | | | | | | | | | | | |
| ١ | ترس لە کۆڤید-19 | 16.61 (6.97) | 1 | | | | | | | | | |
| ٢ | نەبوونی تێکچوونی خەمۆکی | 1.97(1.58) | | .150 | | | | | | | | |
| | (*N* = 37) | | | | | | | | | | | |
| 3 | ترس لە کۆڤید-19 | 19.54(8.49) | | | 1 | | | | | | | |
| 4 | تێکچوونی خەمۆکی سادە | 7.16(1.60) | | | | **.411*** | | | | | | |
| | (*N* = 32) | | | | | | | | | | | |
| 5 | ترس لە کۆڤید-19 | 22.15(7.35) | | | | | 1 | | | | | |
| 6 | تێکچوونی خەمۆکی مام ناوەند | 11.90(1.39) | | | | | | .083 | | | | |
| | (*N* = 17) | | | | | | | | | | | |
| ٧ | ترس لە کۆڤید-19 | 26.00(9.08) | | | | | | | 1 | | | |
| ٨ | تێکچوونی خەمۆکی نیمچە توند | 17.35(1.36) | | | | | | | | -.322 | | |
| | (*N* = 10) | | | | | | | | | | | |
| ٩ | ترس لە کۆڤید-19 | 29.60(9.32) | | | | | | | | | 1 | |
| ١٠ | تێکچوونی خەمۆکی توند | 22.00(2.40) | | | | | | | | | | -.317 |

بە تێڕامان لە خشتەی سەرەوە ڕووندەبێتەوە سەرباری ئەگەرەکانی پەیوەندیی ئالۆگۆڕکراوی نێوان ترس لە کۆڤید-19 و خەمۆکی (Fancourt, Steptoe and Bu, 2021, p. 141; Daly and Robinson, 2021, p. 603; Daly and Robinson, 2022, p. 518)، بەڵام ئاستی خەمۆکیی بەرجەستەبوو لە سەروبەندی هەڵکشانی ترس وەک ئەنجامێک بۆ بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید-19 تێپەڕناکات لە ئاستی شڵەژانی خەمۆکیی سادە. بە بەراورد لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشتر لەم بوارە، دەکرێ تەماشای ئەم ئەنجامەبکرێت وەک هەنگاوێکی پێشکەوتووتر لە پشکنینی ئەگەرەکانی تێوەگلانی ترس لە سروشتی شڵەژانی خەمۆکی.

زیاتر لەوەش، ئەم ئەنجامانە دەتوانن بە شێوەیەکی ئەرێنی ڕۆڵبگێڕن لە ڕوونکردنەوەی هێڵە گرێدەرەکانی نێوان ترس و خەمۆکی کە تا ئێستا ناڕوونن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم ئەنجامانە ناتوانن بەڵگەی یەکلاکەرەوە پێشکەشبکەن بۆ ڕتکردنەوەی ئەو گریمانانەی جەختدەکەنەوە لە ڕۆڵی نێوەندگیریی تێکچوونی دڵەڕاوکێ لە گرێدانی

ترس لە شلّەژانەکانی خەمۆکی ( Warner, Wickramaratne and Weissman, 2008, p. 1534; Kausar et al., 2021, p. 81). بۆیە پشکنینی زیاتر لەم بوارە بە پێویست دەبینرێ، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ڕەنگدانەوەکانی ترس لە سروشت و بەرجەستەکردنی نیشانەکانی خەمۆکی لای تاکەکان.

## ڕاسپاردە و پێشنیازەکان

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەران بە پێویستی دەبین چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێک بخەنەڕوو:

### یەکەم/ ڕاسپاردەکان

- داڕشتنی پلانی درێژخایەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەنجامە دەروونییە ناهەموارەکانی بارە لەناکاو و فشاراوییە هەنووکەیی و دوورخایەنەکان.

- یارمەتیدانی توێژەران لە بوارە جیاوازەکان بۆ دەوڵەمەندکردنی ژێرخانی داتا و زانیارییە تایبەتەکان بە کارتێکەرییە هەنووکەییە درێژمەوداکانی کۆڕۆنا، تاببێتە سەرچاوەیەکی یەکگرتوو بۆ توێژینەوە بەراوردکارییەکان لە داهاتوودا.

- داڕشتنەوەی بەرنامەی تۆکمە و خۆماڵی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرییە دوورمەوداکانی پەتای کۆڕۆنا لە کوردستان، چونکە بارە کلتوورییەکان کاریگەریی قووڵیان لە ئەگەرەکانی جیاوازیی کارتێکەرییەکانی پەتا و بارە لەناکاوە تەندروستییەکان هەیە.

**دووەم/ پێشنیازەکان**

- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر کارتێکەرییە دەروونییە دوورمەوداکانی کۆڤید-19 لای کەسانی پێشتر تووشبوو بەم پەتایە.

- پشکنینی وردی پێویستییە دەروونییە هەنووکەییەکانی گیرۆدەبوون بە پەتای کۆڤید-19 پاڵپشت بە جیاوازییە ڕەگەزییەکان.

- پشکنینی شوێنکارە دوورەکانی چوار جۆرەکەی ترس لە کۆڤید-19 لای کەسانی پێشتر تووشبوو بەم پەتایە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان


- بەرواری، خ.م. (٢٠١٩) *تیۆرێین کەسایەتی*. دهۆک: چاپخانەی تەهران

- جەمال، س. (٢٠١٢) *لەگەڵ سایکۆلۆژیادا*. سلیمانی: چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتی چاپ وبڵاوکراوەکانی سلێمانی

- حوسێن، م.ت. (٢٠٢٠) *بیرکردنەوە بۆژیان بیرکردنەوە دژی ژیان*. هەولێر: چاپخانەی ناوەندی فێربوون

- زوهدی، م. (٢٠١٦) *دەروونناسی گەشەکردن*. سلیمانی: چاپخانەی تاران

- شاملۆ، س. (٢٠١٠) *قوتابخانە وتیۆرییەکانی دەروونزانی کەسایەتی*. وەرگێرانی محمد، فرمێسک رزگار و ئەوانیتر. سلیمانی: چاپخانەی گەنج

- شیشانی، أ. (٢٠١٢) *نەخۆشییە دەروونییەکان هۆکار و چارەسەر*. وەرگێڕانی محەمەد عەلیٚ وەلی .سلیمانی: چاپخانەی خانەی چاپ وپەخشی ڕێنما

- شەکشەک، أ. (٢٠١٧) *دەروونناسی گشتی*. وەرگێڕانی سەلاح سەعدی، چاپی دووەم. هەولێر: چاپخانەی نارین

- قەزاز، أ. (٢٠١٠) *ترس و خەمۆکی*. هەولێر: چاپخانەی چوارچرا

- محمەد، ن.ع. (٢٠٢١) *بنەماکانی دەروون درووستی*. چاپی دووەم. هەولێر: چاپەمەنی نارین

- مستەفا، ی.ح.س. (٢٠١٩) *کەسایەتی وسروشتی مرۆڤ*. چاپی دووەم، چاپخانەی ئەندێشە
- مۆرگان، س. (٢٠٢١) *بنەماکانی زانستی دەروونی*. سۆران: چاپخانەی مێخەک


## دووەم/ سەرچاوە ئینگلیزییەکان


- Aassve, A. et al. (2021) 'Early assessment of the relationship between the COVID-19 pandemic and births in high-income countries'. PNAS, 118 (36) e2105709118 https://doi.org/10.1073/pnas.2105709118
- Ahorsu, D.K. *et al.* (2022) 'The Fear of COVID-19 Scale: Development and Initial Validation'. *International journal of mental health and addiction*, 20(3), pp. 1537–1545. https://doi.org/10.1007/s11469-020-00270-8
- Alsharawy, A. *et al.* (2021) 'Gender Differences in Fear and Risk Perception During the COVID-19 Pandemic'. *Frontiers in psychology*, *12*, 689467. https://doi.org/10.3389/fpsyg.2021.689467
- American Psychiatric Association (2022) *Diagnostic and statistical manual of mental disorders (5thTR ed.)*. Washington, DC: Author.
- Bebane, S. (2022). Human Life during a Pandemic: Exploring Intercorrelation between Fear of COVID-19 and Cognitive Judgments of Satisfaction. *International Journal of Psychological Studies*, 14(3), pp. 11-17. doi: 10.5539/ijps.v14n3p11
- Belcher, J. and Peters, L. (2009) 'Relationship between Anxiety Sensitivity subscales and social fears'. *Australian*

*Journal of Psychology*, 61(3), pp. 128-135. doi:10.1080/00049530802239318

- Broche-Pérez, Y. *et al.* (2022) 'Gender and Fear of COVID-19 in a Cuban Population Sample'. Int J Ment Health Addiction, 20(1), pp. 83–91. https://doi.org/10.1007/s11469-020-00343-8

- Bueno-Notivol, J. *et al.* (2021) 'Prevalence of depression during the COVID-19 outbreak: A meta-analysis of community-based studies'. *International journal of clinical and health psychology : IJCHP*, 21(1), 100196. https://doi.org/10.1016/j.ijchp.2020.07.007

- Chou, KL. and Chi, I. (2008) 'Reciprocal relationship between fear of falling and depression in elderly Chinese primary care patients'. *Aging & Mental Health*, 12(5), pp. 587-594. doi:10.1080/13607860802343068

- Çimke, S., Gürkan, D.Y. and Esenkaya, D. (2021) 'Fear of COVID-19 and Affecting Factors'. *International Journal of Health Services Research and Policy, Int. J. of Health Serv. Res. and Policy*, 6(3), pp. 273 – 283. https://doi.org/10.33457/ijhsrp.944100.

- Ciotti, M. et al. (2020) 'The COVID-19 pandemic'. Critical Reviews in Clinical Laboratory Sciences, 57(6), pp. 365-388. doi:10.1080/10408363.2020.1783198

- Daly, M. and Robinson, E. (2021) 'Psychological distress and adaptation to the COVID-19 crisis in the United States'. *Journal of psychiatric research*, 136, pp. 603–609. https://doi.org/10.1016/j.jpsychires.2020.10.035

- Daly, M. and Robinson, E. (2022) 'Depression and anxiety during COVID-19'. *Lancet (London)*, 399(10324), p. 518. https://doi.org/10.1016/S0140-6736(22)00187-8

- de Bruin, W.B. (2021) ‘Age differences in COVID-19 risk perceptions and mental health: Evidence from a national U.S. survey conducted in March 2020’. *The Journals of Gerontology: Series B*, 76( 2), pp. e24-e29. https://doi.org/10.1093/geronb/gbaa074

- Demirbas, N. and Kutlu, R. (2021) ‘Effects of COVID-19 Fear on Society's Quality of Life’. *International journal of mental health and addiction*, pp. 1–10. https://doi.org/10.1007/s11469-021-00550-x

- Dong, L., Hu, S. and Gao, J. (2020) ‘Discovering drugs to treat coronavirus disease 2019 (COVID-19)’. *Drug discoveries & therapeutics*, 14(1), pp. 58–60. https://doi.org/10.5582/ddt.2020.01012

- Dymecka, J., Gerymski, R. and Machnik-Czerwik, A. (2021) 'Fear of COVID-19 as a buffer in the relationship between perceived stress and life satisfaction in the Polish population at the beginning of the global pandemic'. Health Psychology Report, 9(2), pp. 149–159. doi: https://doi.org/10.5114/hpr.2020.102136

- Fancourt, D., Steptoe, A. and Bu, F. (2021) ‘Trajectories of anxiety and depressive symptoms during enforced isolation due to COVID-19 in England: a longitudinal observational study’. *The lancet. Psychiatry*, 8(2), pp. 141–149. https://doi.org/10.1016/S2215-0366(20)30482-X

- Fava, G.A. (1996) ‘Depression Phobia, or the Triumph of Psychiatry’. *Psychotherapy and Psychosomatics*, 65(4), pp. 169–170. doi:10.1159/000289071

- Folayan, M.O. *et al.* (2022) ‘Factors associated with experiences of fear, anxiety, depression, and changes in sleep pattern during the COVID-19 pandemic among adults in

Nigeria: A cross-sectional study'. *Frontiers in public health*, *10*, 779498. https://doi.org/10.3389/fpubh.2022.779498

- Fosha, D. (2000) *The transforming power of affect: A model for accelerated change.* New York: Basic Books.

- Heiat, M. *et al.* (2021) 'Phobia and fear of COVID-19: origins, complications and management, a narrative review'. *Annali di igiene : medicina preventiva e di comunita*, 33(4), pp. 360–370. https://doi.org/10.7416/ai.2021.2446

- Hemert, D., Van de Vijver, F. and Poortinga, Y. (2002) 'The Beck depression inventory as a measure of subjective well-being: A cross-national study'. *Journal of Happiness Studies.* 3, pp. 257-286. Doi:10.1023/A:1020601806080

- Iyer, K. and Khan, Z. (2012) 'Depression – A review'. *Research Journal of Recent Sciences*, 1(4), pp. 79-87.

- Kausar, N. *et al.* (2021) 'Fear of Covid-19 and Depression: Mediating Role of Anxiety and Stress Among University Students'. *Journal of Bioresource Management*, 8(1). pp. 81-90. https://doi.org/10.35691/JBM.1202.0168

- Khalaf, O.O., Abdalgeleel, S.A. and Mostafa, N. (2022) 'Fear of COVID-19 infection and its relation to depressive and anxiety symptoms among elderly population: online survey'. *Middle East Curr Psychiatry*, 29**(**1), 7. https://doi.org/10.1186/s43045-022-00177

- Klaser K. *et al.* (2021) 'Anxiety and depression symptoms after COVID-19 infection: results from the COVID symptom study app'. *Journal of Neurology, Neurosurgery & Psychiatry*, 92, pp. 1254-1258. doi: 10.1136/jnnp-2021-327565

- Kroenke, K., Spitzer, R.L. and Williams, J.B. (2001) 'The PHQ-9: validity of a brief depression severity

measure. *Journal of general internal medicine*, 16(9), pp. 606–613. https://doi.org/10.1046/j.1525-1497.2001.016009606.x

- Luong, T. *et al.* (2021) ‘Fear, anxiety and depression among pregnant women during COVID-19 pandemic: impacts of healthy eating behaviour and health literacy’. Annals of Medicine, 53, pp. 2120-2131. doi;10.1080/07853890.2021.2001044.

- Maroufizadeh, S. *et al.* (2019) ‘The reliability and validity of the Patient Health Questionnaire-9 (PHQ-9) and PHQ-2 in patients with infertility’. *Reproductive health*, 16(1), 137. https://doi.org/10.1186/s12978-019-0802-x

- Mertens, G. *et al.* (2020) ‘Fear of the coronavirus (COVID-19): Predictors in an online study conducted in March 2020’. *Journal of anxiety disorders*, 74, 102258. https://doi.org/10.1016/j.janxdis.2020.102258

- Mistry, S.K. *et al.* (2021) ‘Exploring fear of COVID-19 and its correlates among older adults in Bangladesh’. *Globalization and health*, 17, 47. https://doi.org/10.1186/s12992-021-00698-0

- Mortazavi, A. *et al.* (2014) ‘Generalized anxiety disorder’. In Grossman, L. and Walfish, S. (Eds.), *Translating psychological research into practice*. New York: Springer Publishing Company, pp. 183-192

- Muurlink, O.T. and Taylor-Robinson, A.W. (2020) ‘COVID-19: Cultural predictors of gender differences in global prevalence patterns’. *Frontiers in public health*, *8*, 174. https://doi.org/10.3389/fpubh.2020.00174

- Pakpour, A.H and Griffiths, M.D. (2020) ‘The fear of COVID-19 and its role in preventive behaviors’. *Journal of Concurrent Disorders*, 2(1), pp. 58-63.

- Panksepp, J. (2004) ‘Emerging neuroscience of fear and anxiety: Therapeutic practice and clinical implications’. In Panksepp, J. (Ed.), *Textbook of Biological Psychiatry*. New York: Wiley-Liss, pp. 489-519

- Parchani, A. *et al*. (2021) ‘Fear, anxiety, stress, and depression of novel coronavirus (COVID-19) pandemic among patients and their healthcare workers a descriptive study’. *Psychology research and behavior management*, 14, pp. 1737–1746. https://doi.org/10.2147/PRBM.S324233

- Pierce, N. and Hoelterhoff, M. (2017) ‘Cognitive theories of depression in online peer support forums: Exploring the cognitive triad’. *Journal of European Psychology Students*, 8, pp. 7-14. doi;10.5334/jeps.405.

- Reekie, A. (2021) ‘The implications of COVID-19 on fear of financial collapse’. *Student Scholar Symposium Abstracts and Posters*. 476. https://digitalcommons.chapman.edu/cusrd_abstracts/476

- Saadat, S.H. *et al*. (2020) ‘Fear and panic of COVID-19’. *Int J Travel Med Glob Health*. 8(3), pp. 91-92. doi:10.34172/ ijtmgh.2020.15

- Sarfraz, M. *et al*. (2022) ‘Signifying the relationship between fear of COVID-19, psychological concerns, financial concerns and healthcare employees job performance: A mediated model’. *International journal of environmental research and public health*, 19(5), 2657. https://doi.org/10.3390/ijerph19052657

- Schimmenti, A., Billieux, J. and Starcevic, V. (2020) ‘The four horsemen of fear: An integrated model of understanding fear experiences during the Covid-19 pandemic’. *Clinical neuropsychiatry*, 17(2), pp. 41–45. https://doi.org/10.36131/CN20200202

– Scopaz, K.A. *et al.* (2009) ‘Relationships of fear, anxiety, and depression with physical function in patients with knee osteoarthritis’. *Archives of physical medicine and rehabilitation*, 90(11), pp. 1866–1873. https://doi.org/10.1016/j.apmr.2009.06.012

– Sheard, J. (2018) ‘Quantitative data analysis’. In Williamson, K. and Johanson, G. (Eds.), *Research Methods: Information, Systems, and Contexts. Second Edition.* Amsterdam: Elsevier, pp. 429-452

– Spitzer, R.L. *et al.* (2006) ‘A brief measure for assessing generalized anxiety disorder: the GAD-7’. *Archives of internal medicine*, 166(10), pp. 1092–1097. https://doi.org/10.1001/archinte.166.10.1092

– Starcevic, V., Schimmenti, A. and Billieux, J. (2020) ‘A model of multifaceted fear during the Covid-19 pandemic and balancing between overemphasising and neglecting the distinction between fear and anxiety: A reply to’. *Clinical neuropsychiatry*, 17(4), pp. 255–259. https://doi.org/10.36131/cnfioritieditore20200407

– Steimer T. (2002) ‘The biology of fear- and anxiety-related behaviors’. *Dialogues in clinical neuroscience*, 4(3), pp. 231–249. https://doi.org/10.31887/DCNS.2002.4.3/tsteimer

– Taylor, S. *et al.* (2020). ‘COVID stress syndrome: Concept, structure, and correlates’. *Depress Anxiety*, 37, pp. 706-714. https://doi.org/10.1002/da.23071

– Troyer, E.A., Kohn, J.N. and Hong, S. (2020) 'Are we facing a crashing wave of neuropsychiatric sequelae of COVID-19? Neuropsychiatric symptoms and potential immunologic mechanisms. Brain, behavior, and immunity, 87, pp. 34–39. https://doi.org/10.1016/j.bbi.2020.04.027

- Twardowska-Staszek, E. *et al.* (2022) ‘Causes of stress among poles and how they cope with stress during the COVID-19 pandemic’. *Frontiers in psychiatry*, *13*, 829918. https://doi.org/10.3389/fpsyt.2022.829918

- Unützer, J., Kimmel, R.J. and Snowden, M. (2020) ‘Psychiatry in the age of COVID-19’. *World psychiatry : official journal of the World Psychiatric Association (WPA)*, 19(2), pp. 130–131. https://doi.org/10.1002/wps.20766

- VandenBos, G.R. (2015) APA dictionary of psychology. 2nd edition. Washington, DC: American Psychological Association.

- Wang, D. *et al.* (2020) ‘Clinical characteristics of 138 hospitalized patients with 2019 novel coronavirus-infected pneumonia in Wuhan, China’. *JAMA*, 323(11), pp. 1061–1069. https://doi.org/10.1001/jama.2020.1585

- Warner, V., Wickramaratne, P. and Weissman, M.M. (2008) ‘The role of fear and anxiety in the familial risk for major depression: a three-generation study’. *Psychological medicine*, 38(11), pp. 1543–1556. https://doi.org/10.1017/S0033291708002894

- Widdowson, M. (2011) ‘Depression: A literature review on diagnosis, subtypes, patterns of recovery and psychotherapeutic models’. *Transactional Analysis Journal*. 41. pp. 351-364. doi:10.1177/036215371104100411

- Wiebers, D.O. and Feigin, V.L. (2020) 'What the COVID-19 Crisis Is Telling Humanity'. Neuroepidemiology, 54, pp. 283-286. doi:10.1159/000508654

- Wieteska-Miłek M, *et al.* (2021) ‘Fear of COVID-19, anxiety and depression in patients with pulmonary arterial hypertension and chronic thromboembolic pulmonary

hypertension during the pandemic. *Journal of Clinical Medicine*, 10(18), 4195. https://doi.org/10.3390/jcm10184195

- Williams, C. (2007) ‘Research Methods’. *Journal of Business & Economics Research (JBER)*, 5(3). https://doi.org/10.19030/jber.v5i3.2532

**الملخص**

بالرغم من ان فايروس الكورونا يستهداف الجوانب الجسمية عند الانسان، الا انه لايمكن اغفال الانعكاسات النفسية لهذا الوباء. ولكن لايزال هناك غموض في الفهم حول الانعكاسات السلبية لوباء الكورونا فى ازدياد الحالات النفسية المضطربة. من هنا استهدفت الدراسة الحالية فحص تورط الخوف من كوفيد-١٩ في مستويات اضطراب القلق واضطرب الأكتئاب بالأعتماد على عينة من المشاركين من أقليم كوردستان-العراق (ن = ١٨٩). أشارت النتائج الي وجود علاقة ايجابية ذات دلالة احصائية بين الخوف من كوفيد-١٩ واضطراب القلق العام واضطراب الأكتئاب الرئيسي، مع ملاحظة وجود جوانب تفضيلية بين مستويات هذين الاضطرابين. أكدت النتائج على وجود علاقة ايجابية ذات دلالة أحصائيا بين الخوف من كوفيد-١٩ ومستواى الخفيف والمتوسط من اضطراب القلق. كما وانه اشارت الى وجود علاقة ايجابية ذات دلالة أحصائيا بين مستوى الخفيف من اضطراب الأكتئاب والخوف من كوفيد-١٩.

**الكلمات المفتاحية:** الخوف من كوفيد-19، اضطراب القلق العام، اضطراب الأكتئاب الرئيسي.

## Abstract

Though the coronavirus virus attacks humans' physical aspects, the psychological consequences of this epidemic should not be overlooked. However, the negative effects of the coronavirus epidemic on the rise in psychological disorders are still unclear. Therefore, this study aimed to investigate the involvement of COVID-related fear in the levels of anxiety disorder and depression disorder, exploring this via a sample of participants from the Kurdistan Region of Iraq ($N$ = 189). The results indicated that there are significant positive correlations between fear of COVID-19, generalised anxiety disorder, and major depressive disorder, with differential aspects across levels of both disorders. Accordingly, the findings revealed a positive relationship between fear of COVID-19 and mild to moderate levels of anxiety disorder. Furthermore, a mild level of depressive disorder was associated with a fear of COVID-19. Finally, the current study came up with a few recommendations and suggestions.



***Keywords***: Fear of COVID-19, Generalised anxiety disorder, Major depressive disorder.

https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2253.13

e-ISSN (2617-0752)    p-ISSN (2617-0744)

# پێوانەکردنی ئاستی شادمانی لای گەنجانی شاری سۆران

د. هۆشەنگ فەرهاد عبدالله
زانکۆی سۆران فاکەڵتی ئاداب
hoshang.abdulla@soran.edu.iq

ڕێکار محەمەد تۆفیق
توێژەری دەروونی بەشی دەروونزانی
rmk597@psy.soran.edu.iq

**پوختە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە، پێوانەکردنی ئاستی شادمانییە لای گەنجان بە گشتی، بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز و گۆڕاوی باری خێزانی (سەڵت/ خێزاندار) و گۆڕاوی باری ئابووری. توێژەران میتۆدی (وەسفی چەندێتییان) بەکارهێناوە. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە سنووری شاری سۆران و دەوروبەری، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (١٢٠) گەنج کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکیی مەبەستدار هەڵبژێردراون، ٦٠ گەنج لە ڕەگەزی نێر و (٦٠)ی لە ڕەگەزی مێ. دوای ئەوەی داتاکان داخلی بەرنامەی پێشکەوتووی ئاماریی (SPSS) کران بۆ ئامانجەکان دەریخست، گەنجان بە گشتی ئاستی شادمانییان بەرزە، هەروەها دەرکەوت کە جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە ئاستی شادمانی نییە، بەهەمان شێوە جیاوازی نییە لەنێوان گەنجانی خێزاندار بەراورد بە گەنجانی سەڵت، و ئەوانەی باری ئابوورییان باشە بە گشتی شادمانترن لەوانەی باری ئابوورییان مامناوەندە، بەهەمان شێوەی ئەوانەی باری ئابوورییان مامناوەندە شادمانترن لەوانەی باری ئابوورییان خراپە.

وشە کلیلییەکان: شادمانی، گەنج.

**پێوانەکردنی ئاستی شادمانی لای گەنجانی شاری سۆران**

**پێشەکی**

شادمانی پێداویستییەکی ڕۆحییە، بەر لەوەی پێداویستییەکی بیۆلۆژیکی و کۆمەلایەتی و سایکۆلۆژی بێت، کاتێ کە مرۆڤ پێی دەگات گیانی دەحەسێتەوە و بەسەر بوون و خودی خۆیدا بالا دەبێت. بابەتی شادمانی ئێستا لە نێوەندە ئەکادیمییە جیهانییە پێشکەوتووەکاندا بووەتە بابەتی سەرەکی و ئەوان زیاتر بەلایانەوە گرنگە بەدوای ئەو فاکتەر و گۆڕاوانەدا بگەڕێن کە ڕۆڵیان هەیە لە پێکهێنانی کۆمەڵگەی ئارام و شادماندا.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەم و تەوەرەی یەکەم باس لە کێشە و گرنگی و ئامانج و سنووری توێژینەوە کراوە. هەروەها لە تەوەرەی دووەمدا پێناسەی چەمک و زاراوەکانی ڕوونکردۆتەوە. لە بەشی دووەمی تەوەرەی یەکەم چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، کە باسی چەمک و جۆر و هۆکار و نیشانەکان کراوە. لە تەوەرەی دووەمدا توێژنەوەکانی پێشوو باسکراون، هەروەها لە بەشی سێیەمدا میتۆد و نموونەی توێژینەوە و کۆمەڵگە و ئامرازەکانی توێژینەوە و کەرەستە ئامارییەکان و کۆکردنەوەی داتاکان خراونەتەڕوو. لە بەشی چوارەمدا، بە شێوەیەکی پراکتیکی ڕێژەی شادمانی لای گەنجان ڕوونکراوەتەوە، بەپێی چەند گۆڕاوێک وەک ڕەگەز و باری خێزانی، باری ئابووری، و خستنەڕووی ئامانجەکان و گفتوگۆکردنیان و بەراوردکردنیان بە توێژینەوەکانی پێشوو، دواتریش چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێک خراونەتەڕوو، لە کۆتاییشدا ئاماژە بە لیستی سەرچاوەکان کراوە.

**کێشەی توێژینەوە:**

دوای تێبینیکردن و چاودێریکردنی گەنجی خێزاندار و گەنجی سەڵت کە توێژێکی گرنگی کۆمەڵگەن، توێژەران تێبینی کێشەیەکی گرنگ و فەرامۆشکراویان لە نێو کۆمەڵگەی خۆماندا کردووە، کە بە پێویستی دەزانێت بایەخی پێبدرێت و توێژینەوە و  لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت، ئەویش پێوانەکردن ئاستی بەختەوەری و شادمانییە لای گەنجانی خێزاندار بەراورد بە گەنجانی سەڵت (سینگڵ)، یاخود کامیان دڵخۆشتر و شادمانترن لەوەی تریان، هەروەها هاوسەرگیری تا چەند ڕۆڵی هەبووە لە فەراهەمکردنی شادمانی و بەختەوەریدا.

زیادەڕۆیی نییە ئەگەر پێمان وابێ ئامانجی ستراتیژیی مرۆڤ لە بوون و بەردەوامی لە ژیانیدا، خۆش ژیان و هێنانە ئارای شادمانییە، مرۆڤ بۆ ئەوە دەژی تاوەکو خۆی دڵخۆشبکات و هەموو ئەو هۆکار و مەرجانەش فەراهەمبکات، کە ژیانی ئەو خۆشتر دەکەن، شادمانی پێداویستییەکی ڕۆحییە، بەر لەوەی پێداویستییەکی بایۆلۆژیکی و کۆمەلایەتی و سایکۆلۆژی بێت، کاتێ کە مرۆڤ پێی دەگات گیانی دەحەسێتەوە و بەسەر بوون و خودی خۆیدا باڵا دەبێت و تا ئەو بەرزاییانە دەچێ کە ژیان تیایدا لە مانا ئەبستراکتەکەیدا مانادار دەبێ. (حوسێن٢٠١٧، ل١٧٦)

هەروەها ئەریک فرۆم پێیوایە کە ئێمە بەپێی هەڵوێستەکان شاد و کامەران یا غەمگین و مەلوول دەبین. (فرۆم، ٢٠١٥، ل٩١)

شادمانی وەک هەر دیاردەیەکی کیمیکی و فیزیکی و تەنانەت گەردوونیش ڕێژەییە، پەیوەستە بە پێکهاتەی دەروونیی دامەزراو لەسەر بنەمای کۆمەلایەتی و ئابووری و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و تەنانەت

سیاسیش، هەر یەکە بە شتگەڵ و دیاردە و ڕووداوگەلی تایبەت شاد و دڵشادە. (حوسێن،٢٠١٩، ل١٨٢)

بەبێ گوێدانە ئەوەی تۆ لە کوێی دەکرێت لە شادمانیدا بژیت، هەر کەسە و ڕێگەی خۆی هەیە بۆ پێناسەکردنی شادمانی (فەیلەسووف و ئەکتەر و سیاسەتمەدار و... هتد) هەموو ئەوانە لە ڕوانگەی خۆیان بۆ شادی یاخود شادمانی دەڕوانن، بەڵام بە گشتی شادمانی پەیوەندی بە ئەرێنیی هەستەکانەوە هەیە، کەسانی شادمان ئەوەندە ئەزموونی هەستی نێگەتیڤ ناکەن، چونکە بە شێوەیەکی جیاواز ژیان دەکەن یان ڕەنگە بە شێوەیەک مانا بدۆزێتەوە کە ئەوانی تر نەیانکردووە، هەروەها وتراوە شادمانی پەیوەندی بە ڕازیبون لە ژیانی خۆتەوە هەیە، پێزانین و بەهەند وەرگرتنی ژیان و چێژوەرگرتن لە ساتە خۆشەکانی ژیان. (Khoddam,٢٠١٥).

بابەتی شادمانی ئێستا لە نێوەندە ئەکادیمییە جیهانییە پێشکەوتووەکاندا بووەتە بابەتی سەرەکی و ئەوان زیاتر بەلایانەوە گرنگە بەدوای ئەو فاکتەر و گۆڕاوانەدا بگەڕێن کە ڕۆڵیان لە پێکهێنانی کۆمەڵگەی ئارام و شادماندا هەیە، چونکە لە بنچینەدا شادمانی نەک بەتەنها دەروونی کەسەکان دەحەسێنێتەوە، بەڵکو کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەرهەمێنانی زیاتر و جۆری بەرهەم و دەستکەوتەکانی مرۆڤ هەیە. (حوسێن٢٠١٧، ل١٨١_١٨٢)

توێژەران هەوڵدەدەن بزانن ئایا گەنجانی خێزاندار تا چەند دڵخۆش و شادمانن بەراورد بە گەنجانی سەڵت( سینگڵ)؟ و ڕێژەکەی لەچ ئاستێکدایە؟ لەکام لایەن ڕێژەکەی بەرزترە؟ و کام ڕەگەز (نێر/مێ) زیاتر بوونی هەیە و شادمانترن؟ ئایا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە؟

**گرنگیی توێژینەوە:**

هەر توێژینەوەیەک خزمەت بە زانست بگەیەنێت گرنگیی خۆی هەیە، بۆ خودی توێژەر و نموونەکانی توێژینەوە و سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە، گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە میانەی باسکردنی بابەتێکی تاڕادەیەک نوێیە ئەویش بابەتی بەختەوەری و شادمانییە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ژیان و بوونی مرۆڤەوە، بە تایبەتیش چین و توێژی گەنجانی خێزاندار و سەڵت، بۆیە بە باشمان زانی ئەم نموونەیە وەرگرین بۆ توێژینەوەکەمان، چونکە توێژی گەنجان دەتوانن خزمەت بە کۆمەڵگە بکەن، و لە کاتی هەبوونی شادمانی و هەستکردن بە بەختەوەری ئەوا ڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر کۆمەڵگە و خێزان و نەوەی داهاتوو دەبێت، و هاندەرێکە تاوەکو بە شێوەیەکی تەندروست نەوەکانیان پەروەردە بکەن، ئەم توێژینەوەیە گرنگیی خۆی هەیە لە بواری دەروونزانی بە گشتی و پۆزەتیڤ سایکۆلۆژیی و دەروونداروستی بە تایبەتی، دەتوانین بایەخی ئەم توێژینەوەیە لە دوو لایەن دەستنیشانبکەین:

**لایەنی تیۆری:**

گرنگیی توێژینەوە لەسەر شادمانی لەوەدایە، کە توێژەران هەوڵدەدەن تیشک بخەنە سەر سروشتی بابەتی شادمانی و بیخەنە بەر مەددی نەزەر و ڕوونکردنەوە، هەروەها وەسفکردنی شادمانی و ڕوونکردنەوە و خستنەڕووی جۆر و نیشانەکانی. ٢- ئەم توێژینەوەیش دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی زانستی بۆ ناوەندە ئەکادیمی و کتێبخانە کوردییەکان بە گشتی و زانکۆی سۆران بە تایبەتی.

**لایەنی پڕاکتیکی:**

١- گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە لایەنی مەیدانی دەرخستنی چەند پرسیارێکە بە شێوەیەکی زانستی و پراکتیکی، بە داتا و ئاماری سەلمێندراو، کە داتا و زانیارییە پڕاکتیکییەکانی ئەم توێژینەوەیە دەبنە ئامرازێکی گرنگ بۆ توێژەران و نموونەی توێژینەوە. ٢- هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی گرفتەکە و خستنەڕووی چارەسەری پێویست و دەتوانرێت سوود لە ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی وەربگیرێت، بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتر.

## ئامانجی توێژینەوە

دەتوانین ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەم دوو خاڵەدا بخەینەڕوو.

١ـ زانینی ئاستی بەختەوەری و شادمانی لای گەنجان بە گشتی.

٢ـ زانینی ئاستی شادمانی لای گەنجان بەپێی گۆڕاوی:

أـ ڕەگەز( نێر/ مێ).

بـ باری خێزانی (خێزاندار/ سەڵت)

جـ باری ئابووری (خراپ – ناوەند – باش)

**سنووری توێژینەوە**

سنووری مرۆیی: پێکهاتووە لە گەنجانی شاری سۆران و دەوروبەری.

سنووری جوگرافی: شاری سۆران.

سنووری کاتی: ٢٠٢٠/ ٢٠٢١

**پێناسەی شادمانی**

١ـ پێناسەی (فرۆم ٢٠١٥):

شادمانی ڕاستەقینە واتە پەروەردەکردن و بەکاربردنی هێزە مرۆییەکان. (فرۆم ٢٠١٥، لا٢٦٦).

٢ـ پێناسەی (حوسێن،٢٠١٩)

شادمانی هەست و شعورێکە لە ناخەوە هاوسەنگی و ئارامییەکی دەروونی دەیهێنێتە ئاراوە تیایدا تاک دەکەوێتە خۆشییەکەوە کە لێی تێر نابێ. (حوسێن ٢٠١٩، لا١٨٠)

٣ـ پێناسەی (ابو دوله،٢٠١٨):

شادمانی هەموو ئەم شتانە دەگرێتەوە کە دەبێتە هۆی دڵخۆشی و ئارامی لەناو خودی مرۆڤەوە، بریتیە لە هەستکردن بە ئاسوودەیی و ئارامیی دەروون). (ابو دوله،٢٠١٨)

4ـ پێناسەی (فرانكلين، ٢٠٠٩)

شادمانی شێوازێکە بۆ ژیان وامان لێ دەکات بە هۆیەوە تواناکانمان کامڵتر بکەین بە ئاراستەی گەیشتن بە ژیانێکی باشتر. (فرانكلين، ٢٠٠٩ز، لا٣٢)

**5ـ** پێوانەی تیۆری بۆ شادمانی: بریتییە لە حاڵەتێکی دەروونیی هاوسەنگ کە دەبێتە هۆی ڕازیبوون لە ژیان و گونجان و هەستکردن بە

ئارامیی دەروونی و ئاسوودەیی و دڵخۆشی لەڕادەبەر لەناو خودی مرۆڤ و ژیاندا.

**6-** پێناسەی پڕاکتیکی بۆ شادمانی: بریتییە لە کۆی ئەو نمرانەی کە گەنجانی خێزاندار و سینگڵ بەدەستیدەهێنن لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری شادمانی.

**چەمکی شادمانی (بەختەوەری):**

شادمانی بە یەکێک لە گرنگترین بابەتەکان دەژمێردرێت، کەوا پۆزەتیڤ سایکۆلۆژی گرنگی و بایەخی پێدەدات، تێگەیشتن لە بەختەوەری و شادمانیی مرۆڤ تا ئەمڕۆش یەکێکە لە تێگەیشتنە تەمومژاوی و ناڕوونەکان، کەوا زانایانی دەستەوەستان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین لێکۆڵینەوە کراون لەسەر شادمانی بەڵام هێشتاش نەگەیشتوونەتە مانا و پێناسەیەکی گشتگیر و تەواو بۆ شادمانی، ڕای جیاواز سەبارەت بە مانای شادمانی هەیە، هەندێکیان تێگەیشتنی شادمانی لەوە کورت دەکەنەوە کەوا شادمانی یاخود بەختەوەری بریتییە لە چێژ و خۆشیی جەستەیی، لە کاتێکدا کەسانی تر وای دەبینن و بڕیاردەدەن کەوا شادمانی بریتییە لە هەبوونی سەروەت و سامان، بەڵام ئاینەکان ئەم تێگەیشتنە ڕووکەشەیان ڕەتکردۆتەوە و شادمانییان بەستۆتەوە بە لەخوا ترسان و تەقوا و عیبادەتی خودا و یارمەتیدانی کەسانی تر. لەگەڵ ئەمەشدا هەندێکی تر وای دەبینن کەوا شادی و بەختەوەری بریتییە لە هەبوونی توانا بۆ کۆنترۆڵکردن بەسەر لایەنی زەینی و بیری کەسەکان. (الرباعي٢٠١٣، ص ١٥ ـ ١٧).

لە دوای ساڵی (١٩٩٨) ئاراستەیەک دروستبوو بۆ پێوانەی بەختەوەریی تاکەکان و دەستنیشانکردنی جیاوازییەکان لە ڕووی کەسایەتی لە نێوان کەسی دڵخۆش و کەسەکانی تر، ئەوەی جێگەی

سەرنجە ئەنجامی کارەکان لە بواری بەختەوەری ئەوەیان خستەڕوو، کە (دەوڵەمەندی، دینداری، جوانیی ڕوخسار، بوونی هەلی کاری باشتر، لەشی تەندروست) پێوەر نین بۆ بەختەوەریی مرۆڤ، بەڵکو بوونی پەیوەندیی ئەرێنی لەگەڵ کەسانی تر مرۆڤەکان بەرەو بەختەوەری دەبات. (عزیز٢٠٢٠، لا٢٠)

سوکرات باوەڕی وایە بەختەوەری لە دەرەوەی خود بەدەستناهێت، بەڵکو پەیوەستە بەناخی کەسەکەوە و تایبەتە بە تاک. (التحریر(2017

هەر یەکە بە شێوەیەک دەکەوێتە شادمانییەوە و چێژی لێ وەردەگرێ، هەندێک لە پارە و سامان و دەسەڵات دەیبینن و دەیدۆزنەوە و هەندێکیش لە خۆشەویستی و هەندێکی تر لە گەشت و گەڕان بە جیهاندا و بەشێکی تریش هەیە لە بەدواداچوونی نەزانراوەکان و هەموو ئەو شتانەی مێشکیان پێیانەوە دەوروژێ، هەشن لە نێو خۆماندا شادمانی لە ئازاردانی کەسانی تر و وەلاوەنانیاندا دەدۆزنەوە. خۆشی و ئاسوودەیی لە خۆیدا فەراهەم نەکات، شادمانەکان هەڵوێستەکانی ژیان بە شێوەی زۆر ئەرێنی لێکدەدەنەوە، مەعریفییەکان پێیانوایە شادمانی بەندە بە چوارچێوەی باوەڕ و عەقیدەی تاکەوە، کەسەکان لەو کاتەدا هەست بە شادمانی دەکەن کاتێ هەڵوێست و دۆخەکە بە چوارچێوە باوەڕییەکانی دەپێوێ و ئینجا لەو پێودانگەدا قەناعەتی بەوە دێ، کەوتۆتە ناو خۆشی و ساتەوەختەکانی شادمانیەوە یان نا؟ (حوسێن٢٠١٧، لا ١٧٨- ١٩١)

ڕاگەیاندنی کۆمەڵگەی پیشەسازی ئەو باوەڕەی لای خەڵک دروستکردووە، کە شادمانی و بەختەوەری لە کڕینی شتدایە، ئەوانەی کە دەزانن ژیان بەبێ کڕین و هەبوونی شتیش مایەی ئارامی و خۆشحاڵییە، ژمارەیان لە کەمبوونەوەدایە. (فرۆم٢٠١٥، لا ١٣٣)

هەرچەندە زۆرجار پێمانوایە بەختەوەری لەو شتانەوە دێت کە بەسەرماندا دێت، بەڵام زانست پێشنیازی ئەوە دەکات کە بەختەوەری بە زۆری لە مێشکماندا دێت، لەبەر ئەوە گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوەمان دەکرێت ڕێژەی شادمانی زیاد بکات، هەرچەندە لە ژیانی ڕۆژانەشماندا هیچ گۆڕانکارییەک نەکەین. (Davis: 2020)

خۆشەویستی دیوە چالاک و ناواخنەکەی شادمانییە، ئەوەی شادە ئەو کەسەیە لە دۆخێکی بەردەوامی خۆشەویستیدایە لەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆی و تەنانەت لەگەڵ خۆیشیدا، ئەوەی لای خەڵکیش خۆشەویستە هەمیشە شادی بەسەریاندا دەبەشێتەوە چونکە لەهەر دەرکەوتێنکدا دەبێتە مایەی بەختەوەری بۆ دەوروبەرەکەی. (حوسێن،٢٠١٩ لا١٨٠).

فرۆید سێ هۆکار دەخاتەڕوو، کە بۆچی ئێمە ناتوانین هەر بە ڕاست شاد و بەختەوەربین؟ هۆکاری یەکەم بۆ نەبوونی تێر و بەئاکام گەیشتنی تەواوەتی بریتییە لە گرێی ئۆدیب، سەرچاوەی دووەم بۆ بەختەوەرنەبوونی مرۆڤ بریتییە لە سوپەر ئیگۆ، سەرچاوەی سێیەم، پاڵنەری مەرگە (death drive) پاڵنەری مەرگ و شەڕەنگێزی دەتوانن خۆیان بخزێننە ناو هەموو دیوێکی هەڵسوکەوتی مرۆییەوە. (ئیستۆپ ٢٠١٩، لا ٤٠٥_ ٤٠٧)

**جۆرەکانی شادمانی (بەختەوەری):**

شادمانی و بەختەوەریی مرۆڤ چەندین جۆری جیاوازی هەیە، لێرەدا ئاماژە بە چەند جۆرێکی گرنگ دەکەین.

١ـ شادمانیی ماوە درێژ و هەمیشەیی: بۆ نموونە هیواخوازبیت ببیتە مرۆڤێکی گەورە و بەناوبانگ و ئامانجەکەت بێتەدی و پێی بگەیت، ئیتر هەست بە شادمانی دەکەیت بۆ ماوەیەکی زۆر و درێژ. (التحریر ٢٠١٧)

٢ـ شادمانیی ماوە کورت و کاتی: بۆ ماوەیەکی کەم دەمێنێتەوە و بارودۆخێکی کاتییە، بۆ نموونە ئەنجامدانی ڕەفتارێکی باش یان بە کردنی کارێکی باش کە ببێتە هۆی دڵخۆشبوونت بۆ ماوەیەکی کاتی. (هەمان سەرچاوەی پێشوو)

٣ـ شادمانی لە کاتی ئەنجامدانی کارە دڵخوازەکان: بێگومان ڕووبەڕووی ئەم جۆرە لە شادمانی بوویتەوە، کاتێک خۆت ئەبینیتەوە غەرقی چالاکی بوویت، لەوانەیە ئەمە ڕوویدابێت لە کاتی وێنەکێشان و نووسین و ئەنجامدانی جۆرەکانی چالاکیی جەستەی، و هەر شتێک کە چێژی لێ ببینی دەتوانێت بتخاتە نێو ئەم بارودۆخە دەروونییە. (خلیل، ٢٠١٩)

٤ـ شادمانی لە پەیوەندییەکان: مرۆڤ بە سروشتی خۆی کەسێکی کۆمەڵایەتییە، و بەستنی پەیوەندیی بەهێز و تەندروست لەگەڵ ئەوانی تر کارێکی گرنگە بۆ ئێمە، لەبەر ئەوەی هەبوونی ئەو کەسانە لە چواردەورت کە خۆشیاندەوێیت و بتوانی متمانەیان پێ بکەیت و کاتی باشیان لەگەڵ بەسەر ببەی ئەمە وات لێ دەکات بەختەوەر و شادمان بیت. (سەرچاوەی پێشوو)

٥ـ شادمانیی ڕۆشنبیری: وەک ئەو چێژەی لە تێگەیشتن لە شتێکەوە دێت یاخود شیکردنەوە، ڕوونکردنەوە، پێشخستن و بەکارهێنانی شتەکان. کاتێک ئێمە شارەزاین لە بابەتێک یان چارەسەری کێشەیەک دەکەین و چێژ لە جۆرێک لە شادمانیی دەروونی وەردەگرین. (Murray, 2014)

**نیشانەکانی شادمانی(بەختەوەری):**

١ـ دەربڕینی سوپاسگوزاری بە بەردەوامی، خۆشحاڵبوون بەو شتانەی کە هەتە و دەربڕینی سوپاسگوزاری لەهەمبەر بوونیان، هەست بە شادمانی دەکەیت، کاتێک ستایش و بەزەیی بەرانبەر کەسانی تر دەنوێنیت، لە لەشتدا هەست بە شادمانی دەکەیت.

2ـ چێژ لە شتە سادەکان وەردەگریت، خۆشحاڵبوون بە شتە بچووکەکان، یارمەتیت دەدات لە بنیادنان و وێناکردنی شادمانییەکی گەورە، کات تەرخان بکە بۆ چێژبینین لە ژەمە خواردنێکی باش و وێنەکێشانی ناوازە. (Dault, 2011)

3ـ بەهای شتە بچووکەکان دەزانیت، هیچ شتێک لەوە خۆشتر نییە گۆرانییە دڵخوازەکەت لە ڕادیۆوە لێبدرێت یان گوێبیستی چریکەی باڵندەکان بین، دەشێت هەست بکەیت شتە بچووکەکان شادمانییەکی گەورەیان تێدایە و درکی پێ بکەیت.

4ـ ژیانکردن لەو ساتەی تێدا دەژیت زۆر گرنگە بۆت، بەهای شتە بچووکەکان دەزانیت کەسە شادمانەکان دەزانن، کەوا ژیان لێرە و لەم ساتەدا کلیلی بەردەوامبوونی هەستە ئەرێنییەکانە.

5ـ کاتێک شتانێک فشارت دەخەنەسەر، دەزانیت چۆن ئارامببیتەوە، ڕێگریکردنی فشارەکان بۆ کەمترین بڕیان، کلیلێکە بۆ ستایلی ژیانێکی شادمانانە، ئەگەر بە ڕاستی شادمانیت ئەوا هەندێک ڕێگای کەمکردنەوەی فشارەکان دەزانیت. (Holmes, 2014)

**هۆکارەکانی شادمانی( بەختەوەری):**

هۆکارەکانی فەراهەمبوونی شادی و بەختەوەریی مرۆڤ جۆراوجۆرن و دەکرێ بڵێین هەر مرۆڤەو بە جۆرێک و بە شتێکەوە دەکەوێتە نێو بەختەوەری و شادمانی ڕاستەقینەوە، لێرەدا ئاماژە بە کۆمەڵە هۆکارێک دەدەین کە زۆرباون و ڕۆڵیان هەیە لە پەیدابوونی شادمانی.

١ـ خۆشویستنی هاوڕێیان: هەبوونی هاوڕێی خۆشەویست لە ژیانی کەسێک گرینگترین هۆکارە بۆ شادمانی و بەختەوەریی هەردووکیان پێکەوە، مرۆڤ دەگەیەنن بە شادمانی، بەڵام هاوڕێ کە خۆشەویستیت بۆی نەبێ بەختەوەریت بۆ دروستناکات، خۆشبەختی و شادمانی زیاددەبێت و کاملدەبێ کاتێک کەسێک لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵک پەیوەندیی خۆشەویستیی دروستدەکات. (البوريني، ٢٠١٨)

٢ـ هاوسەنگی و دانبەخۆداگرتن: هۆکارێکی تری شادمانبوونی مرۆڤەکان دانبەخۆداگرتنە یان هاوسەنگی ڕاگرتن لە کاتی هەڵچوون و ڕەفتاردا، دەتوانین لەگەڵ هاوسەنگیدا زۆرباش گەشەبکەین بێ ئەوەی شتەکان لەسەرمان قورسبن، لەگەڵ دانبەخۆداگرتندا ئێمە هاوسەنگی بۆ چالاکییەکانمان و بیرکردنەوەکانمان بە دەستدەهێنین ( Rinpoche & Rinpoche, 2016).

٣ـ تەندروستی (جەستەیی و دەروونی): شادمانی ڕاستەوخۆ پەیوەست دەبێت بە تەندورستییەوە، دڵخۆشی و کامەرانی بۆ کەسێک گرانە کە نەخۆشییەکی بەردەوامی هەیە یان هەست بە نیگەرانی و خەمۆکیی زۆر دەکات لە ژیان، بۆ بوونی تەندروستییەکی باش دەبێت پابەند بێت بە ڕێکخستنەوەی ژیانێکی تەندروست لەگەڵ جوولەی وەرزشی و خەوی ڕێک. (شلش ٢٠١٨)

٤ـ ئەمنیەت و ئاسایش: بوونی ئارامی و سەلامەتیی مرۆڤ هۆکارێکە بۆ بەختەوەری و شادبوون، کاتێک مرۆڤ دەگاتە حاڵەتێکی تەواو لە ئەمنیەت و بەرقەراری و ئارامبوونەوەی حاڵەتی نالەبار و خەم و خەفەت و نیگەرانی کار لە هاوسەنگیی دەروونیت ناکات. (احمد،٢٠١٧)

**تیۆری شادمانیی ڕاستەقینە/ مارتن سلیگمان:**

مارتن سلیگمان سایکۆلۆژجیستێکی گەورەیە و هەندێک بە باوکی دەروونناسیی ئەرێنی ناوی دەبەن، خاوەنی تیۆری شادمانیی ڕاستەقینەیە و سەرۆکی کۆمەڵەی دەروونناسیی ئەمریکییە، کە لە ساڵی (١٩٩٨) لە ئەمریکا دامەزراوە، سلیگمان بەردەوام کاری لەسەر لایەنە ئەرێنییەکانی تاک و ژیان کردووە و ویستوویەتی ئەو ڕێگا و فاکتەرانە بدۆزێتەوە کە ڕۆڵیان لە شادمانی و بەختەوەری مرۆڤەکاندا هەیە، هەر بۆیە هەندێک بە دامەزرێنەر و باوکی پۆزەتیڤ سایکۆلۆژی دایدەنێن، ئەگەرچی ئەمە ڕەنگە هەندێک زیادەڕۆییبێت. سلیگمان پێیوایە سێ ڕێگا هەن بۆ تیۆری بەختەوەریی ڕاستەقینە لە پۆزەتیڤ سایکۆلۆژیدا. (العتوم، ٢٠٢٠)

**ڕێگای یەکەم بریتییە لە:** ژیانێکی خۆش: ئەمە ئاماژەیە بۆ هەستکردن بە هەستێکی ئەرێنیی پۆزەتیڤ بە چەندین ڕێگا و شێوە، بەردەوام هەوڵبدەی بە خۆشی بژیت، واتە سەرچاوەکانی دڵخۆشی بەکاربێنیت، وەک خواردنی ئایس کرێم، چونکە تامی خۆشە، یان لێخوڕین و سواربوونی کەشتیی خولێنەرەوە، چونکە چێژی لێ وەردەگیرێ. بەدەستهێنانی بەختەوەری و شادمانی لەم ئاستەدا پێویستی بە هەوڵێکی کەم هەیە.

**ڕێگای دووەم بریتییە لە:** ژیانی بە کۆمەڵ و هاوبەش: ئەمەشیان بریتییە لە ژیانی هاوبەش لەگەڵ کەسانی تر، خۆشەویستی باوان و ژیانی کارکردن و توانای دروستکردنی پەیوەندیی نوێی کۆمەڵایەتی لەگەڵ

کەسانی تر و فراوانکردنی پەیوەندییەکان، هەروەها بەشداریکردنی تەواو لە چالاکییەکاندا، بە پێچەوانەی ژیانێکی خۆش ئەم شێوە بەختەوەرییە پێویستی بە هەوڵی زیاترە، کەسی ناو کۆمەڵ چالاک دەکات و پڕ لە وزەی پۆزەتیڤی دەکات. (محمود، ٢٠٢٠)

**ڕێگای سێیەم بریتییە لە** ژیانێکی مانادار: ژیانێکی مانادار واتە خزمەتکردن بە شتێک کە باوەڕت وابێت لە خود گەورەترە، هەروەها مرۆڤایەتی بۆ باوەڕبوون بەوە هەموو ئەمانەی دروستکردووە وەک: (ئاین، لایەنە سیاسییەکان، گەڕیدەیی و خێزان و... هتد ,Seligman (2011 دەکرێت بڵێین مەبەست لەم جۆرە شادمانییە توانای تاکە بۆ بەکارهێنانی تواناکانی، ئەو تاکەی کەوا لەنێو ژیانێکی بەمانا و ماناداردەژیت ئەوە ئینتمای شتی گەورەتر دەکات، تاکەکەسێک کە هەوڵی ژیانێکی تێر و تەواو بدات، هەستی ئەرێنی تاقیدەکاتەوە و بەشداری و ڕازیبوونی خۆی بەردەوام دەکات، چونکە هێزی جیاوازی خۆی بەکاردەهێنێت و ئەو توانا و هێزانە بەکاردەهێنێت بۆ خزمەتکردنی شتێکی گەورەتر بۆ بەدەستهێنانی مانا. (العتوم، ٢٠٢٠)

بە شێوەیەکی گشتی تیۆرەکەمان ئەوە ئەگرێتە خۆی کە سێ جۆری جیاوازی شادی و دڵخۆشی هەیە:

ژیانێکی خۆش (خۆشییەکان)، (ژیانێکی باش)، (ژیانێکی مانادار). دووانەکەی یەکەم تاکە کەسین, بەڵام سێیەم تا ڕادەیەک بابەتییە و تایبەتە بە ئینتیما و خزمەتکردنی شتانێک کە گەورەتر و بەنرخترە لە تەنها چێژ و ئارەزووی خود. بەم شێوەیە شادمانیی ڕاستەقینە هەر سێ نەریتەکان بەکاردەهێنێت. ژیانێکی خۆش دەربارەی بەختەوەرییە لە دیدی هیدۆنیزم (چێژ پەرستی)، و (ژیانێکی باش) دەربارەی شادمانییە لە ڕوانینی ویست و ئارەزووەوە، و (ژیانێکی مانادار) دەربارەی شادمانییە لە ڕوانینێکی بابەتییانەوە. لەسەرووی هەمووشیانەوە شادمانیی ڕاستەقینە

ڕەچاوی بوونی ژیانێکی پڕاوپڕ دەکات، ژیانێک کە هەموو کرایتێریاییێکی شادی و دڵخۆشی لەخۆبگرێت. (Seligman& Royzman, 2003)

**توێژینەوەکانی پێشوو**

١_توێژینەوەی (Seligman& Diener, 2002):

مارتن سلێگمان ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی خۆی کە بە هاوبەشی لەگەڵ دینیەر (Seligman&Diener) لەسەر هاوسەرگیری و ڕۆڵی لە دابینکردنی بەختەوەری و شادمانی بۆ دەخاتەڕوو، ئەم ڕاپرسییە لە نێو حەڤدە نەتەوەدا ئەنجامدراوە لەلایەن دەروونناسەکانەوە. ئامانجەکەی زانینی ئاستی شادمانی بوو لای ئەو کەسانەی لە پەیوەندیی خۆشەویستی یان هاوسەریدان بەراورد بەو کەسانەی کە لەو پەیوەندییەدا نین، یاخود سەڵتن. ئەنجامەکەی بەم شێوەیە دەرچووە: (سەدا ١٠) لە نموونەی توێژینەوەکە کە نمرەی بەرزیان لە شادمانی بەدەستهێنابوو هاوسەرگیرییان کردبوو، کەواتە ئەوان لەوانی تری نێو لێکۆڵینەوەکە کە ئەو ئەزموونەیان نەبوو شادمانتر بوون، لە نێو ئەو پێگەیشتووانەی کە هاوسەرگیرییان کردووە ڕێژەی (٤٠%) پێیان وایە زۆر دڵخۆش و شادمانن، لەکاتێکدا تەنها (٢٣%) لەو پێگەیشتووانەی کە هەرگیز هاوسەرگیرییان نەکردووە پێیانوایە کە زۆر دڵخۆشن. ئەم ئەنجامە دروستە بۆ هەموو ئەو نەتەوانەی ئەم ڕاپرسییەیان لە نێودا کراوە.. (Seligman, 2002, p.210)

٢_توێژینەوەی (عبدالخالق &حمودە& زین العابدین، ٢٠١٧):

(عبدالخالق & حمودە & زین العابدین): توێژەران لەساڵی (٢٠١٧) توێژینەوەیەکیان بە ناونیشانی (السعادة وارتباطها بالحياة الطيبة لدى عينة من طلبة الجامعة في الجزائر) لە زانکۆی (الجامعة الجزائر) ئەنجامدا،

نموونەکە ژمارەیان (٧٠١) قوتابی کۆلێژ بوون لە دوو کۆلێژی جیاواز لە جەزائیر، ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی دەرخستنی ڕێژەی شادمانی و پەیوەندی لەگەڵ جۆرەکانی چاکە و باوەداریێتیە، پێوەرەکان لەسەر خەملاندن و ئەساسی تەندروستیی جەستەیی، تەندروستیی دەروونی، ڕازیبون لە ژیان و باوەڕداری(خواناسی)بوون، ئەنجامەکان دەریان خست کەوا ڕەگەزی نێر ژمارەیەکی بەرزتریان لە پێوەرەکانی (پێوەری عەرەبی بۆ شادمانی)، تەندروستیی جەستەیی، تەندروستیی ڕۆحی، شادمانیان تۆمارکردبوو لەچاو مێینەکان، هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە پێوەرەکە هەبوو، بایەخدار و ئەرێنی بوون، تاکە هۆکار کە پیاوانی لە ئافرەتان جیاکردۆتەوە، لە ڕێژەی پێوەرەکە چاکە و باوەڕداریە، توێژینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشتووە کەوا ئەو کەسانەی خۆیان وا نیشاندا کە شادمانن، دەرکەوت کەوا زیاتر باوەڕدارن (خوداناسن) بە تایبەتی پیاوان. (عبدالخالق & حموده & زین العابدین،٢٠١٧، ص ٢٣٣).

٣_توێژینەوەی (قاسم & عبدالله: ٢٠١٨)

(قاسم& عبدالله) توێژەران لە ساڵی 2018 توێژینەوەیەکیان بە ناونیشانی (السعادة النفسية في علاقتها بالمرونة المعرفية والثقة بالنفس لدى عينة من طلاب الدراسات العليا بجامعة سوهاج) لە (الجامعة سوهاج) ئەنجامدا، نموونەی توێژینەوەکە بریتیبوو لە (٢٩٧) خوێندکار، لە خوێندکارانی خوێندنی باڵا لە زانکۆی سوهاج. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە مەبەست لێی دەستنیشانکردنی سروشتی پەیوەندیی نێوان شادمانیی دەروونی و هەردوو گۆڕاوی نەرمیی مەعریفی و باوەڕبەخۆبوون بوو، هەروەها نەرمیی مەعریفی و باوەڕبوون بە خود، تاچەند ڕۆڵیان لە فەراهەمکردنی شادمانیدا هەیە، بۆ بەدەرخستنی جیاوازی لە نێوان شادمانی و پەیوەندی بە نەرمیی مەعریفی و بڕوابەخۆبوون بە پێی ڕەگەز (نێر/ مێ)، و بۆ دەستنیشانکردنی ڕادەی بەشداریکردنی نەرمیی مەعریفی

و بڕوابەخۆبوون لە فەراهەمکردنی شادمانی لە نموونەی توێژینەوەکەدا، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەران دوو ڕێوشوێنیان گرتۆتەبەر؛ یەکێکیان بۆ پێوانەکردنی نەرمیی مەعریفی، ئەوی تریان بۆ پێوانەکردنی ئاستی متمانەبەخۆبوون، هەروەها پێوەری شادمانی بەکارهێنرا، توێژینەوەکە ئەوەی دۆزییەوە کە پەیوەندیەکی ئەرێنی هەیە لە نێوان شادمانی و نەرمی مەعریفی، هەروەها پەیوەندیەکی ئەرێنی لە نێوان شادمانی و باوەڕبەخۆبوون هەیە، هیچ جیاوازییەکی ئاماری لە نێوان نمرەی نێر و مێ لەسەر پێوەری شادمانی نەبوو، لە کاتێکدا کە جیاوازی بەرچاو (٠.٠١) لە نمرەکانی نێر و مێ لەسەر پێوەرەکانی نەرمیی مەعریفی و بڕوابەخۆبوون هەبوو، ئەنجامەکانیش جیاوازییان لە بەشداریکردنی گۆڕاوەکانی باوەڕبەخۆبوون و نەرمیی مەعریفی لەگەڵ ڕێژەی جیاواز و کردارێکی ئاماری بۆ شادمانبوون لە نێو نموونەی لێکۆڵینەوەکەدا نیشاندا، ئەم توێژینەوەیە گەیشت بە بوونی پەیوەندییەکی گرێدراو، کە جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ بۆ گەیشتن بە شادمانیی دەروونی لە ڕێگەی نەرمیی مەعریفی و باوڕبوون بە خود نییە، بەڵکو تاک جیاوازی دروستدەکات بۆ گەیشتن بە شادمانی لەم ڕێگەیەوە. (قاسم & عبدالله، ٢٠١٨، ص ٨٠)

**میتۆدی توێژینەوە**

**میتۆدی توێژینەوە:**

میتۆد کۆمەڵە یاسایەکی گشتییە، توێژەر پشتیان پێ دەبەستێت، بۆ ڕێکخستنی ئەو بیروبۆچوون و زانیارییانەی کە لەبەردەستیدان، ئەویش لە پێناو گەیشتن بەو دەرئەنجامانەی، کە خوازیاری گەیشتنە پێیان. بە گوزارشتێکی دیکە دەکرێ بگوترێت، میتۆد ئەو ڕێگەیەیە کە توێژەر بۆ نووسینەوەی توێژینەوەکەی پشتی پێ دەبەستێت. (فەزوڵڵا، ٢٠١٦، لا٢٦٧)

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (وەسفی-چەندیەتي) بەکارهێنراوە کە لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەگونجێت. ئەم میتۆدە بە یەکێک لەو میتۆدە نوێیانە دادەنرێت کە زیاتر لە میتۆدەکانی تر ورد و بڵاو و زانستییە، دەکرێت لە گرنگترین میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە بێت، چونکە داتای چەندی و ئامار و ئامرازەکانی شیکردنەوەی ئاماری تێدا بەکاردێت بۆ ڕوونکردنەوەی پرۆسەکان و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ناو چوارچێوەی لێکۆڵینەوە. (حسن،٢٠٠٥، ص٦٠٨)

**کۆمەڵگەی توێژینەوە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە دانیشتوانی ناو چوارچێوەی توێژینەوە, کە هەموو یەکەکانی کۆمەڵگە و ناوچەیەکی دیاریکراو لەخۆگرتووە، بۆیە کۆمەڵگەی توێژینەوە چوارچێوەیەک دروستدەکات یاخود زۆرجار پێی دەگوترێت چوارچێوەی نموونە (خمیدی، ١٩٩٩، ص ٢٧٣)، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە گەنجانی سنووری شاری سۆران و دەوروبەری, کە داتایەکی ڕوون و ئاشکرا نییە بۆ ئەوەی ڕێژەی گشتیی گەنج لە شاری سۆران چەندە، بەڵام ڕێژەی گشتیی دانیشتوانی سنووری قەزای سۆران بۆ ساڵی (٢٠٢٠) بریتییە لە (٢٠٥،٢٤٨) کەس. (ب. ئ. سۆران)

**نموونەی توێژینەوە:**

نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە لاو و توێژی گەنجان کە لە (١٢٠) کەس پێکهاتبوون بە شێوەیەکی هەڕەمەکی مەبەستدار هەڵبژێردراون کە (٦٠)ی لە ڕەگەزی مێ و (٦٠)ی لە ڕەگەزی نێر بوون،

کە بەپێی گۆڕاوی باری خێزانی (خێزاندار/ سەڵت) و باری ئابووری وەرگیراون، وەک لە خشتەی ژمارە (١) ئاماژەی پێکراوە.

خشتەی ژمارە (١) نموونەی توێژینەوە

| رەگەز | | باری خێزانی | | باری ئابوری | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | مێ | سەڵت | خێزاندار | باش | خراپ | مامناوەند |
| 60 | 60 | 60 | 60 | 22 | 7 | 91 |
| کۆی گشتی 120 | | کۆی گشتی 120 | | کۆی گشتی 120 | | |

## ئامرازەکانی توێژینەوە:

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پشتیان بەستووە بە ئامرازی ڕاپۆرتیی خودی، ئەویش بە بەکارهێنانی پێوەری (oxford happiness questionnaire)، ئەم پێوەرە لە ساڵی ٢٠٠٢ لە لایەن زانای سایکۆلۆجیست (Michael Argyle& peter Hills) لە زانکۆی ئۆکسفۆرد بەکارهاتووە، لە ٢٩ برگە پێکهاتووە. هەڵبژاردنەکانی بریتی بوون لە (زۆر ناڕازیم، ناڕازیم، تاڕادەیەک ناڕازیم، تاڕادەیەک ڕازیم، ڕازیم، زۆر ڕازیم).

### ڕاستگۆیی وەرگێران بۆ پێوەری شادمانی:

ئەم پێوەرە لە بنچینەدا بە زمانی ئینگلیزی بنیادنراوە، بەڵام توێژەران پێوەرەکەیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. بۆ ئەم مەبەستە هەڵسان بە دەستنیشانکردنی کەسێک لە پسپۆڕی زمانی ئینگلیزی تاوەکو پێوەرەکە وەربگێرێتەوە سەر زمانی کوردی، پاشان وەرگێڕانە کوردییەکە خرایە بەردەستی کەسێکی تر کە شارەزایی لە زمانی کوردی و ئینگلیزی هەبێت،

بە بێ ئەوەی پێوەرە ڕەسەنەکەی ئینگلیزی ببینێت، جارێکی تر پێوەرەکە کرایەوە بە ئینگلیزی، دواتر هەردوو وەرگێڕانەکە خرانە بەردەستی پسپۆڕێکی بواری دەروونزانی و شارەزا لە زمانی ئینگلیزی بۆ ئەوەی بەراوردی نێوان کوردییەکە و ئینگلیزییەکە بکات و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات، دواتر ڕێژەی سەدی بۆ پێوەرەکە و هەڵسەنگاندنەکە دەرهێنرا کە بریتییە لە .(89%)

خشتەی ژمارە (٢) ڕاستگۆیی وەرگێڕان

| ناوی وەرگێڕەکان | پلەی زانستی | پسپۆڕی | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|
| کاروان کاکەبرا کاکەمەد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەروونزانیی زمانەوانی | زانکۆی سۆران |
| سعید محمد نوری | مامۆستا | دەرونزانیی مەعریفی | زانکۆی سەلاحەدین |
| سەروان صدیق حسین | مامۆستا | زمانی ئینگلیزی | زانکۆی سۆران |
| ئاکام أحمد علی | مامۆستا | زمانی ئینگلیزی | زانکۆی سۆران |

**ڕاستگۆیی ڕووکەشی:**

مەبەست لە ڕاستگۆیی بریتییە لە دڵنیابوون لە ڕاست و دروستیی بڕگەکان لە ڕووی ڕێزمانی و گونجان لەگەڵ گۆڕاوەکان، بۆ ئەم مەبەستە توێژەران هەڵسان بە دروستکردنی فۆڕمێکی تایبەت بە ناوی (فۆڕمی شارەزایان)، کە بەسەر (٥) کەسی شارەزا و پسپۆڕ دابەشکرا، دوای وەرگرتنی ڕای شارەزایان دەرکەوت کە ڕێژەیی ڕاستگۆیی بریتییە لە (%٩٩) ئەمەش ڕێژەیەکی باشە و تواناى فۆڕمەکە دەسەلمێنێ بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە، وەک لەم خشتەیەدا ئاماژەی پێکراوە.

خشتەی ژمارە (٣) ڕاستگۆیی ڕووکەشی

| ژمارە | پسپۆڕان | برگەکان | گونجاو | نەگونجاو | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| 1 | د. ئاراز حکیم رضا | 29 | 29 | | 100% |
| 2 | د. کارزان عبدالرحمان حسن | | 28 | 1 | 96,55% |
| 3 | د. روناک حمید عثمان | | 29 | | 100% |
| 4 | م. زانا حسن بابکر | | 29 | | 100% |
| 5 | م. فرمان حسن عەولا | | 29 | | 100% |

## جێگیری:

مەبەست لە جێگیریی فۆرم بریتییە لە دڵنیابوون لە گونجانی فۆڕمەکە بۆ گونجان لەگەڵ توێژینەوەکە، بۆ ئەم مەبەستە توێژەران (١٥) فۆڕمیان بەسەر گەنجان دابەشکرد، دواتر داتاکان داخلی بەرنامەی SPSS کران و دەرکەوت جێگیری بۆ فۆڕمەکە بەهۆی (Cronbach's Alpha) دەکاتە (%٨٣) a=٠,٨٣ بەمەش ڕێژەکەی جێگای متمانە و دڵنیایی دەدات بە فۆڕمەکە هەروەک لەم خشتەیە ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٤) جیگیریی ناوەوە

| N of items | Cornbrash's Alpha |
| --- | --- |
| 15 | %83 |

**کەرەستە ئامارییەکان:**

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پشتیان بەستووە بە کۆمەڵێک کەرەستەی ئاماری، ئەوانیش: ڕاپۆرتی خودی کە زانیاری دەگۆڕێت بۆ ژمارە، هەروەها بەشێک لە ئامرازەکانی بەرنامەی (SPSS) وەکو (Cronabach's Alpha) کە بەکاردێت بۆ دەرهێنانی جێگیریی ناوەوە، و (T-Test) بەکاردێت بۆ جیاوازیکردنی نێوان دوو ئاست، هەروەها (ANOVA) کە بەکاردێت بۆ ئەو گۆڕاوانەی زیاترن لە دوو ئاست، هەروەها بەکارهێنانی ناوەندی ژمێریاری و ناوەندی گریمانی بۆ دیاریکردنی ڕێژەی بەرزی و نزمیی ئاستەکان.

**کۆکردنەوەی داتا:**

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پشتیان بەستووە بە ڕاپۆرتی خودی، چونکە بە شێوەیەکی سادە و ساکار داڕێژراوە بە جۆرێک لەگەڵ نموونەی توێژینەوەکە بگونجێت، دوای دڵنیابوون لە جێگیریی پێوەرەکە، توێژەران لە (١٩/١/٢٠٢١)، بە شێوەی ئۆنلاین (google form) بە هەڕەمەکی پرسیارنامەکەیان بڵاوکردەوە، داوایان لە گەنجان کرد بەشداری توێژینەوەکە بکەن و ئامانج و مەبەستەکانی ئەم توێژینەوەی بۆ ڕوونکردنەوە، ئەوانیش ڕەزامەندییان دەربڕی، بەخۆبەخشانە بەشداری توێژینەوەکە بکەن. جێگای ئاماژەیە لە پرسیارنامەکەدا تەواوی زانیاری و ڕێنماییە پێویستەکان ئاماژەیان پێدرابوو و ڕوونکرابوونەوە.

**ئەنجامەکان و شیکردنەوەی داتاکان**

لەم بەشەدا ئەنجامەکان دەخەینەڕوو و شیکردنەوەیان بۆ دەکەین بە گوێرەی ئامانجەکان هەروەها بەراوردیان دەکەین بە توێژینەوەکانی پێشوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## ئامانجی یەکەم/ زانینی ئاستی شادمانی لای گەنجان بە گشتی:

دوای ئەوەی داتاکان داخلی بەرنامەی (SPSS) کران بە گوێرەی ئامانجی یەکەم دەرکەوت بە قەبارەی نموونەی (١٢٠) کەس، ناوەندی ژمێریاری دەکاتە (١١٧,٢٥) بە لادانی پێوەری (١٨,٢٣)، لە کاتێکدا ناوەندی گریمانی دەکاتە (١٠١,٥) و بەهای T دەکاتە (١٨,١٧) هەروەها بەهای sig دەگاتە (٠,٠٠٠) بە ئاستی گوزارەشتی (٠,٠٥) ئەمەش دەریدەخات کە بەڵگەداری ئاماری هەیە و گەنجان بە گشتی شادمانن بە ڕێژەیەکی بەرز، هەروەک لە خشتەی ژمارە (٥) ئاماژە پێکراوە.

خشتەیی ژمارە (٥) زانینی شادمانی بە گشتی

| قەبارەی نموونە | ناوەندی ژمێریاری | ناوەندی گریمانەی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای T دەرهێندراو | بەهای (sig) | ئاستی گوزارەشت 0,05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 120 | 117,25 | 101,5 | 18,23 | 119 | 18,17 | 0,000 | بەلگەداری ئاماری هەیە |

## ئامانجی دووەم /زانینی ئاستی شادمانی لای گەنجان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر_مێ).

ئەنجامەکان بۆ ئامانجی دووەم بە پێی یاسای (T-Test) دەریان خست کە ناوەندی ژمێریاری بۆ ڕەگەزی نێر دەکاتە (١١٧,٤٠) بە لادانی پێوەری (١٤,٧١) بۆ قەبارەی نموونەی (٦٠) کەس، هەروەها ناوەندی ژمێریاری بۆ ڕەگەزی مێ دەکاتە (١١٧,١٠) بە لادانی پێوەری (٢١,٣٠) بۆ قەبارەی نموونەی (٦٠) کەس لە ڕەگەزی مێ. هەروەها بەهای T دەکاتە (٠,٠٩)، و بەهای (sig) دەرهێنراو دەکاتە (٠,٩٢) و لە ئاستی گوزارشتی (٠,٠٥) ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەڵگەداری ئاماری نییە، و هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە ئاستی شادمانی، چونکە

بەهای sig گەورەترە لە ئاستی گوزارشتی (٠,٠٥)  هەروەک لە خشتەی ژمارە (٦) ئاماژە پێکراوە.

خشتەی ژمارە (٦) زانینی ئاستی شادمانی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| ڕەگەز | قەبارەی نموونە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پیوەری | نمرەی ئازاد | بەهای T دەرهێندراو | بەهای (sig) | ئاستی گوزارشت لە 0,05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 60 | 117,40 | 14,71 | 118 | 0,09 | 0,92 | بەڵگەداری ئاماری نیە |
| مێ | 60 | 117,10 | 21,30 | | | | |

## ئامانجی سێیەم /زانینی ئاستی شادمانی لای گەنجان بەپێی گۆڕاوی باری خێزانی (سەڵت- خێزاندار)

ئەنجامەکان بۆ ئامانجی سێیەم بە پێی یاسای (T-Test) دەریان خست کە ناوەندی ژمێریاری بۆ سەڵت (١١٤,٥٨) بە لادانی پێوەری (١٨,٧٣) بۆ قەبارەی نموونەی (٦٠) کەس، هەروەها ناوەندی ژمێریاری بۆ کەسانی خێزاندار دەکاتە (١١٩,٩١) بە لادانی پێوەری (١٧,٤٧) بۆ قەبارەی نموونەی (٦٠) کەس. هەروەها بەهای T دەکاتە (-١,٦١)، و بەهای (sig) دەرهێنراو دەکاتە (٠,١٠) و لە ئاستی گوزارشتی (٠,٠٥) ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەڵگەداری ئاماری نیە، وە هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان کەسانی سەلت و خێزاندار لە ئاستی شادمانی، چونکە بەهای sig گەورەترە لە ئاستی گوزارەشت (٠,٠٥) هەروەک لە خشتەی ژمارە (٧) ئاماژە پێکراوە.

خشتەیی ژمارە (٧) زانینی ئاستی شادمانی بەپێی گۆڕاوی باری خێزانی

| باری خێزانی | قەبارەی نموونە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای T دەرهێندراو | بەهای sig | ئاستی گوزارشت لە 0,05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەلت | 60 | 114,58 | 18,73 | 118 | -1,61 | 0,10 | بەڵگەداری ئاماری نیە |
| خێزاندار | 60 | 119,91 | 17,47 | | | | |

## ئامانجی چوارەم/ زانینی ئاستی شادمانی بەپێی گۆڕاوی باری ئابووری ( باش_ مام ناوەند_خراپ)

ئەنجامەکان بۆ ئامانجی چوارەم بە داخلکردن و بە تاڵکردنەوەی بە یاسای (ANOVA) دەریانخست کە ناوەندی ژمێریاری بۆ ئەو کەسانەی کە باری ئابوورییان باشە، دەکاتە (١٢٠,١٣) بە لادانی پێوەری (٢٠,٢٧)، وە ناوەندی ژمێریاری ئەو کەسانەی باری ئابووریان مام ناوەندە دەکاتە (١١٧,٧٤) بە لادانی پێوەری (١٧,٤٦) ناوەندی ژمێریاری بۆ ئەو کەسانەی باری ئابوورییان خراپە، دەکاتە (١٠١,٧١) بە لادانی پێوەری (١٦,١٨) هەروەها بەهای (F) دەکاتە (٢,٩٤) لە ئاستی گوزارشتی (٠,٠٥)، و بەهای (sig) دەکاتە (٠,٠٥) ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەڵگەداری ئاماری هەیە، واتە جیاوازی لە نێوانیان لە ئاستی شادمانی بەپێی گۆڕاوی باری ئابووری هەیە، ئەوانەی باری ئابوورییان باشە شادمانترن لەو کەسانەی کە باری ئابوورییان ناوەندە، و ئەوانەی باری ئابوورییان ناوەندە شادمانترن لەوانەی باری ئابوورییان خراپە.  هەروەک لە خشتەی ژمارە (٨) نیشاندراوە.

خشتەی ژمارە (٨) زانینی ئاستی شادمانی بەپێی گۆڕاوی باری ئابووری.

**گفتوگۆی ئامانجەکانی توێژینەوە بە پێی ئەنجامەکان و بەراوردکردنی لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو:**

دوای ئەوەی داتاکان داخلی بەرنامەی (SPSS)کران و بەتاڵکرانەوە بە گوێرەی ئامانجی یەکەم دەرکەوت کە بەڵگەداری ئاماری هەیە و گەنجان بە گشتی شادمانن، ئەمەش پاڵپشت بە توێژینەوەی (عبدالخالق & حمودە & زین العابدین،٢٠١٧) کە دەردەخات  بە گشتی نموونەی توێژینەوەکە شادمانن و ئەو کەسانەی ئاستی چاکە و باوەڕداریەتییان بەرز و زۆرە ئەوا شادمانترن.

هەروەها ئەنجامەکان بۆ ئامانجی دووەم دەیسەلمێنێت کە بەڵگەداری ئاماری نییە، و هیچ جیاوازییەک لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە ئاستی شادمانی نییە، ئەمەش هاوشێوەی توێژینەوەی (قاسم & عبدالله، ٢٠١٨) کە دەریخست جیاوازییەک لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ بۆ گەیشتن بە شادمانی دەروونی لە ڕێگەی نەرمیی مەعریفی و باوڕبوون بە خود نییە. بەڵکو تاک جیاوازی دروست دەکات بۆ گەیشتن بە شادمانی لەم ڕێگەیەوە.

هەروەها  ئەنجامەکان بۆ ئامانجی سێیەم دەیسەلمێنێت کە بەڵگەداری ئاماری نییە، و هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان کەسانی سەڵت و خێزاندار لە ئاستی شادمانی، ئەمەش پێچەوانەی توێژینەوەی (Seligman&Diener, 2002) کە دەریدەخات ئەوانەی هاوسەرگیرییان ئەنجامداوە شادمانترن لەوانەی کە سینگڵن. هەروەها ئەنجامەکان بۆ ئامانجی چوارەم دەیسەلمێنێت کە بەڵگەداری ئاماری هەیە، واتە جیاوازی لە نێوانیان لە ئاستی شادمانی بەپێی گۆڕاوی باری ئابووری هەیە، ئەوانەی باری ئابوورییان باشە شادمانترن لەو کەسانەی کە باری ئابوورییان ناوەندە، و ئەوانەی باری ئابوورییان ناوەندە

شادمانترن لەوانەی باری ئابوورییان خراپە.  لێرەدا دەتوانین چەند هۆکارێک بخەینەڕوو بۆ شادبوون و بەختەروەری.

زانایانی زانستی دەرونزانی وای بۆ دەچن کە لە نێوان زۆربەی ئەو شتانەی مرۆڤ کامەران و شادمان دەکات بوونی هەست و سۆز و چاکە و پاکیی کەسێکە بۆ کەسانی بەرانبەر، ئەگەر خەڵکی لە ژیان پێویستیان بە هیچ شتێک نەبێت، بێگومان پێویستییان بە هەست و سۆزی کەسانی تر دەبێت. هەروەها ماڵ و سامان، بوونی ماڵ و سامان ڕەنگدەداتەوە لە بوونی بەختەوەری بەسەر کەسێکەوە، ئەو ماڵ و پارەیەی بەدەستی دەهێنێت بە شێوەیەکی بەرچاو هۆکارە بۆ دابینکردن و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە و چێژبینین لە ژیان و فەراهەمکردنی ساتە خۆشەکان. یان کاتێک کەسێک لە یەک ساڵ ٥٠ هەزار دۆلار بەدەستدەهێنێت زیاتر هەست بە دڵخۆشی و شادمانی دەکات لە کەسێکی تر کە ١٠ هەزار دۆلاری بەدەستهێناوە. (شلش ٢٠١٨)، ژیان بۆ ئەوەیە بە شادمانی و دڵخۆشیەوە بیبەینەسەر، نەبووە کەسێک هەبێ یان هەبووبێ نەیویستبێ هەرگیز دڵخۆش و بەختەوەربێت. هەموو ئەو ئامراز و ئامێر و سیستمانەی مرۆڤ بە درێژایی مێژوو دروستیکردوون و بەرهەمیهێناون، بۆ هێنانەدیی شادی و بەختەوەری دەروونی بوون. لە وڵاتە گەشەکردووەکان حکومەتەکان و دامەزراوە جۆراوجۆرەکان ئیش لەسەر هێنانەدیی شادمانی و ئاسوودەکردنی تاکەکانیان دەکەین، ساڵانەش ڕێکخراوی وایان هەیە ڕێژەکانی شادمانی لە داتابەیس و دایاگرامی جیاجیادا بۆ دنیا دەخەنەڕوو. شادمانی لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان وەک دۆخێکی دەروونیی عەقلانیی لێیدەڕوانرێ و هەر لە چوارچێوەی پلانی عەقلانیی سیاسی و ئابووری و کلتووری و... تاد وەک ستراتیژ هەوڵی هاتنەدیی زیاتر و بەرهەمهێنانی زیاتر دەدرێ، لە کلتووری ئێمەدا شادمانی باس و بابەتێکی جیددی نییە و نە لە دابونەریتماندا ئەو ڕووبەرە فراوانەی هەیە و نە لە دین و ئیمانماندا و نە لە بواری پەروەردە

و فێربووندا و نە لە بواری سیاسەت و حوکمڕانیدا ئەو گرنگی و بایەخەی هەیە، بە واتایەکی دیکە لە هیچ یەک لەم بوارانەدا نەبووەتە ئامانج و هەوڵی هێنانەدی نادرێت وەک ئامانج و پێویستیی یەکەم. کارکردن و گرنگیدان بە بابەتی شادی و بەختەوەریی مرۆڤەکان دەبێ ئامانجی یەکەمی کۆمەڵگە و حوکمەت و دامەزراوەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگە بێت و هەموو ئەو فاکتەرانە فەراهەمبکەن، کە دەبنە هۆی ئاسوودەیی و شادی و بەختەوەریی تاکەکان، چونکە دواجار هەر تاکی شاد و بەختەوەرە کۆمەڵگەیەکی شاد و بەختەوەر بەرهەمدەهێنێت.

**ڕاسپاردە:**

لێرەدا توێژەران چەند ڕاسپاردەیەک دەخەنەڕوو بۆ لایەنی پەیوەندیدار لەم بوارەدا:

١_دامەزراندنی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری پەرەپێدانی پەروەردەیی و خێزانی و مرۆیی بە ئامانجی وشیارکردنەوەی گەنجانی کۆمەڵگە.

٢_دەرفەتی زیاتر بدرێت بە گەنجان بۆ ئەوەی توانا و بەهرەکانیان پەرەپێبدەن و لە بوارە جیاوازەکاندا. هەلی کاری زیاتریان بۆ بڕەخسێت.

٣_زانکۆکانی کوردستان بە گشتی کار بکەن لەسەر لایەنی دەروونی هەموو گەنجێک، بۆ ئەوەی دووربن لە هەموو کێشە و گرفتە دەروونی و کۆمەڵاییەکان.

٤_حکومەت و خێزان و کۆمەڵگا زیاتر گرنگی بە گەنجان بدەن و یارمەتییان بدەن لە بنیادنانی ژیانیان.

٥_ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر بۆ گەنجان لەلایەن حکومەت و دامودەزگا ئەهلی و حکومییەکان بە ئامانجی باشترکردنی باری ئابووری و بژێویی ژیانیان.

**پێشنیاز:**

توێژەران کۆمەڵێک پێشنیاز بۆ توێژەرانی دوای خۆی دەخاتەڕوو بە ئامانجی زیاتر بایەخدان بەم بابەتە ئەوانیش:

١_توێژینەوەیەک ئەنجامبدرێت سەبارەت بە بەختەوەری و پەیوەندی بە توانستی ئەکادیمی.

٢_توێژینەوەیەک ئەنجامبدرێت سەبارەت بە پێوانەی بەختەوەری لای کەسانی سەڵت/ خێزاندار/ کەسانی جیابووەوە یاخود تەڵاقدراو.

٣_توێژینەوەیەک ئەنجامبدرێت سەبارەت بە شادمانی و پەیوەندی بە پاپەندبوونی ئاینییەوە.

٤_توێژینەوەیەک ئەنجامبدرێت سەبارەت بە بوونی کاریگەری بوونی هەلی کار و مووچە لەسەر دروستبوون و فەراهەمبوونی شادمانی لای گەنج بە گشتی.

٥_توێژینەوەیەک ئەنجامبدرێت سەبارەت بە شادمانی و پەیوەندی بە هۆشیاریی خود لە نێوان کەسانی سەڵت و خێزاندار.

## لیستی سەرچاوەکان

## سەرچاوەی کوردی:

١_ئیستۆپ، ئانتۆنی (٢٠١٩)، نەست لە دەروونشیکاریی فرۆید و لاکان دا، و: وەلید عومەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی

٢_حوسێن، محەمەد تەها (٢٠١٧)، سایکۆلۆجیای کەسێتی ـ کەسێتی کورد لەبەر ڕۆشناییی ڕوانگە جوداکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

٣_حوسێن، محەمەد تەها (٢٠١٩)، سایکۆلۆژیای خۆشەویستیی، بەراوردکاییەک لە نێوان هەڵچوون و عەقلانییەتدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی فێربوون.

٤_عزیز، عزالدین أحمد (٢٠٢٠)، سایکۆلۆژیای ئەرێنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی فێربوون، هەولێر.

٥_فرۆم، ئەریک(٢٠١٥)، بەناوی ژیانەوە، و: ئازاد بەرزنجی، چاپی پێنجەم، چاپخانەی چاپخانەی ئەندێشە، بلاوکراوەی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە، سلێمانی.

٦_فەزوڵڵا، حوسێن نزار(٢٠١٦)، پوختەیەک لە ڕێبازی توێژینەوە، و:نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی/هەولێر.

سەرچاوەی فارسی:

١ـ فرانکلین، ساموئیل(١٣٨٩ش ــ ٢٠٠٩م)، روانشناسی شادکامی، ترجمە د. جعفر نجفی زند، چ، اول، انشتارات سخن، تهران.

**مصدر عربي:**

١_حسن، محمد حسن(٢٠٠٥)، مناهج البحث الأجتماعي، دار وائل للنشر، الطبعة الأولى، عمان

٢_خميدى، مجدالدين عمر(١٩٩٩)، علم الأجتماع، الموضوع و المنهج، دار المجد لاوى، ط ١، عمان.

٣_الرباعي، سعاد ياسين(٢٠١٣)، الشعور باالسعاده و علاقته بالعوامل الخمسه الكبرى للشخصيه لدى عينه من طلبه جامعه دمشق، رساله ماجستير فى علم النفس التربوي، فى جامعه دمشق،كليه التربيه، قسم علم النفس.

٤_قاسم، د. أمنة قاسم إسماعيل & عبدالله، د.سحر محمود محمد(٢٠١٨)، السعادة النفسية في علاقتها بالمرونة المعرفية والثقة بالنفس لدى عينة من طلاب الدراسات العليا بجامعة سوهاج، المجلة التربوية- العدد الثالث والخمسون-- يوليو ٢٠١٨م، ص ٨٠

٥_عبدالخالق، أحمد محمد& حموده، سليمة& زين العابدين، فارس، ٢٠١٧)، السعادة وارتباطها بالحياة الطيبة والتدين لدى عينة من طلبة الجامعة في الجزائر، مجلة العلوم الإنسانيةو الإجتماعيه، العدد ٣١، ديسمبر ٢٠١٧.

_6أبو دوله، عنان(٢٠١٨)، ما معنى السعاده الحقيقيه، موقع موضوع، أخر تحديث ٢١أبريل ٢٠١٨،اونلاين.
https://mawdoo3.com/%D9%85%D8%A7_%D9%85%D8%B9%D9%86%D9%89_%D8%A7%D9%84%D8%B3%D8

٧_احمد، دينا(٢٠١٧)، مفهوم السعاده الحقيقيه و اسبابها و كيفيه الحصول عليها، موقع كلمتين، اونلاين.سايت..٧نوفمبر٢٠١٧..اخرتحديث ٢٠٢١/١/٤
https://www.kelmeten.com/3966/%D9%85%D9%81%D9%87%D9%88%D9%85-

٨_البوريني، عاتكه(٢٠١٨)، أسباب السعاده الحقيقيه، موقع موضوع،اونلاين سايت..١٣فبراير ٢٠١٨.اخر تديث..٢٠٢١/١/٣.
https://mawdoo3.com/%D8%A3%D8%B3%D8%A8%D8%A7%D8%A8_%%B3%D8%A7%D9%84%D8

٩_التحرير، فريق( ٢٠١٧)، السعاده.. معناها و أنواعها و أسبابها و نصائح للوصول إليها، كلمتين،اونلاين،سايت..٧نوفمبر٢٠١٧..اخرتحديث..٢٠٢٠/١٢/٢٩
https://www.kelmeten.com/3973/%D8%A7%D9%84%D8%B3%D8%B9%D8%A7%D8%AF%D8%A9-/

١٠_خليل. فاطمه(٢٠١٩)، الطب النفسى هيقولك ٥ أنواع من السعاده..اعرفها، يومح، اونلاين،سايت...٢٥يونيو٢٠١٩..اخرتحديث ٢٠٢٠/١٢/٣١
https://m.youm7.com/story/2019/6/25/%D8%A7%D9%84%D8%B7%D8%A8-%D8%A7%D9%84%D9%86%D9%8

١١_شلش، هديل(٢٠١٨)، من أسباب السعاده، موقع موضوع، اونلاين سايت، ١٨يوليو ٢٠١٨...اخرتحديث..٢٠٢١/١/٤
https://mawdoo3.com/%D9%85%D9%86_%D8%A3%D8%B3%D8%A8%D8%A7%D8%A8_%D8%A7%D9%84

١٢_العتوم، روان(٢٠٢٠)، نظرية السعادة الحقيقية في علم النفس الإيجابي، موقع عربي، اونلاين،١٠سبتمبر٢٠٢٠...اخرتحديث٢٠٢٠/١/٨ https://e3arabi.com/%D8%A7%D9%84%D8%B9%D9%84%D9%88%D9%85-%D8%A7%

١٣_محمود، دينا(٢٠٢٠)، نظريات علم النفس الإيجابي، موقع المرسال، اونلاين، ١مايو٢٠٢٠...اخرتحديث٢٠٢٠/١/٨ https://www.almrsal.com/post/909362#%D9%86%D8%B8%D8%B1%D9%8A%D8%A9_%D8%A7%D

**English References:**

1-Seligman, M(2002), Authentic Happiness-- Using the new Positive Psychology to Realize Your Potential For Lasting FulFillment, Edition one, The free.. ADivision of simon& schuster, lnc, newyork.

2-Diener, R, B & Tamir, M & Diner, E، (2004)، The psychology of subjective well-being, publ.. bye: The MIT press on behalf of american academy of arts&science

3-Dault,M (2011), 10 Sign of happiness, readersdigest.ca.online cites, updated18jan, 2011..visted 4/1/2021..https://www.readersdigest.ca/health/healthy-living/10-signs-happiness/

4-Davis, T(2020), what is happiness, anyway, psychology today, online, updated,26sep2020...viseted 29/12/2020...https://www.psychologytoday.com/us/blog/click-

5-Holmes, L( 2017), 14 signs you´re Really Happy ( And How To stay That way), huffpost.com, online cites.updated 6dec 2017..

visted 20/1/2014.. https://www.huffpost.com/entry/signs-youre-a-happy-perso_n_4618461

6-Khoddam R(2015), whats your defintion of happiness? Psychology today, online cites,updated16jun2016.Visted15/12/2020.https://www.psychologytoday.com/us/blog/the-

7-Murray,D(2014),7 kinds of happiness, Head hearth hand, online cite.. updated,17/9/2014. visted31dec2020...https://headhearthand.org/blog/2014/09/17/7-

8-Rinpoche, Kh, P, Sh& Rinpoche, Kh, T, D,(2016), The four causes of Happiness_ Padamasambhava.Buddhist.center.Padmasambhava.org,onlinecite. updated...17sep,2016..visted3/1/2021..
https://www.padmasambhava.org/sermon/the-four-causes-of-happiness/

9-Seligman, M(2011),what is well-Being?| authentic happiness.. online cites..updatedApril 2011..visted 10/1/2021...https://www.authentichappiness.sas.upenn.edu/lear

10-Seligman, M. E.P& Royzman, E(2003), Happiness: the three traditional theories, Authentichappiness.sas.upenn.edu.onlinecites..visted4jan2021..
https://www.authentichappiness.sas.upenn.edu/newsletters/authentichappiness/happiness

11-Diener, E(2021), Happiness: The Science of subjective well-being, online cites.. nobaproject.com.https://nobaproject.com/modules/happiness-the-science-of-subjective-well-

**Abstract:**

This research entitled (measurement of happiness for youth in Soran district) the Aim of this paper is measuring the level of happiness in young people generally, based on gender, marital status (single/ married) and financial status. Researchers used (quantitative descriptions) method. The participants of this research are lives in Soran district. The sample size is (120) participants. chosen purposefully random. 60of them were male and 60 were female. After results entered SPSS program, the results came out as young adults' level of happiness was high, and revealed that there is not difference between male and female in the level of happiness as well as no different levels in married people compared to single ones, generally people with good financial status were happier than those with medium level of finance, and they were happier than those with poor financial status.

Keywords: happiness – young

**ملخص:**

هذا البحث تحت عنوان (قياس السعادة للشباب في منطقة سوران) الهدف من هذا البحث هو قياس مستوى السعادة لدى الشباب بشكل عام حسب الجنس والحالة الاجتماعية (أعزب / متزوج) والوضع المالي. استخدم الباحثون طريقة (المنهج الوسفى). الأشخاص الذين شاركوا في هذا البحث كانوا من منطقة سوران، وتم اختيار عدد (١٢٠) عينة عشوائية هادفة. ٦٠ منهم من الذكور و ٦٠ من الإناث. بعد دخول النتائج إلى برنامج SPSS ظهرت النتائج حيث كان مستوى السعادة لدى الشباب مرتفعًا ، وكشفت أنه لا يوجد فرق بين الذكور والإناث في مستوى السعادة وكذلك عدم وجود مستويات مختلفة لدى المتزوجين مقارنة بالأفراد غير المتزوجين. كان الوضع المالي الجيد أسعد من ذوي المستوى المتوسط من التمويل، وكانوا أكثر سعادة من أولئك الذين يعانون من ضعف الوضع المالي.

https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2253.14

e-ISSN (2617-0752)          p-ISSN (2617-0744)

# داستانی پاشا ئیتانا و ڕەنگدانەوەی لە هونەر و ویژەی زاگرۆسدا

م. ی. وفاء طاهر محمد          پ. ی. د. دڵشاد عزیز مارف

بەشی شوێنەوار، ک. زانستە مرۆڤایەتییەکان، ز. سلێمانی

Wafa.Tahir@univsul.edu.iq          Dlshad.marf@univsul.edu.iq

**پوخته**

ویژە و هونەری میسۆپۆتامیا و زاگرۆس بە کۆنترین نموونەکانی ویژە و هونەری دادەندرێن لە خستنەڕووی چیرۆک و داستان و ئەفسانەکاندا و بڵاوکردنەوەی بە ڕۆژهەڵاتی دێریندا. یەکێک لەو بەرهەمە ویژەییە فۆلکلۆرییانەی کە لە ویژەی سومەری و ئەکەدیی و عیلامی و بابلی و ئاشورییەکاندا بە چەندین دەقی مێخی و بە درێژایی هەزارەی سێیەم و دووەم و یەکەمی پێش زاین چەند جارێک دووبارە تۆمارکراوەتەوە، داستانی پاشا ئێتانایە، کە پاشایەکی سومەری بووە لە دەوڵەتە شاری کیش و کوڕی نەبووە تا ببێتە شازادەی جێنشینی، و لەسەر پشتی باڵندەیەک فڕیوە بۆ لای خواوەندی ئاسمان (ئانو) تا کوڕێکی پێ ببەخشێت.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ بەدەستهێنانی وەڵامی چەند پرسێکی زانستی، ئایا تا ئێستا هیچ دەقێکی مێخی لە ناوچەکانی زاگرۆس باسی ئەم داستانەی کردووە؟ ڕووداوەکانی یاخود کەسایەتییەکانی ناو داستانەکە تا چ ڕادەیەک پەیوەندییان بە ناوچەکانی زاگرۆسەوە هەیە؟ و بە چ شێوەیەک دیمەن و کەسایەتییەکانی ناو داستانەکە لە هونەری زاگرۆسدا ڕەنگیداوەتەوە؟ ئایا هیچ جیاوازییەک لە نێوان وێناکردنی کەسایەتییەکان و ڕووداوەکانی ئەم داستانە لە هونەری زاگرۆسدا هەیە، لەگەڵ هاوشێوەکانی لە میسۆپۆتامیا و ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی دێریندا؟ ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ناوەڕۆکی داستانەکە، لە هونەر و ئەدەبی زاگرۆسدا ڕوویانداوە و تا چەندێک پەیوەندییان بە ناوچەکانی زاگرۆس و لێکدانەوەی ڕووداوە سیاسییەکانەوە بووە؟

**داستانی پاشا ئیتانا**

**و ڕەنگدانەوەی لە هونەر و ویژەی زاگرۆسدا**

**پێشەکی**

داستانی ئیتانا یەکێکە لە بەناوبانگترین داستانەکان و بڵاوترینیان، لە ویژەی میسۆپۆتامیا و ناوچەکانی دەوروبەریدا بڵاوبووەتەوە، بێگومان نووسەر و دانەری ئەم داستانە دیارنییە، لەوانەیە بەرهەمێکی فۆلکلۆربووبێت و نووسەرە سومەرییەکان دایانڕشتبێتەوە. مێژووی ئەم داستانە بۆ نیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە.

ئەم داستانە بە سێ کۆپی لەسەر ١٦ تابلێتی قوڕ و پارچە تابلێتێک نووسراوەتەوە، بە نزیکەیی ٤٥٠ دێڕ دەبێت، ئەم کۆپییە جۆراوجۆرانە لە وڵاتی بابل، لە شاری ئاشور (پایتەختی ئاشورییەکانە) و کۆپییەکی تریش لە شاری سوسەی عیلامییەکان دۆزراونەتەوە (الحیالی، ٢٠١٦، ١٣٠). کۆنترینیان، واتە کۆپیی یەکەم لە سەردەمی بابلی کۆن لە دەوروبەری (١٨٠٠-١٥٩٥پ. ز.)، کۆپیی دووەم لە سەردەمی ئاشوری ناوەڕاست لە دەوروبەری (١٥٠٠-١٠٠٠پ. ز.)، و کۆپیی سێیەم لە سەردەمی ئاشوری نوێ بۆ دەروبەری ساڵانی (٧٥٠-٦١٠ پ. ز.) نووسراوەتەوە (Novotany, 2001, p. xi).(دەڕواندرێتە خشتەی ژمارە ١).

هەرچەندە ئەم ئەفسانەیە کۆکراوەتەوە و وەرگێڕدراوە، بەڵام تا ئێستا دەقێکی تێر و تەواومان لە بارەی ناوەرۆکی ئەم داستانەوە لەبەردەست نییە، ئەوەی لە ئێستادا دەیزانین زنجیرەیەکی پەرتەوازەویە و چەندین شکاوی تێدایە (الشواف، ١٩٩٧، ٤٨٨). بە شێوەیەکی گشتی ناتەواوی لە هەر سێ کۆپییەکەی ئەم ئەفسانەیەدا هەیە.

کۆنترین دەقی تۆمارکراوی ئەم داستانە کە تا ئێستا دۆزرابێتەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابلیی کۆن کە لە شاری سوسەی عیلامییەکان دۆزراوەتەوە، بەڵام ئەم داستانە ناسراو بووە بە چەند سەدەیەک پێش سەردەمی بابلیی کۆن، بە تایبەت لە مێسۆپۆتامیادا بە شێوەیەکی بەرچاو لەسەر هەندێک مۆری ئەکەدی دیمەنە سەرەکییە گرنگەکانی دەبیندرێت، و یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مۆرەکانی سەردەمی ئەکەدی بریتییە لە نیشاندانی هەندێک بابەتی ئەفسانەیی، وەک ئێتانا، بەڵام ئەفسانەکە بۆ سەردەمی بەرەبەنەماڵەکان دەگەڕێتەوە، بە بەڵگەی دۆزینەوەی مۆرێکی لولەیی کە دیمەنێکی ئەم چیرۆکەمان نیشاندەدات، پاشا ئێتانا نیشاندراوە کە لەسەر پشتی داڵێکە لە کاتی فڕیندایە (Collon, 1987, 178).

خشتەی ژمارە ١: جۆری دەق و شوێنی دۆزینەوەی دەقەکانی داستانی ئێتانا. جێی ئاماژەیە داستانی ئێتانا لە چەندین شوێنی جیاواز و بە چەندین زمانی جیاواز دۆزراوەتەوە، بۆیە لێرەدا بە خشتەیەک دەیخەینەڕوو.

| زمانی تابلێت | شوێنی دۆزینەوە | سەردەمی لەبەرگرتنەوەی دەقی داستانەکە | سەرچاوە |
|---|---|---|---|
| ئەکەدی (شێوەزاری بابلی کۆن | سوسە | بابلیی کۆن | باقر، ١٩٧٦،١٣٢ |
| ئەکەدی (ئاشوری ناوەڕاست) | ئاشور | ئاشووری ناوەڕاست | Mcall, 2001, 18 |
| ئەکەدی (ئاشوری نوێ) | نەینەوا | ئاشووری نوێ | Mcall, 2001, 18 |

**پوختەیەک لە ناوەڕۆکی داستانەکە**

ئێتانا بەرهەمێکی وێژەیی و چیرۆکێکی دێرینی مێسۆپۆتامیایە، دەربارەی یەکێک لە پاشایانی سومەرییە کە بە سیانزەیەمین پاشای بنەماڵەی شاری (کیش)ی سومەری دادەنرێت، نزیکەی (١٥٠٠ساڵ) فەرمانڕەوایی کردووە (جرک، ٢٠١٤، ١٢٠)، کە یەکەم بنەماڵەن لەدوای تۆفانەکە فەرمانڕەواییان کردبێت. (Mesbah, 2018, p. 49). ئێتانا بە دوو شێوە ناوەکەی تۆمارکراوە، شێوەیەکیان (ئێتانا E-ta-na) یە، بەڵام لە دەقەکەی سوسەدا ناوی ئەم پاشایەی بە (ئێداناE-da-na)ش دەخوێندرێتەوە، بەپێی دەقی لیستی پاشایانی سومەری ئێتانا ئەم پاشایە بە ئێتانای شوان ناسراوە، کە فڕیوە بۆ ئاسمان، ئەم پاشایە پێویست بوو بگاتە ئاسمان بۆ لای خواوەند ئانو تا داوای منداڵی لێبکات بۆ ئەوەی ببێتە شازادەی جێنشین، بەپێی لیستی پاشایانی سومەری، ئێتانا لە دوای خۆی کوڕەکەی دەبێتە پاشا کە ناوی بالیخ/ پالیخ (ba-li-iḫ) بووە. (Marchesi, (2010), 238-239;جرک، ٢٠١٤، ١٣٣).

ئەفسانەکە بە پێشەکییەک دەستپێدەکات، باس لەوە دەکات پاشانشینی لەسەر زەویدا هێشتا بنیاد نەنرابوون، بناغە و دروشمەکانیشی لە ئاسمانەوە دانەبەزیبوو، لە پڕ ئەم پێشەکییە دەوەستێت بەهۆی ناتەواوی و شکاویی زۆر لە تابلێتەکەدا، دەستپێکردنەوەی تابلێتەکە لە شوێنێکەوەیە کە دەقەکە دەمانبات بۆ جیهانی چیرۆکێک. ئەم چیرۆکە باسی بەستنی پەیمانی هاوڕێیەتییە لە نێوان باڵندەیەک کە (داڵ)ە و خشۆکێک کە (مار)ە، پێکەوە هەردووکیان لەبەردەم خواوەندی خۆر (ئوتو/شەمەش) سوێند دەخۆن ڕێزی ئەو پەیمانە بگرن، لە پەیمانەکەدا هەردووک مار و داڵ بەڵێنیاندا کە هەر ڕۆژێک یەکێکیان بچن بۆ ڕاوکردن و بەشی ئەوەی تر و بێچووەکانی هەردووکیان خواردن بێننەوە، و لە پای ئەوەدا ئەوەی تریان چاودێریی

بێچووەکانی هەردووکیان بکات، بەڵام داڵەکە پابەند نەبوو بە بەڵێنەکەیەوە، پلانی دانا و ڕۆژێک فرسەتی هێنا و بێچووەکانی مارەکەی خوارد، مارەکەش لە پای ئەم کارەی کە داڵەکە بەرانبەری کردووە، و سوێندەکەی شکاندووە، بڕیاریدا تۆڵەی بێچووەکانی لێ بکاتەوە، هەربۆیە دەچێتە لای خواوەندی خۆر و سکاڵا دەکات، خواوەندیش بەڵێندەدات کە یارمەتی بدات (Ghaempanah, 2014, 134). یارمەتییەکەش بە دانانی پلانێک دەبێت بۆ داڵەکە. بۆئەوەی داڵەکە بکەوێتە چاڵێکەوە تا لە برسێتی و تینوێتیدا مرداربێتەوە، خواوەندی خۆر بە مارەکە دەڵێ بچۆرە ناو کەوڵی کەلاکێکەوە کە لە نزیک چاڵێکە، هەر کە داڵەکە نیشتەوە بۆ خواردنی گۆشتی کەلاکەکە پێوەی بدە و فڕێی بدەرە ناو چاڵەکەوە، ئەم پلانەش سەردەگرێت و داڵەکە دەکەوێتە چاڵەکەوە، پاشان داڵەکە زۆر لە خواوەندی خۆر دەپاڕێتەوە بۆئەوەی ڕزگاری بکات، خواوەندیش لە پای ئەو بەڵێنەی کە بە مارەکەی دابوو نەیدەویست ڕاستەوخۆ یارمەتی بدات، بەڵکو بڕیاریدا لە ڕێگەی کەسێکەوە ئەم کارە بکات، ئەو کەسەش کە خواوەندی خۆر هەڵیبژارد ئێتانای پاشابوو (دالی، ٢٠١١، ٣٠١).

لە دەقەکاندا حاڵی ئێتانای باسکردووە کە زۆر تکا و نزا لە خواوەندی خۆر دەکات تا ڕووەکێکی یارمەتیدەر (šamu ša aladi) (ڕووەکی ئاسمان بۆ منداڵبوون)ی پێ ببەخشێ بۆ ئەوەی منداڵێکی ببێت (ڕووەکی منداڵبوون/ چارەسەری نەزۆکی؟) (Novotany 2001, p. xii)، و پێشی بڵێت کە چۆن دەستی دەکەوێت. وەک لە دەقەکەدا دەڵێت: (Novotany 2001 ,p. 21. tab.3.)

**هەموو ڕۆژێک ئێتانا داوای لێۆشبوونی لە خواوەندی خۆر دەکرد**

**(پێی ئەوت) ئەی خۆر قەڵەوترین مەڕەکانی منت خواردووە**[١]

**گڵی زەویەکەم بە خوێنی بەرانەکان تێرکردووە**[٢]

**لەبەر خاتری تۆ خواوەندەکانم خزمەتکردووە و**

**،خواوەندەکان ڕازی بوون لەخواردنی چێشت وگۆشتی مەڕومالاَتەکانم.**

**ئەی خواوەندی من، با لە دەمی تۆوە فەرمانێک دەربچێت بۆ خاتری من**

**ڕووەکی منالبوونم واتە(گیای چارەسەری نەزۆکی) پێ ببەخشە**

دواجار خواوەندی خۆر ڕێنوینی ئێتانای کرد، بچێت بۆ ئەو چالەی کە دالەکە کەوتۆتە ناوی، یارمەتیبدات و ڕزگارییبکات، ئێتاناش ئەم کارەی ئەنجامدا، یارمەتیی دالەکە دەدات، پاش ئەوەی کە دالەکە تەواو چاکبووەوە، دالەکە بڕیاردەدات، لە پای ئەم چاکەیەی ئێتانا کردوویەتی لەگەلی پاداشتی بداتەوە داواکەی ئێتانا جێبەجێبکات کە لەسەر پشتی خۆی بیبات بۆ ئاسمان. وەک ئەوەی بلێت ئەو ڕووەکەی ئێتانا داوایکردووە لە ئاسمانی ئانو دەستدەکەوێت[٣] (الحیالی، ٢٠١٦، ١٣٣).

لەمەوە پرۆسەی هەولی فڕین بۆ ئاسمان دەستپێدەکات، بە داخەوە دەقەکە شکاوە و لە نێوان ئاسمان و زەوی دەمانهێلێتەوە و نازانین بەشەکانی تری گەشتەکە و گەیشتن بە ئاسمان و گەڕانەوەی بۆ زەوی چۆن بووە.

**خیانەتی دال و خواردنی بەچکەکانی مارەکە**

لە پاش ئەوەی مار و دال پەیماندەبەستن لەبەردەم خواوەندی خۆر کە ببنە هاوڕێ و یارمەتی یەکتر بدەن، یارمەتییەکەش بەو شێوەیە بێت ئاگایان لە بەچکەکانی یەکتر بێت لەکاتی ئامادەنەبوونی ئەوەی تریان، بەلاَم دالەکە پەیمانەکە دەشکێنێت، لەکاتی دوورکەوتنەوەی مارەکە لە هێلانەکەی بۆ کۆکردنەوەی خۆراک بۆ بەچکەکانی خۆی و دالەکە، دالەکە

به دەرفەتی دەزانێت و بەچکەکانی مارەکە دەخوات، هەربۆیە مارەکە بڕیاردەدات تۆڵەی بێچووەکانی بکاتەوە (دالی، ٢٠١١، ص ٣٠١).

**تۆڵەی مار و لە باڵ خستنی داڵەکە**

مارەکە لە پای ئەم کارەی کە داڵەکە بەرانبەری کردوویەتی و سوێندەکەی شکاندووە، بڕیاردەدات تۆڵەی بێچووەکانی لە داڵەکە بکاتەوە، هەربۆیە دەچێتە لای خواوەندی خۆر و سکاڵای خۆی دەکات کە داڵەکە لە پەیمانەکەی کە لەبەردەم خواوەندی خۆر دابووی شکاندوویەتی و بێچووەکانی خواردووە، هەر بۆیە داوادەکات کە یارمەتیبدات بۆ ئەوەی تۆڵەی بێچووەکانی بکاتەوە، خواوەندی خۆریش بەڵێندەدات کە یارمەتیبدات. یارمەتییەکەش بە دانانی پلانێک دەبێت بۆ داڵەکە، خواوەندی خۆر بە مارەکە دەڵێت بچۆرە ناو کەوڵی کەلاکێکەوە کە لە نزیک چاڵێکە، هەر کە داڵەکە نیشتەوە بۆ خواردنی گۆشتی کەلاکەکە پێوەی بدە و فڕێی بدەرە ناو چاڵەکەوە، تا لە برسێتی و تینوێتیدا مرداربیبێتەوە، ئەم پلانەش سەردەگرێت و داڵەکە دەکەوێتە چاڵەکەوە. پاشان داڵەکە هەموو هەوڵێکی خۆی دەدات تا خواوەندی خۆر یارمەتیبدات و لەم چاڵە دەریبهێنێت و ڕزگاری بکات، بەڵام لەسەرەتادا هەوڵەکانی بێسوود دەبێت .(Ghaempanah, 2014, 134)

**ڕزگارکردنی داڵەکە لەلایەن پاشا ئێتاناوە**

لە پاش کەوتنەخوارەوەی داڵەکە بۆ ناو چاڵەکە، داڵەکە زۆر لە خواوەندی خۆر دەپاڕێتەوە بۆئەوەی ڕزگاریبکات و لەناو ئەو چاڵەی کە تێی کەوتووە دەریبهێنێت، خواوەندی خۆریش، لە پای ئەو بەڵێنەی کە بە مارەکەی دابوو نەی دەویست ڕاستەوخۆ یارمەتیبدات، بەڵکو بڕیاریدا لە ڕێگەی کەسێکەوە ئەم کارە بکات، ئەو کەسەش کە خواندی خۆر هەڵیبژارد ئێتانای پاشا بوو. دواجار خواوەندی خۆر ڕێنوینیی ئێتانای کرد

که بچێت بۆ ئەو چاڵەی کە داڵەکە کەوتووەتە ناوی، یارمەتییدات و ڕزگارییکات، ئێتاناش ئەم کارەی ئەنجامدا، یارمەتیی داڵەکە دەدات، پاش ئەوەی کە داڵەکە  تەواو چاکبوووەوە، داڵەکە بەڵێن بە ئێتانا دەدات کە لە پای ئەم چاکەیەی کە  ئێتانا لەگەڵی کردووە پاداشتی بداتەوە (دالی ، ٢٠١١، ص ٣٠١).

## پاداشتی داڵەکە بۆ ئێتانا و هەڵگرتنی بۆ ئاسمان

لە پاش تەواو چاکبوونەوی داڵەکە بەهۆی یارمەتیی ئێتاناوە، کە ماوەیەکی زۆری خایاند، داڵەکە بڕیاردەدات پاداشتی ئێتانا بداتەوە، ئەویش بە یارمەتیدانی ئێتانا بوو بۆ گەیشتن بە ئاواتەکەی، داڵەکە داواکەی ئێتانای جێبەجێکرد، و لەسەر پشتی خۆی ئێتانای برد بۆ ئاسمان، وەک ئەوەی بڵێت ئەو ڕووەکەی ئێتانا داوایکردووە لە ئاسمانی ئانو دەستدەکەوێت، لەمەوە پرۆسەی هەوڵی فڕین بەرەو ئاسمان دەستپێدەکات (بۆ زیاتر زانیاری لە وردەکاریی دەقی داستانەکە، دەڕواندرێتە: باقر، ١٩٧٦، ل.١٣٢, Mcall, 2001, 62-65; Black and Green, 1992, 78.; الحيالي، ٢٠١٦، ١٣٣).

هەرچەندە دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئایا هەڵفڕین بووە بەرەو ئاسمان یان بەرەو لوتکەی چیایەکی بەرز، چونکە لە کۆن و ئێستاشدا باوەڕوایە کە گیا و ڕووەکەکانی لوتکەی چیاکان چارەسەری دەگمەنن بۆ نەخۆشییەکان، لە سەردەمی عەباسییەکاندا باس لە گیایەک کراوە لە سورێن و زەڵم، پێی وتراوە گیا زەڵمە، کە بۆ هەستبزواندن بەکارهێندراوە (مارف، (٢٠٢٢)، ١٢٤).

**ڕەنگدانەوەی داستانەکە لە هونەری زاگرۆس و پێدەشتەکانیدا**

نووسەرانی کۆنی دەقە وێژەییەکانی مێسۆپۆتامیا لە پیشاندانی ڕووداوەکانی ناو داستانەکاندا زۆر بە وردی دایانڕشتووە، هونەرمەندانیش لە هونەرەکەیاندا بابەتە سەرەکییەکانیان بە وردی هەڵبژاردووە گرنگتیرین دیمەنەکانی ڕووداوەکانیان وێناکردووە، تێگەیشتنی ئێمە بۆ ئەم دیمەنە هونەرییانە لە دۆزینەوەی تابلێتەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، دەشێت زۆر دیمەن هەبن لەسەر مۆرەکان و تابلێتەکان باس لە داستانێک یان چیرۆکێکی زۆر گرنک بکەن، بەڵام بە نەبوونی دەقێک کە باس لەو ڕووداوە بکات توێژەران ناتوانن دیمەنەکان شیبکەنەوە، وەک ئەو مەبەستەی لە هونەردا بۆی وێناکراوە و دروستکراوە. هەروەها لەوانەیە لەکاتی خۆیدا وەک وێژەیەکی فۆلکلۆر و زارەکی وابووبێت یان ئەوەتا تا ئێستا دەقی ئەو داستانە یان ئەفسانەیە نەدۆزراوەتەوە کە لە هونەردا ڕەنگیداوەتەوە.

داستانی ئێتانا یەکێکە لەو داستانانەی لە هونەری مێسۆپۆتامیادا زۆر ڕەنگیداوەتەوە، بە تایبەت لەسەر مۆرە لولەییەکانی سەردەمی ئەکەدی (رشيد، ١٩٦٩، ٥٧ ).

لە وێنەی ژمارە (1)دا داڵەکە هەردوو باڵەکانی کردووەتەوە و بەرەو ڕووی ئاسمان لە هەڵفڕیندایە، و ڕووی بۆ لای چەپ وەرگێڕاوە. لە ژێر هەردوو باڵیدا دوو ماری بە چڕنووکەکانی گرتووە، کە بەشی خوارەوەیان بە شێوەی بازنەیی لوولی خواردووە. هەرچەندە لە دەقەکەدا باس لە پەیوەندی و هاوڕێیەتیی نێوان مار و داڵ دەکات و دەڵێت: (Novotany , tab.II , Lines (3 ,4 ,5):

**لە نزرگەی خواوەند ئەدەد دار (چنار؟)ێک**

**گەورە بوو بەرزبووە**

**لەسەر لوتکەکەی، داڵ هێلانەی کردوو، لە بنکەکەشیدا مار لوولی خواردبوو**

**هەردووکیان (بەیەکەوە) ڕۆژانە هێلانەکانیان دەپاراست.**

بەڵام دەبێت ئەو ئەگەرەش دابنێین کە ئەم دیمەنە ئەوەش نیشاندەدات کە ئەو کاتەبێت، داڵەکە پەیماندەشکێنێت و بێچووەکانی مارەکەی هاوڕێی دەگرێت بۆ ئەوەی بیانخوات. هەرچەندە لە دیمەنەکەدا مارەکان گەورەن و بە شێوەی بێچووە مار نیشانندراون (وێنەی ژمارە ١).



وێنەی ژمارە(1): مۆر و چاپی مۆرێکی ئەکەدییە، دیمەنەکە دوو مانا دەدات، یەکەمیان هاوڕێیەتیی نێوان مار و داڵە، دووەمیان ئەوکاتەیە کەداڵەکە پەیماندەشکێنێت. (وەرگیراوە لە: الحیالی، ٢٠١٦، شکل ٣٩) .

لە سەر چاپی مۆرێک سێ دیمەن هەڵکەندراوە، لە دیمەنی لای چەپدا درەختێکی گەورە دەبینین، لە خوارەوەی درەختەکەد دوو شێر هەن دانەکیان کلکی بەرزکردۆتەوە وەک ئەوەی بیەوێ شتێک بخوات لە بنی درەختەکەدا جا نازانین هێلانەی مارەکەیە یان نا، ئەوەی تریان دەیەوێ بە درەختەکەدا هەڵگەڕێ و زۆر تووڕەیە، دەمیشی کردۆتەوە لە حاڵەتی


پەلامارداندایە. لەسەرەوەی درەختەکە داڵێکی گەورە دەبینین هەردوو باڵەکانی کردوونەتەوە و بە قاچی ڕاستی لقێکی درەختەکەی گرتووە و بە قاچی چەپیشی شێرێکی گرتووە، کە بە قەبارەیەکی بچووک دروستکراوە، جا نازانین بەچکەی ئەم شێرەیە یاخود نا، شێرەکەش هەوڵیداوە پەلاماری داڵەکە بدات. دیمەنی لای چەپ دوو بۆچوون هەڵدەگرێت؛ یەکەمیان پێ دەچێت شێرەکە بێچووەکەی فڕێندرابێت و هەوڵبات ڕزگاریبکات. دووەم لەوانەیە هێلانەی داڵەکە لەوێ بێت، هەرچەندە وێنانەکراوە. لێرەدا پێویستە ڕوونکردنەوەیەک بدرێ: ئایا بابەتی شێر لەو دەقانەی تا ئێستا دۆزراونەتەوە باسی شێری تیایە؟ بێگومان نەخێر، کەواتە لە هونەردا گێڕانەوەیەکی تری چیرۆکی داستانەکە هەیە یان ئەوەتا لە فۆلکلۆرە و زیادکراوە. لە تەنیشت دارەکەوە حەوت ستوون هەن، ئەمەش نازانرێت بۆ نووسینی مێخی کراوە، یاخود بۆ شتێکی تر کە ئاماژەبێت بۆ پەنجەرەیەک یاخود حەوشەی ماڵی ئێتانا بێت؟ دیمەنەکەی تر لە چەند دیمەنێکی لاوەکی پێکدێت، کە دیارە کەسایەتی سەرەکی لێرەدا وەک دەقەکە باسی ئەکات ئێتانا شوانە و کۆمەڵێک بزن (بزنە مەرەز) لە دوایەوە هەن، ئێتانا گۆچانی شوانی پێیە و دەستێکی بەرزکردۆتەوە، ئەم دەستبەرزکردنەوەیە لەوانەیە پەیوەندی بە دیمەنی لای چەپەوە هەبێت؟ لەپشتی ئەوەوە جوتیارێک دەبینین شتێکی بە دەستەوەیە وەک شمشێر وایە دارێکی پێوەیە (وەک شەنە وایە کە بۆ جیاکردنەوەی قەرسیل و کایە لە دانەوێڵە بەکاردێت).

لەسەرەوەش چەند کەسێک دەبینین یەکێکیان لەسەر کورسییەک دانیشتووە، کیتەڵەیەک لەبەردەمیدایە (کانزا/ گڵێنە- لە گۆزە بچووکترە و لە گۆزەڵەش گەورەترە) قامیشێک (قەسەبێک)ی تیایە و کەسێک کە لە ژن دەچێت گرتوویەتی و دەیخواتەوە، نازاندرێت ئایا دەرمانە یان شەرابە؟ کەسێکی تر دەرکەوتووە خەریکی پیشەیەکە، نازاندرێت ئایا دارتاشە و لانکە بۆ منداڵەکە دروستدەکات؟ یان پیشەیەکی ترە؟

لەلای ڕاست لەسەرەوە کەسێک لەسەر ئەژنۆ دانیشتووە و لە حاڵەتی نوێژکردندایە، ئەم جۆرە دانیشتنە لای عیلامییەکان لە نوێژکردندا لە زۆربەی سەردەمەکاندا دەبیندرێت، لەبەردەمیدا کۆمەڵێک خاڵ هەیە کە ژمارەیان ١٢ خاڵە، ئایا ئەمە هێمایە بۆ ئەستێرەکان؟ یان ژماردنی مانگ و ڕۆژە و حیساباتی ماوەی لەدایکبوونی منداڵەکەیە؟

لە تەنیشت ئەم دیمەنەوە دوو سەگ دەلورێنن. لە سەرووترەوە ئێتانا دەبیندرێت لەسەر پشتی باڵندەیەک بە شێوەیەک دانیشتووە لای ملەکەیەوە خۆی توندگرتووە و قاچی بەملاولادا شۆڕکردۆتەوە و باڵەکانی بۆ پشتەوەیە بۆ ئەوەی بە خێراتر بفڕێت. بە شێوەیەکی گشتی دیمەنی ئەم چاپی مۆرە ئاماژەیە بۆ ژینگە و ڕەگ و ڕەچەڵەکی ئێتانا، کە بە پێی ناوی لە لیستی پاشایانی سومەریدا پاشا ئێتانا وەک شوانێک ناونراوە: "**ئێتانا، شوانەکە، ئەوەی کە بەرزبووەوە بۆ ئاسمان، ئەوەی کە وڵاتەکانی جێگیر و ئارامکرد، بۆ بە پاشا** "Marchesi, (2010), 238-239; الحیالی،٢٠١٦، ١٤٥) "

لەسەر مۆرە ئەکەدییەکان ئەم بابەتە زۆر دووبارەیە، لە هەندێک وردەکاریدا جیاوازی هەیە، وەک ئاڕاستەی باڵندەکە گۆڕاوە، بەڵام بابەتە سەرەکییەکە گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە. (دەڕواندرێتە: وێنەی ژمارە:2).




وێنەی ژمارە (2):  چاپی مۆرێکی سەردەمی ئەکەدییە، دیمەنی فڕینی ئێتانا لەسەر پشتی داڵەکە، لەگەڵ چەند دیمەنێکی تر کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەوانەیە پەیوەستبن بە ڕووداوەکانی ناوداستانەکە، ئەو ڕووداوانەی کە تۆمارکراون یان ئەوانەی کە تەنها لە گێڕانەوە فۆلکلۆرییەکانی داستانەکەدا لەو سەردەمەدا باوبوون و تۆمارنەکراون. (وەرگیراوە لە(Edzard , 1993 , fig. 8.).

**مۆرە عیلامییەکان و دیمەنەکانی داستانی ئێتانا**

لە بناری چیاکانی زاگرۆسی ناوەڕاست و لە شاری سوسەی عیلامی چاپی مۆرێک دۆزراوەتەوە، مێژووەکەی، بۆ (٢٣٠٠ پ. ز.) دەگەڕێتەوە (Ghaempanah, 2014, 135). ئەم دۆزینەوەیە پێمان دەڵێت کە پەیوەندیی ئەم گەلە لەگەڵ مێسۆپۆتامیا و دراوسێکانیدا لەم ماوەیەدا پەیوەندی کەلتووریش بووە، و بە شێوەیەکی فراوان گەشەی کردووە ئەم هۆکارەش وایکردووە کە هەندێک لە داستان و ئەفسانەکان دەماودەم یان بە نووسین ببرێنە دەرەوەی سنووری ناوچەکەی خۆیان و بە ڕۆژهەڵاتی دێرینی نزیکدا بڵاوببنەوە. یەکێک لەوانە ئەم داستانەیە کە لە  ناوچەکە هەبووە، وا پێدەچێت گۆڕانکاریی زۆر لە وردەکاریی گێڕانەوەی داستانەکەدا کرابێت، وەک لە وێنەی ژمارە (٣)دا دەردەکەوێت، لەلای چەپ کەسێک دەردەکەوێت لەسەر پشتی باڵندەیەکە و لە کاتی هەڵفڕیندایە، باڵندەکە دەمی کردۆتەوە، مارێک لە بەرانبەریەتی و کە بەهەمان شێوە دەمی کردۆتەوە وەک ئەوە وایە بیانەوێت پەلاماری یەکبدەن، لە خوار ئەم دیمەنەوە کەسێک (لەوانەیە هێما بێت بۆ خواوەندێکی هاوشێوەی خواوەند ننگیشزیدای سومەری، کە لە عیلام هاوشێوەکەی پێی دەوترا خواوەند (ئێنشوشیناک) ( Black & Green, 1992, pp.74, 137-138) لەسەر کورسییەک دانیشتووە هەردوو دەستی بۆ پشتەوە بردووە وەک ئەوەی بەسترابێتەوە، لەسەر هەردوو شانی دوو مار هەن کە دەمیان کردۆتەوە، ئەیانەوێت پەلاماری کەسەکە بدەن، لەلای ڕاستیش دوو ماری درێژ

دەبیندرێن دەوری تەخت (عەرش)ێکیان داوە کە کەسێک لەسەری دانیشتووە، لەسەروی ئەمەشەوە نیوەی لاشە و سەری گامێشێک دەرکەوتووە، سەریشی لەژێر عەرشەکە دەبیندرێت. ئەم دیمەنە لەوانەیە ئەوەمان نیشانبدات لەم ناوچانە باوەڕیان وابووە کاتێک ئێتانا داڵەکە ڕزگاردەکات، مارەکە بووە بە دوژمنی ئێتانا تەنانەت بووبێت بە دوژمنی مرۆڤیش بە گشتی. لەلای ئەمان ڕۆڵی مارەکە لە داستانەکەدا تەواونابێت تەنها بەوەی کە داڵەکە بکەوێتە چاڵەکەوە، بەڵکو بەم دیمەنە دیارە کە بەردەوام ئەیەوێت تۆڵەی خۆی بکاتەوە (دەڕواندرێتە وێنەی ژمارە ٣).



وێنەی ژمارە (3): چاپی مۆرێکی عیلامییە، دیمەنی فڕینی ئێتانا بۆ ئاسمان نیشاندەدات.

(وەرگیراوە لە: Ghaempanah, 2014, fig.3 )

## جامە زێڕینەکەی حەسەنلو: گۆڕانکاریی ڕۆڵی پاشا ئێتانا و ژنەکەی لە داستانەکەدا و دەرکەوتنی دیمەنی کوڕەکەیان بۆ یەکەمجار لە هونەردا:

له زاگرۆسدا دیمەنی فڕینی ئێتانا بۆ ئاسمان بە شێوازێکی جیاواز وێناکراوە، جیاواز لە ناوچەکانی تر. دۆزینەوەی قاپێکی زێڕین لە حەسەنلو[٤] کە مێژووەکەی بۆ کۆتایی هەزارەی دووەم یاخود سەرەتای هەزارەی یەکەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە (Stein, 2001, 15)، چەندین جار لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم قاپەکراوە و بۆچوونی جیاوازی لەسەر هەبووە (Frankfort, 2008, 171). چەند دیمەنێک لەسەر ئەم قاپە زێڕینە هەڵکەندراون (Winter, (1989): fig.6). (دەڕواندرێتە وێنەی ژمارە (4 a-b).


یەکێک لە دیمەنەکانی سەر ئەم قاپە، دەرکەوتنی ژنێکە لەسەر پشتی داڵێک کە بەرەو ئاسمان دەفڕێت. لە بەشی خوارەوەی قاپەکە چەند نەخشێکی بەناویەکداچوو هەن، یەکێک لەوانە ژنێک دەبیندرێت لەسەر پشتی داڵێک بەرەو ئاسمان دەفڕێت، ڕەنگە ئەم ئافرەتە شاژن بێت و بچێت بۆ لای خواوەندێک (ئانو؟) لە بری ئێتانای هاوسەری، ئەگەر ئەمە وابێت کەواتە لەو گێڕانەوانەی داستانەکەدا لە ناوچەکانی زاگرۆسدا گۆڕانکاری بەسەر کاراکتەری داستانەکەدا هاتووە. بەبۆچوونی مارف ئەم ژنە لەوانەیە وەک ژنی پاشا ئێتانا وێناکرابێت و بۆ ئەوە ڕۆیشتووە تا ئاواتی ئێتانا بهێنیتەدی، ئەویش بە هێنانەوەی/ بوونی منداڵێک تا ببێتە جێگرەوەی پاشا ئێتانا، و مارف پێیوایە کە ئەم کلتوورە دێرینەی زاگرۆس تا ئێستاش ماوەتەوە و لە باری نەزۆکیدا، زیاتر ژنەکە بۆ چارەسەر دەنێرن نەک پیاوەکە، تەنانەت ئەگەر کێشەکە لە پیاوەکە بووبێت ( Marf, 2022, 88).

لە خوارتریشەوە ژنێک دانیشتووە منداڵێکی تازە لەدایکبوو دەداتەدەست یەکێک کە لە بەرانبەری لەسەر کورسییەک دانیشتووە، ئەم دیمەنەش وەبیرهێنانەوەیە بەپێی دەقی دێرینی لیستی پاشایانی سومەری

له دوای ئێتانا کوڕەکەی دەبێتە پاشا کە ناوی بالیخ/ پالیخ بووە. (Marchesi, (2010), 238-239;جرک، ٢٠١٤، ١٣٣).

وێنەی ژمارە (4) دەرکەوتنی ژنێکە (ژنی ئێتانا) لەسەر پشتی دالێک، دالەکە بەرەوڕوو ێناکراوە و سەیری لای ڕاست دەکات، ژنەکەش بە شێوەیەکی توند خۆیگرتووە و ڕووی لە لای چەپە و سەیری خوارەوە دەکات، هەروەها بە شێوەی دانیشتنێکی ئاسایی لەسەر دالەکە دەرنەکەوتووە، وەک ئەوە وایە پاڵ کەوتبێت یاخود بەسترابێتەوە بە پشتی دالەکەوە، بەمەش ترسێک بەدیدەکرێت (دەڕواندرێتە وێنەی ژمارە ٤).

جێی ئاماژەیە دەقە دۆزراوەکانی داستانی ئێتانا لە مێسۆپۆتامیا بە تایبەت وڵاتی سومەر بە ڕوونی ئەوە دەخەنەڕوو، کە ئێتانا نەخۆشیی نەزۆکی هەیە، و بەدوای چارەسەردا دەگەڕێت و خۆی دەچێت بۆلای خواوەند ئانو تا گیا و چارەسەری ئەو دەردەی بەدەستبهێنێت، بەڵام لە زاگرۆسدا تا ئێستا هیچ دەقێک نەدۆزراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەی جامەکەی حەسەنلو ئەوەمان نیشاندەدات کە لەوانەیە چیرۆکەکە گۆڕانکاری بەسەرداهاتبێت، و لە وێژەی زارەکیی خەڵکی ناوچەکەدا شاژنەکە وەک نەزۆک دەستنیشانکرابێت نەک پاشاکە°. لە وێنەی ژمارە (٥)دا ژنێک دەرکەوتووە کە لەوانەیە ژنەکەی ئێتانا بێت و منداڵەکە؟ دەداتە دەست ئێتانا. بەم جۆرە داستانێک بۆ ماوەی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ لە بنکەی شارساتنیەتی میسۆپۆتامیا (سومەر) سەریهەڵداوە و پاشان گواستراوەتەوە بۆ بنکەی شارستانیەتی زاگرۆس، ئەمەش بە هۆی بوونی پەیوەندیی بەهێز لە نێوان ئەم دوو بنکە شارستانییە دراوسێیەدا. کە هەندیک جار دۆستانە و هەندێک جار شەڕ و ناکۆکی لە نیوانیاندا هەبووە.



وێنەی ژمارە (4a) جامە زێڕینەکەی حەسەنلو، دیمەنی فڕینی ژنی ئێتانا لەسەر
پشتی داڵەکە بۆ ئاسمان بۆ لای خواوەند ئانو نیشاندەدات. (وەرگیراوە لە:  )
Marf, 2022, fig.2.3.A.



وێنەی ژمارە 4b :وەرگیراوە لە: https://www.ancient-origins.net)



وێنەی ژمارە (5) : ژنەکەی ئێتانا؟یە کە مناڵەکەی بۆ مێردەکەی هێناوە و دەیداتە دەستی

( Winter, (1989): fig. 6:وەرگیراوە لە)

**ئەنجامەکان**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێک:

**١.** لە ناوچەکانی مێسۆپۆتامیادا تا ئێستا دەقێکی تێر و تەواوی داستانی ئێتانا لەبەردەستدا نییە، و ئەو دەقانەی کە لە مێسۆپۆتامیا و ناوچەکانی تری خۆرهەڵات دۆزراونەتەوە هیچیان تەواونین و شکانی تابلێتە قوڕینەکانی و تێکچوونی هێما مێخییەکان و پچڕانی زۆریان تێدایە. هەروەها لە ناوچەکانی زاگرۆسیش هیچ دەقێکی داستانەکە تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە.

**٢.** لە وڵاتی عیلام کە بەشێکی دەکەوێتە بناری چیاکانی زاگرۆسی ناوەڕاستدا سەرەتا داستانەکە لە دیمەنی مۆرە لولەییە هاوسەردەمەکانی ئەکەدییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، جگە لەوەی هەندێک وردەکاریی داستانەکە لەم دیمەنانەدا دەردەکەون، کە ئاماژەن بۆ بوونی گێڕانەوەیەکی تر لە داستانەکە کە دیمەن و کاراکتەری تازەیان تێدایە. لەلایەکی تریشەوە کۆنترین دەقی تۆمارکراوی داستانەکە هەر لە وڵاتی عیلام و لە شاری سوسە دۆزراوەتەوە، ئەم دەقە تۆمارکراوە هاوسەردەمی بابلیی کۆن و سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زاینە، لە کاتێکدا دەقە دۆزراوەکانی مێسۆپۆتامیا ئەوانەی کە تا ئێستا دۆزراونەتەوە کۆنترینیان بۆ سەردەمی ئاشوری ناوەڕاست دەگەڕێتەوە و لە شاری ئاشور دۆزراوەتەوە، و ئەوەی تریشیان بۆ سەردەمی ئاشوری نوێ دەگەڕێتەوە و لە شاری نەینەوا دۆزراوەتەوە.

**٣.** دەرکەوتنەوەی دوو وردەکاریی دیمەنە سەرەکییەکانی داستانەکە لە هونەری زاگرۆسدا و لەسەر جامە زێڕینەکەی تەپە حەسەنلو لە دەشتەکانی باشوری خۆرئاوای دەریاچەی ورمێدا ئەوەمان پێدەڵێت کە لەوانەیە چیرۆکەکە لە زاگرۆسدا لە کۆتایی هەزارەی دووەم و سەرەتای

هەزارەی یەکەم گۆڕانکاری بەسەرداهاتبێت، لە وێژەی زارەکیی خەڵکی ناوچەکەدا، شاژنەکە وەک نەزۆک دەستنیشانکرابێت نەک پاشاکە، لەبەرئەوە شاژنەکە لەسەر پشتی باڵندەکە دەفڕێت بۆ ئاسمان. هەروەها لەلایەکی ترەوە، دیمەنی پاشا کە لەسەر کورسی (عەرشێک) دانیشتووە و شاژن کوڕێکی مەلۆتکەی بۆ دێنێت دیمەنی کۆتایی و گرنگی داستانەکەیە کە لە هونەری مێسۆپۆتامیا و ناوچەکانی تردا وێنانەکراوە.

٤. لە ئێستادا هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ڕووداوەکانی ناو داستانەکە و پەیوەندییان بە ڕووداوە مێژوویی و سیاسییە دێرینەکانی ئەوکاتی ناوچەکانی زاگرۆسەوە بەدیناکرێت، و ناوەرۆکی داستانەکە زیاتر پەیوەستە بە سروشت و منداڵەوە نەک سیاسەت.

٥. دەبێت ئەوەش بڵێین کە فڕینی باڵندەیەک بۆ ئاسمان تا سنوورێکی دیاریکراوە، بۆ نموونە هەڵۆ و داڵ لە لوتکەی چیاکاندا هێلانە دادەنێن، لەبەرئەوە فڕینی پاشا ئێتانا یان ژنەکەی بۆ ئاسمان لەوانەیە ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆش بێت بۆ گەیشتن بە لوتکەی چیاکانی زاگرۆس، کە لە کۆن و ئێستاشدا باوەڕ وایە، کە لە لوتکەی چیاکان گوڵ و گیای لێیە کە چارەسەری نەخۆشیی دەگمەن یان نەزۆکی دەکەن، ئەمەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەو دێڕانەی داستانەکەدا ک لە داستانەکەدا ئێتانا داوا لە خواوەندی خۆر دەکات کە ڕووەکێکی یارمەتیدەری پێببەخشێت (**šamu ša aladi**) و داوا لە خواوەندی خۆر دەکات پێی بڵێ چۆن ئەو ڕووەکەی دەستبکەوێت بۆ ئەوەی منداڵێکی ببێت. ئەمەش ئەو ئەگەرە دەخاتە بەردەست کە بەشێک لە ناوەڕۆکی داستانەکە پەیوەستە بە ناوچەکانی زاگرۆسەوە.

## پەراوێزەکان

[١] واتە بۆم کردوویت بە قوربانی. (توێژەران)

[٢] واتە لەسەر زەوی قوربانیم کردووە خوێنی ڕژاوی قوربانییەکان زەوی تێرکردووە. (توێژەران).

[٣] بۆ زیاتر زانیاری لە وردەکاریی دەقی داستانەکە. (دەڕواندرێتە: باقر، ١٩٧٦، ل.١٣٢. Mcall, 2001, 62-65; Black; and Green, 1992, 78 ).

[٤] تەپە حەسەنلو: گردێکی شوێنەواریی گەورەیە لە باشووری ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ. کاری کنەوپشکنین لەم شوێنەوارەدا بۆ یەکەم جار بۆ سییەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی چڕوپڕ کاری کنەوپشکنین لەلایەن تیمێکی شوێنەوارناسی ئەمریکی و ئێرانی هاوبەشەوە لە نێوان ساڵانی (١٩٥٦- ١٩٧٧) بە سەرپەرشتی رۆبەرت ئێچ دایسن ئەنجامدراوە. (Danti, 2013, 26).

[٥] دەبێت ئەوەش بڵێین کە لەم سەردەمەی ئێستاشماندا زۆربەی کات هۆکاری نەبوونی منداڵ لەنیوان دوو هاوسەردا ڕاستەوخۆ دەدرێتە پاڵ ژنەکە، بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە دەڕواندرێتە (ڕەسوڵ، ٢٠١٢، ٢٩-٣٩).

**لیستی سەرچاوەکان**

**١- سەرچاوە کوردییەکان**

١. ڕەسوڵ، حەمەی ئەحمەد، 2012 ,*ئینسایکلۆپیدیای خێزان*، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١.

٢. مارف، دڵشاد عزیز، ٢٠٢٢، "شارستانییەت و  مێژووی دێرینی دەشتی شارەزوور لە نووسینە مێخییەکاندا،" **گۆڤاری مێژووناسی**، ژمارە ١، چاپی یەکەم، هەولێر، ل ل. ١٢١-١٥٨.

**٢- سەرچاوە عەرەبییەکان**

باقر، طه،١٩٧٦،  *مقدمة في أدب العراق القديم*، دار الحرية للطباعة، جامعة بغداد.

جرک، اوسام بحر، ٢٠١٤، "الثوثيق الفني لملحمة ايتانا في الأختام الإسطوانية،" *مجلة دراسات فى التاريخ والآثار*، العدد ٤٤، بغداد، ص: ١١٩-١٤٨.

الحيالي، فيحاء مولود على، ٢٠١٦، الاساطير و الملاحم المنفذة في فنون بلاد الرافدين، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة بغداد، كلية الآداب، قسم الاثار.

دالی، ستيفانی، ٢٠١١، أساطيرمن بلاد ما بين النهرين (الخليقة-الطوفان-كلكامش وغيرها) ،تر: نجوى نصر، ط٢، بيروت.

رشيد، أنور صبحي، ١٩٦٩، تأريخ الفن في العراق القديم، الجزء الأول: فن الأختام الأسطوانية، بيروت.

الشواف، قاسم، ١٩٩٧، ديوان الاساطير: سومر و اكد و اشور، الكتاب الثاني، دار الساقي، ط١، بيروت.

القزويني، زكريا بن محمد بن محمود، آثار البلاد و اخبار العباد، دار صادر بيروت، ج.١.

## ٣- سەرچاوە بیانییەکان

1. Black, J. & Green, A., 1992, Gods, Demons and Symbols of Ancient Mesopotamia, London.
2. Collon, D., 1987, *First Impressions: Cylinder Seals in the Ancient Near East*, London, British Museum Publications.
3. Danti, Michael D., 2013, *Hasanlu V: the late Bronze and Iron I periods*, Uni. of Pennsylvania museum.
4. Edzard, O.D.E, 1993, "Mythologie,".B.I., RlA, Band. 8, pp. 572-585.
5. Frankfort, H., P., (2008), A Note on the Hasanlu Bowl as Structural Network: Mitanni-Arya and Hurrian," *Bulletin of the Asia institute*, New Series, Vol.22, Zoroastrianism and Mary Boyce with Other Studies, pp.171-188.
6. Ghaempanah, Nooraddin Mehdi, et. al, 2014,"Mythological Scenes from Ancient Mesopotamia on Elamite Cylinder Seals," *Journal of Anthropology and Archaeology*, American Research Institute for Policy Development, June 2014, Vol. 2, No. 1., pp. 120-145.
7. Marchesi, Gianni "The Sumerian King List and the early History of Mesopotamia," Quaderni di Vicino Oriente V (2010), pp. 231-248
8. Marf, D. A., 2022, *Cultural Interactions between Babylonian and the northern Zagros (2500-331BCE)*, AOAT 455, Ugarit=Verlag.

9. Mcall, Henrietta, 2001, *Mesopotamian Myths: The Legendary Past*, The British Museum Press.
10. Mesbah, Bita, (2018) “Configuring the Roots of Zahak Myth according to the Elamites’ Cylinder Seals (3rd Millennium B.C.),” *Bagh- e Nazar*, The Scientific Journal of NAZAR research center (NRC) for Art, Architecture & Urbanism, Vol.14/ No.56/ Feb 2018, pp. 41-52.
11. Novotany, J. R., 2001, “The Standard Babylonian Etana Epic,”. In *State Archives of Assyria Cuneiform Texts= SAACT II*, Neo-Assyrian Text Corpus Project, vol. 2, (Helsinki).
12. Stein, D., 2001, *The Seal Impressions (Text)*, Wilhelm, G. (Hrsg.), Das Archiv des Šilwa-Teššub, heft 8, Wiesbaden,.
13. Winter, I. J. (1989). "The 'Hasanlu Gold Bowl': Thirty Years Later." Expedition 31(2-3, East of Assyria - The Highland Settlement of Hasanlu): pp.87-106.

**سەرچاوەی ئینتەرنێت:**

https://www.ancient-origins.net

لە ٢٣-٠٧-٢٠٢٢ سەردانی ئەم وێبسایتەکراوە:

https://www.ancient-origins.net/news-general/dark-tale-behind-golden-bowl-hasanlu-002054

**Abstract**

The literature and art of Mesopotamia and the Zagros are the oldest known examples of presenting stories, epics, and myths and spreading them in the Near East. One of the Sumerian folk literature examples repeatedly recorded in the Sumerian, Babylonian, and Assyrian cuneiform records is the epic poem of the Sumerian king Etana, who had no children to inherit his throne, so he flew to heaven on the back of an eagle to ask the heaven god Anu to have a son. This paper addresses a number of research questions such as: Is there a cuneiform version of the epic in the Zagros? Did the events of the epic relate to the geography of the Zagros? How are the characters of the epic portrayed in the art of Zagros? What are the differences between the characters of the epic depicted in the Zagros and the Mesopotamian examples?

This paper deals with searching for academic answers to a number of research questions, such as: is there any cuneiform record version of the epic in the Zagros? Did the events of the epic relate to the geography of the Zagros? In which way are the characters of the epic depicted in the Zagros arts? Is there any difference between imagining the characters of the epic in the Zagros and comparing them with Mesopotamian examples?

https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2253.15

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# شوێنەواری گردی شمشارە و شاری دێرینی شوشەڕپا (لەبەر ڕۆشنایی بەڵگە شوێنەواری وسەرچاوە مێخییەکاندا)

م.ی. خانە اکرم محمد

زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب

khana.mohammed@su.edu.krd

هاژە تەیفور محمد

شوێنەوارناس

hazhatayfur2020@gmail.com

**پوختە**

گردی شمشارە بە یەکێک لە پڕ بایەخترین گردەکان هەژماردەکرێت. مێژووی ئەم گردە بۆ چاخی بەردینی نوێ دەگەڕێتەوە، لە ئەنجامی دروستکردنی پرۆژەیەکی کارۆئاوی/دەربەندی دوکان ئەم گردە ڕووبەرێکی زۆری ژێرئاوکەوت، هەروەها بەهۆی نرخ و بایەخی ئەم گردە چەندین جار هەڵکۆڵین لەلایەن تیمە بیانییەکان و ناوەخۆییەکانی تێدا ئەنجامدراوە. لەم هەڵکۆڵینانەدا ئەنجامی سەرسوڕهێنەری هەبووە ژمارەیەکی زۆر تابلێت دۆزراونەتەوە کە زۆربەی ئەو تابلێتانە نامەن بۆ کووارێی فەرمانڕەوای شمشارە نێردراون، ئەرشیفە دۆزراوەکان مێژووەکەیان بۆ سەردەمی شەمشی ئەدەدی یەکەمی پاشای ئاشوری دەگەڕێتەوە، هاوکات جگە لەم دەقانە چەندان کەلوپەلی تری شوێنەواری هەمەجۆری تێدا دۆزراوەتەوە لەوانە گلێنەی سەردەمە جیاوەزەکان، کۆمەڵێک گۆڕ - ئێسکی – مرۆڤ – گۆزە – مۆری لوولەیی – ئامرازی جوانکاریی ئافرەتان، خانووی قوڕین و بوخردان .......هتد. بەهۆی گرنگیی هەڵکەوتەی شوێنەکە ئەم ناوچەیە خاڵێکی گرنگە بۆ بەیەک گەیشتنی ناوچە ستراتیجیەکانی نێوان زنجیرە چیایەکانی زاگرۆس و پێدەشتەکانی ئەمەش وایکردووە شمشارە ببێتە خاڵێکی گرنگ کە زۆربەی مەرجەکانی بوون بە مەڵبەندێکی شارستانیەتی گرنگی تێدا هەڵکەوتووە کە دانشتوانەکەی خورری نشین بوون. ئامانج لەم توێژینەوەیە شیکردنەوەو ناساندنی پاشماوە دۆزراوەکانی گردی شمشارەیە لەگەڵ ئاماژەکردن بە مێژووی شەشڕوم/شوشەڕڕا-شوشەڕڕا یە لە ژێر ڕۆشنایی دەقە مێخییەکان.

**وشە کلیلییەکان**: گردی شمشارە، بەنداوی دوکان، هەڵکۆڵین، تابلێتە دۆزراوەکان، شاری شوشەڕڕا، کووارێ.

**شوێنەواری گردی شمشارە و شاری دێرینی شوشەڕرا**

**(لەبەر ڕۆشنایی بەڵگە شوێنەواری وسەرچاوە مێخییەکاندا)**

**پێشەکی**

بێگومان دەشتی بێتوین بە گشتی و گردی شمشارە بە تایبەتی لە شوێنەوارە هەرە پڕ بایەخەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ئەم گردە دەکەوێتە ناوچەیەکی گرنگ لە نزیک شاخە سەرەکییەکانی زاگرۆس لە نێوان ئێران و عێراق، بەهۆی نرخ و بایەخی زۆری ئەم گردە چەندین جار هەڵکۆڵینی تیاکراوە بە تایبەتی لەلایەن تیمە بیانییەکان، ئەنجامی زۆر سەرەنجڕاکێشی هەبووە. لە ساڵی ١٩٥٧ بۆ جاری یەکەم لەلایەن تیمی دانیمارکی پشکنینی تێداکراوە. بە گشتی لەم گردەدا ١٦چینی شوێنەواری کۆنیان تێدا دۆزیوەتەوە و هەرچینێک نمایشی سەردەمێک دەکات، بەتەنها لە چینی پێنجەمی گردەکە (٢٤٥) تابلێتی نووسراوی میخی سەردەمی ئاشوری کۆنی تیادا دۆزراوەتەوە لە دەوروبەری (سەدەی هەژدەمی پ. ز)، زۆربەی ئەو بەڵگەنامانەی لە شمشارە دۆزراونەتەوە نامەن بۆ (کوواری – Kuwari)ی فەرمانڕەوای (Šušarra) نێردراون. ئەرشیفەکە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (شەمشی ئەدەد – Šamši-Adad) یەکەمی پاشای ئاشوورییەکان. هاوکات جگە لەم دەقانە چەندان کەلوپەلی تری شوێنەواریی هەمەجۆری تێدا دۆزراوەتەوە لەوانە گڵێنەی سەردەمە جیاوازەکان پێکدێن لە کۆمەڵێک گۆڕ – ئێسکی – مرۆڤ – گۆزە – مۆری لوولەیی – ئامرازی ئافرەتان، خانووی قوڕین و بوخوردان... هتد، بەڵام دواتر بەهۆی کۆمەڵێ کێشەی سیاسی لە ساڵی ١٩٥٨ تیمی دانیمارکی نەیانتوانی بەردەوامی بە پشکنینەکەیان بدەن و تیمی شوێنەواری عێراقی بەردەوامی بە پشکنینەکەدا، بەڵام تاکو ئێستا ڕاپۆرتەکانی شاندی عێراقی سەبارەت بە هەڵکۆڵینەکانیان بڵاونەکراوەتەوە، لەبەرئەوە زانیارییەکی ئەوتۆ

لەبەردەست نییە سەبارەت بە ئەنجامی هەڵکۆڵینەکانی شاندی عێراقی کە لەم شوێنە گرنگەدا ئەنجامیانداون. لە ساڵی ١٩٦٠پڕۆژەی دروستکردنی بەنداوی دوکان دەستپێکرد و بەو هۆیەشەوە هەڵکۆڵین لە گردی شمشارە بۆ ماوەی ٥٣ ساڵ وەستا، تاکو ساڵی ٢٠١٢ دووبارە بیرۆکەی پشکنین لە گردەکە دەستپێکردەوە لە ساڵانی ٢٠١٢ – ٢٠١٥ پشکنینی تێداکراو و چینەکانی ئەم پاشماوە شوێنەوارییە لە ئەنجامی ئەم هەڵکۆڵینە ئەنجامی زۆر گرنگیان پێشکەشکردین. بەهۆی گرنگی هەڵکەوتەی شوێنەکە کە خاڵێکی گرنگە بۆ بەیەک گەیشتنی ناوچە ستراتیجییەکان لە نێوان ناوچە شاخاوییەکان و پێدەشتەکانی زاگرۆس، ئەمەش وایکردووە شمشارە ببێتە خاڵێکی گرنگ و زۆربەی مەرجەکانی بوون بە مەڵبەندێکی شارستانییەتی گرنگ تێیدا هەڵکەوتووە کە دانشتوانەکەی خورری نشین بوون، بە دۆزینەوەی ئەم شارە گرنگە توانرا بەشێک لە شارستانیەت و پێگەی ڕامیاریی خوررییەکان و پەیوەندییان لەگەڵ گەلانی ناوچەکە ئاشکرا بکرێت. ئامانج لەم توێژینەوەیە شیکردنەوە و ناساندنی پاشماوە دۆزراوەکانی گردی شمشارەیە، ئاماژەکردن بە مێژووی شمشارە/شوشارایە لە ژێر ڕۆشنایی دەقە مێخییەکان. گرنگترین تەوەرەی توێژینەوەکە ناوهاتنی ئەم ناوە جوگرافییەیە وەک ناوی شارێکی گرنگی ستراتیجی بە تایبەت لە سەردەمی پاشاکانی بنەماڵەی ئوری سێیەم و سەردەمی بابلی کۆن، شیکردنەوەی زانیارییەکانی ناو دەقەکانە لەگەڵ لێکدانەوەی ناو و مانای ناوی شوشەڕایە.


## ١.١ هەڵکەوتە و ڕێگەی گەیشتن بە گردی شمشارە

گردی شمشارە یەکێکە لە گردە شوێنەوارییە گرنگەکانی دەشتی بێتوین لە قەزای ڕانیەی سەر بە پارێزگای سلێمانی، ژیان تێیدا دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە (٦٠٠٠ساڵ پ. ز). بە شێوەیێکی گشتی دەشتی بێتوێن یەکێکە لە ناوچە گرنگەکانی بواری شوێنەوارناسی لە کوردستانی

باشوور بەهۆی زۆریی ئەو پاشماوە شوێنەوارییانەی لەم دەشتە بەپیتەدا دۆزراونەتەوە کە بە دەیان گردی شوێنەواریی گرنگ لەقەڵەمدەدرێن و لە نێویشیاندا گردی شمشارە و بازموسیان و دەیانی تر هەن کە لە ڕووی شوێنەوارییەوە گرنگییەکی زۆریان بۆ مێژووی کۆنی کوردستان هەیە، چونکە ئەنجامی ئەو ئەرشیفەی لە شمشارەدا دۆزراوەتەوە لە هیچ شوێنێکی تری سنووری زێی بچووک نەدۆزراوەتەوە و بەمەش خزمەتێکی زۆری بە مێژووی کۆنی کوردستان کردووە (Eidem & Læssøe, 2001, P. 13). سەرەڕای ئەوەی گردی شمشارە بەهۆی دروستکردنی پڕۆژەیەکی کارۆئاوی ژێرئاوکەوت، بۆیە لە زۆربەی ساڵەکان و بە تایبەت لەو وەرزانەی کە ئاو زۆر دەبێت ناوچەکە دەکەوێتە ژێر ئاوی دەریاچەی دوکان لە کەناری لای ڕاستی زێی بچووک، بە دووریی نزیکەی ٨ کم دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری ڕانیە و ٥ کم لە ڕۆژئاوای دەربەندی ڕەمکان (دەربەندی ڕانیە) (Eidem, 2015, P. 11) [١].

شوێنی هەڵکەوتەی گردەکە بریتییە لە خاڵێکی گرنگی بەیەکگەیشتنی نێوان دوو ناوچەی ستراتجی

لە نێوان ناوچە شاخاوییەکانی زاگرۆس و پێدەشتەکانی زاگرۆس بەم پێیەش شمشارە لە کۆندا




بووەتە خاڵی بەیەکگەیشتنی ئەم دوو ناوچە گرنگە، کە وایکردووە چەندان تایبەتمەندیی گرنگی هەبێت لە کۆندا و زۆربەی مەرجەکانی بوون بە مەڵبەندێکی شارستانی گرنگی تێدابێت، لەلایەکی تریشەوە وا پێویست دەکات ئاماژە بە لایەنی کشتوکاڵیی ناوچەکە بکرێت بەو پێیەی شمشارە دەکەوێتە ناو جەرگەی دەشتێکی زۆر بەپیت و هەبوونی سەرچاوەی زۆری ئاو، لە پاڵ ئەوەشدا چواردەوری ئەم زەویە بە زنجیرە چیای بەرز دەورە دراوە کە شێوەی قەڵایەکی زۆر بەهێزیان بە ناوچەکە بەخشیوە بۆ پاراستنیان لە هەر هێرشێک کە دەکرایە سەر ناوچەکەیان (Eidem, 2012-2015, P 100). بەڵام سەرجەم ئەو تایبەتمەندییانەی ئاماژەمان پێیاندا، لەگەڵ دروستکردنی بەنداوی دوکان لە ساڵی ١٩٥٩ گرنگییان نەما، چونکە شمشارە لە ئێستادا شوێنەوارێکی نیمچە درێژکۆڵە و بەرز ماوەتەوە و زۆربەی کاتەکانی ساڵ ئاو دایدەپۆشێت ( Eidem & Læsso, 2002, P. 20). (دەڕوانینە وێنەی ژمارە ١).

### ١.٢ شێوەی گردی شمشارە

گردی شمشارە پێکدێت لە تەپۆڵکەیەکی شێوە قووچەکی، پێوانەکانی ئەم گردە بریتییە لە: درێژی لە بنکەی ٧٥م بۆ سەرەوە ٢٥م، بەرزییەکەی لە ڕووی زەوییەوە ١٩م، پانییەکەی ٦٠م و لە کۆتایی باکووری گردەکە ١٠م بەرزترە (باقر، ٢٠١٨، ص ٢١٢). لە بەشی باشووری ٦م بەرزە کە وا دەکات بەرزیی تەواوی تەپۆڵکەکە بگاتە ٣٠م، شێوەی گردەکە بە شێوەی کەوانەیی ١م دەردەکەوێت و بەرزیی گردەکە لە ئاستی ڕووی دەریا بە ٥١٩،٤م دەخەملێنرێ (Ingholt, 1970, P. 12). گردی شمشارە بە ئاسانی دەتوانێ بناسرێتەوە و جیابکرێتەوە لە گردەکانی دەورووبەری بەهۆی ئەوەی بەرزی و نزمیی زۆر هەبووە لە گردەکاندا، بەڵام گردی شمشارە لە هەموو گردەکانی دەوروبەری بەرزتر و فراوانترە بووە (Eidem, 2011, P.80). بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتر دەڕوانینە وێنەی ژمارە (٢).




وێنەی ژ. (٢) شێوەی گردی شمشارە لە ئێستادا ٢٠٢١ (وێنەکە گیراوە لەلایەن شێرزاد حەسەن)

## 1.3 هۆکاری دەستنیشانکردنی گردی شمشارە بۆ هەڵکۆڵین

دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٥٠ حکومەتی عێراق بڕیاریدا پڕۆژەیەکی کارۆئاوی لە بەشی کۆتایی باشووری دەشتی ڕانیە و ئەوپەڕی زێی بچووک دروستبکات، کە بەهۆی دروستکردنی ئەم پڕۆژەیە زیاتر لە ٤٠ شوێنی شوێنەواری ناوچەکەی ژێرئاودەخست بەو واتایەی نزیکەی ٢٣٠کم[٢] زەوی ژێرئاو دەکەوت (Eidem, 2020, P. 101). لەکاتی دروستکردنی پڕۆژەی بەنداوەکە شوێنەواری عێراق لە بەغداوە شاندێکی ناردبوو بۆ ڕووپێوکردنی و تۆمارکردنی ئەو ناوچە شوێنەواریانەی لە ئەنجامی ئەم بەنداوە ژێرئاودەکەون، لە دەرئەنجامی ئەوەشدا (سەبری شوکری) بە ڕاسپاردەی بەڕێوبەرایەتیی شوێنەواری عێراق، زانیاریی سەرەتایی و گرنگی سەبارەت بە گردەکانی دەشتی ڕانیە لە ڕێگەی ڕاپۆرتێک لە ٢٠ی شوباتی ١٩٥٠ بڵاوکردەوە، کە تیایدا بایەخی گردەکانی بە کارێکی زۆر پێویست و گرنگ وەسفکردبوو (Eidem, 2020, P.101). لە دەرئەنجامی ئەم ڕاپۆرتەش لە ساڵی ١٩٥٥ پڕۆژەیەک دەستیپێکرد لەلایەن گروپێکی لاوی شوێنەوارناسی عێراق لە ژێر ناوی چالاکیی ڕزگارکردن لە پڕۆژەی (دوکان)، لە ساڵی ١٩٥٦ پڕۆژەکە دەستی بە کارەکانی کرد و تیمەکە نزیکەی ٤٠ شوێنەوارناسی لەخۆدەگرت و تیمەکە ناوی (٤٠) شوێنی پاشماوەی شوێنەواری تۆمارکرد و تاکو ساڵی ١٩٦٠ لە ئەرکەکەیاندا بەردەوامبوون، لە دەرئەنجامی ئەم کارەشیاندا بۆیان دەرکەوتووە ناوچەکە لە کۆندا دەشتێکی زۆر بەپیت بووە و هەر لە سەردەمی بەردنی نوێوە مرۆڤ تیادا نیشتەجێ بووە (باقر، ٢٠١٨، لا ٩٤).

### 1.3.1 هەڵکۆڵینی شاندی دانیمارکی

لە پاڵ هەڵکۆڵینەکانی شاندی عێراقی و لە هەمان کاتدا تیمە شوێنەوارناسە عێراقییەکان پەیوەندییان بە حکومەتی دانیمارک کرد بۆ ئەوەی هاوکاربن لە کاری هەڵکۆڵین لەو گردە شوێنەوارییانەدا، لە

دەرئەنجامی ئەوەش شاندی (تیمی -Danish Dokan Expedition) پێکهێندرا بۆ ئەوەی هاوکاربێت بۆ هەوڵی ڕزگارکردنی پاشماوە شوێنەوارییەکانی ناوچەکە و کارکردن لە گردی شمشارە. گردەکە لە چەند کاتی جیاواز پشکنینی تێدا ئەنجامدراوە، کە لە ڕووی شوێنەوارییەوە ئەنجامی سەرنجڕاکێشی هەبووە بە تایبەت بەهۆی دۆزراوە شوێنەوارییەکانی ساڵانی ( ١٩٥٧ – ١٩٥٩) (لیسۆ، ١٩٩٨، ل. ١٠) شاندی دانیمارکی بۆ هەڵکۆڵین و پشکنین لە گردی شمشارە لە ساڵی ١٩٥٧ پێکهێنرا، بە سەرپەرشتی (یورگن لیسۆ-Jorgn Læssøe) کە تیمی (دانیش-Danish) پێکهات بۆ پشکنین لە گردەکە، هنری ئنگاون پرۆفیسۆر کە شوێنەوارناسێکی لێهاتوو بوو لە زانکۆی (یەیڵ-Yale)، لەلایەن (لیسۆ-Læssøe) وەک بەڕێوەبەری پرۆژەکە دەستنیشانکرا، لەژێر سەرپەرشتی هاوبەشی دەزگای کالیسمبرگ و دەزگای پەرەپێدانی حکومەتی دانیمارک(Eidem, 2011, P. 14-15) .

هەڵکۆڵینەکە بۆ ماوەی سێ مانگ بەردەوام بوو کە زیاتر هەڵکۆڵینەکانیان لە بەشی سەرەوەی گردەکە واتە لە لوتکەی باکووری شمشارە ئەنجامداوە (Eidem, 1999, P. 11). لەدوای ئەنجامدانی هەڵکۆڵین لەلایەن نێردراوە دانیمارکییەکە بۆیان دەرکەوت ئەم گردە لە سەردەمی بەردینی نوێدا ئاوەدان بووە، لە هەمان کاتدا کۆشکێکیان دۆزیەوە کە مێژووەکەی دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی ئاشوریی کۆن (Eidem & Læssøe, 2001, P. 19). تیمە دانیمارکییەکە (١٦) چینی شوێنەوارییان لە گردەکەدا دۆزیەوە و هەر چینێک دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێک، لە سەردەمەکانی پێش مێژوو دەستپێدەکات تاکو سەردەمی ئیسلامی گردەکە وەک گوندێک هەموو کاتێک ئاوەدان بووە (لیسۆ، ١٩٩٨، لا ٣٥). لە چینی پێنجەمی گردەکەدا نزیکەی (٢٤٥) تابلێتی قوڕینی مێخی دۆزراونەتەوە کە بەشێکی زۆریان نامەن بۆ کوواریێ فەرمانڕەوای شمشارە نێردراون.(Eidem, 2020, P. 164).

لەکاتی پشکنین لە گردەکە لیژنەکە چەند تابلیتێکی نووسراویان دۆزییەوە یەکێکیان پارچە تابلیتێکی زەرفە بەشێکی نووسینی مۆرێکی لوولەیی و نیگارێکی بچووکی بابلی کۆنی لەسەرە کە



وێنەی ژ. (٣). وێنەی چادرەکانی تیمی دانیش دانیمارکی کە لە وەرزی بەهار گیراوە (١٩٥٧) (، Eidem & Læssoe, ,1957 P. 88)

دیمەنی خوداوەندێکی ئافرەتە بەرانبەر خوداوەندێکی تر دانیشتوو وەستاوە ( Eidem & Læsso, 2001, p.25-26; Ahmed,2012, p.354ff)، هەروەها گلێنەیەکی لەقوڕ دروستکراویش دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حەسوونە (٥٨٠٠ – ٥٥٠٠ پ.ز) بە گشتی لیژنە دانیمارکییەکە دوای پشکنین و لێکۆڵینەوەکانیان چەندین بەڵگەی نووسراو و پاشماوەی شوێنەواریی خانووی قوڕین و چەند ئامێرێکی لەبەرد دروستکراو دۆزراوەتەوە وەک (چەقۆ)[٢] ، وەک لەوێنەی ژمارە (٣)دا دەیبینین. لەدوای هەڵکۆڵینی ساڵی ١٩٥٧ تیمە دانیمارکییەکە گەڕانەوە دەیانویست لە هاوینی داهاتوو دووبارە بگەڕێنەوە شمشارە و بەردەوام بن لە کنەوپشکنین، بەڵام بەهۆی هۆکاری سیاسی و سەرهەڵدانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٥٨ شاندەکە نەیانتوانی بگەڕێنەوە بۆ گردی شمشارە (باقر، ٢٠١٨، لا. ٣١٠).

## 1.3.2 هەڵکۆڵینی شاندی عێراقی

لە ساڵی ١٩٥٨ – ١٩٥٩ لەلایەن تیمێکی شوێنەواری عێراق بۆ جاری دووەم پشکنین بۆ گردی شمشارە ئەنجامدرا دوای ئەوەی شاندی دانیمارکی نەیانتوانی بگەڕێنەوە، شاندی عێراق بەردەوامییان بە پشکنینەکانیان دا لە گردی شمشارە بە سەرپەرشتی عبدالقادر تکریتی (Eidem, 2020, P. 163). شاندی عێراق هەڵکۆڵینەکانیان لە بەشە نزمەکانی گردەکە درێژەپێداوە، کە کۆمەڵێ تابلێتی تریان دۆزیەوەتەوە لە ژوورێکی تری هەمان خانوو، کۆمەڵێک زانیاریی تری تێدابووە دەربارەی لایەنی کارگێڕیی ناوچەکە. لەدوای جێبەجێکردن پڕۆژەی بەنداوی دوکان لە ساڵی ١٩٦٠دا ژێرئاوخستنی دەشتی ڕانییە داپۆشینی گردی شمشارە زیانێکی زۆر بە پاشماوە شوێنەواریەکانی ناوچەکە گەیاند بە تایبەت گردی شمشارە (باقر، ٢٠١٨، ل. ٣٠٩). دووبارە بیرۆکەی پشکنینی گردی شمشارە دەستپێکردەوە دوای ٥٣ ساڵ واتە لەنێوان ساڵانی (١٩٥٩ – ٢٠١٢) بۆ بەردەوامیدان بە پڕۆژەی ڕزگارکردنی تۆمار و پاشماوەی مێژوویەکانی گردەکە لەوکاتەی ئاستی ئاوی دەریاچەی دوکان ڕووی لە دابەزین کردبوو لە سەرەتای مانگی ١٠ و ١١ هەڵکۆڵینیان دەستپێکردەوە (Matthews, 2020, P. 179). لە ساڵی ٢٠١٢ تیمێکی تر دەستبەکاربوو بۆ پشکنینی گردی شمشارە پێکهاتبوو لە گروپێک لە ئەندامانی زانکۆی (لاییدن- Leiden) و زانکۆی (لاپ زیگ – Leip Zing) و پەیمانگای (نینۆ – NINO)ی هۆڵەندی بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک، ئەندامانی تیمەکە پێکهاتبوون لە ١٢ کەس لەژێر سەرپەرشتی ( Jesper Eidem) دەڕوانینە وێنەی ژمارە (٤). لە پایزی ٢٠١٢ پشکنین و گەڕان لە بەشی باکووری گردەکە دەستپێکرد (Eidem, 2017, P. 5 – 6). بێگومان ئەمە یەکەمین پشکنین بوو دوای دروستکردنی بەنداوی دوکان کە بۆ شمشارە ئەنجامدرا، کە تیمەکان لە ڕێگەی بەلەمەوە گەیشتوونەتە

گردەکە لە ڕێگەی فڕۆکەوە لە بەرزایی وێنەی جیاوازی گردەکە تۆمار کراوە (Eidem, 2016, P. 57). (دەڕواندرێتە وێنەی ژمارە ٤).



وێنەی ژ. (٤). وێنەکە لە ئاسمانەوە گیراوە لە کاتی کنەو پشکنین لە گردی شمشارە (Eidem, 2012, P. 162)

دوای ئەوەی هەڵکۆڵینەکە دەستیپێکردوو ٩ چاڵ لێدران بە قەبارەی جیاواز لە شوێنی جیاوازی گردەکە ئەنجامی بەرچاوی هەبوو، لەوانە دۆزینەوەی جەڕەیەکی بچووک، و دۆزینەوەی دیوارێکی بەردین لە بەشی ڕۆژهەڵاتی گردەکە، هەروەها دۆزینەوەی تەنوور و گۆڕێک و سێ مۆری ڕەنگ سپی لەگەڵ قاوکی جۆرە ئاژەڵێکی دەریایی کۆن تێکراو بۆ مەبەستی جوانکاری و بەردی

چاڵکراو و دوو ئەنگوستیلە، لە چاڵی پێنجەم گۆڕی منداڵێک دۆزرایەوە لەناو گۆزەیەکدا نێژرابوو کە ملوانکەیەکی لەملدا بووە و لە چواردەوری گۆڕەکەش مۆر هەبووە و لە چاڵی حەوتەم لە بەشی ڕۆژهەڵات پێچکە تایەی عارەبانەیەک دۆزرایەوە و هەندێ پاشماوەی شکاو و سووتاو دۆزرانەوە، لاشەی کەسێکی هەرزەکار دۆزرایەوە لەنزیک کەلەسەری مرۆڤەکەوە دوو گۆزەی بچووک دۆزرانەوە، لەگەڵ دوو دەرزی بڕۆنزی و هەندێ پارچە گۆزەی و ئێسک و بەردی ئەستی و بەردی ئوبسیدی لەگەڵ پارچە گۆزەی نەخشێندراو و ڕەنگاوڕەنگ، کە ئەمانە بەڵگەن لەسەر بوونی چەند چینێکی جیاوازی شوێنەواری لە پێش مێژوو و چاخی بڕۆنزی...هتد(Eidem, 2020, P. 179 – 181).

پشکنین بەردەوام بوو، دوو گۆزەی تری گەورە لە بەشی باکووردا دۆزرانەوە لە چینی هەشتەم دۆزرانەوەی سێیەم گۆڕ کە مرۆڤێکی باڵغ {کامل-Full-grown} بوو. هەروەها دۆزینەوەی تابلێتێک کە بە خەتی مێخی نووسراوە لە نێوان دوو گۆزەی گەورەدا (وەک لە وێنەی ژمارە ٥ خراوەتەڕوو). دوای تەواوبوونی وەرزی پایزی ٢٠١٢ ئاوی دەریاچەکە هەندێ لە ژوورەکانی پاککردەوە بە تایبەت لە بەشی ڕۆژهەڵاتی گردەکە و دوابەدوای تەواوبوونی کاری هەڵکۆڵین لە ناوچەکە سەرجەم ئەو چاڵانەی بۆ مەبەستی هەڵکۆڵین لێدرابوون پڕکرانەوە بۆ ئەوەی ئەم شوێنە لە مەترسیی لەناوچوون بپارێزرێت (Eidem, 2017, P. 7).

لە پایزی ٢٠١٣ هەڵکۆڵین لە گردی شمشارە بەردەوام بوو لە گرنگترین ئەو پاشماوانەی کە دۆزرانەوە بریتیە لە دوو تابلۆی مێخی یەکێکیان لە باکووری ڕۆژئاوا دۆزراوەتەوە لە چینی هەشتەم، تابلۆی دووەم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵنامەی پاشایانی سۆمەر بەر لە بنەماڵەی ئوری

سێیەم لە چینی پێنجەم دۆزرایەوە (Eidem, 2012, P. 5). بەهۆی گرنگی و بایەخی گردی شمشارە بەردەوام کنە و پشکنینی تێدا ئەنجامدراوە، ڕاپۆرتی شوێنەواری دەربارەی گردەکە بڵاوکراوەتەوە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٣ – ٢٠١٤ – ٢٠١٥.



وێنەی ژ. (٥) چەند وێنەیەک لە دۆزراوەکانی گردی شمشارە کە پێکهاتووە لە ئێسکی کەسێکی هەرزەکار و ئامرازی جوانکاریی ئافرەتان و وەک بازن و ملوانکە، پارچە بەردێکی نەخشداری بڕۆنزی. (Eidem, 2020, P. 179 – 181)

## 1.4 پێکهاتەی چینەکانی گردی شمشارە


لە ئەنجامی ئەو پشکنینەی هەریەکە شاندی دانیمارکی لە ساڵی ١٩٥٧ و شاندی شوێنەوارناسیی عێراقی لە ساڵانی ١٩٥٨ – ١٩٥٩ بۆ گردی شمشارەیان ئەنجامدا دەرکەوت گردی شمشارە بریتییە لە ١٦چین

شوێنەواری هەر چینە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێک لە سەردەمەکانی پێش مێژوو دەستپێدەکات تاکو سەردەمی ئیسلامی ( Eidem, 2011, P. 19). لەو ١٦ چینەی کە دۆزراونەتەوە بە گشتی سێ ئاستی زەمەنی دەردەکەوێت؛ لە چینی ١-٣ پاشماوەی ئیسلامی سەدەی دوانزە و چواردەی پێش زاین، لە چینی ٤–٨ دەگەڕێتەوە بۆ خورری و ئاشوریی کۆن. لەگەڵ تابلێتە قوڕینەکانی مێخی لە سەردەمی ئاشوریی کۆندا (باقر، ١٩٧٣، ص ٩٣). چینی ٩-١٦ دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی تازە لە حسوونە (Eidem, 2018, p. 3). چینی ٩–١٦ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی بەر لە مێژوو و چینی ١٤–١٦ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی پێش گلێنەسازی واتە لە سەردەمی بەردینی نوێدا نزیکە (لیسۆ، ١٩٩٨، لا ٣٩). لێکۆڵینەوە دۆزراوەکانی ئەم گردە زانیاریی بەنرخمان پێدەدەن لەبارەی دانیشتوان و کاری ڕامیاری و سەربازیی پێش نزیکەی ٦٠٠٠ شەش هەزار ساڵ پێش ئێستا، دۆزراوەکان ئەمەیان سەلماندووە؛ بوونی مرۆڤ لەم شوێنەدا قۆناغ بە قۆناغ بەردەوام بووە ئەم گردە هاوشێوەی گوندێک هەمیشە ئاوەدان بووە (Eidem, 2011, P. 19).

### 1.4.1 چاخەکانی پێش مێژوو

بەپێی ئەو بەڵگە شوێنەوارییانەی لە شمشارە دۆزراونەتەوە دەیسەلمێنن کە ژیان لە چاخەکانی پێش مێژوو لەم گردەدا هەبووە لەو شانزە چینە داپۆشراوەی بەدوای یەکدا هاتوون کە دۆزراونەتەوە دانیشتوانی تێدابووە (Matthews, 2020, P. 179)، چاخەکانی پێش مێژوو لە نێوان سالآنی ٥٠٠٠ و ٥٠٠٠٠٠پێش زاین دەستپێدەکات کە سەرجەم چاخە بەردینەکان و چاخە کانزاییەکان دەگرێتەوە، کە تێیدا مرۆڤ نووسینی دانەهێناوە و ڕووداوەکانی بە نووسین تۆمارنەکردووە (لیسۆ، ١٩٩٨، ل. ١٧). لە چینە دۆزراوەکانی گردی شمشارە چینی (٩ – ١٦) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەر لە مێژوو بە پێی ئەو کنەوپشکنینانەی

له ساڵانی ١٩٥٧ – ١٩٥٩ بۆ گردەکە ئەنجامدران ئەنجامی زۆر گرنگیان هەبووە، کە چەندین پارچەی شوێنەواریی گرنگ دۆزرانەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ چاخی بەردینی نوێ و شارستانیەتی حەسوونە ٦٠٠٠ – ٥٠٠٠پ. ز و شارستانیەتی سامەڕا ٥٥٠٠ – ٤٩٠٠(مزووری، ٢٠٠٨، لا ٤٦). هەروەها پێی دەڵێن (حەسونە-Hassuna) بە پێی ئەو هەڵکۆڵینەی لە ساڵانی پەنجاکان لەلایەن هەردوو شاندی دانیمارکی و عێراقی بۆ گردەکەیان ئەنجامداوە (باقر، ١٩٧٣، ص ٢١٢). ئەم وێنەیەی خوارەوە ئاراستەی خۆرئاوا پیشاندەدات و ئاستی (٩ – ١٦) دەستنیشان دەکات کە مێژووکەیان دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی چاخی بەردینی نوێ. ئەم ئاستە لە ١٥ × ٢م لە باشووری تەپۆڵکەکە و بەرزەکەی چوارگۆشەی L10 – o10 و ئەم ئاستە بە گشتی ٣.٤م ئەستوور بووە ( Matthews, 2020, P. 180). ئاستی ١٦ ڕیزبەندی بیناسازی و چۆنیەتیی دیواری قوڕین نیشاندەدات یەک تەبەقەی دیوارەکانیان بەشێوەی یەک خەتی لەسێلاوە بە ئاراستەی باکوورن و هەروەها لەنێو دیوارەکانیشیان پەناگەی نیوە بازنەی بچووک هەن شێوەی پێکهاتەکەیان لە گیراوەیەکی تایبەت دروستکراوە کە ٥ بۆ ١٥ سانتی مەتر دەبێت جۆری پێکهاتەکەش ڕەنگێکی ڕەشە کە لە قوڕێکی سووتاو دەچێت بۆتە هۆی دروستکردنی سێبەر لە بەشی خوارەوە (Ingholt, 1970, P. 18).




وێنەی ژ. (٦). نیشاندانی بەشێک لە چینەکانی گردی شمشارە ٩ – ١٦ (Ingholt, 1970, P. 18)

ئەم ئاستە لە ١٥ × ٢م لە باشووری تەپۆلکەکە و بەرزەکەی چوارگۆشەی L10 – o10 و ئەم ئاستە بە گشتی ٣.٤م ئەستوور بووە (Matthews, 2020, 180)، ئاستی ١٦ ڕیزبەندی بیناسازی و چۆنیەتیی دیواری قوڕین نیشاندەدات یەک تەبەقەی دیوارەکانیان بە شێوەی یەک خەتی لەسێلاوە بە ئاراستەی باکوورن و هەروەها لەنێو دیوارەکانیشیان پەناگەی نیوە بازنەی بچووک هەن شێوەی پێکهاتەکەیان لە گیراوەیەکی تایبەت دروستکراوە کە ٥ بۆ ١٥ سانتی مەتر دەبێت جۆری پێکهاتەکەش ڕەنگێکی ڕەشە لە قوڕێکی سووتاو دەچێت کە بۆتە هۆی دروستکردنی سێبەر لە بەشی خوارەوە (Ingholt, 1970, P. 18). (دەڕوانینە وێنەی ژمارە ٦).

لە کۆتایی بەشی باشوور چاڵێک بەرچاودەکەوێت بە وردە بەرد شێوە کراوە و شێوەیەکی ڕەساسی هەیە و بەردەکانیش بەهۆی ئاوەوە داخوراون و ئەو بەردە چوار گۆشانەی کە لە N10 – M10 هەبووە شایەنی تێڕامان و سەرەنج بوونە، کە بە یەک هێڵ ئاراستەی باکوور بە باشوور دەبەستێتەوە (Ingholt, 1970, P. 19). سەرجەم بەردەکان

جۆری ئەو بەردانەی ئاستی ٩-١٦ پێی دروستکراوە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی حسونە کە دابەشدەکرێتە چوار گروپ و دوو گروپیان لە شێوەی چوارگۆشەیە کە لە N10 دەردەکەون پانیان ٤٠سم دەبێت و گروپی سێیەمیش پێکدێت لە بەردی بچووکی تیژ کە لە بەشی باکووری M10 لە نێوان بۆشایی بەردە گەورەکان دۆزراوەتەوە ( Matthews, 2020, 180)، گروپی چوارەمیش لە بەشی L10 دا دەردەکەون و بە فراوانترینی دادەنرێت و لە بەشی خۆرائاوادا هەن ئاستی ١٤ سێ ئەندازیاری لەم بەشەدا بەرچاودەکەوێ لە باکوور بۆ باشوور دەستپێدەکات و لە ئاستی ١٥ لە Mo دووچاڵ بەرچاودەکەوێت درێژیی چاڵەکان ٢٣٠ مەتر دەبێت، پانییەکەش ١١٠مەتر دەبێت ئەم چاڵانە بە بەردی ئاوی ڕازێندراوەتەوە و هەروەها پێوانەی ٥ تا ٨ سانتیمی جیاوازی لە نێوان چاڵەکانی هەبووە (Matthews, 2020, 180)، ئاستی ٨ – ٩ نیشانەی هەبوونی ئاگر پیشاندەدات کە وەک هۆکارێک بۆ توندوتیژی بەکارهاتووە و بارودۆخی ئەو شتانەی دۆزراونەتەوە و زیانێکی زۆریان پێ گەیشتووە و بەڵگەن لەسەر هەبوونی ئاگر لەم ئاستە و پاشماوەی ئەو ئێسکانەی دۆزراونەتەوە تۆقێنەر بوونە ( Eidem, 2011, P. 14 – 15). بەردی ( Obsidian - بەردێکی شووشەیی ڕەشە وەک گرانیت وایە) جۆرێکە لە بەرد بە تەواوی تێکشکێنراوە[٣]. لە ئاستی ١٢ هیچ شوێنەوارێکی هەبوونی خانوو نابینرێت، هەرچەندە لە هێڵی سنووری نێوان L10 و M10 لە ٥٠سم لەسەر ئاستی ١٢ بەشێکی سووتاوە کە نزیکەی ٤٠سم بەدەردەکەوێت و لە هێڵی تری نێوان L8 و L9 لە بەشی باشوور دەفرێکی نامۆی ژێر دوکان لە ماددەی ڕەق دروستکراوە دۆزرایەوە کە نزیک ٥٠سم دەبوو بەهۆی زوو هەڵوەرینی ماددەکەی جێهێڵدرا بوو لە ساڵی ١٩٥٨ ڕزگارکراو دۆزرایەوە.

### 1.4.2 چینەکانی مێژووی کۆن

لە چینە دۆزراوەکانی تری شمشارە ئاستەکانی ٤ – ٨ گەڕێندراوەتەوە بۆ چینەکانی مێژووی کۆن کە خورری و ئاشوریی کۆنی تێدابووە. بەشێکی گەورەی مێژووی شمشارەیان پێکهێناوە بەڵگەی پشتڕاستکەرەوە دۆزینەوەی ئەو تابلێتانەی لە یەکێک لە ژوورەکانی چینی پێنجەمی گردەکەدا دۆزراونەتەوە ژمارەیان ٢٤٥ تابلۆی نووسراوی گلێنەیە (Matthews, 2020, 180). ئەم تابلێتە دۆزراوانە ٧٥ دانەیان نامەن و بەخەتی مێخی لە سەردەمی ئاشورییەکان نووسراوە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەمی پێش زاین (لیسۆ، ١٩٩٨، ل. ٥٣) ئەم نامانە لەلایەن (لیسۆ – Læssøe) شارەزا لە زمانە کۆنەکان شیکراونەتەوە، دەری خستووە زۆربەی نامەکان لەلایەن پادشای بەناوبانگی ئاشوری (شەمشی ئەدەد – ŠamŠi Adad) بۆ فەرمانڕەوای شمشارە (کوواری – Kuwari) نێردراون (عبدالصمد، ١٩٩٩، ص١٤٧). کوواری فەرمانڕەوایەکی خورری[٤] بووە، لەنامەکان دەردەکەوێ خەڵکی شمشارە و کوواریش لەژێر حوکمی ئاشورییەکان دابوونە چونکە ئاشورییەکان پاشایەکیان هەڵبژارد کە لەژێر دەسەڵاتی خۆیان دابێت و لەو سەردەمەشدا کوواری – Kuwari) فەرمانڕەوای ناوچەکە بووە (Eidem, 2011, P. 15).




وێنەی ژ. (٧). وێنەی ژووری ١٥ ئاستی پێنجەم هەڵکۆڵینی ساڵی ٢٠١٤ (Eidem, 2020, P. 170)

لە میانەی هەڵکۆڵینەکانی شاندی عێراقی دوای ١٠ ساڵ ئەنجامێکی گرنگ بەدەست هات ئەویش بریتیبوو لە دۆزینەوەی ٣ پارچەی تیراکۆتایی، کە لە دواتردا بە بخوردانەکانی گردی شمشارە ناسێندران و لە مۆزەخانەی عێڕاقی پارێزران. ئەم بخوردانانە بە شێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش دروستکراون بە بەرزیی نزیکەی ٧٠سم و لە ڕووی هونەری و تەلارسازی لە بەشی سەرەوە لە شێوەی تاوەرە قەڵادارەکان دروستکراون، دەرخەری شێوازی بیناسازیی ئەو سەردەمەن کە خانووەکان زیاتر لە نهۆمێک پێکهاتبوون. لە بەشی خوەرەوەش بە دیمەنی سەری ئاژەڵی کێوی شاخدار ڕازێندراوەتەوە، ئەم جۆرە بخوردانانە هاوشێوەی بخوردانەکانی گردی باسمۆسیانن، کە بە بەشێکی گرنگی لایەنی شارستانیی خوررییەکان دادەنرێت، بۆ زنیاریی زیاتر

دەربارەی بخوردانەکانی شمشارە و باسمۆسیان دەڕواندرێتە: ( Eidem, 2011, p.81ff؛ Marf & Eidem, 2020, p.93-98ff)، و دەڕواندرێتە وێنەکانی ژ(٨، ٩، ١٠، ١١).


لە ئاستەکانی ٦ – ٧ لە ساڵی ٢٠١٢ کە ڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر ئاستی پێنجەم چەندین ژووری تر دۆزراونەتەوە، (وەک لەوێنەی ژمارە ٧ خراوەتەڕوو). لەم ئاستەدا دیوارەکانیان نەسووتاوە بەڵام بەشێکی زۆر داڕماوە و دۆزینەوەی ئاسەواری ئێسکی منداڵی ساوا و هەروەها دۆزینەوەی گۆڕستانێک لە بەشی خوارەوە و سیرامیکی بچووک و پارچە خشڵ (Eidem, 2020, P. 174 – 176). لە ئاستی ٨ کە لە بەهاری ٢٠١٤ بەردەوامبوون هەڵکۆڵین لە نزیک گۆشەی باکووری ڕۆژهەڵات هیچ شوێنەوارێکی ناشتنی مرۆڤ لەم ئاستەدا بەرچاوناکەوێت، بەڵام کۆمەڵێ کەلوپەلی وەک ئەڵقەیەکی پەنجەی بچووکی برۆنزی و کۆمەڵێ کەلوپەلی چێشتخانە دۆزراونەتەوە (Eidem, 2020, P. 176).




وێنەی ژ. (٨ ) دوو نمونەی بخوردانی شمشارە (Eidem, 2011, 89)




وێنەی ژ (٩) بخوردانی شمشارە (Eidem, 2011, 89)



وێنەی ژ. (١٠)بخوردانێکی دۆزراوە لە گردی باسمۆسیان (Eidem, 2011, p. 89)

### 1.4.3 چینەکانی سەردەمی ئیسلامی

دوای ئەوەی تیمی دوکانی دانیمارکی ناچاربوون پلانی وەرزی دووەمی هەڵکۆڵینەکەیان هەڵبووەشێننەوە شاندی عێراقی درێژەیان بە کنەوپشکنینەکانی گردەکە دا و ئاستی ١ – ٣ یان دیاریکرد کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیسلامی (Al-Haik, 1968, P. 67). هیچ ڕاپۆرتێک یاخود زانیارییەکی ورد بڵاونەکراوەتەوە سەبارەت بە هەڵکۆڵینەکانی شاندە عێراقیەکە و ئەوەی لەبەردەستە لیستی تۆمارە دۆزراوەکانی زنجیرەیەک وێنەی هەڵکۆڵینەکە لە وەرزی ١٩٥٨-١٩٥٩ لە شمشارەوە ئەنجامدراوە (عباس، عبدالله،١٩٨٦-١٩٨٧، ص ٨٥). لەو پوختەیەی (ئینهۆڵت-Ingholt) لە ساڵی ١٩٧٠ بڵاویکردەوە ئاستی ١ – ٣ کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ١٢ و ١٤ی زاینی هەندێ وردەکاری خستۆتەڕوو و کۆمەڵێ ژووری دیاریکراو کۆمەڵێ شتی تێدا دۆزراوەتەوە لەوانە دراوێک لە بەشی باکووری گردەکە دۆزرایەوە کە ڕەنگە ئاماژە بە جێگیربوونی پیش ئیسلامی بکات، هەروەها ئاماژە بە دوو لەتەبەردی پۆڕسەلینی چینی کردووە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (١٦ – ١٧) دۆزینەوەی چەند جامێکی

لە گڵ دروستکراو و چەقۆ و چەند کەرستەیەکی هەڵواسراو ( Ingholt, 1970, P. 12). هەروەها دۆزینەوەی چەند پارچەیەکی قەنەی جگەرە کێشان و دۆزینەوەی سەرە ڕمێک کە گەواهی لەسەر سەردانی مەغۆلەکان دەدا بۆ ئەو ناوچەیە (Mortensen, 1996, 128). دۆزینەوەی چەندین سەری بۆڕی و تەنی ئاسنین کە ئاماژە بە مێژووی سەردەمی عوسمانییەکان[5] دەکەن لەو گردەدا (Ateš, 2013, 3-238).

## 2. دۆزراوە گلێنەییەکانی گردی شمشارە

### 2.1 دۆزراوە گلێنەییەکانی پێش مێژوو

پاش گەڕانێکی ورد بە چواردەوری گردەکەدا دیاریکردنی هەر ١٦ چینەکانی شمشارە و دۆزراوەکانی کە لە زۆربەی ئاستەکانی چەندین گۆزە و پارچە گۆزەی نەخشێنراو و ڕەنگاوڕەنگ و بێڕەنگ دۆزرانەوە بەڵگەن لەسەر بوونی چەندین جۆری پاشماوەی سەردەمی جیاواز، چەندان گلێنەی جیاواز دۆزراونەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی حەسونە و سامەڕا زۆربەیان پارچەن. (وەک لە وێنەی ژمارە ١١ دەیبینین)

(Eidem, 2020, P. 17)[6]. لە گلێنە دۆزراوەکانی شمشارە جگە لە یەک پارچەی بچووک کە لە ئاستی ١٤ دۆزراوەتەوە هیچ گلینەیەکی تر لە ئاستەکانی (١٤ – ١٦) نەدۆزرانەوە، بەڵام لە ئاستەکانی (٩ – ١٣) کۆمەڵی گلێنە و پارچەی شکاو دۆزراونەتەوە، نزیکەی (٢١٥) قاپی گلێنەی بەدەست دروستکراو دۆزراونەتەوە کە شێوەیەکی ناسکیان هەبووە. بەشێکیان نەخشداربوونە و دیزاینکراون بە شێوەی چەرخی (٧) و هێڵی شەپۆلاوی و هێڵی زیگزاگ و کۆمەڵێ هێڵی تری جیاواز ( Ingholt, 1970, P. 63).



وێنەی ژ. (١١). بەشێک لە پارچە دۆزراوەکان کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سامەڕا ١١ – ١٢ (Ingholt, 1960, P. 12)


لە ساڵی (٢٠١٢) پشکنین بۆ گردەکە ئەنجامدرایەوە لەو ٩ چاڵەی لە گردەکە لێدران لە چاڵی ٥ لە بەشی باکوور لە چینی نۆیەمی کە گۆڕستانی تێدابووە لە یەکێک لە گۆڕەکان ئێسکی مرۆڤێکی هەرزەکاری تێدابووە لەلای سەریەوە دوو گۆزەی گەورە هەبووە، یەکێکیان لە بەشی سەرەوە (ملەکەی) و لە تەنیشتەکانی شکاوە کە ڕەنگیان تاڕادەیەک سور دەدات و بنکی هەیە و ملێکی درێژ و ئەستوری هەیە، (وەک لە وێنەی ژمارە ١٢ دا خراوەتەڕوو) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حسونە (Eidem, 2020, P. 171).



وێنەی ژ. (١٢). گۆزەی گلێنەیەیی سەردەمی حسونە، لە ئاستی نۆیەم دۆزراوەتەوە (Eidem, 2020, P.42)

گلێنەی دووەم قەبارەکەی گەورەترە و واپێدەچێت بۆ خواردنهەڵگرتن دروستکرابێت، ڕەنگێکی قاوەیی هەیە و دەسکی نییە و ژێرەوەی خڕە و ملی نییە دەمێکی بچووک و ئەستووری هەیە لێکۆڵەران دەیگەڕێننەوە بۆ چینەکانی پێش مێژوو (Eidem, 2020, P.171). (دەڕوانینە وێنەی ژمارە ١٣).





## 2.2 دۆزراوە گڵێنەیەکانی پێش ئیسلام

زۆربەی گڵێنە دۆزراوەکانی شمشارە لەلایەن لێکۆڵەران گەڕێندراونەتەوە بۆ سەردەمانی مێژووی کۆن و بەگشتی لە ئاستەکانی (٤ – ٨) گڵێنەی تێدا دۆزراوەتەوە، بەڵام زۆربەی گڵێنەکان لە ئاستەکانی (٧ – ٨) دۆزراوەتەوە. لە ئاستی هەشتەم دۆزینەوەی دوو گڵێنە کە یەکێکیان قاپە و ئەوەی تریان گۆزەیە، گۆزەکە دەسکی نییە بەڵام ملێکی ئەستوری هەیە و لێوارەکانی سەرەوەی تەنکە و و بنکەی ژێرەوەی هەیە و ڕەنگێکی قاوەیی مەیلەو سوور دەدات و بەشەکانی سەرەوەی شکاوە، (بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتر دەڕوانینە وێنەی ژمارە ١٥). زیاتر بۆ کاری گواستنەوە و کۆگاکردن بەکارهێنراوە و شێوەی جۆراوجۆری هەیە، هەیانە بەدەسکە و هەیانە بێدەسکە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خورریەکان (As-Soof, 1970, P. 187-188).



وێنەی ژ. (١٥). گۆزەی گڵێنەی سەردەمی خورری لە ئاستی هەشتەم دۆزراوە
(Eidem, 2020, P. 42)

ئەم قاپەش شێوەیەکی دەمکراوەی قووڵی هەیە و بنکی هەیە و پێدەچێت وەک دەفر یاخود قاپ بەکارهێنرابێت بۆ مەبەستی خواردن لەناوی بەکارهێنراوە، ڕەنگێکی قاوەیی کاڵی هەیە. لە ئاستی هەشتەمدا دۆزراوەتەوە (As-Soof, 1970, P. 188). (دەڕوانینە وێنەی ژمارە ١٦).



وێنەی ژ. (١٦). قاپە دۆزراوەکەی ئاستی هەشتەم (Eidem, 2020, P. 40)

دۆزینەوەی کۆمەڵێ جۆری کوپ (پەرداغ) جیاواز لە ئاستی هەشتەم و حەوتەم هەیانە ڕەنگی زەردە و هەیانە قاوەیی و سوورە کە دەسکیان نییە و بەشێکیان بەهۆی ئەوەی کە زۆر بە شێوازی سادە و ناسک دروستکراون، شکاون و ژێریان خڕە و هەشیانە ژێری (بنکی)ی هەیە کە شێوەیان لە گۆزەش دەچێت، بەڵام بچووکتر زیاتر بۆ تێکردنی شلەمەنی و خزمەتکردن بەکارهێنراوە (As-Soof, 1970, P. 188). (وەک لە وێنەی ژمارە ١٧ دا نیشاندراوە).



وێنەی ژ.(١٧). پەرداغ (گڵاس)ە دۆزراوەکانی ئاستی حەوتەم و هەشتەم ( Eidem, 2020, P. 39)



دۆزینەوەی سێ گۆزەی گەورە لەسەر زەوی یەکێک لە ژوورەکانی ئاستی هەشتەم لە ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن تیمی دانیمارکی دۆزرایەوە کە پڕن لە خۆڵ و تێکشکاون. ڕەنگێکی

وێنەی ژ. (١٨). سێ گلێنە گەورەکەی ئاستی هەشتەم (Eidem, 2020, P. 178)

وێنەی ژ. (١٩). گلێنەیەکی نەخشدار لە ئاستی حەوتەم دۆزراوەتەوە ( Eidem, 2020, P. 42)



گڵێنەیەکی نەخشداری ڕەنگ قاوەیی شێوەیەکی خڕی هەیە و لە خوار لێوارەکانی تاکو بەشی ناوەڕاستی نەخشی (x) کراوە و بەدەوری

لە ئاستەکانی پینجەم و شەشەمیش گلێنە دۆزراوەتەوە، لە ئاستی پێنجەم دۆزینەوەی گلێنەیەک کە دەمێکی کراوە و ملێکی ئەستووری هەیە بنکەیەکی خڕی هەیە و ڕەنگێکی قاوەیی هەیە و سادەیە. لە ئاستی شەشەمیش مەنجەڵێکی دەم گەورەی کراوەیی دۆزراوەتەوە کە شێوەیەکی خڕی هەیە و بنکی نییە و بەشێکی شکاوە و بۆ چێشتلێنان بەکاریانهێناوە (Eidem, 2020, P. 188). (دەڕوانینە وێنەی ژ. ٢٠).



وێنەی ژ. (٢٠). گۆزە و مەنجەڵی ئاستی ٥ – ٦ (Eidem, 2020, P. 42)

دۆزینەوەی ٩ گۆزەی گەورە لە دوو ژووری ئاستی پێنجەمی گردی شمشارە لە ساڵی ١٩٥٨ دۆزرانەوە قەبارەیان جیاوازە و شێوەیەکی سادەیان هەیە، خڕن، ملیان نییە، لێوارەکی ئەستووری دەم خڕیان هەیە سێ دانەیان بەشی سەرەوەیان شکاوە و ڕەنگێکی خۆڵەمێشیان هەیە و بەهەمان شێوەی گلێنە دۆزراوەکانی ئاستی ٨ بۆ کۆگاکردن و هەڵگرتنی خواردن بەکاریانهێناوە (Eidem, 2020, P. 168). (دەڕوانینە وێنەی ژ.



وێنەی ژ. (٢١). نۆ گلێنە دۆزراوەکەی ئاستی پێنجەم (Abdulla & Abas, 1986, P. 168)(٢١).

## 2.3 دۆزراوە گلێنەیەکانی سەردەمی ئیسلامی

لە چینە دۆزراوەکانی شمشارەش لە ئاستەکانی (١ – ٣) ئاماژەمان بەوەکرد کە لەلایەن حکومەتی عێراق کنەوپشکنین کراوە، بەڵام تاکو ئێستا هیچ بڵاوکراوەیەکی فەرمی نەبووە بۆیە هیچ زانیارییەکمان دەستنەکەوت سەبارەت بە دۆزینەوەی هیچ جۆرە گلێنەیەکی سەردەمی ئیسلامی لە گردی شمشارە.

## 3.1 تابلێتە دۆزراوەکانی هەڵکۆڵینی ٢٠١٢ – ٢٠١٣

لە دوای ساڵی ١٩٦٠ و تەواوبوونی پرۆژەی بەنداوی دوکان بۆ ماوەیەکی زۆر شمشارە کەوتە ژێر ئاوەوە. بەڵام دوای نزمبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریاچەی دوکان دووبارە پشکنین لە شمشارە دەستی پێکردەوە لە ساڵی ٢٠١٢ لە گرنگترین کەلوپەلە دۆزراوەکانی شوبانی ٢٠١٢ بریتی بوو لە تابلێتێکی مێخی لە بەشی باکووری ڕۆژئاوای گۆشەی ژوورەکەدا (Eidem, 2020, P.180). تابلێتی (SH, 0048) لە ئاستی هەشتەمی گردەکە لەنێو دوو گۆزەی گەورەدا دۆزرایەوە تابلێتەکە بەخەتی مێخی نووسراوە و بە تیشکی خۆر وشککراوەتەوە، ڕەنگێکی خۆڵەمێشی هەبووە (٢٢) دێری لەسەر نووسراوە و پێوانەی تابلێتەکە لە نێوان (9.5 × 4.3 × 1.9 cm)دا (دەڕوانینە وێنەی ژ. ٢٢).



وێنەی ژ. (٢٢). نمونەی یەکێک لە تابلێتە دۆزراوەکانی ئاستی هەشتەم SH. 0048
((Eidem, 2020, P. 181

ناوەڕۆکی ئەم تابلێتە باس لە لیستێک کێشەی زەوی و زار کۆمەڵێک سەرباز و کرێکار و هەندێ تاکەکەس دەکات. بەرچاوترین نووسراوەکانی پێ دەچێت بۆ خوێنەر و پەیامبەرەکانی شارەکانی (ئوربیلوم)ی هەولێری ئێستا و کاکموم و شانشینێک لە زاگرۆسدا بووبێت. دوو دێڕی یەکەمی تابلێتەکە باس لە کێشەیەک دەکات لە نێوان دوو پیاوی سیاسەتمەدار لە (کاکموم – Kakmum) و پیاوێک لە (ئوربیلوم – Urbillum). ئەم تابلێتە بەشێکی زۆری تێکشکاوە و ناتوانرێ بە تەواوی چاکبکرێتەوە و نووسینەکانی سەری بخوێنرێتەوە (Eidem, 2020, P. 181). دۆزینەوەی تابلێتێکی تر لە هەڵکۆڵینی مانگی ٩ – ١٠ ساڵی ٢٠١٣ لە گردی شمشارە، تابلێتەکە لە بەشی باکووری ڕۆژئاوادا دۆزراوەتەوە. تابلێتی (SH. 0523) لە ئاستی هەشتەمدا بووە پێوانەی لە نێوان ( 3.3 × 2.9 × 1.8 cm) بووە، ناوەڕۆکی ئەم تابلێتە لەلایەن (ئایدم – Eidem) شیکردنەوەی بۆکراوە و بەشێکی زۆری تابلێتەکە تووشی شکان بووە،

مێژووی تابلێتەکە لەوەیە بگەڕێتەوە بۆ ساڵنامەی پادشایانی سومەری لە سەردەمی ئوری سێ یان لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ سیستەمێکی ناوچەی یەکێک لەو شارانەی لە ناوچەکەدا ڕۆڵیان هەبووە ( Eidem, 2020, P. 180). (دەڕوانینە وێنەی ژ. ٢٣).




وێنەی ژ. (٢٣). تابلێتی (SH. 0523)  (Eidem, 2020, P. 181)

## 3.2 نامە دۆزراوەکانی گردی شمشارە

ئەرشیفە دۆزراوەکانی گردی شمشارە لە ڕووی مێژووییەوە بۆ کوردستان لە هەموو ئەرشیفەکانی تر گرنگترە، پەنجەرەیەکن دەتوانین لێیان بڕوانینە مێژووی ئەو ڕۆژگارە و ناوچەکە، زانیاریی مێژوویی و زمانەوانی و نەژادی و جوگرافیی زۆر بایەخداری تێدایە بە تایبەت لەسەر بارودۆخی و مێژووی شمشارە لەم سەردەمەدا زانیاریی گرنگ بەدەستەوە دەدەن (مزووری، ٢٠٠٨، لا ٤٥ – ٤٦). ئەرشیفەکانی شمشارە سەر بەوکاتەیە کە (شەمشی ئەدەد Šamši-Adad ) یەکەم پاشای

ئاشوری بووە، لە ئەنجامی کنەوپشکنینەکانی ساڵی ١٩٥٧ شاندی دانیمارکی لە چینی پێنجەمی شمشارە (٢٤٥) تابلێتی نووسراوی گلێنەی سەدەی هەژدەمی پێش زاینی تێدا دۆزراوەتەوە بەشێکی زۆری ئەرشیفە دۆزراوەکان ئاراستەی فەرمانڕەوای ئەوکاتەی ناوچەی بێتوین کراوە کە کوواری بووە، تابلێتەکانیش بە خەتی مێخی زمانی ئەکەدی نووسراون (Eidem & Læssøe, 2001, P. 15). لەوکاتەدا شوشەڕرا ناوەندی دەسەڵاتی ناوچەی بووە و سەر بە یەکێتی شانشینی (توروککو – توروککی) بووە دواتر سەر بە دەوڵەتی ئاشوری بووە لەژێر دەسەڵاتی پاشای ئاشوری (شەمشی – ئەدەد) و لە سایەی فەرمانڕەوا کوواریدا شوشارە شارێکی زۆر بەناوبانگ بووە و پاتیەختی وڵاتی ئوتو بووە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەکاتە سنووری دەشتی بیتوێن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت شمشارە لەو سەردەمدا پایتەختی کارگێڕی و سەربازیی دەشتی بیتوێن بووە (لیسۆ، ١٩٩٨، لا ٧٧).

دەکرێت ئاماژە بەوەش بکەین ئەرشیفە دۆزراوەکانی شمشارە لەلایەن لێکۆڵەران بەسەر سێ کاتدا دابەشکراوە ئەوانیش (لە سەردەمی پێش ئاشور – باڵادەستی ئیمپڕاتۆرییەتی ئاشور – سەردەمی ڕووخانی پاش ئاشور) لە چوارچێوەی ئەو نووسراوانە گرنگی تایبەتی خۆیان هەبووە بەهۆی ئەوەی توانیویەتی سنووری جوگرافی لە ناوچەکەدا بجووڵێنێت بەهۆی ئەو نامانەی بۆ (کوواری–Kuwari) نێردراون ئەم نامانەش بەگوێرەی ڕەسەنایەتییان دەکرێنە دوو گروپی جیاواز یەکەمیان کە لە ڕۆژئاوا نێردراون لەلایەن شەمشی ئەدەد – ŠamŠe Adad و کوڕەکەی ئیشمی داکان – Ešmi-Dagan، دووەمیان لەلایەن (کوواری – Kuwari) بۆ دەرەوەی ناوچەکە و کەسانی ناوخۆیی و فەرمانڕەواکان نێردراون (Eidem & Læssøe, 2001, P. 33). سەرجەم تابلێتە دۆزراوەکان لە ژووری کۆشکەکەدا دۆزراونەتەوە بە گشتی لە دوو بەشی سەرەکیی ژوورەکەدا دۆزراونەتەوە لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی

ژوورەکە و بەشی باکووری ڕۆژئاوادا. لە بنەڕەتدا لەناو دەفرێک یان کۆمەڵێک دەفری تردا دۆزراونەتەوە بە شێوەی پارچە و تێکەڵ کۆنترین دەقەکان لە بەشی خوارووی گردەکەدا دۆزراونەتەوە و تازەترینیان لە لوتکەی گردەکەدا دۆزراونەتەوە (Charpin, 2004, P. 170).

یورگن لیسۆ شارەزا لە زمانە کۆنەکان دوای دۆزینەوەی ئەرشیفەکان لە ساڵی ١٩٥٧ کەتەلۆکێکی بۆ تابلیتەکان کرد لە ماوەیەکی زۆرکەمدا پێش ئەوەی کەمپەکە کۆبکرێتەوە و خوێندنەوە و شیکردنەوەیەکی باشی بۆ تابلێتەکان کرد و دواتر (ئایدم – Eidem) لە یەکێک لە کتێبەکانی کە لە ساڵی ٢٠٠١ بڵاویکردۆتەوە ئاماژەی بەوە کردووە کە (لیسۆ – Læssøe) لە ساڵی ١٩٧٩ پێشنیاری بۆ کردووە کە بەرپرس بێت لە خوێندن و نووسینەوە و کۆکردنەوەی نووسراوەکانی شمشارە و بڵاوکردنەوەی دەقەکان. (ئایدم – Eidem) لەو ماوەیەی لە بەغداد بووە توانی خوێندنەوەیەکی باش بۆ نامەکان بکات لە مۆزەخانەی عێراق (Eidem, 2011, P. 14 – 15). ناوەڕۆکی نامەکان بابەتی جیاواز لەخۆدەگرێت لەوانە ئابووری – بازرگانی – هەواڵگری – سەربازی – کشتوکاڵی – کارگێڕی ...هتد. (دەڕوانینە وێنەی ژ. ٢٤).



وێنەی ژ. (٢٤) یەکێک لە نامە دۆزراوەکانی کوواری کە لەساڵی ١٩٥٧ دۆزراوەتەوە
(Eidem & Læssoe, 2001, P. 277)

**3.3 تابلێتە کارگێڕییەکانی گردی شمشارە**

لە ساڵی ١٩٩٢ یەسپەر ئایدم بەرگی پەرتووکێکی تەرخانکرد بۆ دەقە کارگێڕییەکان کە لەلایەن تیمی دانیمارکی لە گردی شمشارە لە ساڵی ١٩٥٧ دۆزراونەتەوە و بڵاوکراوەتەوە، پاشان بە ئەرکێکی عێراقی و دانیمارکی لە ساڵی دواتر ٦٤ دەقی تر لە ساڵی ٢٠٠١ بڵاوکرانەوە[٧]، نووسراوە دۆزراوەکان دوو دەستەی جیاواز دەگرێتەوە، بەڵام تابلێتە کارگێڕییەکان لە ئەرشیڤی کوواری دۆزراونەتەوە لە ژووری { ٢ } چینی

پێنجەمی لە کۆشکەکە لە بەشی خوارەوە لەساڵی ١٩٥٧. هەڵمەتەکە لەلایەن (هاراڵد ئینهۆڵت - Harald Ingholt) و (یورگن لیسۆ – Jorgen Læssøe)ی بەڕێوەبردرا لەلایەن دەزگای حکومەتی دانیمارکی و دەزگای کارلسبێرگی لە دوای دۆزینەوەی زۆربەی تابلێتە کارگێڕییەکان لە ئەرشیفی (کوواری – Kuwari)دا و تابلێتەکانی تر دۆزرانەوە لەهەمان بینا و ژوورەکانی تر لە ساڵی ١٩٥٨، کنەوپشکنینەکە لەلایەن هەڵمەتی عێراقی و بەڕێوەبەرایەتیی گشتی شوێنەوار بەڕێوەبردرا لەلایەن دکتۆر عبدالقادر تکریتی. بە گشتی ١٤٦ تابلێتی کارگێڕی لە شمشارە دۆزراونەتەوە[٨] و زۆربەی تابلێتەکان لە ژووری (٢ و ٢٧ و ٣٤)دا دۆزراونەتەوە و بەتەنها لە ژووری (٢) لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵات ٣٩ تابلێتی کارگێڕی دۆزراونەتەوە و تابلێتەکان ڕەنگیان لە نێوان ڕەش و قاوەیی تۆخ و قاوەیی مەیلەو زەرد و سووری تۆخدایە (Eidem, 1992, P. 57). ناوەڕۆکی تابلێتەکان بابەتی هەمەجۆر لەخۆدەگرن لە ڕووی کارگێڕییەوە، بەشێکی زۆریان تەنها چەند دێڕێکی سەرەتایی خوێندراوەتەوە، بە گشتی باسی کۆمەڵێ کێشەی زەوی و زار و بابەتی کێڵگە و چاندنی دانەوێڵە و چۆنیەتیی چاندن و دابەشکردن و پێوانی بڕی گەنمەکە دەکات و کۆمەڵێ بابەتی تری کێشە و گرفتی خەڵک و بابەتی خەرجی و قەرز... هتد (Eidem, 1992, P. 57-76). (لە وێنەی ژ. ٢٥ خراوەتەڕوو).



وێنەی ژ. (٢٥) ژووری دوو ئاستی پێنج کە ناسراوە بە ژووری تابلێتەکان (Eidem, 2020, P. 158)

## 3.4 شوشەڕڕا-شوشەڕڕا لە سەرچاوە مێخییەکان

شاری شوشەڕڕا-شوشەڕڕا بە پاشماوەی شوێنەواری گردی شمشارە لە دەشتی ڕانیە سەر دەربەندی ڕانیە ناسێندرا (Eidem & Læssøe, 2001, p.7)، ئەم شارە بۆ یەکەمجار لە سەردەمی ئوری سێیەم وەک ناوێکی جوگرافی دەردەکەوێت لە سەرچاوە مێخییەکاندا، لە میانەی زانیاریی ناو دەقەکان دەردەکەوێت شاری شوشەڕڕا چەندین جار کەوتۆتە ژێر هێرشی داگیرکاریی پاشاکانی بنەماڵەی ئوری سێیەم و پاشاکان بە گرنگ و شانازییەوە ڕووداوی ئەم داگیرکردنەیان وەک ساڵی ساڵنامەکانیان date formula ناساندووە بە ئەو ساڵەی پاشا شاری شوشارای ڕووخاندووە. گرنگترین پاشایانی بنەماڵەی ئوری سێیەم کە شاری شوشەڕڕایان داگیرکردبێت بریتین لە: ئیببن-سن Ibbi-Sîn، شو-سنŠu-Sîn ، شولگی Šulgi ، ئەمار-سن Amar-Sîn (Mohammed, 2019, p.85) :

*"mu Ša-aš-ra$^{ki}$ ba-hul " ئەو ساڵەی شاری شوشەڕڕا ڕووخێنرا"*

ئەم شارە لە زۆربەی دەقەکان بە هەمان شێوە و پیتەکان هاتووە و (پاشگری ڕێزمانی تمویم- um زمانی ئەکەدی بۆ زیادکراوە)، بەڵام لە هەندێک دەق بە شێوەی *Ša-aš-šú-ru*[ki] دەردەکەوێت بەبێ زیادکردنی پاشگرەکە. ئەگەر لە ڕووی دیاریکردنی پێگەی جوگرافی بڕوانینە ناوی شوشەڕرا-شوشەڕرا دەبینرێت ناوەکە لەگەڵ ئامرازی ناساندی جوگرافی ki– دەرکەوتووە کەواتە لەم سەردەمەدا شوشەڕرا شارێکی گرنگی ناوچەکە بووە. لە بەشێکی زۆری ساڵنامەکانی ئەمار-سن ئاماژە بە لەناوبردنی شاری شوشەڕرا و شاری شوروتخوم دەکرێت، بۆیە پێدەچێت ئەم دوو شارە دراوسێ و نزیک بووبن لە یەکتر و ئەمار-سن توانیویەتی لە یەک کاتدا داگیریان بکات:

"kaš-dá-a dnanna u4 dAmar-dEn.zu-ke Ša-aš-ruki
ù Šu-ru-ud-hu-umki [iti]ezen dŠul [gi-a mu-] hul- a "

"(لە) داوای خوداوەند نانا، ئەمار-سن شوشەڕرا و شوروتخومی وێرانکرد لە مانگی ڤیستڤاڵەکەی شولگی"(Walker, 1985, p.130)

لە سەردەمی بابلی کۆن لە نامەیەکی ئاڵوگۆڕکراو لەلایەن ئیشمی-داگان بۆ یەسمیخ-ئەدوی، ئاماژە بە گەورەیی توورکییەکان (لیدایە) کراوە کە هەڵساوە با خاپورکردنی شارەکان هەروەها باس لە کۆمەڵێک ڕووداوی ناو وڵاتی ئوتوم دەکات، بە بڕوای نووسەران Eidem & Læssøe شاری شوشارا بەشێک بووە لەم شارە خاپوورکراوانە. (Eidem & Læssøe, 2001, p.52):

" سەبارەت بە شاری شوشەڕرا کە تۆ بۆمت نووسیوە. ئیشتار-لیم بۆت ڕوون دەکاتەوە کەوا ئەم شارە خەمگینە، و ئێمە ناتوانین بیگرین. لیدایەی توروکیەکان و خەڵکی توروکی لەگەڵ ئەو دان، (لەگەڵ) ئەوانەی کە لەم شارەدا دەژین، دەستیان کرد بە دوژمنداری و دوو شارۆچکەیان

ڕووخاند، من چووم یارمەتییان بدەم بەڵام ئەوان بەرەو چیاکان پاشەکشەیان کرد. ئێمە پاڵپشتبووین، لە کاتێکدا ئەم وڵاتە ناتوانرێت کۆنترۆڵبکرێت، من ئەم خاکەم گواستەوە تاوەکو[...] من ئەم شارە جێگیر دەکەم لەسەر ئەراپخا لە وڵاتی قابرا، سوپاکان گەڕانەوە نیشتمان. من باشم، تۆ پێویست ناکات چیتر نیگەران بیت" (Charpin & Durand, 1985, p.312).

بەگوێرەی سەرچاوەکانی سەردەمی بابلیی کۆن وا دەردەکەوێت شاری شوشەڕڕا پایتەختی وڵاتی ئوتوم بووبێت سەرەڕای ئەوەی شوشەڕڕا لە تێکستێکی زۆر ناوی هاتووە، خۆشبەختانە ناوی ئەم شارە و زانیاریی دەربارەی لە بەشێکی زۆری دەقە کارگێڕی و نامەکانی دۆزراوەی ناو خودی پاشماوەی شاری شوشارە (شمشارە) هاتووە کە ئەم ئەرشیفەش مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کوواری فەرمانڕەوای شارەکە (Eidem & Læssøe, 2001, p.14)، کە لەم سەردەمەدا کوواری شوێنکەوتەی پاشا شەمشی-ئەدەدی.

لە پاڵ ئەمەشدا پێویستە ئاماژە بەوەبکرێت کە شاری دێرینی شوشەڕڕا بەشێک بووە لە نیشمانی گەلی خوررییەکان، بەڵام ئاشوورییەکان دەستیان گرت بەسەر خاکی خوررییەکان بۆیە زۆرێک لە پاشایانی خورری و فەرمانڕەواکانیان لە تۆماری ئاشوورییەکاندا ئاماژەیان پێ کراوە. زۆربەی زانیاریی ناو دەقە دۆزراوەکانی گردی شمشارە ئاماژە بە پەیوەندیی نێوان فەرمانڕەوای شاری شوشەڕڕا کوواری و پاشای ئاشوری شەمشی-ئەدەدی یەکەم پاشای شاری ئیکەلاتووم دەکەن، وا دەردەکەوێت کوواری ملکەچ و گوێڕپەڵی فەرمانی ئاشوورییەکان بووبێت و لەبەرژەوەندیی ئاشوورییەکان فەرمانڕەوایی کردبێت، هەرچەندە هەندێک جار گەلەکەی خۆی کە خوررییەکان بوون لە دژی کوواری و ئاشوورییەکان ڕادەپەڕیون، بەڵام سەرکوتدەکرانەوە.

سەرەڕای ئەوەی ناوی ئەم شارە لە دەقێکی زۆر هاتووە، بەڵام هەندێک جار گۆڕانکاری بەسەر شێوازی و دەنگی پیتەکانی ناوەکەدا دێت لەگەڵ ئەم گۆڕنکارییە بچووکانەشدا هەندێکجار ئەم ناوە پێگە جوگرافییەکەی فراوانتر دەبێت لەشار و وەکو دەوڵەت دەردەکەوێت و ئامرازی ناساندنی جوگرافیی وڵات *ma-a-at* لەبەردەم ناوی شوشەڕڕادا دەردەکەوێت[٩] هەروەکو:

(Eidem & Læssøe, 2001, n°.8,22), *šu-ša- šu-šar-ra-a*$^{ki}$ *ar-ra-a*$^{ki}$(Eidem & Læssøe, 2001, n°.20, Obv. 6), *ālam šu-šar-ra-a*$^{ki}$ (Eidem & Læssøe, 2001, n°.57,9), *uru*$^{ki}$ *šu-šar-ra-e*$^{ki}$ (Eidem & Læssøe, 2001, n°.58,10), *māt šu-šar-ra-a*$^{ki}$ (Eidem & Læssøe, 2001, n°.71,14), *šu-šar-ra*$^{ki}$ (Eidem, 1992, n°.4,7; 12,5), *šu-šar-ra-a*$^{ki}$ (Eidem, 1992, n°.14,7; 111,2), *ma-a-at šu-šar-ra-a*$^{ki}$ (Dossin, 1951, n°.25,4).

بەڵام ئەوەی جێگای لێوردبوونەوەیە ئەوەیە لەدوای سەردەمی بابلیی کۆن ناوی شمشارە لە دەقە مێخییەکان وندەبێت و دەرناکەوێت، تاکو ئێستا نازانرێت ئەم شارە کە خاوەنی ئەم پێگە گرنگە بووە، بۆچی لە تۆمارە مێخییەکاندا لە ناکاو دیارنامێنێت؟ ڕەنگە ئەم شارە چیتر پێگە گرنگەکەی نامابێت و تووشی ڕووخان بووبێت، یاخود وەکو شارۆچکەیەکی بچووکی بێ بایەخی سیاسی مابێتەوە. یان لەوانەیە ئەم شارە ناوی گۆڕدرابێت یاخود لە ڕووی دیمۆگرافییەوە بە شارێک یان شانشینێکی ئەو سەردەمە لکێندرابێت. بەڵام سەرەڕای ئەم سەردەمانەی کە شوشەڕرا ناوی تێدا تۆمارکرابوو گرنگە دووبارە ئاماژەی پێبکەین ژیان لە شوشەڕرا یان پاشماوەی گردی شمشارە لە سەردەمانی زۆر زووەوە هەبووە کۆنترین پاشماوە دۆزراوەکان بۆ سەردەمی چاخی بەردینی نوێ دەگەڕێندرێتەوە و ژیان تێیدا بەردەوام بووە، تاکو

سەردەمی ئیسلامی و لە سالانی ڕابردووش هاوشێوەی گردە کۆنەکانی کوردستان کرابووە ئارامگەی گۆڕی مردووان.

بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر مانا و ناوی شوشەڕڕا پشت بە فەرهەنگە زمانەوانییەکان دەبەسترێ، لە فەرهەنگی زمانی ئەکەدی وشەی ئەکەدی *šaššāru (šeššēru, šuššāru* and *šaršāru)* نزیکە لەم ناوە کە بە مانای "مشار" دێت (CAD š/1, p.174). وشەیەکی تری هاوشێوە هەیە لە زمانی ئەکەدی کە بە شێوەی *šušrû* هاتووە، بەڵام ئەم وشەیە لە بنەچەدا لە زمانی سۆمەری *$^{giš}$šú-uš-ru* وەرگیراوە کە بە مانای "ترێی هەمەجۆر" دێت (CAD š/3, p.384).

ڕەنگە ناوی شوشەڕڕا بە ڕەچەڵەک بگەڕێتەوە سەر زمانی ڕەسەنی ناوچەکە کە زمانی خورریيە، هەروەها ناوی شوشەڕڕا لەگەڵ ئەوەی لە ناوە مۆدێرنەکەی شمشارە نزیکە بەهەمان شێوە تا ڕادەیەکی زۆر لە ناوی شاخی شیشار نزیکە کە زنجیرە شاخێکە دەکەوێتە نێوان گوندی بێتواتە و دۆڵەکانی گوندی هەرتەل (Mohammed, 2019, p.86)

## ئەنجام

لە کۆتاییی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێک:-

١. نوێترین هەڵکۆڵینەکان کە لە گردی شمشارە ئەنجامدراون و بۆیان دەرکەوتووە شمشارە هەر لە سەرەتای چاخی بەردینی نوێ و ئاوەدان بووە و مێژووەکەی بۆ دە هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.
٢. بەهۆی نرخ و بایەخی ئەم گردە شوێنەوارییە (چوار - ٤)جار بە شێوەیەکی ڕەسمی کنەوپشکنینی تیا ئەنجامدراوە، سێ جار لەلایەن تیمی بیانی و جارێک لەلایەن تیمی ناوخۆیی و تا ئێستاش کنەوپشکنینەکان بەردەوامن.
٣. بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت گردی شمشارە بە ١٦چینی شوێنەواری دیاریکراوە و لە دۆزراوە هەرە گرنگەکان دۆزینەوەی ٢٤٥ تابلێتی نووسراوی مێخییە کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ئاشوریی کۆن (١٨٠٠ پ. ز).
٤. دۆزینەوەی کۆمەڵێ گلێنەی جیاواز کە لە سەردەمی پێش مێژوو دەستپێدەکات تاکو سەردەمی ئیسلامی لە ڕێگەیانەوە دەتوانین لێیان بڕوانینە مێژووی سەردەمانی ڕابردوو.
٥. لە تابلێتە دۆزراوەکانی شمشارە ١٤٦ تابلێتی کارگێڕی تیابووە کە بە گشتی کاروباری ناوچەی ئەوکاتەی شمشارەمان بۆ ڕووندەکاتەوە.
٦. ناوی شاری شوشەڕڕا بۆ یەکەمجار لە سەردەمی ئوری سێیەم دەردەکەوێت و لە سەردەمی بابلیی کۆن پێگەیەکی گرنگی هەبووە، بەڵام لە سەردەمانی دواتر ناوی شوشەڕڕا لە تێکستەکان

دەرناکەوێت، ڕەنگە ناوی شارەکە گۆڕدرابێت یاخود ئەم شارە بووبێتە بەشێک لە شانشینەکانی سەردەمەکە.

٧. خاڵێکی پڕ بایەخی شاری شوشەڕڕا بریتیە لەوەی کە ئەم شارە خوررینشین بووە، و هەر لەلایەن گەلی خوررییەکانەوە بنیادنراوە و چینە مێژووییەکانی گردی شمشارە گەواهیدەرن لەسەر ئەم بەڵگەیە، هەروەها زۆربەی کەلوپەل و پاشماوە شوێنەوارییەکانی ئەم گردە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شارستانی خوررییەکان بۆ نموونە تابلێتە نووسروەکان، کۆشک و بیناسازی، گڵێنەی خورری و بخوردانەکان و هتد.

٨. هەرچەندە گردی شمشارە هەڵگری کۆمەڵێک چین و سەردەمە و هەر سەردەمێک لەلای لێکۆڵەران جێگای بایەخە، بە تایبەت سەردەمی خورری کە بە هۆی ئەم دۆزینەوەیە بەشێکی زۆری ڕووکار و ناواخنی شارستانی خورری بەدەرکەوت.

## پەراوێزەکان

١. کاتێک ڕووباری زێی بچووک ئاراستەی ڕێڕەوی خۆی وەردەگرێت و لە دەربەندی ڕانیەوە بەرەو باشووری ڕۆژئاوا ڕێڕەودەکات، ڕووبارەکە دەبێتە دوو بەش لە نێوان زنجیرە چیاکانی کێوەڕەش و ئاسۆس لە لایەک و کۆسرەت و هەیبەسوڵتان لەلایێکی تر و ڕێڕەوەکەی جێدەهێڵێ لە دەشتی بیتوێن لە ڕێگای دەربەندی قەرەسێرت لە باکووری شارۆچکەی دوکان، بەم شێوەیەش شمشارە کەوتۆتە خاڵێکی ستراتیژیی گرنگ لەسەر ڕێگای

سەرەکیی بەیەکگەیشتنی چیانشینانی زاگرۆس و پێدەشتەکانی زاگرۆس (Eidem, 1992, P.11).

٢. کە ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی مرۆڤ لێرە ژیاوە و شوێنێکی ئاوەدان بووە و چەندان بەڵگەی تریش هەن کە دەیسەلمێنن کە مرۆڤی تیا ژیاوە لەوانە دۆزینەوەی گۆڕستانێکی گەورە لە دەوروبەری گردی شمشارە(لیسۆ، ١٩٩٨، لا ٣٦).

٣. هەندێک لەو بەردانە توانرابوونەوە و ئەم بەردانە لە یەکێک لە تاقیگەکانی کۆپن هاگن لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە لە تاقیگەی شوشەی سیڕامیک لەلایەن خاتوون (ئیبا جێسپێڕسن – Mss. Ebba Jespersen) زانیارییەکانی خستۆتەڕوو کە ئەم جۆرە بەردانە لە پلەی گەرمی ١٢٠٠ – ١٢٦٠ پلەی سەدی گەرم کراوە و خاڵی تواندنەوەی ١٣٤٠ پلەی سەدییە، ئەم ئەنجامەش دەریدەخات کە ئەم گوندە لە ئەنجامی ئاگرێکی گەورە وێرانکراوە(Ingholt, 1970, P. 20).

٤. خوررییەکان گەلێکی گەورە بوون، سەرچاوەی دەرکەوتنیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کۆنی نزیک، لە تەنیشت ئەو خەڵکانەی کە لە میزۆپۆتامیا و زاگرۆس و ئەناتۆڵیا و سوریا و شام نیشتەجێ بوون، ناوی خوررییەکانیش لەسەر زمانەکەیان جێبەجێکراوە. زمانی خورری لە بنچینەدا بە زمانی میتانی و پاشان بە زمانی سوباری ناسراوە، بەڵام زانایانی ئەم سەردەمە بە خورری ناوزەندیان کردووە ( Speiser, 1940, P. 1). سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە بە تەواوی نازانین کە خوررییەکان لە کوێوە هاتوون، بەڵام دەتوانین پێشنیازی ئەوە بکەین کە لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی میزۆپۆتامیا و چیاکانی زاگرۆس کۆچیان کردووە. ڕەنگە خاکە ڕەسەنەکەیان لە شوێنێک لە ناوچەی ترانس-قەوقاس(Wilhelm, 1988, P. 3)بووبێت.

٥. (لیسۆ – Læssøe) سەبارەت بە ئاستە دۆزراوەکانی گردەکە نووسیویەتی (سێ ئاستی بەرزی داگیرکاری لە تەل شمشارە) دۆزرانەوە هەرسێکیان ئیسلامی بوون لە سەدەی دوازدە تا سەدەی چواردەی زاینی لە نێوان پێکهاتە ئیسلامییەکان و ئەم داگیرکارییەی پێشوو وادیارە ماوەیەکی زۆری بەسەرچووە، کە لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ هەزارەی پێش زاین یان زووتر هەزارەی دووەم (Læssøe, 1963, P. 141).

٦. قۆناغی سامەڕا بە سەردەمی کۆتایی چاخی بەردینی نوێ دادەنرێت کە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی هەزارەی شەشەم و ڕاستەوخۆ دوای سەردەمی حەسونە دێت، گلێنەکانی شێوەیەکی تایبەتی هەبووە و لە بەشە جیاجیاکانی ناوەڕاست دۆزراونەتەوە و لە پلەیەکی گەرمی مامناوەند سوورکراونەتەوە و ڕەنگیان ڕەش و قاوەیی و سەوزی تۆخ و سوورە(حسین، ٢٠٠٦، ص ٦٥ – ٦٦).

٧. جگە لەمەش (یورگن لیسۆ – Jorgen Læssøe) لە زۆرێک لە کتێب و وتارە جۆراوجۆرەکانی دەقی کارگێڕی بڵاوکردۆتەوە.

٨. هەموو ئەم تابلێتانەش جگە لە هەندێکیان نەبێت کە لە شاری هەولێرن ئەوانەی تر لە مۆزەخانەی عێراقن لە بەغدا. بەشێکی زۆری تابلێتەکان کە دۆزراونەتەوە لەسەر زەوی ژوورەکان واتە لەناو خۆڵ و هەندێکیان لەسەر پارچە سواڵێکی گۆزەیی کەوتبوون و هەندێکیان لە بن و لە نێوان دەفر – گۆزە دۆزراونەتەوە، بەڵام نازانرێ کە لە بنچینەدا تابلێتەکان خۆی لەم ژوورەدا بوونە یاخود بە ڕێکەوت کەوتوونەتە ئەم ژوورانە و ژوورەکان ئاسەواری ئاگرێکی گەورە نیشاندەدەن کە لە چەند باڵێکی ئەم بینایەدا ڕوویداوە. (Læssøe. 1960. P. 13)

٩. لێرەدا مەرج نییە شاری شوشاڕا بووبێتە دەوڵەتێک لەم سەردەمە، بەڵکو لە ڕاستیدا ئەم شارە سەر بە وڵاتی ئوتوم بووە، ناوهێنانی لەگەڵ ئامرازی ناساندنی وڵات ڕەنگە بەهۆی ئەوە بێت ئەم شارە پایتەختی وڵاتی ئوتوم بووە، و ئێمە دەزانین کە لە گرێبەستە دبلۆماسییەکان کاتێک ناودەبرێت

باسی گرێدانی گرێبەستەکە لە نێوان دوو پایتەخت دەکرێت کەوا دامودەزگا سیاسی و سەرەکییەکان لە پایتەختەکان هەن، لەم سەردەمەدا نموونەی زیندوو هەن وەکو بەغدا و هەولێر کە ناودەهێنرێت مەبەست لێی وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستانن، مۆسکۆ و پاریس مەبەست لێی وڵاتی ڕوسیا و وڵاتی فەڕەنسایە... هتد.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:


- باقر، تەها، (٢٠١٨)، سەرەتایەک بۆ مێژووی شارستانیەتە دێرینەکان، وەرگێڕان لە عەرەبیەوە: عوسمان عەزیز، چاپخانەی تاران.

- لیسۆ، یورگن، (١٩٩٨)، تابلێتەکانی شمشارە، وەرگێڕان لە عەرەبیەوە: عزینی گەردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

- مزووری، عیماد عبدالقادر، ( ٢٠٠٨)، هاوارێک بۆ پاراستنی ناوچە شوێنەوارەکانی ڕانیە، گ (سۆبارتۆ)، ژ ٢، لا. ٢٤-٤٦.


### المصادر العربية:


- باقر، طه، (١٩٧٣)، مقدیمة فی تاریخ الحضارات القدیمة، ط (الاول). ط. تهران.

- حسين، ياسر هاشم، (٢٠٠٦)، فن صناعة الفخار خلال الحصر الحجري المعدني في العراق، م (التربية و العلم)، ع ١٣، ط٣.

- عباس، عبدالله، (١٩٨٦-١٩٨٧)، شمشارة من عصور ماقبل البستيريا إلى العصر الإسلامي، بغداد.

- عبدالصمد، رافدة عبدالله، ١٩٩٩، رسالة من تل شمشارة، مجلة (هزارمیرد)، ط (سابعا)، ص ١٤٧-١٥٥.

**The English, French and German bibliography**


- Al-Haik, A.R., (1968), Key Lists of Archaeological Excavations in Iraq I. 1842-1965. Field Research Projects, Study No. 9. Coconut Grove, Florida.

- As- Soof, B.A., (1970), Mounds in the Rania Plain and Excava tions at Tell Bazmusian. Sumer XXVI, P. 65-104.

- CAD: The Assyrian Dictionary of the University of Chicago (Chicago 1956 ff.)š/1 and š/3.

- Charpin, D. and Durand, J.-M. (1985) La prise du pouvoir par Zimri-Lim, MARI 4, P.294-344.

- Charpin .D , (2004), Chroniques Bibliographiques 3.Donnees Nouvelles sur la Region Du Petit Z55.

- Dossin, G. (1951) Correspondence de Šamši-Addu et de ses fils, ARM 4, Paris.ab Au XVIII' Siecle Av. J. C. P. 170-171.

- Eidem, J., (1999), The Tishrin project and Salvage Archaeology. In: G. Del Olmo Lete and J.-L. Fenollos (eds.), Archaeol ogy of the Upper Syrian Euphrates, The Tishrin Dam Area. Aula Orientalis Supplementa 15. Barcelona, P. 19-23.

- Eidem, J. and Læssøe, J., (2001), The Shemshara Archives 1. The Letters. Copenhagen, Royal Danish Academy.

- Eidem, J., (2011), The Towers of Shemshara. In: G. Barjamovic et al. (eds.), Akkade is King. A Collection of Papers by Friends and Colleagues Presented to Aage

Westenholz on the Occasion of his 70th Birthday 15th of May 2009. PIHANS 118. Leiden, Nederlands Instituut voor het Nabije Oosten, P. 79-91.

- Eidem, J., (ed.), (2015), The NINO Archaeological Project on the Rania Plain. Summary Report on Work autumn 2014: Pilot Survey on the Rania Plain (unpubl., submitted to the Directorate of Antiquities, Sulaymania).

- Eidem, J. (ed.), (2016), The NINO Archaeological Project on the Rania Plain. Summary Report on Work autumn 2015: Excavations at Shemshara and further Survey on the Rania Plain (unpubl., submitted to the Directorate of Antiqui ties, Sulaymania).

- Eidem, J., (2017), Dams and Damage. Heritage Loss and sec ond phase salvage on the Rania Plain (Kurdish Region of Iraq). NINO/NIT Annual Report 2015, P. 2-13.

- Eidem, J., (2018), Pakute: an Assyrian “Ghost Castle” on the Rania Plain. As-Sharq 2/2, P. 30-42.

- Eidem, J. (2020)”, Back to Shemshara, NINO excavation 2012-2015’’ Zagros study, P. 157-195, Leiden.

- Eidem, J. (2020), Before and after the flood Archaeology on the Rania plain then and know; Zagros Study, Leiden, PP. 99-130.

- Ingholt, H., (1970), Introduction. In: P. Mortensen et al., Tell Shimshara. The Hassuna Period. Copenhagen: Royal Danish Academy, P. 5-16.

- Læssøe, J., (1959a), The Shemshara Archives. A Preliminary Report. Copenhagen.

- Læssøe, J., (1963), People of Ancient Assyria: Their Inscriptions and Correspondence. London, Routledge & Kegan Paul.
- Marf, DLshad A. & J. Eidem (2020), “A lion-throned tower from Tell Basmusian”, in: (Eidem, J. (ed.), Proceedings of the NINO Jubilee Conference and other Research on the Zagros Region, PIHNS 130, P. 93-98.
- Matthews, R. (2020)’’, the early Neolithic of the Eastern Fertile Crescent, Excavations at Bestansur and Shemshara, P. 177-185
- Mohammed, Khana Akram, (2019) Hurrian Toponyms in the Regions between the Tigris and the Lower Zab (2350-612 B.C.), MA, Salahaddin University-Erbil.
- Mortensen, P., (1996), The Danish Archaeological Expeditions to the Middle East. In: K. von Folsach, T. Lundbæk, P. Mortensen, and L. Funder (eds.), The Arabian Journey. Danish connections with the Islamic world over a Thousand Years. Århus, Moesgård Museum, P.121-129.
- Speiser, E. A. (1941) Introduction to Hurrian, New Haven.
- Wilhelm, G. (1988) “Gedanken zur Frühgeschichte der Hurriter und zum hurritisch-urartäischen Sprachvergleich,” Hurriter und hurritisch, ed. Volkert Haas, Xenia 21, Konstanz.

– **The online source**

- https:/www.nino-leiden.nl, Rania plain: Tell Shemshara, 1/2/2021.

**الملخص:**

يقع تل شمشارة على الضفة اليمنى من نهر الزاب الصغير على بعد ٨ كم شرق بلدة رانيه، ويعد أحد أهم التلول الأثرية في سهل رانيه، يرجع تاريخه الى العصر الحجري الحديث. غمرت المياه أجزاء كبيرة من التل أثناء أنجاز مشروع مائي في سد دوكان، و بسبب أهمية الموقع فقد نقبت فيه فرق تنقيب محلية و بعثات أجنبية، تم العثور فيها على مواد اثرية نادرة، من ضمنها العديد من الرقم الطينية وكانت الاخيرة، عبارة عن رسائل مرسلة الى (كواري) حاكم شوشەڕرا.

وقد كشفت التنقيبات فيها عن ١٦ طبقة اثرية لعهود اثرية مختلفة اقدمها الطبقات ١٤-١٥- ١٦ حيث تعود لزمن قرية جرمو ٧٠٠٠ ق.م وبها منازل طينية، بينما طبقات من ٩ -١٣ فقد كشفت عن بيوت، اختام ، ادوات للزينة كالحلي والاساور، عظام ، مقابر، حيونات مدجنة والفخار الملون والمزخرف وتعود الى عهد تل حسونة (٥٠٠٠ق.م وعثر ايضا عن أرشيف شمشارة الذي يرجع تاريخه الى حكم الملك الاشوري شمش أدد الاول. موقعها الاستراتيجي في الركن الشمالي الشرقي من سهل رانيا في جبال زاغروس منح شمشارة السيطرة على طرق السفر في جميع الاتجاهات، وجعل منها منطقة مهمة تتوفر فيها كل المقومات الحضارية، حيث ازدهرت فيها الحضارة الخورية. ان الهدف من الدراسة هو الاشارة الى تاريخ شمشارة /شوشارا و تحليل اللقى الاثرية المكتشفة و شوشارا في ضوء النصوص المسمارية.

**الكلمات المفتاحية:** تل شمشارة، سد الدوكان، النصوص المكتشفة، مدينة شوشارا، كوارى.

**Abstract:**

Tell Shemshara is located on the right bank of the Little Zab River, 8 km east of the town of Rania. It is consider one of the most important archaeological hills, dating back to the Neolithic period. Large parts of the hill were flooded during the completion of a water project in the Dukan Dam, and because of the importance of the site, local excavation teams and foreign missions excavated in it, in which rare archaeological materials were founded, including many clay tablets, which were the last, these are letters sent to (Kuwari), the ruler of Shushara.

Excavations in it have revealed 16 archaeological layers of different archaeological periods, the oldest of which are layers 14-15-16, which date back to the time of the village of Charmo (7000 B.C.) It contains mud houses, while layers 9-13 have revealed houses, seals, adornment tools such as jewelry and bracelets, bones, tombs, domesticated animals and colored and ornate pottery, dating back to the era of Tel Hassuna (5000 B.C). The Shemshara archive dating back to the rule of the Assyrian King Šamši-Adad I was also founded. Shemshara has strategic location in the northeastern corner of the Rania plain in the Zagros Mountains gave Shemshara control of travel routes in all directions, and it made it an important area in which all the elements of civilization are available, and where the Hurrian civilization flourished. The aim of the study is to refer to the history of Shemshara- Šušarra and to analyze the archaeological finds discovered and Šušarra in the light of cuneiform texts.

**Keywords:** Tell Shemshara, Dukan dam, discovered tablets, Šušarra City, Kwari.

**Twejer** is a quarterly journal of humanities,
published by the faculty of Arts at Soran University

Concessionaire: Prof. Dr. Qais Kakl Tawfiq
Editor: Prof. Dr. Sirwan Jabar Amin (Zand)

**Authors:**
Assist. Prof. Dr. Amanj Ahmed Hamadamin
Assist. Prof. Dr. Majid Khezr Ahmed
Assist. Prof. Dr. Amir Rafiq Awla
Assist. Prof. Dr. shaimaa najim safar
Assist. Prof. Dr. Sherzad Saeed
Assist. Prof. Dr. Amanj Ahmed
Dr. Nahro Zagros

**Counselors (advisers):**
Prof. Dr. Azad Naqshbandi
Prof. Dr. Salah Al-Haidari
Prof. Dr. Qais Kakl Tawfiq
Prof. Dr. Kamaran Hussein Salay
Prof. Dr. Yadgar Rasool Hamdamin
Assist. Prof. Dr. Sherzad Shafee (Barzani)
Assist. Prof. Dr. Sadeq Kareem Yahya

**Proofreading**
Assist. Prof. Dr. Abdulla bayram
Dr. Dler Sadiq Kanabi

Address: Kurdistan- Hawler- Soran- Delizian Camps
Email address: twejer@soran.edu.iq
Phone no.: 0662588727

ISSN: 2617-0744

3 A
Vol: 5
Winter 2022

# TWEJER

*TWEJER is a quarterly journal of humanities, published by the Faculty of Arts at Soran University*


- التباين المكاني للجريان المائي السطحي والناتج الرسوبي لحوض وادي سارتكة باستخدام نموذج المحاكاة KINEROS
- الاستدلال اللغوي في منظومة الفضيلة للمولوي (1882م)
- From Anthropocentrism to Ecocide: Charlotte Mew's 'The Trees Are Down' and Tal'at Tahir's 'Ghadri Nooh'
- Difficulties in Translating Kurdish Sport Collocations into English by Kurdish Translators


DOI: https://www.doi.org/10.31918/twejer.2253